# پەڕینەوە
# لە
# تەم تومان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# پەڕینەوە لە تەم تومان

عوبێد مەجید



ناوی کتێب: پەڕینەوە لە تەم تومان – ڕۆمان
نووسینی: عوبێد مەجید
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٠١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٨٠ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## ١

چراخان، ئەو ڕۆژەی تووشی ئەم کارەساتە چاوەڕوان نەکراوە بوو، هەموو گیانی شلەژا و خوێن لە جەستەی نەما. مێشک و هزری بە تەواوی داهێزران. قەت نەدەچووە عەقڵی، ڕۆژێک لە ڕۆژان کابرایەکی وەک دەروێش نەدیم کە هەمیشە باس لە دینداری و ڕۆژی قیامەت دەکات و لە بەرچاوی باوک و خەڵکی ئاوایی وەک بێگوناهترین کەس خۆی دەنوێنێ، ئاوا دەروون نەخۆش بێ و لە فرسەتێک بگەڕێ، بۆ ئەوەی کەفوکوڵی پەنگخواردووی خۆی بەم هەڵڕێژێ.

چراخان، لەلایەک کەسێکی لە ئاوایی نەبوو هانای بۆ بباو ڕاستی ئەم کێشەیەی تێبگەیەنێ، باوەژنیش، هەمیشە منداڵی ژنە گەورەی پیاوەکانیان خۆشگەرەک نییە و لە باشترین حاڵەتیشدا، دڵیان پێیان ناسووتێ. باوکیشی بە ناخێری گیانی، هەر بە هاندانی نەدیم ئەم ساڵ سەفەری حەجی کردووە. ئاخر کارەسات لەوەدایە کە نەدیم، نزیکترین دۆست و جێگەی باوەڕی (زەینەدین)ی باوکی ئەمە و، تەنانەت، لە دوایەمین ڕۆژی بەر لەو سەفەرەی، پاشی ئێوارێ بە هەموو ماڵ و منداڵەکەی ڕاگەیاند کە تا لەو سەفەرە بەخێر دەگەڕێتەوە، هەر هەموویان ئەمانەتی نەدیم دەدات و لە جیاتی وی، هەموو پرس و ڕایەکیان بەو دەکەن و هەر پێداویستییەکی هەیانبێ لە ئەستۆی نەدیمدا دەبێت.

هەر ئەو زەمینە سازییە بوو، بارێکی وایان بۆ نەدیم ڕەخساند کە پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە سێ هەفتە، ڕۆژێک هەلی بە تەنها بوونی چراخان لە ناو باخچەکەیاندا بقۆزێتەوە و بکەوێتە ژێر ڕکێفی هەوەس و غەریزە پڕ لە وەحشەتە



شاراوەکەی. بەو پاش عەسرە لە کاتێکدا چراخان خەریکی ئاودان و بژار کردنی باخچەکەیان بوو، دەروێش وەک گورگێکی برسی، لە ناکاو لێی پەیدا بوو و ویستی بێ سێ و دوو، هێرش بکاتە سەری و دەستەمۆی بکات. ویستی بێ دەسەڵاتی ئەو کچە بێ گوناهە بقۆزێتەوە و بە کڕو بێدەنگی، حەز و ئارەزووی جۆشسەندووی لە مێژینەی خۆی، پێ دامرکێنێتەوە. ئاخر، ئەگەر چراخان کچێکی بە جەرگ و داوێن پاک و بە غیرەت نەبووایە، نەیدەتوانی خۆی لە چنگی ڕابسکێنێ و خاکەناسەکەی دەستی لێ بەرز بکاتەوە و بە لێدانێکی مەردانە، نەدیم وڕ و گێژ بکا و لە ناو جۆگە ئاوەکە لە هۆش خۆی بچوێنێ.

چراخان، پێشتریش هەستی بە چاومۆنی و دەروون پیسیی ئەو پیاوە دەکرد، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە پاش نانی ئێواران، نەدیم لەگەڵ باوکی لە ماڵی ئەماندا، مەجلیسیان دەبەست و وەک دوو کەسی گیانی بە گیانی، باس و خواسی دین و دنیایان دەکرد، چراخانیش بە ناچاری دەبووایە چای و ئاویان بۆ بەرێ. لەم دەم و ساتانەدا، هەستی دەکرد کە مامە نەدیم چەشنی گورگێکی برسی لە لەش و لاری ئەم ڕادەمێنێ، بەڵام دەبووایە لەبەر خاتری باوکی کە پیاوێکی ساویلکەو خۆش باوەڕە و لەبەر جیاوازیی تەمەنی خۆی و دەروێش، زۆر گرنگی بەو سەرنجانەی نەدات. هەر ئەوەندە بەس بوو کە ئەگەر داواکارییان نەبێ، بە تەنیا بە جێیان بێڵێ و بچێتەوە ژوورەکەی ئەو دیو.

چراخان، پاش ئەو ڕووداوە، وەک مرۆڤێکی گێژ هەموو گیانی هەژابوو. بۆ ئێوارەکەی لە خەفەتان و لە ترسان ئیشتیای بۆ خواردن نەدەچوو و پێشبینی کارەساتێکی دەکرد کە ژیان و چارەنووسی بەرەو ئاکامێکی ترسناک دەبرد. ئەو شەوە خەو نەچووە چاوەکانی و بەدەم ئاخ و هەناسەی ساردەوە، بیری لەو نەهامەتییە دەکردەوە کە بەرۆکی پێ گرتبوو. بەردەوام لە خۆی دەپرسی : خوایە دەبێ چیم بەسەر بێنن! دەزانم دەروێش نەدیم، بە هۆی ساویلکەیی باوکم و ئەو پەیوەندییەی کە لە گەڵیدا هەیەتی، بوختانێکم بۆ هەڵدەبەستێ، ئەو کاتە باوکیشم بەبێ ئەوەی لە ڕاستی و دروستی کێشەکە بگات، لە بەردەم خەڵکی ئاوایی بڕیاری خۆی دەدات کە ئەوەش بێگومان مەرگی منە. ئاخر چەندین ژن و کچ لەم ساڵانەی

دواییدا، تەنها بە گومان لێکردن کوژراون. قەت باوەڕناکەم لەو مەسەلەیە بپێچیتەوە و ئامادەبێت بڕوا بە پاکی و بێ گوناحی من بکا. هەر بە قسەی ئەو نەدیمە بوو کە ئەوەندەش لە خوێندن زیرەک بووم، دەریان هێنام و خزمەتی ماڵ و ژنەکەی خۆی پێ کردم. ئاخیری خێربێ با بزانم چۆن دەبێ، دەڵێن: خودا یەکە و دەرگا هەزار!

چراخان، وای هەست دەکرد کە کار لە کار ترازاوە. تازە ئەم و نەدیم دەبێ یەکێکیان مەیدانی ژیان بۆ ئەوی دی چۆل بکات. ئەو نهێنییە کارەستبارە، ژیانی یەکێکیان دەرەتێنێ. بە دەم هەناسەی سارد و ئاخی بێکەسییەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەگەر هەق کاری پێ بکرایە و هەر کەسێک بەرپرسی کردەوەکانی خۆی بووایە، دەبوو ئەو دەروێشە لە سەر ئەم ڕەفتارە ناشیرین و نامرۆڤانەیە، ڕیسوای دنیا و قیامەت بکرایە و منیش خەڵات کرابامایە، بەڵام لە کوێ وا دەبێ، قەت نەمبیستووە پیاوانی عەشیرەتەکەم گوێ لە هاواری دایک و خوشک و کچەکانیان بگرن!

چراخان، باش دەیزانی کە نەدیم، هەر شتێک بە گوێی باوکیدا بچرپێنێ، ئەویش وا ڕەفتار دەکات. بیری لەوەش دەکردەوە کە نەدیم لە لایەک ئەوەندە شەرمەزاری کردارەکەی خۆیەتی و لە لایەکی دیکەوە لە تۆڵەی ئەو پشتە خاکەناسە کە لە نێو چەوانی دابوو، هەرگیز لێی خۆش نابێ و بە دەستی باوک و برای تووشی چارەنووسێکی ڕەشی دەکات. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: خودایە، خۆ تۆ پێ ئاگاداری کە من چەند بێ غەل و غەشم و ئەو نەدیمەش، چەند سپڵە و دەروون بۆگەنە.

چراخان، ئەگەر شاسواری برای، لە ئاوایی بووایە، بەو ئەندازەیە هەستی بە خەتەر لە سەر چارەنووسی خۆی نەدەکرد، چونکە زۆری خۆشدەویست و تاکە کەسێک بوو کە دڵی پێی بسووتێ و خەمی ئەمی لەبەربێت. بەڵام ئێستا دەبێ چی بکات بۆ ئەوەی دەستی بگاتە برا تاقانەکەی و حاڵ و وەزعی خۆی بۆ شی بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لەوە دەترسا کە باوکی لە سەر ڕێنمایی نەدیم، بە دەستی شاسوار تووشی ئەو فەلاکەتە بێت کە چەندین ژن لە نێو خزم و عەشیرەت پێشتر بە دەستی برا و باوکیان تووشی ئەو چارەنووسە بووینە. هەندێ جاریش بڕوای بە خۆی دەهێنا کە شاسوار، هەرگیز گومان لە پاکی ئەم ناکا و بە قسەی هیچ



کەسێک، بە بیانووی نامووس کرینەوە، دەستی ناچێتە گیانی ئەم.

ئەو شەوە بە تەواوی دەرکی بەوە کرد کە لەو ڕۆژەوەی دایکی ڕەحمەتی نەماوە، خەم و نائومێدی بە ژیان، بەرۆکی گرتووە و کەسێکی نییە لە ماڵەوە نازی بگرێ و لە گەرمەی ناخۆشیی و لێقەوماندا هانای بۆ ببات. ئەگەر دایکی خۆی لە ژیاندا بووایە، دەیتوانی دەردی دەروونی خۆی بۆ دەربخات و ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم، ئێستا لە هەموو کاتێک تەنیاترە. تەنانەت ئەگەر ئامینەی باوەژنیشی، بەم ڕووداوە بزانێ ڕەنگە بارەکەی قورستر بکات، بۆیە دەبێ زۆر وریابێ و ژیرانە بجوولێتەوە. دەبێ لە بەرچاوی ئەودا ئاسایی ڕەفتار بکات. دەبێ زیاتر بایەخ بە منداڵەکانی باوەژن بدا و خزمەتیان بکات، هەتا هیچ گومانێکی لەلا دروست نەبێت کە شتێکی نائاسایی، بیر و هۆشی ئەمیان داگیر کردووە.

پاش دوو سێ ڕۆژی دیکە، وادەی گەڕانەوەی حاجییانە، ئەو کاتە داخوا چارەنووسی بە چی دەگات.

ئا بەم جۆرە، ئەم شەوە خەو نەچووە چاوەکانی چراخان و دنیاش وردە وردە ڕووناک دەبووەوە. چراخانیش وەک ڕۆژانی پێشوو، لەگەڵ گەزەنگی خۆر لە جێگەکەی هاتە دەرو بە دڵێکی ناخۆش کەوتە ئەنجامدانی کارە ئاساییەکانی ماڵەوەیان.

## ٢

کاتێک نەدیم بە هۆش خۆی هاتەوە، ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو. یەکسەر هاتەوە بیری کە سەعاتێک بەرلەو کاتە، ئەم بە نیازێکی گڵاو دزەی کردووەتە نێو باخچەکەی (زەینەدین)ی دۆستی و ویستبووی بە ئاسانی (چراخان)ی بۆ دەستەمۆ بێ و ئارەزووە جۆش سەندووەکەی خۆی بەسەردا ببارێنێ. وەک فیلمێکی سینەمایی هاتەوە بەرچاوی کە کاتێک لە چراخان نزیک دەبووەوە، چۆن خاکەناسەکەی لێ بەرز کردبووەوە و پێی گوتبوو: ئەوە بە تەمای چی. هەی نامەرد، دەبیگرە!. سەیرێکی خۆی کرد، هەموو جەستەی تەڕ و قوڕاوی بووە و نێوچەوانی دەستی بە ژان کرد. کە دەستی دایە نێوچەوانی، زانی لێدانێکی کاریگەری پێکەوتووە، بۆیە ئاوا خەڕ

هەڵیداوە. بیری کردەوە، بەم دیمەنە قوڕاوی و نێوچەوانە زەقەوە، چۆن ڕوو لە ماڵەوە بکات.. ئەگەر لێیان پرسی، بۆ وات لێ هاتووە. چ وەڵامێک بداتەوە.. خێرا خێرا، بە هەستێکی پڕ لە شەرمەزاریی، جەمەدانییەکەی کردە سەری و بە دزەوە باخچەکەی جێهێشت، بەڵام پێی باش نەبوو، تا ئەو کاتەی تاریک دادێت ڕوو لە ماڵەوە بکات. بۆیە لە لاتەریکی گوندی، لە شوێنێکدا خۆی مەڵاس دا. دنیا وردە وردە تاریک داهات کە ڕووی کردە ماڵەوە، هەر لە دەرگای حەوشەوە، لە چرکە ساتێکدا خۆی بە ژوورەکەیدا کرد و کەسێکی خێزانەکەی لە ماڵەوە تێبینی ئەویان نەکرد و بە پەلە و هەناوەکوتێ، خۆی گەیاندە بنەبانی ژووری و جلەکانی گۆڕی. دوای ئەوە چووە لای حەمامەکە، دەم و چاوی شۆری و سەیرێکی نێوچەوانی خۆی کرد بینی بە شێوەیەکی بەرچاو گرد بووەتەوە و خوێنی تێ زاوە. بە مەزەندەی خۆی، هەتا یەک دوو ڕۆژ ئاسایی نەدەبووەوە، بۆیە دەبوو نەچێتە ناو مەجلیسان و زۆر وریا بێ، تا هیچ کەسێک تێبینی ئاسەوارەکەی نەکات. نەدیم لەوە دڵنیابوو کە چراخان، لەبەر نامووس و ئابڕووی خۆی، ناوێرێ لەلای کەس خۆی لەو دەراوە بدات، بۆیە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: یەک دوو ڕۆژە و ئیدی ئاسانە، خۆم دەگەینمە (زەینەدین). ئەو کاتە دەزانم، چۆن باوەڕی پێ دێنم و، چ تەڵەیەک، بۆ چراخان دەنێمەوە! ئەگەر نەمرم بە دەستی باوک و برای خۆی بە کوشتنی دەدەم.

نەدیم، بە مەبەستی خۆشاردنەوە، لە خەڵکی ئاوایی، ئەو شەوە بە خێزان و منداڵەکانی ڕاگەیاند کە بەیانی دەچێتە شار و شەویش ناگەڕێتەوە، چونکە ڕۆژی دواتر دەبێ بەرەو بەغدا بکەوێتە ڕێ. دەڵێن حاجییەکان دەگەڕێنەوە. پێویستە لە پێشوازی زەینەدیندا حازر بێت. هەر ئەو شەوە، بە دڵ و دەروونێکی پڕ لە خەجاڵەتەوە، دەیان بیرۆکە و وردە فێڵی لە مێشکی خۆیدا تاوتوێ کرد و بوختانێکی نەگریسانەی دامەزراند، بۆ ئەوەی لە یەکەم ساتی بەیەک گەیشتنیان لەگەڵ زەینەدین لە دەرفەتێکدا تێی بگەیەنێ و بەر لە گەڕانەوەیان بۆ گوندی، ئەم هەنگاوە کارەساتبارەی پێ هەڵگرێ. ئەو دەیزانی زەینەدین تا چ ڕادەیەک بڕوا بە قسەکانی دەکات. پاشان زەینەدین، بە وەسیەتی خۆی، ماڵەکەی لە ئەمانەتی ئەودا بە جێهێشتبوو. کەواتە پیلانەکەی، زەمینەی لە باری هەیە و بە ئاسانی دەتوانێ حاجی فریو بدات، تا بە بەڵگەی نامووس و شەرەف کرینەوە، کچەکەی لە ناو ببات. تازە بە



وجوودی ئەو کچە لە ژیان، ناتوانێ لەو گوندە وەک جاران ژیان بگوزەرێنێ. ئەو شەوە بە هەر شێوەیەک بێت نەیهێشت منداڵەکانی نێوچەوانی خوێن تێزاوی ببینن. خێزانەکەشی کە ژنێکی ناشیرین بوو و چاوەکانی لە مێژبوو تاقەتی بینینیان کەم ببووەوە، هیچ تێبینییەکی ئەو حاڵەتەی نەدیمی نەکرد.

نەدیم زۆر بە ئاسانی باوەڕی بە ژنەکەی هێنا کە بۆیە جلەکانی گۆڕیوە، چونکە دەمەو ئێوارەکەی، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە کاتێکا کە خەیاڵی ڕۆیشتبووە لای زەینەدین، لە پڕێکا خلیسکی بردووەو کەوتۆتە جۆگە قوڕاوەکەی نزیک مزگەوتێ و هەموو جەستەی بێ نوێژ و قوڕاوی بووە، پێویستە هەر ئەم شەوە جلەکانی بۆ بشوات تا بۆ بەیانی وشک بێتەوە و بۆ ئەم سەفەرە لە بەریان بکات. ژنەی کەمزان و خۆش باوەڕیش، یەکسەر باوەڕی پێکرد، بۆیە هەستا بە پەلە جلەکانی شۆری و لەسەر تەلی ناو حەوشەکەیان هەڵیخستن و بە چەند سەعاتێک، بە بای وشکی سەرەتای پاییز، وشک بوونەوە.

بەیانیش لەگەڵ گەزەنگی ڕۆژێ، نەدیم لە ماڵ چووە دەرو بەرەو ڕێگا گشتییەکەی بەر ئاوایی ڕێی کرد و چاوەڕێی کرد، تا ئۆتۆمبێلێکی لێ پەیدا بوو و بەرەو شار کەوتە ڕێ. نەیدەویست، هیچ کەسێکی گوندەکەیان ئەو ڕۆژە دەم و چاوی ببینێ، نەبادا یەکێ هەست بکاو لێی بپرسێ، ئاخۆ بۆ نێوچەوانی وای لێهاتووە. هەر بۆیە پێی باش نەبوو بە ئۆتۆمبێلی ناسیاوان ئەم سەفەرە بکات.

نەدیم کاتێک کە گەیشتە شار میوانی هیچ خزم و ناسیاوێک نەبوو، نەوەک گومانی شتێکی لێ بکەن. بۆ قەتاندنی چەند سەعاتێک، لە چایخانەیەکی لاپەڕی شاردا مایەوە. دەمەو عەسرەکەی چووە ئوتێلێکی لاچەپ و ئەو شەوەی لەوێ بەڕێ کرد. بۆ بەیانیش، خۆی گەیاندە گەراجی بەغدا و لەگەڵ یەکێ لە سەیارەکانی هێڵەکان بەرەو بەغدا بەڕێ کەوت. دەیزانی، بۆ بەرەوپیل چوونی حاجییان هێشتا زووە، بەڵام دەیویست، تا نێوچەوانی دادەمرکێتەوە و ئاسایی دەبێتەوە کەسێکی ناسیاو نەیبینێ. نەدەبوو لەگەڵ شاسواریش بەم حاڵەوە ئەم سەفەرە ئەنجام بدات، هەر بۆیە دەبوو یەک دوو ڕۆژیش لە بەغدا، هەر لە چاوەڕوانییدا بیقەتاندبایە. پاشان، ئەم مەبەستی بوو لەگەڵ گەیشتنی یەکەم کاروانی حاجییان لەوێ بێت، بۆ ئەوەی هەلی

به تەنها دیتنی زەینەدینی، له کیس نەچێ. ئەگەر بلوێ بەر له هاتنی خزم و خەڵکی دیکه بیبینێ و له مەسەلەکه حاڵی بکات.

نەدیم شارەزایی لەو بازاڕ و ئوتێلانەی بەغدا هەبوو که هەمیشه شوێنی مانەوەو کۆبوونەوەی خەڵکی شارەکانی کوردستان بوون. که گەیشته بەغدا، یەکسەر به سواری تەکسییەک، ڕووی کرده یەکێک لەو ئوتێلانه و لەوێ دابەزی. چونکه ئەو خەڵکانەی له کوردستانەوە، بۆ پێشوازی حاجییان دەچوونه بەغدا، هەموویان، لەو شوێنانه کۆدەبوونەوە. ئەو کاتەش سۆراخکردنی هاتنەوەی کاروانی حاجییان ئاسانه.

٣

چراخان، ئەو ڕۆژه هەر له سبەینەکەیەوە، به دەروونێکی تۆقیو و پڕ لەخەمەوە کەوته جموجۆڵی ڕاپەراندنی ئیش و کاره ڕۆتینییەکانی ڕۆژانه. بەم سبەینه زووەوە به قوڕگی وشک و ڕەقهەڵاتووی چەندین نۆبەته گریانی ئەو شەوە، کەوته گەسکدانی حەوشه و بەر هەیوانەکه. زۆر نابەدڵی دەجوولایەوە. ئەم، بەجەسته وای دەنواند که وەک ڕۆژانی پێشتر خەریکی کار کردنه، بەڵام لەڕاستیدا، هەموو هزر و خەیاڵی لەسەر ئەو ڕووداوە بوو که دوێنێ پاش عەسرێ، له ناو باخچەکەیان، بەرۆکی پێ گرتبوو. له دڵتەنگی و بێزاریدا، سەری هەڵبڕی و سەیری دنیای دەرەوەی دەکرد، لەو ئان و ساتەدا، چاوی کەوته سەر پیاوێکی پیاده وا خەریکه له ئاوایی دوور دەکەوێتەوە و بەرەو ڕێگه گشتییەکه دەڕوات. هەندێک به دیقەت لێی ورد بووەوە، تەواو دڵنیابوو که ئەو کەسه نەدیمه و بۆ شار دەڕوات. چراخان، ڕۆیشتنی نەدیمی پێ ئاسایی نەبوو، بەڵام بۆ ئەم، باشتر بوو که لەو دەمودەستە، ئەو تاوانکارە، له ئاوایی نەبێت. ئەو وەختە دەتوانێ به هەنجەتی ئیش وکاری ناو باخچەکەیان، نەختێک له ماڵەوە، له بەرچاوی ئامینەی باوەژن، خۆی ون بکا و بیرو هۆشی کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی تەگبیرێک له حاڵی خۆی بکات. ئەمەش ئەو کاته مەیسەر دەبێ که تەنها بێ و دوور له چاوی ناحەزان، تێر تێر بۆ خۆی بگریێ، بەڵکه ئەو خەم و حەسرەته پەنگخواردووە، دەروونی بەربدات و نەختێک دڵی بکرێتەوە. ئەم چاک دەیزانی نەدیم بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو شەرمەزارییەی که تێی کەوتووە، بوختانێکی بۆ



هەڵدەبەستێ و تووشی کارەساتێکی دەکات. هەندێ جار، بیری بۆ ئەوە دەچوو که هانا بۆ خوشکه گەورەکەی (نەجیبه) ببات که ماڵیان له دێیەکەی ئەوبەر ڕووبارەکه بوو، بەڵکەم ئەو بتوانێ به دەنگییەوە بێت و تەگبیرێکی بۆ بکات. بەڵام هەر زوو، ئەم بیرۆکەی ڕەت کردەوە، چونکه (نەجیبه)، باوەژنی ئامینەیه و شەش ساڵ بەر له ئێستا، باوکی بۆ خۆی، سەربەهەوێ، ژن به ژنەی پێکردووە. ئەگەر بچێته لای ئەو، نەک هەر هیچی بۆ ئەم پێ ناکرێ، بەڵکو ئەویش دەکەوێته بەر شالاوی سزای شەرەف و ژیانی لێ تێک دەچێ!. ئاخر (نەجیبه)، له کویلەیەک زیاتر هیچی تر نییه، باوکی بۆ مەرام و هەوەسی خۆی، تازه دوو مانگ بوو دایکیان له ژیاندا نەمابوو که ئارەزووی ژن و ناو جێگه، لەسەری دا و ئەویشی کرده قوربانی حەز و ئارەزووەکانی خۆی. ئێستا خۆ نەجیبەش، وەک له دەمی حەزیا بێت وایه. ژنێک ئەوە قەدر و قیمەت و شێوەی ژیانی بێت، چۆن دەتوانێ دەستی یارمەتی بۆ ئەم درێژ بکات!

هەموو جارێ نەجیبه که به سەردان دەهاتەوە ماڵه بابی، چراخان لێی دەپرسی که بۆ وا لاوازەو ڕەنگی زەرد بووە. بۆ وا خوێنی له جەستەدا نەماوە. نەجیبەش له وەڵامدا دەیگوت: خوشکەکەم خۆزگەم به خۆت، ئەگەر نەمریت تۆش دەیبینی ئینشەڵڵا چارەنووسی تۆ، له هی من باشتر دەبێت!

چراخان، ئەوجاره بیری بۆ ئەوە چوو، خۆی بگەیەنێته شار و بچێته ماڵی (شاسوار)، ڕەنگه ئەو بتوانی بیگرێته خۆی. لەوێ دەتوانێ به تەواوی ئەو ڕووداوە ناخۆشەی بۆ بگێڕێتەوە. ئەو وەختە بەڵکەم شاسوار غیرەتی بجوولێ و تۆڵەی ئەم له نەدیم بکاتەوە. بەڵام لەمەشیان دوودڵ بوو، چونکه شاسواریش، بەرامبەر به دەسەڵات و هەیبەتی باوکی، حسێبی بۆ ناکرێت. ئەگەر مەسەلەی شەرەف و ناموس بێته گۆڕێ، ئەویش پیاوێکه وەک باوک و باقی پیاوەکانی دیکەی عەشیرەت.

چراخان، ئەم ڕاستییانەی باش دەزانی، هەر به هۆی ژیری و چەشتنی تاڵی و سوێری، له ژیانی خۆیدا، بەردەوام، ئەوە چەند ساڵه بیر لەو شتانه دەکاتەوە و دەرسێکی باش له سەختییەکانی ژیانی خۆی فێربووە. ئەم، هەر له بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیدا، زۆر له ستەمه کۆمەڵایەتییەکانی دەرک پێ دەکرد و بیری له هۆکارەکانی دەکردەوە. بەڵام کەسێکی نەبوو که دوو به دوو لەگەڵی دابنیشێ و ئەو

بابەتانەی لەگەڵ لێک بداتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستییانەشدا، دەیزانی، شاسوار، برایەکی باشە و مێشکی لە خەڵکەکەی دی کراوەترە. پاشان ئەمی زۆر خۆشدەوێ و ڕێزی لێ دەگرێ. هەموو جارێ کە لە شارەوە بە سەردان دێتە ئاوایی، کۆمەڵێک دیاریی، لە بابەتی جل و بەرگ و کەلوپەلی تر و پێداویستیی ژنانەی بۆ دەهێنا. چەندین جار، لە باوەژن دەپاڕایەوە کە وەک دایکی ڕاستەقینە لەگەڵ چراخان، هەڵسوکەوت بکات. بەڵام ئامینەی باوەژن، نەک هەر بەزەیی پێیدا نەدەهاتەوە، بەڵکو زۆر جاریش، بە ناهەق، بە دەستی باوکی بە لێدانی دەدا. تەنانەت لە ترسی ئەو، سەردانی دەستە خوشک و ماڵە خزمانیشی تەرک کردبوو، چونکە هەر جارێک کە بە سەردان دەچووە هەر ماڵێک، یان یەکێک لە دەستە خوشکەکانی بهاتبانە لای، وەختێک کە دەڕۆیشتنەوە، گۆبەندێکی بۆ دەنایەوە و تفی بەدەم تاڵ دەکرد. زۆر جار، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "بەخوا مردن، لەم ژیانە خۆشترە و ئامادەی هەموو شتێکم، بە مەرجێ لە دەست باوەژن ڕزگار بوومایە".

لەو ڕۆژەوەی کە دایکی لە ژیاندا نەمابوو، لە هەموو لایەک بەدبەختی ڕووی تێکردبوو و لەمێژبوو خۆشیی لە ژیانی ئەمدا باری کردبوو. سەرەڕای ئەوەی کە کاتی خۆی لە خوێندنی ناوەندی دەریانهێنا، هەموو ئیش و کاری ماڵەوەشی لە ئەستۆدایە و وەک نۆکەرێک لێی دەڕوانن. جاروباریش بە هەنجەتی عاقڵکردن و بە ئەدەبکردن، لێدانی خواردووە و چاویان لێی سوور کردووەتەوە. ئەو ماڵە بابە تاکو ئێستا بۆ ئەم، وەک دۆزەخێکی سەر زەمین وابووە، ئاخۆ دەبێ لە دوای ئەم ڕووداوە حاڵی چۆن بێ!

ئەو ڕۆژە چراخان، هەر بە جەستە لە ماڵەوە کاروبارە ئاساییەکانی جێبەجێ دەکردن، بەڵام بیرو هۆشی بە دوای فریادڕەسێکدا وێڵ ببوو، لەم ژیانەی ڕزگار بکات. فریادڕەسێک، پەلی بگرێ و بۆ ئاسمان هەڵیکێشێ و لە چنگ ئەو هەموو گورگە، قوتاری بکات. ڕاستە، ئەم شاسواری هەیە و جاروبار نازی هەڵدەگرێ، بەڵام ئەو لە شارەو خەریکی بە خێوکردنی ماڵ و منداڵی خۆیەتی. بۆ کێشەیەکی ئاواش، دواجار ئەویش هەر پیاوە و کوڕی باوکییەتی. لەو کێشانەی کە پەیوەندی بە شەرەفی بنەماڵە و خێڵەوە هەیە، ئەویش دەبێ یاسای خێڵ جێبەجێ بکات، ئەگەرنا بە چاوی



سووک سەیری دەکرێ و چی تر عەشیرەت بەخۆوەی ناگرێت. پاشان هەر بڕیارێک لە باوکەوە دەربچێت، کوڕ بۆی نییە قسەی لێوە بکات. تەنها جێبەجێ کردنی لەسەر ئەوە.

چراخان، ئەو ڕۆژە هیچ ئیشتیایەکی بۆ خواردن نەدەچوو، لەکاتی ژەمی نانخواردندا لە بەر چاوی باوەژن، دەیویست وا خۆی نیشان بدا کە ئەمیش خەریکە نان دەخوات، بەڵام ئەوەندەی هەوڵی دەدا، بە گەروویدا نەدەچووە خوارێ. زۆر جار ترووسکایەکی ڕووناکی لە خەیاڵی خۆیدا بەدی دەکرد کە ئەم لە پاکیدا وێنەی نییە و نەدیمیش غەدرێکی گەورەی لێ کردووە، بۆیە دەبێ خوا هەقی بکا و لەو گرفتە دەروازەیەکی بۆ بکاتەوە. بەڵام دوای ئەم چەند چرکە خەیاڵکردنەوە، هێرشی خەم و خەفەت هەموو گیانی دادەگرتەوە. ئاخر ئەم لە بیری بوو (ڕووناکی حاجی پیرۆت)ی دەستە خوشکی نەجیبە کە لە دوڕ پاکتربوو، چۆن دوو ساڵ لەمەوبەر، بە فێڵ، براو ئامۆزاکانی بردیانە شاخ و کێوان و ئێستاش کەس نازانێ چییان بەسەر هێنا و تەرمەکەی لە چ دۆڵ و شیوێک دەعبا و داڵ خواردیان. خۆ کەس پرسەشی بۆ دانەنا و خەڵکی ئاواییش، وەک نە بایان دیبێ و نە باران هەر، دەتگوت قەڵایەکی دوژمنانیان گرتووە و لافی سەرکەوتنیان لێ دەدا.

سەیر لەوەدایە، هەر پیاوانی گوند و دەڤەرەکانی خۆیان، کچ و ژنانی عێل و عەشیرەتی خۆیان سووک دەکەن، پاشان پێیان ئاشکرا دەکەن و تۆڵەی شەرەفیشیان لێ دەکەنەوە. ئای لەو ڕێسا و عورفەی کە باو و باپیران، تێکەڵ بە داب و نەریتی کوردەوارییان کردووە و تۆزقاڵێک هەقپەرستی و مرۆڤپەروەریی تێدا نییە!

چراخان، جاروبار بیری بۆ ئەوە دەچوو کە بچێ، لە حەمامەکەیان، نەختێک نەوت بە خۆی داکاو ئاگر لە جەستەی بەربدا، بەڵام هەر زوو لەو بیرۆکەیەش پەشیمان دەبووەوە. ئاخر ئەم، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو غەدرەی کە لێی کراوە، چۆن خۆیشی لە سزادانی خۆی هاوبەشییان بکات!. پاشان، چ شتێکی هەڵەی کردووە هەتا ئەو دەردەسەرییەی پێ بکرێت. لە تۆڵەی چی، ئەوەندە دڕندانە لە گەڵی دەجوولێنەوە.

جارێکیان چراخان، لەگەڵ شاسواری برای، بۆ چەند ڕۆژێک دەچێتە شار.

ئێوارەیەکیان ماڵە دراوسێییەکەیان، بە میوانی دێنە سەردانیان. ئەوان ژن و پیاوێکی ڕۆشنبیر بوون، تەنها یەک منداڵی دوو ساڵانەیان هەبوو. پیاوەکە (کاک ئازاد) ئەندازیاری کشتوکاڵی بوو لە یەکێ لە فەرمانگەکانی ناو شار فەرمانبەر بوو. ژنەکەشی (پەیمان خان)، دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی بوو و مامۆستای ئامادەیی کچان بوو لە ناو شار. ئەوانە لە بنەڕەتدا لە خێزانێکی خوێندەوار و چاوکراوە و نیشتمان پەروەر پێگەیشتبوون. هەردووکیان مرۆڤی لە سەرەخۆ و قسەخۆش بوون. ئەو شەوە، لە سەر چەندین بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی قسەیان کردو زۆر بە چاکی سەریان لە کێشەکانی خێزانی لادێی کوردەواری دەردەچوو. بە چڕی باسیان لە بێ مافی ژنی کورد دەکرد و هەموو هۆیەکانی دواکەوتنی کۆمەڵی کوردەوارییان شی دەکردەوە. چراخان، ئەو شەوە، ئەوەندە گفتوگۆ و بابەتەکانی ئەوانی پێ خۆش بوو، قەت ساتێک خۆی لە وشە پڕ لە ماناکانیان، غافڵ نەدەکرد، هەر چەندە بابەتەکان لە ئاستی ئەمدا نەبوون. ئەو دەمە بۆی ڕوون بووەوە کە شاسواری برای، دراوسێی ئەوانەیە، بۆیە زۆر لە جاران هێمنترە و دەزانێ ژیانی ڕاستەقینە چۆنە.

شاسوار، کاریگەریی ئەو ژن و پیاوەی پێوە دیاربوو، بۆیە جارێکیان وتبووی: ئەگەر باوکم قبووڵ بکات، چراخانی دەبەمە لای خۆمان. بەڵام دوای ئەوە دیارە باوکی، شتی وای قبووڵ نەکردبوو، ئەویش ئەو مەسەلەیەی پشت گوێ خستبوو.

چراخان، ئەو شەوە، قسە خۆشەکانی، ئەو دراوسێیانەی ماڵی شاسواری هاتەوە بیر، مووچرکێکی خۆشی بە لەشیدا هات. لەو ساتەدا بڕوای وابوو، ئەگەر باوکی بە قسەی نەدیم هەر بڕیارێک بدات، لەوانەیە شاسوار، ڕایەکی دیکەی هەبێ.

شلێری هاوسەری شاسواریش، ژنێکی هێمن و کابانێکی باش بوو. ئەو دەستکەوتانەی شاسوار ڕۆژانە بە تەکسییەکەی چنگی دەکەوت، هەندێکی لێی پاشەکەوت دەکرد. هەمیشە بە گوێی شاسواری دەچرپاند کە قەت نەکا، بیری بۆ گوندەکەیان بچێ و ژیانی شار بەجێ بهێڵێ، چونکە ژیان لە شار و دوور لە قسە و قسەڵۆکی خەڵکی نەفام و بێکار، بۆ ئەمان گەلێ خۆشترو بە ماناترە.

چراخان، ئەو ڕۆژە چەندین جار، بە بیانووی ئاودانی باخچەکەیان، دەچووە ناو باخچەکە کە هەر بە دیواری ماڵەوەیان بوو. لەوێ تێر تێر بۆ خۆی دەگریا و لە





تەنهاییدا بیری لە چارەنووسی خۆی دەکردەوە.

دەمەو ئێوارە، ئامینە بانگی کرد: "وەرە چرا، بزانم بۆ وا بێدەنگ و ماتی. دەڵێی شتێکت لە بن سەردایە"

چراخان: " نەخێر باوەژن، تەنها نەختێک سەرم دێشێ، بۆیە تاقەتی ئیشکردنم نییە".

ئامینە: "لەوانەیە سبەی دوو سبەی باوکت لە سەفەر بگەڕێتەوە، دەبێ لە جاران ئازاتر بیت و خزمەتی مێوانان بکەی، تێگەیشتی!"

چراخان: "بەڵێ باوەژن، تێگەیشتم خوا کەریمە".

ئامینە: " دەبڕۆ دەی چێشتی ئێوارە ئامادەکە، منداڵەکانیش برسییانە".

چراخان ڕازی بوو باوەژن بەوەندە لێی بگەڕێ و زیاتر لەسەری نەڕوا، چونکە کەسەری ئەم گەلێک لە سەرئێشە گەورەتر بوو. ئەم تاکە فریادڕەسێکی شک نەدەبرد، تا لە دەست باوک و نەدیم و باوەژن و هەموو پیاوانی گوند و عەشیرەت، ڕزگاری بکات.

چراخان، ئەو شەوەش، جاروبار خەوی لێ دەکەوت و بە ئاگا دەهاتەوە. پاش هەر بە ئاگاهاتنەوەیەک، موچڕکی ترس و خەفەت جەستەی دەتەزاند. هزر و جەستەی جوانی ئەم، توانای بەرگە گرتنی کارەساتێکی وای نەبوو، چونکە ئەم لە دەروونەوە هەستی دەکرد بە تەنها فڕێدراوەتە بەردەم ئەژدیهایەکی ترسناک کە لە هەموو چرکە ساتێک لەوانەیە قووتی بدات. کەسێکی جوانکیلەی بێ گوناهی وەک ئەم، چۆن لە باریدا هەیە شەڕی ئەو هەموو دوژمنە سەرسەختە بکات. دوژمنانێک کە بەرهەمی داب و نەریتی کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وا کە هەر لە ناو بێشکەوە بە چاوی سووک و پڕ لە کەموکووڕی سەیری مێینە دەکات.

چراخان چەندین جار لە باوکی گوێی لێ بووە کە ژن عەقڵیان لە کۆشیانە کە هەڵسانەوە لێیان بەر دەبێتەوە، بۆیە پێویستە ژن ئاگای لە خۆی بێ و بێ پرسی پیاو هیچ نەکات و پیاوانیش نابێ بە گوێیان بکەن. جارێکیان لە نەدیمی بیست، کاتێک کە بۆ باوکی قسەی دەکرد دەیگوت: "مەلا وتوویەتی، ئەگەر ژن لە گوێ و عەمدی مێردەکەی دەرنەچێ لە قیامەت وەک حۆری زیندوو دەبێتەوە و لەگەڵ چەندین حۆری

تر دەدرێتەوە پیاوەکەی خۆی. بەڵام ئەگەر مێردەکەی لێی ڕازی نەبوو خودای گەورە لە کوورەی جەهەنەمدا لەگەڵ شەیتان دەیسووتێنێ!"

چراخان ئەو شەوە خانەوادەی کاک ئازادی، دراوسێی شاسواری هاتەوە یاد کە چەند بەختەوەر دەژین. خۆزگەی دەبرد کە وەک (پەیمان خان) زۆری بخوێندبایە و شووی بە پیاوێکی وەک کاک ئازاد بکردایە. لە خەیاڵی ئەمدا، ئەو خێزانە ژیانێکی نموونەییان هەبوو و پڕبوو لە مانا و جوانی.. چی دەبوو ئەگەر ئەوانیش لە شاردا بوونایە و دواڕۆژێکی وا گەشی هەبووایە.. بۆچی هەندێ لە مرۆڤەکان ژیانیان خۆشەو لەلای یەکتر ئەوەندە ڕێزدارن.. کەچی ئەو باوکەی ئەم، ماڵێکی دروست کردووە هەر لە دۆزەخ دەچێت.. دایکی هەر لە خەفەتی ئەو سەری نایەوە و نەجیبەی خوشکە گەورەشی کردە قوربانیی ئارەزووەکانی خۆی. لە ناو ئەو هەموو پیاوانەی ئاواییش، نەدیمی کردۆتە دۆستی هەمیشەیی خۆی کە وەک گورگ وایە لە پێستی مەڕدا خۆی شاردبێتەوە. قەت لە بیری نەدەچوو کە جارێکیان بە قسەیەکی باوەژن کە گوایە ڕۆژێکیان بەیەکەوە لە ناو باخچەکە بۆ دەرگای ماڵی خۆیان سووڕاونەتەوە و لە سووچەکە تووشی کوڕی کێخوای گوندی بوونە، چراخانیش بە لاچاو سەیری کوڕەی کردووە و زەردەخەنەی بۆ کردووە. لەسەر ئەوە باوکی چ دەردە سەرییەکی پێ کردبوو.

لەگەڵ ئەم بیرەوەرییە تاڵە ترسێکی تازە هەموو گیانی گرتەوە و بە تەواوی خەوی ڕەویەوە. ئاخر ئەم ڕووداوە کۆنە دەبێتە یارمەتیدەرێکی بەهێز بۆ نەدیم، کاتێک بیەوێ بوختانێکی لەو چەشنەی بۆ هەڵبەستێ!

هەندێ جار دەهاتە سەری کە بەو شەوە هەڵسێ و ڕوو لەو کێو و شاخانە بکات هەر بڕوا و بڕوا تا قەدەری بە شتێک دەگات کە خۆشی نازانی چییە، بەڵام هەر پێی باشتر بوو لەو هەڵوێستەی کە لە باوکی پێشبینی دەکرد.. هەندێ جاریش هەر بە خۆی دڵی خۆی دەدایەوە: دەی بەڵکەم کارەکان بەو شێوەیە نابن و دەنگی لێوە نایەت.. بەڵام کە لە سەرەتاوە کارەساتەکەی دەهاتەوە بیر و چاوە پڕ لە تاوان و جنەکەی نەدیمی دەکەوتەوە یاد، دڵی دادەخورپا و لافاوی ترس، هزر و هۆشیان دەپووکاندەوە.. هەندێ جار، ئەوەندەی زگ بەخۆی دەسووتا، دەمارەکانی قوڕگی، بە



هۆی پڕبوونیان لە گریان، ڕەق دەبوون و زمانی وشک هەڵدەگەڕا. خودایە بۆ دەبێ چارەنووسی ئەم، بەو شێوەیە بێت، خۆ ئەویش مرۆڤە و حەز دەکا بێ وەی بژییێت.

ئەو شەوەشی بە دڵەڕاوکێ و خەوی زڕ و ڕۆحێکی ترسبار بەڕێ کرد. سبەینێش، وەک جاران کەوتە پاککردنەوە و ڕێک خستنی ماڵەوە. پاش تەواوکردنی ئیش و کاری ناو ماڵ، بە بیانووی ئیشکردن چووە ناو باخچەکە و لەوێ دەیویست ساتێک بۆ خۆی لە تەنیاییدا دیسان بیر لەو کێشەیە و چارەنووسی خۆی بکاتەوە. ڕەنگە باوکی پاش دوو ڕۆژی دیکە بگەڕێتەوە، ئەو کاتە دەبێ چ بەزمێکی بۆ بنێنەوە. دەبێ لە توومەتی ئەو بوختانەی کە بۆی هەڵدەبەسترێ، چ سزایەکی بۆ خەڵات بکرێ. ئەوەندەی ئەم گوێ بیستی ئەو جۆرە مەسەلانەی شەرەف و نامووس ببوو، هەر هەمووی بە کۆتایی هاتنی گیانی ژن و کچانی گوند و عەشیرەت کۆتاییان هاتبوو، چ جای ئەوەی ئەم کەسێکی نییە بە خۆیەوە بیگرێ و قسەیەکی خێری بۆ بکات. خۆزگەی دەخواست کە باوکی لەو سەفەرە، بە سەلامەتی نەگەڕێتەوە، ئەوساکە دەیتوانی بە یەکجاری بچێتە شارو لە خەم و خەفەت و لە دەست نەدیم و باوەژن و داب و نەریتی عەشیرەتیش ڕزگاری دەبوو، ئەو وەختە، تا نسیبی بە پیاوێک دەبڕا هەر خزمەتی ماڵ و منداڵی شاسواری دەکرد. ئەم، بەوە شوکر بوو خزمەتی خۆیانی پێ بکەن، بەڵام لە پاداشتی ئەوەدا، دوو قسەی خۆشی لەگەڵ بکەن، نەک سەرەڕای ئەو هەموو هیلاکییەشی، سەرکۆنەی بکەن و بوختانی بۆ هەڵبەستن. پاش گریان و لێکدانەوەیەکی زۆر، چراخان، بەرلە نیوەڕۆ، باخچەکەی بەجێهێشت و گەڕایەوە ماڵێ. لەوەش دەترسا باوەژن، گومانی لێ بکا و هەنجەتی پێ بگرێ، بۆیە قەت بە سەرەخۆی نەدەهێنا، هەرچەندە ئەو دوو ڕۆژە بە هۆی کەم خواردن و نەنووستن، تاقەتی لەبەر بڕابوو.. ئەگەر بۆی مەیسەر ببووایە، حەزی دەکرد لە ماڵەوە پاڵ کەوێ و نەختێک ئیستراحەت بکات، بەڵام لە ترسی باوەژن ئەمەی بۆ نەدەڕەخسا، دەبوو بەردەوام لە جوولەجوولدا بێت.

## ٤

نەدیم، دەووربەری کاتژمێر (٨)ی بەیانی، لە ژوورەکەی هاتە دەرێ کە دوو شەو بوو لەوێ دەنووست. بە نیازی ئەوەی لە خوارەوە لە ساڵۆنەکە سۆراخێکی هاتنەوەی حاجییان بکات، لە گۆشەیەکی ساڵۆنەکە، خەریکی چای خواردنەوە بوو. وەختێک دیتی وا چەندین کەسی تر بۆ هەمان مەبەست، هاتوونەتە بەغدا و لەو ئوتێلە دابەزیون. کە زەینی دایێ، بیستی وا هەندێکیان باسی گەیشتنەوەی یەکەم کاروانی حاجییان دەکەن. هەر بە پەلە لە شوێنی خۆی هەڵساو لە یەکێکیانی پرسی: " ئەرێ کاکە. ئەگەر بزانی حاجییەکان نەگەیشتوونەتە جێ".

– "بەڵێ خاڵە گەیشتوون، ئێمەش وا بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆین کە ئەوان لێی دابەزیون".

– "دەتوانم لەگەڵ ئێوە بۆ ئەوێ بێم"

– "باشە چاوەڕێکە، پاش کەمێکی تر دەڕۆین".

نەدیم لێیان دوور نەکەوتەوە. پاش چەند دەقیقەیەک کابرا پێی وت: "فەرموو خاڵە با بڕۆین".

کە گەیشتنە ئەوێ، چەندین سەیارەی درێژ بە دوای یەکدا ڕیز ببوون. حاجییەکان لەگەڵ کەسوکاریان، چاک و خۆشییان دەکرد و کەرەسە و شتومەکەکانیان، لە سەیارەکان دادەگرت. نەدیمیش کەوتە گەڕان بە دوای (زەینەدین)ی دۆستی. دەچووە ئەوێ، نەبوو دەچووە لای سەیارەیەکی دیکە هەر نەبوو، چاوی دەگێڕا و دەگەڕا. لە ناکاو یەکێک لە پشتەوەڕا شانی ڕاتەکاند و پێی وت: " ها مام دەروێش، ئەوە تۆش هاتی. بەخێر بێی، وەرە ئەوەتانێ باوکم".

نەدیم دیتی شاسوارە و هەندێک جانتاو کەلوپەلی لە دەستایە، وتی: "ئەوا دەمێکە دەگەڕێم و دەسووڕێم، سۆراخێکم چنگ ناکەوێ، چاک بوو تۆ منت بینی، ئەگەرنا بەخوا زەحمەت بوو بتاندۆزمەوە".

بۆ لای زەینەدین چوو و دەستی ماچ کردو هەر دووکیان لە پڕمەی گریانیاندا، یەکێک بە ڕاست و یەکێک بە درۆ. پاشان نەدیم وتی: "ئۆخەی خودایە شوکر، ئەو جارەش بە زەینەدینی برام شادبوومەوە".



پاش لێک پرسین و تێک ڕامان، نەدیم ڕەنگی تێک چوو و زەینەدین پێی وت: " ها دەروێشی برام، بۆ وا تێک چووی"

نەدیم: " زەینەدین، ئەگەر بکرێ، حەز دەکەم بە تەنیا، هەندێک قسە بکەین".

نەختێک لە خەڵکەکە دوور کەوتنەوە.

زەینەدین وتی: "بیلێ دەروێش، خۆ خوانەخواستە شتێک ڕووی نەداوە، شاسوار باسی هیچ شتێکی بۆ نەکردوومە".

نەدیم: "زەینەدین، خۆت دەزانی ئێمە برای یەکترین و بێجگە لە نامووس کەسمان بەرامبەر ئەوی دیکە ساحێب ماڵ نین. پاشان تۆ، ماڵ و منداڵی خۆت، ڕۆژێ پێش ئەو سەفەرە، بە ئامانەت تەسلیم بە من کرد، بۆیە دەبێ لەم بارەیەوە، هەر شتێک هەبێ و پەیوەندی بە ماڵ و منداڵەکەتەوە هەبێ، پێتی ڕابگەیەنم، وایە یان نا"

زەینەدین هەستی بە شڵەژانێکی دەروونی کرد و دەرکی کرد کە نەدیم خەبەرێکی ناخۆشی دەداتێ، بە دەنگێکی لەرزۆک و هەناسەیەکی نەختێ سوارەوە وتی: "بیلێ دەروێش چی بووە دڵم شەقی برد!"

نەدیم: "چیت لێ بشارمەوە زەینەدین. هەفتەیەک لەمەوبەر، درەنگی شەوێ گوێم لە دەنگی سەگوەڕێکی توند بوو، منیش بۆ دڵنەوایی، لە ماڵەوە هاتمە دەرێ و بە فکرمدا هات سەرێک لە دەوروبەری ماڵی ئێوەش بدەم. کە گەیشتمە تەنیشت دیواری حەوشەکەی ئێوە، سەرێکم لە ناوحەوشە کێشا بینیم، تارمایی پیاوێک وا خەریکە بە دیواری حەوشەدا هەڵدەگەڕێ. لە چاو قووچانێکدا، بە ڕووی ئەو دیوی دیوارەکەدا خۆی ئاواکرد و لە بەرچاوان بزربوو. ژنێکیش، بەرەو بەرهەیوانی ماڵەوەتان، بە مشەوەشی خۆی بە ژوورێدا کرد. لەو کاتەی دەرگای ماڵێی کردەوە و کەوتە بەر شەوقی لەمپاکەتان، زانیم کە (چراخان)ی کچتە. بەڵی زەینەدین، من ئەوەم بە چاوی خۆم دیت، بەڵام نەمزانی پیاوەکە کێیە و لە تاریکیدا نەمناسی".

زەینەدین، بە یەکجاری نەتەی بەرداو لە بەرخۆیەوە وتی: " ئەی خودایە تووشی چی بووم. دڵم دەیگوت ساردییەکمان بەسەر دێ. بەڵام قەت بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو، ئەو کچەتیمە ئەوەم لەگەڵ بکات". ڕووی لە نەدیم کرد و وتی: "دەروێش بەردێکی لە سەر دانێ. جارێ بابڕۆین، بۆ شوێنی ئیستراحەت".

نەدیم، دڵنیا بوو کە زەینەدین بە تەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بوختانەکەی و پیلانەکەی خەریکە سەردەگرێ، بەڵام حەزی دەکرد، هەرچی زووە، زەینەدین، بڕیاری پێویست لەم بارەیەوە بدات.

زەینەدین لەگەڵ نەدیم و شاسواری کوڕی، گەڕانەوە ئۆتێل و لەوێ لە ژوورێکدا بانگی شاسورای کرد و پێی وت: "کوڕم شاسوار، با جارێ کەسمان تێنەگا. ئەوا دەروێش نەدیم، بە نیوە شەوێ، بە چاوی خۆی (چرا) ی لەگەڵ پیاوێک بینیوە. وا بزانم کار لە کار ترازاوە، ئەو کچەتیمە ئێستا، کچێتی خۆی لەدەست داوە و شەرەف و نامووسی بردووین". لەگەڵ ئەو قسانە، شاسوار ڕەنگی تێک چوو و زانی باوکی ئەرکێکی قورس و ناخۆشی پێ دەسپێرێ. زەینەدین لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "من، تازە ناگەڕێمەوە هەتا دڵنیانەبم لەوەی کە ئەو کچەتیمە، لە ژیاندا نەماوە. کوڕم ئەوە ئیشێکی زۆر گەورەیە. ئەگەر کوڕی منی و سەربەرزیی منت گەرەکە، دەبێ هەر ئێستا بچیت ئەو کچەتیمە ببەیتە نێو شاخ و کێوەکانی دووری ئاوایی، لەوێ بیکوژی و نیشانەی خوێنی ئەوم بۆ بێنییەوە ئێرە، بۆ ئەوەی باوەڕم بێت کە ئەو کارەت ئەنجام داوە، ئەوجا دەگەڕێمەوە گوندی، تێگەیشتی چیم گوت. یاڵڵا هەر ئێستا، بە سەیارەکەی خۆت بەڕێکەوە. من و دەروێش لێرە دەمێنینەوە، چاوەڕێی هاتنەوەت دەکەین".

شاسوار قەدەمی شکابوو. قەت بەشداریی لەکاری وادا نەکردبوو، پاشان، ئاخر چۆن دەستی دەچێتە ڕۆحی ئەو خوشکەی کە زۆری خۆشدەوێ.. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەسەڵاتی باوکی نەبوو. فەرمانە و پێی دراوە، دەبێت ئەنجامی بدات. بە نابەدڵییەوە بە باوکی وت: "بەڵێ باوکە ئەمر دەکەی وا دەڕۆم، جارێ خوا حافیز".

٥

شاسوار، بەو فەرمانە کتوپڕە، هەموو گیانی هەژا. نەیدەزانی دەبێ چی بکات. بە دڵێکی پڕ لە خەفەتەوە بۆ لای سەیارەکەی چوو و لەبەر خۆیەوە وتی: "هەتا زووە با بڕۆم، هەتا بە ڕووناکی بگەمەوە جێ، لەوێش خوا کەریمە".

شاسوار ئەوەندە پەشۆکابوو، چەند جارێک لە ڕێگادا ئاگای لە خۆی دەبڕاو



ئەوەندەی نەدەما بە سەیارەکەیەوە وەرگەڕێ. هەرچۆنێک بوو، بیرو هەستی خۆی کۆ دەکردەوەو لە سەیارە لێخوڕینەکەی بەردەوام بوو.

شاسوار، قەت بڕوای نەدەکرد کە چراخانی خوشکی، کارێکی وای کردبێت. ئەو لەمێژبوو لەوە دەترسا، باوەژن، بوختانێکی بۆ هەڵبەستێ، بەڵام ئێستا چی بڵێت. ئەوە نەدیمەو دەڵێت بەچاوی خۆم ئەو ڕووداوەم دیوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی ئەو ماستە مووەکی تێدایە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، چۆن سەری داوەکە بدۆزێتەوە!. ئاخر ناکرێ بگەڕێتەوە لای باوکی و بەبێ بەڵگە نەدیم بەدرۆزن دەربێنێ. دەیزانی لە حاڵەتێکی ئەوهاشدا، باوکی حسێب بۆ قسەکەی ناکاو باری ئەمیش قورس دەبێ. هەندێ جاریش، هەر خۆی لە خۆی دەپرسی: نەدیم کابرایەکی دیندار و دۆستی باوکمە، چ قازانجێک لەو کێشەیە دەکات، ئەگەر ئەسەرێکی ڕاستی تێدا نەبێت. پاشان چراخانیش بەشەرەو کچێکی جوان و بەرچاوە، دەیان کەس تەمەنای ئەوە دەکەن دەستیان بیگاتێ. ڕەنگە کەوتبێتە بەر تەوژمی حەز و ئارەزووی خۆی و دەستی لەگەڵ یەکێک تێکەڵاو کردبێت، بەتایبەتی کە ئەو ماوەیە پیاویان لەماڵەوە نەبووەو باوەژنیش ئەوەندەی خۆش ناوێ تا ئاگاداری بێ و ئامۆژگاری بکات، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت. وەلێ لە لایەکی دیکە شاسوار، لەم خەیاڵاتەی خۆی پەشیمان دەبووەوە، چونکە دڵنیا بوو کە چراخان، کچێکی ڕەوشت بەرز و عاقڵە، هەرگیز کاری وای لێ ناوەشێتەوە.

ماوەی دوو سەعات، شاسوار هەر بەڕێوە بیرو مێشکی لەنێوان ئەو دوو جۆرە لێکدانەوەیە جۆلانەی دەکرد، پاشان بیری کردەوە ئاخۆ دەبێت چی بکا. لە لایەک پێویستە فەرمانی باوکی جێبەجێ بکات، لەلایەکی دیکەش قەت دڵی نایە گیانی چراخان کۆتای پێ بێنێ. بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک کە باوکی قەناعەت پێبێنێ، بەوەی کە کارەکەی ئەنجام داوەو لە هەمان کاتیشدا، ئەگەر (چراخان) قەناعەتی ئەمی هێنا کە پاکە و لەو تۆمەتە بەرییە، ئەوا نەیکوژێ و یارمەتی بدات بۆ ئەوەی سەری خۆی هەڵگرێت و بۆ مەملکەتێکی دیکە بڕوات، ئیتر خۆی و چارەنووسی خۆی. پاشان بیری کردەوە کە ئەم چۆن دەتوانێت، بە تەنیا ئەم کارە ئەنجام بدات. وا چاکە کەسێکی نهێنی پارێز و دڵسۆز، لە برادەرەکانی دەستنیشان بکاو داوای

بەشداریکردنی ئەم کارەی لێ بکات. هەر بەدەم سەیارە لێخوڕینەوە سەری هێناو برد کێ باشە و ئامادەیی ئەوەی تێدایە. بیری کردەوە لە خزم و برادەرانی ئاوایی کەسێک دەستنیشان بکات کە بۆ هەردوو حاڵەتەکە شیاو بێت، چونکە لە ناو خزمەکانی خەڵک هەبوون بۆ مەسەلەی کوشتنی ژن بەشداری بکەن، بەڵام بۆ مەسەلەی ئازادکردنی چراخان و گەیاندنی بۆ شوێنێکی پڕ لە ئەمان، ئەوا پێویستی بە یەکێکی نهێنی پارێزو ساحێب قسە هەبوو کە هەتا هەتایە ئەم نهێنییە ئاشکرا نەکات و بیباتە ژێر گڵ. ئەو جۆرە کەسەش لە ئاواییەکەیان دەست نەدەکەوت.

شاسوار پاش ئەوەی زانی لە نێو خەڵکی گوندەکەیان کەسیان بۆ ئەوە دەست نادەن، هاتەوە سەر دۆست و برادەرانی ناو شاری. یەک بەیەک برادەرەکانی هێنایە پێش چاو و لەهیکڕا بیری چووە سەر (فریاد)ی برادەری کە ئەویش پێشتر ماڵە باوک و خزمەکانی خەڵکی ناوچەی پشدەر بوون. جگە لەوەش گوندەکەیان نزیکی سنوورەو ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن لە ڕێگەی ناسیاوەکانیان چراخان ئاودیو بکەن. شاسوار ئەم بیرۆکەیەی دوایی، زوو لە عەقڵ چەقی و نەختێ فەرامۆشی بەدڵدا هات. لە بیری خۆیدا دەیگوت: وا باشە کە گەیشتمەوە شار، بەلای ماڵی خۆماندا نەچم و یەکسەر بچمە ماڵی کاک فریاد. لەوێ لەگەڵ ئەو، تەگبیری خۆمان دەکەین. کاک فریاد هەم کوڕێکی عاقڵ و دڵسۆزە، هەم لەگەڵ من وەک برا وایە. پاشان خۆ من نیازم کوشتنی چراخان نییە، بەڵکو دەمەوێ ڕێگەچارەیەکی دی بگرمە بەر، بۆیە ئەگەر ویستمان ڕزگاری بکەین، ئەوا فریاد باشترین و لەبارترین کەسە کە دەتوانێت یارمەتیم بدات، چونکە شارەزای شاخ و کێوەکانی سەر سنوورە و بۆ کاتی لێقەومان خەڵک دەناسێ و دەزانێ چی بکەین باشە.

شاسوار لە هزری خۆیدا نەختێ کەوتە سەر ڕاستەڕێ و دەرکی کرد کە دەبێ چۆن ڕەفتار بکات. پاش لێکدانەوەو حسێب کردنی هەموو ئەگەرەکان، شاسوار ئەوەندەی زانی، خۆر لە ئاوابوون نزیک دەبێتەوە و گەیشتۆتە بازگەی قەراخ شار و خەریکە دەگاتەوە جێ. یەکسەر بەرەو ماڵی (کاک فریاد) ڕۆیشت کە لەیەکێک لە گەڕەکەکانی دامێنی شار بوو. کە گەیشتە بەر دەرگای ماڵەوەیان، لە سەیارەکە دابەزی و زەنگی دەرگاکەی لێدا، پاش کەمێک دەرگا کرایەوە بینی (شیرین) ی



خێزانی فریادە

– "فەرموو کاک شاسوار بەخێربێی، وەرە ژوورەوە".

شاسوار لەگەڵ هەواڵ پرسین بەرەو ژوورەوە هەنگاوی نا: "براژن چۆنی چاکی. منداڵەکان چۆنن. ئەدی کاک فریاد لە ماڵە".

شیرین: " تۆ دانیشە نەختێ پشوو بدە، ئێستا دەگەڕێتەوە. بۆ ئیشێکی سەر پێیی، چۆتە ماڵی (حەمە ڕەشید)".

شاسوار، لە ژووری میوانان دانیشت و خەریک بوو خۆی لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە دەکرد، هەتا کە فریاد گەڕایەوە باسی مەسەلەکەی لەگەڵ بکات و شپرزەیی پێوە دیار نەبێ. چونکە ئەمە کێشەیەکی هەستیارەو دەبێ هەموو شتێک بە هەند وەربگیرێ. جاروبار لە بیری خۆیدا دەیگوت: " ئیش لە پیاوان دەقەومێ، دەبێ پیاو عەزمی هەبێ و بڕیاری خۆی بدات، ئەگەرنا تووشی نووشستی دەبێ و لە ناو خەڵک قیمەتی نامێنێ". لەو ساتەدا شیرین بە بەرداخێ ئاوەوە هاتەوە ژوورێ و دووبارە بەخێرهاتنی کرد و ئاوەکەی دایێ. پاش خواردنەوەی ئاوەکە وتی: " دەبێ کاکە فریادم وا زوو بگەڕێتەوە "

لەو ئان و ساتەدا، دەنگی دەرگای حەوشە هات و شیرین سەری هەڵبڕی، لە پەنجەرەکە فریادی بینی و وتی: " ئەوە هاتەوە".

فریاد، هەر لە دەرگای حەوشە کە سەیارەکەی دیتبوو، زانیبووی ئەو میوانە شاسوارە، بۆیە لەبەر دەرگای ژووری میوانان بە دەنگێکی بەرز وتی: "یاخوا ئەو میوانە بەخێر بێت".

پاش ئەحواڵ پرسین فریاد وتی: " ئەرێ شاسوار، خێرە بەو ئێوارەیە هاتووی. دەبووایە تۆ لە چاوەڕوانی باوکتدا بیت. حەتمەن دیارە کارێکی پێویستت بە من هەیە، وانییە"

شاسوار: " کاکە فریاد، تۆ لە ناو دڵمی، تۆ هەمیشە کابرایەکی ژیر و عاقڵ بوویت. بەڵێ کارەساتێک یەخەی پێگرتووین و هانام بۆ تۆ هێناوە".

فریاد: " فەرموو ئەمرکە،.چیم لە دەست بێت بۆتی دەکەم، قسە بکە".

شاسوار: "بابەتەکە هەندێک دوور و درێژە، حەز دەکەم پاش نان خواردن، بە درێژی بۆتی باس بکەم".

فریاد: "زۆر باشە،. ئادەی (شیرین خان) نانمان بۆ بێنە، کاک شاسوار برسی و هیلاک دیارە".

پاش ئەوەی نانیان خوارد و بە تەنیا مانەوە، فریاد وتی: " ئێی کاک شاسوار، فەرموو قسە بکە".

شاسواریش بە وردی هەموو مەسەلەکەی تێگەیاند و لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: "کێشەکە بەم جۆرەیە و ئێستاش تەنها تۆ شک دەبینم دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکەی و تەگبیرێکی باشم بۆ بکەی".

فریاد، پاش گوێ ڕاگرتن، بە تەواوی لە کێشەکە حاڵی بوو. دەیزانی باوکی شاسوار و خەڵکی ئەو دەڤەرانە لەم جۆرە کێشانە، چەند بێ ویژدانن و چەند بە ناهەقی، لە سەر حسێبی بێ دەسەڵاتی ژن، کێشەکان یەکلا دەکەنەوە، جا ئەگەر ئەو یەکلاکردنەوەیە بە کۆتاییهێنانی مەرگی ژنەکەش بێت. فریاد خۆی کەسێکی خوێندەوار بوو و ساڵانێک بوو لە شار دەژیا. ئەو دژی ئەوەبوو ژن لەسەر ئەو جۆرە شتانە بکوژرێ، بۆیە هەر زوو لە شاسواری گەیاند کە مەسەلەی کوشتنی خوشکەکەی، لە مێشکی خۆی دەرکات، چونکە کێ دەڵێ ئەو شتە بوختان و هەڵبەستراو نییە. پاشان ڕووی لە شاسوار کرد و وتی: " ئەگەر کچێک، کوڕێکی خۆشبووێ، بۆ دەبێ سزاکەی مەرگی ئەو کچە بێت!..سەرەڕای ئەوەش من گومانم لە نییەتی ئەو دەروێش نەدیمە هەیە و قەت ناچێتە عەقڵم ئەو خوشکەی تۆ کارێکی وای کردبێت. بەڵێ، من وا دەزانم ئەوە بوختانە و بەبێ هۆکاریش هەڵنەبەستراوە".

شاسوار وتی: "باشە، ئەدی تەگبیر چی بکەین، خۆ منیش ئەوەندە چراخانم خۆشدەوێ و بڕوام پێیەتی، دەزانم کچێکی بە ڕەوشتە و کاری وای لێ ناوەشێتەوە، داخوا چ ناحەزێک چاوی بە جوانی و ئەخلاقی ئەو هەڵنایێ، بۆیە دەیانەوێ تووشی کارەساتێکی بکەن. تۆ خۆت دەزانی، داب و نەریتی خەڵکی لای ئێمە چۆنە. هەنووکە، چ لەو بڕیارەی باوکم بکەم. بەڕای تۆ ئەگەر جێبەجێی نەکەم، دەتوانم ململانێی ئەو هەموو خێڵ و عەشیرەتە بکەم و هیچمان بە سەر نێت"



فریاد: "ڕاست دەکەی، ئەگەر وا نیشان نەدەی کە تۆ خوشکەکەت کوشتووە و (بە نەزەری ئەوان) شەرەف و نامووسی خۆتانت کڕیوەتەوە، ئەوا تۆش ڕووبەڕووی گەورەترین کێشە دەبیت و هەموویان دەبنە دوژمنت. ئەو کاتە ئیشەکە گەورە دەبێت و چەندین خەڵکی جاهیل و نەفامی عەشیرەتەکان خۆی تێوە دەگلێنێ، بۆیە دەبێ کارێکی وا بکەی کە ئەوان قەناعەتیان بێت کە تۆ خوشکەکەت کوشتووە".

شاسوار: "کاکە فریاد، منیش ڕام لە سەدا سەد وەک ڕای تۆ وایە، دەبا پێکەوە تەگبیرێک بکەین. چۆن (چراخان) لە دەم ئەو حەزیایانە دەرباز بکەین و بۆ کوێی ڕەوان بکەین. من بە لای خۆمەوە پێم باشە ڕەوانی ئەودیوی سنووری بکەین. ئەودیویش هەر کوردەوارییە و بەڵکە بۆ خۆی بتوانێ لەوێ لە شوێنێک، لە دێیەک بگیرسێتەوە و ژیانی خۆی بگوزەرێنێ. تۆ دەڵێی چی"

فریاد: "ئەگەر تۆ ئەو ڕێگەچارەیەت پێ باش بێت ، منیش پێم باشە. بۆ ئەمەش، من لە ناوچەی خۆمان، خەڵک دەناسم کە لە ڕێگەی قاچاخەوە خەڵک ئاودیو دەکەن. من دەتوانم لەم بارەیەوە، هەموو یارمەتییەکت بدەم و کار ئاسانییت بۆ بکەم".

شاسوار: "دە زۆر باشە، ئەگەر ئامادە بیت، حەز دەکەم بەیانی، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن، بەرەو ئاواییەکەمان بەڕێ کەوین. چونکە دەبێ سبەی پێش نیوەڕۆ، کارەکە ئەنجام بدەین و بۆ ئێوارەکەی بگەڕێمەوە بەغدا . ئەو نەگبەتانە لەوێ چاوەڕێی من دەکەن".

فریاد: " پەلە مەکە شاسوار، دەبێ هەندێک بە شێنەیی ئەم کارە ئەنجام بدەین، پاشان بۆ ڕێگە و بانان، لەوانەیە ئەو کچە، پێویستی بە زۆر شت بێت، دەبێ بۆی دابین بکەین".

شاسوار: "وەک چی"

فریاد: " وەک ڕەچاوکردنی جل و بەرگی ئیسلامی کە لەودیو لەبەری دەکەن. دوای ئەوەش لەوانەیە، تا ئەو کاتەی تووشی شوێنێکی گونجاو دەبێت، پێویستی بە لەبەر کردنی جلوبەرگی پیاوانە هەبێت، چونکە ژنێک بە تەنها و بەبێ پیاو، بە جلوبەرگی ژنانەوە بە ئاسانی گرفتی بۆ دروست دەبێت، خۆ تۆش ئەمە دەزانی. هەر لە بەر ئەمە، من پێم باشە ئەو کۆنە شەرواڵ و مرادخانییەی من ببەین. لەوە دەچێ زۆر بۆ چراخان گەورە نەبێت، دوای ئەوەش، پێڵاوێکی ئەدیداسی باشی گەرەکە، چونکە

ڕۆیشتنی ناو شاخ و داخان زەحمەتە و ئەزیەتی دەدات".

شاسوار: "بە ڕاستی، بێ هۆ نییە کە من تەگبیری خۆمم بە تۆ کرد. بە خوا ئەوەی تۆ دەیزانی و حسێبی بۆ دەکەی، من هەر فکرم پێی ناشکێ. دیارە خوا لەگەڵمانە، ئەگینا نەدەهاتمە لای تۆ. کاکە فریاد، کەواتە خۆت چاکت بیر لێ کردۆتەوە و شتەکان ئامادە بکە، بۆ ئەوەی بەیانی لەگەڵ گەزەنگی خۆر، بەرەو گوندی بکەوینە ڕێ. هەوڵبدە بە ئاسانی، شیرین خان قەناعەت پێ بێنی کە لەگەڵ مندای و دەبێ وابکەی کە هەست بە هیچ شتێک نەکات. هەر چەندە ئەو ژنێکی عاقل و ڕێک و کاملە، بەڵام ئەو نهێنییە دەبێ تەنها لە نێوان من و تۆدا بێت".

فریاد: " خەمی ئەوەت نەبێ، شیرین ئەوەندەی بڕوا بە من هەیە قەت لە کار و کردەوەی من ناپێچێتەوە. ئێستا دەچمە لای پێی دەڵێم کە ئێمە سەفەرێکی تایبەتمان لە پێشە و بەیانی دەبێ زوو بەڕێکەوین".

بەم جۆرە تەگبیری خۆیان کرد و بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتن، سواری ئۆتۆمبێلەکەی شاسوار بوون و بەرەو ئاوایی کەوتنە ڕێ.

ئەوان هەر ئەو شەوە بەڕێ دەکەوتن، بەڵام نەدەکرا چونکە چەند بازگەیەکی ئەمن و سەربازی لەسەر ئەو ڕێگە گشتییە هەبوو، هەموو ڕۆژێک لە پاش کاتژمێر چواری عەسر، هاتوچۆی سەیارەیان لە نێوان شارەکاندا قەدەغە دەکرد، بە بیانووی ئەوەی کە پێشمەرگە لە شاخەکان دادەبەزن و لەوانەیە ڕووداو بقەومێ و خەڵک تووشی کارەسات ببن، ئەگەرنا بۆ بە جێگەیاندنی کارێکی وا، شەو لەبارتر بوو.

٦

شاسوار و فریاد، لە ڕێگەدا زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەیان کرد. بیریان لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو دەکردەوە، بۆ ئەوەی نەخشەکەیان کەلێنی تێ نەکەوێ و سەرکەوتوو بن. فریاد، پێی باش بوو کە گەیشتنە ئاوایی، سەیارەکە ڕانەگرێ و ئەم لە دووری کیلۆمەترێک لەودیوی گوندی، لەسەر ڕێگە گشتییەکە دابەزێنێ بۆ ئەوەی هیچ کەسێکی گوندی نەیبینێ و هەست بە پێکەوە بوونیان نەکەن. چونکە وا باشتربوو کە لە سەرەتا، شاسوار بە تەنها لاداتە نێو گوندی و بچێت لە ماڵەوە چراخان هەڵگرێ. دوای ئەوە لە ڕێگە فریاد هەڵگرن و ئەوسا بەرەو کۆنە دێیەکەی



باوانی فریاد، بەڕێ کەون کە دەکەوێتە بناری شاخێکی بەرزی سەر سنوور.

کاتێک گەیشتنە لێواری گوندی، شاسوار بە فریادی وت: " هەتا لە گوندی ڕەت دەبین، سەری خۆت نەوی بکە نەبادا یەکێک بتناسێ".

فریاد: " زۆر چاکە". سەری خۆی نەوی کرد بە شێوەیەک، واتدەزانی ئەو ئۆتۆمبیلە، جگە لە لێخوڕەکەی کەسێکی دیکەی تێدا نییە.

کە لە گوندی ڕەت بوون و ماوەیەک دوور کەوتنەوە، لە نزیک کۆمەڵێک دار و درەختی دەم ڕێگاکە، فریاد دابەزی و چوو لە سێبەری دارەکان دانیشت. چاوەڕێی کرد، تا شاسوار دەگەڕێتەوە ناو گوندی، دوایی لەگەڵ چراخان دەگەڕێنەوە.

شاسوار کە بۆ گوندی گەڕایەوە، یەکسەر لە پەنای دارو باری باخچەکەیان کە دەکەوتە لێواری دێیەکە، سەیارەکەی ڕاگرت و بە بێ لە دەرگادان، لە دەرگای حەوشەی ماڵی باوکیدا چووە ژوورێ.

کاتێک چراخان چاوی بە شاسواری برای کەوت، یەکسەر دڵی لێی دا و زانی کە لێی قەوما. بە هەناسە بڕکێ و گەرووی پڕ لە گریان، بەرەو باوەشی شاسوار چوو و وتی: "کاکە بەخێر بێیت، لە چاوەڕوانیتدا بووم، یاخوا بەخێربێی".

شاسوار زانی، چراخان تێک شێواوە و باری دەروونی ئاسایی نییە،.بەڵام زۆر لای سەیر بوو کە وتی،(لە چاوەڕوانیتدا بووم). دەستێکی بەسەر چراخاندا هێنا و وتی: "خوشکم خەم هەڵمەگرە. ئەدی کوا باوەژن".

چراخان: "تازە چۆتە ماڵی پوورە فەهیم، ئا ئەوە هاتەوە".

شاسوار ئاوڕی دایەوە بینی ئامینەی باوەژنی، لە دەرگای حەوشەوە بەرەو ئەوان دێت، وتی: "باوەژن چۆنی چاکی منداڵ چۆنن".

باوەژن: "وەڵڵا باشین، ئەدی ئەوە خێرە نەچوویتە پێشوازی باوکت. لەوانە ئەمڕۆ سبەی بێتەوە".

شاسوار: " هەر ئەمڕۆ بەرەو بەغدا بەڕێ دەکەوم، بەڵام ئێستا شلێر زۆر نەخۆشە، دەبێ ئەم شەو چراخان، لەگەڵ خۆم ببەم، تا ئاگای لە منداڵەکان بێت".

باوەژن: "چراخان! چۆن لەگەڵ خۆتی دەبەی، ئەدی ئەگەر باوکت بێتەوە، کێ

خزمەتی میوانان بکات".

شاسوار: "کە لە بەغدا گەڕاینەوە، ئەویش لەگەڵ خۆمان دێنینەوە، خەمی ئەوەت نەبێت،.چراخان یەڵڵا، بە پەلە خۆت کۆبکەوە تا بڕۆین".

چراخان دەیزانی، مەسەلە ئەوە نییە شاسوار کاری ماڵەوەی بەم هەبێ، بەڵکو ئەوە دەقاودەق، ئەو قەدەرەیە کە خۆی چاوەڕێی دەکرد. چووە ژوورێ و بێ تاقەت و هێز لێبڕاو، نەیدەزانی دەبێ چی بکات و خۆی بۆ چی ئامادە بکات. بەڵام کە هاتەوە بیری، شاسوار دەستی بەزەیی بە سەریدا هێناوە، نەختێ ئارام بۆوە، لە ژوورەکە هاتە دەرێ و وتی: "کاکە من حازرم فەرموو با بڕۆین".

شاسوار: " زۆر چاکە، باوەژن جارێ خواحافیز".

سواربوون و ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنی خۆی جوولا. پاش ڕۆیشتنی چەند سەد مەترێک، چراخان زانی، سەیارەکەیان ڕووی لە ڕێگەکەی بەرەو شار نییە، بەڵکو ڕووی لە ڕێگەی دەڤەرەکانی سەر سنوورە. دڵی لێی دا و ڕەنگی تێک چوو و بە شاسواری وت: "کاکە شاسوار، ئەو ڕێگەیە بۆ شار ناچێ، دەڵێی بۆ شوێنێکی تر دەچین"

شاسوار: "بەڵێ چراخان، ناگەڕێینەوە شار. ئێستا دۆستێکم لەسەر ڕێ، لە لای ئەو دارانەی وا دیارن، چاوەڕێمان دەکات، لەوێ ئەویش هەڵدەگرین و دەڕۆین هەتا خوا هەقمان دەکات".

چراخان: "تێ ناگەم کاکە، ئەو قسانە یانی چی. دڵم خەتەرە دەکات. دەڵێی تەگبیرتان لێم کردووە".

شاسوار: "بۆ، تۆ چت بەخۆ شک دێ"

لەگەڵ ئەو قسانە، سەیارەکەی هێواش لێدەخوڕی هەتا بەر لەوەی بگەنە لای فریاد، لێک حاڵیبوونێک لەگەڵ یەکدی بکەن.

چراخان: "بەڵێ کاکە، کێشەیەک لە گۆڕێدایە، ئەگەر بە دوای ئەوەدا هاتووی، دەتوانم ڕاستییەکەت پێ بڵێم و دوای ئەوەش تۆ برای منی و خۆت و خوای خۆت".

شاسوار: "باشە ئەوە کاکە فریادی هاوڕێمە، شەرمی لێ مەکە، ئەویش وەک من



تۆی خۆشدەوێ و لە ڕێگا هەموو شتێ باس دەکەین". لەگەڵ ئەو قسانەدا سەیارەکە گەیشتە ڕێکی فریاد، شاسوار وتی: "چراخان تۆ بڕۆ دواوە با کاک فریاد لە پێشەوە سوار بێ".

چراخان لە سەیارەکە دابەزی و زۆر بەڕێز و حورمەتەوە چاک و چۆنی لەگەڵ فریاد کرد و هەواڵی منداڵەکانی پرسی. فریادیش بە ڕوویێکی خۆش، لە هەواڵی پرسی و زیاتر لە جاران بەزەیی و ڕەحمی بۆ چراخان جوولا و بەرامبەر بە باوکی و ئەمسالی ئەویش، ڕقی ئەستوورتر بوو.

پاش ئەوەی کەوتنە ڕێ، ماوەیەک بێ دەنگ بوون. هەرسێکیان لە چاوەڕێی ئەوەدا بوون یەکێکیان ئەو بێدەنگییە بشکێنێ و هەتا کاتیان لەبەر دەستە لە ڕەگوڕیشەی کێشەکە بگەن. کە فریاد زانی کە کردنەوەی ئەو بابەتە بۆ ئەوان شتێکی زۆر سەختە بۆیە هەر خۆی هەڵیدایێ و وتی: "لەوە دەچێ ئێوە لە ڕێگەدا هەندێ قسەتان کردبێ، من پێم باشە کاک شاسوار تۆ باسی کێشەکە و هەڵوێستی باوکتی بۆ بکەی، دوای ئەوە من زۆر گەرەکمە گوێ لە چراخان بگرین بزانین ئەو دەڵێ چی!"

شاسوار، دەرگای خستنە ڕووی کێشەکەی بۆ ئاوەڵا بوو و دەستی بە قسە کرد و وتی: "چراخان، ئەوەی ڕاستی بێ، من دوێنێ لە بەغداوە هاتوومەتەوە، باوکم ئێستا لەگەڵ دەروێش نەدیم، لەوێ، چاوەڕێی گەڕانەوەی من دەکەن، بەڵام چ گەڕانەوەیەک! دەبێ مژدەی مەرگی تۆیان، بە خەڵات بۆ ببەم. باوکم قەناعەتی تەواوی بە قسەکانی نەدیم هێناوە کە گوایە، چەند شەوێک بەر لە ئێستا، تۆی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە دیوە و خەریکی بەزمی خۆتان بوونە. لەسەر ئەوە باوکم کە لە ماوەی سەفەرەکەی خۆیدا ئێوەی ئەمانەتی ئەو داوە و تۆش ئەو قەباحەتەت کردووە، بانگی منی کرد و ئەو شتەی پێڕاگەیاندووم. ئێستاکەش کە من هاتوومەتەوە، بە فەرمایشی باوکمە. دەبێ لەسەر ئەو ڕەفتارەت، سزای کوشتنت لەسەر جێبەجێ بکەم و بە خۆم و نیشانەی خوێنی تۆوە بگەڕێمەوە ئەوێ. ئەوساکە باوکم بەو مەرجە دەگەڕێتەوە ئاوایی. ئاخر لە کاتی ڕووداوێکی وادا و بڕیار و فەرمانی باوکم من دەتوانم چی بکەم. من و کاکە فریاد، ئەم شەو زۆرمان قسە لەسەر ئەو کێشەیە کردووە. ئێمە هەردووکمان گومانمان لە قسەکانی نەدیم هەیە، بۆیە بڕیارمان دا، ئەگەر ئەوەی نەدیم دەیلێ

بوختان بێ، ئەوا ئێمە نەک هەر ناتکوژین، بەڵکو یارمەتیشت دەدەین بۆ ئەوەی سەری خۆت هەڵگری و لەو مەملەکەتە برۆی. (بە دەنگێکی تێکەڵ بە گریانەوە) تێگەیشتی خوشکی بەڕێزم. فەرموو تۆش قسەی خۆت بکە، ئێمەش گوێت لێ دەگرین".

چراخان: "کاکە شاسوار، کاکە فریاد، بڕوا بکەن ئەوەی دەیڵێم ڕاستە. من لە گوڵ پاکترم و کەسیش حەددی نییە دەستم بۆ بەرێ و پێم ڕابوێرێ. من ئەوە چەند ساڵە لە ماڵێک دەژیم تەنیا لە دۆزەخ دەچێت. ئەوەندە خەفەتبارم، زۆرجاران حەزم کردووە، ژیانم کۆتایی پێ بێت، بۆیە هیچ سووم لە خۆم نییە ئەگەر هەر ئێستا بمکوژن. بە خوا هیچ زەرەرم نییە، بەڵام با ڕاستی مەسەلەکەتان بۆ باس بکەم کە گەڕانەوەش، سەیرێکی نێوچەوانی نەدیم بکەن، لەوانەیە ئاسەواری هەر مابێ. ئەوەی ڕاستی بێت، چوار ڕۆژ بەر لە ئێستا، دنیا وەختی پاش عەسر بوو، من خەریکی ئاودان و بژار کردنی باخچەکەمان بووم و خاکەناسم لە دەستدا بوو. لە پڕێکا بینیم نەدیم، وا خەریکە دەگاتە لام. منیش پێم وت:(مامە نەدیم خێرە هاتوویتە ئێرە. دەڵێی نییەتی شتی خراپت هەیە). ئەو هەر نەگەڕایەوە و پڕیدایە قۆڵم، منیش خۆم لە دەستی دەرباز کرد و پێموت: (دیارە دەتەوێ ئابڕووم ببەی!)، خاکەناسەکەم بەرز کردەوە و بە هەموو تاقەتی خۆم، بە پشتی دەمەکەی خێواندمە نێوچەوانی. هەر لێم دا و یەکسەر گێژ و وێژ بوو و بەربووەوە ناو جۆگە ئاوەکە و لە هۆش خۆی چوو. منیش بە مشەوەشی گەڕامەوە ماڵەوە و نەموێرا بەسەر خۆمی بێنم. کاکە شاسوار! کە ئەمڕۆ چاوم پێت کەوت پێتم گوت چاوەڕێم دەکردی، مەبەستم ئەوە بوو. من چاک دەمزانی کە نەدیم لە دەروون پیسی و شەرمەزاریی ئەو کردەوەیەی خۆی، دەچێتە بن پیلی باوکم ئەو بڕیارەی پێ دەدات. کاک فریاد تۆش، لە برایەک زیاتری، کێشەکە بەو جۆرە بوو، بەڵام بە هەر حاڵ ئەگەر قەناعەتتان بە قسەکەم هەیە، من زۆر مەمنوونتان دەبم کە ڕێگەی وڵاتی غەریبانم پێ نیشان دەدەن و لەو ژیانە دۆزەخاوییەی ئێرە ڕزگارم بکەن، ئەگەر بڕواش بە قسەکانم ناکەن، ئێوەش پیاوی عەشیرەتن و فەرمانی باوکتان جێبەجێ بکەن!"

شاسوار سەیارەکەی دایە لاڕێ و لە شوێنێکی گونجاودا ڕایگرت، هەر سێکیان



دابەزین. شاسوار دەستی لە ملی چراخان کرد و وتی: "خوشکی خۆم، ئەگەر کارێکی لەو جۆرەشت کردبێت، من دەستم ناچێتە خوێنی تۆ! بڕوای تەواوم هەیە کە پاکیزەیی تۆ شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام چ لە عورف و عادەت و خوێنڕێژیی خێڵ و عەشیرەت بکەم. بە خودا، هەموو ئەو ژنانەی بەو توومەتانە لە ناو دەبرێن، ئاوا پاک و بێگەردن، هەر لێشیان ناپرسن، داخوا ڕووداوەکەیان چۆنە، کاتێ کە لەو شاخ و داخانە هەنجن هەنجنیان دەکەن. کاکە فریاد، سەیر لەوەدایە! کوردەواری شۆڕشیش دەکا و هەر بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. ئێستا ئێمە کەسمان، خاوەنی خۆمان نین وەکو کەسایەتی خۆمان، بەڵکو خاوەنی ئێمە، خێڵ و عەشیرەتە کۆنەخواز و مێشک بۆگەنەکانە و هەر چییەکیان بوێ، بە ناوی پاراستنی داب و نەریتی باوک و باپیران، پێمان دەکەن. ئێمەش هەر چەند بڕوامان پێی نەبێت، بێ دەستی خۆمان دەبینە جێبەجێکەری ئەو کولتوورەی کە غەرقی خوێن و ناشرینیی و کاری نامرۆڤانەیە".

فریاد، قسەکانی شاسواری پێ دروست و هەق بوون، ئەویش درێژەی دایێ و وتی: "کاکە شاسوار، بە کورتی، لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا، بە تایبەتی لە ناوچە دوورە شارەکاندا، تۆ هەرچەندە هەڵگری بیروباوەڕی چەوت و پڕ لە توند و تیژی و بۆگەناوی بیت، ئەوەندە کەسێتیت ڕێزی لێ دەگیرێ و حسێبت بۆ دەکەن. بەداخەوە، ئێستا ئەگەر تۆزقاڵێک عەدالەت هەبووایە، دەبوو لە بەردەم هەموو خەڵکانی خێڵ و عەشیرەت، نەدیم بەرد باران بکرایە و چراخانیش ڕێزی لێ گیرابایە. بەڵام وەک خۆت وتت، ئێمە دوا جار هەر جێبەجێکەری فەرمایشتی ئەو کولتوورە بۆگەنەین و هیچمان لە دەست نایە".

سواری سەیارەکەیان بوونەوە و کەوتنەوە ڕێ. فریاد، ڕووی لە چراخان کرد و وتی: "خوشکی خۆم، تۆ چاک بارودۆخەکە دەبینی. من و شاسوار تەگبیرمان وایە ئەم شەو، لەگەڵ ناسیاوێکی ئێمە، دەچینە لای قاچاخچیان و لەگەڵ کاروانی ئەوان، بەرەو کوردستانی ئەودیو سەری خۆت هەڵگرە، من ئومێدەوارم کە دواڕۆژێکی خۆشت هەبێ، چونکە پاکی و بێگەردی تۆ و ئەو غیرەتەی لە چاوانتا بەدی دەکرێ، من بڕوام وایە لە بارتدا هەیە لە هەر جێگە و هەر مەملەکەتێک بیت، جێگەی

شایستەی خۆت دەگری و زۆر لە ئێستا، سەربەرزتر دەژیت. بۆ ئەو سەفەرەش هەندێ جلو بەرگ و پێڵاو و وردە شتمان هێناوە کە ئێمە وا دەزانین لەودیو پێویستت پێیان دەبێ. تۆ دەبێ لە ڕێگە ئەگەر پێویست بوو جلی پیاوان بپۆشی و بە ئەدیداسی توند و تۆڵەوە وەک پاڵەوان ئازا و بەجەرگ بیت".

وردە وردە لە گوندی نزیک بوونەوە، فریاد ڕووی لە شاسوار کرد و وتی: "وا چاکە ئێوە هەر لە ناو ئوتۆمبێلەکەدابن تا دەچم سۆراخی (عەزیز) دەکەم کە ناسیاو و جێگەی بڕوای ئێمەیە کە ئەومان دۆزییەوە دەتوانین بە نهێنی، چراخان تەسلیم بەو بکەین و ئێمەش تا کەسی ناسیاو نەیبینیوین، دەبێ بگەڕێینەوە، چونکە کارەکەی ئێمە زۆر هەستیارە نابێ کەسێک گومانی هیچ شتێکمان لێ بکات، وانییە شاسوار"

شاسوار: "قسەکانت زۆر جوانە و چۆنت پێ باشە وا بکە، تۆ خۆت شارەزاتری".

لەلا پەڕی گوندەکە ڕایانگرت، فریاد دابەزی و بەرەو گوندی کەوتە ڕێ.

شاسوار و چراخان، بەبێ دەنگی، هەر لە ناو سەیارەکە ماوەیەک تێکڕامان. پاشان شاسوار وتی: "ئەگەر نەمرم، دەبێ ئەو دڕکە لە ژێر پێی نەدیم دەردەهێنم. (پارچە قوماشێکی لە چەکمەجەی سەیارەکە دەرهێنا) ئێستاش چراخان، نەختێک دەستی خۆت بریندار بکە و خوێنەکەی بتکێنە سەر ئەو قوماشە. دەزانم کە دەگەڕێمەوە لای باوکم، سوێند و تەڵاقم پێ دەخوا کە فەرمانەکەیم جێبەجێ کردووە، ئەو خوێنەش هی جەستەی تۆیە، بۆ ئەوەی هیچ گومان نەکات، پێم باشە بە خوێنی خۆت تەڕی بکەی".

چراخان پەڕۆکەکەی وەرگرت و بە دەرزیلەیەک پەنجەی خۆی برینداری کردو لە ماوەی چەند چرکەساتێکدا، پەڕۆکەکەی بە خوێنەوە دایەوە دەستی شاسوار.

پاش ئەوە شاسوار بڕێک پارەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، هەمووی لە دەستی کرد و وتی: "خوشکم خوا کەریمە ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەر بە یەک شاد دەبینەوە، ئێستاش هیچ چارەیەکمان نییە و ئەوە قەدەرمانە".

شاسوار بینی وا فریاد، لەگەڵ پیاوێکی دیکە بەرەو ئەوان دێن و بە هەر دوو دەست قسەی بۆ دەکات. کاتێک گەیشتنە لای ئەوان، چەند هەنگاوێک مابوو، فریاد بۆ لای سەیارەکە هات و کابراش لە شوێنی خۆی وەستا. فریاد هاتە لای شاسوار و





بە هێمنی پێی وت: "کاکە شاسوار، ئەوە (کاک عەزیز)ە و ماڵی لێرەیە، قسەم لەگەڵی کردووە. ئەو لە جێگەی ئێمە کارەکە ڕادەپەڕێنێ و هیچ دڵیشت بە چراخانەوە نەبێ. ئێستا لەگەڵمان سوار دەبێت، ئەو و چراخان دەگەیەنینە ماڵێ و ئێمەش دەگەڕێینەوە. چراخان تۆش دەبێ ئازا و چاوکراوە بیت. لەمەودوا چارەنووست لە دەست خۆتە. من لە ماڵەوە بیری ئەوەم کردەوە کە تۆ لەو سەفەرە ناوادەیە، زۆر پێویستت بە پارە دەبێت، بۆیە ئەو بڕە پارەیە لە برای خۆت وەرگرە و دوعای خێرت بۆ دەکەین".

فریاد پارەکەی دایە دەست چراخان و شاسواریش بە خۆشحاڵییەوە وتی: "چراخان دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت، هەندێ جار پارە دەبێتە بەڵای سەر، دەبێ کەس هەست نەکا تۆ پارەت لایە".

فریاد بانگی کاک (عەزیز)ی کرد و هەر چواریان بەرەو ماڵی ئەو چوون.

ماڵی کاک (عەزیز) لەدەم چۆمەکەی تەنیشت گوندی بوو. کە دەچوویتە دەوروبەری ماڵیان، لە باقی ماڵەکانی دیکە بزر دەبووی. کە هەموویان چوونە ژوورەوە، فریاد، جانتایە بچووکەکەی، لەگەڵ خۆی هێنابووە خوارێ کە هەموو پێداویستییەکانی چراخانی تێدا ئاخنیبوو و هەموویان چوونە ژوورێک کە سەرتاپای ئەرزەکەی، فەرشی نەخشداری ئێرانی لێ ڕاخرابوو.

فریاد، دووبارە بە شاسوار و چراخانی وت: "کاک (عەزیز) خزمێکی زۆر باشە و ئێمە بۆ چەندین کاری نهێنی، چەند ساڵە ڕوومان لەو کردووە، چراخانیش ئێستا لە ئەمانەتی ئەودایە. ئەویش هەندێک لە مەسەلەکە حاڵییە و ئینشەڵڵا بە سەلامەتی لەگەڵ یەکێکی خۆیی ڕەوانەی ئەودیوی دەکات، ئەوان لە گوندەکانی ئەودیویش، دۆست و ناسیاویان هەیە، لەوانە هەر ڕەوانی لای ئەوانی بکات".

لەو دەمە (پیرۆز)ی هاوسەری کاک عەزیز هات بەخێر هاتنی کردن و ئاوی خواردنەوەی بۆ هێنان. عەزیزیش پێی باش بوو جەماعەت دڵنیا بکاتەوە، وتی: "کاک شاسوار، کاک فریاد، ئێوە خەمتان نەبێ، ئێستا ئێمە کەسوکاری ئەو کچەین و وەک خوشکی خۆمان حسێبی بۆ دەکەین. ئێمە بۆ بەجێهێنانی هەر کاروبارێکی ماڵی کاک فریاد، لەسەر پێیان وەستاوین. من هەقم بە سەر کێشەکەی ئێوە نییە، هەر

ئەوەندەم لەسەرە، بەبێ لێپێچینەوە، ئەو کارەتان بۆ جێبەجێ بکەم. دوای ئەوەش ئێوە وا دانێن کە من ئەو شتەم هەر نەبیستووە. چونکە ئەوە نهێنییەکی گەورەیە و بۆ ئێمەمانان باش نییە بە دووی سەروسۆراخ و بنەوانی هیچ مەسەلەیەکدا بچین. ئێستاش ئێوە ئەگەر دەگەڕێنەوە، هەتا زووە بڕۆن، چونکە ڕێگەیەکی دوورتان لە پێشەو ناتانەوێ کەسێکی ناسیاو بتانبینێ. منیش خەمتان نەبێ پەنا بەخوا پاش ئەوەی ئەمانەتەکە گەیشتە شوێنی خۆی، ئەوسا خەبەر بۆ کاک فریاد دەنێرم. من پێم باشە نهێنییەکمان لە بەیندا هەبێ کاک فریاد، چونکە ناکرێ ناوی چراخان بێنین. من پێم چاکە وەختێک خەبەرت گەیشتێ و بە ناوی من وتیان: ترێیەکە پێ گەیشتووە، مانای وایە کارەکە وەک خۆی ئەنجام دراوە. ئێوە ئەمەتان پێ چۆنە"

فریاد: "بەڕاستی تەگبیرێکی چاکە کەواتە شاسوار با ئێمە بڕۆین". هەردووکیان خواحافیزییان لە چراخان کرد و شاسواریش، بە چاوی پڕ لە گریانەوە، دەستی بەسەر چراخاندا هێنا و ماچی کرد وتی: "ئینشەڵڵا زوو یەکتر دەبینینەوە، جارێ خواحافیز". لە ماڵێ هاتنە دەر و بەرەو سەیارەکەیان چوون، یەکسەر سواربوون ماڵئاواییان لە عەزیز کرد و کەوتنە ڕێی گەڕانەوە.

٧

کە شاسوار و فریاد، خوا حافیزییان کرد و گەڕانەوە، عەزیز هاتەوە ماڵێ و بە پیرۆزی وت: "لە لای کەس باسی ئەو کچە مەکە، چەند سەعاتێک لێرە دەبێ، وا چاکە خەڵکی گوندی نەیبینن، چونکە ساغ و سەلامەتی ئەو، بە ئێمە سپێردراوە. هەتا پێت دەکرێ قسەی خۆشی لەگەڵ بکە و لەوە دەچێ دڵی زۆر تەنگ بێ و خەفەتبار دیارە. قسەی وای لەگەڵ بکە، بەڵکە نەختێ دڵی بکرێتەوە. ئەم شەو، خوا پشتیوان بێ، لەگەڵ کاک (دەرباز)ی خۆمان ئاوای ئەودیوی دەکەین، ئیتر خۆی و چارەنووسی خۆی".

(پیرۆز) چووە لای چراخان و بەڕوویێکی خۆش و دەم بە خەندەوە پێی وت: "هەستە کچم بڕۆ سەر ئاو و دەم و چاوت بشۆ، بەڵکە ئیستراحەت بکەی. دەزانم هیلاک و ماندوو دیاری، منیش خەریکی چێشت لێنان دەبم، وا خەریکە دەبێتە نیوەڕۆ، دەزانم هەنووکە تۆش، زۆر برسیت بووە".



چراخان: "زۆر چاکە، ئەگەر سەرئاوەکەم نیشان بدەی".

پیرۆز، ڕێنمایی بۆ سەر ئاوەکە کرد و خۆشی گەڕایەوە لای ئیش و کار و چێشت لێنان.

پاش ئەوەی نانیان خوارد، پیرۆز دەیویست، هەندێک لە خەمەکانی میوانەکەی کەم بکاتەوە، چونکە تێبینی ئەوەی دەکرد کە ئەو کچە سەرەڕای ئەوەی جوان و ئاکار ڕێکە، لە عەقڵ و قسە کردنیش تێر و کامڵە. بەڵام بیری کردەوە کە وا باشترە، هەندێک بە تەنها جێی بێڵێ، چونکە ڕەنگە کچە وای پێخۆش بێ کە هەندێک ڕاکشێ و بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە. هەر بۆیە بە چراخانی وت: "هەتا من دەچم قاپ و قاچاغەکان دەشۆم، تۆ لێرە پاڵکەوە و نەختێ ئیستراحەت بکە، دوایێ دەگەڕێمەوە لای خوشکی خۆم".

چراخانیش، لەگەڵ ئەوەی خەمگین و تاسەبار بوو، حەزی دەکرد هەندێک جەستەی بحەسێتەوە و لێی ڕابکشێ.

ماوەیەکی باش، لە ژووری ماڵەوە بە تەنیا بوو، بیری لە سەفەری ئەمشەوی دەکردەوە. ئاخۆ دەبێ چارەنووسی بە چ بگات. لە لایەک ترس و نیگەرانیی، جەستە و هزریان دادەدۆشی. ئاخر ئەم کچێکی جوان و بەرچاوە، ئەو دنیایەش پڕاوپڕی پیاوی لە چەشنی گورگە و کەسێکیشی نییە، بیپارێزێ. دەبێ لە دوارۆژدا، چی بەسەر بێت. چراخان، بڕوای بە خۆی هەبوو کە ئەگەر تووشی کەس و خێزانێکی میهرەبان بێت، دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا، بە هۆی ڕەفتاری جوان و کابانباشی و ژیرییەکەی، سەرنجیان بۆ خۆی ڕاکێشێ و ڕێزی لێ بگرن. دەیزانی تاکو ئێستا، لە کۆشی خێزان و عەشیرەتێک دەژیا کە نرخ و بەهای ئەمیان پێ نەدەزانی. ئەوەندەی بڕوا بە خۆ هەبوو کە ئەگەر لە خێزانێکی کراوە و ڕۆشنبیر پەروەردە بکرابایە و لە خوێندن دەریان نەهێنایە، دوارۆژێکی زۆر پڕشنگداری دەبوو. ئەم، لە هەموو خەڵکی گوندەکەیان زیاتر فکری بەسەر کێشەکاندا دەشکا، تەنانەت دوو سێ مامۆستای ژن، لە گوندەکەیان هەبوون، حەزیان دەکرد لە پاش دەوام هەمیشە لای چراخان ڕۆژ ئاوا بکەن. کاتێک لە خوێندن دەریانهێنا، تازە لە قۆناغی سێی ناوەندی بوو. مامۆستاکانی هەموویان هاتنە لای باوکی و لێی پاڕانەوە کە دەری نەهێنێ، چونکە

لە هەر هەموو قوتابیانی گوندەکەیان، بە کوڕ و کچەکانەوە زیرەکتر بوو. مامۆستاکانی پێیان وابوو ئەو کچە لەدوا ڕۆژدا بڕوانامەیەکی بەرز بە دەست دێنێ، چونکە هەموو نمرەکانی لە سەرووی نەوەد بوون. سەرەڕای دەرس و وانەکانی، کتێبی دیکەشی دەخوێندەوە. بەڵام چی بکات کە باوکی بۆ خزمەتکردنی ماڵ و منداڵەکەی ئەو غەدرەی لێ کرد، وەک چۆن لە باقی کچەکانی دیکەی گوندیش دەکرا. گرفتی چراخان لەوەدا بوو کە ئەم زوو دایکی مرد و بووە کۆیلەی بەر دەستی باوەژنێکی دڵڕەق و بێ ویژدان. باوەژنێکی نەزان کە ڕقی لە جوانییەکەی چراخانیش دەبۆوە.

کاتێک کە پیرۆز گەڕایەوە لای چراخان، پاش عەسرێکی درەنگ بوو، بە چراخانی وت: "خوشکی بەڕێز، دەبێ لێم ببووری، هەندێک لە ژنەکانی ئاوایی، هاتبوونە لام، منیش بۆ ئەوەی تۆ نەبینن، مەجلیسەکەم خستە بەر دەرگای حەوشەکە. خۆشت دەزانی کە ژن کەوتنە ناو قسان، بە ئاسانی لێی نایەنە دەرەوە. چونکە هەر یەکێک کۆمەڵێک قسەی لە زگە و حەز دەکات یەکێکی چنگ کەوێ، تا بۆی هەڵڕێژێ، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم کە نەمتوانی، زوو بێمەوە لات و هەندێک خەمی ئەو دنیایە بە با کەین. ئەرێ ناوت (چراخان)ە وانییە"

چراخان: "بەڵێ".

پیرۆز: "ئای کە ناوێکی خۆشت هەیە، هەر لە جوانییەکەی خۆت دەوەشێتەوە. چراخان، ئێمە زۆر شتی وامان دیوە، چەندین جار ئەوها، ژنی بە تەنها لێرە، بۆ ئەو جۆرە سەفەرانە ماونەتەوە. تۆش هیچ خەمت نەبێ، ئینشەڵڵا خوا بە جوانی و بە مرازی خۆت لەگەڵت دەکات. هیچ دڵ لە دڵ مەدە، چی خوا بکا هەر ئەوە باشە".

چراخان، هەندێک قسەکانی پیرۆزی پێ خۆش بوو، بەڵام گرفتەکانی ئەم، یەک و دوو نەبوون. ئاخر ئەم لە ناو باوەشی نزیکترین کەسوکاری خۆی، دەرپەڕێندراوە. فەرمانی مردنی، لە نزیکترین کەسی خۆی، بەسەردا دراوە کە باوکیەتی. باوکێک، لەجیاتی ئەوەی نازی بکێشێ و لەو تەمەنە ئاگاداری بێ و ڕێ نیشاندەری بێت کەچی ئەو، هۆکاری سەرەکییە، بۆ دروستکردنی ئەو دۆخەی کە ژیانی لە بەر چاو ئەمدا ڕەش کردووە. باوکێک، بە قسەی کابرایەکی دوو ڕووی جاهیل، جەسارەتی



ئەوە بکات کە بڕیاری کۆتایی هێنانی ڕۆحی کچەکەی بدات کە بەشێکە لە خۆی. چراخان، پاش ئەو هەڵوەستە و لە خەیاڵ ڕاچوونە، وتی: ڕاست دەکەی پیرۆزخان، ئێوە کە دەستی لێقەوماوان دەگرن و یارمەتییان دەدەن، ئینشەڵڵا خودا لە هەموو بەڵایەک دەتانپارێزێ. منیش، وا سەری خۆم هەڵگرتووە، بزانین خوا چی لە چارەنووسمان نووسیوە. لە دڵی خۆیشیدا وتی : هەر چی ببێ، لەوەی هەیە، خراپتر نابێ!

لەو کاتەدا عەزیز هاتەوە ماڵێ و هەر لە سەر پێیان چاک و خۆشی لەگەڵ چراخان کرد و پاشان وتی: "چراخان، ئەو کەسەم بینی کە بە نیازم، تۆی لەگەڵدا ڕەوان بکەم. ئەو کەسە خزمی خۆمانە و لەودیویش، لە زۆربەی گوندەکان خەڵک دەناسێ. قەولیان وایە بتباتە ماڵی یەکێک لە خزمە نزیکەکانی خۆی، لەوێش بۆ گوندێکی پڕ لە ئەمان و دوور لە سنوورت بەن. چونکە گوندەکانی سەر سنوور، لە وەتەی شەڕی هەر دوو دەوڵەت دەستی پێکردووە، ئاسایشی تێدا نەماوە. زۆر جار، پاسدار دێن و دەیانپشکنن، بۆیە بە باشی نازانین بچیتە شوێنێک، لە گیروگرفت نزیک بێت و بکەوێتە دەستی دەسەڵاتدارانی پاسدار، بەڵام گوندەکانی قووڵایی ئێران، زۆر ئارامن و لەوێ کەس بە کەس نییە".

چراخان: "زۆر مەمنوونی برای خۆم دەبم، هەر کاتێک پێت باشە بۆ سەفەرەکە، ئەمن حازرم".

عەزیز : "ئێوارێ تێر نان بخۆ، چونکە زیاتر لە حەوت سەعات بەسواری هێستر، بەڕێوە دەبن. لەوانەیە، زۆر هیلاک بیت و شەوی پاییزی کوێستانیش ساردە، دەبێ ئاگاداری خۆت بیت".

## ٨

سەعات (٩)ی شەو، دەنگە دەنگی قاچاخچییەکان، لەبەر دەرگای ماڵی عەزیز دەهات. عەزیز بە چراخانی ڕاگەیاند کە جەنتاکەی هەڵگری و بە ڕێ کەوێ. چراخانیش، گورج هەڵسایە سەر پێ و جانتاکەی هەڵگرت و ئەدیداسەکەی کردە پێی. بابووجەکانیشی لە جانتاکەیدا هەڵگرت. کە چوونە دەرەوە بینی، هێسترێک لە بەر دەرگا وەستاوە و جڵەوەکەی لە دەست پیاوێکی چوست و گورجدایە.

عـەزیز بە کـابرای وت: "کـاک (دەرباز)، ئەوە چـراخـانە و دەبێ وەک گلێنـەی چاوانت بیپارێزی".

دەرباز : "سـەر هـەر دوو چاوەکانم کاکە عـەزیز، خـەمت نەبـێ، ئینشـەڵڵا، بەردەوام جێگەی متمانەی ئێوە دەبم".

عەزیز وتی: "وەرە چراخان، سواری پشتی ئەو هێسترەبە".

چراخان هاتە پێش و لە تەک هێسترەکە وەستا، دەستی خستە پشتی هێسترەکە، ئەمـەش نیشانەی ئامـادەبوونیـەتی بۆ سـواربوون. قاچێکی بۆ پشتەوە بەرز کردەوە. عـەزیزیش قـاچەکەی بڵند کـرد و ئەمیش بە تەکانێک، خـۆی خـسـتـە سـەر پشـتی هێسترەکە و سـەیرێکی کاک عـەزیزی کرد و پێی وت: "کاک عـەزیز، خـودا حـافیز، ماڵتان ئاوابێ".

دەرباز، جڵەوی هێسترەکەی ڕاکێشا و ئەویش خواحافیزیی کرد و کەوتنە ڕێ.

چراخـان، لە ژیانی لادێیدا، زۆر سـواری پشـتی گوێدرێژ و هێسـتر ببـوو، بۆیە زۆر لای ئاسـایی بوو و نەدەترسـا. هـەر لە چۆنیـەتی سـوار بوونەکەشی، ئەوەی پێوە دیار بوو کە شارەزایە. کە لە گوندی دوور کەوتنەوە، چراخان، سەیری پاش و پێشی خۆی کرد، بینی قـەتارەی هێسترەکان، ژمارەیان دەگاتە هـەشت هێستر، هـەندێکیان باری لێ بارکراوە و هـەندێکیش مرۆڤیـان بەسـەر پشتـەوەیە. ئەو پیـاوانەی کە بە پێیـان لە پشت و پێشی کاروانەکە دەڕۆن، تەنها چوار کەسن.

پاش زیاتر لە سـەعاتێک ڕۆیشـتن، باریکە ڕێیـەک، لە ڕێگە سـەرەکییـەکە بۆوە ڕووەو زاری گەلییـەکی پڕ لە دار و دەوەن دەڕۆیشت. بەو شـەوە، هەمـوو شـتێک، لە ناو ئەو شـاخـانەدا ڕەش دیار بوو. بەڵام کـە چاوت دەبڕییـە دەوروبەری ڕێگاکـە، وا دیار بوو بەو تاریکییـەش، وەک مارێک بە قەد تەلان و قەدپاڵە بەردەڵانەکاندا، سپی دەچووەوە. کـاتێک بە تەواوی گـەیشـتنە زاری گـەلییـەکـە و وردە وردە هـەوراز دەسـتی پێ کرد. دەنگی سمی وڵاخەکان، لە بەرکەوتنیان بە تاشە بەردەکان، دەنگی دەدایەوە. یەکێ لە کاروانچییەکان، بە نەفـەرەکانی ڕاگەیاند کـە پاش کـەمێکی تر، دەگـەنە نێو دۆڵێک، لە بەرزایی سـەر دۆڵەکە ڕەبیـەی سـەربازیی لێیە، بۆیە دەبێ، بە دەنگی بەرز قسـە نەکەن و تەنانەت نابـێ بشکۆخن. چونکە ئەگـەر لە ڕەبیـەکە گوێ بیسـتیـان بوون، لەوانەیە



تەقەیان لێ بکەن.

لەگەڵ ئەو قسـانەی کاروانچییەکە، چراخان نـەختێک هـەستی بە خـەتەر و مـەترسی کرد، بەڵام ئەو پێشـتریش، ئەو قسـانەی بۆ کرابوو و دەیزانی ڕێگەی قـاچاخـچییـان، ئەو جۆرە مـەترسییـانەی تێدایە، بۆیە هیچ خـۆی شێلوو نەکرد.. دنیا، کشـومات بوو. جگە لە ترپەی ناڵی هێسـترەکان، شتێکی دیکەت گوێ لێ نەدەبوو. جاروبار بەردێک، لە ژێر سـمی هێسـترەکان دەردەچوو، بۆ ناو تەڕاش و دەوەنەکانی خـوارەوە، خلۆر دەبۆوە. چراخـان، وردە وردە لەگـەڵ جـوولـە و بەرزبوونـەوە و نزمـبـوونـەوەی هێسـترەکان، ڕاهـات و لەگـەڵ ڕیتمی جـووڵانەوەکـان و تەکـاندانی هێسـترەکە، خـۆی بەرز و نزم دەکردەوە. کە بە تەواوی چوونە قـووڵایی و دڵی شـاخەکان، وا دەهـاتە بەر چاوی کـە ئەم شـاخـە، چەنـد سـەخت و هـەزار بـە هـەزارییـە. هـەندێ جـار پێی وابوو، ڕێگەکـە تەواو دەبێ، چونکە شـاخـەکـەی بەردەمیـان، وەک دیوارێکی زەبەلـلاح خـۆی دەنواند کەچی، هـەر وەسـەر دەکەوتن و دەچوونە پێش، ڕێگەکەش دەکرایەوە.

بەو شـەوەی پاییـز کە نـاوەڕاسـتی مـانگی تشـرینی یەکـەم بوو، ئاسـمـان، ئەوەندە سـاف و بێگەرد بوو کـە چـراخـان جـاروبار سـەری بەرز دەکـردەوە، یـەک بە زاری گەلیـیـەکە، ئەسـتـێرەی دەبینی، تێکڕا دەدرەوشـێنەوە. بەڵام دەبوو زەینـی لەبەر پێی هێسـتـرەکـەش بێت، تاکـو لەگـەڵ سـەرەو لێـژبوون و هـەڵبـەز و دابـەزی ڕێگەکـەدا، جـەسـتـەی خـۆی بۆ ئامادە بکـات. چونکە لە بەسـەرکەوتنندا، دەبێ جـەسـتـەی خـۆت بۆ پێشـەوە لار بکەیتەوە و لە دابـەزینیشـدا، دەبێ خـۆت نەختێک بە پشتدا بشکێنییەوە، ئەگـەرنا لە هـەر شـوێنێک بکەویتـە خـوارەوە، زۆر خـەتەرە و تـووشـی هـەلاکـەت دەبیت. چونکە لە ڕۆیشتنی ناو شـاخدا، بەردەوام لایەکت هـەڵدێرەو لایەکەی دیکەش هـەوراز.

وردە وردە کـاروان گـەیشـتـە سـەر ملەکە و ئەو جارە ڕێچکەکە، بۆ گـەلییـەکی ڕەشـی دوور و درێژی هـەزار بە هـەزاری دیکـە، سـەر نـشـێـو دەبووەوە. نـەخـتـێک ڕۆیشـتن، وەختێک کـاروانچییەکان هێسـترەکانیان ڕاگرت. چراخان دیتی، پیـاوەکان هـەموویان لە سـەر پشـتی هێسـترەکان دابـەزینـە، تەنیـا ئەم دانـەبەزیوە و (دەرباز)یش بـەرەو لای ئەم دێت. کە گـەیشتە لای، چراخان، بە چرپە بە دەربازی وت: "کاک دەرباز، پیاوەکان بۆ دابـەزین"

دەرباز: "ڕێگاکە نەختێک سەر نشێوەو تا ئەو خوارە، ئەوەندە ناخۆش نییە، ئەوەش بوارێکی چاکە، بۆ ئەوەی هێسترەکان کەمێک ئیستراحەت بکەن".

چراخان وتی: "مادام وایە منیش دادەبەزم، وەک ئەوان بە پێ دەڕۆم، با نەختێک هێسترەکەی منیش پشتی ئیستراحەت بکات". یەکسەر دابەزییە خوارێ و کاروانیش بەرەو ناو گەلی کەوتە جوولە.

دەرباز، لە دڵی خۆیدا وتی: " ئەو کچە، زۆر بە شعوور و مەردانەیە، بەڕاستی ئەوە یەکەم جارە، ژنێک ببینم لەو شوێنە، ئەو ئامادەییەی تێدابێ، بە پای خۆی لەگەڵ پیاواندا ڕێ بکات".

ماوەی نیو سەعاتێک ڕۆیشتن، کاروانەکە دووبارە وەستایەوە. چراخان بینی وا پیاوەکان سوار دەبنەوە، ئەویش بێ سێ و دوو، بۆ لای هێسترەکەی خۆی چوو و سەیرێکی دەربازی کرد، وەک بڵێت: یارمەتیم بدە با سوار بم. دەرباز تێگەیی و بۆ لای چوو ئەمیش قاچی چەپەی بە لای پشتەوەدا بەرز کردەوە و دەرباز نەختێ یارمەتی دا و بە تەکانێک خۆی هەڵدایەوە سەر پشتی هێسترەکە. دیسان کەوتنەوە ڕێ، پاش کەمێک ڕۆیشتن، گوێی لە هاشە هاشی ڕووبارێک بوو. ماوەیەک ڕێگەکە، بە دەم ڕووبارەکە بەرز و نزم دەبۆوە. هەندێ جار، چەند مەترێک لە ڕووبارەکە دوور دەکەوتەوە و هەندێ جاریش دەهاتەوە سەر لێوارەکەی. ئەوەندەی نەبرد، چراخان دیتی، ئەوانەی پێشەوە، لەسەر پردێکی تەسک دەپەڕنەوە ئەوبەری، هەر جارەی یەک هێستر دەچێتە سەر پردەکە و دەگاتە ئەو بەری ئەوجا یەکێکی دیکە بەڕێ دەکەوێ. چونکە پردەکە تەسک و ڕزی ببوو، لەوە دەچوو، لە باریدا نەبێ دوو هێستر یان زیاتر بەیەکەوە لەسەری بپەڕنەوە. کە نۆرەی هێسترەکەی چراخان هات، نەختێک خۆی توند کرد تا لەگەڵ جوولە و تەکانی هێسترەکە نەکەوێتە خوارەوە. دەرباز دەیزانی ئەو کچە، هیچ پێویستیی بە ئامۆژگاری کردن نییە، چونکە ئەو خۆی هەموو شتێکی دەزانی. کە هەموویان پەڕینەوە ئەوبەری، پاش دوو سێ دەقیقە ڕۆیشتن، ڕێگەکە سەر هەوراز بۆوە.

چراخان، هەستی کرد زۆر هەواکەی ساردە. باش بوو، جانتاکەی لای خۆی بوو. جانتاکەی کردەوە، دەستی خستە ناوی تا مرادخانییەکە دەربێنێ، وەلێ هەستی



کرد، دەستی بە بلووزێکی ئەستوور دەکەوێ. کە ڕایکێشا دەرێ، بینی بلووزێکی ئەستووری پیاوانەیە. لە دڵی خۆیدا وتی: باشتریش هەبێ و نەبێ ئەمەش کاک فریاد بۆمی داناوە. بلووزەکەی کردە بەری و جانتاکەی داخستەوە و لە شوێنی خۆی قایمی کردەوە.

چراخان، لە چۆنیەتی ڕێکردن و سروشتی ناو دۆڵ و شاخەکان ڕاهات. چی تر ئەوەندە دیمەنی کەژ و شاخەکان، سەرنجیان ڕانەدەکێشا. لەلایەک، جگە لە چەند مەترێک لە دووری خۆیان، هیچی تری نەدەبینی و لە دوورەوەش، زنجیرەی شاخەکان، وەک دیواری زۆر بەرز و بتەو، خۆیان نیشان دەدا و ڕەش دەچوونەوە.

لەلایەکی دی، تەوژمێکی گەورەی خەم و خەیاڵ، مێشکیان داگیرکردەوە: ئەم، بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵگرتووە. خۆشی نازانێ ئەو مەملەکەتەی ڕووی تێ دەکا کوێیە! سروشتی خەڵکەکەی، دەبێ چۆن بێ و چۆن سەیری غەریبەیەکی وەک ئەم دەکەن. ئەو خێزانەی ئەم دەگرێتە خۆی، دەبێ کێ بن و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. دەبێ تووشی کەسانێک نەبێ، وەک باوک و خانەوادەکەی خۆی، دیسان بیچەوسێننەوە. دەبێ لە ژیانی ئەمدا، ڕۆژێک هەبێ پڕ بە دڵ پێبکەنێ.. ئەو پرسیارانە و دەیانی دیکەش بە مێشکیدا دەهاتن و کاروانیش، هەر لە ڕۆیشتندا بوو.

ئەم جارە بیر و هۆشی کەوتەوە سەر ماڵە باوان و گوندەکەیان.. لەمڕۆوە، ئەم لە نەزەری ئەواندا مردووە. دەبێ دەستە خوشکەکانی چۆنی بۆ بگریێن و چی بە دوادا بڵێن. نەجیبەی خوشکە گەورەکەی، کاتێک بەم کارەساتەی ئەم دەزانی، دەبێ چەندی خەفەت بۆ بخوا.. باوەڕن چەندی پێ خۆش دەبێ و چۆن دەستخۆشی لە زەینەدینی مێردی دەکات. ئاخۆ دەبێ لەمەودوا نەدیمی گلاو، بە دڵنیایی ژیان بگوزەرێنێ؟

چراخان، لەگەڵ ڕەتبوونی ئەو پرسیارانە بە مێشکیدا، هەستی کرد هزری تاساوە و چۆتە دنیایەکی دیکە. لە هیکرا هاتەوە سەرخۆ، کاتێک هێسترەکەی تەکانێکی بە هێزی دایە خۆی، تا لە هەورازە ڕکەکە سەرکەوێ. توند خۆی گرتبوو و لەگەڵ جوولەی هێسترەکە، ڕانەکانی، لە تەنگەی هێسترەکە دەگوشی. لەو کاتەدا دەرباز لێی نزیک بۆوە بە چرپە پێی وت: "چراخان تێنووت نییە"

چراخان: "بەڵێ تینوومە، لە مێژە تێنوومە، بەڵام پێم باش نەبوو داوای ئاو بکەم".

دەرباز: " ئێستا دەگەینە سەر ئەو ملەکە، لەوێ دابەزە و ئاویش بخۆوە".

چراخان: " زۆر چاکە".

کە گەیشتنە سەر ملەکە بە ڕووی ئەودیو، لە پانتایەکی بچووکدا، هێسترەکانیان ڕاگرت و پیاوەکان دیسان دابەزین. چراخانیش دابەزی و بۆ لای دەرباز چوو. دەرباز پێی وت: "ها چراخان، ئەو دەبیەیە ئاوی خواردنەوەیە بیخۆوە". چراخانیش لێی وەرگرت و تێری خواردەوە. پاشان سەری هەڵبڕی دیتی، لە دوورەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ ڕووناکی دیارە. لە دەربازی پرسی: "ئەرێ کاک دەرباز ئەو ڕووناکییانە چین، لە دوورەوە دیارن"

دەرباز: "ئەوانە گوندی ئێرانن، ئێمە بەرەو ئەوێ دەڕۆین، بەڵام لە نزیک گوندەکانی بناری ئەو شاخەدا، مەرکەزی پاسدار هەنە، دەبێ لەوێش ئاگامان لە خۆمان بێت. نابێ وا بکەین، هەست بە چوونە ناو ئاواییمان بکەن، ئەگینا بەدوامان‌دا دێن و تووشی کێشە دەبین".

چراخان: "چەندمان ماوە بگەینە ئەو گوندەی کە بۆی دەچین"

دەرباز: "پەنا بە خوا پاش سەعاتێکی دیکە دەگەینە ئەوێ".

دیسان سەرەولێژ کەوتنەوە ڕێ، هەموویان لە سەر پشتی هێسترەکان دابەزیبوون و بە پێیان دەڕۆیشتن. ماوەی بیست دەقیقەیەک، بەرەو خوار کێل بوونەوە. ڕێگاکە خەریک بوو لێژایی کەم دەبۆوە.. هەموویان سواری پشتی هێسترەکان بوونەوە. پاش ماوەیەکی کەم، یەک دوو هەورازی تریان بڕی کە زۆر بەرز نەبوون، لە یەکەم گوند نزیک بوونەوە.. چراخان گوێبیستی سەگوەڕی ماڵە مەڕدارەکان بوو. کاروانەکەیان، لە باریکە ڕێیەک لایاندا و نەچوونە ناو ئاواییەکە. کە بەسەر گوندەکەدا سووڕان لەلای خوارەوەیدا وەستان، چراخان بینی، دوان لە کاروانچییەکان، بە چوار هێستری بارکراوەوە، ڕوویان لە گوندی کردەوە و ڕۆیشتن، دەربازیش بۆ لای ئەم هات و وتی: "چراخان دەبێ من و تۆ بچینە ئەو گوندێهێ، لەوێ تەسلیمی ماڵە دۆستێکی خۆمت دەکەم، پاشان ئەوان بۆ بەیانی، دەتبەنە لای خزمەکانی خۆیان کە لێرە نەختێک دوورە".



چراخان وتی: "زۆر چاکە کاک دەرباز".

دەرباز جڵەوی هێسترەکەی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا و بە باریکە ڕێیەکدا، ڕووی لەو گوندەکە کرد کە پێشتر پیشانی چراخانی دابوو. هەندێک ڕۆیشتن و کەمێک لە هەرێمی ترس دوور کەوتبوونەوە، دەرباز بە دەنگێکی نزم وتی: "چراخان".

چراخان وتی: " بەڵێ، کاک دەرباز".

دەرباز: " گوێ لە کاکی خۆت بگرە، تۆ تازە بوویتە خەڵکی ئێرە. ئەوانە خزمایەتییان لەگەڵ ئێمە هەیە. مرۆڤی زۆر سادە و بەڕەحمن و هیچ شەرم مەکە. منیش زوو زوو سۆراخت دەکەم، بەڵام دەزانم کە نابێ خەبەری تۆ بگاتەوە کەسوکارت، جگە لە محەمەد! و براکەت".

چراخان: " زۆر مەمنوونتم کاک دەرباز. بەڕاستی دیارە، پاش ئەو نەهامەتییەش بەخت هەر یاوەرمە. من لەگەڵ ئەوەی تووشی کێشەیەکی گەورە بوومە، ڕێم بە هەر کەسێک کەوت پیاو چاک و نموونەیی دەرچوون، دیارە خوا منی خۆش دەوێ".

ماوەیەک ڕۆیشتن و گەیشتنە کەناری دێیەکە. سەعات نزیک چواری بەیانی کرد بوو، بەڵام هێشتا بەیانی نەدابوو. دەرباز جڵەوی هێسترەکەی بە دەستەوە بوو و بە کۆڵانەیەکدا ڕۆیشت. دوو ماڵی بە جێهێشت، لە سێیەمین ماڵ، لە دەرگای حەسارێکی دا. دیار بوو شارەزابوو، هەر خۆی دەرگاکەی کردەوە و چوونە ناو حەوشەکە. چراخان، لەسەر پشتی هێسترەکەی دابەزی و دەربازیش، لە دەرگای ژووری ماڵەوەی دا. پاش کەمێک دیار بوو، ژنێک دەرگاکەی کردەوە و دەربازی ناسی و پێی وت: "ئای بە خێر بێن کاک دەرباز". یەکسەر چوو دەرگای ژوورێکی دیکەی کردەوە و فەرمووی لە هەردووکیان کرد، ئەوانیش چوونە ژوورەکە و هەر یەک لە لایەک دانیشتن. ژنەکە چاک و چۆنی لەگەڵ چراخان کرد و وتی: "ئینشەڵڵا ئەوەش خزمانی ئەو دیوە".

دەرباز: " بەڵێ فاتیمە خان، هەر خزمی خۆمانە، ئەدی کاک سمایل لە کوێیە".

فاتیمەخان: " وا ئەویش بەخەبەر هاتووە، ئێستاکە دێتە لاتان".

دەرباز لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: "دە باشە، من لەگەڵ کاک سمایل چەند قسەیەکم هەیە هەر لە دەرەوە دەیکەین، چونکێ من بە پەلەم و دەبێ بگەڕێمەوە لای

هاوڕێکانم". لەگەڵ ئەو قسانە، دەرباز چووە دەرێ، دیاربوو یەکسەر کەوتە چاک و چۆنی و ئەحواڵ پرسین لەگەڵ کاک سمایل. پاش دە دەقیقەیەک دەرباز و سمایل هەر دووکیان هاتنەوە ژوورێ چراخانیش لەبەریان هەڵسا و مام سمایل بەخێرهاتنێکی گەرمی لێی کرد و بە فاتیمەی وت: " ئەوە وەک (مینا)ی کچمان وایە، بیبە ژوورەکەی ئەولا دیارە زۆر هیلاکە با بخەوێ و بحەسێتەوە".

چراخان وتی: "کاک دەرباز، وەرە شتێک هەیە با پێت بڵێم. من هەندێک پارەی عیراقیم لایە، دەکرێ بیگۆڕین".

دەرباز: "ئۆی ڕاست دەکەی، کا بێنە بزانم چەندە. تا بیگۆڕم".

پارەکەی وەرگرت و ژماردی هەموو سێ سەد و پەنجا دینار بوو، وتی: " دەکاتە (٧٠٠٠) تومەنی ئێرانی". پارەکەی دایێ و خواحافیزیی لە چراخان و ماڵی کاک سمایل کرد و بەرەو لای هاوڕێیە قاچاخچییەکانی گەڕایەوە.

چراخانیش دەستی دایە جانتاکەیی و لەگەڵ (فاتیمە)ی خێزانی کاک سمایل بەرەو ژوورێکی دیکە چوون. فاتیمە لە پێشدا چووە ژوورێ و فەرمووی لە چراخان کرد و وتی: "خوشکی بەڕێز، جارێ تۆ هیلاک و ماندووی و دەزانم حەوسەڵەی هیچت نییە. بۆ خۆت، تا ڕۆژ دەبێتەوە، بخەوی باشە".

چراخان وتی: "ڕاستەکەی زۆر ماندوو و هیلاکم، چۆنی دەڵێی باوابێ".

فاتیمە، جێگەی بۆ ڕاخست و بە تەنها لە ژوورەوەی بەجێهێشت. چراخانیش کە فاتیمە چووە دەرەوە، دەرگاکەی لە دوای ئەو داخست و سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد، بینی جگە لە هەندێ نوێنی نووستن کە بە ڕێکوپێکی لەلایەکی ژوورەکە دەق کرابوون، لەگەڵ چەند شتومەکێکی ژنانە کە بە دیوارەوە، لە شوێنێکی تایبەت هەڵواسرابوون لە تەک ئاوێنە گەورەکەی سەر دیوار، هیچی دیکەی لێ نەبوو. یەکسەر چووە بەر ئاوێنەکە سەیرێکی خۆی کرد، بۆی دەرکەوت کە ئاسەواری خەم و خەفەتی ئەم سێ چوار ڕۆژە و هیلاکیی ڕێگەی ئەم سەفەرە بە ئاشکرا بە ڕوخساریەوە دیارە. پاشان جانتاکەی کردەوە و پارەکەی خستە ناوی و لە سەر جێگەکەی ڕاکشا. بەر لەوەی خەو بیباتەوە، بیری لەو کەسانە کردەوە کە ئەو لەو سەفەرە ڕێی پێیان کەوتووە، لە ماڵی کاک (عەزیز) و دەربازی قاچاخچی و ئەو



ماڵەی ئێستا وا ئەویان گرتۆتە خۆ. لە دیدی ئەمدا، ئەو کەسانە هەموویان مرۆڤی نیمچە نموونەیی دیاربوون. لە بیری خۆیدا پرسی: دەبێ کاک فریاد، لەلای ئەو کاک (عەزیز)ەی خزمی چۆن باسی گرفتەکەی منی کردبێ. ئایا کاک عەزیز و دەرباز و ئەو کاک سمایلەش بە ڕووداوەکەی من دەزانن. چراخان، بە ئەو هزر و خەیاڵانە لە سەر جێگەکەی کەوتە قووڵایی خەوێکی شیرین.

٩

فریاد، ئەو کاتەی کە بە تەواوی چووبووە بنج و بنەوانی ڕووداوەکەی چراخان و گوێی لە قسەکانی ببوو، گەیشتبووە بڕوایەکی تەواو کە ئەو کچە بوختانی بۆ هەڵبەستراوە و کچێکی تا بڵێی عاقڵ و وریایە. کێشەکەی لەوەدایە کە باوکی کابرایەکی نەزانە و دنیادیدە نییە و هیچ لە مانای ژیان تێناگا. ئەو کچە، گەر لە خێزانێکی شارستاندا گەورە بووایە، دوا ڕۆژێکی زۆر پرشنگداری دەبوو، بەڵام لە بەرامبەر دەسەڵاتی باوکێکی ساویلکە و زڕدایکێکی بێ ویژدان، چارەنووسی بەو ڕۆژە گەیشتووە. ئەو وەختەی کە چراخان لە قسەکانی ببۆوە، فریاد لە شوێنی خۆی تووشی حەپەسان ببوو. لە دڵی خۆیدا وتبووی: " توخوا حەیف نییە کچێکی وا جوان و عاقڵ، بەو تومەتە شاربەدەر بکرێت کە لە ئەسڵدا لە گوڵ پاکترە!". هەر بۆیە ئەو وەختە بڕیاری دابوو کە کاتێک دەچێتە لای (عەزیز)ی خزمیان لە گوندی، کێشەی چراخان بەو شێوەیە باس نەکات کە ڕووی داوە، بەڵکو وتبووی کە ئەو کچە لە نێوان شەڕی دوو بەرە بابدا، لە سەر مەسەلەی ئەرز و بەراو، لە سوڵح دراوە. ئەویش نارازی بووە و سەری خۆی هەڵگرتووە، چونکە ئەو کەسەی کە ئەویشیان لە سوڵحەکە داوەتێ، کابرایەکی بە ساڵاچووە و لە تەمەنی باوکی ئەوە، سەرەڕای ئەوەش، ماڵ و منداڵێکی هەراشی هەیە.

لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا پاش ئەوەی چەند کیلۆمەترێک لە کۆنە گوندەکەی فریاد دوور کەوتنەوە، ئەو ڕاستییەی بە شاسوار گوت کە ئەم بەو شێوەیە، جەماعەتی لە کێشەی چراخان گەیاندووە.

شاسواریش کە بە هەڵوێستە ژیرانەکەی فریاد سەرسام و خۆشحاڵ بوو وتی:

"بەڕاستی پیاوێکی پڕ لە حیکمەتی، ئاخر لەو وەختە چۆن ئەو فکرەت بۆ هات"

فریاد: " بڵێم چی. دڵم نەهات چراخانی بێگوناه، بەو توومەتەوە بەڕێ بکەین کە لێی بێ بەرییە. ئەرێ شاسوار! تۆ هیچ حسێبێکت بۆ ئەو نەدیمە بەدکارە کردووە کە ئەو بوختانەی بە چراخانی خوشکت کرد و خێزانەکەی ئێوەی ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوە شوومە کردووە.. ئاخر با پێت بڵێم: ئەو نەدیمە، دوو تاوانی گەورەی بە جارێک ئەنجام داوە. یەکێکیان ئەوەیە کە لە پەنای دۆستایەتی باوکت، ویستوویەتی ئابڕووتان بەرێت. دووەمیان، پاش ئەو هەڵوێستە مەردانەیەی چراخان، هەر لە پەنای دۆستایەتیی، باوکتی ئیقناع کرد و بڕیاری کوشتنی چراخانی پێ دەرکرد. من لە ژیانمدا قەت بیرم لە تۆڵەسەندنەوە نەکردۆتەوە، هەرگیز نەمویستووە خۆم لە کێشەی خێڵ و عەشیرەت بئاڵێنم. بەڵام ئێستا بەڕاستی بڕوام وایە کە نەدیم، نابێت ئەو تاوانانەی لەسەر تێپەڕێ. من، خاوەنی کێشەکە نیم و دەزانم تۆش ماوەی چەند ساڵێکە، لە شار دەژی و لەگەڵ داب و نەریتە کۆن و بەسەرچووەکان هەڵناکەی. دەزانم تۆ ئێستا وەک من بیر دەکەیتەوە و لە ڕووی ڕاستەقینەی ژیان دەگەیت، بەڵام ئەوەتانێ، پڕووشکی کارە دزێوەکانی کابرایەکی وەک ئەو دەروێشە جەهەنەمییە، ئێمەش دەگرێتەوە. تۆ سەیرکە! هەر چەند بتەوێ خۆت بپارێزی، بۆت ناکرێ. باشە، تۆ لە جیاتی ئەوەی خوشکێکی پاکیزەت بە قسەی تاوانکارێک بکوژیت، چاکتر نییە لە جیاتی ئەو تاوانکارەکە خۆی بکوژرێ.. با پێت بڵێم، من قەت بیرم لە خەڵک کوشتن نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر ویستت تۆڵەی چراخان، لە نەدیم، بکەیتەوە، من ئەو پەڕی هاوکاریت دەکەم".

شاسوار وتی: " کاکە فریاد، ئەو غەدرەی کە نەدیم، لە پەنای دۆستایەتی و کەللە پووچی باوکم، لە خێزانی ئێمەی کردووە، قەت بە کەس قبووڵ ناکرێ. بڕوا بکە هەموو ئەو هەڵانەی کە باوکم لە ژیاندا تێی کەوتووە، بە تەگبیری ئەم نەدیمە بووە. زۆر کەس لە خەڵکی گوندەکەمان دەستیان، بە ئاگری ئەو کابرایە سووتاوە، پاشان لێی دوور کەوتوونەتەوە، بەڵام بۆ نەگبەتی ئێمە، باوکم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لێی دەچووە پێش. کاک فریاد، قسەکانی تۆ هەموو وەک نەخشی سەر بەرد وایە. با پێت بڵێم، من ئەگەر خۆم بە مرۆڤ بزانم، دەبێ نەدیمی بە هەقی خۆی بگەیەنم. ئێستاش، زۆر



مەمنوونی تۆم کە فریادڕەسی ئێمەی و تا دەچینە ژێر گڵ، چاکە و پیاوەتی تۆ لە بیر ناکەم. دەبێ نەوەکانیشم، لە دوارۆژدا، ئەو مەردایەتییەی تۆ پێ بزانن. بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی تۆ، هیچ ترسێکی لەلا نەهێشتم و بە تەواوی بڕوام هات کە دەتوانین، نەدیمی بە سزای خۆی بگەینین".

فریاد وتی: " کاکە شاسوار، با ئەوە نهێنیی بەینی من و تۆ بێت لە تەک نهێنیی چراخان. من پێم باشە، ئەو مەسەلەیە نەختێک کۆن بێ و لە بیر خەڵک بچێتەوە، ئەوسا پێکەوە تەگبیرێکی لێ دەکەین. تۆش، هیچ بەسەرە خۆت مەهێنە و ئاسایی، لە بەر چاوی باوک و خەڵکی ئاوایی ڕەفتار بکە".

شاسوار: " من، هیچ هەنگاوێک بەبێ تەگبیر و ڕاوێژی تۆ ناوێم. دڵنیابە کە وەختی خۆی هات، پێکەوە بڕیاری لێ دەدەین".

١٠

شاسوار، ئەو دەمەی کە لەگەڵ فریاد، بەرەو شار گەڕانەوە هێشتا نیوەڕۆ نەببوو. دەبووایە ئەو یەکسەر، بە پەرۆکی بە خوێنەوە، بۆ بەغدا بگەڕابایەوە، بۆیە لە گەڕانەوەدا سەیارەکەی نەختێک خێرا لێدەخوڕی.

لە ڕێگا لەگەڵ فریاد، هەندێ جار بێ دەنگ دەبوون، لەوە دەچوو بیر لە ئاکامی کارەکەیان بکەنەوە. شاسوار، سەرەڕای ئەوەی لەم کار و تەگبیرەیان پەشیمان نەبوو، بەڵام دابڕانی چراخان بەو شێوەیە، تاساندبووی، هەرچەندە لەوە زیاتر شتێکی دیکەی لە دەست نەدەهات. ئەم کەوتبووە نێوان دوو هەڵوێستی توندی لێکدژ، لەلایەک ئیلتیزام کردنی ئەم بۆ پاراستن و جێبەجێ کردنی عورفی خێڵەکییانەی باوباپیرانی کە وای لێ دەخوازێ، لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە مەسەلەی شەرەف و ئابڕووەوە هەیە، هەڵوێستێکی توند وەربگرێت. بێگومان ئەوەش پشتاوپشت وا هاتووە کە دەبێ کەسی تاوانبار، (بە نەزەری خێڵ و عەشیرەت)، بە توندترین شێوە تۆڵەی، کۆتایی پێهێنانی ژیانی، لێ بکرێتەوە کە لە ڕووداوەکەی ئەوجارەدا، تاوانکار، (چراخان)ی خوشکی ئەمە. لە لایەکی دیکە، ئیلتیزام کردنی ئەم، بە حەق و عەدالەتی ڕاستەقینەیە کە ئەوەش وای لێ دەخوازێ کە چی تر

کوێرانە، بە دوای کولتووری تۆڵە و شەرەفپارێزی نەکەوێ. چونکە بیر و بۆچوونەکانی ئەم، تەواو گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو و هەرگیز خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچی، پێ کارێکی تاوان نەبوو. ئەم، بڕوای وا بوو هەر کێشەیەک کە ڕوودەدات، پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و لە ڕەگوڕیشەی ڕووداوەکە بکۆڵرێتەوە و تاوانکاری ڕاستەقینە دەستنیشان بکرێ. هەروەها دەیزانی کە بیرو بۆچوونەکانی ئەم، لەسەر ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانە، لە عورف و یاسای خێڵ و عەشیرەتەکەیان، نەک هەر جێگەیان نابێتەوە، بەڵکو ناوێرێ لەلای کەسێک لە پیاوانی عەشیرەت، باسیشی بکات. ئەم دەیزانی لەم ڕووداوەی (چراخان)دا، دەبووایە، هەڵوێستێکی هەقخواز و ئاشکرای هەبووایە و بە هەموو توانای خۆی بەرگری لە چراخانی خوشکی بکردایە. دەبوو بەگژ دەسەڵاتی باوک و باپیرانیدا بچووبایە و نەدیمی بە هەقی خۆی بگەیاندبایە. بەڵام وەرگرتنی ئەم جۆرە هەڵوێستە بۆ واقیعی ئێستای عەشیرەت و خزمەکانی گوندی، شتێکی ئەستەم بوو. تەنها نەرمی نواندن لە فەرمایشتی باوکی، لەوانەیە بیخستبایە بەر ڕقی باوک و خزمانی ئاوایی. بۆیە تاکە ڕێگەچارە، بە بڕوای خۆی کە لە دەستی دەهات، ئەو تەگبیرە بوو کە لەگەڵ فریادی دۆستی ڕاستەقینەی کردبووی. شاسوار، هەر چەندە سەرگەردان بوونی چراخان، لە ناخەوە ئەمی هەژاندبوو، بەڵام قەناعەتی خۆی بەوە دەهێنا کە ئەوەی لەسەری پێویست بووە بەرامبەر خوشکەکەی، ئەنجامی داوە.

فریاد، لە ناو سەیارەکەیاندا کە زەینی دایە شاسوار و زانی لە خەم و خەیاڵ ڕاچووە، بە هێمنی وتی: "کاکە شاسوار، زۆر خەم لەم دنیایە مەخۆ، ئینشەڵڵا باش دەبێت. وا بزانم ئەوەی لەسەر شانت بوو، جێبەجێت کردووە و لێی پەشیمان مەبەوە. تۆ دەبێ بزانی کە بەدیلی ئەو کارەی ئێمە کردوومانە، مەرگی چراخان بوو. ئێستاش کە دەگەڕێیتەوە، لەلای باوکت، نابێ شڵەژاویت پێوە دیار بێت، دەبێ زۆر ئاسایی ڕەفتار بکەیت".

شاسوار وتی: "کاکە فریاد، خەمت نەبێ، من دەزانم لەمەو دوا چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو تاوانبارانە دەکەم. مەرج بێت لەسەرڕا زۆر نەرم و گوێڕایەڵ خۆم نیشان بدەم، لە ژێرەوەش پەنا بەخوا تۆڵەی چراخان و هەموو کردەوە تاوانکارییەکانیان لێ بکەمەوە.





تازە لە پاش ئەو تاوانە گەورەیە، من ناتوانم دەستەوەستان بم و خۆم لە گێلی بدەم. کاک فریاد، ئەو کارەساتە، تێڕوانینی منی بۆ ژیان بە تەواوی گۆڕی. دەبێت تاوانکارانی ڕاستەقینە بە حەقی خۆیان بگەن".

لەگەڵ تەواو بوونی ئەو قسانە، گەیشتنە قەرە بە قەرەی گوندەکەیان. ئەمجارە شاسوار، سەیرێکی ئاواییەکەی خۆیانی کرد و وتی: "کاک فریاد دەزانی ئێستا پاش ئەو ڕووداوە، هیچ خۆشەویستییەکم بۆ ئەو گوندە نەماوە. وا دەزانم هەموو بەشەرەکان و ئاژەڵ و دار و بەردەکانی دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە. تۆ سەیرکە! ڕەفتاری مرۆڤە دەروون ڕەشەکان چۆن سروشتی جوان و دڵڕفێن ناشیرین دەکەن. بڕوا بکە، وا هەست دەکەم لە ڕەگوڕیشەوە لەو گوندە هەڵکەندراوم، بە شێوەیەک هیچ پەیوەست بوونێکی ڕۆحی بەو گوندەوە گرێم نادا. هەر ئەو دار و بەرد و گڵ و ئاوە بوون کە جاران لە بەر زەین و چاومدا، وەک بەهەشت وا بوون. حەزم دەکرد، بست بە بستی خاکی ئەو گوندە ماچ بکەم. خۆ ئێستا سروشتەکە هەر ئەوەکەی جارانە. کەچی ئەوە کردەوەی ناشیرین و قێزەونی بەشەرەکانە کە سروشتیش پیس دەکات و لەبەر چاوت دەخات".

فریاد وتی: "کاک شاسوار، تۆ ڕاست دەکەی، کۆمەڵگەی ئێمە، بریتییە لە جەستەیەکی نەخۆش. میکرۆبی هەموو نەخۆشییە کوشندەکان، لانەیان لەو جەستەیە کردووە. تۆ لە بیرت نەچێ، ئەو وڵاتەی ئێمە لە دەست خاوەنی خۆی نییە. ئێمە میللەتێکی ژێر دەستەین و داگیرکەرەکەمان بە هەموو شێوەیەک دەیەوێ پێش نەکەوین و هوشیاریی کۆمەڵایەتیمان، هەر نزم بێت. چونکە هەتا کۆمەڵگەی کوردەواری دواکەوتوو بێت، ئەو بە ئاسانی دەتوانێ دەستەمۆمان بکات و بەروبوومەکەمان بۆخۆی بدزێ. تۆ ئەگەر سەیری مێژووی خۆمان بکەیت دەبینی ئەوە چەندین سەدەیە، لە جیاتی ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان گۆڕانی بەسەر دابێ و پێش بکەوێ کەچی دەبینین هەمان ئەو داب و نەریتەی، لە سەدەکانی ناوەڕاست بەڕێوە دەچوو، ئێستاش لێرە پەیڕەو دەکرێ. من پێم وایە ئەو جەهل و کوێرەوەرییەی ناو کۆمەڵگای ئێمە، دوژمنانمان بە یارمەتی کۆنەپەرستان و ئەوانەی بەرگری لە کولتووری خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە دەکەن، چاندوویانە و پارێزگاری لێ

دەکەن. لەو جۆرە زەمینەیەش، بیری نەتەوەیی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان هەرگیز دروست نابن".

شاسوار وتی: "ئەرێ کاک فریاد بەڕاست، تۆ قەت قسەت لەگەڵ کاک (ئازاد)ی دراوسێم کردووە. مەبەستم ئەوەیە، جارێک لە جاران، قەت گفتوگۆتان لە بارەی ئەو دنیایە کردووە".

فریاد: " ئا بەڵێ، بۆ "

شاسوار: " دەزانی من، زۆربەی ئێواران لەگەڵ ئەو دادەنیشم و باس و وەزعی سیاسی کورد و ناوچەکە دەکەین. بەڕاستی بۆچوون و ڕایەکانتان زۆر لێکدی نزیکە. کاک (ئازاد)یش کوڕێکی ڕۆشنبیر و عاقڵە. من زۆر حەزم لە قسەکانی ئەوە. لەوەتەی دراوسێی ئەوم، دنیا بە جۆرێکی دیکە دەبینم".

فریاد: " کاک شاسوار، من هەستم دەکرد کە تۆ گۆڕانێکی باشت بەسەر هاتووە، خۆ جاران نەتدەتوانی، ئەوها کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان شی بکەیتەوە و لێیان تێبگەی، بەڵام ئێستا تۆ کەسێکی دیکەی، من بەوە خۆشحاڵم. با پێت بڵێم، ئەگەر دراوسێی ئەو کاک (ئازاد)ە نەبووای، ئێستا بەرامبەر بە چراخان ئەو هەڵوێستەت نەدەبوو. برادەری ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو، ئەوە کاریگەرییەکەیەتی".

کاتێ پێش عەسرەکەی گەیشتنەوە شار و چوونەوە ماڵی فریاد. چونکە نەدەکرا شاسوار بچێتەوە ماڵی خۆیان و بۆ گەڕانەوە بەغداش وەختەکەی درەنگ بوو، دەبوو بەیانییەکەی زوو بکەوێتەوە ڕێ و بگاتەوە لای باوکی و نەدیم. ئەم شەوە لەگەڵ فریاد زۆریان قسە لە سەر ئەو جۆرە کێشانە کرد.

بۆ بەیان سبەینە زوو لە دوای نانخواردن، ماڵئاوایی کرد و بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ.

## ١١

شاسوار کە گەیشتە بەغدا، وەختی نیوەڕۆ بوو. زۆر هیلاک و ماندوو بوو. هەتا گەیشتە ئوتێلەکەیان، کات بەرەو سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ دەچوو. کە لە دەرگای ئوتێلەکە چووە ژوورەوە و یەکسەر بۆ قاتی سەرەوە سەرکەوت و ڕووی کردە ئەو ژوورەی کە باوکی و نەدیمی لێ بوو، پەڕۆکە بە خوێنەکەشی لە گیرفانی خۆی



هەڵگرتبوو. کە چووە ژوورەوە، سەلامی لێیان کرد و ئەوانیش بە دەنگێکی نزم لێیان وەرگرتەوە. پاش کەمێک بێ دەنگی، باوکی هاتە قسە و وتی: " ها کوڕم چیت کرد"

شاسوار پەڕۆکەکەی دەرهێنا و دایە دەستی وتی: "ها ئەوەی کە لە منت داوا کرد، چۆنت فەرموو کارەکەم ئاوا جێبەجێ کرد".

زەینەدین: "دە باشە، زۆر ماندوو دیاری ئیستراحەت بکە، تازە ئەوڕۆ درەنگە بۆ گەڕانەوە. بەیانی، لەگەڵ خۆرهەڵاتن، بەڕێ دەکەوین".

نەدیمیش، لەلایەک خۆی کز و مەلوول نیشان دەدا، وای دەنواند کە ئەویش شەریکی خەمیانە و خوا ئەو قەدەرەی بەسەر هێناون. لە ژێرەوەش، ئۆخەی ئۆخەی بوو کە لەو کەسە ڕزگاری دەبێ کە دەبوو تا لە ژیاندایە لە بەرامبەریدا چاو شۆڕ و شەرمەزار بووایە. ئەوەندە بۆگەن و بێ ویژدان بوو، قەت بۆ ساتێکیش، خۆی محاسەبە نەدەکرد کە ئەو غەدرێکی گەورەی لەو کچە داوێن پاکە کردووە. ئەو جۆرە کەسە دووڕووانە، ئەوەندە گەمژە و جاهیلن، نازانن ڕێز لە خوا و پێغەمبەرەکەشیان بگرن. ڕەفتاری ئەو جۆرە کەسانە، لە دژی هەموو یاسا ئاینیی و سروشتییەکانە. ئەوانە تەنیا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە نەخۆش و تێرکردنی غەریزە جەستەیییەکانی خۆیان، بەرگی ئاین و دینداری دەپۆشن. ئەوانە دەقاودەق، گورگن لە پێستی مەڕدا.

شاسوار، لەسەر جێگەکەی پاڵ کەوت و چاوەکانی خستە سەر یەک، لە مێشکی خۆیدا هەموو ئەو کارانەی دەور کردەوە و هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد کە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی ڕابردوو خەریکیان بوو. بیری بۆ چارەنووسی (چراخان) دەچوو، لە خۆی دەپرسی: ئایا دەبێ ئێستا (چراخان) لە چ ماڵێک بێ و چۆن بیر لەمان بکاتەوە. دەبێ ئەو گوڵە بە ڕەوشت و پڕ لە غیرەتە، لە شوێنێکی وابێ کە بۆ ژیانی ئەو گونجاو بێت. لەگەڵ ئەو خەیاڵاتە، قسەکەی چراخانی بە بیر هاتەوە کە وتبووی: ئەگەر چوویتەوە لای نەدیم سەیرێکی نێوچەوانی بکە، ئاسەواری لێدانەکە دەبینی. شاسوار لێی بووە مەراق کە بە دزی سەیرێکی نێوچەوانی دەروێش بکات. دەستێکی خستە نێوچەوانی خۆی، لە کەلێنی پەنجەکانی سەیرێکی نەدیمی کرد بینی ئاسەواری لێدانەکە، بە ئاشکرا بە نێوچەوانییەوە دیارە. لە دڵی خۆیدا شانازیی بە خوشکەکەی خۆیەوە کرد و تێگەیشت کە ئەگەر ئەم غیرەت و جەسارەتی وەک چراخان بووایە،

دەیتوانی لەو ڕووداوە پارێزگاریی لێ بکات! ئێستاکە گەورەیی و کەسێتی بەرزی ئەوی بۆ ڕوون بووەوە.

زەینەدین و نەدیم، زۆر کەم قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. هەر دووکیان بێ زەوق و بێ خولق دیار بوون. لەوە دەچوو ئەو دوو ڕۆژە مەجلیسی جارانیان نەمابێ.

زەینەدین، پیاوێکی نەخوێندەوار و بێ حیکمەت بوو و لە کاروباری دنیا زۆر دوور و قووڵ نەبوو. بە بێ ئەوەی لێهاتوویی هەبێت، خۆی بە پیاو ماقووڵ حسێب دەکرد. هەر کەسێک سەری بۆ لەقاندبایە، بایەخی پێی دەدا. هەر بە هۆی ئەم خەسڵەتانەوە بوو کە نەدیمی تەڵەکەباز چی بویستبایە پێی دەکرد، بگرە هەموو کردەوە چەوت و هەڵەکانی زەینەدین سەبارەت بە خێزانەکەی، سەرچاوەکەی بە پیلانی نەدیم بووە. هەر نەدیم بوو، کاتی خۆی مام زەینەدینی قەناعەت پێ هێنا کە نەخۆشییەکەی دایکی شاسوار هیچ نییە و پێویست بە بردنە لای دکتۆری شاران ناکات، دەیگوت: "ئەگەر خوا ئەجەلی هێنابێت بە هەموو دکتۆری دنیا ناگەڕێتەوە".

هەر ئەو بوو، ژن بە ژنەی، سەربەهەوێی پێ کرد و ژیانی نەجیبەی خستە دۆزەخەوە. پاشان چووە بن گوێی مام زەینەدین و چراخانی لەبەر خوێندن دەرهێنا.. کۆتایی کارە نەگبەتییەکانیشی ئەم ڕووداوەی ئێستای بوو، ئەگەرنا زەینەدین لە بنچینەدا وەک نەدیم شەڕخواز و تاوانکار نەبوو.

زەینەدین، دوڕدۆنگ و بێ تاقەت دیار بوو. هەندێ جار، هەستی دەکرد، دەستی لە جەرگی خۆی ناوە. دیمەن و هەڵسوکەوتی چراخانی دەهاتەوە بەر چاو، قەت لەوە نەدەچوو کارێکی وای لێ ڕوودابێ. جاروبار خەریک بوو گومان پەیدا بکاو هەڵەکانی خۆی دەهاتنەوە بەرچاو. ئاخر جاران، ماڵ و منداڵێکی خنجیلانەی هەبوو. دایکی چراخان کابانێکی چاک بوو و زۆر ڕێزی لە مێردەکەی خۆی دەگرت. کوڕێک و دوو کچی جوانی لێی هەبوو. ژنە مرد و ئەمیش، هیچ هەوڵی نەدا، بیباتە لای دکتۆر و خەستەخانە. هەر دوو مانگ پاش مردنی ئەو، ژن بە ژنەی کرد و نەجیبەی سەر بە هەوێ دایە کابرایەک کە خۆی ئاسا، (٣٠) ساڵ لە کچە گەورەتر بوو. هەنووکەش وا دیارە ژیانی ئەم، وەک دۆزەخ وایە.. کوڕەکەی لە ماڵ و حاڵی خۆیەتی، بەڵام خۆ هیچ ئاگای لە ژیان و گوزەرانی ئەم نییە. زەینەدین دەیزانی، ژیانی ئێستای، تام و چێژی



جارانی نەماوە وەلێ، ئەوەندە زانا و تێر عەقڵ نەبوو هەتا هۆکارەکانی بزانێت. هەر بە دوای ئەم خەیاڵاتە دەهاتەوە سەر بیر و بۆچوونەکانی خۆی کە ژن زەعیفەیە و لە شەیتان دەچێت.. ژن، هەموو لەشیان عەیبەیە و لە هەموو دەمێک ئاگاداریان نەبیت، شەرەفی پیاو دەبەن.. بۆ پاکانە هێنانەوە بۆ کارە ناپەسندەکانی خۆی، دەیهێنایە بەر چاوی خۆی کە چۆن چراخانی کچی بە شەوی تاریک، خۆی لە باوەشی پیاوی خەڵکی ناوە و هەموو شتێکی تەسلیم کردووە، بۆیە لەو بڕیارەی خۆی پەشیمان نییە. ئەم دوو هێزەی خێر و شەڕ لە ناو کیانی زەینەدینی نەفامدا، شەڕیان بوو، بەڵام دواجار ئەم، وا خۆی دەنواند کە کارێکی مەردانەی کردووەو شەرەفی خۆی و بنەماڵە و عەشیرەتەکەشی کڕیوەتەوە و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:کچەتیمی هیچ و پووچ، وابزانە هەر نەشبووە. بەم دەستەواژەیە، خۆی لەگەڵ خودی خۆی، ئاشت دەکردەوە.

ئەو شەوەش هەر سێکیان لەو ژوورە، لە خەڵوەتی هزر و خەیاڵی خۆیاندا بوون تا سبەینە داهات، ئەو ساکە هەڵسان و پاش خۆ ئامادەکردن بەرەو گوندەکەیان گەڕانەوە.

## ١٢

چێشتەنگاوێکی درەنگ، چراخان، لەگەڵ جیڕەی دەرگای ژوورەکە، بەخەبەر هات. چاوی کردەوە دیتی، کچێکی چواردە پازدە ساڵانەیە، لە دەرگاکە هاتۆتە ژوورێ، تا ڕادەیەکی زۆر لە خۆی دەچێت. چاو و ئەبرۆی، لووتە باریک و لێوە گۆشتنەکانی، بەژن و باڵا و قەبارەی سینەی، هەمووی کتومت وەک هی خۆی وایە. لە نێو جێگەکەی هاتەدەر. بەر لەوەی هیچ قسەیەک بکات، کچەکە بەرەو لای ئەم چوو و وتی: "یاخوا بەخێر بێی. من (مینا)م کچی سمایل و فاتیمە، لێم ببوورە. شەوێ کە ئێوە گەیشتنەجێ، من نووستبووم، ئەگەرنا دەهاتمە خزمەتی خوشکی بەڕێزم" .

چراخان هەستایەوە و بە یەک دوو هەنگاو گەیشتە لای مینا و دەستی کردە ملی و یەکتریان ماچ کرد، پاشان وتی: "من، چراخانم، زۆر سوپاست دەکەم، بەڕاستی ئێوەم ئەزیەت دا و بەو شەوە دایک و باوکت لە خەو بوون. زۆر مەمنوونیانم کە خەمی منیان لەبەر بوو".

مینا: " گیانەکەم چراخان، هەتا لەلای ئێمە بیت، من و تۆ هاوڕێ و خوشکی

یەکترین، هەرگیز نەکەی دڵی خۆت توند بکەی توخوا . دە هەستە با سەر ئاوەکەت نیشان بدەم پاشان برۆ حەمامەکە لەوێ هەموو شتێک حازرە، جوان جوان خۆت بشۆ، ئێ گیانەکەم".

چراخان سەری ڕەزامەندی لەقاند و بەرەو دەرێ چوو، پاشان بە ڕێنمایی مینا، چووە شوێنی سەر ئاوەکە. منداڵەکانی دیکەی مام سمایل کە دوو کوڕی دە ساڵە و هەشت ساڵە بوون لەگەڵ خوشکە بچووکەکەیان، لە پەنجەرەی ژوورەکەی ئەولاتر، سەیری چراخانیان دەکرد کاتێک کە بۆ سەر ئاوەکە دەچوو. ئاخر ئەوانیش، میوانی تازەیان هێشتا نەدیبوو. دایکیان سەر لە سبەینە، ئامۆژگاری کردبوون، دەرگای ئەو ژوورە نەکەنەوە کە چراخانی لێ نووستووە، بۆیە هەموویان زۆر تامەزرۆ بوون ئەو میوانە ناوەختە ببینن.

چراخان، ئەو کاتەی لە حەمامەکە خەریکی خۆشۆرین بوو، مینا لە دەرگاوە پێی وت: "گیانەکەم، من وا لەبەر دەرگاکەم کە تەواو بووی بانگم بکە تا یارمەتیت بدەم و ئەو جل و بەرگانەی خۆمت بدەمێ لەبەریان بکەیت".

چراخان، خۆی جوان شۆری و خەریک بوو بە خاولییەکە، قژە درێژەکەی وشک دەکردەوە، پاشان خاولییەکەی لە خۆی ئالاند و بە دەنگێکی شەرمنانەوە وتی: "مینا گیان، من تەواو بوومە، ئەگەر دێیتە ژوورەوە".

میناش یەکسەر چووە ژوورەوەو جلەکانیشی لەسەر دەستی هەڵگرتبوو. سەیرێکی چراخانی کرد و بینی خۆی بە خاولییەکە داپۆشیوە، قژە ڕەش و درێژەکەی کە بەسەر لا شانە ڕووتەکەیدا، بەرداوەتەوە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی دەنواند. مینا حەزی دەکرد تێر تێر لە جەستەی چراخان ڕامێنێ. نەیدەزانی بۆچی لەزەت لەوە وەردەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەو حاڵەتەش دەیزانی چراخان شەرم لە تێڕامانی ئەم دەکات و خەریکە خەجاڵەت دەبێ، بۆیە نیگای چاوەکانی لەسەر ئەو لادا و وتی: "چراخان، ئەو شتومەکانە هی منن، پاک و خاوێن و تازەن. دەبێ هەتا لە ئێران بیت، دەستووری ئێرە لەبەر بکەی بۆ ئەوەی کەس نەزانێت تۆ خەڵکی ئەودیوی. ئێمە خزممان لەودیو زۆرە کە بە سەردان دێنە ئێرە، ژنەکان دەستووری ئێمە لەبەر دەکەن".



چراخان خەریک بوو جلەکانی لەبەر دەکرد، مینا ئەوێی بەجێهێشت و وتی: "کە تەواو بووی وەرە خواردنم بۆ ئامادە کردووی، ئێستا داخوا چەندت برسی بووە".

پاش چەند خولەکێک، چراخان لەبەر ئاوێنەی ناو حەمامەکە، سەیری دیمەنی خۆی دەکرد، قژی شانە کرد و زۆر جوان و شۆخ و شەنگ خۆی دەنواند. لە جوانییەکەی خۆی ڕازی بوو. وەلێ چی بکا! ئەم ئێستا دڵی خۆش نییە و نازانێ ئایندەش چی بۆی ئامادە کردووە. پاشان لەچکەکەی کردە سەری و لە حەمامەکە بەرەو ژوورەکەی چووەوە.

مینا، زوو لە ژوورێکی دیکە هاتە دەرێ. هەر دوو برا و خوشکە بچووکەکەشی لە دوای ئەو هاتنە دەرێ و وتی: "چراخان، فەرموو وەرە ئەو ژوورە. ماشەڵڵا کە جوانی، هەر دەڵێی پەری ئاسمانی. منداڵەکان لە سبەینێوە نەچوونەتە دەرەوە، ئەوەندەیان حەز لێیە بتبینن. تۆ سەیریان بکە چۆن لێت دەڕوانن".

منداڵەکان بە یەکەوە وتیان: " بەخێر بێی خوشکی بەڕێز".

چراخانیش بە ڕوویەکی خۆش وەڵامی دانەوەو پاشان چووە ژوورێ و لەسەر مافوورەکە دانیشت. میناش بە منداڵەکانی وت کە بڕۆن لە حەوشەکە بۆ خۆیان یاری بکەن تا ئەم، لەگەڵ چراخان، نانەکەیان دەخۆن. منداڵەکانیش چوونە دەرەوە.

چراخان و مینا، لە شێوەو ڕوخساردا زۆر لە یەک دەچوون. بەقەدەر یەک کەڵەگەت بوون. ئاکاریان کتومت وەک یەک بوو، بە جۆرێک کاتێک کە فاتیمەخان لە دەرەوە هاتەوە، مینا لە ژوورەکە چووبووە دەرێ. کە چاوی بە چراخان کەوت، وای زانی مینایە و وتی: "مینا، ئەدی میوانەکەمان خەبەری نەبۆتەوە"

چراخان بزەیەکی هاتێ و وتی: " باجی، من میوانەکەم، مینا لە دەرەوەیە".

فاتیمە لە چراخان ڕاما و وتی: "ماشەڵڵا کە زۆر لە یەک دەچن، بەڵام بە خوا هێشتا تۆ لە مینا جوانتری". دەستی لە ملی کرد و ماچی کرد. پاشان وتی: "تۆ، هەتا لە لای ئێمە بیت، لە مینا زیاتری و منیش دایکی هەر دووکتانم. قەت نەکەی دڵی خۆت تەنگ بکەی، ئێمەش کەسوکاری تۆین. ئەرێ خۆ نانت خواردییە"

چراخان وتی: " بەڵێ نانمان خوارد".

فاتیمە: " وابزانم باوکی مینا، بە نیازە سبەی بتباتە شاری سابلاخ، لای ماڵی کاکە فەرهادی برای. دەیگوت ئەوێ بۆ تۆ چاکترە، چونکە پاسدار زۆر دێنە ئاوایی و ماڵ بە ماڵ دەیپشکنن. ئەگەر بزانن تۆ خەڵکی ئەودیوی، بە خوا دەتبەن و ئێمەش تووشی سزا دەبین. دەزانی چراخان، ئەوە دوو ساڵە، لەوەتەی شەڕی نێوان ئەو دوو حکومەتە دەستی پێ کردووە، ئێمەش ژیانمان نەماوە، بەڵام هەتا ئاگری شەڕەکە لێمان دوور بێت هەر باشە، ئەگەرنا ئەو گوندە سنوورییانە لە هەردوو دیو، هەمووی تەخت و وێران دەبێت، جا بە تەمای خوای گەورە".

چراخان، قسەکانی فاتیمەی زۆر بە دڵ بوو، بۆی دەرکەوت خەڵکی ئەو گوندە سنوورییانە زۆر گەرمی و ساردییان دیوە و بە ئاسانی تێکناشێوێن.

لەو کاتەدا مینا هاتەوە ژوورێ، فاتیمەی دایکی بە پێکەنینەوە وتی: " دەزانی مینا کە هاتمەوە چراخانم بینی، وام زانی تۆی، لەوم دەپرسی داخوا میوانەکەمان لە خەو هەڵساوە یان نا!"هەر سێکیان پێکەنین و لە یەکتر ڕامان. پاشان فاتیمە وتی: " من دەچمە دوای کارەکانم، ئێوەش بۆ خۆتان قسان بکەن".

چراخان، لەلایەک لە مێژبوو، لەگەڵ کچێکی هاوتەمەنی خۆی دانەنیشتبوو کە بە کەیفی دڵی خۆی قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام ئاخر هیچ بابەتێکی هاوبەشی لەگەڵ مینا نییە و نەیدەزانی باسی چی بکات باشە. پاشان لەوەش دەترسا کە ئەوان لە هۆی سەرگەردانبوونی ئەم تێبگەن و بە چاوێکی سووک سەیری بکەن.

ئاخر چراخان شارەزای ئەوە نەبوو کە کوردەکانی ڕۆژهەڵات، لە ژێر کاریگەری کولتوور و شارستانییەتی ئێرانیدان. لەوێ توند و تیژی لەسەر ژنان، بە هۆی ئەو جۆرە کێشانە زۆر کەمە. ئەو داب و نەریتەی کە لە دەڤەرەکەی خۆیان پەیرەوی لێ دەکرێت، ئەوە کولتووری جاهیلی خێڵە عەرەبەکانە. باوباپیرانی لەوان وەریان گرتووە.

پاشان، ئەوان نەیاندەزانی کێشەکەی ئەم چییە و بە مەزندەی خۆیان زیاتر بیریان بۆ مەسەلەی سیاسی دەچوو کە ڕەنگە ئەو کچە، لە یەکێ لە ڕێکخستنەکانی دژ بە دەوڵەتی عیراق ئاشکرا بووبێ و نەیتوانیبێت لەوێ بژی و شتی لەو بابەتە. هەر بۆیە بەو پەڕی ڕێزەوە باوەشیان بۆ دەکردەوە و بەزەییان پێی دەهاتەوە. لەلایەکی دیکە



چراخان، حەزی دەکرد بۆ ماوەیەک بە تەنها بێ و هەندێک بیر لە خۆی و چارەنووسی خۆی بکاتەوە. گۆڕانەکان، ئەوەندە خێرا بەسەر ژیانی ئەمدا گوزەریان دەکرد، هەندێک جار، وڕ و گێژ دەبوو. بەحەسرەت بوو، زوو دڵ و دەروونی لەو نیگەرانییە ڕزگاربێ و لە ژیانێکی سروشتیدا بگیرسێتەوە. ئەو ڕووداوانەی کە لەو ماوە کەمەدا بەرۆکی ئەمیان گرتبوو، زۆر لە توانا و هێزی کچێکی پازدە ساڵان گەورەتر بوو بە چەشنێک ئەگەر ئەم، خاوەنی بونیادێکی عەقڵی بتەو نەبووایە و وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون، باوەڕی بە ڕەفتارە دروستەکانی خۆی نەبووایە، ڕەنگە بە هۆی ئەو غەدرەی لێی کراوە، مێشکی تێک چوو بووایە و قەدەمی بشکابایە، بەڵام لێهاتوویی ئەم، بە شێوەیەک بوو، لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەمانەی کە لێی دەکرا، بیری لە خۆڕاگری و قبووڵ کردنیان دەکردەوە، تا ئەو ڕۆژەی هەلێکی لەباری بۆ دێتە ئارا و ئەوسا بە گژیاندا بێتەوە. هەر بۆیەش ئەم، سەرگەردانی و ڕووکردنە وڵاتی غەریبانی پێ هەڵگیرا و ڕۆحی خۆ بەدەستەوەنەدانی، قایمتر دەبوو.

وەختی نیوەڕۆ کە مام سمایل گەڕایەوە ماڵێ، یەکسەر چووە لای چراخان و چاک و چۆنی لەگەڵ کرد، پاشان وتی: "ئەگەر لە حەوشە تووشی مینا نەبوومایە، دەموت تۆ مینای، ماشەڵڵا چەند لەیەک دەچن، ئێستا لە جیاتی مینایەک دوو مینامان هەیە". بەم قسانەوە نەختێ پێکەنی و چراخانیش، هەر بە پێوە لەگەڵ ئەو خەنییەوە، بەڵام هیچی نەوت. مام سمایل هاتەوە سەر قسەکەی وتی: "چراخان کچم، ئێمە، خزم و کەس و کارمان، لەو گوندانەی خوارێ زۆرن، بەڵام من سەبارەت بە تۆ، وام پێ چاکە، بچیتە ماڵی فەرهادی برام لە شاری سابلاغێ. ئەوێ بۆ تۆ زۆر گونجاوە و کەس گومانی هیچت لێ ناکا. سەرەڕای ئەوەش، فەرهادی برام دوو کچی جحێڵی هەیە و خەریکی خوێندنن. ئەوان خانوویەکی گەورەیان هەیە و حاڵیان باشە. منیش لەگەڵ مینا و دایکی سەرت لێ دەدەین، تۆ دەڵێی چی"

چراخان: "مامە گیان، تازە من کچی ئێوەم، چی ئێوە بڵێن من ئەوەم پێ چاکە، هەر کاتێکیش لێم ناڕازی بوون یان لێم وەڕس بوون، من هەر مەمنوونی ئێوەم. ئەوساکە ڕوو لە جێگەیەکی دیکە دەکەم. ئەگەر ماڵە براکەشت منیان قبووڵ بێت، منیش خزمەتی گەورەو بچووکیان دەکەم". لەگەڵ ئەو قسانەیدا، قورگی پڕ لە گریان بوو.

مام سمایل، قسەکانی چراخان، زۆر کاری لێ کرد و وتی: " کچم دڵ لە دڵ مەدە، هەموو کەس مەمنوونە کچێکی جوان و عاقڵی وەک تۆ، لە ماڵەکەیدا بێت. تۆ ئەوەندە بێگوناه دیاری، خوا دەزانێ هەر لەو ماوە کەمەدا، بەقەد مینای کچم، ڕەحمم بۆت دەجوولێ. بە خوا ئەگەر ئێرە بۆ تۆ بەکەڵک هاتبایە، قەت نەمدەهێشت، سەر بنێی بە هیچ ماڵێکی دیکە. پاشان کچم دنیایەکە زۆر ناخۆش و تەنگ بووەتەوە. ئاخر ئەگەر ئاگری ئەو شەڕە نەگریسە بپەڕێتەوە کوردستان، دەبێ ئێمەش ئێرە بە جێ بێڵین و ڕوو لە شار بکەین، بەڵام تا ئەو کاتە خوا کەریمە، بابزانین دنیایەکە چۆن دەسووڕێ. کچی خۆم، جا ئێمە وامان پێ چاکە، بەیانی، پاش نانخواردنی سبەینە کە خۆر لە ئاسمان بەرز بۆوە، بە ماشینێکی تایبەت دەچینە شاری کە نزیکەی سەعات و نیوێک لێرە دوورە، پەنا بەخوا بۆ نیوەڕۆکەی لەوێین. تۆش شوناسنامەی مینا لەگەڵ خۆت هەڵگرە، نەبادا لە خاڵی پشکنین، داوامان لێ بکەن، چونکە ئەوان گومان لە هەموو کوردێک دەکەن، هەرچەندە هەندێک لە پاسدارانی خاڵەکە ئێمە دەناسن. ئەگەر کاتی دەوامی ئەوان بێت ئەوا بە ئاسانی بەڕێمان دەکەن. بابزانین چۆن دەبێت".

مینا: "چراخان، لە بیرت نەچێ، لەمەودوا نابێ کە چوویتە دەرەوە، لەچکت لەسەر نەبێت و قژت دیار بێت، هەتا فێر دەبی و لێڕادێیت دەبێ زۆر ئاگات لە خۆ بێت، وانییە باوکە"

مام سمایل: " ڕاست دەکا، کچم چراخان، ئێرە وەک عیراق نییە، دەبێ ژنان، حیجاب بپۆشن دەنا سزایان دەدەن".

چراخان، پێشتریش ئەو شتانەی بیستبوو، بەڵام بۆ ئەوەی هیچ کارێکی نابەدڵی ئەوانی لێ ڕوونەدا، زۆر بە وردی قسەکانی ئەوانی بەهەند وەردەگرت و پەیڕەوی دەکردن. چونکە دەیزانی ئەوان هەموویان، لە بەرژەوەندی ئەم، ئەو ئامۆژگارییانەی دەکەن.

چراخان ئەو ڕۆژەی ئاوا بەڕێ کرد و لەلای ئەمدا، ڕۆژێکی نوێ بوو لە ژیانی. هەستی دەکرد کەسانێک هەن، خۆشیان دەوێ و بەزەییان پێیدا دێتەوە، بۆیە هۆش و بیری وردە وردە کۆ دەبووەوە و چاکتر دەیتوانی بیر لە گرفتەکانی خۆی بکاتەوە. هەر نەبێ ئێستا هیچ خەتەرێک لەسەر ژیانی نەماوە. حەزی دەکرد زوو بچێتە نێو



جێگەی خەوتن و کشومات بچێتەوە خەڵوەتی ژیانی ڕابردووی خۆی و وێنای ژیانی داهاتووی بکات.

پاش نوێژی عیشایێ، پێیەوە دیار بوو کە خەوی دێت و هێشتا هیلاکی ڕێگا و کۆڵە خەمەکانی، یەخەیان بە تەواوی بەر نەداوە. فاتیمەخان، زوو هەستی کرد کە چراخان پێویستی بە ئیستراحەتە و وتی: "مینا، بڕۆ لە ژوورەکەی خۆتان، جێگە بۆ چراخان ڕاخە و با بچێ بخەوێ".

میناش دەستی چراخانی گرت و وتی: " هەستە با بچینە ژوورەکەی ئەودیو".

چراخانیش لەگەڵ ئەودا، بۆ ژوورەکە چوون. کە مینا جێگەکەی ڕاخست پێی وت: " تۆ ئیسراحەت بکە و منیش دەچم هەندێک یارمەتی دایکم دەدەم و قاپ و قاچاخەکانی ئێوارە هێشتا نەشۆراون".

چراخان چووە نێو جێگەکەی و چاوەکانی خستە سەر یەک، ئێستا هەست بە ئەمان دەکات لە سەر ژیانی خۆی. سالانێک بوو لە ماڵە بابی، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوا بە ئاسوودەیی و بێ بەرد و پلاری باوەژن نەچووبووە نێو جێگە. چەندین جار زستانان جێگەی خۆی گەرم نەدەکرد کە باوەژن بە تووڕەیی لێی دەخوڕی و دەیگوت: " ئەوە کێڕا تۆپی. هەستە بڕۆ بزانە دەرگای حەساری حەیوانەکان قایم کراوە". یان کارێکی لەو بابەتە. ئەویش دەبوو بە کپی بڵند بووایە و بێ قسە کردن کارەکەی ئەنجام دابایە. لە دڵی خۆیدا وتی: "ئۆخەی خۆ چیتر باوەژن بەسەرمدا هاوار ناکات و بوختانم بۆ هەڵنابەستێ. خۆ چیتر باوکە بێ ویژدانەکەم بە قسەی باوەژن، سەرکۆنەم ناکات، خۆ چیتر ئێواران خزمەتی ئەو نەدیمە گلاوە ناکەم. ئەو چراخانەی کە بە هەموو لایەک دەیان چەوساندەوە و حسێبی هیچیان بۆ نەدەکرد، ئێستا لە نەزەری ئەوان مردووە و گورگ و داڵ لاشەکەیان خواردووە. خۆ من جگە لە شاسوار، کەسی دیکەم نەبوو هەتا دڵم بۆیان بسووتێ و غەریبییان بکەم، خوایە زۆر شوکرم. دڵم ڕوونە کە ئەو تاوانەی نەدیم دەرهەق بە من کردی، بۆ من بە خێر دەگەڕێتەوە!"

چراخان پاش هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردنی یادەوەرییە تاڵەکانی ماڵە باوان، بیری لە داهاتوو دەکردەوە. ئاخر بەیانی قەولە سەفەری شاری مهاباد بکات و بچێتە ماڵێکی دیکە کە هێشتا هەر نەیبینیون. لە خەیاڵی خۆیدا دەیگوت: دەبێ ئەو شارە چۆن بێ

و خەڵکەکە چۆن بژین دەبێماڵی کاک فەرهادیش، وەک ماڵی مام سمایل لەگەڵ ئەم باش و میهرەبان بن!

چراخان بڕیاری دابوو کە هەر خێزانێک، ئەم بگرێتە خۆی، دەبێ وەک دڵسۆزترین و چالاکترین کەسی ئەو ماڵە، ڕەفتار بکا و ڕێزیان لێ بگرێ. ئەم هەر لە سروشتی خۆیدا، ئیشکەر و چالاکە و کابانێکی باشە. لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ناو ماڵێ، هەرگیز هەست بە ماندووبوون ناکات. ئەم تەنها کەسەرێکی گەورەی هەبوو، ئەویش دابڕانی بوو لە خوێندن. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " دەبێ بواری ئەوە هەبێت، وەک کچەکانی خۆیان ڕەوانەی خوێندنم بکەن. ئای ئەگەر ئەو هەلەم بۆ هەڵبکەوێتەوە، مانای وایە من بۆ سێیەمین جار لە دایک دەبم، جارێک کاتێ کە لەدایک بووم، جاری دووەمیش بە هۆی هەڵوێستی مەردانەی کاکە فریاد و شاسواری برام کە ژیانیان پێ بەخشیمەوە، ئەوجارەش ئەگەر بچمەوە بەر خوێندن، دەبێتە سێ جار!"

## ١٣

پاش نانخواردنی سبەینە، ماوەیەکی کەمی پێچوو، پیکابێکی (زامیاد) هاتە بەر دەرگای ماڵی مام سمایل ڕاوەستا، مام سمایل وتی: "کچم چراخان، جانتاکەت هەڵگرە و با بڕۆین، ئەوا ماشێنەکە لەبەر دەرگا وەستاوە. جگە لە جل و بەرگی خۆت شتەکانی تر لە جانتاکە دەربهێنە چونکە تازە بە کەڵکت نایەن (بە پێکەنینەوە)".

چراخان: " هەموویم دەرهێناوە مامە".

چراخان خواحافیزیی لە فاتیمە خان و مینا کرد هێدی هێدی لەگەڵ مام سمایل، بەرەو لای ماشێنەکە چوون. مام سمایل لە تەنیشت شوفێرەکە سوار بوو و چراخانیش لە پەڕگە. ماشێنەکە گڕی دا و هێدی هێدی بەڕێ کەوت، مام سمایل وتی: "کچم خۆ شوناسنامەکەی مینات هێناوە"

چراخان: "بەڵێ، بەڵێ ".

مام سمایل: " گەر لە خاڵی پشکنین لێت بپرسن ناوت چییە، چی دەڵێی"

چراخان: "دەڵێم مینا ئیسماعیل عەزیزی، دایکیشم فاتیمەی سەید زادەیە



(نەختێک پێکەنینی بە خۆی هات) ئەمشەوە دەرسەکەم ڕەوان کردووە، مامە".

مام سمایل: " کچی عاقڵ دەزانێ، چۆن ڕەفتار دەکات ".

لە ڕێگا، مام سمایل و شوفێرەکە باسی زۆر شتیان کرد. چراخانیش هەر لە دیمەنەکانی دەوروبەری دەڕوانی و لەلای خۆیەوە بە دیمەنەکانی لای خۆیانی بەراورد دەکرد. پاش کەمێک گەیشتنە خاڵێکی پشکنین، دیار بوو مام سمایل لەبەر خۆیەوە وتی: "زۆر چاکە ئەوانەی وەستاون، یەکێکیان لەوانەی جارانە، گرفتمان بۆ دروست ناکات". کە گەیشتنە ڕێکی پاسدارەکان، ماشێنەکە ڕاوەستاو مام سمایلیش هەر لە جامی سەیارەکەوە سڵاوی لە پاسدارەکە کرد. پاسدارەکەش وەک کارێکی ڕۆتینی، سەیری کرد ئەو دەم و چاوانە و ماشێنەکە غەریب نین، یەکسەر ئیشارەتی دەرچوونی دانێ. ئەوەبوو بە سەلامەتی لەو خاڵە ڕزگاریان بوو. دووبارە پیاوەکان کەوتنە قسە و سوالفەی ئیش و کاری لادێ و کێشەکانیان. چراخانیش وەک جاران، سەیری دنیای دەوروبەری دەکرد. کە تووشی ئاوەدانییەک دەبوون، سەرنجی خەڵکەکەی دەدا، دەیبینی ژیانی لادێی ئەوێ، لە هی دێیەکانی دەڤەرەکەی خۆیان قورسترە. تێبینی ئەوەی دەکرد کە ئەم گوندانە، پشتگوێ خراون و ژنانی ئەوێ، زۆر ماندوو دیارن و کارەکانیان سەخت و پڕ لە زەحمەت دیارە.

ئەو دەمەی گەیشتنە خاڵی پشکنینی دەروازەی شار، سەعات نۆ لایدابوو. ئەو خاڵە، چونکە لە ناوچە سنووریەکان دوور بوو، تەنیا ئەو ماشێنانەیان دەپشکنی و لە شوناسنامەی خەڵکەکانیان دەکۆڵییەوە کە جێگەی گومان بوون. ئەوان سێ کەس بوون و پیکابەکەش بەتاڵ بوو، بۆیە هەرکە ماشینەکەیان هێواش بۆوە و خەریک بوو بوەستێ، ئیشارەتی ڕۆیشتنیان دایێ.

مام سمایل وتی: " یەکسەر بۆ گەڕەکی ماڵی کاکە (فەرهاد)م لێخوڕە. کە چراخانمان لەوێ دانا، دوایێ ئێمە دەگەڕێینەوە ناو بازاڕەکە و دەچینە لای فەرهاد".

کاک فەرهاد لە ناوەڕاستی شاردا کۆگایەکی گەورەی هەبوو کە ئامێری کارەبایی و کەرەستەی جوانکاری بیناسازی لێ ساغ دەکردەوە. کە گەیشتنە بەر دەرگای ماڵێ، هەرسێکیان دابەزین و مام سمایل لە دەرگای دا. پاش کەمێک دەرگاکە کرایەوە، دیار بوو (سەعادەت خان)ی خێزانی کاک فەرهاد بوو. یەکسەر کە چاوی

پێیان کەوت، دەرگاکەی خستە سەر پشت و فەرمووی لێ کردن. هەر کە لە دەرگا چوونە ژوورەوە، چاک و خۆشییەکی گەرمی لەگەڵ کردن و دەستی لە ملی (چراخان) کرد و وتی: "مینا گیان چۆنی. ماچی کرد و ئەدی دایکت و منداڵەکان چۆنن یاخوا بەخێر بێی".

مام سمایل وتی: "سەعادەت خان، تۆش وەکو ئێمەت لێ هات".

سەعادەت خان: "چۆن، تێناگەم!"

سمایل: " من و فاتیمەش، (چراخان) بە مینا تێگەیشتین. توخوا زۆر لێک ناچن".

سەعادەت: " کاک سمایل سوعبەت دەکەی، ئەوە مینا خۆیەتی، (کەمێک لێی ورد بووەوە) بە خوا وامزانی ئەوە. بەڵام کاک سمایل، ئەوە نەختێ لە مینا جوانتر و خوێنگەرمترە ئەگەر هەڵە نەبم".

چراخان وتی: " زۆر سوپاس باجی گیان، من ناوم چراخانە لەمەودوا دەبمە کچی تۆ".

سەعادەتیش، قسەکەی ئەوی پێ خۆش بوو بەڵام نەشیزانی، بۆ دەیەوێ ببێتە کچی ئەم!

کە چوونە ژوورەوە سەعادەت خان ئاوی بۆ هێنان، دوای ئەوە مام سمایل وتی: "ئێمە دەچینە ناوشاری، چراخان تۆش لەگەڵ سەعادەت خان، خەریکی چێشت لێنان بن. براژن، ئێمە نیوەڕۆ بۆ نانخواردن دێینەوە لای ئێوە".

سەعادەت خان: " وەی بەسەر چاو، ئاوەدانتان کردەوە، یاخوا بەخێربێنەوە".

خواحافیزییان کرد و بە ماشێنەکە بەرەو ناو شار چوون.

کە ئەوان ڕۆیشتن، سەعادەت بە چراخانی وت: "بابچینە مەتبەخەکە، تۆ دانیشە و منیش خەریکی چێشت لێنان دەبم، بۆ خۆشمان قسان دەکەین. ئەوەندەی نەماوە شەونم و شەوبۆش لە مەدرەسە بێنەوە". چوونە ژووری مەتبەخەکە و چراخان، لەسەر پارچە مافوورێکی بچووک دانیشت، سەعادەتیش هەندێ گۆشتی لە یەخچاڵەکە دەرهێناو لەبەر ئاوەکەی دانا، پاشان هەندێک تەماتە و کوولەکەی هێناو لەسەر مەغسەلەکە پاکی کردنەوە. چراخان نەختێک شەرمی دەکرد و بەردەوام لە کەلوپەل و



کاوەنتەری ناو مەتبەخەکەی دەڕوانی و سەرنجی دەدانێ. زوو تێگەیشت کە ماڵی مام فەرهاد، دەوڵەمەند و هەبووەن و حاڵێکی خۆشیان هەیە.

سەعادەت، جاروبار بەدەم ئیشکردنەوە بەلاچاو سەیری چراخانی دەکرد، هەستی دەکرد هێزێکی پڕ لە بەرائەت لە ڕوخساری ئەو کچەدا خۆی دەنوێنێ. هەر چەند لێی ڕادەمینێی ڕۆح سووکتر دەردەکەوێ. دەڵێی هێزی سیحرێک، وات لێدەکات خۆشت بوێ و بەزەییت بۆی بجووڵێ. چراخانیش، دەیزانی کە سەعادەت جاروبار تێیڕادەمینێ و فکری کەوتۆتە سەر ئەم، ویستی بە قسەی بێنێ و بێدەنگییەکە بشکێنێ: "باجی سەعادەت حەز دەکەی تەماتە و کوولەکەکە بێنە، من ورد و ئامادەیان دەکەم، تۆش خەریکی کارێکی دیکە بە".

سەعادەت وتی: " جا گیانە، چۆن دەبێ، تۆ تازە میوانی و هێشتا ماندووی. باشە گیانەکەم، تۆ دەزانی ئیش و کاری ماڵەوە بکەی"

چراخان: " بەڵێ، بەڵێ دەیزانم، پاشان خۆ من بە پێیان نەهاتووم. لە ماڵی کاک سمایلەوە تاکو ئێرە هەر سواری ماشێن بوومە، هیچ هەست بە ماندووبوون ناکەم".

سەعادەت، تەماتە و کوولەکە و دوو قاپی بۆش و چەقۆیەکی لە پێش چراخان دانا و وتی: "دەی ئاخۆ بزانم چۆن کابانێکی، کچی جوان".

چراخان دەستی بە وردکردنی تەماتە کرد و دەست و پلی کابانانە دیاربوو، بۆیە سەعادەت وتی: "بەخوا لە منی جوانتر ورد دەکەی، ڕۆڵە گیان. کچەکانی من، هیچ لە کابانی نازانن، ئەوان هەر خەریکی خوێندنن و منیش دەبێ خزمەتیان بکەم".

چراخان: "باجی گیان، مرۆڤ پێویستە هەموو کارێک بزانێ. دەبووایە فێریان بکەیت. خۆ هەتا هەتایە لەگەڵ تۆ نابن، وانییە"

سەعادەت: " ڕاست دەکەی کچم، قسەی تۆیە ئەگەر فێربن، بۆ خۆیان باشە".

سەعادەت لەگەڵ ئەو قسانە، زانی کە چراخان کچێکی عەقڵ کامڵە و خەڵکی کوردستانی عیراقە، چونکە هەر لە گەڕەکەکەی خۆیاندا چەند ماڵە کوردێکی عیراقی لێ بوو، شێوە زاریان وەک هی چراخان وابوو. دەیویست لێی بپرسێت کە داخوا خەڵکی کوێیە، بەڵام پەشیمان بۆوە. لە دڵی خۆیدا وتی: هێشتا زووە بۆ ئەو پرسیارانە، با بۆ دوایی بێت.

بەر لە نیوەڕۆ شەونم و شەوبۆ لە دەوام هاتنەوە. دایکی دەرگای حەوشەی لێ کردنەوە، ئەوانیش لەگەڵ هاتنە ژوورەوە یەکسەر جانتای پڕ لە کتێبیان دانا و بەرەو مەتبەخەکە چوون.

شەونم هەر وەک ڕۆژانی پێشوو وتی: "دایە گیان چیت حازر کردووە. بە خوا زۆر برسیمە"

لەگەڵ ئەو قسانە، گەیشتە مەتبەخەکەو چاوی کەوتە سەر چراخان و نەختێک سەنگرایەوە. هەر لەو ساتەدا دایکی وتی: " ئەوە چراخانە، ئادەی بەخێر هاتنی بکە".

شەونم بە گەرمی بەخێرهاتنی چراخانی کرد و وتی: "دایە بەخوا میوانەکەمان، زۆر لە مینای مامە سمایل دەچێ، توخوا وانییە"

سەعادەت وتی: "بەڵێ وایە کچم، منیش وەک تۆ ئاوا بە سەهو چووم، خۆ ناهەقمان نییە، ماشەڵڵا دەڵێی لە دایک و باوکێک بوونە".

دوای ئەو، شەوبۆ هات ئەویش بەخێر هاتن و چاک و چۆنی لەگەڵ چراخان کرد.

شەونم و شەوبۆ دوو ساڵیان نێوان بوو، شەونم لە تەمەنی چراخان بوو لە کلاسی نۆ دەیخوێند شەوبۆش لە کلاسی حەوت. هەردووکیان لە شێوە بە دایکیان دەچوون، جوان و گۆشتن بوون، بەڵام شەونم بە قەد چراخان کەڵەگەت نەبوو.

پاش کەمێک تێکرامان و قسە کردن، دەنگی زەنگەکە دووبارە لێی دایەوە. کە شەوبۆ دەرگاکەی کردەوە دیار بوو، پیاوەکان هەر سێکیان هاتنەوە.

کاک فەرهاد، هەر لە دوورەوە وتی: "دەڵێن ئەمڕۆ لە ئاسمانەوە کچێکمان بۆ بە دیاری هاتووە، کوا لە کوێیە"

بە دەم ئەو قسانەوە گەیشتە لای مەتبەخەکە و چراخانیش بەرەو پیلی هات.

کاک فەرهاد وتی: "بەخێر بێی کچم ئەحواڵت چۆنە. یاخوا بەخێر بێیتە ماڵی مامی خۆت".

دیار بوو کاک سمایل لە ڕێگەدا، چیرۆکی چراخانی بۆ فەرهادی برای گێڕابووەوە. زۆر مەدحی کردبوو و باسی چۆنیەتی هاتن و سەرگەردانبوونی ئەوی بۆ کردبوو. فەرهادیش سەر بردەی ئەو کچە، زۆر کاری لێ کردبوو، وتبووی کە ئەگەر وا





بێ، من ئامادەم، وەک کچەکانی خۆم بەخێوی بکەم.

پاش نیوەڕۆ کە نان و چا خورا، سمایل وتی: "تا درەنگ دانەهاتووە، ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە. چراخان تۆش کچم، دڵی خۆت سەخڵەت نەکەی، فەرهادی برام لە من گەورەترە و بەڕەحمترە، سەعادەت خانیش ژنێکی ئەوەندە میهرەبانە، هەموو دنیا لێی ڕازییە".

هەستان خواحافیزییان کرد و ڕۆیشتن. لە دوای ڕۆیشتنی ئەوان، فەرهادیش، کچەکانی ئاگادار کردەوە کە ئاگایان لە چراخان بێ و نەهێڵن خەفەت بخوا.

ئەو ڕۆژە، چراخان، لە ڕۆژانی دیکە بە خوڵقتر بوو و لە هەموو کاتێک زیاتر، هەستی بە ئەمان دەکرد. دیمەنی خانووەکە و حەوش و ژوورەکان زۆر سەرنجی ئەمیان ڕادەکێشا. حەوشەکە لایەکی چیمەن بوو و لایەکەی دیکەشی هەمووی داری بەردار بوو لە هەنار و سێو و قەیسی. کەپرێکی گەورەش لەولاتر، دار مێوێکی بەسەرەوە بوو. لەوە دەچوو، تەمەنی دارەکان، لە پازدە ساڵیان ئاوا کردبێت. خانووەکە، لە ڕووبەری زیاتر لە سێ سەد مەتری دووجا، لە کەرپووچ دروست کرابوو. جگە لەبەر هەیوانێک لە پێشەوە میوانخانەیەکی گەورە و سێ ژووری نووستن و هۆڵێکی گەورە و مەتبەخێکی هەبوو، لەسەرەوەش هەورە بانێکی هەبوو کە لەوێوە دەچوویتە سەربانەکە.

چراخان، لە هەموو چرکەساتێکدا، ژیانی ڕابردووی خۆی بە بیر دەهاتەوە. ئەوەندەی سەری دەهێنا و دەبرد، سەرەدەری لەوە دەرنەدەکرد کە باوکی و باوەژنی، لە تۆڵەی چی ئەو دەردەسەریەیان پێ دەکرد! باوکی، لەبەر چی ئەمی خۆش نەدەویست. ئەم هیچ عەیبێکی لە خۆی شک نەدەبرد کەچی هەفتەی جارێک، باوکی بە هەنجەتی شتێکی دروستکراو دارکاری دەکرد. ئەو هەموو سزادانە لە پای چ تاوانێک بوو کە ئەو کردبێتی. هەر دەڵێی بەڵایەک بوو بەسەریانەوە کە ئاوا بە بوختانی کابرایەکی دووڕوو، فەرمانی کوشتنی دا.

ئەو هزر و خەیاڵکردنە، بەردەوام چراخانیان وا لێ دەکرد کە بە ژیانی ئێستای زۆر ڕازی بێت. ئاخر لێرە کەسانێک کە نەدەیانناسێ و نەدەزانن ئەم کێیە کەچی ئاوا بە گەرمی باوەشیان بۆ کردووەتەوە و بەزەیی بەسەردا دەبارێنن. بیری دەکردەوە

و لە خۆی دەپرسی: بۆچی لە گوندەکەی خۆیان، لە نێو خزمەکانیان، خانەوادەی، وەک ماڵی مام فەرهاد و مام سمایلی تێدا نییە. ئەگەر کچێکی لێقەوماوی وەک ئەم، بە تەنیا لێرەوە هانا بباتە بەر خەڵکی عەشیرەتەکەیان یان گوندەکەیان، ئایا ئەوها باوەشی بۆ دەکەنەوە؟! ئەم، گومانی هەبوو لەوەی کە لە ناو پیاوانی گوندەکەیان، پیاوێکی وەک مام (فەرهاد)ی تێدا بێت. ئەگەر ماڵێکی وای شک بردبا و لێیانی ڕادیتبا، بۆ ئاوا سەرگەردانی مەملەکەتان دەبوو. ئاخر تەنانەت نزیکترین کەسی خۆی کە شاسوارە، نەیوێرا ئەم لەخۆ بگرێت. ئێستا ئەم لە بیر و مێشکی خزمانی ئاواییدا، شایەنی ئەوە نییە جێگەیەکی لە ناو گۆڕستانەکەی ئەوان هەبێت و پرسەی بۆ دابنێن و فاتیحەیەکی بۆ ڕەوان بکەن. بۆیە لە پاش گەیشتنە سەر سەدەی هەر کۆمەڵە خەیاڵێک، نەفرەتی لێیان دەکرد. دەیزانی هەنووکە ژیانی، کون و کەلەبەری تێکەوتووە و لە سروشتی ژیانی کەسێکی ئاسایی، داماڵراوە، بۆیە دەبێ بە ڕەوشتی بەرز و کرداری جوان، شوێنی خۆی لە دڵی ئەوانە بکاتەوە. دەبێ کەسێکی وابێت، دواجار نەک هەر لە باوەشگرتنی ئەم پەشیمان نەبن، بەڵکو شانازیشی پێوە بکەن. ئەمە بڕیاری چراخان بوو، بۆ ژیانی ئایندەی.

## ١٤

ئەو ڕۆژەی زەینەدین بە خۆی و نەدیم، بە ماشێنەکەی شاسوار بۆ ئاوایی گەڕانەوە، وەختی نیوەڕۆ گەیشتنە جێ. خەڵکی گوندی وردە وردە لێی کۆبوونەوەو بەخێرهاتنەوەیان کرد. ئەو کاتە هێشتا کەسێک لە خەڵکی ئاوایی بەم کارەی نەزانیبوو تەنانەت منداڵەکانی زەینەدینیش. پیاو و جحێڵەکانی ئاوایی، بە کۆمەڵ، بۆ دەست ماچکردنی زەینەدین دەهاتن. ئەویش، بە دەروونێکی شپرزەوە، چاک و چۆنی خزمانی گوندی دەکرد. بە جەستە لە لای ئەوان بوو، بەڵام لە خەیاڵی خۆیدا، هەستی دەکرد، هەڵەیەکی کوشندەی دەرهەق بە خانەوادەکەی خۆی کردووە. بیری دەکردەوە، کاتێک کە خەڵکی دێیەکەیان بەم ڕووداوە دەزانن، ئاخۆ پشتگیری و دەستخۆشی لێ دەکەن یاخود لۆمەی دەکەن. چونکە لەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆی دۆستایەتی گەرمی لەگەڵ نەدیم، خەڵکێکی زۆر لێی کشابوونەوە و لە مەجلیسی ئەم دانەدەنیشتن. پاشان لەو مەسەلەیە، دەبووایە پرسێکی ڕدێن سپی و



کەسایەتییەکانی گوندەکەیان بکات. دنیا هەر وابووە و لە کاتی ڕووداوی لەو جۆرە، هەمیشە پرس پێک کردن و تەگبیر کردن وەک نەریتێک لە بەرچاو گیراوە، کەچی ئەم لە ژێر کاریگەری قسەی کابرایەک کە لە ناو ئاواییەکەیاندا خۆشەویست و پەسەند نییە، ئەو بڕیارەی داوە. لە بیری خۆیدا دەیگوت: ڕەنگە هەندێ لە پیاوە دنیادیدەکانی ئاوایی، یەخەم بگرن و پێم بڵێن: باشە زەینەدین، نەدەبوو پرسەکی ئێمەش بکەی کێ دەڵێ ئەو کچەی تۆ بوختانی پێ نەکراوە! ئاخر کچەکەی تۆ منداڵێکی زۆر فەقیر و بەستەزمان دیار بوو!

ئەو جۆرە خەیاڵکردنە، زەینەدینیان دەخستە گومانێک کە بڕوا بەوە بێنێ، کارەکەی کەم و کووڕییەکی تێدایە، لەبەر ئەوە هەر چەندە بەسەر خۆی نەدەهێنا، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر نیگەران ببوو. بۆیە وای بە باش زانی، پاش ئێوارەکەی ئەو ڕۆژە، هەندێک لە پیاو ماقووڵ و ڕدێن سپییەکانی گوندی لە مەسەلەکە بگەینێ. بۆ ئەو مەبەستە، بە کێخوا پیرۆت و حاجی عەلی و فەقێ ئەحمەدی گوت: "حەز دەکەم پاشی نانی ئێوارە هەندێ قسە بکەین".

ئەوە بوو لە ژوورێکی دیکەی ماڵەوەیان، هەر چواریان پێکەوە دانیشتن، شاسواریش لە ژووری میوانخانەکەی ماڵێ، پێشوازی لەو کەسانە دەکرد کە دەهاتنە لای باوکی. کە هەر چواریان دانیشتن، زەینەدین هاتە قسە کردن، وتی: "جەماعەت، چیتان لێ بشارمەوە، لەو ماوەیەی کە من لە سەفەری حەجێ بووم، کچەکەم، خۆی بە کابرایەک دۆڕاندووە و بەسەریدا چوونە. کە گەیشتمەوە بەغدایێ ئەو خەبەرەیان بۆ هێنام. خۆشتان دەزانن شەرەف و نامووس چەند گەورەیە، بۆیە هەر لەوێ شاسواری کوڕم ڕەوانەی کرد و کچەمان بە هەقی خۆی گەیاند. ئێستاش ئەوە ڕۆژی یەکەمە من گەڕاومەتەوە، پێم باش بوو ئێوەش خەبەرتان هەبێ".

لەگەڵ ئەو قسانەدا، جەماعەت هەموو سەیری یەکدییان کرد و لە شوێنی خۆیان حەپەسان. کوێخا پیرۆت هاتە قسەو وتی: "جا زەینەدین پێمان بڵێ، ئەو کەسە کێیە کە پڕی دایتە نامووست و ئەوەشی خەبەری دایێ کێیە"

زەینەدین وتی: "ئەو کەسەی کە بەسەر ڕووداوەکەدا چووە و خەبەرەکەی بۆ هێنام (نەدیم)ە کە کابرا دەروێشە و خۆی لە خوا ناکات. بەڵام چونکە وەختی ڕووداوەکە

شەو بووە و پیاوەکە بەسەر دیواری حەوشەدا هەڵاتووە، نەدیمیش نەیناسیوە".

دیسان هەرسێکیان لێک ڕامان و پێیانەوە دیار بوو کە عەقڵیان قسەکانی زەینەدینی نەدەگرت.

ئەوجارە فەقێ ئەحمەد وتی: "زەینەدین ئیشەکی بەرەواژت کردووە. نەدیم، ئەو پیاوە نییە ئیشی لەو بابەتەی بە گوێ بکەی. دەبووایە پرسێکی خزمانیش بکەی، هەی لە منت نەکەوێ!"

حاجی عەلی وتی: "تازە ئیشەکە کراوە، بە ڕای من جارێ بەردەکی لەسەر دانێن، وەلێ ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئاشکرا بوو کە کچی تۆ عەیبی نەبووە زەینەدین، ئەو کاتە دەڵێی چی؟ خۆ ئێمەش ئەگەر بزانین، ژن، حەزحەزۆکانێ و ئیشی پەنایان دەکەن، وەکی بزن سەریان دەبڕین. بەڵام دەبێ دەلیل و بەڵگەت هەبێ و یەقین بێت، وانییە کێخوا"

کێخوا پیرۆت: "وەڵڵا ڕاست دەکەی حاجی، ئەمنیش فکرم بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو کارە لە جێی خۆی نەبێ، چونکە کوڕینە لێتان ناشارمەوە، ماشەڵڵا ئەو نەدیمە ناخێوێتە دڵم، خۆ چ خراپەی منیشی نییە، بەس ئەوەندەی دەکەم و دەیبەم عەقڵم ئەو کابرایەی ناگری".

فەقێ ئەحمەد وتی: " ئەگەر ئەو کچە پەندی پێ کرابێت، خوای ئەو لەسەر سەرانە و ڕۆژێک هەر ئاشکرای دەکات، جەماعەت با هەستین". هەموویان هەستان و بۆ ژووری میوانان چوونەوە.

زەینەدین، لەگەڵ قسەکانی ئەوان، زیاتر گومانی لێ پەیدا بوو و دڵی ئۆقرەی نەدەگرت. لە بەر خۆیەوە دەیگوت: "خودایە، ئەگەر کچەکەم بێ گوناه بووە و دەرۆێش بوختانی پێی کردووە، پەردە لەسەر ئەو ناهەقییە هەڵماڵی و هەموو شتێک ئاشکرا بکەی".

ڕۆژی دواتر، دەنگ و باسی ئەو ڕووداوە لە ئاوایی، لەم دەم بۆ ئەو دەم تەشەنەی کرد و بڵاو بووەوە. ژنان، لە ڕێی کانی حیکایەتەکەیان دەگێڕایەوە. هەر کەسە و هەندێکی بەسەرەوە دەنا. هەندێک پێیان وابوو، کچە، ئەو عەیبانەی نەبووە و ڕەنگە بوختانی پێ کرابێ. هەندێکی دیکەش، لەوانەی لەزەتیان لە بابەتی بە یەکگەیشتنی



نێر و مێ و دەست گەمە و خۆ پێک گەرم کردنەوە وەردەگرت، دەیانگوت:(دەڵێن هەموو شەوێ، ئەو پیاوە لە ژوانی چراخاندا بووە و تا بەیانی لەسەر سینگی دەستبازی کردووە)،. هەندێکی دیکە دەیان وت: (چراخان هەمیشە ڕەنگ زەرد و مەلوول دیار بوو، لەوانەیە بەدزی عاشق بووبێ). تاک تاکە لە ژنەکانیش ڕایان وابوو کە ئەوەندە لەسەری نەڕۆن باشە، چونکە چەندین ژن و کچی دیکە لەو ساڵانەی دوایی لەسەر ئەو مەسەلانە بەو سزایە گەیشتوون. ژن دەبێ ئاگای لە خۆی بێت، چونکە شەرەف ناموسی خێزان و عەشیرەتەکەیەتی و نابێ سەرشۆڕی بێنێتە سەر پیاوان و چاویان پێ شۆڕ کەن، ئەدی دایکم.

لە نێو پیاوانی گوندیش، هەندێک لەوەیان دەکۆڵییەوە، داخوا دەبێ ئەو جحێڵە کێ بێ کە پڕیداوەتە کچی زەینەدین. هەر یەکەو لە لای خۆیەوە گومانی لە یەکێک لە جحێڵەکانی ئاوایی دەکرد، هەر چەندە زۆربەی ئەو جحێڵانە، شتی نهێنییان لەگەڵ یەک نەبوو، چونکە هەموو شتێکیان بۆیەک دەگێڕایەوە. ئەگەر یەکێکیان لە شوێنێک کچێکی ماچ بکردایە، خۆی بە پاڵەوان دەهاتە بەرچاو. زۆر جار بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە پیاون و کچان حەزیان لێ دەکەن، چیرۆکی خەیاڵاوی دوور لە ڕاستییان لە مێشکی خۆیاندا دروست دەکرد و بۆ یەکدییان دەگێڕایەوە. ئەوەندە نەشئەیان لەو چیرۆکە دروستکراوانە، وەردەگرت کە بەخۆشیان باوەڕیان بە خۆیان دەکرد و لێیان دەبووە ڕووداوێکی ڕاستەقینە. شەوان وەک پاڵەوان بە دیار ئەو خەونانەوە ڕادەکشان.

کۆمەڵگایەکی سەیرە! لە گوندێکی سەد ماڵەییدا کە هەموویان خزمی یەک عەشیرەت و یەک خێڵ بوون، پیاوەکان بە خەیاڵ و بەڕاستی، لە هەموو کووچە و قوژبن و پەنایەکدا بە دوای ئەتککردنی شەرەف و ڕیسواکردنی خۆیان دەگەڕان کە لە ژندا بەرجەستە ببوو.. ژن، لەلایەک ئەو قەڵا گەورەیەیە کە هەموو پیاوێک لە ناو خێڵدا، ناتوانێ دەرگاکانی بکاتەوە.. ژن لە دنیای نهێنی و ناخی پیاوەکاندا، ئەو لەزەتە ئەفسووناوییە پڕ لە سیحرەیە کە پیاوان تەنها بۆ بەدەست هێنانی ئەو دەژین.. ژن، ئەو کائنە جوان و سەرنج ڕاکێشەیە کە مانا بە ژیان دەبەخشێ و بەبێ ئەو، ژیان واقیعێکی بەتاڵە.. ژن، ئەو کێڵگەیەیە کە ژیانی تێدا بەرهەم دێت و بەردەوامیی پێدەدا.. دواجار، ژن، ئەو بوونەوەرەیە کە پیاو لە ئاستیدا، ڕادەی

دەسەڵات و وجوودی خۆی پێ دەپێوێ. ئاخر سەیر لەوەدایە! لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، ئەگەر پیاوێک، ژنەکەی جوان و شۆخ و شەنگ بێت، لاف بەسەر ئەوانی دیکەدا لێ دەدا و وا لە خۆی دەگات کە ئەو پیاوترو لێوەشاوەترە. ئەمانە هەمووی لە واقیعدا، زاڵبوونی وجوودی ژنە، بەسەر مێشک و بونیادی پیاودا. بۆیە هەر پیاوێک ئەگەر بتوانێ، ژنێک ڕام بکات واتە دنیای بۆ خۆی بردووەتەوە.

بەڵام لە دنیای ئاشکرا و مێرخاسی پیاودا.. لە دنیای دەسەڵاتی هێز و عورفی خێڵدا.. ژن، ئەو بوونەوەرە زەعیفە پڕ لە عەیب و عارەیە کە بۆتە بارێکی قورس بەسەر ملی پیاوەکاندا.. ژن لە دنیای ڕووکەشانەی خێڵ و عەشیرەتدا، خاڵی هەرە لاوازی پیاوەکانە.. عەقڵی ژن، پڕە لە کەموکووڕی.. تەنانەت لە بەهەشتەکەی خوداوەندیشدا، ئەوە ژن بوو، تەگبیری خۆی لەگەڵ شەیتان کرد و پیاویان لەوێ قاو دا.. ژن، مایەی شەرمەزاری و لەدەستدانی شەرەفی پیاوەکانە.. شەرەفی پیاو لە نێو جەستەی ژندا حەشاردراوە، ئەویش، شەیتانئاسا، گەمەی خۆی پێیان دەکات.. بۆیە پێویستە ژن کۆت و بەند بکرێ و ڕێگەی پێ نەدرێ پیاوەکان خەجاڵەت بکا.

لەو کۆمەڵگا دواکەوتوو و سەرلێشێواوانەدا، پیاوەکان، ئاوا دووڕوون: لە ناخدا، بۆ ژن دەسووتێن و لە سەرەوەشدا، ژن دەسووتێنن!

زەینەدین، ڕۆژی دواتر لە ئامینەی پرسی: "ئەرێ ئامینە، پێم ناڵێی ئەو ڕووداوە چۆن بوو"

ئامینە ڕەنگی تێک چوو و وتی: " وەڵڵاهی پیاوەکە، ناتوانم خۆم لە خوای بکەم، ئەو شەوەی تۆ دەیڵێی، چراخان هەتا سبەینێ جێگەی خۆی بەجێ نەهێشتووە، بۆ چی بووە پیاوەکە"

زەینەدین وتی: " چراخانمان لەسەر کارێکی ئەوها کوشت".

ئامینە وتی: "وەڵڵاهی پیاوەکە، ئەمن ئەو کچەی تۆم خۆش نەدەویست، بەڵام خوا هەڵناگرێ بێ ناموس نەبوو. ئەمن هەر ئەوەندەی لێ دەزانم".

زەینەدین، لەگەڵ ئەو قسانەی ئامینە، زیاتر دەروونی تێک شکا و گومانی لە ڕاست و دروستی کارەکانی دەکرد. ئیتر لەو ڕۆژەوە، ئەو کابرایە تووشی ڕاڕایی بوو و لە مەجلیسان دوور دەکەوتەوە. بە هیچ شێوەیەک توخونی ناو مەجلیسی پیاوان



نەدەکەوت، نەبادا ئەو مەسەلەیە بێتە گۆڕێ و ڕووشکێنی بکەن. لەگەڵ ئەو هەموو گومان و شپڕزە دەروونییەشدا، قەت قەناعەتی نەدەچووە سەر ئەوەی کە دەروێش نەدیم درۆ بکات. بۆیە لەم نێوەندەدا تیامابوو و زۆربەی کاتەکان دۆش دادەما و لەفزی لە زاری نەدەهاتە دەرێ. جاروباریش چراخانی دەهاتە بەرچا کە چۆن هاوار دەکا و دەڵێ: " توخوا شاسوار مەمکوژە من بێ گوناهم!"

زەینەدین، لە دڵی خۆی بڕیاری دا، بە نهێنی تاقیبی ئەو مەسەلەیە بکات و ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان گەیشتە قەناعەت کە چراخان بوختانی پێ کراوە، تۆڵەکەی لە نەدیم بکاتەوە. بەڵام نابێ تا ئەو ڕۆژە هیچ بە سەر خۆی بێنێ و نەدیمی تووشی گومان بکات. وا باشترە جارێ لە ئاوایی ئاسایی بێت و هیچ کەس لەو ناڕەحەتییەی خۆی تێنەگەیەنێ.

## ١٥

چراخان، وردە وردە لەگەڵ ژیانی ئەو خێزانە میهرەبانە، ڕاهات و ڕۆژانە، وەک کچی ماڵەوە، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا و خەریکی پاککردنەوە و چێشت لێنان و ڕێکخستنی ناو ماڵ دەبوو. زۆر جاران سەعادەت خان پێی دەگوت: " یاخوا ئەمن چەند لێت ڕازیمە خودای گەورەش سەد ئەوەندە لێت ڕازی بێ".

سەعادەت، ئەوەندە هۆگری چراخان ببوو کە زەینی دەدایێ کچێکی هێمن و لەسەرەخۆ، پاک و خاوێن، کابانێکی بێ هاوتایە هەستی دەکرد لەوەتەی ئەو کچە، پێی ناوەتە ماڵەکەیان، ئەم حەساوەتەوە و کەشی ناو ماڵیان، ئارامتر لە جاران خۆی دەنوێنێ.

جارێکیان فەرهاد بە سەعادەتی وت: "ئەرێ ژنەکە، وا هەست دەکەم ئەو عەیامە ڕەنگ و ڕووت لە جاران خۆشترە و کەمتر باسی ئێش و ئازاری لەشت دەکەی، مەسەلە چییە"

سەعادەت لە وەڵامدا وتی: " لەوەتەی چراخان بووەتە کچە گەورەی ماڵەوە، بەڕاستی خەم لە هیچ شتێک ناخۆم و هیلاک و ماندووش نیم، بۆیە بەم شێوەیە دەمبینی. ئەرێ بەڕاست! بە نیازم لەمەودوا هەموو ئیش و کاری کابانێتیی تەسلیم

بکەم، ئەو خۆی چۆنی پێ باشە با ئەوها ماڵ هەڵسووڕێنێ، هیچ پێویستی بە ڕێنمایی من نییە، تۆ دەڵێی چی".

فەرهاد: "چۆنت پێ باشە وا بکە".

چراخان، لەو ماوەیەدا لە بارێکی دەروونی ئارامدا دەژیا و خەریک بوو زۆر لە دەردەسەرییەکانی خۆی لە بیر دەکرد. لە جاران بەهێزتر و ڕەنگ خۆشتر ببوو. جوانییەکەی بە ڕادەیەک دەدرەوشایەوە، هەموو جارێ سەعادەت پێی دەگوت: "کچم تۆ ئەوەندە جوانی، ژنانیش حەزت لێ دەکەن! یاخوا هەر ڕوو سوور بیت لە ژیاندا".

کچەکانی سەعادەت، لە سەرەتای هاتنی چراخان بۆ ماڵەکەیان زۆر دڵیان خۆش بوو، بەڵام کە هەستیان دەکرد خۆشەویستی دایک و باوکیان، بەشێکی ئەو بۆ خۆی زەوتی کردووە، پێیان وابوو ئەوە، لەسەر حسێبی ئەوانە. پاش ئەوەش، چونکە چراخان باڵا بەرزتر و شۆخ و شەنگتر بوو لەوان، ئیرەییان پێی دەهات و وایان دەزانی بازاڕی ئەوانی شکاندووە. کاتێک میوانێک، یان دراوسێیەکیان دەهاتنە ماڵیان، باسی جوانی چراخانیان دەکرد، ئەوان زگیان بۆ خۆیان دەسووتا و لە دڵی خۆیان دەیان وت: " دیارە ئێمە جوان نین، هەر چرا جوانە!". هەندێ جار غیرەیان لەوە دەکرد کە دایک و باوکیان کەمتر لە جاران، بایەخیان پێ دەدەن و ئەوەندە لێیان ناپرسنەوە، بۆیە جاروبار دەیانویست وا لە (چراخان) بگەیەن کە ئەو جێگەی بایەخی ئەمان نییە. ئێواران، یان خۆیان خەریکی خوێندن دەکرد یان دوو بە دوو لە ژوورەکەیان قسە و گفتوگۆیان دەکرد، بێ ئەوەی بواری ئەوە بڕەخسێنن چراخان بەشدارییان بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە چراخان خزمەتی ئەوانیشی دەکرد، ژوورەکەیانی جوان بۆ ڕێک دەخستن و پاشان لەبەر دایک و باوکیان، هیچ قسە و پلارێکی ناخۆشیان ئاراستەی چراخان نەدەکرد.

چراخان، هەستی دەکرد کە لەو ماوەیەی دواییدا، شەونم و شەوبۆ، وەک جاران نایەنە لای و سوعبەت و دەست گەمەی لەگەڵ ناکەن، بە تایبەتی شەونم کە هاوتەمەنی ئەم بوو. بەڵام ئەم، هێندەی ناخۆشی لە ژیانی چەشتبوو بەو شتانە، خۆی شێلوو نەدەکرد. دەیزانی لەو ماڵە، چۆن ئەو هاوسەنگییە دەپارێزێ و لە هەموو دژە کردارێک خۆی بە دوور دەگرت. بە پێچەوانەی ئەوە، جاروبار دەچووە ژوورەکەی



شەونم و دەستی لە ملی دەکرد و ماچی دەکرد و پاشان پێی دەگوت: " شەونم، بە خوشکی خۆتم قبووڵ دەکەی وانییە! دەبێ فێرە خوێندنم بکەی. تۆ ببە مامۆستای من، ئێ گیانەکەم. هەموو ئێواران دەرسێکم لە زمانی فارسی پێ بڵێ پاشان ڕۆژی دواتر لێم بپرسەوە، ئەگەر هەموویم ڕەوان نەکردبوو، سزام بدە، باشە شەونم گیان. تۆ مامۆستا و منیش خوێندکار". شەونمیش دەرگای بەزەیی لێ دەکردەوە، رق و ئیرەیی وەلا دەنا و توند لە ئامێزی دەگرت و یەکتریان ماچ دەکرد. ئا بەم جۆرە چراخان، هەر غەل و غەشێک کە لە دڵی ئەواندا هیلانەی دەکرد، بە دڵ گەورەیی و میهرەبانیی خۆی، پاکی و تەهارەتی پێ دەبەخشین و بەڕۆح لەگەڵ یەکتر ئاشت دەبوونەوە.

شەونم کە لە کلاسی نۆ بوو، چەند مانگێک بوو ساڵی خوێندن دەستی پێ کردبوو. چەند کتێبێکی ساکاری پەیدا کرد کە تایبەت بوون بە چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی. ئێدی لەو ڕۆژە بە دواوە، هەموو ئێواران، شەونم، دەرسێکی لە بابەتی ڕێزمانی فارسی و مانای چەند وشەیەکی فارسی بە چراخان دەگوت. چراخانیش، زۆر بە جددی و بایەخەوە گوێی لە وانەکان دەگرت و تێبینییەکانی لە دەفتەرێکی تایبەتدا تۆمار دەکرد. ڕۆژانە هەر کە خۆی بێ کار دەبینی، دەفتەرەکەی دەهێنا و هەموو وانەکانی ئەزبەر دەکرد.

کە سەعادەت زانی، چراخان بەو حەزە لەبن نەهاتووەوە دەیەوێ خەریکی خوێندن و نووسینی فارسی بێ، نەیدەهێشت لە ئیش و کاری ماڵەوە، زۆر هیلاک بێ و یارمەتی دەدا. چونکە سەعادەت سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی چراخان کچێکی چاپووک و خۆنەویستە، بەڵام جاروبار بە بیریدا دەهات کە ئەو کچە، خۆ کارەکەری ئەوان نییە! گوناحیان دەگاتێ ئەگەر بێ کەسیی ئەو بقۆزنەوە و هەمیشە خزمەتی خۆیانی پێ بکەن. پاشان بەخۆیشی ئەگەر هەر لە ماڵەوە هەر دابنیشێ و جوولەجوولێک نەکات، لەوانەیە بە چەند ساڵێکی دیکە جەستەی تەمبەڵ ببێ و دەیان نەخۆشی سەری تێنێن، بۆیە بۆ تەندروستی خۆی وا چاکە، هەندێک بجووڵێتەوە.

یەکێک لەو دەرسانەی کە شەونم ئامادەی کردبوو بە چراخانی بڵێ، ناوی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بوو. دەبوو لە سەرەوە پێداهاتبان تا دەگەنە بنی پێیان.

ئەوان پێشتر نەختێک شەرمیان لێک شکا بوو و لە جەستەی یەکتر ڕادەمان، بە تایبەتی لەو ڕۆژەوەی کە شەونم و چراخان بەیەکەوە چووبوونە گەرماوی نمرە. ئەو ڕۆژە لەوێ، هەر دووکیان پێکەوە لە یەک ژووردا خۆیان ڕووت کردەوە، پاشان لە تەک حەوزی ئاوەکە کەفاوێکی زۆریان لە خۆ هەڵسوی و بە نۆبەت یەکتریان دەشێلا و دەشۆری. شەونم، هەر چەند لە جەستەی چراخان ڕادەما، تابلۆی هونەرمەندە ناودارەکانی ئەوروپای دەهاتەوە بەرچاو. ئەو کاتەی کە سابوونیان لە جەستەی یەکتر دەدا، هەستیان بە لەزەتێکی خۆش دەکرد، بە تایبەت شەونم، حەزی دەکرد دەست لە سینە و مەمکی چراخان بدا و شەرمی چراخان بشکێنێ تا ئەویش ئەو هەستەی لەگەڵ بگۆڕێتەوە. بەڵام چراخان کە یەکەم جاری بوو لەگەڵ کچێکی جحێڵی وەک خۆی بە ڕووتی پێکەوە خۆی بشوات، ئەو قەت بۆی ڕێک نەکەوتبوو، جارێک لە جاران، تێر لە جەستەی خۆیشی ڕابمێنێ، چجای جەستەی یەکێکی دیکە. ئەو دیمەنە بۆ ئەم شتێکی نامۆ بوو ، بۆیە ئەوەندە شەرمی دەکرد، تا لە خۆ شۆرینیش بوونەوە ڕاستەوخۆ سەیری شەونمی نەکرد، تەنها بە دزە نیگا نەبێت. دەیزانی شەونم، بە ئەنقەست هەندێ ڕەفتاری ورووژێنەری لەگەڵ دەکات، وەک گوشینی سینە و شتی لەو بابەتە. شەونم بەو ڕەفتارانە توانیبووی کار لە چراخان بکات و جاروبار خۆی بۆ شل بکات، بەڵام لە هیکرا چراخان، لە خۆی تەریق بووەوە خۆی لەبەر دەستی دەرهێنا، هەڵستایەوە و پشتی تێی کرد و وتی: "کچێ شەونم، درەنگە با بچینەوە، ئاخر دادە سەعادەت لە چاوەڕێمانە، نەبادا دڵی پێمانەوە بێت".

شەونم، خشتەیەکی ئامادە کردبوو کە هەموو وشەکانی، لە ناوی ئەندامەکانی جەستەی ژن پێک هاتبوو و دەیگوت: "چراخان تۆ بە پێوە بوەستە، تا لەسەر جەستەی تۆ ناوی ئەندامەکانی جەستەت فێربیت، ئەو کاتە قەت لە بیرت ناچێتەوە". پێدا دەهات دەستی لەسەر سەری دانا، بە فارسی وتی: "ئەمە سەرە، ئەمە لووتە، ئەمە گوێیە، ئەمە چاوە" ئێدی بەم شێوەیە دەستی خستە سەر سینەی و وتی: "ئەمە سینەیە". چراخان دەبووایە جوولە نەکا و تەنها ناوەکان، لە دوای ئەودا بڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە شەرمان ئارەقەی دەکرد و لە ژێری ژێرەوەش، زۆری پێ ناخۆش نەبوو. ئیتر بەو شێوەیە تا گەیشتنە پێیەکانی، پاشان هەمووی لە دەفتەرەکە تۆمار کرد.



ئەو دەمەی باوکی شەونم پێی زانی کە ئێواران، چراخان، سەعاتێک لەلای شەونمی کچی دەرس دەخوێنێ و خەریکە خۆی فێری خوێندنەوە و نووسینی فارسی دەکات، بانگی چراخانی کرد و وتی: "کچم ئەگەر حەزت لە خوێندنە دەتنێرینە مەدرەسە، تۆ تا چەندت خوێندووە".

چراخان: " لە پۆلی سێی ناوەندی دەریان هێنام کە دەکاتە کلاسی نۆ".

باوکی شەونم: " کەواتە تۆ بە قەد مینای برازامت خوێندووە، ئەویش پارەکە لە لای ئێمە بوو. کە کلاسی هەشتی تەواو کرد، لەبەر ئەوەی زۆر زیرەک نەبوو، باوکی بردیەوە گوندی و بۆوە کچی ماڵێ. کچم، ئەگەر حەزت لە خوێندنە، بەڕێوەبەری پەروەردەی شار، دۆست و ناسیاوی خۆمانە و باوکی ئەو (کاک سەعید)ە، بۆنگایەکەی نزیک ئێمەیە لە بازاڕ. بەیانی، لەگەڵ ئەو دەچینە لای بەڕێوەبەر بزانین چۆن دەبێت".

چراخان: " بەخوا مامە، ئەگەر بمنێریتە بەر خوێندن، بێ شک دەچیتە بەهەشتێ، ئەوەندەم حەز لە خوێندنە!".

چراخان، ئەو شەوە لە کەیفان و لە خۆشی ئەوەی دەچێتەوە خوێندن، خەوی لێ نەدەکەوت لەبەر خۆیەوە دەیگوت: " ئەگەر بچمەوە قوتابخانە، شەرت بێ هەموو ڕۆژێ پاش ڕەوانکردنی دەرسەکانم تا پێم بکرێ لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ماڵەوە یارمەتی سەعادەت خان بدەم". ئەم، لە دڵی خۆیدا لە نازۆکی و تەمبەڵی شەونم و شەوبۆ ڕازی نەبوو کە جگە لە دەرسەکانیان، داریان لەسەر بەردی دانەدەنا و هەموو ئیش و کارەکانی ماڵەوە لە ملی دایکیان بوو.

کاک فەرهاد، ڕۆژی دواتر سەردانی کاک سەعیدی لە بۆنگاکەی کرد و لەبارەی ئەو مەسەلەوە قسەی لەگەڵ کرد. ئەویش زۆری پێ باش بوو، هەر ئەو دەمە پێکەوە چوونە فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە. کە گەیشتنە ئەوێ و بەڕێوەبەر چاوی پێیان کەوت لە شوێنی خۆی هەڵسا و فەرمووی لێ کردن. پاش کەمێک دانیشتن، کاک فەرهاد داواکارییەکەی خستە بەردەم بەڕێوەبەر.

بەڕێوەبەر وتی: " بەسەر چاو مام فەرهاد، چی لە دەستمان بێ بۆتی دەکەم،. ئەرێ بەڕاست، ئەدی کچە برازاکەت چی بەسەر هات،، دەڵێی وازی لە خوێندن هێناوە".

مام فەرهاد: " ئەرێ وەڵڵا، پارەکە وازی هێنا. کە گەیشتە کلاسی نۆ باوکی دەری هێنا، چونکێ دایکی نەخۆش بوو و لە ماڵەوە پێویستییان پێی هەبوو".

لەگەڵ ئەو قسانە، بەڕێوەبەر بیرۆکەیەکی بە مێشکیدا هات و سەیرێکی باوکی و مام فەرهادی کرد، پاشان وتی: "چارەسەرم دۆزیەوە".

مام فەرهاد وتی: " چۆن"

بەڕێوەبەر: "خۆ مینا ناگەڕێتەوە خوێندن وانییە"

مام فەرهاد: " نەخێر تازە ناگەڕێتەوە خوێندن".

بەڕێوەبەر: " ئێ دە زۆر چاکە، هەر بە ناوی مینا فەرمانی بۆ دەردەکەم کە مینا ئیسماعیل دەگەڕێتەوە خوێندن. ئەگەر ئێوە ڕازی بن و ئەم نهێنییە بپارێزن، با بێ هەر بە ناوی برازاکەت درێژە بە خوێندن بدات باش نییە".

مام فەرهاد: " بە ڕاستی تەگبیرێکی چاکە، جا با پێتان بڵێم ئەو کچە، لەگەڵ مینای برازام، ئەوەندە پێک دەچن کەس لێکیان ناکاتەوە، تەنانەت دایک و باوکی میناش لێیان تێک دەچێت، کامە مینایە و کامە چراخانە".

بەڕێوەبەر: " دە باشە ئەمڕۆ لە ماڵەوە قسەی خۆتان بکەن، بەیانی وەرەوە لام هەموو کارەکانت بۆ جێبەجێ دەکەم، وەک ئەوەی من هەر نەمزانیبێت کە ئەو کچە مینای ڕاستەقینە نییە. ئەو کاتە خۆتان لە خۆتانی تێک مەدەن و ئەو نهێنییە ئاشکرا مەکەن. چونکە نابێت، نە دەوڵەت و نە کەسی دیکەش بەمە بزانێ، وانییە باوکە"

کاک سەعید: " چارەسەرێکی باشت بۆیان دۆزییەوە کوڕم، بەڵام کاک فەرهاد هەر لە ئێستاوە وا دانێ کە ئێمە بەو شتەی نازانین، چاکە براکەم".

مام فەرهاد: " خەمتان نەبێ، ئەو کچە هەر برازاکەی خۆمە و کەسێکی دیکە نییە، بەڵام دەبێ نەقڵی مەدرەسەکەی شەونمی بکەیت، چونکە لە قوتابخانەکەی پێشتر نەوەک هەست بکەن کە ئەوە مینا نییە".

بەڕێوەبەر: " ڕاست دەکەی، نەقڵی بکەین باشترە".

هەستان و خواحافیزییان کرد و ڕۆیشتن. مام فەرهاد ئێواری پاش نان خواردن بانگی سەعادەت و هەر سێ کچەکەی کرد و وتی: " ئەمڕۆکە چوومە لای بەڕێوەبەری



پەروەردە بۆ مەسەلەی چراخان، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە چراخان هەر بە ناوی مینا بچێتەوە خوێندن، ئەویش کە باوکی دەری هێنا گەیشتبووە کلاسی نۆ. بەڵام لێرەدا شتێک هەیە، دەبێ ئەو مەسەلەیە لای کەس باس نەکەن. لەمەودواش (چراخان) دەبێتە (مینا). نابێت کەسمان لەمەودوا بە چراخان بانگی بکەین، چونکە ئەگەر دەوڵەت پێ بزانێ ئەوە مینا نییە، تووشی سەرئێشەیەکی زۆر دەبین. سەبارەت بە پەروەردەش، ئەوان لەو شتەی ناکۆڵنەوە. بەیانی نووسراوی بۆ دەکەن و بۆ قوتابخانەکەی شەونم دەیگوازنەوە. کە سمایلی براشم بە سەردان هاتە ئێرە، من خۆم ئەوەی تێدەگەینم، ئەویش حەتمەن پێی ناخۆش نییە، چونکە چراخانی زۆر خۆش دەوێ و میناش بە تەمای شارو خوێندن نییە".

چراخان وتی: " کەواتە مامە فەرهاد، لەمەودوا من (مینا)م جا هەر کەسێک، بانگم بکا چراخان. وەڵامی نادەمەوە، چونکە چراخان مردووە". لەگەڵ ئەو قسەیە نەختێک پێکەنی و ئەوانیش بەهەمان شێوە. بەڵام ئەم، یەکسەر چراخانی مردووی ماڵە بابی هاتەوە بیر و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا.

چراخان، زۆر جار دەهاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە هۆکاری سەرگەردان بوونی خۆی، بۆ مام فەرهاد و سەعادەت خان بگێڕێتەوە. ئەو ڕۆژەی کە ئەم بە تەواوی ناوی گۆڕا بۆ مینا، بڕیاری دا، نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ ئەوان ئاشکرا بکات. ڕۆژی دواتر کە مام فەرهاد هاتەوە، بە کەیفێکی خۆش وتی: "مینا بەیانی خۆت ئامادە بکە بۆ قوتابخانە".

مینا لە مامی نزیک بۆوە و زۆر سوپاسی کرد، پاشان وتی: "مامە لە مێژە هەندێک شتم لە مێشکدایە، دەمەوێ بە تۆ و دادە سەعادەتی بڵێم، ئەویش نهێنی هۆکاری سەرهەڵگرتنی خۆمە کە ناکرێ هەتا هەتایە لە ئێوەی بشارمەوە. چونکە ئێوە ئێستا لە شوێنی دایک و باوکی منن، ئیتر چۆن دەبێت ڕەگوڕیشەی من نەزانن".

مام فەرهاد وتی: " کەیفی تۆیە کچەکەم، ئەگەر تۆ خۆت گەرەکتە پێمان بڵێی باشە، ئەگەرنا ئێمە، هەرگیز داوات لێ ناکەین بۆمان باس بکەی، چونکە تۆ ئەمڕۆکە پێویستت بە ئێمەیە".

مینا: " زۆر چاکە لە ئێستا باشتر نییە، وا بانگی دادە سەعادەتیش دەکەم".

مینا چوو بانگی سەعادەت خانی کرد و پێی وت: "سەعادەت خان وەرە لای مامە فەرهاد، من هەندێک قسەم بۆ هەردووکتان هەیە بۆتانی دەکەم".

مینا دەستی بە قسان کرد و، کورتەیەکی لە ژیانی ماڵەکەیان و کڵۆڵی خۆی باس کرد، پاشان هاتە سەر ئەو رووداوەی کە بە هۆیەوە سەرگەردان بووە. مام فەرهاد و سەعادەت زۆر بە حەپەساوی گوێیان لە قسە کاریگەر و دروستەکانی مینا گرت. کە لە قسەکانی بۆوە مام فەرهاد یەکسەر لە شوێنی خۆی هەستا و دەستی بەسەر میٓنادا هێنا و نێوچەوانی ماچ کرد، پاشان وتی: "ئای لەو زوڵمە گەورەیەی کە لە تۆیان کردووە. ئافەرین کچی بەستەزمان، ئەوە چۆن بەرگەی ئەو هەموو خەم و خەفەت و ستەمەت گرتووە! خۆ کەم پیاو هەیە بتوانێ خۆی لەبەر ئەو گرفتانە بگرێ کە تۆ پێیدا تێپەڕیوی".

سەعادەت وتی: " جا کچم خۆ تۆ هیچت نەکردووە هەتا ئەو هەموو پەندەت پێ بکەن، ئای لەو باوکە دڵ ڕەق و بێڕەحمەی کە تۆ هەتبووە".

مام فەرهاد دووبارە هاتەوە سەر قسە کردن و وتی: "خۆ ئێمە، چەند ڕۆژێک پاش هاتنە ئێرەی تۆ، هەستمان دەکرد کە تۆ لە دەست زوڵم ڕات کردووە، بەڵام ئافەرین بۆ برایەکەت و ئەو کەسەی کە تۆیان ڕزگار کرد. ئێمە لێرەوە دەزانین کە لەودیو، ژن، لەسەر خۆشەویستی و شتی زۆر ئاسایی دەکوژرێت. بەڵام خۆ تۆ ئەوەشت نەکردووە". پاشان ڕیتمی قسەکانی گۆڕی و وتی: "تازە تۆ لەوێ مردووی و بە کەڵکی ئەودیو نایەی، تەنها کەسێک ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دواتدا بگەڕێت برایەکەتە، ئەو وەختەش گەر زانیمان شتێکی وا هەیە و دڵنیا بووین برای تۆیە ئەوە دەتوانن لە ماڵی ئێمە بە یەکدی شادببنەوە کە لەمەودوا ماڵی تۆشە. ئێستا چراخان پێم بڵێ، دوێنێ کە وتم، تۆ لەمەودوا مینای، تۆش وتت چراخان مردووە، پاشان هەناسەیەکی ساردت هەڵکێشا، لەبەر ئەو ڕووداوە نەبوو"

مینا وتی: " ڕاستە مامە ئەو دەم ئەوەم هاتەوە بیر کە ئێوە نەتاندەزانی، بەڵام ئەدی نەمانوت لەمەو دوا من مینام، چراخان لە بیر خۆمان ببەینەوە".

مام فەرهاد: " بەڕاستی تۆ ژیری، شتت لێ ڕەت نابێ، کارەکەشمان بەوە چاکە".

ئەوان هەردووکیان عاقڵی و ژیری ئەو کچە، زیاتر سەرنجی ڕاکێشان چونکێ



پێشتر قەت بواری ئەوەی نەبووە کە قسەیان بۆ بکات. مام فەرهاد وتی: "دە کەواتە مینا خان ئێستا چاک دەزانین تۆ، چەند بێ کەسی و ئەرکی ئێمەش چییە، بەڵام لە بیرتان نەچێت ئەو مەسەلانە نابێت کەس پێی بزانێت". ئێدی لەو ڕۆژەوە چراخان لەوێش مرد و میناخان جێگەی گرتەوە.

١٦

لەو سێ مانگەی ڕابردوودا، (مینا) بە هۆی هەوڵدان و پرسیار کردن، شارەزاییەکی تەواوی لە شێوە زاری ئەوێ و زمانی فارسیدا پەیدا کرد. کە کەوتەوە بەر خوێندن، لە قوتابخانەدا کەم قسەی دەکرد و بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، بۆ ئەوەی کەسێک لە هاوڕێ و مامۆستاکانی، گومانی ئەوەی لێ نەکەن کە خەڵکی ئەوێ نییە و کوردی عیراقە. دەرسەکانی هەمووی ئەزبەر و ڕەوان دەکرد و لە ماڵەوە لەبەردەم شەونم دا دەیگوتنەوە، هەتا هەناسە و زمانی لەگەڵ ڕستە و وشەکان ڕابێنێت. بەهۆی بەهرەداری خۆیەوە توانی لە ماوەیەکی پێوانەییدا، سەرنجی مامۆستاکان بۆ خۆی ڕاکێشێ و وەک خوێندکارێکی ڕەوشت بەرز و زیرەک بیناسن. جارێکیان لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە بە شەونمیان وتبوو کە (مینا)ی کچە مامی زۆر زیرەکە و ڕەنگە بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ، بەیەکەم دەربچێت. لە ماڵەوەش، مینا ئازا و کابان بوو. هەموو ڕۆژێک لە دوای بەجێهێنانی ئەرکی قوتابخانە، خۆی هەڵدەکرد و یارمەتییەکی باشی سەعادەت خانی دەدا. شەونم و شەوبۆ، پێشتر داریان لەسەر بەردی دانەدەنا، بەڵام کە دەیانبینی مینا بەو بارە دەروونییەی خۆیەوە، سەرەڕای ئەوەی لە خوێندنیش لەوان زیرەکترە، هەموو ڕۆژێک وەک ڕاپەراندنی ئەرکی سەرشانی خۆی، چوست و چالاک و بە بێدەنگی بە نێو ئەو ماڵەدا کار دەکات و هەڵیان دەبژێرێ و ڕێکیان دەخات. ئەم ڕەوشتە جوان و لە خۆ بووردەیییەی مینا، وای لە شەونم و شەوبۆ کرد کە ئەوانیش جاروبار، ئەگەر بە نابەدڵیش بێت، هەندێ ئیش و کاری سووکی ماڵەوە ڕاپەڕێنن. سەعادەت، گەلێ جار لە لای باوکی شەونم دەیگوت: "دەزانی چییە پیاوەکە. لەوەتەی ئەو کچە پێی ناوەتە ماڵەکەمان، هەست دەکەم خۆشی لە ماڵەکەمان دەبارێ. خۆ لێ ناگەڕێ خۆم ماندوو بکەم. دەڵێی پەلیکە، ئەو ماڵە هەڵدەسووڕێنێ. سەرەڕای ئەوەش، ئیشەکانی لە خاوێنی و

ڕێکوپێکیدا، پڕ بە دڵی منە".

فەرهادیش زۆر دڵی بەو قسانە خۆش بوو و وتی: " وا هەست دەکەم، شەونم و شەوبۆش، ئێستا لەبەر ئەو، زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن".

سەعادەت خان: " ئەرێ وەڵا، بەڵام وەک مینا، لە ئیش و کار ناوەشێنەوە".

فەرهاد لەکاتی گەنجێتیدا زۆر حەزی لە خوێندنەوە و ئەدەبیاتی فارسی بوو، لەو سەردەمە چەندین کتێبی پەیدا کردبوو و کتێبخانەیەکی بچووکی لە ماڵەوە هەبوو، بەڵام کە چووە ناو ساڵ و کێشەی بەخێوکردنی خێزانی کەوتە ئەستۆ، ئەو سەلیقەیەی جارانی نەما، مەگەر جاروبار وەک یادکردنەوەیەک، کتێبێک دەست بداتێ و چەند لاپەڕەیەکی لێ بخوێنێتەوە. دیوانی شیعری هەموو شاعیرە کلاسیکییە ناودارەکانی ئێرانی، وەک حافز و سەعدی و فیردەوسی هەبوو. چەندین ڕۆمانی جیهانی وەرگێڕدراوی سەر زمانی فارسی هەبوو وەک ڕۆمانەکانی دوستۆفسکی و تۆلستۆی و گارسیا مارکیز و هی تر. جگە لەمانە چەند کتێب و نامیلکەیەکی بە زمانی کوردی هەبوو کە هەندێکیان لە کوردستانی عیراق چاپ کرابوون، هەندێکیش هەر لەوێ.

مینا، لە سەرەتای دەست بە خوێندن کردنی، زۆر حەزی دەکرد کۆمەڵە شیعری (عەبدوڵا پەشێو) ،(شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم ڕۆژ نییە لێتان تووڕە نەبم) بخوێنێتەوە کە ناونیشانەکەی دەخوێندەوە، بەلای خۆیەوە، دەربڕینی ژیانی ئەمی لەخۆ گرتبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: منیش وامە، بۆ ماڵە باوک و ئاواییەکەم!

مینا لەگەڵ بەڕێکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵ، زۆر شتی نێو ژیانی خۆی، هی ساڵانی پێشووی لە بیر دەچوونەوە، بەڵام ڕووداوە کارەساتبارەکان، هەمیشە لەگەڵی دەژیان و زۆر جار شەوان لە نێو جێگەدا بیری لە هۆکارەکانیان دەکردەوە. ئێستاش لە سایەی بێ دەنگی و نەرم و نیانی و هەڵسوکەوتی جوانی لە باوەشی گەرمی خێزانێکی میهرەباندا، ساڵێکی بە سەردا تێنەپەڕیوە، دەبینێ کە مام فەرهاد و سەعادەت خان، لە هەموو کێشە و گرفتێکی گەورە و بچووک کە دەهاتە پێشیان، پرسی پێ دەکەن و وەک خەمخۆرێکی خێزانەکەیان حسێبی بۆ دەکەن.

مینا، ئەوەندە برسی دایک بوو کە دەیبینی سەعادەت خان ڕەحمی کەوتۆتە سەری



عوبێد مەجید (٦)

و وەک دایکێکی دڵسۆز و میهرەبان، نازی هەڵدەگرێ لە خۆشییان زۆر جار سەعادەتی لە باوەشی خۆی دەگرت و ئەملا و ئەو لای ماچ دەکرد و دەیگوت: "خودایە ئەو دایکە میهرەبانەم هەر تەمەنی درێژ بێ".

ئەم ڕەفتارەی مینا، تەواو ڕەنگدانەوەی هەست و نەستی ناوەوەی خۆی بوو. شەونم و شەوبۆ زۆر شت لە مینا فێر دەبوون، لە بابەتی کۆڵنەدان و خۆڕاگری مرۆڤ لە نێو زەحمەتییەکانی ژیان. ئەوان پێشتر وایان دەزانی کە ژیان و ژیاریی شتێکی هەر وا ئاسانە و گرفتی تێدا نییە.

مینا، لە شێوە و ڕەنگ و ڕوخساریشدا ڕۆژ بە ڕۆژ دەگەشایەوە. ئارامیی و گەرمیی ئەو ماڵە لە چەشنی گوڵ ئەمیان پەروەردە دەکرد. جوانییەکەی ئەوەندە سەرنج ڕاکێش ببوو دەتگوت فریشتەیە و لە ئاسمانەوە بە ئیجازە هاتۆتە سەر زەمین. سەعادەت خان هەموو جارێ پێی دەگوت: " مینا گیان، لە ڕێگە و باناندا، دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بیت کچەکەم، زۆر دەترسم جوانییەکەت بەڵایەکت بۆ دروست بکات".بە کچەکانیشی دەگوت: " کە بە ڕێگەدا دەڕۆن بۆ قوتابخانە، نەکەن مینا بە تەنها جێ بهێڵن".

مینا، لە ژیانی خۆیدا کەم وابووە لەگەڵ پیاوی خەڵک قسان بکا و باسی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان بکات، چونکە لە ئاواییەکەی خۆیان و لە داب و نەریتی عەشیرەتەکەیان، نەدەبوو کچان لەگەڵ پیاوی خەڵک قسە بکەن و ڕووی خۆیان نیشانی ئەوان بدەن، ئەگەرنا ئەوە بە تاوانێکی گەورە حسێبی بۆ دەکرا بە تایبەتی بۆ ئەم.

لێرەش، ئەو کەس ناناسێ. کە جاروباریش ڕووبەڕووی پیاوێکی ناسیاوی ماڵی مام فەرهاد دەبووەوە، بە شەرمەوە قسەی لەگەڵ دەکردن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم، لە ناخەوە حەزی دەکرد لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆیدا قسە بکا و باس لە ورد و درشتەکانی ژیان بکەن. حەزی دەکرد کەسێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر، بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە لە ژن بڕوانێ و قسانی بۆ بکات. کوڕێک بێت بڕوای بە ژن هەبێت وەک مرۆڤ، نەک هەر حەزی لە جەستە و ئەندامی لەشی مێینە بێت. ئاخر، لە دەڤەر و ئاواییەکەی ئەمان، پیاوان بۆنی نێو دەمی ژن دەکەن تا ئەگەر بۆنی ماچ و

خۆشەویستی لێهات، بیکوژن. ئەم جۆرە پیاوانە لە بیریان چووە کە ئەوانیش، لە نێو ڕەحمی ژندا هاتوونەتە وجوود. ئەوەندە گەمژە و نەفامن وا دەزانن ئەوان هەر لە ئەوەلەوە بە نێرێتی لە ئاسمانەوە باریون!

مینا کەسێکی ژیر و هێمن بوو، لەبارەی ژیان زۆر بە خێرایی شتان فێر دەبوو و بەردەوام گۆڕان بەسەر بۆچوونەکانیدا دەهات. ئەو لە ماڵەوە زۆر ڕێزی مام فەرهادی دەگرت و شەرمی لێی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی کە پیاوێکی دنیا دیدە و پڕ ئەزموونە و خوێندەوارە. زۆر جار لە بارەی کێشە سیاسییەکان و دۆزی کوردستان و مێژووی کورد، پرسیاری لێ دەکرد. مام فەرهادیش، شەونم و شەوبۆی بانگ دەکرد و لە وەڵامی پرسیارەکانی مینادا قسەی بۆ هەرسێکیان دەکرد. پاشان بە کچەکانی خۆی دەگوت: " ئایا ئێوە دەزانن کە هەر کەسێک ئەگەر پرسیاری لە ژیان نەبێ هیچ فێر نابێ ئایا؟ دەزانن پرسیار کردن، هۆکاری گەشە کردنی عەقڵ و بەدوا گەڕانی شتە نەزانراوەکانە؟ ئایا دەزانن کە پرسیارکردن باشترین هۆیە بۆ بە چالاککردنی مێشک و پاشان پەیداکردنی زانیاریی؟ کچەکانم، پێم خۆشە ئێوەش وەک مینا، هەوڵ بدەن و بیربکەنەوە و پرسیار بکەن، چونکە نەزانین عەیبێکی گەورەیە و پرسیار کردنیش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە تێدەگا و دەیەوێ لە دەریای جەهلدا خۆی دەرباز بکات".

## ١٧

بۆ ساڵرۆژی لەدایکبوونی (ڕابەر)ی کوڕی، ناسری برای سەعادەت خان، داوەتی کۆمەڵێک خانەوادەی کرد. خانەوادەی فەرهاد یەکێ بوون لەو ماڵە خزمانە کە دەبوو لە داوەتەکە ئامادەبن. خانەوادەیەکی دیکە لەوانەی کە بانگهێشت کرابوون، ماڵی کاک (ڕەحمان عەلی) پێنجوینی بوو. ئەوان لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە ئاوارەی ئەوێ ببوون. (بەختیار ڕەحمان) ئەوسا کە لە تەمەنی بیست وسێ ساڵیدا بوو و کوڕێکی ڕۆشنبیر و هێمن و لەسەرەخۆ بوو. لەشاری ورمێ لە دانشگا بەشی زمانی ئینگلیزی دەیخوێند. ماڵی کاک ڕەحمان و مام فەرهاد دۆستایەتییان بەهێز بوو. کۆبوونەوەی ئەو چەند خانەوادەیە بۆ ئاهەنگێکی خێزانی بۆ مینا شتێکی خۆش و تازە بوو، چونکە لەلایەک ئەو جۆرە یادکردنەوەیە لە ئاواییەکەی ئەماندا نەبوو،



لەلایەکی دیکە بە هۆی ئەو ئاهەنگە خێزانییەوە کۆمەڵێک خەڵک دەناسێ.

لەبەر چاوی مینا، بەشداربووەکان هەموویان کراوە و بێ فەرق بوون و هەستت نەدەکرد لە نێو ژن و پیاوەکاندا کەسێکی دڵ پیس و دەروون ڕەشی تێدا بێت. کچ و کوڕەکان ئاسایی لەگەڵ یەکتر دەدوان و باسی ژیان و سەرقاڵبوونی خۆیان بۆ یەکدی دەکرد. ئەو شەوە مینا، بە جل و بەرگی تازەوە، شۆخ و شەنگییەکەی سەرنجی هەمووانی ڕاکێشابوو. بۆ هەر لایەک دەچوو، چاوەکان بەدوای ئەمەوە بوون. هەندێک لە ئامادەبووان، ئەوانەی کە سمایلی برای کاک فەرهادیان دەناسی دەیانوت: "ماشەڵڵا کاک فەرهاد، مینا ڕووی سووربێ زۆر جوان بووە".

میناش چاک دەیزانی، نیگا و پرسیارەکان بەدوای ئەمدا دەگەڕێن، بۆیێ وای پێ باش بوو لە تەنیشت سەعادەت خان دانیشێ و زۆر ئەملاو ئەولا نەکات.

(بەختیار)، ئەو شەوە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە خۆی لە بیر دەکرد و بێ دەستی خۆی چاوی لەسەر مینا هەڵنەدەگرت. هەستی دەکرد کە هێزێکی شاراوە ڕۆحی ئەم، بۆ لای کچە ڕادەکێشێ. بەختیار پێشتر قەت پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هیچ کچێک گرێ نەدابوو و کەسیشی بە دڵدا نەچووبوو، بەڵام ئەو شەوە هەموو گیانی لەگەڵ جوانی و شۆخی ئەو کچەدا هاتە لەرزین. دەیویست فرسەتێک وەربگرێ و لە سەعادەت خان بپرسێ: داخوا ئەو کچە کێیە.

ئەو دەمەی سەعادەت خان لە شوێنی خۆی هەڵسا و بۆ لای پیاوەکان هات، بەختیار ئەم هەلەی قۆستەوەو چووە پێش سەعادەت خان و وتی: "سەعادەت خان چۆنی چاکی"

سەعادەت: " سەلامەت بیت بەختیار ئەدی تۆ چۆنی".

بەختیار: " ئەرێ سەعادەت خان پرسیارێکم هەیە، ئەو کچە چی ئێوەیە".

سەعادەت: " برازای باوکی شەونمە، بۆ نازانی، ناوی مینایە".

بەختیار: " بەڕاستی مەراقم بوو بزانم، چونکە نەمدەزانی کچی ئاوا نازدار لەو شارە هەیە!"

سەعادەت: " ئەوجا خۆ هێشتا عەقڵی لە شێوەی جوانترە! (بە زەردەخەنەوە)".

سەعادەت بۆ لای ژنەکانی ئەولاتر ڕۆیشت و میناش بە دوایدا چوو، پاشان بە سەعادەتی وت: "ئەرێ دادە سەعادەت، ئەو کوڕە کێ بوو، قسەی لەگەڵ تۆ دەکرد. هەر زەینی لە سەر من بوو دەترسام بمناسێت!"

سەعادەتیش بە دزی پێی وت: " ئەوە ناوی بەختیارە، کوڕێکی چاک و عاقڵە، ئەویش بە ئەسڵ کوردی عیراقە، هی لای پێنجوێنە".

بەختیار، پاش گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە، بیر و هۆشی هەر لای مینا بوو. خۆشەویستییەک لە ناخیدا چرۆی دەکرد و تێکەڵ بە خوێنی دەبوو. نەیدەتوانی بێجگە لە جوانی و خۆنواندنی مینا، بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە بە تایبەتی کە دوا قسەی سەعادەتی دەهاتەوە بیر کە وتی: ئەو کچە، هێشتا عەقڵی لە شێوەی جوانترە!.

بەختیار خۆی بە کەسێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو دەزانی. سەبارەت بە ژیان و مافی ژنان و کێشە کۆمەلایەتییەکان، بیر و باوەڕێکی کراوەی هەبوو. هیچ ئاسەواری توند و تیژی و هەڵچوونی پێوە دیار نەبوو، بەڵکو مرۆڤێکی نەرم و لەسەرەخۆ و پشوو درێژ بوو. لە ناو هاوڕێکانیدا ڕێزێکی تایبەتی هەبوو. هەمیشە خەریکی خوێندنەوەو خۆ پێگەیاندن بوو. پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا پەیوەندییەکی ئاسایی و لەسەر بناغەی ڕێزگرتن و هاوبیری بوو. حەزی دەکرد برادەری تەمەندار و ڕۆشنبیری هەبێ بۆ ئەوەی شتیان لێ فێر بێت.. لە ماڵەوەش کتێبخانەیەکی خنجیلانەی هەبوو و بەردەوام بەدوای کتێبی باش و بە کەڵک دەگەڕا. هەندێک لە هاوڕێکانی یارمەتییان دەدا و کتێبیان بۆ پەیدا دەکرد. تا ئەو کاتە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هیچ کچێک نەبوو. لەوە دەچوو هیچ کچێک سەرنجی ئەمیان ڕانەکێشابێت.

ماڵی کاک فەرهاد، دوا خێزان بوون کە ئەو شەوە گەڕانەوە ماڵی خۆیان کە گەیشتنە جێ سەعادەت وتی: "دەستم لەسەر دڵم بوو، خودایە ئەوە چی بوو. ئەو ژن و کچانە ئەوەندە بە مینا سەرسام ببوون، بە نۆرە لێیان دەپرسیم: ئەو کچە هی ئێوەیە. یان کچی شووبراکەی لادێتانە. خودایە بە گوناهی نەنووسی، ئەو شەو هەر پێم کرایە درۆیان بکەم". دوای ئەوە هەر خۆی وتی: "جا بۆ درۆم کردووە، بە خوا هەم



کچی خۆمانەو هەم کچی شووبراکەشمە، ئەرێ وانییە باوکی شەونم"

فەرهاد: " بەڵێ وایە، بەخوا دەنا پیاوەکانیش، بەبێ ئەوەی قسە بکەن، سەرنجیان هەر لەسەر مینا بوو. بە دزی دیقەتیان دەدایێ، بەڵام ئەوان گومانیان نەبوو کە مینا برازامە، چونکە یەک دوانێکیان دیار بوو هەڵیاندایێ و وتیان: شوکر برازاکەت ڕووی سوور بێت، کچێکی شۆخ و شەنگە".

شەونمیش وتی: "وەڵڵا مینا، ئەم شەوە شەوی تۆ بوو، کچەکانی هاوڕێم تووشی ئیرەیی ببوون. دیار بوو حەسادەتیان بە جوانییەکەی تۆ دەهات. دەیانوت، شەوقی لە هەمووان بڕیوە. دەبینن کەس سەیری ئێمە ناکات!".

سەعادەت: "دە پێم بڵێ مینا گیان، تۆ سەرنجت لەسەر ئەو دۆست و خزمانەی ئێمە چۆنە"

مینا: "بە خوا دادە سەعادەت، چیت لێ بشارمەوە. من، ئەوە یەکەم جارمە لە ئاهەنگێکی خێزانداری پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی بەشداری بکەم. یەکەم جارە، بێ ئەوەی چاوی هیچ ڕەقیبێکم لەسەر بێت، بە دڵنیایی وەخت بەسەر ببەم. بەڕاستی من لە ژیانمدا زۆر ڕەشبین ببووم تا ئەو وەختەی ئێوە باوەشتان بۆ کردمەوە. ئێستا زانیم کە مرۆڤی میهرەبان و بە ویژدان و دڵگەورە لە کۆمەڵگای ئێمەش زۆرن. من هەر چەندە ئەو خەڵکانەم پێشتر نەدیبوو و نەختێک شەرمم دەکرد، بەڵام لە ناخدا ئاسوودە و بەختەوەر بووم کە چەند جارێک لە خۆشییاندا قوڕگم پڕ لە گریان دەبوو. ئێستا زگم بە دەستە خوشک و کچەکانی ئاوایی خۆمان دەسووتێت کە دەڵێی ئەسیرن لە بەر دەستی باوک و براکانیان. ئەو بەدبەختانە خۆ ناوێرن لە پێستی خۆیاندا بجوولێنەوە. چەند خۆشە ئاوا کەس و کار و خزم لەگەڵ یەکدی بێ فەرق بن و خاتری یەکترییان بوێ. بەڵام دادە سەعادەت، بەخوا بە دەست خۆم نییە لە هەموو کەس زیاتر سەبرم بە تۆ دێت، حەز دەکەم هەمیشە لە تەنیشت تۆوە بم، بۆیە لەوێش تۆ بۆ هەر کوێیەک دەچووی بێ دەستی خۆم بە دوات دەکەوتم. نازانم هۆیەکەی چییە! ئاخر، ئەمن دایکم نەبووە نازم بکێشێ و پێم بڵێ: گیانەکەم، ڕۆحەکەم، بە قوربان. من وامدەزانی لەو دنیایە تەنها قسەی توند و تیژ و بێ ڕێز و ناخۆش هەیە بۆیە ئێستا وا هەست دەکەم لە خۆشترین ساتەکانی ژیانی خۆمدا دەژیم".

سەعادەت: " دەزانم کچم، دەزانم!"

مینا ئەو شەوە لە نێو جێگەدا، درەنگ خەوی لێ کەوت. دیمەنی ئاهەنگە خێزانییەکەی لە بەرچاو بوو. کۆمەڵێک پرسیار لە هزریدا سەریان هەڵدا. لەلای خۆیەوە ئیرەیی بە ژیانی ئەو خێزانە ئاسوودانە و بە ژیانی سەربەستانەی ئەو کچانە دەبرد کە لەوێ بینیبووی. ئەو دەیزانی لە کوردستانی ئێران، خەڵک سەربەست نییە و ژنەکان بەبێ ئیرادەی خۆیان دەبێ حیجاب بپۆشن. لە ڕێگاوبانان دەبێت زۆر ئاگاداری خۆیان بن. دەرکی بەوە کردبوو کە ژن، لەوێش چەوساندنەوەی لەسەرە، بە تایبەتی لە ناو خێزانە هەژارەکانی شار و لە لادێیەکاندا. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەودیودا، جیاوازییەکی زۆر هەیە. لێرە ژن، ئەوەندە بوختانی بۆ هەڵنابەسترێ و لەسەر خۆشەویستیش ناکوژرێ. تەنانەت بە کارێکی زۆر نائاسایی حسێب ناکرێت. لە ئاواییەکەی باو و باپیرانیدا وەختێ کە کچێک دەکەوێتە خۆشەویستی کوڕێکەوە، چاک دەزانێ کە سەرەنجام بە کوشتنی خۆی کۆتایی دێت. بەڵام لێرە وەک دەیبیستێ چەندین کچ بە دڵی خۆیان شوو دەکەن. ئەگەر باوکیان یان کەسێکیان بەو شووکردنە ڕازی نەبن ئەوا کچە لەگەڵ کوڕە بڕیاری خۆیان دەدەن و پاشان لە بەرامبەر شتێکی کەمدا هەموو لەگەڵ یەک ئاشت دەبنەوە. دوای ئەوەش، ئەو ژنانە کەس بە چاوی سووک سەیریان ناکەن. لێرە ژن بە ژنەو گەورە بە گچکەو شیربایی و خوێندان و هەتککردن نییە، ئەگەر هەشبێت لەبەر کەمی کەس پێی نازانێ. بەڕاستی ئێرە و ئەوێ زۆر جیاوازە. کاک فریاد چاکی تێگەیشتبوو کە دەیگوت: جیاوازییەکەیان بریتییە لە جیاوازی شارستانیەتی ئێرانی و داب و نەریتی خێڵە عەرەبەکانی لای خۆمان کە تا ئەو دەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان هی زەمانی جاهیلین و لەسەر بنەمای ژن بە کەمزانین و توند و تیژی و خوێن دامەزراوە و کوردەواری لای خۆشمان لە کۆنەوە لێیان وەرگرتوونە.

مینا، هەر لە سەرەتای باڵغ بوونی، عەقڵی بەر لە جەستەی پێ دەگەیی!. زوو هەستی بەوە کرد کە جەستەی مرۆڤ، شتێکی پیرۆزەو پێویستە لە بەهاکەی کەم نەکرێتەوە. نابێ ئینسان بە دوای هەوەس و ئارەزووی بکەوێ و بە سووک و ئاسانی جەستەی خۆی تەسلیم بە ڕەگەزی بەرامبەر بکات، چونکێ ئەو هەوەس و ئارەزووانە



زوو دەپووکێنەوە. پێی وابوو کە دەبێ ئینسان بە دوای خۆشەویستی و بەهای مرۆڤانەو هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ڕێز لێکگرتن و لێکبووردن بکەوێ..مینا، لەم بیر و بۆچوونانەوە سەیری کوڕانی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی جوانی و شۆخ و شەنگییەکەی، دڵی دەیان کەس دادەخورپێنێ و سەرنج و نیگای ئەوانی دەخوێندەوە کە چەند موبتەلای جەستەی ئەمن!

مینا حەزی دەکرد بزانێ، ئەو کوڕەی کە ئەو شەوە قسەی لەگەڵ سەعادەت دەکرد و لەبارەی ئەم پرسیاری دەکرد کێیە و چی پرسیوە. بەڵام نەیدەویست ڕاست و ڕەوان ئەو پرسیارە لە سەعادەت بکات، نەبادا گومانی ئەوەی لێ بکات کە دڵی بەو کوڕەدا چووە، بۆیە دەبوو زۆر زیرەکانە ئەو قسانە لە سەعادەت دەربێنێ. ئەم، هەستی بەوە کردبوو کە ئەو کوڕە لە سایەی کاریگەری جوانییەکەیدا هانای بۆ سەعادەت بردووە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: خۆ ئەو بەختیارە لە شێوەدا کوڕێکی ڕێکوپێک دیار بوو، پاشان کوردی عیراقە، خۆ ئەگەر کوڕێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر بێت دەشێ پەیوەندیمان هەبێت. بەڵام کێ ناڵێ ئەو کوڕە تەنها لە تەماحی لەش و لارم دەستەمۆم ناکا و نامخەڵەتێنێ. نا ئەمە کارێکە لە من ناوەشێتەوە، پێویستە زۆر وریابم، دڵم دەڵێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کوڕە، لە ڕێگایەک لە شوێنێک دێتەوە دیدەنیم، ئەوساکە هەر قسان بکا لە نییەتی دەگەم!

## ١٨

زەینەدین، ماوەیەک پاش هاتنەوەی لە سەفەری حەج، هەستی دەکرد کە خەڵکی ئاوایی وەک جاران لێی ناچنە پێش. لە پاش ملەش دەیبیست کە خزمەکانی لۆمەی دەکەن، چونکە بە قسەی نەدیم و ئامینەی ژنی، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی هەبێ، کچە بێ گوناح و جوانکیلەکەی خۆی کوشتووە.

نەدیمیش کە بەردەوام بە دەست تاوانەکانی خۆیدا دەتلایەوە، ڕووی ئەوەی نەبوو بێتە ناو مەجلیسان و لەگەڵ زەینەدینش دۆستایەتییەکەیان ڕووی لە ساردی بوو. لە دوای ئەم ڕووداوە، نەجیبەش لە ماڵەکەی خۆیان لەلایەن هەوێ و مێردەکەی سەرکۆنە دەکرا و بە تەواوی خۆشی لە ژیانیدا باری کردبوو. نەجیبە کە هەواڵی کوشتنی

چراخانی بیست لێی مسۆگەر بوو کە خوشکە عاقڵ و بێدەنگەکەی بوختانی پێکراوە. ئەو لە هەموو کەس زیاتر تاڵاوی دەستی باوکە نەزانەکەی چەشتبوو و لە پاش کارەساتەکەی چراخانیش، ئەوەی قەدر و قیمەت بوو نەیمابوو. هەر چەند ڕۆژ جارێک بە بێ هۆ، مێردەکەی دەستی دەدایە دارو جوێن بارانی دەکرد و هەموو جەستەی شەلاڵی خوێن دەکرد. ئازار و ئەشکەنجەکانی ژیانی لەوەدا نەبوو بە هیچ کەس هەڵبگیرێ. تاقە کەسێکی نەبوو پشتی بگرێ و لەسەری بێتە دەنگ، هەر بۆیە نەجیبە کە دوو منداڵی سەرکە و بنکەشی هەبوو، بڕیاری دا خۆی لەو ژیانە ڕزگار بکات.

چوار مانگ پاش نەمانی چراخان. چلەی زستان بوو، نەجیبە دەبەیەک نەوتی هێناو لە ژوورە تەسک و تریسک و بێ نازەکەی خۆی، لەو کاتەی کە منداڵەکانی لە حەوشەی ماڵەوە بوون، دەرگای ژوورەکەی داخست و نەوتەکەی بە خۆی و شتومەکەکانیدا کرد. ئاگری بەردایە جەستەی خۆی. هەتا خەڵکی ماڵەوەیان پێیان زانی ئاگر هەموو ژوورەکەی داگرت. دەیان کەس لە خەڵکی ئاوایی هەوڵیان دەدا بە ئاو پێداکردن ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەڵام چارەی نەبوو، چونکە نەجیبە دەرگای ژوورەکەی داخستبوو. ئەو وەختەی خەڵکەکە دەرگایان شکاند و ئاگرەکە نەختێک کپ بووەوە، کار لە کار ترازابوو. نەجیبە بریتی بوو لە چەنگێک خۆڵەمێش.

خەڵکی ئاوایی بە نەهامەتییەکانی ژیانی نەجیبەیان دەزانی، هەموو پێیان وابوو کە بە ویستی خۆی ئاگری لە خۆی بەرداوە و لە دەست زوڵم و ستەمی ماڵە باب و ماڵە مێرد خۆی ڕزگار کردووە. لە کاتی شاردنەوەی تەرمەکەی خەبەر گەیشتە ماڵی زەینەدین و ئەوانیش بە هەڵەداوان هاتن. کە زەینەدین گەیشتە سەر گۆڕستانەکە، خەریکی پڕ کردنەوەی گۆڕەکە بوون. پاشان مەلا هات و تەلقینی دا. زەینەدین لە کاتی تەلقینەکەی مەلا، خەیاڵێکی بۆ هات: ئاخۆ دەبێ نەجیبە کە زیندوو بووەوە، لەسەر چی حسێبی لەگەڵ بکەن! خۆ من هەر لەسەر دنیا، بە ڕێنمایی نەدیم ڕەوانی دۆزەخمان کردبوو. مێردەکەشی هەموو ڕۆژێک ئاگری دۆزەخەکەی گڕدارتر دەکرد. ئیتر لە دوای ئازار پێگەیاندنی ئێمە لەسەر دنیا، دەبێ لە دنیای ئەودیویش حاڵی نەجیبە هەر دۆزەخ و ئاگر بێت!



زەینەدین لە دوای کوشتنی چراخان و خۆ سووتاندنی نەجیبە، ئاگری نا ئومێدی لە ناخیدا هەڵی کرد و ئیدی لەو ڕۆژەوە پێکەنینی تەرک کرد. نەدیمی لێ ببووە دوژمن. بەڵام ئەم حەقیقەتانە هەر لە ناخدا ئەمیان دەخوارد و لەسەرڕا قەت پەشیمانی خۆی دەرنەدەبڕی، هەر چەندە بە دەموچاویەوە دیار بوو کە پەشیمانە. ڕۆژێک دوای مردنی نەجیبە، خەبەریان دایە شاسوار کە نەجیبەی خوشکی بە کارەساتی خۆ سووتاندن مردووە. شاسوار پێشبینی کارێکی وای دەکرد، چونکێ دەیزانی خوشکەکەی لە ماڵە مێردی چی پێ دەکەن. لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە خۆی تێک نەدا، بەڵام بڕیاری دا کە هاتوچۆی ماڵی باوکی و خزمانی ئاوایی تەرک بکات، بۆیە بۆ تازیەی نەجیبەش نەچوو و داوای لەو کەسە کرد کە خەبەرەکەی پێدابوو کە لە گەڕانەوەیدا، بڵێ شاسوار سەفەری بەغدای کردووە لە ماڵێ نەبووە.

حەفتەیەک لە دوای مردنی نەجیبە، شەوێکیان زەینەدین لە خەونیدا گەڕابۆوە ڕۆژگاری زوو. ئەو کاتەی ماڵ و منداڵێکی خنجیلانە و ژنێکی کابان و میهرەبانی هەبوو. لەو خەوەدا، دنیا سەرەتای وەرزی بەهار بوو، کەش و هەوا سازگار و نەختێ سارد بوو. بەیانی بوو زەینەدین، لەپاش نوێژکردن بە دیار سۆبەکەوە دانیشتبوو و دایکی منداڵەکانیش خەریکی نانکردن بوو. هەردوو کچە چاوگەشەکانی (نەجیبە و چراخان) لە خەو هەڵسابوون هەریەکەیان سەری بە لاڕانێکی باوکیان کردبوو و قسەیان لەگەڵ دەکرد، چراخان دەیگوت: "باوکە منت خۆشتر دەوێ یان نەجیبە".

باوکیشی وەڵامی دەدایەوە کە هەردووکیان بە قەد هەر دوو چاوەکانی خۆشدەوێ یەکێکیان چاوی ڕاستەیەتی ئەوی دیش چاوی چەپەیە.

ئەو جارە نەجیبە دەیپرسی: " ئەدی باوکە گیان کامەمان چاوی ڕاستەیە و کامەمان هی چەپەیە"

باوکەش دەیگوت: " تۆ لەلای ڕاستەمی، کەواتە چاوی لای ڕاستەمی و چراش لەلای چەپەوەیە، کەواتە چاوی چەپەمە".

لەو وەختەدا ئامینە بە پێوە و بە دەنگێکی بەرز و پڕ لە غەزەب بانگی کرد و بەپێی ڕاستەش لە بن پێی زەینەدینی دەدا و دەیگوت: "دە هەستە زەینەدین هەستە، تەماشاکە خەوی چەند خۆشە. لە ئێوارەوە تا سبەینێ وەک تەڕک دەکەوێ و خەونی

شیرین دەبینێ، دە هەستە درەنگە، هەی پیری بێ عەمەل".

زەینەدین وەختێک لەگەڵ دەنگ و ڕاچەنینەکانی ئامینە بە خەبەر هات و چاوی کردەوە بینی ژنەکەی بە دەموچاوی ترشاوییەوە لەسەر سەری وەستاوە و زۆر بێزڕێزانە لێی دەخوڕێ. کە خەونەکەی بیرهاتەوە ئاخێکی هەڵکێشا و لە خەیاڵی خۆیدا وتی: ئاخ کە خوا لێی گۆڕیم. بەبێ عەقڵی و نەفامی خۆم و تەگبیری بەدکاران، ئەو ژیانە خۆشەم لە خۆم کردە دۆزەخ. دەبێ خودا لە تۆڵەی دایکی شاسوار و هەر دوو کچەکەم چیم بەسەر بێنێ. ئای لەو هەموو غەدرەی کە لەوانم کرد، بەبێ ئەوەی عەیبێکیان هەبێ. تۆ سەیرکە! شاسواریش ئێرەی لەبەر چاو ڕەش بووە. خوا بمگرێ، ناچارم کرد ئەو خوشکە نازدارەی بکوژێت. ئەوەی ئەمنی بەو ڕێگایە چەوتانەدا برد، ئەو دەروێشە بێ ئیمانە بوو. سەرەڕای ئەو خەمانەش، ئەو کچەتیمە چەند بێزڕێزە لە سەرم وەستاوە، بەخوای دەزانم لە حەژمەتی چی لێم داخدارە. خۆ ئەویش بە سەرێک هەقیەتی، گەنجەو خورتە، هەموو شەوێک پێویستی بە پیاوە، ئەمنیش بە ساڵدا چوومە و لە خەفەتی ئەو دنیایە، فکرم هەر لەسەر ژن نەماوە. ئەوە بۆ مانگێک دەچێ هەر پشتی تێدەکەم. هۆیەکەشی ئەوەیە چم پێ نەماوە. بەو تێهەڵدان و قسە ناخۆشانەی ڕازیم ئەگەر لە ژێرەوە کەس بە خۆی فێر نەکات. بەڵام بە خوای وام لێ هاتووە کەریش بە حەچەم ناڕوا.

ئامینە کە دەیبینی زەینەدین، چی پێنەماوە و لەمەودوا لە چێژی ژن و مێردایەتی بێ بەش دەبێ، وردە وردە ڕەزای زەینەدین لەبەر چاوانیدا گران دەبوو. پێی وابوو، شایەنی ئەوە نییە خزمەتی بکا و لە دەوری بسووڕێ. ئاخر خۆشی ژیانی ژن و مێرد، لە کاری شەو و نێو جێگەدایە کە ئەوە نەما، ئیتر پەیوەندییەکانی دیکەش لاواز و بێ مانا دەبن.

ئامینە تازە تەمەنی لە بیست و چوار ساڵە و لە هەرەتی هێزی و هەڵچوونی سێکسیدایە و زەینەدینیش خەریکە چک دەکا و ماوە ماوە پیاوەتییەکەی بە جێی دێڵێ.

چەند مانگێک ئامینە، ئاوا شەوانە بە بێ ناز ڕۆژی دەکردەوە. زۆر جار بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر پیاوێکی نەهێنی هەڵگری چەنگ کەوێ، خۆی لەبەر دەکا و



کەفوکوڵی خۆی پێ دادەمرکێنی. بەڵام پیاوەکانی ئاوایی بە لێکدانەوەی ئەم، هیچیان بەکەڵکی ئەوە نەدەهاتن، چونکی ناسیاو بوون و نهێنییان نەدەپاراست.

ڕۆژێکیان پاش عەسرێکی درەنگ، یەکێ لە مامۆستاکانی گوندی کە بە ئەسڵ خەڵکی ئەو دەڤەرە نەبوو، ماوەی چەند ساڵێک بوو بە مامۆستا دامەزرابوو و هێشتا ژنی نەهێنابوو. ئەو مامۆستایە، بە کارێکی پێویست دەچێتە ماڵی زەینەدین. کە لە دەرگای حەوشە دەچێتە ژوورێ دەڵێ: "مام زەینەدین، لە ماڵەوەی"

لەو دەمەدا ئامینە لە ژوورێ دێتە دەر و دەبینێ مامۆستا، خەریکە دەگاتە بەر دەرگای ژوورێ. ئەویش فەرمووی لێ دەکا و دەڵێ: "دە وەرە ژوورێ مامۆستا خۆ زەینەدین ماڵەکەی لەگەڵ خۆی نەبردووە، وەرە دانیشە ئێستا بانگی دەکەمەوە".

مامۆستاکەش بەبێ غەرەز دەچێتە ژوورێ و دادەنیشێ لە چاوەڕوانی ئەوەی بانگی زەینەدینی بۆ بکەنەوە. ئامینە کە خۆی بە تەنیا لەگەڵ پیاوێکی جوان و گەنج دەبینێ و خەڵکی گوندەکەی خۆشیان نییە، یەکسەر هەوەس و حەزی جوتبوون، سواری ملی دەبێت و دەرگای ژوورەکەی دادەخات. بە مامۆستاکە دەڵێ: "یاخوا بە خێر بێی، با پێت بڵێم، زەینەدین لە ماڵەوە نییە، ئەگەر کارێکی وام لەگەڵ نەکەی، هەر ئێستا لێت لە هەڵڵا دەدەم و هەموو پیاوانی گوندیت بەسەر وەردەکەم، جا پیاوی چاک بە و بێ ئەملاو ئەولا کردن پیاوەتی خۆتم بۆ دەرخە".

مامۆستا یەکسەر زانی بە داوەوە بووە و ئەگەر بە ئارەزووی ئامینە ڕەفتار نەکات، خراتر لە پاشتر. بۆیە وتی: "جا ئامینە خان چیت لە من دەوێ فەرموو".

ئامینەش یەکسەر دۆشەکێکی ڕاخست و جلەکانی لەبەر خۆی داکەناند و وتی: "وەرە بزانم داخوا تۆ چۆن پیاوێکی!"

مامۆستا کە چاوی بە جەستەی ڕووت و سیحراوی ئامینە کەوت، حەزەکانی بزووتن و هەوەسی جووتبوون بە سەریدا زاڵ بوو. ئامینەی خورت و حەزفرۆشی، لە باوەش گرت و لەسەر دۆشەکەکە پاڵی خست! ئەوەندەی نەبرد، هەردووکیان نوقمی لەزەتێکی خۆش بوون و لە ناخدا تێکەڵ بە یەکتری بوون. بە چەند چرکەساتێک، هێرشی ئارەزوو و هەوەسیان بە لووتکە گەیشت.

ئامینەی تەریفە، یەکەم جاری بوو ئاوا لە ناخدا بورووژێ و لەزەت لە پیاو بکات.

له دوای دامرکانەوەی گڕی مێیەتی، بە پەلە هەستا جلەکانی لەبەر کرد، پاشان ڕووی لە مامۆستا کرد و وتی: "یاخوا بەخێر بێی سەر چاوانم، توخوا زوو زوو سەر لە مامی خۆت بدە". مامۆستاش بە پەلە خۆی پێچایەوە و لە دەرگا چووە دەرێ و ڕۆیشت. هەتا ئەو مامۆستایە لەو دێیە بوو. جار بە جار سەردانی دەکردن.

## ١٩

مینا هەموو ڕۆژێ لەگەڵ شەونم و شەوبۆ، پێکەوە دەچوونە قوتابخانە. لەڕێگەی ڕۆیشتنیان بۆ دەوام، لەسەر دیواری کووچەو کۆڵانەکان و لە خیابان و سەر دیواری تەلار و ئاپارتمانەکانی ناو شاردا دەیان دروشمی جۆرا و جۆریان دەبینی کە بە خەتی پان و شکاوە، باسیان لە جەنگ و ماڵوێرانی دەکرد. لەسەرە فلکە و پێچەکانی نێو خیابانەکاندا، لەسەر پارچە قوماشی درێژ دروشمی لە بابەتی (جنگ جنگ تا پیروزی) نووسرا بوو. مینا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: لەم وولاتەدا تەنها لە چوارچێوەی حەوش و ماڵەکاندا، ژیان جوانە و واتایەکی هەیە کە هاتیتە دەرەوە، وا دەزانی ژیان بریتییە لە جەنگ و خوێن. هەموو ئەو دروشمانە، کارەسات و ماڵوێرانییان لێ دەبارێ. ئەو وڵاتە لە دەرەوەڕا، بەرگی ماتەمینی پۆشیوە. خۆ هیچ کەسێک نابینی، بزەی لەسەر لێوان بێت. لە هیچ شوێنێک گوێبیستی گۆرانی و مۆسیقا نابیت. دەبێ هەمیشە ئاگاداری ئەوە بیت کە بەسیجەکان لە بارێکی پێچەوانەی شەریعەتی خۆیان، نەتبینن، ئەگینا، لە ژێر ناوی پاراستنی حورمەتی ژنان، گەورەترین بێ حورمەتی بە ژنان دەکەن. دەڵێن لە شار و لادێی ئەم وڵاتە، چەندین ژن و کچ، لەبەر چاوی خەڵکانێکی زۆر، بە قامچی شەریعەتی ئەوان، مارکوژ کراوە و ناشرینترین سووکایەتییان پێ کراوە، هەر لەبەر ئەوەی، خۆی لەبیر کردووەو سەربەستانە جووڵاوەتەوە.

لە شارەکانی کوردستانیش، خەڵکی هیچ دەسەڵاتێکیان نییە. کە لە ماڵە داخراوەکەی دێتە دەر، خاوەنداریێتی هەموو شتێک لە دەست دەدات و تەنانەت خودی خۆشی. ناو جەرگەی شار و سەر خیابانەکان بە پاسدار و بەسیج تەنراون. ئەرکی ئەوانە، چاوەدێری جوولانەوەی خەڵکی ڕەسەنی شارەکەیە و لەگەڵ بچووکترین گومان لە ڕەفتاریان، قۆڵبەستیان دەکەن و ڕقی ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی و



مەزهەبپەرستییان پێ دەردەکەن. یەکێک لە دروشمەکانی سەر دیواری قوتابخانەکان دروشمی (ما با کرد نەمیجەنگیم، ما با کفر میجەنگیم) بوو. باشە ئەگەر خەڵکی سوننە مەزهەبیی ئەم شارە، بە کافر نازانن، ئەدی لەو دروشمە مەبەستیان کێیە. ئاخر کوا کافر لە کوردستان هەیە!؟

مینا زۆر جار لەگەڵ مام فەرهاد، قسەی لەو بابەتەی گوێ لێ دەبوو کە وەزعی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دوای هاتنی مەلایەکان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات چۆنە و ڕژێمی ئیسلامی لەگەڵ ڕووی دەرەوەی شتەکان هەڵسوکەوت دەکات، بەتایبەتی بەرامبەر بە ژنان، ئاوڕ لە ناوەڕۆک و ناخی شتەکان ناداتەوە. ئەو سیستەمە ئیسلامییە بەزۆر حیجاب بە ژنان دەپۆشن و حەقیان بەوە نییە کە داخوا ژنەکان لە ڕەوشت و ناخی خۆیاندا چ ڕەفتارێک هەڵدەبژێرن. ئەوانە دەیانەوێ، ژنان قژیان دیار نەبێ و لە ڕووکاردا ڕووپۆشبن، بەڵام لەوە ناپێچنەوە داخوا ئەو ژنانە لە هزر و عەقڵیاندا، لە ناخیاندا بڕوایان بە چییەو چۆن ڕەفتار دەکەن. هەر دەڵێی نازانن کە پەروەردگار، لەگەڵ ناخی مرۆڤەکان دەدوێ، نەک لەگەڵ ڕووی دەرەوەیان!

مینا لە ماڵەوەدا، ئاسایی نوێژەکانی دەکرد و ئەو ئیلتیزامەی بە جوانی جێبەجێ دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نمایشەی وەک نەریتێک دەهاتە بەرچاو کە خەڵکانی کورد بێ تێگەیشتن، وەک لاساییکردنەوە ئەنجامی دەدەن! زۆربەی ئەو خەڵکەی نوێژ دەکەن لە واتای ئەو وشانە ناگەن کە بە زمانی عەرەبی دەیخوێنن. پاشان ئەم، زۆر جار بیری دەکردەوە: خۆ نەدیم، شەو و ڕۆژ باسی ڕۆژوو و نوێژ و زەکاتی دەکرد، کەچی ئەو خۆ هەڵواسینەی ئەو بە ئایین، نەبووە پەرژینێک بۆ ئەوەی لە ڕەفتارە بۆگەن و گڵاوەکانی بیپارێزن. ئەگەر دینداری خەڵک وەک باوکی بێت کە لە ماڵی خوا هاتەوە، بە بێ لێپێچانەوە بڕیاری کۆتایی ژیانی ئەمی دا، دەبێ ئاکامی مرۆڤایەتی بە چی بگات! ئەگەر ڕاستە دینداری وا لە مرۆڤ دەکات کە لە پاکی و ڕەوشتی چاک نزیک بێتەوە، ئەدی بۆچی ئەو ئیماندارانە ئەو کارەساتەیان بەسەر ئەمدا هێنا خۆ هیچ گوناهێکی نەبوو!

مینا، بە کارێکی چاکی نەدەزانی، لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەری بە قووڵی بچێتە ناو ئەو بابەتە هەستیارانە. چونکە دەیبینی کە هەموو خەڵکی کۆمەڵگا نوێژ دەکەن،

کەواتە دەبێ ئەمیش بیکات وەک ئەوان. وەلێ لە ڕاستیدا ئەم لە ناخدا وەک چۆن گومانی لە هەموو شتێک هەبوو ئاواش گومانی لە ڕاستی و دروستی ئەو جۆرە دیندارییە سەرکەشییە هەبوو. کە دەیبینی ئەگەر یەکێک سایڵی خەڵکەکەی دیکە نوێژ نەکات، چۆن کۆمەڵگا بە گشتی بە چاوێکی سووک لێی دەڕوانێ، وەک ئەوەی حەقێکی گشتیی خواردبێت، هەموو لێی دێنە دەنگ و ناو و ناتۆرەی خراپی لێ دەنێن.

مینا لەم بارەیەوە ناهەقی نەبوو، ئاخر لە باوەڕ و عەقیدەی ساکارانەی کوردەواریدا، دین و دینداری بابەتی قسە لەسەرکردن نییە و ئەوەی لە مێشکی ئەواندا پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە و لەسەری دەڕۆن، شتێکی ڕەهایە و قسە هەڵناگرێ. هەر بۆیە هەموو مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایە تووشی دووڕوویی بوونە و لە هەڵسوکەوتیاندا درۆ لەگەڵ ناخی خۆیاندا دەکەن. چونکێ هەموویان وەک مینا، گەرای گومان لە مێشک و ناخیاندا هەیە، بەڵام جورئەت ناکەن و ناوێرن و لە کەسێکیش ڕانابینن باسی ئەو گومانانەیان لەگەڵ بکەن. ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ژیان و ئەو ڕووداوە دەروونهەژێنەی کە لە ماڵە باواندا بەسەر ئەودا هاتبوون، ببوونە پەرچە کردارێک کە گەرای ڕۆحییەتێکی یاخیی لە ناخ و هەستەوەرەکانیدا چاندبوو.

مینا ئێستا، وردە وردە عەقڵی کامڵ دەبێ و لە نهێنی گرێیە ئاڵۆزەکان دەگات. هەموو ڕۆژێک، دەرسێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤەکان فێر دەبێ. هەنووکە دنیا بە چەشنێکی دیکە دەبینێت. دەزانێ کە ئەوە خودی نەدیم و زەینەدینی باوکی نەبوون کە بێویژدانییان لە بەرامبەریدا دەکرد، بەڵکو ئەوان وەک ئەکتەرێک ئەو ئەرکەیان جێبەجێ دەکرد کە بیروباوەڕی کۆمەڵگە لێی داوا دەکردن.

مینا دەبووایە ئاگاداری ئەوەش بێت کە ئەو خەڵکانەی لەگەڵیان دەژی و باوەشیان بۆ کردۆتەوە، بە بیر و بۆچوونە تازەکانی نەزانن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم، ئێستا کۆمەڵێک هاوڕێی ڕۆشنبیر و بیرکراوەی هەیە کە لە مێژە بەو ڕاستییانە گەیشتوون، بۆیە هەمیشە تەتەڵەی بیر و بۆچوونەکانی لەلای ئەوان دەکرد و خۆی بەو زانیارییانە دەوڵەمەند دەکرد. چونکە ئەوەی لەلا ڕوون بوو کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەگەر کچێکی گەنج، هەڵگری ئەو بیروباوەڕانە بێت، زۆر گران لەسەری دەوەستێ و دەبێت



باجەکەی بدات. ئاخر قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی وادا بۆ ژن قەدەغەیە و تەنها پیاوەکان ئەو حەقەیان هەیە بچنە نێو لێکدانەوەی ئەم بابەتانە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکە ئەو بیروباوەڕانەی لە مێشکی ئەمدا چەکەرەیان کردبوو بۆ پیاوەکانیش هەر قەدەغە بوون چ جای ژنەکان. لێرەوە مینا تێگەیشت کە هەڵگرانی بیری تازە و پێشکەوتوو، ئەوانەی بە جۆرێکی تر بیر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوە، لەلای ئەوان، مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا هەموویان وەک یەکن. ئەو جۆرە کەسانە ژمارەیان زۆر کەمە و هەمیشە تەنهان، دەبێ هەر لە نێوان خۆیاندا، دوور لە گوێ و مێشکی کۆمەڵگا ئاڵوێری زانیارییەکانیان بکەن، ئەگەرنا لێیان قبووڵ ناکرێ.

ڕۆژێکیان مینا، زوو لە قوتابخانە گەڕایەوە ماڵ. لەگەڵ سەعادەت خان، خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوون. لە هیکڕا سەعادەت پێی وت: "ئەرێ مینا گیان، بەڕاست. ئەو کوڕەی کە لە ماڵی (ناسر)ی برام، پرسیاری تۆی لە من کرد، لە بیرتە. ناوی (بەختیار) بوو. دوێنێ لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بوو، لە سەر خیابانەکەی ئەو دیو بینیم، پاش چاک و چۆنی، دیسان لە تۆی پرسی، دیار بوو تازە لە ورمێ هاتبۆوە".

مینا وتی: " بەڵێ لە بیرمە کە وتت، ئەو بە ئەسڵ کوردی عیراقە، ئێ ئەوجا چی بووە خۆ من نایناسم".

سەعادەت خان: " دەزانم تۆ نایناسی، بەڵام ئەوەندەی من هەستم پێ کردبێت، ئەو کوڕە تۆی بە دڵدا چووە. چونکە پێیەوە دیار بوو، هەر لەگەڵ ناو هێنانی تۆدا، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و بە شەرمەوە داوای لێ کردم کە داخوا مەبەستم چی بووە کە ئەو شەوە، پێم وتبوو: ئەو کچە، عەقڵی جوانترە لە شێوەی. با بەڕاستی پێت بڵێم کە ئەو کوڕە حەز دەکات لە نزیکەوە قسەت لەگەڵ بکات".

مینا: " باشە ئەوجا دایکان قبووڵ دەکەن، کچەکانیان لەگەڵ کوڕی خەڵکی قسان بکەن. پاشان خۆ من ئەو بەختیارە ناناسم و نازانم چ کارەیە و لە ڕووی ئەخلاق و ڕەوشتەوە چۆنە".

سەعادەت: " با پێت بڵێم، من حەز ناکەم و پێشم ناخۆشە کوڕانی خەڵکی دەستیان بە کچەکانم گەرم بکەنەوە و پاشان ناویان بزڕێنن بە تایبەتی بۆ تۆ پێویستە زیاتر ئاگادارت بین، چونکە هەم کچمانی و هەم ئەمانەتیشی. بەڵام

مەسەلەکە لەگەڵ ئەو بەختیارە جیاوازە، چونکە ئەو کوڕە بە ئەخلاقە و شارەزاییمان پێی هەیە. ئەوە چەندین ساڵە هاتوچۆی ئێمە دەکات، تاکو ئێستا، شتێکی هەڵەمان لێ نەدیوە. پاش ئەوەش کوڕێکی ڕۆشنبیر و بە لێکدانەوەیە و حسێب بۆ هەموو شتێک دەکات. ئەو شەرەف و ناموسی ئێمە بە هی خۆی دەزانێ".

مینا: " ئەدی خوێندەواری چۆنە و چەندی خوێندووە".

سەعادەت: "ئەم ساڵ دانشگا تەواو دەکات، وا بزانم لە بەشی زمانی ئینگلیزی دەخوێنێ. خۆی کوڕێکی زیرەک بوو لە خوێندن".

مینا: " باشە ئێستا دایە گیان پێم بڵێ، مەبەستت لە مەدحی ئەو کوڕە چییە، حەز دەکەی قسەم لەگەڵ بکات. خۆ تاقیم ناکەیتەوە!"

سەعادەت: " تۆ لەو کچانە نیت ئێمە تاقیت بکەینەوە. خۆزگە کچەکانم هەردووکیان وەک تۆ ڕاست و دروست دەبوون. من بۆ ئەو کوڕە، نازانم بۆ دڵم، نەرم بووە و پێم ناخۆش نییە قسەی لەگەڵ بکەی. جا خۆ ناتخوات، دەبا جارێک یەکتر ببینن و دوو قسانت لەگەڵ بکات. با ئێمەش بزانین چی لە دڵدایە و مەبەستی چییە. خۆ ئەگەر قسەکانی ئەوت بە دڵ نەبوو ئەوا تۆ ناچارنیت جارێکی دیکە چاویشت پێی بکەوێ".

مینا: " باشە، لەسەر داخوازی تۆ من ڕازیم بیبینم و قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام پێش وەخت من دوو مەرجم هەیە: یەکێکیان ئەوەیە دەبێ تۆ بە دیارمانەوە دانیشی، چونکێ من شەرم دەکەم بە تەنها لەگەڵ کوڕی خەڵکی دانیشم و ناشمەوێ هیچ وشەی نا بەجێم لە ڕوودا بکات. دووەمیش، نابێ مامم بەو دانیشتنە بزانێ، چونکە زۆر شەرمی لێ دەکەم و ئەویش کاری لەو جۆرە لە من ڕەچاو ناکات".

مینا، لە دوای ئەو مەرجانە، یەکسەر بیرۆکەی پەشیمانی بە مێشکیدا هات و چووە بەردەم سەعادەت و دەستی لە ملی کرد و وتی: " توخوا دایە گیان، لەو مەسەلەیە گەڕێ، دڵم بۆ ئەو شتانە ناپشکوێ و حەز ناکەم ئەو بابەتانە لەگەڵ کوڕی خەڵکی بکەمەوە".

سەعادەت: " باشە مینا گیان، هەر کارێک بە دڵی تۆ نەبێ، واتا بە دڵی ئێمەش نییە".



ڕاستییەکەی مینا حەزی دەکرد، بەختیار ببینێ، وەلێ بۆ واقیعی ژیانی ئەم، هێشتا زوو بوو هەنگاوی لەو چەشنە باوێ. ئەو حەزی دەکرد، بەبێ ئاگاداری کەسی سێیەم قسان لەگەڵ بەختیار بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر پەیوەندی بەستنەکەی بە دڵیش نەبوو کەس پێی نەزانێ و گران لەسەری نەکەوێ.

٢٠

بەختیار، ئەو ڕۆژەی کە لەو خیابانەدا لەگەڵ هاوڕێکەی، سەعادەت خانیان بینی، زۆر ڕاشکاوانە داوای دیدەنی مینای کردبوو کەچی ئەوە دوو هەفتەی زیاتر بەسەردا تێپەڕی و خەبەرێکی نەبوو. دڵی نیگەران ببوو و لەوە دەترسا نەبادا مینا ڕازی نەبێت کە چاوی بەم بکەوێت و یەکێکی دیکە، لە دنیای ئەودا هەبێ. پاش تێفکرین و لێکدانەوەی چەند ڕۆژەی خۆی، بڕیاری دا کە دڵی خۆی یەکلا بکاتەوە و بکەوێتە دوای ساغکردنەوەی هەڵوێستی مینا. ئەم تازە، بە ئاسانی ناتوانێ لە ژێر کاریگەریی ئەو عیشقە ڕابکات کە بە خۆشی نەیدەزانی، ئەو وابەستەییە لە کوێوە هاتووە کە ڕۆح و گیانی بۆ لای ئەو پەلکێش دەکەن.

بەختیار، لە ژیانی خۆیدا هەڵسوکەوت و پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ چەندین کچی جوان و شۆخ بەستووە، هەندێک لەوانە هاوڕێی خوێندنی بوون لە دانشگا. بەڵام قەت گیرۆدەی خۆشەویستییان نەببوو. کەچی لەو شەوەی ئاهەنگی ماڵی کاک ناسردا هەر چەند سەرنجی مینای دەدا، شەپۆلێکی نادیار لە سەرسامی و دنیای جوانی و خۆنواندنی مرۆڤێکی بێگوناه، لە چەشنی تەزووی موگناتیز، خۆی لە هزر و هەستی ئەم دەئاڵاند و دڵیان لێ دەدزی.

بەختیار بیری لە کەسێک دەکردەوە، نهێنی پارێز و دڵسۆز بێ و لە دەردی ئەم بگات و بەبێ ئەوەی کەس گومانی هیچی لێ بکات، بگاتە مینا و داخوازی ئەم دیدەنییەی لێ بکات. چونکە بیری بۆ ئەوەش دەچوو کە ڕەنگە لە شەرمی سەعادەت خان، نەیەوێ ئەم ببینێ. بەڵام ئەگەر کەسی سێیەم یەکێکی دەرەوەی خانەوادەکەی خۆیان بێت، لەوانە هەڵوێستی بە جۆرێکی دیکە بێت. وەلێ، ئەو کەسەی سێیەم کێ بێ و لە کوێ ئەم بەیەک گەیشتنە ڕێک بخەن! شەوێکیان لە نێو جێگە تا درەنگی شەوێ، هزری بەوە سەرقاڵ کرد. لە هیکڕا بیری بۆ کەسێکی شیاو چوو. بۆ ئەوەی

دەستی بگرێ و ئەم گرێیەی بۆ بکاتەوە. ئەو کەسە (ساجیدە نازری) بوو، خوشکی (بەهرام نازری) و هاوسەری (سامان خوسرەوی) کە هەردووکیان، دوو هاوڕێی نزیکی ئەمن.

ساجیدە نازری، مامۆستا و یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی (مینا) بوو. بەهرام نازریش هاوڕێی دانشگا و هاوبیری بەختیار بوو. کەسێکی ڕۆشنبیر و چالاک بوو. یەکێک بوو لەوانەی کە بە نهێنی کاری سیاسی لە ناو شاری مەهاباد دەکرد. ساجیدەش، هەر لەگەڵ بەهرامی برایدا کاری سیاسی دەکرد، بەڵام ئەویان هەڵسووڕاوی نێو ژنان بوو. ئەوان، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی لە بابەت خۆیان زۆر بە نهێنی، خەریکی چالاکی سیاسی بوون. لەوەش دەترسان کە دەسەڵات، پێیان بزانێ، چونکی ڕژێمی ئیسلامی زۆر بە توندی ڕەفتاری لەگەڵ هەموو حزبە کوردییەکان دەکرد. گومانیان لە هەر کەسێک بکردایە دەیانگرت و بن بزریان دەکرد!

پەیوەندیی بەختیار بەوانەوە، تەنها لە چوارچێوەی ئەدەب و ڕۆشنبیرییدا بوو. جگە لەوەش بەختیار، لەو سەردەمە، حەزی لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی سیاسیی مارکسیزم بوو. ئێوارەیەکیان، بۆ مەبەستی ڕێکخستنی دیدەنییەک لەگەڵ مینا، سەردانی ماڵی (ساجیدە نازری) کرد. ساجیدە و سامان، زۆر بەخێریان هێنا و هەواڵی خانەوادەکەیان لێی پرسی. پاشان هەندێک بابەتی سیاسی و ڕۆشنبیرییان باس کرد.

لە دوای ئەو قسە و باسانەدا، بەختیار وتی: "ساجیدەخان، ڕاستییەکەی، من، کارێکی تایبەتیم بە تۆ هەیە ئەگەر ئامادەبی یارمەتیم بدەی، سوپاست دەکەم و بە درێژی بۆتی باس دەکەم".

ساجیدە: " فەرموو کاک بەختیار، هەر کارێک، بە ئێمە بکرێت بە چاوان، بۆ تۆ، دەیکەم".

بەختیار: " ئەوەی ڕاستی بێت، لە قوتابخانەکەی ئێوەدا، کچێک هەیە بە ناوی (مینا)، ئێستا لە کلاسی نۆ دەخوێنێ. دەمەوێ لە بارەی ئەوەوە هەندێک قسان بکەین".

ساجیدە: "مەبەستت (مینا ئیسماعیل)ە، وانییە"



بەختیار: " بەڵێ، بەڵێ خۆیەتی، من، دەمەوێ بزانم کچێکی چۆنە. پاشان ئەگەر بکرێت حەز دەکەم لە نزیکەوە قسەی لەگەڵ بکەم. من، تا سێ ڕۆژی دیکە لێرەم، ئەگەر لەو ماوەیەدا ئەمەم بۆ بڕەخسێت، شتێکی باشە".

ساجیدە: " کاک بەختیار ئەو کچە لە عەقڵ و ڕەوشتبەرزیدا، ئینسانێکی بێ هاوتایە، سەرەڕای ئەوەش، ئێمەی مامۆستایان هەموومان ئەو کچەمان زۆر خۆشدەوێ و ڕێزی لێ دەگرین. سەبارەت بە داوایەکەی تۆش کە دەتەوێ بیبینی، ئەوا کارێکی زەحمەت نییە. من بەیانی، بانگی دەکەمە لای خۆم و پێی دەڵێم، ئەگەر ڕازی بوو بێتە دیدەنیت، ئەوا دەتوانن، هەر لە ماڵی ئێمە کەڵک وەرگرن و قسەی خۆتان بکەن. بەڵام لە ئێستاوە دەبێ بزانی کە ئەو کچە، هی ئەوە نییە هەڵسوکەوتی ناجددی لەگەڵ بکەیت. دەبێ لەم بارەیەوە ئەو حسێبانە بکەیت، هەر چەندە ئەوەندەی من شارەزاییم بە تۆ هەبێت، لەو کەسانە نیت کە بازاڕی لە شتەکان دەڕوانن و تەنها بەچاوی حەز و ئارەزوو لە کچان دەڕوانن".

بەختیار: "ڕاستییەکەی، من نازانم، ئەو ڕازی دەبێ یان نا، منیش هیچ مەبەستێکی خراپم نییە و تۆ خۆت باش دەمناسیی و بیر و بۆچوونەکانی من بەرامبەر بە ژن و شتە کۆمەڵایەتییەکان لەلای تۆ غەریب نین. ئەگەر بزانم ئەو کچە، لەو دیدەنییەی من زیانی پێ دەگات، هەرگیز ئەو کارە ناکەم. بەڵام ساجیدەخان، لێت ناشارمەوە کە من زۆر سەرسامی ئەو کچە بوومە و شەو و ڕۆژ لە خەیاڵمە، هەموو هۆشی داگیر کردووم. من زۆر سوپاسی هەستی تۆ دەکەم و تەگبیرەکەی تۆم زۆر بە دڵە، بۆیە (بەپێکەنینەوە) بەیانی چاوەڕێی ئەنجامەکە دەکەم".

بۆ بەیانییەکەی، (ساجیدە نازری)، بەر لەوەی زەنگی دەستپێکردنی دەوام دەست پێبکات، بەرەو هۆبەی دەرسی خوێندنی مینا چوو. سەیری کرد لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و کتێب و دەفتەرەکانی ڕێک دەخات. چووە لای و پێی وت: " مینا گیان چۆنی، لەگەڵ دەرسەکانت چۆنی"

مینا هەستایەوە سەر پێی و وتی: " سوپاست دەکەم مامۆستا، وەڵڵا زۆر باشم".

ساجیدە: " کە دەرسی چوارەمتان خوێند، وەرە لام، کارێکی بچووکم پێت هەیە، ئێ گیانەکەم.

مینا: باشە مامۆستا، دێمە لات".

مینا، لەکاتی دەرس خوێندن، ئەو ڕۆژە، زۆر بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ مامۆستا ساجیدە دەبێ چ ئیشێکی بەم هەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی، گفتوگۆیەکەی ساجیدە زۆر میهرەبانانە و دڵسۆزانە بوو، خەیاڵی بۆ شتی ناخۆش نەدەچوو. کە دەرسی چوارەمی تەواو کرد و زەنگەکە لێی دا، چووە لای ساجیدەخان. ئەویش دیاربوو لە چاوەڕوانی ئەم دابوو و یەکسەر وتی: " ئەوە هاتی گیانەکەم، وەرە لە تەنیشتم دانیشە".

میناش چووە لای ئەو دانیشتن. ئەو دەمە کەسیان لا نەبوو و ساجیدە ڕاستەوخۆ چووە ناو بابەتەکە و وتی: "مینا گیان کوڕێک هەیە دەیەوێ بتبینێ و قسەت لەگەڵ بکات. منی ڕاسپاردووە ئەو دیدەنییەتان بۆ ساز بکەم، لە ماڵی ئێمە. ئەو کوڕە دۆستێکی نزیکی ئێمەیە و هەتا بڵێی وەکو خۆت، تێر ئەخلاق و ڕەوشت بەرزە. منیش بڕوا بکە، تۆم بە قەد ئەو چاوانەی خۆم خۆشدەوێت، چونکە زیرەک و ڕێکوپێکی، گەر بزانم ئەو دیدەنییە هێندەی تۆزقاڵێک زیانت پێ دەگەیەنێت، منیش ڕازی نابم. بڕوا بکە من تۆ چاک دەناسم و حسێبم بۆ هەموو شتێک کردووە. جا ئەگەر ڕازییت، ئەوا بەیانی، لە کاتی یەکێک لە دەرسەکان، دەچینە ماڵی ئێمە کە لە کووچەکەی پشت ئێرەیە".

مینا نەختێک ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و وتی: " ئەو کوڕە ناوی بەختیارە".

ساجیدە: " بەڵێ، ناوی بەختیارە، دیارە دەیناسیت".

مینا: " جارێک لە ئاهەنگی ماڵە خزمێکمان بینیومە و دوای ئەوە داوای لە دادە سەعادەت کردبوو کە من ببینێ، ئێستاش نازانم بڵێم چی".

ساجیدە: مینا گیان، خۆ تۆ منداڵ نیت، پاشان ماڵی ئێمە بۆ تۆ، شوێنێکی پڕ لە ئەمانە. ئەگەر تۆ خۆت نەتەوێ کەس بەو دیدارییە بزانێت، بڕوا بکە هەتا هەتایە کەسێک لە ئێمەی نابیستێ.

مینا کەمێک داما و پاشان وتی: "باشە مامۆستا، من بڕوات پێ دەکەم، بەڵام دەبێ تۆش لە دانیشتنەکە، لە لامان دانیشیت، چونکە من تاکو ئێستا وا ڕێک نەکەوتووە لەگەڵ کەسێکی نەناسیاو قسان بکەم بەتایبەتی کە نازانم ئەو کاک بەختیارە بە چ



مەبەستێک دەیەوێ من ببینێ".

ساجیدە: " زۆر چاکە گوڵەکەم، تۆ چۆنت پێ باش بێت منیش وا دەکەم. بەیانیش، من خۆم خەبەرت لێ دەگێڕمەوە".

مینا خواحافیزیی کرد و گەڕایەوە. لە دڵی خۆیدا ئەم دیدەنییەی پێ خۆشتر بوو لەوەی کە سەعادەت بە تەمابوو ڕێکی بخات، چونکە نەیدەویست ماڵەوەیان بەم جۆرە پەیوەندییەی بزانن تا ئەو کاتەی لە بارێکی گونجاودا بە ویستی خۆی بۆیان ئاشکرا دەکات.

مینا، لە دوای نان خواردنی ئێوارەدا، حەزی دەکرد زوو بچێتە نێو جێگە و لەسەر پشت ڕاکشێ و خەیاڵی بەرهەڵبدا. چونکێ هەمیشە، درەنگی شەوان لە نێو جێگەدا، جوانتر و وردتر بیری دەکردەوە. بێگومان ئەو جۆرە دیدەنی و بەیەک گەیشتنەش ئامادەکاری و ڕاهێنانی دەروونی گەرەکە. ڕەنگە لەمەودوا پێ بنێتە قۆناغێکی تازە لە ژیان کە پێشتر هزری بەلایدا نەچووە. ئاخر ئەم، هیچ بەرنامە و نەخشەیەکی دیاریکراوی بۆ ئایندەی خۆی نەکێشابوو. کە لە ماڵە بابی، تازە سینەی خڕ دەکرد و پێڕادەگەیشت، نەیاندەهێشت بەخێرهاتنی میوانانیش بکات. هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاوسەری ژیان، لە دەڤەرەکەی ئەماندا هەر کفر بوو. لە عەشیرەتەکەی خۆیاندا، نەدەبوو کچان شوو بە کوڕانی عەشیرەتەکانی دیکە بکەن. چونکە لە عەقڵی خێڵدا، کەسەکان وا تێدەگەن کە خواوەند ئەوانی بە شێوەیەکی تایبەتتر لە باقی خێڵ و عەشیرەتەکانی دیکە دروست کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پیاوەکان بۆیان هەیە لە هەر کوێیەک و لە هەر خێڵێک ژن بێنن.

ئەم بەیەک گەیشتنە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ژیانی مینا پێک دەهێنا، چونکە بەبێ ئەوەی خەتەری دەسەڵاتی کەسێکی دیکەی لەسەر بێ و بێ ئەوەی چاوە ناشیرینبینەکان بە دوایدا بن، بەیانی بە ئارەزووی خۆی دەچێتە دیدەنی کەسێک تا سەر ئێسقان ئەمی خۆشدەوێ. جگە لەوەش، لێرە لەو شارە، خەڵکانێک هەن بە پێچەوانەی کەسوکار و خەڵکی ئاواییەکەیان کارئاسانی بۆ بەیەک گەیشتنی خۆشەویستان دەکەن. دوا بڕیاری مینا ئەوە بوو کە ئەگەر هەڵوێستی بەختیاری سەبارەت بە ژیان و خۆشەویستی بە دڵ بوو ئەوا درێژە بەو پەیوەندییە پاکە بدات.

ئەگەر بە دڵیشی نەبوو، ئەو وەختە ڕاست و ڕەوان پێی بڵێ: حەز ناکەم چیتر بە دوای دیتنی مندا بگەڕێی و من ناتوانم پەیوەندیت لەگەڵ ببەستم.

بەختیاریش، ڕۆژی دواتر، بەر لە خۆرئاوابوون بە دوای ئەنجامی داواکارییەکەی چووە ماڵی (ساجیدە نازری). هەر لەبەر دەرگای ئەواندا کە ساجیدەی بینی دەم و چاوی گەش و ڕوو خۆش دیارە، هەستی کرد کە مینا بە دیدەنی ئەم ڕازی بووە، بۆیێ لەسەرەخۆ وتی: "ساجیدەخان، لەوە دەچێ قسەیەکی خۆشت پێ بێ وانییە"

ساجیدە: " چۆنت زانی"

بەختیار: " دەم و چاوت گرژ نییە و ئەو ڕەزامەندییەی لێ دەخوێنمەوە".

ساجیدە: " بەختیار گیان، بەیانی دەوروبەری سەعات نۆ و نیوی سەر لە سبەینێ لە ماڵی ئێمە ئامادەبە. قەولمان وایە لەگەڵ من بێتە ئێرە، ئیتر چیت دەوێ"

بەختیار لە خۆشییان لێوەکانی نەدەگەیشتنە یەک و وتی: "زۆر چاکە ساجیدە خان، ئەو چاکەیەت هەرگیز لە بیر ناکەم. بە ڕاستی سەلماندت کە خوشکێکی دڵسۆزی. کەواتە من، دانانیشم و دەگەڕێمەوە ماڵێ. بەیانیش لەو وەختەی دیارتان کردووە، ئامادە دەبم، جارێ خواحافیز". بە دڵێکی خۆش بەرەو ماڵێ گەڕایەوە.

بەختیار، هیچ ئەزموونێکی لە بارەی پەیوەندی خۆشەویستییەوە نەبوو. ئەو دیدەنییەش لەسەر داوای ئەم ڕێک خراوە، کەواتە دەبێ دەرسی ڕەوا نبێ و هەر شتێکی لە دڵدایە لەو بەیەک گەیشتنە بە زمانێکی پاراو و بێ شەرم بیخاتە ڕوو. دەبێ حسێبێکی ورد و لەجێ بۆ هەست و دەروونی بەرامبەرەکەی بکات بە تایبەتی کە لایەنی دووەم کچێکە، هەموو کەس باس لە ڕەوشتبەرزی و ژیریی دەکەن. ئەگەر خوانەخواستە بە شێوەیەکی نارێک ڕەفتار بکا و دڵی برەنجێنێ، دوور نییە (ساجیدە)ش لێی سارد ببێت و بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمدا بچێتەوە، چونکە (مینا) بۆ خاتری ئەو ڕازی بووە بێتە دیدەنی ئەم و بە ئەندازەیەکی زۆر خۆشی دەوێ.



## ٢١

سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٣ بوو، بەختیار سبەینە زوو لە خەو هەڵسا و کەوتە خۆ ئامادە کردن، بۆ دیدەنییەکی چارەنووسساز. بەیەک گەیشتن لەگەڵ کچێک، هێشتا دوور و نزیک قسەیەکیان لەگەڵ یەکدی نەکردووە. ئەوەی ئەودەمە لە ئارادایە تەنها ئاسەواری ئەو سیحرەیە کە بیرو هۆشی ئەمیان بۆ لای کچێک پەلکێش کردووە، دەڵێن کەسێتییەکی بەرز و عەقڵێکی پێگەیشتووی هەیە. کچێکە لەلادێوە هاتۆتە شار و لە کلاسی نۆیەم دەخوێنێ، ئاخر دەبێ چ نهێنییەک، لە گەورەیی ئەودا، خۆی حەشار دابێ!

بەختیار پێشتر، بە هیچ یەکێک لەو کچانەی شار و ئەوانەی لەگەڵ ئەمدا لە دانشگا دەیانخوێند، سەرسام نەببوو. تاکو ئێستا، لە کۆی ئەو گەلە کچە جوانانە، یەکێک نەیتوانیوە وەک ئەو کچە لادێیە، پەلی هەستی بگرێ و لە جەستەی خۆی بئاڵێنێ. ئەم تێناگا بۆچی قەدەر ناخی بێ ئاگای ئەمی لە هەمبەر کچێکی وادا بەخەبەر هێناوە. بەختیار ئەمڕۆ دەیەوێ لە نهێنی کاریگەریی ئەو کەسە تێبگات کە بۆچی ناتوانێ تەنها لە چرکەساتێکیشدا لە هزری خۆیدا بیسڕێتەوە. ئەم، بە تەما نەبوو، ئاوا بە ئاسانی ڕام بکرێت و دڵی داخراوی لە چەند خولەکێکدا لێ بسێنن. ئاخۆ دەبێ دوارۆژ، چی لە چارەنووسی ئەمدا ئامادە کردبێ؟ ئەو بەیەک گەیشتنە بۆ ئەم، لانی کەم دەبێتە ئەزموونێک کە هەتا لە ژیاندا بێت ئاسەواری خۆی ون ناکات.

بەختیار تا ئەو دەمە، سەرگوزەشتەی زۆرێک لە عاشقانی نێو داستانەکانی خۆشەویستی لە دوتوێی کتێباندا بەسەر کردبووەوە، بەڵام قەت نەیدەزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەم خۆیشی دەبێتە یەکێک لە پاڵەوانانی ئەم چیرۆکانە. لەو ئان و ساتەدا، لەوە ناگا و بۆی هەڵنایێ کە هۆکاری گیرۆدەبوونی ئەم چییە بە کەسێک کە لە ڕێکەوتێکی بێ بەرنامەدا بینویەتی. ئێستا هەموو هزری بەدوای ساغکردنەوەی ئەو سیحرەدا وێڵە کە لێ ناگەڕێ بێجگە لە خۆی، مێشکی بە شتێکی دیکەوە خەریک بکات. ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە وەڵامی هەژانی ناخی خۆی چنگ دەکەوێ.

بەختیار هێدی هێدی بەرەو ماڵی ساجیدە نازری کەوتەڕێ. ئەو وەختەی گەیشتە ئەوێ، ئەوان هێشتا نەهاتبوون، بۆیە وای بە چاک زانی پیاسەیەکی کورت بکات. لە

دڵی خۆیدا وتی: من پەلەم کردووە، دەنا هێشا زووە. تازە سەعات نۆ و بیست خولەکە، دەبێ نەختێک ئارام بم و لەبەر چاوی ئەوانیشدا ئاسایی ڕەفتار بکەم.

بە هەنگاوی بچووک و لەسەرەخۆ بەرەو کووچە و کۆڵانەکانی لای سەرێ ڕۆیشت. دەم نا دەمێک ئاوڕێکی لە دواوە دەدایەوە. وەختێک گەیشتە بەردەم دوکانێک کە لەسەر سووچی کۆڵانە درێژەکەی ماڵی ساجیدە بوو لەوێوە، دوور بە دووری سەیری ماڵی ساجیدەی دەکرد. ساردییەکی لە بەردەم دوکانەکە خواردەوە و بە خۆخافڵاندنەوە، چاوەکانی هەر لەسەر ڕێگای هاتنەوەی ئەوان بوو. لە هیکرا دیتی هەردووکیان لە سووچەکەی ئەو سەری کۆڵانەکە بە دیار کەوتن و خەریک بوو دەگەیشتنە بەردەم دەرگا. لەبەر خۆیەوە وتی: "بەخوا ئەوە هاتن، دیارە کارەکەمان سەردەگرێ".

هێدی هێدی بەرەو ماڵی ساجیدە ڕۆیشت. لەو چەند خولەکەی کە بەڕێگاوە بوو، هەوڵی دەدا تەواو بەسەر هەڵچوونە دەروونییەکانیدا زاڵ بێت و هەناسە سواری پێوە دیار نەبێت. کە گەیشتە بەردەم دەرگا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و زەنگەکەی لێدا. گوێی لە دەنگی ساجیدە بوو وتی: " ئەوە هاتم". دەرگاکە کرایەوە.

بەختیار: "بەیانیت باش. نەختێ هەناسە سواری پێوە دیاربوو".

ساجیدە: " فەرموو کاک بەختیار، بەخێر بێی، تێپەڕە ژوورەوە".

بەختیار: " ساجیدە خان، تۆ پێشکەوە بۆ ژوورێ".

کە چوونە ژوورەوە، مینا لەلای دەستە چەپی ژوورەکە، بە پێوە وەستا بوو و چاوەڕێی هاتنی ئەوانی دەکرد.

ساجیدە، بۆ پێک ناساندنیان وتی: " ئەمە میناخانە و ئەوەش کاک بەختیارە".

بەختیار دەستی تەوقەی بۆ مینا درێژ کرد و وتی: " خۆشحاڵم بە دیدەنیت".

مینا: " سوپاست دەکەم، منیش خۆشحاڵم".

ساجیدە: "فەرموون دانیشن".

بەختیار و مینا بەرامبەر یەک دانیشتن و ساجیدەش لەلای دەرگاکە، پاشان ساجیدە ڕووی لە بەختیار کرد و وتی: "کاک بەختیار، ئێمە دەبێ پاش چل و پێنج



خولەکی دیکە بچینەوە قوتابخانە، جا چیت هەیە بە مینا خانی بڵێی بێ شەرم و بێ پەردە قسەی خۆت بکە".

بەختیار: "بەڵێ باشە. لە سەرەتادا من زۆر سوپاسی ساجیدە خان دەکەم کە وەک کەسێکی نزیکی هەردوولا، ئەم ئەرکەی بەیەک گەیشتنی ئێمەی ڕێک خست. هەروەها زۆر سوپاسی میناخانیش دەکەم کە بەبێ ئەوەی جارێک لە جاران قسەی لەگەڵ من کردبێ، داخوازەکەی ئێمەی قبووڵ کردووە و هاتۆتە دیدەنیمان. بێگومان ئەوە لە گەورەیی و بڕوا بەخۆ بوون و هەستی پڕ لە مرۆڤایەتی خۆیەتی کە بەلای من، ئەو خەسڵەتانە مەزنترین بەهان بۆ مرۆڤەکان. میناخان، ڕاستییەکەی تاکو ئێستا کەسێک لە ژیانی تایبەتی مندا نییە، پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ هیچ کچێک نییە".

لەو کاتەدا، ساجیدە تێبینی ئەوەی کرد کە بەختیار، زۆر دڵسۆزانە چووەتە ناو پوختەی مەبەستەکەی، پێی باش بوو ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بێت بە تەنیا بەجێیان بێڵێ، بۆیە وتی: "جەماعەت ببوورن خۆ ئاو و شەربەتم بۆتان نەهێنا". لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و لە ژوورەکە چووە دەرێ.

بەختیاریش، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: " مینا خان، لەو ئێوارەیەی کە تۆم بینی، لە تەک سەعادەت خان دانیشتبووی و بە هێمنی لەو خەڵکەت دەڕوانی، باری سەرنجم کەوتە سەر تۆ. هەر چەند لێت ورد دەبوومەوە لەبەر چاوم دەبوویە تابلۆیەک، نیگای چاو و زەینت لێ دەسەندم. من دیقەتم دەدایێ هەر چەند جار کە لە شوێنی خۆت هەڵدەستای و چەند هەنگاوێک دەجووڵایت و پاشان دەگەڕایتەوە شوێنی خۆت دادەنیشتیەوە، وام دەزانی ئەو جوولە و هەنگاو و نیگایانەی تۆ، مانایەکی پڕ لە حیکمەتیان تێدایە.. تۆ لەبەر چاوی من، هەر ئەوە نیت کە کچێکی جوان و شۆخ و شەنگی، بەڵکو لەبەر چاوی ناوەوەی مندا، تۆ مرۆڤێکی مەزن و پاکیزە دیاری. هەموو گیانت گەوهەری مرۆڤایەتی لێ دەبارێ. من ئێستا بێ دەستی خۆم، هەموو هەست و هۆشم، پەلبەستی کەسێتیی تۆ بووە. تازە تۆ پێ بزانی یاخود نا، گەر بە هەر هۆیەک، ئەو خۆشەویستییەم لێ قبووڵ نەکەی، من یەک لایەنە هەر بە خۆشەویستی تۆ و ڕێزگرتن لەو عەشقەی کە لە ناخمدا بۆ تۆ هەڵی کردووە، ژیانی داهاتووم

دەگوزەرێنم. ئێستا لەو دیدەنییە، من داوات لێ دەکەم کە وەک سەرەتایەک، دۆستایەتیم قبووڵ بکە و تا ئەو وەختەی شارەزای ناخ و وجوودی من دەبیت، پەیوەندیم لەگەڵ ببەستە بە هەر مەرجێک کە تۆ دایدەنێی".

لەو دەمەدا ساجیدە بە خۆ و سینییەک هاتەوە ژوورێ کە سێ بەرداخ شەربەتی هەناری لەسەر بوو.

مینا، لە ماوەی قسەکانی بەختیاردا، دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ئەوی بۆ ئاشکرا بوو، بەڵام ئەو پێی باش نەبوو یەکسەر بچێتە ناو پەیوەندییەکی توند و تۆڵی خۆشەویستییەوە. ئەم دەیزانی هەموو پەلە کردنێک، پەشیمانی بە دواوەیە. پاشان ئەم هێشتا لەناخدا بۆ بەختیار نەجووڵاوەو لە واقیعی ژیانی خۆیدا هێشتا زەمینەی پەیوەندییەکی لەو بابەتە بۆ ئەم لەبار نییە، چونکە لە دەست پێکردنی ژیانی تازەیدا هێشتا ژێر پێی قایم نەبووە. ئاسەوارە ناخۆشەکانی ژیانی ڕابردووی لە دەروونەدا بە تەواوی نەسڕاونەتەوە. ئەم دەبێ لە بیری نەچێ کە کەسێکی پەڕاگەندەیە و خێزانێک ئامێزیان بۆ گرتۆتەوە کە لە بنەڕەتدا هیچی ئەم نین، بۆیە هەمیشە خۆی و گیانی خۆی بە هی ئەوان دەزانی و بۆ هەتا هەتایە قەرزباری ئەوانە.

کە نۆرەی مینا هات تا وەڵامی بەختیار بداتەوە ساجیدە وتی: " بەختیار وا بزانم تۆ قسەی خۆت کرد، ئێستاش بزانین میناخان دەڵێ چی".

مینا: " ڕاستییەکەی، من تاکو ئێستا، لەسەر ئەو جۆرە بابەتە قسەم لەگەڵ کەس نەکردووەو کەسیش لە ژیانی تایبەتی مندا نییە. من پێم وایە بۆ من زووە بڕیارێکی لەو جۆرە بدەم، چونکە من تازە وا کلاسی نۆیەم تەواو دەکەم. پاشان، مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ژیانیدا سەرکەوتوو بێت، پێویستە لە پێشدا بە عەقڵ بە دوای کێشەکانی ڕۆژانەی ژیان و گیروگرفت و هەتا مەسەلەی خۆشەویستیش بکەوێ . سەبارەت بەو هەستە جوانەی کاک بەختیارکە بەرامبەر من هەیەتی، زۆر سوپاسی دەکەم، وا دیارە ئەو لەلایەن خۆیەوە بڕیاری خۆی داوە کە ئەوە بۆ من جێگەی پێزانینە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من وا دەزانم دەبووایە ئەوەندە پەلە نەکا، چونکە کێ دەڵێت من بەو جۆرەم کە ئەو لە خەیاڵی خۆیدا وێنای کردووم. کێ دەڵێ کچە لادێیەکی وەک من نابێتە بەڵا بەسەر کوڕێکی ڕۆشنبیری شاردا. من دوا قسەم ئەوەیە، لە سەرەتا هاوڕێیەتی ئەوم



قبووڵە، لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەی کە ئێوە هەتانە کە بێگومان شان بە شانی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، ئەو پەیوەندییانە بێ بەش نین لە خۆشەویستی و ڕێز لێک گرتن. دوا جار من مەرجێکم بۆ ئەو هاوڕێیەتییە هەیە: حاڵی حازر دەبێ ئەم پەیوەندییە، زۆر نهێنی بێ و نامەوێ جارێ کەسوکارم و خەڵکی دیکە، پێی بزانن".

ساجیدە: " بەختیار، خۆ چاک لێی تێگەیشتی، بەڕاستی من لەلای خۆمەوە هەڵوێستی میناخان، بەرز دەنرخێنم و قسەکانی زۆر لە جێی خۆیەتی".

بەختیار: " نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو قسەکانی میناخان بۆ من دەرسێکی تازە بوو، ڕەگی خۆشەویستی من بۆ ئەو بەهێز دەکات. من هەموو داخوازییەکانی ئەوم قبووڵە و هەردەمێک ئەو دەیەوێ یەکتر ببینین و هەر بابەتێک ئەو لە ئیختیاردا دایدەنێ، لای من پەسندە و پێی ڕازیم".

ساجیدە: " دەوجا بەختیار، جارێ تۆ خواحافیزت بێ، ئێمەش دەگەڕێینەوە قوتابخانە، هێشتا دەرسێکی دیکەمان ماوە".

بەختیار خواحافیزیی کرد و پاشان ئەوانیش گەڕانەوە قوتابخانە.

ساجیدە زۆر بە قسەکانی مینا سەرسام ببوو، پێی وا بوو ئەو کچە زۆر ژیرانە لە ژیان دەڕوانێ، بۆیە هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی: "مینا گیان تۆ جگە لە دەرسەکانت، شتی دیکە دەخوێنیتەوە"

مینا: " بەڵێ مامۆستا، هەموو شەوان زیاتر لە دوو سەعات کتێبی ئەدەبیات و مێژوویی و ئەو بابەتانە دەخوێنمەوە".

ساجیدە: " لەڕووت نەڵێم، تۆ وەک هاوڕێکانی قوتابخانەت نیت. هەتا ئەوانەی لە دانشگاشن وەک تۆ ڕێک و جوان قسان ناکەن. باشە لە ماڵەوە کتێبخانەتان هەیە"

مینا: "مامە فەرهاد، کتێبخانەیەکی بچووکی هەیە، نزیکەی سەد کتێبێکی تێدایە. کتێبەکان زۆربەیان سوود بەخش و بە کەڵکن، منیش وردە وردە دەیانخوێنمەوە. شەو هەیە تا درەنگان هەر خەریکی خوێندنەوەیانم. هەست دەکەم شتیان لێ فێردەبم و تام و چێژیان لێ وەردەگرم و زیاتر بیر و هۆشم دەکەنەوە".

ساجیدە: " ئێمە دۆست و برادەری خوێندەوارمان زۆرە. هەندێکیان لە ماڵەوە

کتێبخانەی گەورەیان هەیە. هەر بابەتێکت بوێ، لە ئەدەب، سیاسەت، فەلسەفە، مێژوو، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، ئەوان هەیانە و دەتوانی لێیان وەربگری، جا ئەگەر ئارەزووی خوێندنەوەت هەبوو، پێکەوە دەچینە ئەو ماڵە دۆستانە و بە کەیفی خۆت لە ناو کتێبەکان بگەڕێ و هی بە دڵی خۆت هەڵبژێرە. تاکە مەرج ئەوەیە دوایی کتێبەکە بە سەلامەتی بگەڕێنیەوە".

مینا: " باشە ئەو خەڵکانە هەموویان خەڵکی ئەم شارەن".

ساجیدە: " نا، مەرج نییە، هەندێکیان خەڵکی ئێرەنەو هەندێکیش هی شارەکانی دیکەن".

مینا: " با بگەینە پشووی هاوینە، ئەوساکە قسەی لێ دەکەین. بەڕاستی ساجیدە خان، من لەگەڵ تۆدا هەست بە ئارامی و حەسانەوە دەکەم، بۆیە داوایەکم لە تۆ هەیە".

ساجیدە: " بیلێ گیانەکەم، هەر داوایەکت هەیە لەسەر ئەو چاوانەم".

مینا: " حەز دەکەم لە ماڵەوە سەردانمان بکەی و لە نزیکەوە دادە سەعادەت و مامە فەرهادیش بتناسن، هەتا ئەگەر لەگەڵ تۆدا بۆ هەر لایەک چووین، ئەوان دڵیان پێمەوە نەبێت".

ساجیدە، نەختێک لە شوێنی خۆی وەستا کە ئەوەندەی نەما بوو بگەنە دەرگای دەرەوەی قوتابخانەکە، وتی: " کچێ مینا تۆ زۆر عاقڵ و زیرەکی! حسێب بۆ هەموو شتێک دەکەی. تۆ هێشتا منداڵی، بەڵام بە خوا لە عەقڵدا لە پێش ئێمەی. لەمەودوا دەبینە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی، ئەگەر چی دە ساڵێکیش لە تۆ گەورەترم".

مینا بە نەرمە پێکەنینەوە وتی: " تۆ مامۆستا و خوشکی گەورەی منی". چوونە ژوورەوەو زەنگی دەست پێکردنی دەرسی تازە لێیدا.

٢٢

بەختیار، لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لایدا ناو بازاڕ و لەوێ لە چایخانەیەکی نەختێ هێمن و دوور لە قەرەباڵغی دانیشت. بە دەم چای خواردنەوە، تاوتوێی قسەکانی مینای دەکرد. ئاخر ئەم، زۆر خۆی بە نوێخواز و ڕۆشنبیر دەزانی لەگەڵ ئەوەشدا،



وای دەهاتە بەرچاو کە هەرزەکارانە، ڕەفتاری کردووە و دەربڕینەکانی لەمەڕ خۆشەویستی خۆی بۆ مینا زیاتر سۆز و عاتیفە بەسەریدا زاڵ ببوو نەک عەقڵ و هۆشی. نەختێک لەلای خۆیەوە خەجاڵەت ببوو و پاشان هەر خۆی بە خۆی گوت: " خۆ من شتێکی هەڵەم نەگوتووە، من ڕاست و ڕەوان، خۆشەویستی ڕاستەقینە و هەڵقوڵاوی ناخی خۆم، بۆ ئەو هەڵڕشتووە". بەڵام کاتێک دەهاتەوە سەر وەبیر هێنانەوەی ڕستە کورت و پڕ لە واتاکانی مینا کە عەقڵێکی کراوە و واقیعی لە پشتەوە ئاڕاستەیان دەکرد، وای دەهاتە بەرچاو کە مینا بە تەمەن لەو گەورەترە و دەرس و ئەزموونێکی زۆر لە ژیاندا فێربووە. قسەکانی مینا، پەند و وانەیەک بوون بۆ ئەم کە دەبوو لەمەودوا قووڵتر و وردتر لە ژیان ڕابمێنێ. بۆی دەرکەوت کە مرۆڤ، تەنیا لە کتێبەوە شتان فێر نابێ ئەگەر شان بە شانی کتێب کۆمەڵگاش نەخوێنێتەوە. ئەو گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە مینا بەو تەمەنە کورتەی کە هەشت ساڵ لەم بچووکترە و بەوەندە خوێندنەش کە لە قوتابخانە خوێندوویەتی، زەحمەتە مرۆڤێکی وا کامڵی لێ دروست ببێ. ڕاستە مینا کتێبی دیکەش دەخوێنێتەوە، بەڵام تەمەنی خوێندنەوەی ئەو، بە قسەی خۆی هەمووی چەند مانگێکە، کەواتە ئەگەر بە هۆی زیرەکی و ژیری خۆی سوودێکی باشیش لەو کتێبانە وەربگرێت، وەلێ بای ئەوە ناکات بگاتە ئەو ئاستەی کە لە پێش ئێمەوە بێت. بۆیە دەبێ مینا لە بینەو بەردەی ژیان و کێشە و گرفتی خێزان و کۆمەڵەوە شت فێر بووبێ. هەندێ جار دەهاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕەنگە ئەو کچە هەر لە فیترەتدا، جیاوازی لەگەڵ خەڵکانی دیکە هەبێت. چونکە ئەو بەبێ ئەوەی قسانیش بکات، لە دەم و چاو و لە خوێن و تێڕامانیدا کەسێتییەکی بەهێز خۆی دەنوێنێ. وەختێ دوا وتەکانی ئەوی دەهاتەوە بیر کە ڕەزامەندی ئەو بوو لەسەر درێژە پێدانی پەیوەندی و هاوڕێیەتی نێوانیان، هێدی هێدی دەگەشایەوە و هەناسەیەکی شادی هەڵدەکێشا و لە خەڵوەتەکەی واگا دەهاتەوە. سەیری دەوروبەری خۆی کرد، زانی کەسێک سەرنجی لەسەر ئەو نییە و نهێنییەکان لەلای خۆیدان، بۆیە بە ئاسوودەیی لە چایخانەکە هەڵسا و بەرەو ماڵێ بۆوە.

ساجیدە نازری، ئەو ڕۆژە پاش تەواو بوونی دەوام گەڕایەوە ماڵێ. نیوەڕۆیەکەی لە

دوای نانخواردن، چیرۆکی ئەو بەیەک گەیشتنەی مینا و بەختیاری بۆ (سامان)ی هاوسەری گێڕایەوە و باسی سەرسامبوونی خۆی بە ئاستی زیرەکی مینا کرد کە لەو دانیشتنەدا چەند ژیرانە و پڕ لە ڕۆحی بڕوابەخۆبوونەوە قسەی کردووە. سامانیش لە وەڵامی قسەکانی ئەودا وتی: "کاک بەختیار باسی مەسەلەیەکی وای لەلای من کرد کە کچێک هەیە و بە ڕێکەوت لە ئاهەنگێکی خێزانیدا بینیویەتی و بێ دەستی خۆی ئەو کچەی بە دڵدا چووە، بەڵام ناوی کچەکەی نەهێنا. دیارە کچەکە، ئەو مینایە بووە کە تۆ باسی دەکەی".

ساجیدە: " بەڵێ، ئەو کچە، مینا بووە. خۆزگە سامان دەتبینی و قسەت لەگەڵی دەکرد ئەوسا دەتزانی چەند بە هێمنی و لەسەرەخۆوە و زۆر واقیعیانە باس لە ژیان و زەحمەتییەکانی دەکات. هەر دەڵێی تەمەندارە بە ئەزموونەکانە. قسەکانی پڕن لە حیکمەت و واتا و ئامۆژگاری. ئەرێ بەڕاست با پێت بڵێم، داوای لە من کردووە بچمەماڵەوەیان و لە نزیکەوە کاک فەرهادی مامی و سەعادەت خانی هاوسەری کاک فەرهاد بناسم. کارەکە بەوە باشە، کاک فەرهاد دەمناسێ، منیش بە هۆی زیرەکی میناوە زۆر بە ئاسانی دەتوانم دۆستایەتییان لەگەڵ ببەستم. بەڵام دەبێ ئەوەم لە بیر نەچێ کە ئەوان دوو کچی دیکەیان هەیە، (شەونم و شەوبۆ) کە لە لای ئێمە خوێندکارن و نابێ ئەوانیش فەرامۆش بکەین، دەبێ هەندێک مەدحی ئەوانیش بکەین. بەڕای تۆ وانییە سامان"

سامان: "بەڵێ وایە، چونکە لە ژێرەوە، کچەکانی خۆیان لە برازایان خۆشتردەوێ، بۆیە چاویان لێیە مەدحی ئەوانیش بکەیت".

میناش کە ئەو ڕۆژە، دەوام تەواو بوو. لە ڕێگەی ماڵەوەدا، بیری لە واتای قسەکان و دەربڕینە بێ پێچ و پەناکانی بەختیار دەکردەوە. ئەم بەیەک گەیشتنە بۆ ئەم، لە دوو لاوە کاریگەری هەبوو. لەلایەک ئەم، یەکەم جاریەتی لەگەڵ ڕەگەزی نێرینە، بەڕەزامەندی خۆی دانیشێ و وەک دوو کەسی یەکسان لە ماف و پێگەی کۆمەڵایەتیدا حسێبی بۆ کراوە. لەلایەکی دیکە، ئەو قەت بە بیریدا نەدەهات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو ئەوها ڕوو بە ڕوو پێی بڵێ : تۆم خۆش دەوێ و لەمەودوا ژیانم بێ تۆ مانایەکی نییە!



ئەم کە بەراوردی ژیانی چراخانی ساڵانی ڕابردووی لەگەڵ ژیانی مینای ئێستا دەکرد، لە دووڕیانێکی سەیردا خۆی دەدۆزییەوە. چراخانی کڵۆڵ و بێکەس، نۆکەرایەتیشیان پێ ڕەوا نەدەبینی. ئەو چراخانەی چەندین جار، لە هیچ و خۆڕا دارکاری دەکرا و مافی ئەوەی نەبوو تەنها بە قسەیەکیش بەرگری لە خۆی بکات. ئەو چراخانەی نەیدەوێرا، خەونێکی خۆش ببینێ و لە هەرەتی پێگەیشتنی جەستە و خەیاڵی گەنجانەیدا، بوختانیان پێکرد و سزای مەرگیان پێ بەخشی و لە دواییشدا مافی لە گۆڕنانی تەرمەکەشیان پێ ڕەوا نەبینی!

میناش، ڕێز لێ گیراو و خۆشەویستە.. هەموو خۆشیان دەوێ و لە باوەشی خێزانێکی خانەدانندا، وەک گوڵ بەخێوی دەکەن. مینایەک، بە دڵی خۆی و بە ویستی خۆی باسی ژیان و دوارۆژ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەکات و دۆست و خۆشەویستانیشی کار ئاسانی بۆ دەکەن. مینایەک ئێستا، خاوەن کەسێیەتی خۆیەتی و لە زۆر لاوە وەک مرۆڤێکی گەورە و نموونەیی وەسفی دەکەن. زۆرجار لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئای لە چراخانی بەدبەخت و لە مینای بەختەوەر. کێ دەڵێ، ئەو دوو کەسە، هەردووکیان، لە یەک جەستەدا ژیان بەڕێوە دەبەن!

مینا، ئێستا ئاسوودەیە و خۆی بە بەختەوەر دەزانێ. چونکە خەریکە وا خەونەکانی چرۆ دەکەن و دەکەوێتە سەر هێڵی ڕاستەقینەی ژیان. دەتوانێ بە ئیرادە و داخوازی دڵی خۆی، لە شتەکان سەرپشک بێت. هیچ دەسەڵاتێک بەسەر ئەمدا فەرمایشت دەرناکات و تەنها دەسەڵاتی عەقڵ و ڕەوشت و جوانی ژیان نەبێت. لە لایەکی دیکەش، ناخۆشییەکانی ژیان، فێری ئارامگرتن و بیرکردنەوەیان کردبوو. لەدوای ئەوەی شاسواری کاکی و کاک فریاد، دووبارە ژیانیان پێ بەخشییەوە، ئەم چەندین ڕۆژ، لە تەنگژەیەکی دەروونی زۆر چڕ و ئاڵۆزدا، دەژیا و بیری لە ژیانی تازەی دەکردەوە. هێزێکی مەعنەوی، وەک پەرچە کردارێک بەرامبەر ژیانی ڕابردووی، لە ناخ و هۆشیدا، وردە وردە نەشونمای دەکرد. لەدوای ئەوەی کە دەروازەی ژیانێکی تازەی لێ کرایەوە، بڕیاری دا بە ڕەفتاری جوان و وەفاداری و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، لەگەڵ دەوروبەر و کێشەکانی ژیانی ئایندەی ڕەفتار بکات.

مینا کە گەیشتەوە ماڵێ، وەک ڕۆژانی تر، سڵاوی کرد و لە تەندروستی سەعادەت خانی پرسی پاشان لە ژوورەکەی خۆی جلی قوتابخانەی دانا و هی ماڵەوەی لەبەر کرد. چووە لای سەعادەت خان و وتی: "دادە سەعادەت زۆر برسیمە، چیمان هەیە"

سەعادەت: " وەڵڵا کچی خۆم، ئەمڕۆکە خواردنێکی سادەمان هەیە، چونکە بۆ ئێوارەکەی چەند میوانێکمان دێت و دەبێ خواردنێکی تایبەت دروست بکەین، بۆیە دەبێ ئەمڕۆ زیاتر لە ڕۆژان یارمەتیم بدەی".

مینا: " بە سەرچاو دادە سەعادەت، خەمت نەبێ، هەموو کارەکان بە من بسپێرە. خۆ میوانەکان هەر دۆست و خزمانی خۆمانن"

سەعادەت: " هەندێکیان خزمانی ئێرەن، بەڵام یەکێکیان دۆستێکی کۆنە لە پیرانشەهرەوە هاتووە، ئەویش کوردی عیراقە. جاروبار دێتە سەردانی ماڵی باوکی بەختیار. کاتی خۆی پێکەوە لە شۆڕش پێشمەرگە بوونە. ئێمەش هەر بە هۆی کاک ڕەحمانەوە دەیناسین. من جوابم بۆ باوکی شەونم ڕەوان کردووە کە بەختیاریش لەگەڵ خۆیان بێنن بۆ نان خواردن، تۆ دەڵێی چی"

مینا: " جا من بڵێم چی، ئەویش بەخێر بێت سەرچاوان". نەختێک بێ دەنگ پێکەنی و لە شەرمان ڕووی خۆی وەرگێڕا، پاشان بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی: " باشە دادە سەعادەت ئەمنیش بەخێرهاتنیان بکەم"

سەعادەت: " ئەدی بۆ نا، کچەکەم".

لە دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، مینا قۆڵ و باسکی لێ هەڵماڵی و وەک کابانێکی ڕێکوپێک کەوتە جموجۆڵی ماڵ پاککردنەوە و پاشانیش چێشت لێنان. بە سەعادەت خانی وت: "مادام میوانەکانمان زۆربەیان کوردی ئەودیون، لێم گەڕێ با من لە سەر دەستووری خۆمان، نانیان بۆ حازر بکەم، هەتا برینی هەموویان بکولێنمەوە".

سەعادەت، قسەکەی مینای پێ خۆش بوو و وتی: "دە باشە ئەمڕۆکە، تۆ کابانبە و منیش بەردەست".

چراخان بە بزەوە وتی: " ناوەڵڵا دادە سەعادەت، تۆ لێرە لە دیارم دانیشە و سەیرم بکە، ئەمڕۆ حەقت بەسەر هیچ کارێکەوە نەبێت. بزانە داخوا دەتوانم، ئەو میوانانە بە دڵی ئێوە بەڕێ بکەم".



سەعادەت دڵنیا بوو کە مینا گورجوگۆڵە و وەک پەلیک دێت و دەچێ، دەتوانێ چێشتی بیست میوانیش بە تەنها ئامادە بکات، بەڵام پێی خۆش نەبوو ئەو هەموو کار و زەحمەتییە بخاتە ملی ئەو، بۆیە وتی: "ئاخر کچم، ویژدانم قبووڵ ناکات، خۆم دانیشم و تۆش لە ئیشان بەردەم. با سووکە ئیشەکان عایدی من بن و ئەوانی دیکەش بۆ تۆ".

مینا: "باشە دایە گیان با وا بێت".

## ٢٣

ئێوارەی ڕۆژی (٥)ی مانگی ئایار بوو، میوانەکان بۆ داوەتی نانخواردن لە ماڵی کاک فەرهاد ئامادە بوون. میوانەکان بریتی بوون لە (حوسێن قادر) کە لە پیرانشەهرەوە هاتبوو، کاک ڕەحمان عەلی و بەختیاری کوڕی و کاک ناسری برای سەعادەت خان و مامۆستا عەبدولسەلام ڕەحیمی.

لەدوای نانخواردنی ئێوارە، مەجلیسیان بە دەنگوباسی شۆڕش و حزبە کوردییەکان و شەڕی عیراق و ئێران گەرم کرد. دیار بوو هەریەک لەوانە، لە ژێرەوە بەیەکێ لە حزبەکانی ناو شاخ لەمدیو و لەودیوەوە پەیوەست بوون. لە قسەکانیاندا، ناڕاستەوخۆ لایەنەکەی خۆی ستایش دەکرد و هەموو لایەنەکانی دیکەی، بە شتی ناڕێک تۆمەتبار دەکردن. ئەوان لەسەرڕا هەموو دۆست و خۆشەویستی یەکدی بوون. دەبووایە ئاگاداری ئەوە بن کە هەستی یەکتر بریندار نەکەن. بەڵام جاروبار بۆ بەڵگە هێنانەوە کە گوایە لایەنەکەی ئەو باشترە، بە توندی هەندێ لە عەیب و کەموکووڕییەکانی لایەنەکانی دیکەی ئاشکرا دەکرد، بێ ئەوەی باسی عەیبی لایەنەکەی خۆی بکات. لەمدیوە ململانێی نێوان دیموکرات و کۆمەڵە، لەودیویش ململانێ و شەڕی نێوان حزبەکانی ئەودیو، کاک (حوسێن)ی میوان وتی: " برایان با خەبەرەکی ناخۆشتان بدەمێ، دیارە ئێوە ئاگاداری ئەو شەڕە خوێناوییە نین کە چوار پێنج ڕۆژ لەمەوبەر، لە قەندیل، بە دیوی ئەودیودا، ڕووی داوە".

ئەوانیش هەریەک لە ڕاستەخۆی، هەڵیدایێ" ناوەڵڵا هیچی تازەمان نەبیستووە".

کاک حوسێن: "بەم دواییە، شەڕی براکوژی، لە نێو حزبەکانی ئەودیودا، زۆر توند

بووه، هەتا بەوە گەیشتووە کەسیان دوژمنی سەرەکییان لەبیر نەماوە و وا دەزانن نەوتی کەرکووک دابەش دەکەن. ئێستا شەڕەکە گەیشتە ئەو قۆناغەی کە لایەنێکیان ئەوانی دیکە لەو هەرێمانە دەربکا و بارەگاکانیان داگیر بکات. سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی ئەو حزبانە، ئەوانەی توانییان خۆیان دەرباز بکەن وا لە گوندەکانی پشت پیران شەهرن. من پێشمەرگەیەکم بینی، لە ماڵی کاک (هاواری) هەولێری. ئەو لەو شەڕە قوتار بووە. بەڵام ئەوەی ئەو دەیگێڕایەوە، بە ڕاستی پێشمەرگە و کوردایەتیت لەبەر چاو دەکەوێ. وەڵڵاهی جەماعەت، بە نیسبەت حزبەکانی لای ئێمە، هیچیان لەسەر هەق نین. شەڕەکە خەتای هەمووانی تێدایە، هەر چەندە هەندێکیان توندترن لەوانی دیکە. ئەگەر وەزعەکە ئەوها بڕوا، بە خوای ئەو برایانەی ئێرەش، دەقاودەق وەکی ئەوانی ئێمە دەکەن. وەک بیستوومە ئەوانیش وا تفەنگیان لێک سوارە. ئەوە بەدبەختی کوردە. ئەمن خوێندەوار نیم، بەڵام زۆرم گوێ لێ بووە لە کەسانی عاقڵ و زانا کە دەڵێن: کورد، لەوەتەی هەبووە، هەر ئەوها خۆخۆر بووە و چەندین فرسەتیان بۆ هەڵکەوتووە، لەبەر نەزانی و کورسی و دەسەڵات، لە دەستیان داوە. ئێوە سەیرکەن! هەر یەکەو ناوێکی لە خۆی ناوە و ئەوانیدی بە هیچ نازانێ. دوژمنانی کوردیش ئەوەیان پێ خۆشە. ئێوە، زەینی خۆتان بدەنێ، هەر بەداو و پیلانی دوژمنان لێرە، کوردی هەر دوو دیویان تێک بەردا".

کە کاک حوسێن لە قسەکانی بۆوە، ئامادەبووان هەموویان زۆر بەو خەبەرە تێک چوون. ناسر هاتە قسە کردن و وتی: " کاک حوسێن ڕاست دەکات. بە خوای حزبەکانی ئێمەش، قسەی زۆر ناشیرین لەسەر یەکتر دەکەن. ئەمن لەهەردوولایان خەڵک دەناسم. ئێستاش بەردەوام پڕوپاگاندەی ژەهراوی، لەسەر یەک بڵاو دەکەنەوە و هیچ بەریان بە دوژمنەوە نەماوە. بەخوا کورد، لە هەموو شوێنێک، هەر یەک خەسڵەتی هەیە".

مامۆستا عبدالسلام وتی: " کوڕینە، بەڕاستی دەستدانە تفەنگ و بە شاخ کەوتن ئەوەندە گرنگ نییە، بە قەدەر ئەوەی کە بزانیت بۆچی دەستت داوەتە ئەو تفەنگە. ئاخر، ئەگەر ئەو حزبانە، بەرنامەی پوختەیان هەبێت و بەڕاستی دڵسۆز بن بۆ میللەتەکەیان، قەت نەدەبوو دەستیان بچێتە خوێنی یەکتر. باشە ئەوان چییان لە



دەستە، هەتا لەسەری بەشەڕبێن ئەگەر سەرکردایەتی ئەو حزبانە، نەختێک ئاڵۆزیی کێشەی کوردیان لەبەر چاوبێ و بزانن ئەو میللەتە هەژارە، چی بەسەر هاتووە، چۆن دڵیان دەهات ئەو بەستەزمانانە بە کوشت بدەن کە نازانن بۆچی چەکیان هەڵگرتووە. ئەو شەڕانە هەمووی، پیلانی داگیرکەرانە و ڕۆژێک هەر دادێ، خەڵک نهێنییەکانی ئەو شەڕانە بزانێ کە بەڕای من، دەستی دوژمنان لەناو شۆڕشدا باڵایە و هەر بە فیتی ئەوان خوێنی ڕۆڵە بێگوناهەکانمان بە هەدەر دەڕژێ".

کاک ڕەحمان عەلی وتی: " قسەکانی ئێوە، هەمووی لە جێی خۆیەتی. بەڕای من، کورد هەتا ئەو هەموو حزبانەی نەبوو، سەری ڕەحەتتر بوو".

بەختیار لەو مەجلیسەدا هیچ قسەی نەکرد، تەنها گوێی ڕاگرتبوو. چونکە بەلای ئەم، قسەکان هەندێک سادەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستیشیان تێدایە.

میناش، ئەو ئێوارەیە، بۆ بەخێر هێنانی میوانەکان، لەگەڵ سەعادەت و شەونم، چوون بەخێرهاتنیان کردن و پاشان گەڕانەوە مەتبەخەکە، بۆ حازر کردنی چێشت و ڕێکخستنی شوێنی نانخواردن. دوای ئەوەی کە نان هەڵگیرا، میوانەکان جارێکی تر مەجلیسیان، لەسەر کێشەکانی شەڕی ناوەخۆ و عیراق و ئێران گەرم کردەوە. مینا و سەعادەت، لە ژوورەکەی تەک ئەواندا گوێیان لە قسەکانیان گرتبوو. لەو دەمەی کە کاک حوسێن، هاتە سەر شەڕەکانی ناوەخۆ، مینا لە شوێنی خۆی هەڵساو لە نزیک دەرگاکە بە کشوماتی، هەناسەی لەبەر خۆی بڕیبوو و گوێی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرت. حەزی دەکرد بزانێ داخوا لەودیو چی قەوماوە.

مینا، ئەو کاتەی کە کچی ماڵەوە بوو، لەبەر ژیانی ناخۆش و پڕ لە چەرمەسەری خۆی، بایەخی بەو قسەو باسانە نەدەدا کە پەیوەندییان بە شۆڕش و پێشمەرگەوە هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم کەسێکی بیر کراوەیە و چاک لەو ڕووداوانە دەگات. بەبێ دەستی خۆی کە باسی کوردستانی عیراق دەکرا وای دەزانی ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە ئەمەوە هەیە و هەر ئەوێ شوێنی سروشتییانەی ژیانی وییە. دەبێ ڕۆژێک دابێ و بگەڕێتەوە ئەوێ هەر چەندە ئێستاکە ئەم، لە یادەوەری خەڵکی ئاوایی و دەڤەرەکەیان بەتەواوی سڕاوەتەوە. ئاخر، بارستایی گۆڕێکیشی نییە تا لەوێ بە هۆیەوە، ئەمیان بێتەوە یاد. لەلای مینا، دنیا بە جۆرێکی دیکە بوو. سروشتی جوانی

دەڤەرەکە و لادێ و شارەکان، بەردەوام، لە هزریدا ئامادەییان هەبوو، بە شێوەیەک بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش لە زەینی ئەمدا ناسڕێنەوە، چونکە ئێستا بە چاوێکی دیکە لە کێشەکان دەڕوانێ.

مەجلیسی میوانەکان کۆتایی پێ هات و دیار بوو لە قسەو باسەکانیان، شتێکیان نەمابوو بیڵێن. کاک ڕەحمان وتی: " ئەرێ جەماعەت، درەنگە تێرمان قسە کرد، با هەڵسین". هەر یەک لە شوێنی خۆی هەڵسا و خواحافیزییان کرد و ڕۆیشتن.

مینا لە ژێر کاریگەری قسە و باسەکانی مەجلیسی ئەو شەوەدا، هەندێ ڕووداوی سەیری هاتەوە بیر. یەکێ لەوانە ئەوە بووکە دوو ساڵ لەمەوبەر، لە یەکێ لە ئاوایییەکانی نزیک بەوان، دوو بەرەباب، لەسەر مەسەلەی گەورە بە گچکە و ژن تەلاقدان، ناخۆشی دەکەوێتە نێوانیان. پاشان ناخۆشی و گرژییەکە پەرە دەسێنێ و دەبێتە دوژمنکاری. یەکێ لەو دوو بنەماڵەیە باری ئەوی دیکەیان ناباو بۆ گوندێکی دیکە بار دەکەن. دوای ئەوە بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، سێ کەس لە گەنجەکانیان دەبنە پێشمەرگەی یەکێ لە حزبەکان لە ناوچەی خۆشناوەتی. کاتێک کە بنەماڵەکەی دیکە بەوە دەزانن، ئەوانیش سێ کەس لە کوڕە گەنجەکانیان ڕەوانەی شاخ دەکەن و دەبنە پێشمەرگەی لایەنێکی نەیاری حزبەکەی دیکە. پاش چەند مانگێک لە دەرچوونی ئەوانە لە گوندی (کەسوماک)، هەردوولا، تووشی یەکدی دەبن و دەبێتە شەڕیان. لە ئەنجامدا چەکدارێک دەکوژرێ، لەوانەی کە لە گوندەکەیان باریان کردبوو. خەڵکی ئەو دەڤەرە پێیان وابوو کە تازە ئەو دوو بنەماڵەیە، خوێن کەوتە نێوانیان و چیتر ناتوانن بە ئارامی دانیشن. مینا زوو تێگەیشت کە شەڕی نێوان حزبەکان هەمان شەڕی نێوان بەرەباب و خێڵەکانە، بەڵام لە ژێر ناوی تردا بەڕێوە دەچێ.

مینا ئێستا تێدەگا کە زەخیرەی شەڕی ناوخۆی حزبەکان، ئەو چەک بەدەستە لە غەفڵەت گیراوانەن کە هیچ لە مانای ژیان و مەسەلە مرۆڤایەتییەکان نازانن. ئەم لە خۆی دەپرسی کە ئاخۆ، خاوەن ئەو جۆرە عەقڵە، چۆن لە باریدا هەیە، وڵاتێکی داگیرکراو ڕزگار بکات؟!

ڕاستییەکەی مینا لەوەش هەقی بە دەست بوو، ئاخر کە زۆربەی پێشمەرگەکان، لە



شۆڕشی کوردستاندا، خاوەن چەمکێکی دیاریکراو نەبن، بۆ تێگەیشتن لە دۆزی کوردستان و هەر لەو کەسانە پێکهاتبێ کە هەڵگری عورفی خێڵ و دەمارگرژیی، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بن کە کوردەوارییان غەرق کردووە لە تاوان و کاری نامرۆڤانە، چۆن دەکرێ ئەوانە ڕزگارکەری کۆمەڵگا بن و کێشەی وڵاتێکی داگیرکراو لە ئەستۆ بگرن!؟

مینا هەستی دەکرد کە بە هۆی فرەوان بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و تێکەڵبوونی لەگەڵ کەسانی تێگەیشتوو و خوێندەوار، لە کاتێکدا کە ئەم دەروازەی هزری کراوەتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر دۆزە جۆر بە جۆرەکانی ژیان، خەریکە گۆڕانێکی تەواو بەسەر کەسێتی و ئاستی بیرکردنەوەیدا دێت. ئاخر ئەم پێشتر، لە دنیایەکی داخراودا، بیری لە مەینەتییەکانی خۆی دەکردەوە، بەڵام ئێستا بۆی ڕوون بووەتەوە کە کێشە و دەردەسەرییەکانی ژیانی ڕابردووی لە کۆمەڵە هۆکارێک سەرچاوە دەگرن کە زۆر ئاڵۆز و یەکانگیرن. ئەو ژیانە کولەمەرگییەی کە ئەم گوزەراندوێتی، بەرهەمی کۆمەڵێک نەخۆشیی کۆمەڵایەتی کوشندەن کە بەربوونەتە جەستەی کۆمەڵگا و پیاوەکانیشی قوربانی دەستی ئەو نەخۆشییانەن، بۆیە بەبێ هۆشیار بوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا مەحاڵە هیچ گۆڕانێک لە ژیانی خەڵکدا ڕووبدات. مینا، دەبووایە زوو زوو بە سەر بۆچوونەکانی خۆیدا بچووبایەوە و وێنە شێوێنراوەکانی ژیان، لە هزری خۆیدا ڕێک بخاتەوە.

## ٢٤

مینا، ڕۆژێکیان بەبیریدا هات کە بچێتە ژوورەکەی شەونم و داوای لێ بکات کە لەگەڵ ئەمدا بچنە بازاڕ، بۆ ئەوەی هەندێک جل و بەرگ و پێویستی ژنانە بۆ خۆیان بکڕن. کە چووە ژوورەوە، دیتی وا شەونم، تەنها هەوەڵکراسێکی تەنکی لەبەردایە و لە بەرامبەر ئاوێنەکە، لە جەستە و جوانی سینەی ڕووتی خۆی دەڕوانێ. هەر کە چاوی بە مینا کەوت، نەختێک لە خۆی تەریق بووەوە و وتی: " ئەرێ مینا، تۆش وەکو من وای. هەندێ ڕۆژ، حەز و هەوەس، ئەوەندە بەسەرمدا زاڵ دەبن و ختووکەم دەدەن، وام لێ دەکەن پەنا ببەمە بەر یەکێک تا بمگوشێ و بمشێلێ و بملاوێنێ. حەزەکە ئەوەندە لەسەرم دەکات، بەوەش ڕازیم تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە کچیش بێت،

لەسەر جەستەم پاڵ کەوێ هەڵگێڕ و وەرگێڕم بکات. لەو ساتانەدا کە کەسێکی وام چنگ ناکەوێ، جاری وا هەیە، پەنا بۆ سەرینەکەم دەبەم، توند لە باوەشی دەگرم و بە سینەمەوە دەینووسێنم. هەندێ جار لە حەسرەتی، هەناسەیەکی گەرم و دەمێکی تەڕدا، لێوەکانم لە خۆیانەوە تەتەڵە دەکەن و داوای ماچ دەکەن، وەک چۆن بێچووی باڵندەکان بۆ وەرگرتنی خۆراک، دەنووکیان بەرامبەر بە دایکیان دەکەنەوە. من کە لە جەستەی خۆم ڕادەمێنم وا دەزانم، خوداوەند بۆ ئەوە جوانی بە ژنان نابەخشێ تا ئەوان لە نێو جێگە بە تاقی تەنیا بیخەوێنن. ئەرێ توخوا دە پێم بڵێ، تۆش قەت تووشی ئەو حاڵەتە دەبی".

مینا: " لەوانە ئەو حاڵەتە لە هەموو مرۆڤێکدا، وەک یەک نەبێ. هەیانە، حەز و ئارەزووەکانی بە تینە و هەندێکیشیان ساردو سڕن. جگە لەوەش هەندێک کچ، توانای خۆ زاڵکردنیان بەسەر هەوەس و ئارەزووەکانیان زیاترە لە هەندێکی دیکە، هەر بۆیە، ئەو حاڵەتە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ. ئەرێ بەڕاست شەونم. دەزانی تۆش زۆر جوانی. داخوا چەند کەس ئێستا، بە حەسرەت ڕامکردنی تۆوە شەوان خەویان دەزڕێ. وەختە منیش حەزم بچێتە تۆ! (بە پێکەنینەوە)".

شەونم لەگەڵ ئەو قسەیەی دوایی، دڵی خۆش بوو و بە (بزەوە) باوەشی بە میناداکرد و، لەسەر جێگەکەی، خۆی خستە ژێریەوە و توند بە سینەی خۆیەوە ڕایدەگوشی. میناش هەستی کرد، شەونم زۆری حەز لە دەست گەمەیە و ئەوە ئەو ساتەیە کە ئارەزووەکانی جۆشیان سەندووە، بۆیە بۆ دامرکانەوەی هەوەسەکانی ئەو بە پێکەنینەوە، نەختێک دەستبازی لەگەڵ کرد. شەونم زیاتر گڕی سەند و بە شلکەی ڕانەکانی ئەوی بەخۆیەوە دەنووساند و حەزەکانی سەری دەکرد. مینا کە زانی، وا شەونم بە تەواوی کەوتۆتە دنیای ئەوین و خەریکە ئاگری هەوەسەکانی ئەمیش دەورووژێنێ، هاتەوە هۆش و خۆی لەبەر دەستی دەرهێنا و وتی: " شەونم گیان، دە هەستە، کاتی ئەوە نییە، من کارێکی دیکەم پێت هەیە".

شەونم نەختێک بێ دەنگ بوو، پاشان زۆر بە شەرمەوە وتی: "دەزانی مینا، من چووبوومە دنیایەکی دیکە. ئای لە دەست ئەو حەز و هەوەسانە، کاتێک کە لێت بەخەبەر دێن، خۆ هۆش و عەقڵت پێ ناهێڵن. ئەرێ گوتت کارێکت پێمە".



مینا: " بەڵێ، دەمەوێ پێکەوە بچینە بازاڕ و هەندێک کەلوپەلم پێویستە، حەز دەکەم تۆ بۆم هەڵبژێری".

شەونم: " دەباشە هەر ئێستاکە دەچین، بەس توخوا مینا پێم بڵێ، خۆ هیچ لێم دڵگران نەبووی کە بەو شێوەیە ڕەفتارم لەگەڵت کرد".

مینا: " نا بۆ دڵگران بم. تۆ شتێکی سروشتیت کردووە. هەموو ژنێک لە ژێرەوە، حەزەکانیان ئاوایە".

شەونم: " ئەدی بۆ تۆ وانیت. تۆ کە بە لەش و لار و جەستەت وێنەت نییە کەچی کەسێک ئەو هەستانە لە تۆ بەدی ناکات".

مینا: " نا شەونم گیان، وا مەڵێ، منیش وەکو تۆ مرۆڤم، هەمان ئەحساس و ئارەزوو لە ناخمدا دەجوولێنەوە. بەڵام هەر وەک پێشتریش وتم، ئینسانەکان، هەموویان هێزی ئیرادە و خۆ زاڵکردنیان بە سەر ناوەوەی خۆیاندا، وەکو یەک نییە، ئیتر هەر ئەوەیە، ئەگەرنا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان من و تۆدا نییە".

شەونم: " دایکم هەموو جارێ دەڵێ: " هەموو قسەیەکی مینا، حیکمەتێکی لە پەنادا هەیە، بەڕاستی وایە، خۆزگەم بە خۆت کە لە ئێمەمانان بە هێزتری و جوانتر لە ژیان دەگەی".

مینا: " با پێت بڵێم، دادە سەعادەت هەر دایکی ئێوە نییە، دایکی منیشە. من قەت، ناز هەڵگرتنی دایکانەم بەرامبەر بە خۆم نەدیبوو، وەلێ ئێستا وا هەست دەکەم، میهرەبانترین دایک دەملاوێنێتەوە. من، ئەو کاتە تەواو ئارامم کە وەک منداڵی کۆرپە، خۆم لە باوەشی دادە سەعادەت مات دەکەم. ئای لەو بەهەشتە خۆشەی کە ئاسوودەییم پێ دەبەخشێ".

شەونم: "دە کەواتە با هەر ئێستا بڕۆین، پێکەوە دەچینە گەرماوەکەش، ماوەیەکە خۆمان جوان نەشۆریوە، تۆ دەڵێی چی".

مینا: " باشە دەچین، بەڵام بە مەرجێک، لە ژووری خۆ شۆریندا، عاقڵ بیت! (بەپێکەنینەوە)".

## ٢٥

نیوەڕۆ بوو، مینا، وەک ڕۆژانی پێشوو لە قوتابخانە هاتەوە. لەو دەمەدا سەعادەت لە نێو چیمەنی حەوشەکەیاندا خەریکی پاککردنەوەی چیمەنەکە بوو و شەتڵە نەمامەکانی لێوار چیمەنەکەی ئاو دەدا. کە مینا چاوی پێی کەوت نەچووە ژوورەوە، یەکسەر بۆ لای ئەو لایدا و سڵاوی لێ کرد. سەعادەت سڵاوەکەی سەندەوەو وتی: "بەخێر بێیتەوە کچم، بۆ ناچی خۆت بگۆڕی و نەختێ پشوو بدەی. منیش هەر ئێستا دێم، چێشتەکە حازرەو سفرەکەشم ڕاخستووە، دەزانم ئێستا زۆر برسیت بووە".

مینا: " بەڵێ دادە گیان، ڕاستدەکەی زۆر برسیمە، وەلێ شتێک هەبوو ویستم پێت بڵێم".

سەعادەت: " چووە لای مینا و دەستێکی بەسەردا هێنا و وتی: " بیڵێ کچم".

مینا: " مامۆستا ساجیدە کە یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمانە، حەز دەکا بێتە ماڵمان و لە نزیکەوە ئێوە بیناسن. منیش بە باشم زانی ئێستا پێت بڵێم، چونکە ئەو بە تەمایە دەوروبەری سەعات چوار بێتە ماڵمان".

سەعادەت: " جا کچم، لەوە چاکتر چی هەیە، کە هات، ئێمەش زۆر بەخێری دێنین".

مینا گەڕایەوە ژوورێ و خۆی گۆڕی. پاشان نانخواردن، ئەم لە دڵەوە هاتنی ساجیدە نازری بە شتێکی تازە دەزانی، چونکە یەکەم کەسە کە بە هۆی ئەمەوە دۆستایەتی لەگەڵ ماڵەوەیان دەبەستێ. دەبێ زۆر هوشیار و وریا بێت و شتێکی وا نەکات کەسێک بە پەیوەندییە شاراوەکانی لەگەڵ بەختیار، بزانێ.

وەختی پاش عەسرێ، مینا هەموو زەینی، لەسەر زەنگی دەرگای حەوشەکەیان بوو. دەیویست هەر کە لە دەرگایان دا، سەعادەت ئاگادار بکاتەوەو بچێ دەرگاکەش بکاتەوە. لەو ئان و ساتەدا زەنگەکە لێیدا. ئەو دەمە سەعادەت لە حەوشەکە بوو، پێش ئەوەی مینا خەبەری بداتێ، دەرگاکەی کردەوەو دیتی، ژنێکی گەنج لەبەر دەرگا وەستاوە، یەکسەر پێی وت: " فەرموو خانم وەرنە ژوورەوە".

ساجیدە: " ئێرە ماڵی سەعادەت خانە وانییە".



سەعادەت: " بەڵێ، بەڵێ خۆیەتی فەرموون، تۆ دەبێ مامۆستا ساجیدە بیت، وانییە".

ساجیدە: " بەڵێ هەوم". چووە ژوورێ و دووبارە سڵاوی کردەوە و لە ئەحواڵی پرسین. لەو دەمە میناش، گەیشتە لایان و بە گەرمی بەخێرهاتنی ساجیدەی کرد. پاشان سەعادەت بە پێشیان کەوت و چوونە ژووری میوانان. دوای کەمێک شەونم و شەوبۆش هاتن و بەخێرهاتنی مامۆستا ساجیدەیان کرد.

ساجیدە: " بەڕاستی سەعادەت خان، کچی ڕێکوپێکت هەیە، بریا هەموو کەس وەک ئێوە، منداڵی خۆیان ئاوا پەروەردە دەکرد. ئەو کاتە ئێمەش، کێشەمان کەمتر دەبووەوە. من لە جیاتی بەڕێوەبەر و هەموو مامۆستاکان هاتووم بتانناسم و سوپاستان بکەم. ئێمە لە هەرسێ کچەکەت ڕازین".

سەعادەت: " ساجیدە خان، ئەو کچانە لە ماڵەوە کچی ئێمەن، وەلێ لە قوتابخانە کچی ئێوەن. ئێمە خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئێوە لە کچەکانمان ڕازین. ئەوە بۆ ئێمە لە هەموو سەروەتێکی دنیا بەقیمەتترە".

شەونم و شەوبۆ، چوونەوە ژووری خۆیان و ئەوێیان بەجێ هێشت.

ساجیدە: " سەعادەت خان، ئێمە ڕێزی تایبەتیمان بۆ مینا هەیە. لە دەرسەکانی زۆر زیرەکە و لە هەڵسوکەوت و جوولانەوەی ناو قوتابخانەشدا ئەوەندە بە ڕەوشت و ڕێکوپێکە، سەرنجی هەموومانی ڕاکێشاوە، بە تایبەتی سەرنجی من. من و ئەو ئێستا مامۆستا و قوتابی نین، بەڵکو دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکدین. چەند جارێک داوام لێی کردووە کە سەردانی ماڵەوەمان بکات، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە بە تەنیام حەز دەکەم بێتە لام و قسەم بۆ بکات، چونکە زۆر سەبرم پێی دێ. بەڵام مینا پێی وتم کە نایەوێ بەبێ ئاگاداری مامە فەرهاد و دادە سەعادەت، بچێتە ماڵی هیچ کەسێک. واتە ئێوە، دەبێ ڕازی بن و پێتان خۆش بێ. تۆ سەیرکە! ئەمەشی هەر لە ڕەوشت پاکی و ژیری خۆیەتی کە ئەوەندە ڕێز لە ئێوە دەگرێ. جا نازانم ئێوە، ڕێگەی پێ دەدەن یان نا".

لەو کاتەدا مینا، چای و ئاوی هێنا و بە جوانی لە بەردەم سەعادەت و ساجیدەی دانا.

سەعادەت: " بە خۆت دەزانی، لەو دنیایە پڕ لە موشکیلاتە، مرۆڤ دەبێ زۆر ئاگای لە خۆی بێت، بە تایبەتی ئێمەی ژنان. سەبارەت بە میناش، ئێمە لە کچەکانی خۆمان زیاتر خۆشدەوێت و دەزانین کە کچێکی عاقڵ و تێر ئەخلاقە، بەڵام ئەگەر ماڵێک شارەزاییمان پێیان نەبێت، حەز ناکەین کچەکانمان هاتوچۆی ئەو ماڵە بکەن. وا بزانم لە مەبەستی من دەگەی. وەلێ سەبارەت بە تۆ کە مامۆستای ئەوی و شوکر عاقڵ و ڕێکوپێک دیاری، ئێمە ڕێگەی لێ ناگرین بە مەرجێک کە ئێوەش حسێبی ئەوە بکەن کە مینا (ئەمانەت)ە لەلای ئێمە. واتا دەبێ لە کچەکانم زیاتر ئاگامان لە ساغی و سەلامەتی ئەو بێت".

ساجیدە: " قسەکانت زۆر جوانە. حەز دەکەم زۆر چاک تاقیبی ئێمە بکەی، ئەگەر لەوە دڵنیا نەبووی کە مینا، هاتوچۆی ئێمە بکات، با نەیکات. هەر بۆ ئەو مەبەستە داوا دەکەم کە ئێوە جارێک هەمووتان داوەتی ئێمەبن. پاش ماوەیەک کە شارەزامان بوون، ئەوساکە بڕیارەکە بدە. من، لە پێناوی هاوڕێیەتی مینا، بە هەموو شتێک ڕازیم" .

سەعادەت، دەیزانی کە ساجیدە ڕاستگۆیانە قسە دەکات، چونکە هەموو کەس هاوڕێیەتی مینای پێ خۆشە، هەتا ئەم خۆیشی ئێستا، ئەوەندەی سەبری بە مینا دێت بە کچەکانی خۆی نایێ.

سەعادەت وتی: " داوەتکردن، زەحمەتییەکی زۆرە. بەڵام بۆ دڵنیابوونی خۆم، من و مینا بەیانی ئەو وەختە سەردانت دەکەین، وا باش نییە".

ساجیدە: " من، مەمنوونی هەڵوێستە جوانەکانتم. سبەی من و هاوسەرەکەم لە چاوەڕێی ئێوەدا دەبین. با تاریفێکی ماڵی خۆمانت بۆ بکەم: هەرکە لە سووچی لای ڕاستی قوتابخانەکە سووڕایەوە، بەدەستە چەپ، کووچەیەکی دوور و درێژ هەیە، ئێمە سێیەمین ماڵین بەلای دەستە ڕاست و ڕوومان لە ڕۆژهەڵاتە، ڕەنگی دەرگاکەمان سەوزێکی نەختێ کاڵە".

سەعادەت: " ماڵەکەتان زۆر ئاسانە، خوا پشتیوان بێت، بەیانی دێینە سەردانتان".

ساجیدە: " زۆر چاکە کەواتە من هەڵدەستم، ئێوەشم ئەزیەت دا. خودا حافیز".

سەعادەت و مینا پێکەوە، هەتا دەرگای حەوشە چوون و بەڕێیان کرد.



مینا، دەیویست بزانێ کە داخوا سەعادەت خان، ڕای بەرامبەر ساجیدە و پێشنیارەکەی چۆنە. دەیویست سەعادەت هەر لە خۆیەوە قسەی بۆ بکات، هەرواش دەرچوو. کە چوونە ژوورێ، سەعادەت دانیشت و وتی: "دەزانی، ئەو ساجیدەیە کەسێکی زۆر عاقڵ و بێ فێڵ دیارە. دیارە لە خێزانێکی ئاست بەرزیش پەروەردە کراوە. سەبارەت بە تۆش مینا گیان، ئێمە قەت پێمان ناخۆش نییە هاوڕێی چاکت هەبێ، چونکە تێکەڵاوی تۆ لەگەڵ خەڵکانی دیکە گەلێک لە خەمەکانت کەم دەکەنەوە، وەلێ پێویستە هەمیشە ئاگاداری نهێنییەکانی ژیانی خۆت بیت، باشە ڕۆحەکەم".

لەگەڵ ئەو قسانە، گریانێکی پڕ لە بەزەیی لە قوڕگی مەیی و دەستێکی بەسەر مینا داهێنا و درێژەی بە قسەکانی دا : "ئاخر ئەگەر تۆ، جارێکی تر، ژیانت لێ تێک بچێت و تووشی دەردەسەری ببیەوە، ئەو کاتە ئێمەش خۆشی لە ژیانماندا نامێنێ".

مینا بە قسەکانی سەعادەت زۆر دڵی خۆش بوو. دەستی ڕاستی سەعادەتی بەرز کردەوە و ماچی کرد، پاشان وتی: " تا لە ژیاندا بم، بە ڕۆح قەرزاری تۆم و هەرگیز نابێ کارێک بکەم کە بە دڵی تۆ نەبێت. بەیانیش کە چووینە ماڵی ئەوان، ئەگەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوانت بە دڵ نەبوو، منیش ئێدی ناچمە ماڵی ئەوان".

ڕۆژی دواتر، ساجیدە لە قوتابخانە بە مینای وت: "دوێنێ لەپاش ڕۆیشتنی من، سەعادەت باسی هیچ شتێکی نەکرد".

مینا: " بەڵێ باسی کردی و هەڵویستی بەرامبەر بە تۆ زۆر باش بوو".

ساجیدە: " من عەسرەکەی لە ماڵەوە چاوەڕێتان دەکەم، بەڵام مینا کە گەیشتنە نزیک ماڵی ئێمە، تۆ نەڵێی ئەو دەرگایە ماڵی ئەوانە، چونکە گومانی ئەوەت لێ دەکات کە تۆ پێشتر ئەو ماڵەت دیوە. دەبێ لەم بارەیەوە زۆر وریا بیت ها".

مینا: " مامۆستا، لەم شتانە خەمی منت نەبێ، من ئەو شتانەم لێ ڕەت نابێ".

پاش نوێژی عەسر، سەعادەت بە مینای وت: " کچم مینا حازری بڕۆین".

مینا: "بەڵێ دایکە من حازرم".

بەڕێ کەوتن، مینا لە ڕێگادا بە سەعادەت خانی وت: " پێم باشە ئێوارێ کە مامە فەرهاد هاتەوە، پێی بڵێی کە ئێمە سەردانی ماڵی مامۆستا ساجیدەمان کردووە".

سەعادەت: "ئەدی چۆن کچم دەبێ پێی بڵێین، هەروا جوانە. ئەو جۆرە پرسانە ڕێز و خۆشەویستی لە ناو خانەوادە زیاتر دەکات".

مینا، هەنگاوێک لە دواتر لە تەنیشت سەعادەت دەڕۆیی. کە گەیشتنە بەر دەرگای ماڵی ساجیدە، سەعادەت وتی: " بە گوێرەی تاریفەکەی ئەو، ئەم دەرگایە ماڵی ئەوانە".

مینا: " پێ دەچێ هەوبێت، ڕەنگی دەرگاکەش هەمان ئەو ڕەنگەیە کە ئەو گوتی".

سەعادەت زەنگی دەرگاکەی لێدا. ساجیدەش کە لە چاوەڕوانیدا بوو، یەک پێ هەڵسا و دەرگاکەی کردەوەو وتی: " یاخوا بە خێربێن، فەرموون وەرنە ژوورەوە".

سامانیش لە بەر هەیوانەکە کە چاوی پێیان کەوت، بە گەرمی چاک و خۆشی لەگەڵ کردن و بۆ ژووری میوانان بە پێشیان کەوت. سەعادەت چووە ژوورەوە، لە دوای ئەویش مینا و ساجیدە. هەر دوولا ئاسایی لە ئەحواڵ و سەلامەتیی یەکدییان پرسی. پاشان سەعادەت وتی: " شوێنی ماڵەکەتان زۆر ئاسانە. یەکسەر بۆ ئێرە هاتین (مینا لە ژێرەوە زەردەخەنەی هاتێ و ساجیدەش بە لا چاوێک تێبینی زەردەخەنەکەی ئەوی کرد) وا نەبوو مینا".

مینا: " بەڵێ دایە شوێنی ماڵەکەیان زۆر ئاسانە".

سەعادەت: " ساجیدەخان، ئەم خانووە هی خۆتانە یاخود بەکرێ تێی دان".

ساجیدە: " هی خۆمانە، کاتی خۆی ماڵی باوکی سامان دوو خانوویان هەبوو، ئەمەیان بەر سامان کەوت، شوکر بۆ گوزەرانی خانوویەکی خراپ نییە بە تایبەتی بۆ من، زۆر لە قوتابخانەکەمان نزیکە".

پاش ئەوە ساجیدە چای و میوەی هێنا و کەوتنە باس و خواسی دنیا و کێشەکانی ژیان. ئەوان لە گەرمەی قسەکردندا بوون، وەختێک زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا. سامان هەڵی گرت و وەڵامی دایەوە، دیاربوو یەکێک لە هاوڕێکانی بۆ کارێکی تایبەت بە خۆیان، داوای لێ کرد بچێتە لایان. سامانیش کە سەیری کرد مەجلیسەکەیان بەبێ ئەمیش هەر ئاسابییە، داوای مۆڵەتی لە سەعادەت کرد کە ئەم بۆ کارێکی پێویست دەبێ بچێتە لای هاوڕێیەکەی.



سەعادەتیش وتی: "کاک سامان، تۆ بڕۆ دوای کارەکەی خۆت، خۆ ئێمە میوان نین".

سامان: " زۆر سوپاستان دەکەم، جارێ خواحافیز".

سامان ڕۆیشت و ئەوانیش سەربەستانەتر کەوتنەوە قسەکردن. دوای نزیکەی سەعاتێک دانیشتن، سەعادەت وتی: " مینا گیان، ئەدی نەچینەوە".

مینا: " بەرێ وەڵڵا دایە، درەنگە با بڕۆین".

ساجیدە: " بەخوا هێشتا زووە سەعادەت خان، دە وەرن سەیرێکی ماڵەکەمان بکەن".

ساجیدە بە پێشیان کەوت و چوونە سەیرکردنی ژوورەکانی تر. لە یەکێک لە ژوورەکان، کتێبخانەیەکی تێدابوو کە زیاتر لە هەزار کتێبی لە خۆ گرتبوو. مینا کە چاوی پێ کەوت، یەکسەر بۆ لای کتێبخانەکە خشی. لە سەر بەرگی کتێبەکان، چاوی بە ناونیشانیاندا دەگێڕا. پاش ئەوەی سەعادەت لەگەڵ ساجیدە سەیری ژوورەکانیان کرد، دیتیان مینا، هەروا بەرامبەر کتێبخانەکە وەستاوە و دانە دانە، دەریان دێنێ و لە شوێنی خۆیانیان دایاندەنێتەوە. سەعادەت وتی: " ساجیدە خان، تۆ سەیری مینا بکە ئەو کچە دەڵێی عەشقی کتێب بووە، جاری وا هەیە لە ماڵەوە زیاتر لە سێ چوار سەعات خەریکی خوێندنەوەیە، نازانم چۆن ئەو تاقەتەی هەیە. باوکی شەونمیش، پێی ناخۆش نییە و بەڵێنی پێداوە ئەو هاوینە بیباتە ماڵە دۆستێکی خۆمان لە سنە. ئەوان کتێبخانەیەکی گەورەیان هەیە لەوێ، چی بە دڵ بوو بۆ خۆی بهێنێ".

ساجیدە: " سەعادەت خان، کتێب باشترین هاوڕێیە، توخوا قەت ڕێی لێ مەگرن".

سەعادەت: " ئێستا بە هۆی ئەوەوە، شەونم و شەوبۆش، جاروبار سەیری کتێبان دەکەن. ئەرێ مینا گیان، بابڕۆین درەنگە کچم".

مینا لەگەڵ بانگکردنەکەی سەعادەت، کتێبەکەی دەستی داناوەو وتی: " بەڵێ دایە، وا هاتم".

بەو جۆرە خواحافیزییان کرد و گەڕانەوە ماڵێ.

مینا، ئەو ساڵە زۆر زیرەکانە لە خوێندنەکەی سەرکەوت. ئەو ڕۆژەی نمرەکانی وەرگرتەوە، مامۆستاکانی پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لێ کرد. کاتێک مام فەرهاد سەیری نمرەکانی مینای کرد، دەستی بەسەریدا هێنا و وتی: " ئەی ئافەرین کچم، بەڕاستی سەرمان بە تۆوە بەرزە! ئەم ساڵ بە هۆی تۆوە، شەونم و شەوبۆش بە نمرەی باش دەرچوونە".

کاتێک مامە فەرهاد پێی گوت: بەڕاستی سەری ئێمەت بەرز کردۆتەوە، مینا یەکسەر تەزوویەک بە لەشی داهات. ئاخر ئەم، لە ماڵەبابی خۆی پێیان دەگوت تۆ مایەی سەرشۆڕی ئێمەی، لێرەش پێی دەڵێن، تۆ مایەی سەربەرزی ئێمەی کەچی ئەو هەر کچەکەی جارانە. لە ڕووی ئەخلاق و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەمان ڕەفتاری جارانی هەیە. کە لە ماڵەبابی دەیخوێند، لەوێش هەر بە یەکەم دەردەچوو، وەلێ کەسێک نەبوو دەستخۆشی لێ بکات و پێی بزانێ! هەر بە خۆی لە بیری خۆیدا دەیپرسی: داخوا دەبێ نهێنی ئەو دوو هەڵوێستە دژ بە یەکە، (سەربەرزی، سەرشۆڕی)، لە چیدا بێت. کە ئەم، هەمان مرۆڤە و چراخانی عاقڵ و زیرەک، بە نەزەری زەینەدین کچێکە بۆتە مایەی سەرشۆڕیی ئەوان. بەڵام مینای عاقڵ و زیرەک، بە نەزەری مام فەرهاد، بۆتە مایەی سەربەرزیی ئەوان. لێرەدا چاک دیارە کە جیاوازییەکە، لە کەسێتی باوکەکان دایە!. یەکێکیان جاهیل و بیرتەسک و دواکەوتوو، لە لای ئەو هەموو کچێک مایەی سەرشۆڕین بۆ خێزان و بنەماڵەکەیان. ئەوی دی، پیاوێکی بە ویژدان و کراوە و دنیا دیدەیە، لە نەزەری ئەودا، هەموو کچێک لە سروشتی خۆیدا، مایەی سەربەرزی خانەوادەکانیانن، ئەگەر پەروەردەیان ڕاست و دروست بێت.

هەفتەیەک دوای تەواو بوونی دەوامی قوتابخانە، مینا بە سەعادەتی وت: " دادە سەعادەت حەز دەکەم سەردانێکی ساجیدە خان بکەم، تۆ دەڵێی چی".

سەعادەت: " باشە تەلەفۆنی بۆ بکە، ئەگەر لە ماڵەوە بوو، دانی ئێوارەکەی بچۆ و سەلامی ئێمەشی لێ بکە، بەڵام بە وەختەوە بگەڕێوە، باشە کچم".



مینا: " زۆر باشە، دایە گیان".

مینا بە تەلەفۆن، کاتی چوونەکەی لەگەڵ ساجیدە دیار کرد و پێی وت کە خەبەری بەختیاریش بدات، تا لەوێ یەکدی ببینن. پاشان چووە لای سەعادەت و پێی وت کە پاش نیوەڕۆکەی دەچێتە سەردانی ساجیدە نازری.

سەعادەت وتی: " باشە حەز دەکەی بە تەنیا بچیت، یا شەوبۆت لەگەڵ ڕەوان بکەم،، چونکە شەونم نەختێک تەندروستی باش نییە".

مینا: "چۆنت پێ باشە ئاوا. من حەز دەکەم یەکێکیان لەگەڵم بێت، چونکە بەتەنێ زۆر ناخۆشە، ئەگەر دوو کەس بین باشترە".

مینا لە دڵی خۆیدا، حەزی دەکرد بە تەنیا بۆ سەردانییەکە بچێت، چونکە بەختیاریش دەهاتە ئەوێ. لەوە دەترسا لە قسە کردن، سەربەست نەبن و پاشان ڕەنگە شەوبۆ بۆ دایکی بگێڕێتەوە کە بەختیاریش لەوێ لە ماڵی ساجیدە بووە، ئەو کاتە سەعادەت، بیری بۆ شتێکی دیکە دەچێت.

سەعادەت: " شەوبۆم بۆ بانگ بکە".

مینا چووە لای شەوبۆ و پێی وت کە دایکی کاری پێیەتی. شەوبۆ لە شوێنی خۆی هەڵسا و چووە لای دایکی وتی: " فەرموو دایکە".

سەعادەت: " دوای نیوەڕۆ، لەگەڵ مینا بڕۆنە ماڵی ساجیدە خان".

شەوبۆ: " بەخوا دایە ناتوانم، چونکە قەولە دوو کەس لە هاوڕێکانم، بێنە سەردانم".

سەعادەت: " ئاوا، مینا کچم، بە تەنیا بڕۆ خۆ ئەوەندە دوور نییە".

مینا: " ڕاست دەکەی دوور نییە، با شەوبۆ هەتا سووچی قوتابخانەکە لەگەڵم بێت و پاشان بگەڕێتەوە".

سەعادەت: " ئێ، زۆر چاکە کچم".

شەوبۆ: " باشە دایکە لەگەڵی دەچم، بەس بە خوا ئەمنی پێ ناوێ".

پاش نیوەڕۆکەی مینا خۆی حازر کرد و بە سەعادەتی وت: " دادە سەعادەت وا دیارە شەوبۆ ناتوانێ لەگەڵم بێت، من بە تەنێ دەچم".

سەعادەت: "کچم ئاگاداری خۆت بە و سڵاویان لێ بکە".

بەم شێوەیە مینا لە ماڵەوە دەرچوو و پاش بیست خولەک گەیشتە بەر دەرگای ماڵی ساجیدە و لە دەرگای دا. دوای چەند ساتێک دەرگاکە کرایەوە و ساجیدە فەرمووی لێ کرد و وتی: " مینا گیان، یەکسەر بۆ ژووری میوانان بڕۆ منیش وا دێم".

مینا کە لە دەرگای ژووری میوانان چووە ژوورێ چاوی بە بەختیار کەوت و وتی: " کاک بەختیار چۆنی چاکی. توخواکەی ئەزیەت مەکێشە و دانیشە، ئێ وەزعت ئەخبارت".

بەختیار: " زۆر سوپاست دەکەم، میناخان، ئەدی تۆ چۆنی. بەخوا زۆر غەریبیم دەکردی و هەمیشە لە یادمی.

مینا: زۆر سوپاست دەکەم، لە چاکی خۆتە، بەڵام ئەوە بە دیارکەوت من لە تۆ باشترم و لە تۆم پێچایەوە! ئاخر هاوڕێیەتی چۆن وا دەبێ. خۆ ئەگەر بواری دیدەنیش نەبێ، دەتوانی بە ساجیدەخان سڵاوێک، هەواڵ پرسینێک بکەی وانییە".

بەختیار: بە خوای دیارە تۆ باشتری. بەڵام ڕاستییەکەی هەر لەبەر ئەوە بوو دەمگوت، نەبادا مینا پێی باش نەبێت، منیش قەت نامەوێ ئێوە لێم دڵگران بن".

لەو کاتەدا ساجیدە هاتە ژوورەوە و هەندێک شەربەت و میوەی هێنابوو.

مینا: " جا من بۆ دەبێ پێم ناخۆش بێ، ئەگەر یەکێک خاتری منی بوێ و سڵاوم بۆ بنێرێ، بە پێچەوانەوە، زۆر منەتباریش دەبم".

ساجیدە: " چییە ئەوە بەختیار، بە تەمای لە قسەی ڕێک و جوان لە مینا ببەیتەوە، بەخوا ئەوەیان زەحمەتە هاوڕێ!".

بەختیار: " بەخوا ساجیدە خان، هەر لە ئێستاوە دۆڕاوم و من تەسلیم". بە پێکەنینەوە، هەردوو باڵی بەرز کردەوە.

مینا: " ئەوەندە زوو تەسلیم مەبە، مرۆڤ ئەگەر دڵنیابێت کە ڕاستییەکان لەلای ئەون، نابێ خۆی بە دەستەوە بدات، وانییە ساجیدە خان".

ساجیدە بە پێکەنینەوە: " وایە و زیاتریش". هەرسێکیان پێکەنین.

مینا: " ئەو شتەی کە زیاتر ڕامدەکێشێ بۆ هاوڕێیەتیتان، ئەوەیە من وادەزانم،





ئێوە خەڵکێکی ڕۆشنبیرن و بە دڵێکی پاکەوە پەیوەندی دروست دەکەن. ڕاستییەکەی من زۆر حەز دەکەم شارەزای دنیای ڕۆشنبیریی و کتێب خوێندنەوە ببم. بۆیە داواتان لێ دەکەم لەم بارەیەوە یارمەتیم بدەن و ڕێم نیشان بدەن".

ساجیدە: " مینا گیان، تۆ کەسێکی هوشیار و عاقڵی. لە ڕۆژانی داهاتووشدا، لەوە دەگەی کە ئێمە ئامانجمان لە کۆکردنەوەی خەڵکانی باش چییە. با پێت بڵێم، ئێمە هاوڕێی خاوەن فکر و ڕۆشنبیریمان زۆرن، ئەگەر ئامادەییت هەبێ وردە وردە هەمووان دەناسی. ئێمە، کۆمەڵە کەسێکین لەم شارە، بەردەوام مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بە یەکەوە گفتوگۆیان لە سەر دەکەین و ڕا وبۆچوونەکانمان دەگۆڕینەوە. هەندێکمان وەک هەڵسووڕاوێکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ خەڵکە گشتییەکەش پەیوەندی دەبەستین و لە دەرد و مەینەتییەکانی ژیانی خۆیانیان دەگەیەنین، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کە ئەو هەموو ستەم و زوڵمەشی لێ دەکرێ، لە بەر دواکەوتوویی و نزمی ئاستی هوشیاریی، لە هۆکارەکانی ناگات. لە بەر ئەوە، ئەرکی ئێمەی ڕۆشنبیرە کە شەو و ڕۆژ، بێ ماندوو بوون، قسەیان لەگەڵ بکەین و ڕێکیان بخەین. تۆش لەمەودوا هاوڕێیەکی خۆشەویستی ئێمەی و بۆ مەسەلەی داواکارییەکەشت، ئێمە هەموو ئاسانکارییەکت بۆ دەکەین، لە پەیدا کردنی کتێبی چاک و گفتوگۆ کردن لەسەر هەموو بابەتەکان".

بەختیار: " ئەمن پێم باشە میناخان، ماوەیەک بە جددی بخوێنێتەوە لەو بابەتانەی کە ئەو خۆی حەزیان لێدەکات. چونکێ هەر بابەتێک ئەگەر جێگەی بایەخی خوێنەر نەبێ ناتوانێ سوودی لێ وەرگرێ و پرسیاری لەلا دروست نابێ. حەز دەکەم ئەوەش بۆ میناخان ڕوون بکەمەوە کە ئەو خەڵکانەی ئێمە کە لەو حەڵقە ڕۆشنبیرییانە بەشداری دەکەن، زۆربەیان لە ڕووی سیاسییەوە بێلایەنن. گرنگ لێرەدا، خۆ بیناکردن و هۆشیاربوونەوەیە، بۆیە با مینا خان بیری بۆ ئەوە نەچێ و وا بزانێ کە ئێمە حزبێکین و پەیوەندییەکانمان کاری ڕێکخراوەییە، بەڵکو ئەوەی ئێمە پەیوەندییەکی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرییە، وا نییە ساجیدە خان؟".

ساجیدە: " بەڵێ. بەڵێ، وایە. جا کاک بەختیار، خۆ پەیوەندی ئێمەش لەگەڵ تۆ، ئەوە چەند ساڵە، هەر پەیوەندی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی کتێب بووە، لەوانە لە ڕووی

ئینتمای سیاسییەوە، زۆر جیاوازیمان هەبێ. ئەمە مەسەلەیەکە، دەبێ هەموومان لە یەکتری قبووڵی بکەین. سەبارەت بە ئێوەش هەردووکتان، لەوە دەچێ (بەپێکەنینەوە) پەیوەندییەکەتان شتی ڕۆحی و ئەوینیشی تێ بکەوێ، هەر وەک چۆن پەیوەندی نێوان من و سامانیش، بەو ئاقارەدا ڕۆیشت".

مینا: " بە ڕای من، پەیوەندی خۆپەروەردەکردن و بابەتە ڕۆشنبیرییەکان، بەشێکن لە ڕۆڵ و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵ کە دەکرێ بڵێین، ئەم جۆرە پەیوەندییانە، گشتگیر و هەمە لایەنەیە. بەڵام ئەوەی ساجیدەخان بەم دواییە باسی کرد، ئەوە زیاتر بابەتێکی شەخسییە و لە ناوەوەی مرۆڤەکان کاری خۆی دەکات، وانییە کاک بەختیار".

بەختیار، زۆر لە مەبەستی مینا حاڵی نەبوو، بەڵام ئەوەندەی لێی تێگەیشت، ئەوە بوو کە ئەگەر مینا کەسێکی خۆش بوێ و دڵی خۆی پێ بدا، بەو شێوەیە ڕەفتار ناکات کە کەسانی دیکە پێی بزانن و قسەی پێوە بکەن. ئەمەش زیاتر ژیری و بڕوابەخۆبوونی مینا دەسەلمێنن. پاشان بە بیریدا هات کە ئەم، ئەگەر بیەوێ باسی عەشق و خۆشەویستیی خۆی بکات و بە تەواوی لە یەکدی بگەن، دەبێ ڕێگەچارەیەکی دی بگرێتەبەر، ئەویش دانیشتنە لەگەڵ مینا، بەبێ هەبوونی کەسی سێیەم. واتە لەتەک ئەو پەیوەندییە فرەوانەدا دەبێ ئەم، بیر لە پەیوەندییەکی تایبەتتر بکاتەوە، بۆیە هزری خۆی کۆکردەوە و وتی: " بەڕاستی من لەگەڵ ڕایەکەی میناخانم کە پەیوەندی خۆشەویستی، لە ناخی مرۆڤەکاندایە. جاری وا هەیە، ئەوەندە نهێنی و شاراوەیە، یەک لایەنە بەڕێوە دەچێ، بەبێ ئەوەی لایەنەکەی دیکە پێی بزانێت، چ جای خەڵکانی دی".

ساجیدە: " (بە پێکەنییەوە) بەخوا تازە تەواو، هەرچی میناخان بیڵێ، تۆ پەسندی دەکەی. مینا بە تەواوی تۆی لە ئێمە سەند".

مینا: " ساجیدە خان حەزی لە قسەی خۆشە و دڵی بەهار دێنێ. خواش بە دڵی ئەوی کردووە. ئاخر هەموو کەس خۆشیان دەوێ و هەتا قوتابیانی قوتابخانەش. سەبارەت بە خۆشم، من کاک بەختیارم، وەک هاوڕێیەک خۆشدەوێ و ئومێدم وایە، یەکێک بێ لەو کەسانەی کە لە دنیای خوێندنەوە و ڕۆشنبیریدا، دەستم بگرێ. بەڵام



مەسەلەی ئەوەی کە بڕیار بدەم پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ببەستم، ئەوا من وای تێدەگەم، ئەو بڕیارە، بە دەست من نییە، بەڵکو ئەوە بڕیاری هەست و دڵە. بۆیە من نامەوێ لەم بارەیەوە قسەیەکم هەبێ. هەر دەمێکیش، دڵ بڕیاری دا، لەسەر ئێمە بەجێگەیاندنی فەرمایشتەکەیەتی، وانییە کاک بەختیار".

بەختیار: " قسەکانت هەمووی حیکمەتە، هاوڕێ گیان".

ساجیدە: " کاک بەختیار، ئەوەندەی لەو کچە ڕادەمینێم، دەگەمە ئەو قەناعەتە کە پاش یەک دوو ساڵی دی، دەبێتە مامۆستای هەموومان. دەزانی بۆ. چونکە قەت نازانێ، درۆ لەگەڵ ناخی خۆی بکات و هەموو شتێک بەجددی وەردەگرێ و بیرو هۆشی خۆی بۆ دەخاتە کار، ئەو جۆرە کەسانەش، هەمیشە دەبنە بلیمەت و لە باقی خەڵکەکانی دیکە چاکتر، لە ڕەگوڕیشەی شتەکان دەگەن".

مینا: " بەڕاستی مامۆستا بەو مەدح و سەنایە خەجاڵەتت کردم، (بە پێکەنییەوە) خەریکە خۆم لێ دەگۆڕێ. ئاخر سەلامەت بن، من وا ئیرەیی بە ئێوە دەبەم کە ئینسانی تێگەیشتوو و خوێندەوارن و هەمووتان کتێبخانە و دانیشتنی ڕۆشنبیریتان هەیە. من، لەلایەک هێشتا سەرەتای ژیانمە و لە خوێندنیش تازە چوومەتە کلاسی نۆ، بەڕاستی بۆ من، هێشتا گەلێک زووە کە ناوێکی وا مەزن هەڵگرم".

ساجیدە: " مینا گیان، وەک گوتم، تۆ مێشک و عەقڵت بە پێش تەمەنت کەوتوون، ڕاستە ئێستا تەمەنت شانزە ساڵانە، بەڵام عەقڵت، هی ئەوانەیە کە لە چلیشیان ئاوا کردووە".

مینا بە بزەوە گوتی: " بە خوا ساجیدە گیان، بەو منداڵییە کە هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمم دێ، خەریکە بمخەیتە ڕیزی پیرەکانەوە".

بەختیار: " بەخوا مینا گیان، لەو مەسەلەیە، ئەوجارەیان لایەنی ساجیدە دەگرم. من وەختێک بەراوردی کەسێتی و هەڵسان و دانیشتنی تۆ، لەگەڵ هاوتەمەنەکانت دەکەم، جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکەم. ئێستا، لە زۆر لاوە تۆم بە مامۆستای خۆم قبووڵە!".

ساجیدە: " مینا ئەوجارە ئێمە دووانین و تۆش بە تەنها".

مینا: " کاک بەختیار بە زمانی دڵی قسان دەکات، بۆیە ئەو جارە لای تۆی گرت".

بەختیار: " لەمەشیان، هەر تۆ ڕاستی".

مینا: " جا هاوڕێیان، من حەز دەکەم زوو بگەڕێمەوە ماڵێ، دوا کەوتن بۆ ئێمە باش نییە. ئەگەر بکرێت هەندێک کتێبی باشم بدەنێ بۆ ئەو هاوینە خەریکی خوێندنەوەیان دەبم".

بەختیار: " من، چەند کتێبێکم لەگەڵ خۆم هێناوە. با ساجیدەخانیش هەندێکت بۆ دانێ، هەر دەمێکیش ئەوانەت خوێندەوە، پاشان چیت ویست، بۆت پەیدای دەکەین".

ساجیدە: " تۆ چەند کتێبت هێناوە چ بابەتێکن".

بەختیار: " لەهەر بابەتێک کتێبێکم هێناوە، ئەدەب، فەلسەفە، کۆمەڵایەتی، سیاسی واتە چوار کتێبن".

ساجیدە: " بەڕاستی خوێندنەوەی بابەتی فەلسەفە بۆ ئەو، هێشتا زووە. من پێم باشە مینا خان، جارێ شاکارە گەورەکانی ڕۆمانی جیهانی بخوێنێتەوە. مینا گیان، تۆ جارێ ئەو چوار کتێبە لەگەڵ خۆت ببە. پاش چەند ڕۆژێکی دیکە، منیش دێمە سەردانتان و کۆمەڵێک کتێب لەگەڵ خۆم دەهێنم. چونکە هەڵگرتنی ژمارەیەکی زۆری کتێب، بە جارێک زەحمەتە، هەتا دەگەیتە ماڵەوە، با خەڵکی ڕێ و بانیش، گومانی هیچت لێ نەکەن، بە تایبەتی خەڵکانی سەر بە ڕژێم".

مینا: "کەواتە من بە ئیجازەتان، دەبێ بڕۆم".

لە شوێنی خۆی هەڵسا و تەوقەی خواحافیزیی لەگەڵ بەختیار کرد. ساجیدە و بەختیار تا دەرگای حەوشە بەڕێیان کرد.

لە دوای ڕۆیشتنی مینا، بە چەند خولەکێک بەختیاریش ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت. لەو دانیشتنەدا، سامانی هاوسەری ساجیدە لە ماڵ نەبوو، چونکە ساجیدە پێی وابوو کە ڕەنگە بەختیار و مینا، لەو دانیشتنە مەبەستیان بێت هەندێ قسەی تایبەتی نێوان خۆیان لەگەڵ یەکدی بکەن. لەو حاڵەتەش پێویستیان بە سەربەستی هەیە بۆیە بەر لە هاتنی میوانەکان داوای لە سامان کردبوو کە بۆ کڕینی هەندێ پێداویستیی ماڵەوە بچێتە بازاڕ، بەڵام پاشان تێگەیشت کە ئەو مەسەلەیە هێشتا زۆری ماوە پێ بگات.



بەختیار لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا، لای دایە ناو بازاڕ و ویستی نەختێک لە شوێنێکی هێمن و دوور لە دەنگە دەنگ دانیشێ و چاوپێکەوتنەکەی ئەم جارەیان هەڵسەنگێنێ. لە چایخانەکەی جاران لایدا و لەوێ لە گۆشەیەکی لا چەپدا دانیشت. بە دەم چای خواردنەوە کەوتە لێکدانەوەی قسەکانی مینا. ئەم جارەیان ڕوونتر، لە بیر و بۆچوونەکانی مینا حاڵی ببوو. ئێستا هەردووکیان لانی کەم هاوڕێی یەکترین و زیاتر لە پەیوەندییەک بەیەکدییان دەبەستێتەوە. بەڕای خۆی، مینا لەوەیان ڕاستی دەکرد کە بڕیارەکانی ئەم، لە دڵەوە سەرچاوەیان دەگرت نەک لە عەقڵ. دەبوو چاوەڕێی بڕیاری دڵی ئەویش بکات. جاروباریش دڵی خۆی دەدایەوە و لە بەرخۆیەوە دەیگوت: "جا چی تێدایە، مینا زۆر لەوە زیاتر دەهێنێ کە وەک خەڵکی ڕێبازی سۆفیگەرێتی، بە نهێنی لە ناخی خۆیدا بیپەرستێ. ئاخر مینا کەسێکی بەرزەو پڕە لە بەهای جوانی. نموونەی ئەو مرۆڤانەیە کە ئەم لە خەیاڵی خۆیدا وێنای کردووە".

بەختیار گەیشتە قەناعەت کە نابێ پەلە بکات. لە بیری خۆیدا دەیگوت: " ئەو ڕۆژەی کەی دێت، با بێت، گرنگ ئەوەیە من دڵسۆزیی خۆم لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیەتییەوە، بۆ ئەو بسەلمێنم!"

میناش لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا، هەوڵی دەدا خەڵک کتێبەکانی نەبینن، چونکێ هاوڕێکانی ڕاستیان دەکرد، ئاخر پیاوانی ڕژێم لە هەنجەت دەگەڕێن، بۆ ئەوەی چاوی خەڵک بشکێنن. پاشان ئەم کچێکە لە ئەسڵدا خەڵکی ئەو شارە نییە، بۆیە وا پێویست دەکا کە زیاتر لە خەڵکانی دیکە ئاگای لە خۆی بێت.

کە گەیشتەوە ماڵێ، سەعادەت دەرگای لێ کردەوەو وتی: "ها کچم بەخێر بێیتەوە. توخوا ماڵی ساجیدە خان چۆن بوون".

مینا: " هەموویان باش بوون و سڵاو و ڕێزیان بۆت هەبوو".

سەعادەت: " خوا لێیان ڕازی بێت".

مینا یەکسەر چووە ژوورەکەی خۆی و کتێبەکانی خۆی دانا. پاشان لە هیکڕا هاتەوە بیری کە چاوێک بە نێو لاپەڕ و سەر بەرگی کتێبەکاندا بخشێنێت نەبادا ناوی بەختیاری لەسەر نووسرابێت. چونکە حەزی نەدەکرد سەعادەت بزانێت کە ئەو کتێبانەی لەلایەن بەختیارەوە بۆ هاتووەو لە ماڵی ساجیدەش یەکترییان بینیوە. کە

کتێبەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، هیچ شتێکیان لەسەر نەنووسرابوو، تەنها دانەیەکیان لە لاپەڕی یەکەمدا لە گۆشەیەکی لای سەرەوە نووسرابوو: پێشکەشە بە هاوڕێی خۆشەویستم کاک بەختیار ڕەحمان. ئیمزایەکی لە ژێرەوە کرابوو لەگەڵ ساڵ و ڕۆژی پێشکەش کردنەکە. وای بە باش زانی ئەو کتێبە لە بەرگێکی دیکە بگرێ و ئەو لاپەڕەیەش بخاتە نێو بەرگەکە. پاش ئەوە خۆی گۆڕی و کەوتە ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ماڵەوە.

## ٢٧

مانگی ڕەمەزان داهات. هەموو سیمایەکی خۆشی و جوانی لەو شارەدا ون بوون. لە کوردستان، زۆربەی خەڵکەکە لە ئاستێکی نزمی ژیارییدا، ژیان دەگوزەرێنن. لەلایەک دەوڵەتی ئێران، چ لە زەمانی شا و چ لە زەمانی مەلایەکان، خەڵکی کوردستانیان لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بێ بەش کردووە. لەلایەکی دیکە، ئاسەواری جەنگی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بە تەواوی بەسەر ژیانی خەڵکە هەژار و نەدارەکەدا ڕەنگی دابۆوە. دەرفەتی کارکردن یەکجار کەم بوو. دەبووایە خەڵکانی هەژار و نەدار، پەنا بۆ هەموو جۆرە کارێک بەرن و لە پێناوی پەیداکردنی بژێوییان ڕوو لە شارە گەورەکان بکەن. خەڵکی لادێکان، بە تەواوی پشت گوێ خرابوون. ئەوان، سەرەڕای ئەوەی کە ئاستی ژیانیان لە هی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوو، چەندین جار دەکەوتنە ژێر هەڕەشەی سوپای پاسداران و گەفیان لێ دەکرا. گەلێک جار بە بیانووی ئەوەی گوایە پێشمەرگە نان دەدەن، کۆمەڵێک لە گەنجەکانی ئەو گوندانەیان قۆڵبەست دەکرد و چەند ڕۆژێک لە بەندیخانەکان دەیانهێشتنەوە. بەو جۆرە ئەو خەڵکە، هەمیشە پێیەکیان لە زیندان بوو و یەکێکیش لە ماڵەوە. لە شارەکانیشدا، خەڵک تەنها لە چوارچێوەی دیواری ماڵەکانیاندا، دەیانتوانی هەناسەی سەربەستی هەڵمژن. کاتێک لە نێو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا، زەینت دەدایە ئەو خەڵکە، هەستت دەکرد کە سەرەڕای بێکاری و دەست کورتییان، کۆمەڵێک ترس و تۆقینیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە. هیچ جۆرێک جوانییەکت لە ژیانی ئەواندا بەدی نەدەکرد. خەڵکی کوردستان لە دوو جەمسەرەوە دەچەوسانەوە، چەوسانەوەی ڕەگەزی و چەوسانەوەی مەزهەبی.



کورد، لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زیاتر پابەندی ئیسلامەتی بووە. نەتەوەکانی دەوروبەری، لە سێبەری ئیسلامدا خزمەتی کولتوور و نیشتمانەکەی خۆیان کردووە، بەڵام سەرکردە موسڵمانە کوردەکان، بە خوێنی کورد و بە ماڵی کورد خزمەتی ئیسلامیان کردووە.. ئەو نەتەوانەی ئەمڕۆکە کوردستانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی دڕندانەی خۆیان، پێیان وایە خەڵکی کورد کەسێکی نەکامڵە و هەر بۆ ئەوە باشە، خزمەتی خۆیانی پێ بکەن و سامانە سروشتییەکەشی بۆ خۆیان ببەن. بەلای ئەوانەوە، خەڵکی نەکامڵ ناشێت، ببێتە موسڵمانێکی تەواو. لێرە، لە وڵاتی ئێران، وا سەیری کورد دەکەن کە میللەتێکی خەڵەفاوە و ئیسلام بوونەکەشی پوولێک ناهێنێ.

خەڵکی کوردستان، گەورە و بچووک، پیاو و ژنیان، تێکڕایان بە ڕۆژوو دەبن. بەڵام لە ناخی خۆیاندا، هەمیشە گومانیان هەیە خوا لێیان قبووڵ بکات!. دینداریی لە کوردستاندا بریتی نییە لە پەیوەندیی ڕۆحی نێوان خواوەند و باوەڕدارەکان. واتە دین، باوەڕداری دۆزێکی شەخسی نییە کە هەڵوێستی بەندە بەرامبەر بە پەروەردگار دیاری بکات، بەڵکو دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورێکی گشتگیرە، دەبێ هەموو کەسەکان لە هەموو ڕەگەز و ئاینزاکان ئیلتیزامی پێوە بکەن. لەو وڵاتانەدا، تۆ ئەگەر مەسیحیش بیت، بۆت نییە لە مانگی ڕەمەزاندا بە ئاشکرا ئاو بخۆیتەوە، یان ئەگەر حەزت لە کێشانی جگەرەیەک بوو، دایگیرسێنی، دەنا هەر وەک موسڵمانەکە، سزابار دەبیت.

لەم ڕۆژهەڵاتە، دینداری تەنها پەیوەندی بەلایەنە دەرەکییەکانەوە هەیە. تۆ ئەگەر لەسەرڕا ئیلتیزامت کرد، کەواتە تۆ موسڵمانی جا لە ژێرەوە و لە فکری خۆتدا با گومانیشت هەبێ و لە ناخیشدا خوازیاری زیان گەیاندنی خەڵکیش بیت. لەو کۆمەڵگایانەدا (باوەڕ)، لە ناخ و هەستی مرۆڤەکاندا ناژی، بەڵکو خۆی لە چەند وتەیەک و داب و نەریتێک بەرجەستە کردووە کە بەبێ تێفکرین، هەر کەسێک پەیڕەوییان لێ بکات، پێی دەڵێن موسڵمان.

لە کوردستانیش، پیاوە ئاینییەکانمان ئەوەندە خۆیان بەلایەنە چاکەکانی دینەوە خەریک ناکەن تا لەو ڕێگەیەوە خەڵکانی کاڵفام هوشیار بکەنەوە. بەڵکو ئەوان، بۆ

مەبەستی گوزەرانی و بەرژەوەندی خۆیان کەڵک لە دین وەردەگرن. دواجار، دەتوانین بڵێین کە خەڵکی کوردستان، موسڵمان بوون و کوردبوونەکەیان، بە میرات بۆ ماوەتەوە، نەک بە عەقڵ و ئینتمایەکی تەندروستەوە.

مینا، دەبوو لە بەیانی بە دواوە، وەک باقی خەڵکەکە بە ڕۆژوو بێت. پاشیوان زوو هەڵسێ و لەگەڵ سەعادەت خواردن ئامادە بکەن. بەم وەرزی هاوین و بەو ڕۆژە درێژانە دەبوو لە سەعات چواری پێش نوێژی بەیانییەوە تاکو هەشتی ئێوارە، هیچ نەخۆیت و نەخۆیتەوە. مینا دەیویست لەو مانگەدا، سوود لە نەنووستنەوەی سبەینان وەربگرێ و کۆمەڵێک کتێبی بەپێز بخوێنێتەوە. لەلای خۆیەوە بڕیاری وابوو، ئەگەر هەر دەمێک، تێنوێتی هیلاکی بکات، بە دزی ماڵەوە تێر ئاو بخواتەوە، چونکە بەڕۆژوو بوون بەو ڕۆژە دوور و درێژانە، زۆر تاقەت پڕووکێنە و وزەی خوێندنەوە و بیرکردنەوەت پێ ناهێڵێ. پاشان ئەم، قەت لە بیری نەدەچوو کە نوێژکەران و ڕۆژووانەکان بوون، لە ماڵەباب و ئاواییەکەیان، ژیانیان پێ ڕەوا نەدەبینی. مینا بڕوای وابوو کە ئەو تەرزە دینداریيە، ویژدان بۆ مرۆڤەکان دروست ناکات، چونکە ئەوەی ئەم، لە ژیانی خۆیدا ئەزموونی کردووە، وەک پەرچە کردارێک لە ناخیدا دینیان لە بەرچاو ناشیرین کردووە، بۆیە هەمیشە گومانی لە دین و دینداری ئەو خەڵکە هەبوو. پێی وابوو بەو جۆرە خواپەرستییەی ئەوان، هەرگیز خوداوەند ڕەزامەند نابێت، بەڵکو لە مێشک و هزری ئەمدا، خوداوەند لەو کەسە ڕازی دەبێت کە لە ناخدا پاکە و هەمیشە بە دوای بەرژەوەندیی مرۆڤەکانی دیکەوەیە. خودا لەو کەسانە ڕازی دەبێت کە دوورن لە هەموو شتێکی ناشیرینی وەک: درۆکردن و بوختانکردن و پیلانگێڕان و شەڕنانەوە.

لە بەرچاوی مینادا، نە حکوومەت و نە پیاوە ئاینییەکان و نە خەڵکانی دیکەش، خەریکی ڕازیکردنی خوداوەند نەبوون. بەڵکو هەر هەموویان لە پەنای دیندا بە دوای خواستە دنیاییەکانیان دەگەڕێن. بێگومان ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە هەموویان، چێژە کاتییەکانی دنیا بە پاداشتە جاویدانییەکانی قیامەت ناگۆڕنەوە. واتە هەموویان لە ناوەوەی خۆیاندا، گومانیان لە ڕاستی و دروستیی تێکستە ئاینییەکان هەیە، بەڵام نایانەوێ و ناوێرن بە دوای گومانەکانی خۆیاندا قووڵ ببنەوە و بچنە بنەوانی کێشەکان.



پاشیوێکیان، مام فەرهاد لە دوای نانخواردن بە مینای وت: " ئەرێ مینا، وا بزانم هاوڕێت زۆرن و کتێبیشت زۆر پەیدا کردووە".

مینا: " بەڵێ مامە، ئێستا هەندێک هاوڕێم هەیە، دادە سەعادەت هەندێکیان دەناسێ. بەڵام مامە گیان، شتێک لە مێشکمدا هەیە، حەز دەکەم پێتی بڵێم".

مام فەرهاد: " دەی بیڵێ کچم، وا گوێم لێت ڕاگرتووە".

مینا: " من لەوەتەی پێم ناوەتە ماڵی ئێوە، هەر کەسێک دەبێتە ناسیاوم، خۆشی دەوێم و دڵسۆزانە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات. جاران پێم وابوو لەو دنیایەدا . خەڵکی باش زۆر کەمن، بەڵام شوکر لەوەیان سەهو بووم".

مام فەرهاد: " باشە مینا گیان، با پرسیارێکی دیکەت لێ بکەم. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵت بە کوڕێکدا چوو و ئەویش هاتە خوازبێنیت، تۆ هەڵوێستت چۆن دەبێ".

مینا هۆپەکی لە خۆی زانی. ئاخر قەت بە تەما نەبوو، مام فەرهاد، پرسیارێکی وای لێ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێی وابوو پرسیارەکە لە جێی خۆیەتی، بۆیە بە شەرمەوە هاتە وەڵام و وتی: " جا مامە گیان، خۆ بای ئەوەندە لە دنیا دەزانم کە ئەو جۆرە شتانە بۆ من هێشتا زووە. من جارێ نابێ بکەومە دوای ئارەزووی دڵم، بەڵکو دەبێ بە عەقڵ بجوولێمەوە. من، بۆ ئەو شتانە جارێ دەرگای دڵم قوفڵ داوە. دڵی من، تەنیا جێگەی خۆشەویستی ئێوەی لێ دەبێتەوە! من، حاڵی حازر پێم خۆشە، هەر خزمەتی ئێوە بکەم.. وا دەزانم، ئەگەر دڵی ئێوەم لێ ڕازی بێت، خواش لێم ڕازییە. من لە قیامەتیش لە بەرامبەر پەروەردگار، بە کچی ئێوە خۆم دەناسێنم، چونکێ چراخانی کچی زەینەدین، لە کەژ و کێوان بووەتە خۆراکی قەل و داڵ، ئەوەی لێرەیە، کچی ئێوەیە ئەگەر دڵی گەورەتان قبووڵی بکات!".

مام فەرهاد: " مینا گیان، بە خوا وەختە لەگەڵ قسەکانت باڵ بگرم. لە ژیانمدا ئەوەندە کارم تێ نەکراوە. کچم، یاخوا ڕوو سوور بیت، بەڕاستی عاقڵ و ژیری". دەستی بەسەریدا هێنا و نێوچەوانی ماچ کرد.

سەعادەت خانیش، فرمێسک لە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ، بە دەسەسڕەکەی سەر کۆشی، چاو و گۆناکانی لە فرمێسک وشک کردەوە، ئەوساکە وتی: " کچم مینا گیان، تۆ نازانی بەو قسانەت خەڵک دەخەیتە گریان. توخوا باوکی شەونم، چیتر

بڕینی ئەو بەستەزمانە مەکولێنەوە و ئاگریش لە هەناوی من بەرمەدە! (دەستی بە گریان کرد و مینای ڕاکێشایە باوەشی خۆی و بەردەوام ماچی دەکرد) کچی خۆم، دەبێ هەر لەلای خۆم بێت. ئاخر پیاوەکە، تۆ نازانی ئەوە سەبری دڵی منە".

میناش، لەگەڵ بەزەیی و سۆزی خۆشەویستی ئەو ژن و پیاوە، هەستی بە ئارامی و حەسانەوەی دەروونی دەکرد.

مینا، وردە وردە کەوتە ناو هاوکێشەکانی ژیانی دەوروبەری. دەبووایە هاوسەنگی نێوان گشت پەیوەندییەکان ڕاگرێ. نەدەبوو کارێکی وای لێ ڕووبدا کە لەگەڵ پێگە و ژیانیدا نەوەشێتەوە. ئەو هاوینە، بەهۆی خوێندنەوە و خۆ ماندوو کردنی لەگەڵ هاوڕێکانی، گۆڕانێکی گەورە بەسەر بیر کردنەوەی و دنیابینییەکەیدا هات. کە لە خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێک دەبووەوە، ڕووداوە تراژیدییەکانی، لە مێشکیدا دەمانەوە و دەرکی دەکرد کە لەو دنیا پان و بەرینەدا، هەزاران چراخانی بەشمەینەت و بێچارە، بە خۆیان و دەردە سەرییەکانیانەوە سەر دەنێنەوە. ئەوەندە بە چڕی، دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان پاڵەوانەکانی دەخوێندەوە، بە شێوەیەک، نموونەی هەموویانی لە نێو کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکرد. دەیزانی کە نووسەرەکە، چەند چیرۆکێکی لە خەیاڵ و هزری خۆیدا تێک هەڵکێش کردووە، بۆ ئەوەی تێڕوانینی خۆیمان لەهەمبەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ دەربخات، جا مەرج نییە، ئەو ڕووداوانە، کتومت ئاوا ڕوویان دابێ. ئەم، لە خوێندنەوەی ڕۆمانەوە فێربوو کە مرۆڤەکان ڕووی ناوەوەیان چی تێدایە و لە دەرەوەش چۆن خۆیان دەردەخەن. ئەو پاڵەوانانە، لە نێو هەموو کۆمەڵگە جیاوازەکانی سەر زەمین، وجوودیان هەیە. بەم شێوەیە، شارەزای شێوە ژیان و گرفت و کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا جۆر بە جۆرەکانی ئەمسەر و ئەوسەری دنیا بوو.

## ٢٨

ئەو ساڵەی ماڵی (ڕەحمان عەلی)، ئاوارەی ئێران بوون، لە دوای شکست خواردنی شۆڕشی چەکداری لە باشووری کوردستان، بەختیار تەمەنی شازدە ساڵان بوو و لە قۆناغی چواری ئامادەیی لە سلێمانی دەیخوێند. ئەو کوردانەی کە لەگەڵ ئەواندا ئاوارەی ئێران ببوون، زۆربەیان لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



جێگیر ببوون. لە ساڵانی ئاوارەییياندا، هیچ ئومێدێکی سیاسییان نەمابوو و چارەنووسیان بە دەست حکومەتی شاهەنشاوە بوو.

بەختیار لەو تەمەنەدا، سەرەدەری لە باری سیاسی کوردستان دەرنەدەکرد و لە قەبارەی کارەساتی تێکچوونی شۆڕش نەدەگەیشت. چونکە نەگەیشتبووە ئەو تەمەنەی کە بە ویستی خۆی بەشداری لە ڕووداوەکاندا بکات. ئەم، لەگەڵ دایک و خوشک و برایەکانی، بەردەوام لەو شوێنانە بوو کە بۆ حەوانەی خانەوادەکەیان ڕوویان تێدەکرد. لەم ساڵانەی ئاوارەییياندا، توانی لە خوێندن بەردەوام بێت و تەنها ساڵێک دواکەوت.

بەختیار، بە هۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیانی قوتابخانە و دانشگا کەوتە ژێر کاریگەری بیر و بۆچوونەکانی ئەوان. باوکی بەختیار، هەتا ڕۆژانی بەر لە شکستی شۆڕشیش، هەر پێی وابوو کە هەموو شتێک لەلای سەرکردایەتی ڕوونە و ئەوان دەزانن چۆن کەشتییەکە بەرەو کەناری سەرکەوتن دەبەن. لەبەر ئەوە پێویست ناکات خەڵکی نەزانی وەک ئەم، بیر لەو شتانە بکاتەوە. ئەو ڕۆژەش کە لێیان قەوما و پەراگەندە بوون، خۆی بێ خاوەن هاتە بەر چاو و زانی ڕۆژیان لە جێیەکی خراپ لێ ئاوابووە. ئەوسا کە دەرکی کرد کە ئەم هەڵە بووە. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییانەشدا، ئەو جۆرە کەسانە لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، وەک نەریتێک لە سەر ئەوە ڕاهاتوونە کە بادانەوە و ڕاگۆڕین بە کارێکی پڕ لە شەرمەزاری دەزانن. ئەو نەوەیە هەرگیز، دەستبەرداری ڕابردووی خۆیان نابن و سەرەداوێکی ئومێد دەهێڵنەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆی بەم ڕابردووە گرێ بداتەوە. چونکە بە بڕوای خۆیان، ژیانی ئەمان، بەبێ ئەو ڕابردووە، مانایەکی نامێنێ. وەلێ بەختیاری گەنج و خوێندەوار، زوو لەگەڵ ژیانی ئەوێ ڕاهات و خۆی بە هاوبەشی ڕابردووی باوکی نەدەزانی. ئەم شتێکی نەبوو تا بە ڕووداوەکانی نێو شۆڕش و پێشمەرگایەتی گرێی بدەن، بەڵام خولیای گەڕانەوە بۆ سلێمانی و بیرەوەرییە شیرینەکانی ڕۆژگاری منداڵی، لە گەڕەک و کووچە و کۆڵانەکانی سابوونکەران و مەڵکەندی هەمیشە لە مێشکیدا ئامادەییيان هەبوو. قەت نەیدەتوانی، ئەو ڕۆژانە لە یاد بکات کە لەگەڵ هاوڕێیەکانی هاوتەمەنی خۆی، لە گەڕەک و قوتابخانە، بەدەم بەزم و ڕەزمی گۆرانی وتن و شایی

و هەڵپەڕکێ بەڕێیان کرد. ئەو وەختە نەیاندەزانی خەم خواردن و نەبوونی یانی چی. گەورەترین هیوای بەختیار ئەوە بوو لەگەڵ ئەو هاوڕێیە خۆشەویستانەی خۆی، بە یەک شاد ببنەوەو جارێکی دیکەش پێکەوە پێبکەنن و گۆرانی بۆ ژیان بڵێن.

بەختیار تەمەنی چوارساڵان بوو کە لە پێنجوینەوەماڵیان بۆ سلێمانی باری کرد. ئەو ڕۆژانە، ڕەحمان عەلی، لە ڕێکخستنەکانی نهێنی حزب ئیشی دەکرد. پاشان لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٩)دا، بە هۆی ئاشکرا بوونی لە ڕێکخستنی نهێنی، ببووە پێشمەرگە، منداڵەکانیشی لە شاردا مانەوە. هەتا بەیاننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ڕاگەیاندرا، ئەوساکە گەڕایەوە لای منداڵەکانی.

لە کاتی ئاوارەییشدا، باوکی بەختیار، لە شاری مەهاباد، هەندێ ناسیاوی باشی هەبوون، ئەو ناسیاوانە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندەکانی نزیک پێنجوین بوون بە دیوی ئێراندا، زۆر یارمەتی و کۆمەکییان دەکردن و بە هۆی ئەوانەوە، گوزەرانیان خراپ نەبوو. بەختیاریش، لە پشووی هاویناندا، کرێکاری دەکرد و هەوڵی دەدا یارمەتی خانەوادەکەیان بدات، سەرەڕای ئەوانەش لە خوێندنەوەی کتێب و خۆ پەروەردە کردن بەردەوام دەبوو.

ئایشە خانی دایکی بەختیار جارێکیان بە ڕەحمانی هاوسەری وت: "ئەرێ پیاوەکە، دەزانی بەختیار، لە شێوە لە تۆ دەچێ، بەڵام تەبیعاتی هیچ بە تۆ ناچێ".

ڕەحمانیش، هۆپێکی لەخۆ زانی و وتی: " چۆن بە من ناچێ. مەبەستت چییە ئایشێ".

ئایشەخان: " تۆ لە ژیانت هەر توند و تووڕە دیاری کەچی ئەو زۆر هێمن و لەسەرەخۆیە، هەر نازانی تووڕەبوونیش چییە". (هەردووکیان پێکەنین) .

ڕەحمان: "دە باشە، کوڕی خۆت پێ لە من باشترە ژنەکە با وابێ".

باوکی بەختیار، لە مێژبوو ئەو ڕاستییەی دەرک پێ کردبوو. زۆر جاران کە لە بەختیار ڕادەما لە بیری خۆیدا دەیگوت: چونکە لێرە گەورە بووە، وەک خەڵکی ئێرە، پشوو درێژ و بە تەحەمولە.

ئەو خەڵکە ڕۆشنبیرانەی کە بەختیار پەیوەندی لەگەڵیان هەبوو، هەندێکیان بەشێک بوون لەو چەپانەی کە لە کاری ڕێکخراوەیی حزبە کوردییەکان ئیشیان



دەکرد. هەندێکیشیان، لەوانە بوون کە پێیان وابوو خەڵکی ڕۆشنبیر و خاوەن فکر، نابێ لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەک یان حزبێکی سیاسی خۆی لە قاڵب بدات. چونکە بەلای ئەوان، دنیای ڕۆشنبیری و کولتووری میللەتان و دۆزە فکرییەکان، زۆر لەوە گەورەتر و قووڵترن کە جێگەیان لەو چوارچێوانەدا ببێتەوە.

(فەرەیدون موڕادی)، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بە هزرمەند و ڕۆشنبیر دەناسرا. زۆربەی گەنجە ڕۆشنبیرەکان هاتوچۆیان دەکرد، بەڵام ئەو لە دیدی گەنجەکانەوە خەسڵەتێکی دژ بە حزب و سیاسەتی هەبوو. فەرەیدون پێی وابوو کە خەڵکی ڕۆشنبیر و خاوەن فکر لەگەڵ خەڵکی سیاسی، لە دوو خاڵدا جیاوازییان هەیە. یەکێکیان ئەوەیە، خەڵکی سیاسی کەسێکی بەرژەوەند پەرستەو بڕوای بە مناوەرە هەیە، بەڵام ڕۆشنبیر و خاوەن هزرەکان، هەموو وزەی مێشکی خۆیان بەدوای ساغکردنەوەی ڕاستی و بابەتە زانستییەکاندا دەخەنە کار. لەلایەکی دیکە سیاسییەکان بڕوایان بەخۆ گونجاندن و گەیشتنەوە یەک هەیە، لە نێو بیروڕایە جیا جیاکاندا، کەچی ڕۆشنبیری و هزروانی، تەوافقیان تێدا نییە و تا ئەوپەڕی توانا، بە ناخی بابەتەکاندا شۆڕ دەبنەوە.

بەختیار، یەکێک بوو لەو گەنجانەی کە هاتوچۆی فەرەیدونی دەکرد. فەرەیدونیش هاوڕێیەتی ئەمی پێ ناخۆش نەبوو، چونکێ دەیزانی کوڕێکی هێمن و لەسەرەخۆیە و پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییە. جگە لەوەش ئاوارە کوردەکانی ئەوێ، هەموویان، لە سیاسەت تەکیبوونەوە.

بەختیار، ئەو دەمەی فەرەیدونی ناسی، لە قۆناغی دووەمی دانشگا بوو. ئەم یەکتر ناسینەش، بە هۆی بەهرامی نازری بوو کە لەمێژبوو هاوڕێی یەکدی بوون.

چەند مانگێک بەسەر دیدەنی و سەردانەکانی بەختیار و بەهرامدا تێپەڕی. فەرەیدون موڕادی، لە دڵی خۆیدا، حەزی دەکرد، بەختیار بە تەنها هاتوچۆی بکات و هاوڕێیەتییەکی تایبەت ببەستن. ئەوە بوو جارێکیان، بەختیار بە تەنیا چووە سەردانی و فەرەیدونیش بە هەلی زانی و پێی وت: " بەختیار گیان، ڕاستییەکەی حەز دەکەم هەموو جارێک بە تەنها بێیت، بۆ خۆمان سەربەستانەتر، باس لە ئەدەب و فکر و ڕۆشنبیری دەکەین. ئەو برادەرەمان، زۆر خوێن گەرم و خەتەرە، با تووشی

سەرئێشەمان نەکات".

بەختیار وتی: " بە خوا مامۆستا گیان، منیش وەک تۆ، بە دەست خۆم نییە، ڕقم لە حزبی ڕۆژهەڵاتییە، بە تایبەتی حزبی کوردی. ئەوەندەی بیریان لێ دەکەمەوە، هەر بە خێڵ و عەشیرەت دەچن، پێم وایە هیچیان تەعبیر لە حەقیقەتی دۆزی کوردستان ناکەن".

فەرەیدون، زۆر بە بۆچوونەکانی بەختیار، سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی حزبە کوردییەکان سەرسام بوو، لە بارەیەوە هاوڕابوون. هەموو جارێک، گفتوگۆی کراوە و جددییان لەسەر مەسەلە فکری و ئەدەبییەکان دەکرد.

بەختیار زۆری مەبەست بوو کە مینا لەوە ئاگادار بکاتەوە، نەبادا ساجیدە نازری، داوای بەشداری کردنی چالاکی سیاسی لە نێو ژناندا لێ بکات. حەزی دەکرد ببینێ و تێی بگەیەنێ کە خۆی لەو جۆرە پەیوەندییانە بە دوور بگرێ و لە چوارچێوەی هاوڕێیەتی دوورتر نەڕوا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەختیار زۆر بڕوای بە ساجیدە نازری و سامان خوسرەوی هاوسەری هەبوو، وەلێ زۆری بیستبوو کە پیاوانی دەسەڵاتی ئیسلامیی، چەند بێ حورمەتی بەرامبەر بە ژنان دەکەن، کاتێک کە بە موخالفی خۆیان تۆمەتباریان دەکەن. چالاکی سیاسیش لەگەڵ ئەو حزب و لایەنانە، هەموو دەمێ مرۆڤیان دەخستە لێواری ئەو مەترسییانە. ئەم پێی وابوو کە کچانی گەنج و شۆخ و شەنگی لە بابەتی مینا، پێویستە خۆیان لە دەمی ئەو گورگانە بپارێزن، چ جای ئەوەی کە مینا بۆ ئەم، قیبلەنمای ژیانە و ڕۆحی لە دەوریدا دەگەڕێ. بۆ ئەو مەبەستە، بەختیار دەیویست دیدەنییەکی تر، لە شوێنێکی دیکە لەگەڵ مینا ساز بکات. هەردووکیان بە تەنها بن، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕازەکانی دڵی و ئەو هۆشدارییانەش بداتە مینا.

## ٢٩

سبەینەی یەکەمی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو. ماڵی مام فەرهاد، وەک باقی ماڵەکانی دیکەی شار، زوو لە خەو هەڵسان، بۆ ئەوەی بکەونە خۆ و پێشوازی لەو میوانانە بکەن کە بۆ جەژنە پیرۆزە دێنە ماڵیان و سەردانی ئەو ماڵە دراوسێیانەش بکەن کە ئەوان بە پێویستی دەزانن. مینا، لەگەڵ ئەوەی هیچ بیرەوەرییەکی شیرین و



خۆشی لە ڕۆژانی جەژنی گوندەکەیان نەبوو، بەڵام دوای نانخواردنی سبەینە، لە کاتێکدا کە سەرنجی شەونم و شەوبۆ و سەعادەت خانی دەدا، سروەیەکی نەرمی غوربەت لە هەست و ناخیدا بۆ کەس و کار و ئاواییەکەیان هەڵی کرد. دەبێ ئێستا لەو جەژنەدا کەسێک هەبێ، ئەمی بیر کەوێتەوە. دەبێ شاسواری برای و نەجیبەی کڵۆڵ، لەم سبەینەی جەژنەدا، ئەگەر بە دزیش بێ بۆی بگرین. چەند خۆشە کە کچان، لە ماڵە بابی خۆیان، نازیان بگیرێ و ماچی جەژنە پیرۆزەیان لێ بکەن!.

مینا، لە هەر وەختێک کە ژیانی ڕابردووی خۆی دەهاتەوە بیر، کۆمەڵێک خەم و خەفەتی دەخوارد. ئەو ڕۆژەش کە هەموو خەڵک خەریکی جەژنانە و بەسەرکردنەوەی کەسوکاری خۆیەتی، بۆ ئەم دنیا جۆرێکی دیکەیە. ئاخر مینا تاقە کەسێکی نییە بێتە سەردانی و ئەمیش ناچێتە سەردانی کەسێک. ئەمەشیان لووتکەی هەست بە تەنیایی کردنە.

سەعادەت، زوو تێبینی ئەوەی کرد کە مینا لەو دەمە بیر لە چی دەکاتەوە، دەیزانی خەیاڵی بۆ کوێ فڕیوە. وای بە چاک زانی بایەخی پێ بدا و لەو تەنگژە دەروونییە ئاسایی بکاتەوە. هەستا چووە لای و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی وت: "مینا گیان، ئەدی کوا بۆچی خۆت نەگۆڕیوە. بۆ جلە تازەکانت نەپۆشیوە. دە هەستە کچەکەم، با بچینە ژوورەکەی تۆ". دەستی مینای گرت و هەنگاوێک لە پێش ئەو چوونە ژوورێ. ئەوجارە دەستی لە ملی مینا کرد و لە پرمەی گریانی دا و وتی: " مینا گیان دەزانم چیت لە دڵدایە و خەیاڵت بۆ کوێ چووە. توخوا ئەگەر دڵی خۆت توند بکەی. (لەگەڵ ئەو قسانەدا مینای توند لە ئامێز گرت)، ئەدی ئەمن دایکی تۆ نیمە. توخواکەی دڵم مەشکێنە و جلە تازەکانت دەربێنە. منیش یارمەتی کچی خۆم دەدەم، تا لەبەر چاوی من، لەبەریان بکەیت. پاش کەمێکی تر من و تۆ پێکەوە دەچینە سەردانی ماڵە دراوسێکانمان. دەی زووکە گوڵەکەم داخوا بزانم جوانی!"

مینا لە باوەشی سەعادەتدا، سەری بە نەرمەی سینەی کردبوو و هەستی بە ئارامییەکی خۆش دەکرد. حەزی دەکرد، بۆ ماوەیەکی درێژ ئاوا لێی گەڕێن. هێدی هێدی لەگەڵ وتە پڕ لە میهر و نەرمەکانی سەعادەت، گرژیی دەروونی نەما و دەمارەکانی جەستەی خاو بوونەوە. چاوە گەشەکانی کە مرواری ئەسرینیان

دەباراند، بە نازەوە هەڵهێنا و سەری بەرز کردەوە و وتی: " دایە گیان بمبوورە. توخوا لەبەر من، خۆت نیگەران مەکە. هەر ئێستا جلەکان لەبەر دەکەم. داوای لێبووردن دەکەم کە بەو سبەینەیە، بوومە مایەی خەم و خەفەت بۆ تۆش، تۆ بمبوورە، هەر چی بڵێی من وا دەکەم".

جلەکانی لە نێو دۆڵابەکە دەرهێنا و لەبەر چاوی سەعادەت، جلە کۆنەکانی داکەناند و کەوتە پۆشینی تازەکان. سەعادەت لەو ساتە لە جوانی و لەش و لاری مینا ڕادەما. لەبەر چاوی ئەم، هەر لەو فریشتانەی دەکرد کە چیرۆکە ئەفسانەییەکان بۆ جوانیی ژن وێنای دەکەن. دەتگوت تازە لە سەفەری بەهەشت هاتۆتەوە. کە جلەکانی پۆشی و لەبەر ئاوێنەکەدا، قژە درێژ و خاوەکەی شانە کرد و بەسەر لاشانەکانیدا پەخشی کرد، ئاوڕێکی لە سەعادەت دایەوە و وتی: " ئێستا پێم بڵێ کچەکەت جوانە یان نا!"

سەعادەت وتی: " کچم، بە خوا تۆ برای خۆت عەشقت دەبێ، من وا بە ژنایەتی خۆمەوە ئاو پەڕیوەتە زارم. بە خوای ئێستا، لەو شارە سەر پشکی". دەستی کردە ملی و دووبارە ماچی کرد، پاشان چوونەوە ژووری میوانان.

ئەو ڕۆژە، خەڵکێکی زۆر لە دراوسێ و دۆست و ناسیاوان، هاتنە جەژنانەیان، میناش لەگەڵ سەعادەت و شەونم، جەژنانەی هەندێ لە ماڵەکانی دراوسێی خۆیانیان کرد.

پاشی نیوەڕۆ، هەندێک پیاوی ناسیاو بۆ جەژنانە هاتنە لای کاک فەرهاد. دوای ماوەیەک دانیشتن و چای خواردنەوە یەکێکیان وتی: " ئەرێ: کاک فەرهاد، نەتزانیوە کە وەزعی ناوچە سنوورییەکان ئێستا تەواو نییە. دەڵێن ڕژێم، هەروا هێزی سەربازی بۆ زنجیرە شاخەکانی سەر سنوور ڕەوان دەکات".

فەرهاد لەگەڵ ئەو خەبەرە، تۆزێ مەترسی بە لەشی داهات و وتی: "باشە نەیانوت لە چ ناوچەیەک، ئەو نائارامییە دروست بووە".

کابرا: "دەڵێن بە درێژایی سنوور، هەر لەلای بەرزاییەکانی پیرانشەهرەوە تاکو گوندەکانی ناوچەی سەردەشت و خوارتریش. قاچاخچییەکان ئێستا ناتوانن لەو سنوورانە، هاتوچۆ بکەن".



فەرهاد: " کەواتە ماڵی سمایلی براشم ئێستا دەبێ خۆیان کۆ کردبێتەوە، چونکە ئەگەر ئەو جەنگە بگاتە کوردستان، هەموو گوندەکانی هەردوو دیو، ژیانیان تێدا نامێنێ، خوایە بەخێری بگێڕی".

هەموویان: " ئامین".

دوای ئەوەی میوانەکان هەڵستان و ڕۆیشتن، سەعادەت و مینا چوونەوە لای فەرهاد، سەعادەت وتی: "چی بووە پیاوەکە، دەڵێی ئەو پیاوانە خەبەرێکی ناخۆشیان پێ بوو".

فەرهاد: " چیت لێ بشارمەوە ژنەکە، ئەوەی لێی دەترساین، خەریکە دەقەومێ، دەڵێن دەوڵەت، هێزێکی یەکجار زۆری بۆ ئەو سنوورانە بردووە، ئەمنیش بەڕاستی خەمی ماڵ و منداڵی سمایلی برامە، خوا نەخواستە نەوەک لێیان تێک بچێ".

سەعادەت: " پیاوەکە دڵت چ نەکا، ئینشەڵڵا هیچ نابێ، خۆ ئەگەر شتێکیش بوو، ئەوان بێکەس نین بابێنە ئێرە، هەتا بزانین وەزعەکە چی بەسەر دێت".

مینا یەکسەر بیرۆکەیەک بە مێشکی داهات: ئەگەر ئەوانیش بێنە ئێرە، دەبین بە دوو مینا، ئەو کاتە خەڵک چی دەڵێن!

## ٣٠

پێش نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی مانگی ئابی ئەو ساڵە، مام فەرهاد کاتێک لە بۆنگایەکەی خۆی دانیشتبوو، (ڕەسولی قادری) کە خەڵکی گوندەکەی خۆیان بوو، لە بۆنگاکەی چووە ژوورەوەو سەلامی کرد. فەرهاد یەکسەر لە شوێنی خۆی هەڵسا و بەگەرمی پێشوازی لێ کرد و وتی: " کاک ڕەسول یاخوا بەخێر بێی، ئەدی ماڵ و منداڵ چۆنن. خەڵکی ئاوایی لە چ وەزعدان".

ڕەسول: " هەموو باشین، کاک فەرهاد دیارە هیچ ئاگاداری وەزعی گوندەکانی سەر ئەو سنوورانە نیت".

فەرهاد: " هیچ خەبەرێکم نەبیستووە، بەڵام دڵم خەبەر دەدات کە ئەو گوندانە دەبنە ناوچەی شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە".

ڕەسول: "کاک فەرها، لە دوێنێوە زۆربەی ئەو گوندانە چۆڵ کراون. هاتنم بۆلای

ئێوەش بۆ ئەوەیە خەبەرت بدەمێ کە ماڵی سمایلی برات چوونەتە سەردەشتێ، لای ماڵە خەزوورانی خۆی، ئیتر هەر کەسەو ڕووی لە لایەک کردووە".

فەرهاد: " زۆر مەمنوونی تۆم کاک ڕەسول کە خەبەرت دامێ، تۆ دڵنیای کە ماڵی سمایلی برام چوونەتە سەردەشتێ، وانییە".

ڕەسول: " بەڵێ، بەڵێ، ئەو خۆی پێی ڕاگەیاندم کە هاتمە ئێرە، ئاگاداری ئێوە بکەمەوە".

فەرهاد: " بەڵێ تێگەیشتم، کاک ڕەسوڵ بۆ نیوەڕۆکەی دەچینە ماڵی ئێمەو تۆ میوانی ئێمەی".

ڕەسول: " زۆر مەمنوونم، من دەمەوێ بچمەوە لای منداڵەکان، لەو گوندەی نزیک ئێرە، لەلای ماڵە خزمەکانمانن. هەر بۆ ئەوە هاتبووم خەبەرت بدەمێ".

ڕەسول پاش خواردنەوەی چایەکە، مام فەرهادی بە جێهێشت و گەڕایەوە. فەرهادیش دوای ڕۆیشتنی ڕەسول، بۆنگاکەی داخست و گەڕایەوە ماڵێ و هەواڵەکەی بە سەعادەت و منداڵەکان گەیاند. پاش ئەوە بڕیاری دا کە بۆ بەیانی بچێتە سەردەشت و بەسەریان بکاتەوە.

پاش نیوەڕۆ بە درەنگەوە گەڕایەوە بازاڕ و بۆنگاکەی کردەوە. دەمەو عەسرێ، وەک زۆربەی ڕۆژەکان، دۆست و برادەران ئەوانەی کاتیان زۆر بوو، سەردانی مام فەرهادیان کرد و لەوێ مەجلیسی خۆیان گەرم کرد. ڕەحمان عەلی یەکێک بوو لەو کەسانە کە ئەو ڕۆژە چووە ئەوێ پاش کەمێک دانیشتن فەرهاد پێی وت: "کاکە ڕەحمان، خەبەرم بۆ هاتووە کە ماڵی سمایلی برام چوونەتە سەردەشتێ، دەڵێن گوندەکانی نزیکی ئەو سنوورانە هەموو چۆل بوونە".

ڕەحمان: " ڕاستە کاک فەرهاد، بەخوا منیش خەبەری هەندێک لە خزمەکانی ئەودیوم بۆ هاتووە کە هاتوونەتە سەردەشتێ، من و بەختیار بە نیازین لەو ڕۆژانە سەردانیان بکەین".

فەرهاد: " باشە بۆ نایەیت بەیانی پێکەوە ئەم سەفەرە بکەین، بەڕاستی من لە نیوەڕۆوە کە خەبەرەکەم زانی، بڕیارم دا سبەینێ بچمە لایان".



کاک ڕەحمان: " وەڵڵا لەوە باشتر نابێ، سبەی هەر لەگەڵ خۆرهەڵاتن بەڕێ دەکەوین".

فەرهاد: " زۆر باشە من لە گەراجەکەی سەردەشتێ چاوەڕێتانم".

ڕۆژی دواتر، کاک فەرهاد و کاک ڕەحمان و بەختیاری کوڕی، هەرسێکیان بەسواری ماشێنێک بەرەو شاری سەردەشت کەوتنەڕێ. هەر لە ڕێگە، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە نانی نیوەڕۆ لە ماڵی (قادر)ی برای فاتیمەخان بخۆن، پاشان کاک ڕەحمان و بەختیار، سۆراغی خزمەکانیان بکەن.

کە گەیشتنە سەردەشت، هێشتا وەخت زۆر مابوو بۆ نیوەڕۆ، فەرهاد دەبوو ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی بگەڕێتەوە مهاباد، بۆیە پێی باش بوو کات بە فیڕۆ نەدەن و یەکسەر بچنە ماڵی قادری خانەخوێیان.

ئەو کاتەی لە دەرگای ماڵەوەیان نزیک بوونەوە، فەرهاد، منداڵەکانی سمایلی برای بینی کە لەبەر دەرگای حەوشەکە، لەگەڵ چەند هاوتەمەنێکی وەک خۆیان، یارییان دەکرد. منداڵەکان کە چاویان بە (فەرهاد)ی مامیان کەوت، یەکسەر بەڕاکردن چوونەوە ژوورێ و خەبەری گەیشتنی ئەوانیان گەیاندە ماڵەوە. لە ئانوساتی لە دەرگادانی ئەوان، فاتیمەخان دەرگای لێ کردنەوە و ماندوونەبوونی لێ کردن. میوانەکانی هەرسێکیان چوونە ژوورێ و (شوکریە)ی خێزانی قادر بە گورجی لەبەر هەیوانەکەوە بۆ پێشوازییان هات و فەرمووی چوونە ژوورەوەی لێ کردن .

پاش دانیشتن و بەخێرهێنانیان، فاتیمە خان، باسی چۆنیەتی هاتنی خۆیانی بۆ سەردەشت کرد. ئەو لە ناوەڕاستی قسەکانیدا بوو کاتێ (مینا)ی کچی سمایل هات و بەخێرهاتنی (فەرهاد)ی مامی و میوانەکانی دیکەی کرد.

بەختیار کە چاوی بە مینا کەوت نەختێ شڵەژا، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا و لە دڵی خۆیدا لە خۆی پرسی کە داخوا دەبێ (مینا) کەی سەفەری ماڵی باوکی کردبێت. بۆ لە کاتی بەخێر هێنانی ئەمان، نیگا و سەرنجدانی وەک جاران نەبوو. دەبێ لە حەژمەت ماڵی باوکی، ئاوا ڕەنگی تێک چووبێ. بەلای ئەم، مینای هاوڕێی کە کچی سمایل و برازای کاک (فەرهاد)ە، گۆڕانی بەسەر داهاتووە و بۆ ئەم، وەک کەسێکی بیانی دیارە. ئەو مینایەی ئەم ناسیبووی و دڵی لێی سەندبوو، هەمان ئەو مینایە نییە

کە ئێستا، وەک نەناسیاوێک بەخێرهاتنی دەکات. بەڵام لەلایەکی دیکە، ئەوە ماڵی کاک سمایلە و ئەوەش مینای کچیەتی، هەمان شکڵ و شێوەی میناکەی هاوڕێی، وەلێ هەمان خوێن و جوولە و کەسێتی نییە، هەمان نیگا و سەرنجی سیحرئامێزی نییە. ئەم مینایە، ڕەنگ پەڕیوە، ماندوو دیارە و جوانی و شۆخ و شەنگییەکەی، لە ئاست میناکەی هاوڕێی ئەم نییە. دەبێ سمایل دوو کچی جمگی ناو مینای هەبێ. بۆ دەبێ دوو کچی خوشک، یەک ناو هەڵگرن! ئەمەش مانای نییە. نەخێر، هەر ئەو مینایە و خۆی لە من گۆڕیوە. خەم و پەڕاگەندەیی و تۆزو گەردی لادێ، ڕەنگی گوڵینی ئەویان پەڕاندووە، هەر بۆیە بەو حاڵەوە حەوسەڵەی ئەوەی نییە، دنیا لە نازی خۆی بار بکات. دەبێ فرسەتێکم چنگ نەکەوێ، هەر تەنها پرسیارێکی لێ بکەم، تا بزانم من تێک چووم یان ئەو. ڕەنگە لەبەر باوکی و فەرهادی مامی، خۆی وا دەرخات کە من ناناسێ.. چونکێ ئەو زۆر ورد بیر دەکاتەوەو حسێب بۆ هەموو شتێک دەکات. ئەگەر هەلێکی بۆ ڕێک بکەوێ، خۆی هەموو شتێکم بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەخوا بێ لوتفیی ئەو، نهێنییەکی لە ژێردایە، وەلێ من پێی نازانم!

فاتیمە خان بە دوورو درێژی باسی لە چۆنیەتی چۆلکردنی گوندەکانی سەر سنوور کرد. میوانەکانیش بە داخ و پەژارەوە گوێیان بۆی شل کردبوو. پاشان کاک فەرهاد، ڕووی لە فاتیمە و شوکریە کرد و وتی: "ئەدی کاک قادر و سمایلی برام لە کوێن. ئێمە بۆ ئەوە هاتووین، تا لە گوزەرانی ئێوە تێبگەین و بزانین چیتان پێویستە. ئەگەر جێگە و ڕێگەتان لێرە باش نەبێت، هەتا بتانبەینەوە سابلاغێ".

شوکریە وتی: " جا کاک فەرهاد، خۆ ئێرەش هەر ماڵی ئەوانە. ئەوا قادر و کاک سمایل چوونەتە ئەو گەڕەکەی بەرامبەرمان. لەوێ خانووێکی چۆل هەیە، بەڵکە بۆ ماڵی کاک سمایل بیگرن. هەر ئێستا منداڵەکان بە دوایاندا دەنێرم، تا زوو بێنەوە".

فاتیمە خان هاتەوە سەر باسی تۆپباران کردنی ناوچەکەی خۆیان و باسی ئەوەی کرد کە زۆربەی خەڵکەکە کتوپڕ، هەستیان بە مەترسی کردووە و بە تەما نەبوون ئاوا لە ناکاو، دەشت و شاخەکان، هەمووی ببێتە پاسدار و چەکداری دەوڵەت و بەبێ حورمەتی، ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی گوندەکان بکەن.

مینا خەریکی سازکردنی چای بوو، جاروباریش کە دەهاتەوە لای میوانەکان،



هەستی بەوە دەکرد کە بەختیار بە شێوەیەکی تایبەت و نائاسایی لەم ڕادەمێنێ. لە دڵی خۆیدا پێی ناخۆش نەبوو کە ببێتە جێگەی سەرنجی گەنجێکی وا ڕێک و قۆز، ختووکەیەکی خۆشی لە ناخیدا هەڵیکرد. دەم نا دەمێک، بە دەم چای تێکردنەوە، بەختیاری دەخستە بەر نیگای چاوەکانی. لە هەڵسان و دانیشتنیشدا کەوتە نواندنی عیشوە و نازێک کە لەگەڵ چای دانان و پیاڵە هەڵگرتنەوەدا وا خۆی دەهاتە بەر چاوان، دەتگوت میوانەکان بۆ خوازبێنی ئەم هاتوونە!

لەو وەختەی کە کاک فەرهاد و باوکی بەختیار لەگەڵ فاتیمە و شوکریە خان، لە گەرمەی قسە و باسی وەزعی تازەی ئەماندا بوون، مینا بە دزە نیگا و خەندەی لێوەکانی، بەختیاری دەدواند و دەیویست تێی بگەینێ کە ئەگەر ئەو مەیلی لەسەر بێت، ئەوا ئەمیش، باوەشی بۆی ئاوالایە. ئاخر نەیدەزانی میوانەکەی، بە دوای تاقیبی میناکەی خۆیدا وێڵە!

بەختیار دەبووایە ئاگاداری ئەوەش بێت کە نەبادا یەکێک لە مەجلیسەکە، هەست بە پەشێوی دەروونی ئەم بکەن و بە سەرنجە نائاساییەکانی بزانن. ئاخر ئەوان میوانن و کارێکی لەو چەشنە لە دۆستایەتی و ناسیاوەتی نێوان خانەوادەی هەردوولا ناوەشێتەوە. ئەم، ئێستا تەواو دەرک بە جیاوازییەکانی هەردوو مینا دەکات. مینای ئەم، کەسێکی گران و سەنگینە بە ویقارە. لە نێو نیگای چاوەکانیدا، دنیایەک عەقڵ و حیکمەت بەدی دەکەیت. لە نمایشی جەستەو هەڵسان و دانیشتنیدا کەسێکی گرانفرۆش و نەشئە بەخشە. لە جوولە و ڕوو سووڕان و تێڕاماندا، بەرجەستەی کەسێتییەکی بەهێز دەکات. بەڵام ئەو مینایەی ئێستا وا لەژێر سەرنجیەتی، سادەو ساکارە و دڵێکی کراوە و بێگوناهی هەیە. لەو کچانەیە کە بەئاسانی ڕام دەکرێت و شوێن پێی حەزەکانی خۆی دەکەوێت.

لە شێوەدا هەردووکیان، بریتین لە لەبەرگرتنەوەی یەک جەستە. یەکێکیان بەڕەنگێکی کاڵ و ئەویدیکەیان تێر ڕەنگە. لە ناوەرۆکدا، هەموو شتێکیان لێک جودایە، وەلێ لە پاکیدا یەک دەگرنەوە. لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازی و لێکچوونەش دوا جار هەردووکیان مینای کچی فاتیمە و سمایلن!

ساغکردنەوەی نهێنی (میناکان)، بیر و هۆشی بەختیاریان تەواو سەرقاڵ کرد.

هەڵێنانی ئەو مەتەڵە، سەبر و بەدواداچوونی دەوێ . بەدواداچوونێکی وا کە نابێ خەڵکانی دەوروبەری پێی بزانن. تازە پێویستە لەوەبگات، ئەگەر لەواقیعدا دوو مینا هەیە ئاخۆ میناکەی هاوڕێی چی ئەو مینایە دەبێتەوە. لەو دەمودەستەدا کەسێکی چنگ نەدەکەوت، هەتا لەم بارەیەوە یارمەتی بدات، داخوا ئەم واهیمە بووە و عەقڵی شێواوە، یاخود لەڕاستیدا دوو مینای هاوشێوە لە ژیاندا هەنە!

بەختیار دەبووایە سەر بگرێ و ژیرانە بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچێت. کە گەڕانەوە مەهاباد، ئەو وەختە تەنها بەدیتنی مینای هاوڕێی، ئەگەر وەڵامێکی ڕاستی دەست کەوێ و مەتەڵەکەی بۆ شی کاتەوە.

کە قادر و سمایل گەڕانەوە ماڵێ، کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ بوو. شوکریە خان بەیارمەتی مینا و فاتیمە، چێشتێکی چاکیان ئامادە کردبوو.

لە دوای نانی نیوەڕۆ، دووبارە مەجلیسیان گەرم کردەوە. دیار بوو سمایل بۆ خاتری فاتیمەی هاوسەری، ڕووی لە شاری سەردەشت کردبوو. چونکێ قادری برای فاتیمە، هەفتەیەک بەر لە کۆچکرنیان، لە گوندەکەیان سەردانی کردبوون، ئەو کاتە پێی وتبوون کە ئەگەر ئاگری شەڕەکە ئەو ناوچانەی گرتەوە بچنە لای ئەوان.

دەوروبەری سەعات سێی دوای نیوەڕۆ، کاک فەرهاد وتی: "جەماعەت دەبێ من بگەڕێمەوە سابلاغێ. ڕێگەکەش دوورە و ئەوە دیارە سمایل و منداڵەکان وەزعیان باشە و ئێرەیان پێ خۆشە". هەستا و خواحافیزیی لێیان کرد.

بەختیار و باوکیشی، لە دوای کاک فەرهاد، ماڵئاواییان کرد و بەرەو سۆراخی ماڵە خزمەکانیان چوون.

٣١

ئێوارێ، لەگەڵ خۆر ئاوابوون، فەرهاد گەیشتەوە ماڵێ. سەعادەت و کچەکان، لە چاوەڕێی گەڕانەوەیدا بوون، دیاربوو زۆریان پێ ناخۆش نەبوو کە ماڵی کاک سمایل بۆ مهاباد نەهاتوون. ئەوان دەیانزانی کە ئەگەر خەڵکان و ناسیاوەکانیان، هەردوو میناکان بە یەکەوە لە ماڵێکدا ببینن، ئەو کاتە نهێنی مینای خوێندکار، ئاشکرا دەبێت و تووشی هەڵوێستێکی نەخوازراو دەبن. ئاخر ئەوان کوردێکی عیراقییان لە



باوەش گرتووە و بە ناوێکی دیکە و بەبێ ئاگاداری لایەنە ڕەسمییەکان. ئەمەش لە ڕووی یاساییەوە بە تاوان دادەنرێ و ئەنجامدەرەکەی سزا دەدرێ.

کاک فەرهاد باسی سەردانەکەی خۆیانی، بۆ ماڵی کاک قادر کرد و هەواڵی ساغ و سەلامەتی ماڵی سمایلی برای بە سەعادەت و منداڵەکان ڕاگەیاند. سەعادەت وەختێ بیستی کە بەختیاریش لەو سەفەرە لەگەڵ ئەواندابووە و حەتمەن مینای بینیوە، یەکسەر دڵی داخورپا و پرسیارێکی هەستیار بە مێشکیدا گوزەری کرد: ئاخۆ دەبێ بەختیار، هەستی بە هیچ نەکردبێت پێویستە خۆیان بۆ پرسیارێکی وا ئامادە بکەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. پێی باش بوو کە جارێ ئەو مەسەلەیە، لەگەڵ فەرهاد باس نەکات، بەڵکو تەنها خۆی و مینا، دووقۆڵی قسەی لەسەر بکەن. هەر بۆیە دوای کەمێک دانیشتن، بانگی مینای کرد و چوونە مەتبەخەکە.

مینا، ئەو دوو ڕۆژە، زۆر لە هاتنی ماڵی مام سمایل بۆ مەهاباد، دەترسا. ئەو چاک دەیزانی هاتنی ئەوان دەبێتە مایەی کارەسات بۆ ئەم. بۆیە کاتێک کە وتیان ئەوان ماڵیان چۆتە شاری سەردەشت، نەختێک ئارام ببۆوە. بەڵام ئەو دەمەی کە بیستی، بەختیار چۆتە ماڵی مام سمایل، دەرکی بەوە کرد کە ئێستا بەختیار تووشی گومان و سەرلێشێواو بووە. کە سەعادەت بانگی ئەمی کرد، بۆ مەتبەخەکە، یەکسەر زانی بۆ ئەو مەسەلەیەیە.

سەعادەت بە مینای وت: " مینا گیان، کچم، زۆر دەترسم، بەختیار لە نهێنیمان بگات، چونکە ئێستاکە مینای کچی فاتیمەی بینیوە، بێگومان زانیویەتی کە ئەو مینایە تۆ نیت. بۆیە دەبێت ئێمە هەردووکمان پێکەوە، پێش لەو مەسەلەیە بگرین. ئەگەر زانیمان گومانی لەلا دروست بووە، بە نهێنی قسە لەگەڵ بەختیار دەکەین، هەر چەندە دەزانم ئەو کوڕێکی زۆر عاقڵ و پیاوانەیە و کاری خراپی لێ ناوەشێتەوە، جا تۆ دەڵێی چی کچەکەم".

مینا: " بەخوا دایە گیان، منیش هەمان ڕای تۆم هەیە و دڵم دەترسێ. ئەگەر تۆ پێت باش بێت لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەی لەگەڵ بکەین، منیش پێم خراپ نییە".

سەعادەت: " دە باشە، من خۆم بە دوایدا دەنێرم و لێرە قسەی لەگەڵ دەکەین. (بەپێکەنینەوە) بەخوا بڵێم وەرە من و مینا کارمان پێتە هەتا ئێرە ڕادەکات".

میناش لەگەڵ ئەو قسەیە، بزەی هاتێ و بە نەرمە شەرمێکەوە سەری خۆی داخست. پاشان بە کەمێک بایەخ پێدانەوە وتی: "دادە سەعادەت، پێم باشە لەو کاتەی بەختیار دێتە ئێرە، شەونم و شەوبۆ لە ماڵەوە نەبن، چونکە ئەو مەسەلەیە دەبێ زۆر بە نهێنێ ئەنجام بدرێت. دوای ئەوەش، ئایا تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە کە چۆن بەختیار دەبینی و بانگی ماڵەوەی دەکەی!"

سەعادەت: " ڕاست دەکەی کچم، ئەوان تەلەفۆنیشیان نییە، هەتا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکەم، مەگەر بە خۆم بچمە ماڵیان و پێی بڵێم کە ئەوەشیان بەلای منەوە، کارێکی لە جێ نییە".

مینا: " ئێمە دەتوانین، لە ڕێگەی یەکێکی دیکەوە، بەختیار ئاگادار بکەینەوە، بێ ئەوەی هیچ گومانێکی لە لا دروست بێت".

سەعادەت: " ئەگەر یەکێکی وا هەبێ زۆر چاکە، بەڵام کێیە ئەو کەسە، هەتا ئەو کارەمان بۆ بکات. من بیرم بۆ کەس ناچێت".

مینا: " وەک من بزانم، بەختیار هاوڕێی ساجیدە نازرییە، ئەگەر بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەی، ئەو دەتوانێ بە زووترین کات ئاگاداری بکاتەوە. چونکە لە بیرمە جارێکیان، ساجیدە باسی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک کەس دەکرد، یەکێک لەوانە بەختیار بوو. وا بزانم هەر بۆ ئەوەش باسی دەکرد تا بزانێ هەڵوێستی من بەرامبەر بەختیار چییە، بەڵام من خۆم لەو دەرواوە نەدا. بۆیە من پێم وایە ئەگەر ئەو داوایەی لێ بکەی، ئەو بەیانی زوو دەچێتە ماڵیان و بە نهێنی ئاگاداری دەکاتەوە. هەروەها پێم باشە بە ساجیدە بڵێی کە جگە لە خۆی کەسی تر تێنەگەیەنێ، ئەو وەختە کارەکەمان سەردەگرێ".

سەعادەت: " مادام تۆ ئەوەندە باوەڕت بە ساجیدە هەیە، بە قسەی تۆ دەکەم، هەر ئێستا تەلەفۆنی بۆ دەکەم".

سەعادەت لە هەلێکی گونجاودا، ژمارەی ماڵی ساجیدە نازری لێدا. پاش چەند چرکەیەک تەلەفۆنەکە هەڵگیرا:

ساجیدە: " بەڵێ فەرموو".

سەعادەت: " ماڵی ساجیدە خانە".



ساجیدە: " بەڵێ خۆیەتی من ساجیدەم ئەمر بفەرموون".

سەعادەت: " من سەعادەتم، لەگەڵ مینا ویستمان بزانین حاڵ و ئەحواڵتان چۆنە".

ساجیدە: " سەعادەت گیان، توخوا چۆنن، منداڵەکان، کاک فەرهاد، خۆ شوکر باشن".

سەعادەت: " زۆر سوپاس، ئێمە زۆر باشین و میناش سڵاوی هەیە. ساجیدە خان ڕاستییەکەی کارێکم بە بەختیار هەیە، حەز دەکەم کەس پێنەزانێ و سەردانێکی ماڵی ئێمە بکات. لە تۆم باشتر نەدۆزییەوە کە ئەو زەحمەتییە بکێشێ و ئاگاداری بکەیتەوە، چونکە کارەکە وا پێویست دەکات کە دیدەنییەکە بە نهێنی بێت".

ساجیدە: " جا سەعادەت خان، ئەوە هیچ زەحمەتییەکی تێدا نییە، بەڵام وا بزانم بەختیار لەگەڵ باوکی بۆ سەردەشتێ، سەفەری کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەیانی دوای نانخواردنی سبەینە، دەچمە ماڵیان، ئەگەر نەهاتبووەوە، بە دایکی دەڵێم کە گەیشتە جێ یەکسەر بێتە لای من، ئەو کاتە خەبەرتان دەدەمێ و خۆت قسەی لەگەڵ بکە. خەمی ئەوەشت نەبێ، لەلای منەوە ناهێڵم کەس بیزانێ. من زۆر بەختەوەرم کە بوومەتە جێگەی باوەڕ و متمانەی ئێوە، ئیتر ئەوەندە بۆ من بەسە".

سەعادەت: " من مەمنوونی تۆم، بە ڕاستی ئەگەر بە کەسێکی نزیکی خۆمانت نەزانم، ئەو داوایەم لێ نەدەکردی، ئیتر خۆشحاڵ بووم، جارێ خواحافیز".

ساجیدە: " خواحافیز".

ڕۆژی دواتر، سبەینێ زوو، ساجیدە هەر لە دوای نانخواردن بەرەو ماڵی بەختیار چوو کە نیو سەعاتە ڕێ بە پێیان، لە ماڵی ئەوان دوور بوو. ساجیدە کە گەیشتە بەر دەرگای ماڵی بەختیار و زەنگی دەرگاکەی لێدا، پاش کەمێک دایکی بەختیار دەرگاکەی کردەوە وتی: " ساجیدە خان یاخوا بەخێر بێن، فەرموو وەرنە ژوورەوە".

ساجیدە: " ئێوە چۆنن. ئەحواڵتان چۆنە. لە ڕاستیدا نەختێک کارم بە بەختیار هەبوو، ئەگەر بانگی بکەیت، چونکە دەبێ زوو بگەڕێمەوە ماڵەوە".

دایکی بەختیار: " بە خوا بەختیار لە ماڵەوە نییە، دوێنێ لەگەڵ باوکی چوونەتە سەردەشتێ، هێشتا نەهاتوونەتەوە".

ساجیدە: "کەواتە توخوا کە گەیشتەوە جێ، لە بیرت نەچێ پێی بڵێ با سەرێکی ئێمە بدات".

دایکی بەختیار: "بە سەرچاو خەمت نەبێ، هەر ئەو دەمەی گەیشتەوە جێ، ڕەوانی ماڵی ئێوەی دەکەم".

ساجیدە: "زۆر چاکە جارێ خواحافیز".

دایکی بەختیار: "خواحافیزت بێت، بەخێرچیت".

سەعات (دە)ی پێش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بەختیار گەیشتەوە ماڵێ. دایکی یەکسەر پێی وت کە سەرێکی ماڵی ساجیدە بدات دیارە کارێکیان پێی هەیە. بەختیاریش کە زانی ساجیدە کارێکی تایبەتی پێی هەیە، بە دایکی وت: " باشە هەر ئێستا دەچمە ماڵیان لەوانەیە کارێکی زۆر پێویستیان بەمن هەبێ، دەنا بەو سبەینە زووە، بۆ بە دوامدا هاتووە". یەکسەر بەرەو ماڵی ئەوان کەوتەڕێ.

کە گەیشتە ماڵی ساجیدە، لە دەرگای حەوشە چووە ژوورەوە، یەکسەر سەرنجی دەم و چاوی ساجیدەیدا، داخوا هیچ ئاسەوارێکی ناخۆش و خەفەتبارانەی لێ بەدی دەکات یان نا. بەڵام کە ساجیدە چاوی بە بەختیار کەوت، بە دەم و چاوێکی گەشاوە و نەرمە پێکەنینەوە بەخێرهاتنی کرد، ئەویش دڵی ئارام بووەوە و زانی کارەکە خێری پێوەیە، وتی: " ساجیدە خان خێر بوو بەو سبەینە زووە هاتبوویە ماڵی ئێمە. خۆ شوکر هیچ ڕووی نەداوە".

ساجیدە: " لە ڕاستیدا هیچ شتێک ڕووی نەداوە. بەڵام شەوی ڕابردوو سەعادەت خان تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای کرد خەبەری تۆ بدەم کە ئەو کارێکی تایبەتی بە تۆ هەیە. ئیتر ئەرکەکەی من ئەوەندە بووە و نازانم کارەکەش چییە. تۆش خۆت هەر ئێستا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکە بزانە چی دەوێ".

بەختیار: " زۆر چاکە دەبا قسەی لەگەڵ بکەم بزانم چی دەوێ.چووە لای تەلەفۆنەکە و ژمارەی ماڵی سەعادەتی لێدا، پاش کەمێک تەلەفۆنەکە هەڵگیرا و وتی:

" ئەلۆ کێیە. فەرموو".

بەختیار: " ماڵی سەعادەت خانە".



سەعادەت: " بەڵێ من هەوم، فەرموو ئیشێک کارێک".

بەختیار: " من بەختیارم سەعادەت خان".

سەعادەت: " بەختیار گیان چۆنی، بەخێر بێیتەوە".

بەختیار: " دەستت ماچ دەکەم سەعادەت خان، فەرموون بە دوای منت ڕەوان کردبوو".

سەعادەت: " بەڵێ بەختیار گیان، من و مینا حەز دەکەین هەندێ قسەت لەگەڵ بکەین. جا ئەگەر دەتوانی دانی ئێوارێ، دەوروبەری سەعات چوار سەرێکمان لێ بدەی باشە".

بەختیار: " بە سەر چاو سەعادەت خان. سەعات چواری ئێوارێ لەلای ئێوەم".

سەعادەت: " زۆر سوپاست دەکەین، جارێ خواحافیز".

بەختیار: " خوا حافیزت بێت".

بەختیار تەلەفۆنەکەی داناوەو سوپاسی ساجیدە نازری کرد کە ئەو ئەرکەی کێشاوەو خەبەری داوەتێ. پاشان ماڵئاوایی کرد و بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە. لە ڕێگای گەڕانەوەیدا، بەدەم ڕۆیشتنەوە کەوتە تاوتوێکردنی مەسەلەکان. لەلایەک ئەم خۆی دەیویست مینا ببینێ و لە مەتەڵی دوو میناکان حاڵی بکات. لە لایەکی دیکە ئەوا سەعادەت خان و مینا خۆیان خوازیارن لەگەڵی دانیشن و باسی بابەتێکی تایبەتی لەگەڵ بکەن. بەختیار پاش لێکدانەوەیەکی زۆر گەیشتە قەناعەتێک: ڕەنگە کاک فەرهاد لە دوای گەڕانەوەی لە سەفەری سەردەشتێ، باسی ئەمی کردبێ کە لەو سەفەرە لەگەڵیاندا بووە. واتە دەشێ من مینام لە ماڵی کاک قادر بینیبێ و گومانم لە لا دروست ببێ. لەوە دەچێ لەو دیدەنییەدا هەموو وەڵامێکم، سەبارەت بە مینا دەست بکەوێ!

سەعادەت بانگی شەونمی کرد و وتی: "کچم، تۆ هەموو شتێک لەبارەی میناوە دەزانی. ئەو نهێنییانەی لە بارەی ژیانی ئەودا هەیە، نابێت کەس پێی بزانێ".

شەونم: "بەڵێ دایە گیان قسەکانت دروستە، جا لەم بارەیەوە شتێک ڕووی داوە".

سەعادەت خان: ٧٨" بەڵێ کچم، بۆیێ بانگم کردی. دەمەوێ پێت بڵێم کە شتێک لە

گۆڕێدا هەیە. تۆ دەزانی دوێنێکە، باوکت لەگەڵ کاک ڕەحمان و بەختیاری کوڕی، سەفەری سەردەشتیان کرد. لەوێش بەختیار مینای ئامۆزاتی دیوە. ئێستا ئەو دەزانێ کە ئێمە دوو کچی بەناو (مینا)مان هەیە، بۆیە ئێمە داوامان کردووە کە بەختیار سەعات چواری دوای نیوەڕۆ بێتە ئێرە، من و مینا پێکەوە هەندێ قسەی لەگەڵ دەکەین. جا گوتم با تۆش ئاگاداری ئەو وەزعە بیت. کە هاتە ئێرە بۆ ئەو مەسەلەیەیە".

شەونم: "باشە دایە گیان، هیچ خەمت نەبێ کە هاتە ئێرە ئێمە نایەین بۆ لاتان، ئێوەش چی پێویستە لەگەڵی باس بکەن".

سەعادەت خان دوای ئەوە چووە ژوورەکەی مینا و پێی وت: " دانی ئێوارێ سەعات چوار، بەختیار دێتە ماڵمان. شەونمم تێگەیاندوە کە بەختیار بۆ ئەو مەبەستە دێتە سەردانمان، چونکە خۆ ئەویش هەموو شتێک دەزانێ، گوتم با لەوەش ئاگادار بێت".

مینا: " زۆر چاکە دادە سەعادەت، بەڵام پێویستە ئێمە لە سەرەتادا لەگەڵ بەختیار، لەوە بگەین کە داخوا مینای دیوە یان نا. یان چ گومانێکی لە لا دروست بووە! خۆ ئەگەر بۆمان دەرکەوت کە ئەو هەستی بە هیچ شتێک نەکردووە، پێویست ناکات ئێمەش باسی بکەین".

سەعادەت خان: " باشە ئەگەر بۆمان دەرکەوت کە ئەو مینای نەدیوە و هەستی بە هیچ شتێک نەکردووە، ئەوساکە باسی چی لەگەڵ بکەین. بڵێین بۆ چ کارێک بانگمان کردوویت".

مینا: " ئەو وەختە تۆ پێی بڵێ کە لە کاتی خۆیدا داوات کردبوو لە نزیکەوە لەگەڵ مینا قسان بکەی. ئێستاش مینا ڕازی بووە قسەت لەگەڵ بکا و دەیەوێ بزانێ بۆ چ نیازێک دەتویست بیبینی! دوای ئەوە تۆ جێمان بێڵە و من هەندێ قسەی لەگەڵ دەکەم".

سەعادەت خان: " تەگبیرێکی چاکە، خۆ تۆ لە هیچ شتێک مەحتەل نابیت".





سەعادەت و مینا هەردووکیان لە ژووری میوانان دانیشتن و لە چاوەڕێی هاتنی بەختیاردا بوون. مینا بە سەعادەت خانی وت: " دادە سەعادەت، من پێم باشە تۆ لە سەرەتا باسی سەفەرەکەی لێ بپرسە و وای لێ بکە هەندێک لە سەفەرەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەوسا ئەگەر زانیمان لە ماڵی مامە سمایل مینای دیوەو گومانی بۆ دروست بووە، ئەو کاتە باسی ئەسڵی بابەتەکەی بۆ دەکەین، بەڵام ئەگەر زانیمان هەستی بە هیچ نەکردووە ئەو کاتە تۆ بە جێمان بێڵە و من قسەی لە بارەی داواکارییە کۆنەکەی لەگەڵ دەکەم".

سەعادەت: " زۆر باشە".

سەعات چواری تەواو زەنگی دەرگای حەوشەکە لێیدا. سەعادەت خان زوو دەرگاکەی کردەوە و فەرمووی لە بەختیار کرد و بەخێر هاتنێکی گەرمی لێ کرد. مینا لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی، خەندەیەکی دڵهەژێنی بۆ بەختیار کرد و وتی: " فەرموو کاک بەختیار یاخوا بەخێربێن".

بەختیار: " سەلامەت بیت میناخان، ئێوە چۆنن خۆ شوکر باشن".

مینا: " زۆر سوپاس، ئێمە زۆر باشین".

بەختیار و سەعادەت خان دانیشتن و میناش سێ بەرداخ ئاوی خواردنەوەی لەسەر سینییەک هێنا و لەبەردەم بەختیار نەختێک خۆی چەماندەوە، ئاوەکەی دایە دەستی، پاشان هەرسێکیان دانیشتن و سەعادەت خان وتی: "بەختیار گیان، جارێ دەمەوێ هەندێک باسی سەفەرەکەی دوێنێمان بۆ بکەی بزانین ئەو خزمانەی ئێوە و ئێمە چۆنن و چییان بەسەر هاتووە، پاشان کێتان بینیوە".

بەختیار، یەکسەر مەبەستی ئەوانی بۆ دیار کەوت و زانی کە هەر دوو لایان لەو دیدەنییە گرفتاری یەک نهێنین، گرفتاریی ئەم، هەڵهێنانی ئەو نهێنییەیە کە پەیوەندی بە (مینا)وە هەیە، هی ئەوانیش لەوە دەچێ مەترسییەک سەری هەڵدابێ، بە هۆی ئەو گومانانەی کە ئەم، هەستی پێ کردووە، بۆیە وای پێ چاک بوو، یەکسەر بچێتە ناو مەسەلەکە و زوو ئەنجامێکی چنگ کەوێت و وتی: " ئێمە کە گەیشتینە ئەوێ یەکسەر

چووینە ماڵی کاک (قادری سەید زادە) لەوێش ماڵ و منداڵی کاک سمایل لە ماڵی ئەوان بوون. فاتیمەخان و مینای کچی، هەردووکیان هاتن و بەخێرهاتنیان کردین. ڕاستییەکەی، من وام زانی ئەو کچە، تۆی (مینا خان)!. ئەو لە شێوە، زۆر لە تۆ دەچوو بەڵام لە هەڵسوکەوت و تێڕوانیندا، لەگەڵ تۆ جیاواز بوو. لێتان ناشارمەوە، من لە دوێنێوە تووشی حەپەسان هاتووم. بە تەمابووم بە هەر شێوەیەک بێت، بە دوای ڕوون کردنەوەی ئەو مەسەلەیەدا بێمە لاتان، چونکی تەواو هەستم کرد کە ئەو (مینا)یەی کچی مام سمایل، هەمان ئەو مینایە نییە کە ئێمە دەیناسین. من زوو تێگەیشتم کە نهێنییەک لەو مەسەلەیەدا هەیە و من پێی نازانم. بەڵام سەعادەت خان، بڕوا بکەن ئەو نهێنییە هەر چییەک بێت، هەتا ئەو ڕۆژەی دەچمە ژێر گڵ وەک گیانی خۆم دەیپارێزم! ئێوەش نابێ مەترسیتان لە من هەبێ و گومانتان لەلا دروست بێت و دەزانم ئەو بانگکردنەم پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە. ئەگەر ناشتانەوێ، من لە شتە شاراوەکان ئاگاداربم کە پەیوەندی بە میناخانەوە هەیە، هەر ڕازیم و بەڵێنتان دەدەمێ کە وا دانێن هیچم نەزانیوە و هەستم بە هیچ شتێک نەکردووە. جا ئێوە چۆنی بە چاک دەزانن، منیش ڕازیم. من کە خۆم بە دڵسۆز و کەسی ئێوە دەزانم، هەرچی ئێوە پێتان باشە، من قبووڵمە لێی دەرناچم".

سەعادەت: " بەختیار، تۆ کوڕێکی عاقڵ و ڕەوشت بەرزی. ئێمە شارەزاییمان پێت هەیە و بەرامبەر بە شەخسی تۆ، هیچ نهێنییەکمان نییە. ڕاستییەک هەیە لێتی ناشارینەوە کە ئەو مینایە، مینای کچی سمایلی شووبرام نییە. بەڵام ئەم نهێنییە، جگە لە خێزانەکەی خۆمان تەنها تۆ دەیزانی. ئاشکرا بوونی ئەوەش کە مینایە کچی سمایل نییە، ئەوا ژیانی مینا و خێزانەکەی ئێمەش دەخاتە بارێکی ترسناکەوە. ڕەنگە دەوڵەت بە توندترین شێوە سزامان بدات. ئێستا با ئەوەندە بەس بێت، پەنا بەخوا لە ئایندە کە ڕۆژی خۆی هات، هەموو وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیەت بۆ ئاشکرا دەکەین. ئێمە هەر چەندە زۆر بڕوامان بە تۆ هەیە و ڕێزی تایبەتیت لەلای ئێمە هەیە، تەنها داواکاریمان ئەوەیە کە لەو هەڕەشانە بگەیت کە بە ئاشکرا بوونی ئەو ڕاستییە، ئێمە دووچاری دەبین".

بەختیار: " سەعادەت خان گوێ بگرە. لەم ساتە بە دواوە، قسەیەکت لەمن گوێ لێ



نابێ لەبارەی ئەو مەسەلەیە. داواتان لێ دەکەم کە منیش وەک کەسێکی نزیک و دڵسۆزی خۆتان قبووڵ بکەن و هەر گرفتێکیشتان هاتەڕێ لەم بارەیەوە، ئاگادارم بکەنەوە. لەمڕۆ بە دواوە من بە گیان و بە ماڵ ئامادەی خۆبەخت کردنم لە پێناوی ئێوەدا، چونکە ئێوە هەمووتان لای من پایەبەرز و ڕێزدار و چاکەخوازن".

مینا هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام بە وردی، گوێی لە قسەکانی ئەوان گرتبوو. دەیزانی ژیانی ئەم لە پانتاییەکی بەرتەسکدا گوزەر دەکا و هەموو دەمێک ڕەنگە دووچاری هەڵوەشانەوە بێت. ئەم، هەمیشە لە هەنگاوەکانیدا، هەستی دەکرد کە شوێن پێی قایم نییە و دەبێ حسێب بۆ بچووکترین مەترسی بکات، چونکە ئێستا ژیانی، لە چرایەک دەچێ کە بە تەنها فووەک دەکوژێتەوە. مینا دەیزانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو نهێنییەکانی ژیانی ئاشکرا دەبێ، بەڵام دەیویست دەستنیشان کردنی ئەو ڕۆژە لە ئیختیاری خۆیدابێ و لە لووتکەی هێزەوە و بە دەنگێکی بەرز، ئەو ڕاستییانە ڕادێرێ. لەلایەکی دیکە پێی وابوو، ئەو دانیشتن و گرنگیدانە بە بەختیار، ڕێڕەوی ژیانی بەرەو ئاقارێکی دیکەدا دەگۆڕێ، چونکە بەختیار، لەمڕۆ بە دواوە هەڵگری بەشێک لەو نهێنییانەیە کە چارەنووسی ژیانی ئەمی پێوەبەندە. ڕەنگە لە دوای خانەوادەی کاک (فەرهاد)، بەختیار، ئەو فریادڕەسە بێت کە بە ئاشکرا دەستی بگرێ و بەرەو بەهاری ژیانێکی تازە ڕاپێچی بکات.

کە بەختیار لە قسەکانی بووەوە، ڕووی لە مینا کرد و وتی: "ئەرێ میناخان، تۆ قسەیەکت نەکرد".

مینا: " ئێوە هەموو شتێکتان بە تێر و پڕی باس کرد. منیش هیچم نییە بیخەمە سەر قسەکانی ئێوە، تەنها ئەوە نەبێت کە حەز دەکەم لەمەودوا تۆ، مینای وەک کچی (فەرهاد و سەعادەت) بناسیت، چونکی ئەگەر ناویشم لە ڕەسمییات لەسەر ئەوان نەبێت، بەڵام ئەوان خاوەنی ژیان و مەرگی منن. من بەبێ ئەوان، ژیانم مانایەکی تێدا نامێنێ. تۆش کە لە دوای ئاهەنگە خێزانییەکەی ماڵی خاڵە (ناسر)، داوای دیدەنیی منت کردبوو، من نەمدەزانی مەبەستی ئێوە لەم دیدەنییە چییە و ئەوەندەش لە دادە سەعادەت شەرمم دەکرد، بۆیە ئەو وەختە ئامادەیی خۆم نیشان نەدا".

سەعادەت: "بەختیار گیان، تۆ لەمەودوا وەک یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکەی

ئێمەی. دەبێ ئەو نهێنییە زیاتر لە ئێمەت نزیک بخاتەوە. ئێمە پێمان ناخۆش نییە، کوڕێکی بە ئەخلاقی وەک تۆ ببێتە هاوڕێی یەکێک لە کچەکانمان، بەڵام لە سنوورێکی ماقووڵ کە ڕەچاوی داب و نەریتی تێدا بکرێت. هەر دەمێک ویستتان بەیەکەوە دانیشن و یەکتر ببینن، دەتوانن لێرە لە ماڵی خۆمان ئەو دەرفەتە بڕەخسێنن".

بەختیار: " من، هەرگیز لە قسەکانی ئێوە دەرناچم و متمانەی ئێوە، بۆ من مایەی شانازییە. ئومێدەوارم بە چاوەدێری و هەوڵی هەموو لایەکمان، ژیانێکی خۆش و بێ گرفت بۆ مینا خان فەراهەم بکەین، چونکە خۆشەویستی هەموومانە! من ئەگەر چی، لە ناخەوە ئەوم خۆشدەوێ، بەڵام چاک لەوە دەگەم کە مینا، پێویستی بە هاوڕێی ڕاستەقینە هەیە، نەک دڵدار. من حەز دەکەم هاتوچۆ کردنم بۆ ئێرە، دڵنەوایی مام (فەرهاد)یشی لەگەڵدابێ، چونکە ئەو مام و برا گەورەی هەمووانە، بۆیە پێم خۆشە ئەو وەزعە کە ئێستا لە سەرەتادایە لای ئەویش باسی بکەن".

سەعادەت: " فەرهاد، مینای زۆر خۆشدەوێ و تەواو باوەڕی پێیەتی. ئەو دەزانی مینا کەسێکە، لە ڕەفتاری خراپ و هەڵە، خۆی بەدوور دەگرێ. ئێمەش، هەر دەبێ ئەو ئاگادار بکەینەوە چونکە خاوەنی هەمووانە".

بەختیار: " زۆر چاکە، من دەڕۆم، بە ئومێدی دیداری دیکە، جارێ خواحافیز".

سەعادەت و مینا پێکەوە بەڕێیان کرد و تا دەرگای حەوشە لەگەڵی چوون.

پاش نانخواردنی ئێوارە، لە کاتی چا خواردنەوەدا، سەعادەت بە فەرهادی وت: " پیاوەکە شتێک هەیە لەبارەی میناوە با پێت بڵێم. ئێوە کە دوێنێ سەردانی ماڵی کاک قادر و کاک سمایلتان کردبوو، بەختیاری کاک ڕەحمان، مینای کاک سمایلی لەوێ دیبوو و یەکسەر هەستی کردبوو کە ئێمە دوو کچمان بە ناوی (مینا) هەیە و گومانی بۆ دروست ببوو. بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕێکی عاقڵە و ئێمەی خۆشدەوێ، هاتە ئێرە قسەی ناو دڵی خۆی بۆ کردین و دڵنیای کردین کە ئەو نهێنییە دەپارێزێ و لە هەر ڕووداوێک لەم بارەیەوە، بە ڕۆح و بە ماڵ یارمەتیمان بدات. ئەو کوڕە، لەمێژە بە مینا سەرسام بووە و داوای هاوڕێیەتی ئەوی کردووە. ئەو مەسەلەیەش پێویستی بە ڕەزامەندی تۆ هەیە. ئەگەر لەم بارەیەوە بە نهێنی قسە لەگەڵ بەختیار بکەی خراپ





نییە، بە تایبەتی ئەو کە ئێستا، دەزانێ مینا کچی سمایلی برات نییە".

فەرهاد: " بەڕاستی ئێمە کە ئەو سەفەرەمان بەیەکەوە کرد، بۆ سەردانی ماڵە خزمەکان، هیچ ئەوەم لە بیر نەبوو کە بەختیار لەوێ مینای برازام دەبینێ و هەست بەوە دەکات کە ئێمە دوو کچی ناو مینامان هەیە، بەڵام لەو کوڕە ناترسم و دەزانم مرۆڤێکی عاقڵ و مەردە، هەست بە لێپرسینەوە دەکات. ئێوەش چاکتان کردووە، زوو ئەوتان بینیوە و مەسەلەکەتان لەگەڵ باس کردووە. سەبارەت بە هاوڕێیەتی ئەو لەگەڵ مینا، من دەزانم بەختیار کوڕێکی ڕەوشت بەرز و دامێن پاکە. ئەگەر لە نییەتێکی پاکەوە مینای بە دڵدا چووبێ، لای من ئاساییە، بەڵام لێرەدا، هەڵوێستی مینا گرنگە داخوا قبووڵ دەکات یان نا!. ئەوەندە هەیە، ئەو کوڕە هەندێ سیفەتی لە مینا دەچێ، وەک گران و سەنگینی و کتێب خوێندنەوە و ئەو شتانە، ئەگەر پەیوەندی و هاتوچۆی ئەو، لە سنوورێکی ڕێکوپێکدا بێ و خەڵک قسەی پێوە نەکات، من هیچ پێم ناخۆش نییە. بەیانیش خۆم بە ڕەحمان دەڵێم کە بەختیاری ڕەوانەی لای من بکات، بە خۆشم هەندێ قسەی لەگەڵ دەکەم".

مینا، لە قسە و هەڵوێستەکانی فەرهاد و سەعادەت ڕازی بوو. ئەو دەمە، خۆزگەی دەخواست کە ئەگەر بە ڕاستی کچی ئەوان بووایە، چەند بەختەوەر دەبوو، بەڵام خۆ هەنووکەش ئەوان خاوەن و بڕیاردەری ژیانی ئەمن. ئەو شەوە، یەکێک بوو لەو شەوە دەگمەنانەی کە بە ئاوات و هیوای دواڕۆژێکی پرشنگدار، چاوەکانی لێک بنێ و خەونی خۆش ببینێ.

## ٣٣

مینا، لە پشووی هاوینەدا، سەرەڕای دوودڵی و یادەوەرییە تاڵەکانی، توانی ڕێچکەیەکی تازە، بە هۆی هاوکاری و دڵگەورەیی ماڵەوە بۆ خۆی بگرێتە بەر. ئەو هاوینە توانی چەندین کتێبی بیرمەندان و ئەدیبە ناودارەکانی جیهان بخوێنێتەوە. هاوڕێیەتی ئەو لەگەڵ بەختیار و کەسانی دیکەی ڕۆشنبیری، یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ بڕینی قۆناغەکانی خۆدروستکردن و تێگەیشتن لە پانتایی ژیانی مرۆڤایەتی لە کۆن و ئێستادا. مینا خۆی بەهرەیەکی ناسروشتی هەبوو لە تێگەیشتن و هەرسکردنی هزر و ئایدیا ئاڵۆزەکان. کاتێک کە دەچووە ژووانی کتێبەکان،

هەناسەیەکی درێژی هەبوو و دەیتوانی لە شەوێکدا ڕۆمانێکی مامناوەنجی بخوێنێتەوە. لە دانیشتنی نێو بازنە ڕۆشنبیرییەکانیش کە نۆرە دەهاتە سەر ئەم قسەی خۆی بکات، لەسەر هەر بابەتێک بووایە، ئامادەبووان کشومات گوێیان لە ڕستە و دەستەواژە واتادارەکانی دەگرت کە لە سەرەخۆ و ڕێک و پڕ لە باوەڕبەخۆبوونەوە، ڕایەکانی خۆی دەخستە ڕوو.

ئەو دەمەی (فەرەیدونی مورادی)ی ناسی و گوێی لە ڕایەکانی ئەو دەگرت، ئەوساکە هەستی بەفرەوانی دنیای فکر و بابەتە هەمە چەشنەکان کرد. مینا لە هیچ شتێ بەخیلی بە خەڵکانی دیکە نەدەبرد، تەنها لە وەرگرتنی زانست و زانیارییەکان نەبێت، چونکە بە تەواوی عەشقی کتێب و خوێندنەوە ببوو.

مینا، لەگەڵ ئەو هەموو شتە تازانە لە ژیانی و لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانە جەوهەرییانە لە مێشک و کیانی ئەودا، قەت تاڵی و سوێری ڕۆژانی ماڵە بابی لە بیر نەدەکرد. هەرگیز ئەو زوڵم و بوختانەی لە هزردا نەدەسڕایەوە کە لە هەڕەتی تەمەنیدا بۆیان هەڵبەست. هەرگیز بڕیارە دوور لە ویژدان و بێبەزەییانەکەی باوکی، لە بیر نەدەکرد. دوا بڕیاریشی ئەوەبوو کە هەڵگری پەیامێکی تازە بێ لە ژیان و بیر لە تۆڵە و کاری توند و تیژی نەکاتەوە. لە ڕێگەی خزمەت و قسەی چاک و ڕەفتاری جوان، ناحاڵییەکان بە ئاگا بێنێتەوە. ئەم، بڕیاری وابوو ڕۆژێ لە ڕۆژان بە سەرێکی بەرز سەردانی ئاواییەکەیان بکاتەوە، ئەوساکە پاکیزەیی خۆی لەبەردەم کولتوورە بۆگەن و تاکپەرستەکەی خێڵ و عەشیرەتی خۆیان ڕابگەیەنێ. نیازی وابوو، ئەگەر چاوی بە نەدیم و زەینەدینی باوکی بکەوێتەوە، پێیان بڵێ: سوپاستان دەکەم کە بوونە هۆی پەڕاگەندەبوونی من بۆ مەملەکەتان، چونکە گەر قەدەرم وانەبا، نەمدەزانی لەم دنیایەدا و لە ناو ئەو کوردەوارییەشدا، لە بەرامبەر بیر تەسکی و کەمزانی و دڕندەیی ئێوەدا، خەڵکانی تێگەیشتوو و زانا و میهرەبانیش هەیە. نەمدەزانی خەڵکانێک هەن، بە پێوەری ویژدان و مرۆڤپەروەی، ژیان دەگوزەرێنن. دەمەوێ جارێک لە جاران ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، سوپاسی کاکە فریاد و شاسواری برام بکەم کە ژیانیان پێ بەخشیمەوە و لە بەرامبەر بڕیارە نامرۆڤانەکەی باوکیدا وتیان(نا)!



مینا، ئەو پارەیەی کە هەیبوو، ئەوا ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی و هیچی لێ خەرج نەکرد. چونکێ مام فەرهاد و سەعادەت خان، پێداویستییەکانی ئەمیان، هەمووی بە زیادەوە جێبەجێ دەکرد. ڕۆژێکیان بیری کردەوە کە داوا لە بەختیار و هاوڕێیەکانی دیکەی بکات، هەندێک لەو کتێبانەی بۆ بکڕن کە پێویستە کەسێکی ڕۆشنبیر، لە ماڵەوە هەیبێت. بۆ ئەو مەبەستە لیستێکیان ئامادەکرد کە نزیکەی پازدە کتێبی هەڵبژاردەی بۆ بکڕن. دوای کڕینی کتێبەکان، مینا پێی وا بوو کە بردنەوەی ئەوەندە کتێبە بە جارێک، سەرنجی ماڵەوە ڕادەکێشی. بۆیە داوای لە بەختیار کرد کە کتێبەکان لەلای خۆی دابنێ و هەموو جارێک، چەند دانەیەکیان بۆ بێنێ. جگە لەوەش، هاوڕێکانی، چەندین کتێبی دیکەیان بە دیاری پێشکەش کردبوو. وای لێ هاتبوو کتێبەکانی کە لە دۆڵابی جلەکانی خۆی هەڵی گرتبوون، ژمارەیان زۆر بوو جێگەیان نەدەبووەوە. ڕۆژێکیان سەعادەت خان کە خەریکی ڕێکخستنەوەی ژوورەکەی ئەم بوو، تەماشای کرد، دۆڵابی جلەکانی مینا دانەخراوە و لە قووڵایی دۆڵابەکەدا بارستایی کتێبێکی زۆر دیارە. ئەمیش چوو سەیری ناوەوەی کرد، سەری سوڕما لەوەی کە مینا دەبێ ئەو هەموو کتێبەی لە کوێ پەیدا کردبێ. ئایا هەمووی خوێندۆتەوە. ئەو ڕۆژە نیوەڕۆکەی کە کاک فەرهاد هاتەوە ماڵێ، سەعادەت وتی: "باوکی شەونم، توخوا وەرە سەیری دۆڵابەکەی مینا بکە، بزانە چی دەبینی!"

فەرهاد بە دوای سەعادەت چوونە ژووری مینا و سەیری کتێبەکانی کرد و وتی: " سەعادەت، دەزانی ئەو کچە زۆر بلیمەتە، دەبێ ئێمە هەموو شتێکی بۆ فەراهەم بکەین، تۆ دەزانی ئێستا، بە هۆی ئەوەوە، شەونم و شەوبۆش، کتێبان دەخوێننەوە و خەریکە شت فێر دەبن".

سەعادەت: " پیاوەکە، بەخوا، بەقەد شەونم خۆشم دەوێ و ئێستا بە تەواوی ڕەحمم کەوتۆتە سەری. خەمی ئەو ڕۆژەمە کە لێمان دادەبڕێ. بەڕاستی من زۆر سەبرم پێی دێت، زۆر حەز لە هێمنی و قسە خۆشەکانی دەکەم. هەر کە دڵم توند بوو، دەچمە لای ئەو یەکسەر تێم دەگا و بە دوو سێ قسان خەمەکانم دەڕەوێنێتەوە".

فەرهاد: " ئەمڕۆکە، کاک ڕەحمانم بینی و پێم گوت کە بە بەختیار بڵێ سەرێکم لێ بدات، ئەوساکە خۆشم قسەی لەگەڵ دەکەم، بۆ ئەوەی تەواو دڵنیا بین".

سەعادەت: "زۆر چاکە پیاوەکە. وەک کەسێکی خۆمانە قسەی لەگەڵ بکە، بەڵام هەر ئەوەندەی پێ بڵێ کە ئێمە وتوومانە".

ئەو ڕۆژە وەختی پاش عەسرەکەی، بەختیار چووە لای فەرهاد. کە گەیشتە ئەوێ، چەند میوانێکی دیکەش لە کن فەرهاد دانیشتبوون. بەختیار، سەلامی لێیان کرد و لەسەر کورسییەک دانیشت. هەموو بەخێرهاتنیان کرد. پاش کەمێک، فەرهاد دەفتەری تۆماری ژمێریارییەکەی لە دەست گرت و بە میوانەکانی وت: "من لەگەڵ بەختیار، هەندێ حسێبی وردم هەیە، پێکەوە چاوێکی پێدا دەخشێنین، ئێوە دانیشن و قسەی خۆتان بکەن".

بەخۆی و دەفتەرەکەیەوە بەرەو قووڵایی بۆنگاکە چوو و بەختیاریش بەدوایەوە بوو. لەوێ لە سووچێکدا دانیشتن و بە هێمنی کەوتنە گفتوگۆ، کاک فەرهاد وتی: "بەختیار، تۆ وەک کوڕی ئێمە وای. سەعادەت و مینا، مەسەلەیەکیان لەگەڵ تۆ لە بارەی میناوە باس کردووە. منیش حەزم کرد بۆ بەهەند وەرگرتنی مەسەلەکە، بەخۆشم هەندێ قسەت لەگەڵ بکەم. من هەر چەندە گومانم لەو چاوانەی خۆم هەبێ گومانم لە دڵسۆزی و ڕەوشت بەرزی تۆ نییە، بەڵام هەر باشترە دوو قسان بکەین. لە ڕاستیدا مینا کچێکی لێقەوماو و بێکەسە. بەهۆی هەندێ لە خزمەکانمانەوە هاتۆتە ماڵی ئێمە. ئێمەش، لە سەرەتا زۆر زگمان پێی سووتاو لە باوەشی خۆمان گرت. پاش ماوەیەک، بە هۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەی بۆمان دەرکەوت کە ئەو کچە، مرۆڤێکی عاقڵ و ژیرە و کابانێکی تا بڵێی بەڕێ و جێیە. لە خوێندنیش، پشت و پەنای هەبێ، باشترین ئایندەی هەیە. ئەوەندە بێ فێڵ و تێر ئەخلاقە، بڕوا بکە، ئێستا من و سەعادەت لە کچەکانی خۆمان خۆشترمان دەوێ. جا هەتا ئەو کاتەی بە چارەنووسی خۆی دەگات، دەبێ ئێمە جێگەی دایک و باوکی و کەسوکاری بۆ پڕ بکەینەوە ئەو ساتە، ئەو سەربەستە، دواڕۆژی ژیانی خۆی بەرەو کوێ دەبات. ئێستاش بێجگە لە خانەوادەی ئێمە، تۆ یەکەم کەسی بە نهێنی ئەو مەسەلەیە دەزانی، بۆیە من داوا لە کوڕی خۆم دەکەم کە ئەو نهێنییە بپارێزێ، چونکە ئاشکرابوونی کارەساتی بە دواوەیە بۆ ئێمە و بۆ کچەکەش".

بەختیار: " مامە فەرهاد، ئەوەی ئێوە کردووتانە بەرامبەر بەو کچە، دەبێ جێگەی



شانازی هەموو کەسێکی مەرد و بە ئەخلاق بێت، من ئێستا لەلایەن خۆمەوە، لەلایەک زۆر مەمنوونی ئێوەم کە خاوەن هەستێکی وا بەرز و مرۆڤانەن! بریا هەموو خێزانێکی کوردەواری، لە ئاستی ئێوەدا بووایە. لەلایەکی دی، زۆر خۆشحاڵ دەبم کە خێزانێکی وا میهرەبان و ڕێزدار، متمانەم پێ بکا. بۆ من، گەورەییە کە دەبمە باوەڕپێکراو و کەسێکی نزیکی ئێوە. سەبارەت بەو مەسەلەیەش، من بە سەعادەت خانیشم گوتووە، هەر کاتێک هەستتان بە بوونی هەڕەشەیەک یان بارێکی نائاسایی کرد، تەنها خەبەرێکم بۆ بنێرن، ئیتر سەر و ماڵم هی ئێوەیە. وەلێ مام فەرهاد، حەز دەکەم شتێک هەیە پێتی بڵێم".

فەرهاد: " فەرموو بەختیار گیان، چیت هەیە بیڵێ، من مامی تۆم".

بەختیار: " ڕاستییەکەی، من، لەو ڕۆژەی کە ماڵی کاک (ناسر)، ئاهەنگە خێزانییەکەیان کرد، هەر ئەو ئێوارەیە کە چاوم بە مینا کەوت، زۆر پێی سەرسام بووم و حەزم دەکرد وەک هاوڕێیەک لێی نزیک ببمەوە. بەڵام ئەوەیان نەدەکرا، چونکێ خۆت دەزانی تاکو ئێستا، من ئەو جۆرە پەیوەندییەم لەگەڵ هیچ کچێک نەبووە، پاشان من پێم خۆش نییە، خەڵک بەو پەیوەندییە بزانێ و قسەی ناشیرینی لە تەک بکەن. ئێستاش ئەگەر ئێوە لاتان ئاسایی بێ، میناش خۆی ڕەزامەند بێ، من چاوم لە هاوڕێیەتی ئەوە. هاوڕێیەتییەک، ببێتە مایەی سەر بڵندی و سوود بەخشین بۆ هەردوولا و دوور لە هەموو ئارەزووێکی ناڕەوا. چونکێ من، ئەوەندەی بە عەقڵ و ڕەوشتی ئەو کچە سەرسامم، ئەوەندە حسێب بۆ جوانییەکەی ناکەم. ئەگەر ڕازیش نەبێ بە بوونی پەیوەندییەکی لەو چەشنە، ئەوا دڵنیابە ڕێز و پێگەی ئێوە بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە".

کاک فەرهاد: " بەختیار، ئەوە یەکەم جارە ببینم گەنجێک، ئاوا ڕاست و ڕەوان باس لە کێشەیەکی وا بکات. من خۆم لە کاتی خۆی (سەعادەت)م بە دڵی خۆم هەڵبژاردووە. بەڵام سەبارەت بە (مینا)، دەبێ بزانیی کە ئەو کچە، (ئەمانەتە) و لە ملی ئێمەدایە، دەبێ زیاتر لە کچەکانی خۆمان پارێزگاری لێ بکەین. وەلێ حسێبی تۆ جیاوازە و دەزانم تۆ کەسێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووی، خاوەن ڕەوشتێکی پاکی، بۆیە ئەگەر مینا خۆی مەیلی لەسەر بێ هاوڕێیەتیت بکات من زۆر لام ئاساییە،

تەنهـا ئـەوە هەیە دەبێ ڕەچاوی باری ژیانی ئەو و قـسـەی خـەڵک بکەن و هـەندێ سنوور هەیە لێی دەرنەچن".

بەختـیار: " زۆر سـوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەت دەکـەم، بە ڕاستی تۆ مـامی هەردووکمانی، خوا لە بەزەیی و میهرەبانییت کەم نەکاتەوە".

هەڵسان و گەڕانەوە لای میوانەکان. پاشان بەختیار خواحافیزیی کرد و بەرەو یەکێ لە چایخانەکان ڕۆیشت تا نەختێ پشووبدا و تاوتوێی کێشەکان، لەگەڵ خودی خۆیدا بکات.

فەرهاد پاش نانی ئێوارە، بانگی سەعادەت و مینای کرد. قسە و باسەکانی نێوان خۆی و بەختیاری بۆ گێڕانەوە. ئەو دەمەی هاتە سەر باسی سەرسام بوونی بەختیار بە مینا، سەعادەت و مینا سەیری یەکدییان کرد، لە دڵی خۆیان لەوە ترسان کە بەختیار باسی ئەوەی کردبێ کە لە دوای ئاهەنگەکە، داوای لە سەعادەت کردووە چاوی بە مینا بکەوێ. بەڵام دیار بوو کاک فەرهاد، مەسەلەکانی زۆر ئاسایی باس کرد و نەهاتە سەر باسکردنی داواکارییەکی لەو جۆرە، بۆیە ئەوانیش هەر دووکیان لە شوێنی خۆیان ئارام بوونەوە. پاشان فەرهاد ڕووی لە مینا کرد و وتی: "باشە مینا، کچەکەم، تۆ ڕازی دەبیت کە بەختیار وەک هاوڕێیەک، چاروبار سەردانت بکات".

مینا نەختێک لەشەرم ڕاچوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا و وتی: "مامە گیان من پێویستم بە هەبوونی هاوڕێی چاک هەیە جا چ ژن بێ یاخود پیاو، چونکە نێوەندی ڕۆشنبیری و خۆ پەروەردە کردن، هەندێ جار پێویستی بە گفتوگۆ و پێک سەلماندن هەیە کە ئەوەش تاکە کەسێک خۆی ناتوانێ ئەنجامی بدات. ئەگەر ئێوە ڕازی بن، من حەز دەکەم چەند هاوڕێ و دۆستێکم لەو بوارەدا هەبێ. سەبارەت بە بەختیاریش، کێشەکە نەختێک جیاوازە، چونکە وا هەست دەکەم ئەو کوڕە، منی بەدڵدا چووە و لە ناخەوە منی خۆش دەوێ. ئەوەش، هەڵوێستی ئەوە، بەڵام من، بڕیاری ئەوەم نەداوە، بە دوای کەسێکدا بگەڕێم تا ئەویندارى لەگەڵ بکەم. هەر وەک ئەو جارەش وتم، بارودۆخی ژیانم ناسکە و ئەو شتانە هەڵناگرێ. بەڵام هەبوونی چەند هاوڕێیەکی دڵسۆز، زۆر لە خەمەکانم دەکوژێ و سوودم پێدەگەیەنێ. من، ئەوەندەی لە بەختیار



گەیشتبم ئەو کوڕێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووە. ئێستاش دەیەوێ پەیوەندییەکەمان لە بازنەی هاوڕێیەتیدا بێت و ئەوەی ئەو لە دڵی خۆی هەیەتی من سوپاسی دەکەم، بەڵام یەک لایەنەیە و تەنها هاوڕێیەتییەکەیم قبووڵە".

کاک فەرهاد: " کچم لەلایەن منەوە، تۆ ڕێپێدراو و سەربەستی، چیت حەز لێیە و پێت پەسندە، من ڕێگریت لێ ناکەم، چونکێ بڕوام پێت هەیە".

سەعادەت، لە دەرئەنجامی قسەکان زۆر دڵخۆش بوو و وتی: "کچم، پەنا بەخوا، هەموو شتێک بە دڵی تۆ دەبێ، هەتا ئێمەت هەبێ. خەم لە هیچ شتێک هەڵمەگرە".

کاک فەرهاد وتی: "با ئەو مەسەلەیە وەلانێین، بێینە سەر کتێب خوێندنەوە. دە پێم بڵێ مینا، ئەو کتێبانەت هەموو خوێندۆتەوە. شەوان چەند سەعات دەخوێنیتەوە".

مینا: "مامە گیان، زۆر کتێبی دیکەشم بۆ هاتووە و پاشان گەڕاندوومەتەوە بۆ خاوەنەکەی، چونکە دادە سەعادەت ئاگادارە کە (ساجیدە نازری)، یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوارە، ئەو منی زۆر خۆش دەوێ و چەندین جار کتێبی بە پێزو سوود بەخشی بۆ هێناوم. من زۆر حەز لە خوێندنەوە دەکەم مامە، هەموو شەوێک، تا سەعات دووی شەو، هەر خەریکی خوێندنەوەم. شەو هەیە کتێبێک تەواو دەکەم. نازانم بۆ لە خوێندنەوە وەڕس نابم!".

کاک فەرهاد: " ئای ئافەرین کچی خۆم، ئەدی بۆ هەوڵ لەگەڵ شەونم و شەوبۆ نادەی، ئەوانیش لە خوێندنەوە ڕابێنی".

مینا: " وەڵڵا مامە گیان، زۆر هانیان دەدەم، ئێستا شەونم باشە، چەند کتێبێکی خوێندۆتەوە بەڵام (بەپێکەنینەوە) ئەو زۆر حەزی لە خەوە".

فەرهاد: " دە باشە کچم تەمەن درێژ و ڕوو سوور بن".

## ٣٤

سەرەتای مانگی ئەیلول بوو. ڕۆژێکیان چێشتەنگاوێکی درەنگ، سەعادەت خان و مینا، خەریکی ڕاپەڕاندنی ئیش وکاری ناو ماڵ بوون. لەهیکرا قیڕەو هاتوهاوار و سەدای گریان لە کووچەکەیان بەرز بۆوە. سەعادەت خان بە پەلە ڕایکردە دەرەوە، بۆ ئەوەی پێ بکەوێ، داخوا چی قەوماوە. کە سەیری کرد، قەرەباڵغییەکی زۆر لە بەردەم

ماڵی (حەپسە خان)دا هەیە و دیاربوو چەند کەسێک تەرمێکیان لەسەر دەستان دەبردە حەوشەکەی ئەوان. گەڕایەوە ژوورێ و وتی: "مینا، بەخوا ماڵی (حەپسە خان)، کارەساتێکیان لێ قەوماوە، با بچین بزانین مەسەلە چییە".

هەردووکیان چوونە ئەوێ و سەعادەت لە ژنێکی دراوسێی خۆیانی پرسی: "ئەرێ ئەوە چ ڕووی داوە. ئەو تەرمە هی کێ بوو بردیانە حەوشە".

ژنەکە وتی: "ئەوە تەرمی کچی خوشکە گەورەی حەپسەخانە، ئەمڕۆ سبەینێ، لەو گوندەی نزیک شاردا، سووتاوە. ئەو ژنەش کە لە هەمووان بە کوڵتر دەگریێ، ئەوە دایکی کچەکەیە، نایناسیتەوە".

سەعادەت: "ڕاست دەکەی، دەیناسمەوە".

ژنەکە: "بە گوێرەی ئەو قسانەی کە دایکی کچە مردووەکە، لەگەڵ گریان دەریان دەبڕێت، دیارە ئەو کچە، بەخۆی ئاگری لەخۆی بەرداوە، چونکە تۆ گوێ بگرە. بەدەم هاوارکردنەوە دەڵێ ئاگرت لەخۆت و لە ئێمەش بەردا، خوا سەبەبکار بگرێ!".

سەعادەت کەمێک چووە پێشێ، هەتا تەرمەکە ببینێ دیاربوو بە بەتانییەک داپۆشرابوو. ئەوەندەی نەبرد، دوو سێ پیاو، بەمشەوەشی هاتن و تەرمەکەیان لە پیکابێک بارکردو بەرەو گوندی گەڕانەوە حەپسەخانیش، لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشت.

ڕۆژی دواتر، چۆنیەتی مردنی کچەکە، وردە وردە بۆ خەڵک ئاشکرا بوو. لە ڕاستیدا ئەو کچە، بە دەستی خۆی نەوتی بەخۆی داکردبوو و ئاگری لەخۆی بەردابوو.

سێ ڕۆژ لە دوای ئەو ڕووداوە، حەپسەخان گەڕایەوە ماڵی خۆیان. سەعادەتیش بە پێویستی زانی بچێتە ماڵیان و سەرخۆشییان لێ بکات. مینا داوای لە سەعادەت کرد کە ئەمیش لەگەڵ خۆی ببات ، چونکە گەرەکی بوو لە هۆکاری مردنی کچەکە بگات. دوای نانخواردنی ئێوارە، سەعادەت و مینا، پێکەوە چوونە ماڵی حەپسەخان و سەرخۆشییان لێ کردن .

حەپسە خان، زۆر بە مردنی خوشکەزاکەی تێک چوو بوو. هەریەکێک بۆ سەرخۆشی بچووبایە لای، چۆنیەتی مردنی کچەکەی بۆ باس دەکرد. بۆیە کاتێک سەعادەت لێی پرسی داخوا سووتانی ئەو کیژە چۆن بووە، یەکسەر دەستی کرد بە



گێڕانەوەی چیرۆکەکە: "سەعادەت خان زوڵمێکی گەورەیان لەو کیژە کرد. باوکە بێویژدانەکەی، بە تۆبزی لە کابرایەکی تەمەن پەنجاو پێنجساڵەی مارە کردبوو. ئاخر چ خوا قبووڵ دەکات، کچێکی تەمەن پازدە ساڵە، بدرێتە پیاوێک کە لە باوکیشی گەورەترە! کچەش، پاش ئەوەی هیچ چارەیەکی نەماوە، لە حەژمەتان ئاگری لە خۆی بەرداوە. چەندین کەس لە خزم و کەسوکاری، ڕجایان لە باوکی کرد، ئەو غەدرەی لەو کچە بەستەزمانە مەکە، دەنا خوا دەتگرێ. کابرا چووە سەر کەلی شەیتان و وتی هەردەبێ شووی پێ بکات. ئەمن خەمی خوشکەکەی خۆمە سەعادەت خان، بەو خودایە، ئەویش لە حەژمەت کچەکەی خۆی بەزگ دەدات. ماڵی وێرانم، تازە خۆشی لەو ماڵە هەڵگیرا".

سەعادەت و مینا، بەو قسانەی حەپسەخان زۆر نیگەران و خەفەتباربوون دوای ئەوە سەعادەت وتی: "بەڕاستی سەیرە، ئەو خەڵکە چۆن دڵیان دێت، چارەنووسی منداڵی خۆیان ئاوا ڕەش بکەن. باشە ئاخر چ ویژدانێکە کچێکی ناسک و جوانکیلە، بخەیتە باخەڵی پیاوێکی پیر. ئەو کوردەوارییەی خۆمان، ئەو کارە خراپانەی قەت لێ نابڕێ. ئاخر بۆیە وەزعمان بەو حاڵە گەیشتووە!".

حەپسەخان وتی: " هەموو جارێ باوکی منداڵەکان دەڵێت، بە خوا ئەو خوشکەی تۆ بەدبەخت بوو کە نسیبی کەوتە دەست پیاوێکی نەزان و بێ مەعریفەت. ئەوا قسەکەی هاتە جێ و ئەو کارەساتەی بەسەر هێنان".

حیکایەتی سووتانی ئەو کچە، زۆر کاری لە مینا کرد. هەموو زوڵم و زۆردارییەکانی کە لە ناو خێڵ و عەشیرەتەکان، پەیڕەوییان لێی دەکرا، بە بیر هێنایەوە. گەیشتە بڕوایەک کە لە ناو کوردەواری و لە هەموو شوێنێکی ئەو کوردستانەدا، یەک جۆرە کولتوور، ژیان بەڕێوە دەبات، ئەویش سەداریەتی داب و نەریتی پیاوە کۆن و لە مێژوو عاسێ بووەکانە. هەموو شتێک لەو دنیایە دەگۆڕێ و ئەوانیش، هەزاران ساڵە لە شوێنی خۆیان چەقیون. هەندێک لە شارەکان گۆڕانێکی سەرکەشانەیان بەسەردا هاتووە، بەڵام لادێی کوردەواری، لە شیرین خەودایە و بێ ئاگایە لەو هەموو گۆڕانکارییەی کە لە دنیا و کۆمەڵگاکاندا ڕوویان داوە.

مینا، ئەو جۆرە ڕووداوە جەرگبڕانەی زۆر دەبیست، وەلێ دەیزانی، لووتکەی ئەو

زوڵم و زۆردارییانە، کارەساتەکەی ئەمە. لەلایەک، لە ماڵەوە وەک کارەکەر چاوی لێ دەکرا و هەموو ڕۆژ و سەعاتێک نەفسییەتی تێک دەشکێنرا. پاشان گەورەترین بوختانی بۆ هەڵبەسترا و حوکمی مەرگی بەسەردا درا. ئەو غەدرانەی لەم دەکرا هەمە لایەنە بوون و چەندین کەس بەشدارییان تێدا دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا مینا، خاوەن کیانێکی بەهێز و ئیرادەیەکی بتەو بوو، بە خۆی دەستی نەدەچووە گیانی خۆی، کارێکی لەو جۆرە بکات.

سەعادەت و مینا گەڕانەوە ماڵێ، کە گەیشتنە جێ دیاربوو سەعادەت، خۆسووتاندنی ئەو کچە زۆر کاری لێ کردبوو، ڕووی لە مینا کرد و وتی: "خۆ دەبینی کچم، لێرەش خەڵکی نەفام و گەمژە چەند زۆرن. کاتێک حەپسەخان ڕووداوەکەی گێڕایەوە، فکرم هەر لە سەر تۆ بوو. ئاخر هێشتا خراپتریان پێ کردی، بەڵام تۆ بەخت یاوەرت بوو، براکەت بە هاناتەوە هات".

مینا وتی: "ڕاستە لێرە، بە دەستی خۆیان، ژنان ناکوژن،.بەڵام ناچاریان دەکەن کە بە خۆیان، دەستبەرداری ژیانی خۆیان بن. لەلای ئێمەش، خۆسووتاندنی ژنان گەلێک زۆرە کە بە ڕای من، ئەو حاڵەتە دەربڕینی هەڵوێستێکە، بۆ ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت، کاتێک هەموو دەرگاکانی لەبەردەم دادەخرێت. بەس دادە سەعادەت، پرسیارێک: "باشە دەبێت لەبەر چی ئەو کابرایە، پێی کارێکی باش بووبێت، کچەکەی بداتە ئەو پیاوە کە لە خودی خۆشی گەورەترە. خۆ ئەو جۆرە هەڵەیە، گێلەکانیش پێی دەزانن، بۆچی خۆیانی لێ بەدوور ناگرن!".

سەعادەت: " کچم، وەک من زانیومە، باوکی کچە،ساڵی پار هەندێ پووڵی لەو کابرایە بەقەرز وەرگرتووە، تا مامەڵەی پێ بکات. پاشان تووشی زەرەر هاتووە و لە بەر دەستکورتی، نەیتوانیوە قەرزی کابرا بداتەوە. جا بۆ ئەوەی، لە قەرزەکە ڕزگاری بێت، هەڵساوە لەبریتی ئەوە، کچەکەی پێ داوە. خۆ بەلای ئەو جۆرە پیاوانە، ژن وەک مەڕ و بزن وایە. بەڵام لە ناو شاردا وەزعەکە بەو جۆرە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەش خەڵکانێک هەن، کۆنەپەرست و نەفامن، بە بڕوای ئەو جۆرە کەسانە، ژن بوونەوەرێکی زەعیف و نەقوستانە".

مینا: " من لەو شارە، خانەوادەی ڕێکوپێک و کراوە زۆر دەبینم کە لەو داب و



نەرێتە کۆنانە ڕزگار بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکیش هەن لێرە، هەر لەسەر ڕێی توندو تیژی دەڕۆن و ژن بە هیچ نازانن. ئەو جۆرە خێزانانە، زۆربەیان لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا دەژین. ژنانی کورد، سەرەڕای زوڵمی پیاوەکانیان، زوڵمی کوردبوون و مەزهەبیشیان لەسەرە. ئەو ڕۆژە، ساجیدە نازری، شتێکی بۆ گێڕامەوە، زۆر کاری لێ کردم".

سەعادەت: "لە بارەی چی. چی گێڕایەوە".

مینا: " چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ساجیدە، بە نیازی سەردانی خزمێکیان، دەچێتە گرتووخانەکەی ئێرە، لەوێ تووشی ژنێکی تەمەن سی و پێنج ساڵە دەبێت کە ئەویش بۆ دیدەنیی کچە گیراوەکەی لەوێ دەبێت. کاربەدەستەکانی ئەوێ، نەک هەر نەیانهێشتبوو ئەو ژنە کچەکەی ببینێ، بەڵکو بە گاڵتە، پێیان گوتبوو، تۆ شیعەی یان کافری! لێرەدا تۆ سەیرکە، ئەو کوردە بەستەزمانە، موسڵمانبوونەکەشی لێ قبووڵ ناکرێ . بەڕاستی، من لە ماوەی ئەو ساڵە تێگەیشتم کە کێشە کۆمەڵاتییەکانی ئێرە، زۆربەیان لە نزمی ئاستی ژیانی خەڵک و دەسەڵاتی ستەمکارانەی دەوڵەت و نەخوێندەوارییەوە سەرچاوە دەگرن. کەچی لە کوردستانی لای ئێمە، خەڵک کێشەی ئابووری کەمترە، بەڵام کولتووره پڕ لە توند و تیژییەکەی، لە خێڵە عەرەبە توندڕەوەکان وەرگرتووە کە سەدان ساڵ لە تەک ئێمەدا دەژین. دەنا خۆ پیاوی ئێرە بە گشتی، سەر سارد و پشوو درێژترن لە پیاوی لای ئێمە کە ژن کوشتن و سەگ کوشتنیان پێ وەک یەک وایە".

مینا، لە دوای ئەو ڕووداوە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە، زۆر ئاڵۆز و سەرتاپاگیرن. بە ئاسانیی و قسە لەسەر کردن و ڕەخنەگرتن، هیچ شتێک چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و بەرنامەیەکی پوختە و دیراسەت کراو هەیە، بۆ هۆشیار کردنەوە و بە گژداچوونەوەی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشە کردنی کۆمەڵایەتی. پێی وابوو، واقیعی ژێر دەستەیی خەڵکی کوردستان بە کەسانی نەزان و نەخوێندەوار ناسرێتەوە. نەخوێندەواری و نەزانینیش، هەمیشە چەکێکی کاریگەر بوونە بەدەست نەتەوە سەردەستەکان و دەسەڵاتی داگیرکارانەی خۆیانی درێژە پێدەدەن.

مینا بەهۆی قووڵبوونەوە و کرانەوەی بیری، دەیتوانی زۆر مەسەلەی گرنگ لێک بداتەوە. پێی وابوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێڵ و عەشیرەت و گوندە دواکەوتووەکانی کوردستان، ڕەگیان لە زەمینەیەک داکوتاوە کە غەرقی جەهالەتە. لە هەر پارچەیەکی کوردستان، داردەستی داگیرکەرەکان، هەمیشە سەرۆک خێڵ و عەشیرەتە دواکەوتووەکانن، بۆیە مرۆڤ، هەرچەندە ئینتیمای بۆ خێڵ و عەشیرەتەکەی زۆر بێت ئەوەندە هەستی نەتەوەیی نزم دەبێتەوە.

## ٣٥

جەنگی ئێران و عیراق، لە مانگی ئابەوە، گڕ و بڵێسەی گەیشتە کوردستان، هەموو زنجیرە شاخەکان و ناوچە سنوورییەکان بوونە سەربازگە و مەیدانی شەڕ. گوندەکان لە دانیشتوان چۆڵ کران. هەندێکیان بە هۆی مووشەکباران و تۆپباران، وێران و سووتماک بوون. حزبە کوردییەکان، ئەوانەی باشوور، حەزیان دەکرد سوپای ئێران سەرکەوێ و ئەوانی ڕۆژهەڵاتیش، بە هیوا بوون سوپای سەددام سەرکەوێ. هەردوولا، کۆمەڵێک پاساویان بۆ هەڵوێستەکانیان دەهێنایەوە و لارییان نەبوو کە چاوساغیش بۆ لەشکرە داگیرکەرەکان بکەن. ئەو حزبانە لە هەردوو دیودا، لانی کەمی لێک تێگەیشتن و هاریکارییان لە نێواندا نەبوو. واتە بەبێ هەبوونی ستراتیژییەکی کوردستانییانە، لە گۆڕەپانەکەدا، هەڵدەسووڕان.

ئەو حزبانە، لە بەر ئەوەی کە خاوەنی دۆزێکی دیار و فەلسەفەیەکی ڕوون نەبوون. ئەندامەکانیان وشک و برینگ، هەمیشە لە سەر زەمکردن و دەورکردنەوەی کەموکوڕییەکانی نەیارەکانیان گۆش دەکرد کە ئەمەش بێگومان شەڕی ناوەخۆی لێ دەکەوتەوە. بەرچاوتەسکی ئەو حزبانە بوو کە وای لەو هەزاران هەڵاتووەی ڕیزی سەربازی دەکرد کە لەگەڵ دەرچوونی لێبووردنی گشتی بە ڕەوە بچنەوە باوەشی ڕژێم. ئەمە تەواو نیشانەی بڕوانەبوونی ئەو گەنجانە بوو بە شۆڕشی چەکداری کورد. زۆرێکیش لەو گەنجانە ئەوانەی بۆیان مەیسەر دەبوو، سەری خۆیان هەڵدەگرت و بەرەو هەندەران کۆچیان دەکرد.

مینا، پێشتر بە دوور و قووڵی لە کێشەی حزبە کوردییەکان نەدەگەیشت و



نەیدەزانی هۆکارەکانی شەڕی براکوژی چین، وەلێ ئەو دەیبیست کە چەکدارەکانی ئەو حزبانە، بەدوای یەکدا دەگەڕێن و زەرەر لێک دەدەن و خەو و خۆراکیان لێک حەرام کردووە.

بە شێوەیەکی گشتی، شەڕی ناوەخۆ خەڵکی کوردستانی زۆر نیگەران دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوادارەکانی هەر لایەنێک، ئەوانی دیکەیان بە خائین و کوردفرۆش ناوزەد دەکرد.

مینا، دەیزانی کە خەڵکانێک چوونەتە ڕیزی چەکدارەکان، لە بنەڕەتدا کێشەی خۆیان هەبووە، لە بابەتی دوژمنکاریی لەسەر مەسەلەی ژن و موڵک و خوێن و ئەو جۆرە شتانە کە لە ڕاستیدا ئەو کەسانە نازانن کێشەی خەڵکی کوردستان چییە و بێ مافی کورد لە چیدایە. لەگەڵ ئەوەش چەک بەدەستن و سەنگەرەکانی شەڕی ناوەخۆ، بەوانەوە ئاوەدانە. هەر لە بەر ئەوەش بوو مینا، زۆر جار بیری دەکردەوە کە ئەم، وەکو کەسێکی زوڵم لێکراو، کەسێک کە کولتوورێکی تاکپەرست و دواکەوتوو، سەرسەختانە ژیانی ئەمی هاڕی، دەبوویە لەدوای لێقەومانی، هانا بۆ شۆڕش و باوەشی ئازادیخوازان ببات. دەبوایە لە سەنگەری خەباتکاراندا، بەگژ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا بچووبایە کە ساڵانە، ژیانی سەدانی وەک ئەم لە گۆڕ دەنێ. بەڵام قەت نەیبیستبوو کە ئەو شۆڕشە، جارێک لە جاران بووبێتە پەناگە و قەڵای پاراستنی ئەو جۆرە خەڵکانەی لە چەشنی ئەمن. شۆڕشێک کە هەمان عەقڵی خێڵ و هەمان ئەندامی خێڵ هەڵیسووڕێنن، گومانی تێدا نییە کە ئەگەر بچێتە ناویان تووشی هەمان ئەو چارەنووسە دەبێت کە لە باوەشی عەشیرەتەکەی خۆی چاوەڕێی دەکرد. دوور نییە پیاوانی عەشیرەتەکەی بچنە ڕیزی ئەو حزبە و لەوێ بە ڕێسای خۆیان سزای بدەن.

مینا، لە تێڕامانی خۆیدا، هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە پیاوی کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەوانەیش کە لافی پێشکەوتووخوازی لێدەدەن، ئەوەندەی حەزیان لە ژنە، سەدیەکی ئەوە بڕوایان بە ژن نییە، چونکێ ئەوانیش دواجار لە ناخی خۆیاندا، لە بەردەم پیاو و دیاردە سروشتییەکان ژن بە بوونەوەرێکی زەعیف دەزانن. پیاوی کورد کە باسی قارەمان و کەسە نەبەردەکان دەکات، مەبەستی تەنها نێرەکانە. لە عورفی پیاوی

کوردا، وشەی لە بابەت (نەمر و قارەمان و شەهید و ڕێزدار و بلیمەت و سیاسەتمەدار..هتد) تەنها پیاوان شایانی ئەوەن هەڵیان بگرن. واتە ئەگەر ژنێک بواری بۆ بڕەخسێ و زۆر لە پیاوەکان چاونەترستر و ئازاتریش بێت، ئەوان بەو وشانە وەسفی ناکەن.

هەرچەندە ئەمڕۆ، خێزانێک ئەمیان گرتۆتە ئامێز و هەموو جۆرە نازێکی کچانەیان هەڵگرتووە و خۆشەویستی ئەوانە، وەلێ وەختێ بیری لە داهاتووی ژیانی خۆی دەکردەوە، زۆر بەرچاوی ڕوون نەبوو، چونکێ ئەم، لە لایەک خەڵکی ئەوێ نییە و لە لایەکی دیکە ئەو (ناو)ەی کە هەڵی گرتووە، ناوی خۆی نییە. ئەم ڕاستییە هەمیشە لە مێشکی مینادا زەنگی بە ئاگاهاتنەوەی لێدەدا کە داخوا لە ژێر ئەو هەلومەرجەدا دەتوانێ، درێژە بە خوێندنەکەی بدات. ئایا دەتوانێ بەم ناوە، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی بەڕێوە ببات. ئایا دەکرێ لە ئایندە، ئەمیش وەک کچانی دیکە، خێزانێک پێکەوە بنێت. ئەمانە و چەندین لێکدانەوەی لەم چەشنە مینایان لە ناخەوە تووشی نیگەرانی دەکرد.

مینا، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە لە ئایندەدا، ڕەنگە لە نێوچەوانی ئەم، بەلایەکی نەخواستراو بەرۆکی خۆی و ماڵی مامە فەرهادیش بگرێت. بۆیە بیرۆکەی بەجێهێشتنی ئەم وڵاتە و ڕووکردنە هەندەران، هزریان داگیر کردبوو. بەڵام چۆن ئەوەی بۆ مەیسەر دەبێ و لەگەڵ کێ سەری خۆی هەڵگرێ!

مینا، باوەڕی هات کە بە شێوە ژیانی ئێستای دەتوانێ بۆ چەند ساڵێکی دیکەش بگوزەرێنێ، وەلێ دواجار، ناچار دەبێ ژیانی خۆی بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببات. بۆیە لە دوای بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەختیار، بیرۆکەی سەفەری هەندەرانی کەوتە سەری. چونکە لەو کەسانەی کە تاکو ئێستا ناسیویەتی، بەختیار باشترین و گونجاوترین کەسێکە کە ئەگەر ڕازی بێ و مەیلی لێ بێت، دەتوانێ هەنگاوێکی لەم چەشنەی لەگەڵ هەڵگرێ. ئاخر لەلایەک، لە ناخەوە ئەمی خۆشدەوێ و لەلایەکی دیکەش، ئەوان هەردووکیان خەڵکی باشووری کوردستانن. پاش لێکدانەوە و تاوتوێکردنی حەقیقەتی ژیانی خۆی، هەوڵی دەدا ئاراستەی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ بەختیار بەو ئاقارەدا ببات، چونکە نەدەکرا لە کتوپڕێکا ئەو



مەسەلەیە بخاتە بەردەم بەختیار. لە بەر ئەوەی، ئەگەری ڕازی نەبوونی ئەو، هەموو ڕیسەکەی لێ دەکردەوە خوری. بۆیە دەبووایە هەنگاو بەهەنگاو، لەگەڵ بەهێزبوونی پەیوەندییان، حەقیقەت و نهێنییەکانی ژیانی خۆی لە بەختیار بگەیەنێ و پاشان بابەتێکی وای لەگەڵ بکاتەوە.

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، ساڵی نوێی خوێندن دەست پێ دەکات. ئەرکەکانی ڕۆژانەی مینا زۆر دەبن و پێویستە چوست و چالاکانە ڕایانپەڕێنێ. دەبێ یارمەتی سەعادەت خان بدا و کۆمەڵێک ئیش وکاری ناو ماڵ لە ئەستۆ بگرێ. سەرەڕای خوێندنی قوتابخانە و ئامادە کردنی دەرسەکانی، دەبێ لە خوێندنەوەی کتێبە ئەدەبی و بوارە ڕۆشنبیرییەکانیش دانەبڕێ. شان بەشانی بەجێهێنانی ئەو ئەرکانە، ئێستا ئەم لە بەرنامەیەتی کە لەگەڵ بەختیاردا، زەمینە سازی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات. بۆ ئەو مەبەستە، مینا بیری لە دیدەنییەکی تایبەت لەگەڵ بەختیار دەکردەوە. چونکە پێی وابوو، ئەگەر بەشێک لە نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ باس بکات ئەو وەختە تێی دەگات کە داخوا ئەو چەند ئامادەیی تێدایە تاوەکو پێ بە پێ پێکەوە بچنە قۆناغێکی دیکەی ژیانەوە.

## ٣٦

مینا، سەرەڕای سەرقاڵ بوونی هزری بەو هەموو گرفت و کێشە هەمەجۆرانە، دەبووایە ڕۆژانە، بەشێک لە کاتەکانی خۆی، بۆ شەونم و شەوبۆ تەرخان بکات. ئاخر ئەم، پشکێکی زۆری لە میهر و خۆشەویستی دایک و باوکی ئەوانی بۆ خۆی گل دابووەوە، ئەگەر لەلایەن خۆیەوە، وەک خوشکێکی دڵسۆزی ئەوان، بۆیان قەرەبوو نەکاتەوە، ڕەنگە هەستیان بوورووژێ و وا تێبگەن کە کەسێکی غەوارە، بەبێ ئەوەی هیچی ئەوان بێت، بەزەیی و خۆشەویستی دایە و بابەی لێ زەوت کردوون. ئەو دەمانەی مینا لەگەڵ شەونم، بە تەنیا دەبوون، زۆر لە هەڵسوکەوتەکانی شەونم دەسڵەمییەوە، چونکە حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو بە ویست و ئارەزووی ئەو بجوولێتەوە. شەونم، لەگەڵ ئەوەی لەهاتوچۆی دەر و دراوسێدا کەسێکی بەڕەوشت و خۆپارێزبوو، وەلێ لە ناخیدا حەزێکی سەرشێت خۆی حەشاردابوو. بە بچووکترین ورووژان لە دەست خۆی نەدەما و وەک کەسێکی هەوەسباز ڕەفتاری دەکرد. هەر جارێک کە مینا

دەچووە ژوورەکەی ئەم، لەگەڵ ئەودا دەکەوتە دەستگەمەو دەیویست وەک کورێک بیلاوێنێ. مینای ڕادەکێشایە سەر جەستەی خۆی و توند بە سنگیەوە ڕایدەگوشی. کە حەزە سەرکێشەکانی هەڵدەچوون، چاوەکانی دەخستە سەریەک و دەیویست لێوەکانی مینا بمژێ. بەڵام مینا کە هەمیشە بەسەر حەزەکانی خۆیدا زاڵ دەبوو، کاتێ شارەزای هەڵچوونی زەوق و چەشەکانی شەونم بوو، ئیتر قەت لەگەڵ ئەودا نەدەچووە گەرماو کردن. چونکە ئامادە بوونی هەردووکیان بەڕووتی لە ژووری خۆ شۆریندا، شەونمی زیاتر سەرمەست و هەوەس پڕژێن دەکرد. لە بەر ئەوە مینا هەرجارەی بە بیانوویەک خۆی لێی دەدزییەوە. سەعادەتیش هەستی بەوە کردبوو کە شەونمی کچی، هەندێ جار حەزەکانی سەر دەکا و مینای نارەحەت دەکات. ڕۆژێکیان سەعادەت گوێی لە دەنگی مینا بوو، لە ژوورەکەی شەونم، بە هەنسکدانەوە هاواری دەکرد: "کچێ بەرمدە، با یەکێک نەمانبینێ خۆ تۆ شێت نەبووی، بەڕاستی من حەز لەو ڕەفتارانەت ناکەم". هەر لەبەر ئەوەش بوو کاتێک کە مینا بیانووی دەهێناوە کە لەگەڵ ئەودا نەچێتە گەرماو، سەعادەت خان وتی: "لەگەڵ شەوبۆ برۆ، مینا تەندروستی ناتەواوە، ناتوانێ لەگەڵتا بێت".

شەونم، ئەو دەمانەی کە لەگەڵ مینا، باسی ژیان و دەرس خوێندنەوەی دەکرد، بۆی ئاشکرا ببوو کە ئەو کەسێکی ژیر و ڕۆشنفکرە. زوو شتان فێردەبێت و قووڵ بیر دەکاتەوە. هەر پرسیارێکی هەبووایە، وەڵامێکی تێرو تەسەلی لە میناوە دەست دەکەوت. بەڵام زۆری حەز دەکرد جارێک لە جاران، مینا باسی پەیوەندیی هەردوو ڕەگەزەکەی بۆ بکردایە و کەمێک لە سۆنگەی زەوقی ژنانەوە، باسی پیاوانیان بکردایە. ئەوەندەی هەوڵی دەدا کە باسێکی لەم چەشنە بێنێتە گۆڕێ، مینا لێی هەڵدەهات و خۆی لەو دەراوە نەدەدا. چونکە مینا پێی وابوو کە شەونم، بۆ مەستکردنی حەزەکانی، ئەو بابەتانە دەورووژێنێ، نەک بۆ مەبەستی زانیاری و کەڵک وەرگرتن.

ڕۆژێکیان مینا، بەخوێندنەوەی کۆمەڵە شیعری (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، ڕۆژ نییە لێتان تووڕە نەبم)ی (عەبدوڵا پەشێو)ی شاعیر خەریک بوو، لە پڕێکا شەونم دەچێتە ژوورەکەی. ئەمیش بۆ ئەوەی لاپەڕەکە نیشان بکات کە تا ئەوێی




خوێندووەتەوە، قەڵەمەکەی دەخاتە نێوان پەڕەکان و کتێبەکە لە تەنیشت خۆی دادەنێت. پاش کەمێک گفتوگۆ شەونم کتێبەکە هەڵدەگرێ و ئەو لاپەڕەیە دەکاتەوە کە لە دەمودەستی هاتنە ژوورەوەی ئەمدا، مینا دەیخوێندنەوە. شیعرەکەی خوێندەوە:

کاتێ سەرم دەخەمە سەر شلکەی ڕانت
ئەی شۆڕە کچ
دڵنیاترم
لەو کۆترەی لە بەرپێی پەیکەری پۆشکین
دەخولێتەوە..

شەونم، جاری یەکەم، بە چاو شیعرەکەی هەموو خوێندەوە، ئەمجارە بە دەنگە خۆشەکەی، لەسەرەخۆ خوێندیەوە و پاشان کتێبەکەی پێک دادا و وتی: "ئەم وشە و دەربڕینانە لەسەر ئەوین و خۆشەویستیی، هەر دەڵێی لە خواوەندەوە نازل بوونە.. تۆ سەیرکە، بە ڕیزکردنی چەند وشەیەکی سادەی ناسک، چ دنیایەکی پاکی لە عەشق و جوانی وێنا کردووە.. ئاخر، ئەوەیە جیاوازی شاعیر لەگەڵ خەڵکی ئاسایی. خۆ ئێمەش دەیان جار ئەو وشانەمان لە قسەکردن بەکاربردووە، بەڵام هەرگیز مانایەکی وا جوانی نەبەخشیوە. ئەرێ بەڕاست مینا! تۆ چێژ لەو شیعرانە وەردەگری".

ئاخر شەونم، ئەوە ماوەی ساڵێکە، لەگەڵ مینا پێکەوە دەژین کەچی هێشتا ڕەفتارێکی هەوەسئامێزی لێی نەبینیوە. هەندێ جار دەهاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو کچە، ڕەنگە بەهۆی ڕووداوێکەوە، هەستە سێکسییەکانی لە دەست دابێ. ئەگینا جوانێکی ئاوا شۆخ و شەنگ، چۆن دەتوانێ خۆی لەو مەسەلانە بدزێتەوە.

میناش، دەرکی بەوە کردبوو کە شەونم بە کچێکی بێ ئارەزووی ژنانە و هەست مردوو لەم دەگات، بۆیە ویستی وەڵامێکی پڕ لە واتا و سوودبەخشی بداتەوە: "شەونم گیان گوێ بگرە، وا مەزانە کە من کەسێکی دڵ مردووم و کانی حەزەکانم وشکیان کردووە. ئێمە مرۆڤین و هەموومان خاوەن هەوەس و غەریزەین. ژیانیش بەبێ مومارەسەکردنی ئەو غەریزانە، لە بەردەوامبوون دەکەوێ. پێکهاتەی جەستەی هەموو کەسێک، پڕە لە خرۆش و حەزی سەرکێش. وەختێک ئەو هەوەس و حەزانە، لە ناخی مرۆڤدا سەر دەردێنن و داوای تێربوون دەکەن، دەبێ خاوەنەکەی بیسەلمێنێ کە ئەو،

له هەمان کاتدا، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی عەقڵدارە. مرۆڤەکان شان بەشانی ئەو غەریزانە، خاوەنی کۆمەڵێ بەهای ترن کە مرۆڤایەتییەکەیان پێیان دەبەخشن، بۆیە پێویستە هەموو کەسێک، پارێزگاری لە جەستەی خۆی بکات و بە هەڵە بەکاری نەهێنێ، دەنا دەچێتە ڕیزی ئاژەڵەکان. شەونم گیان، خۆ مرۆڤ بە تەنها خۆی خاوەنی جەستەی خۆی نییە، بەڵکو مافی گشتی کۆمەڵیشی بە سەرەوەیە. ئەگەرنا بڕوا بکە، منیش حەزدەکەم لەگەڵ کەسێکی هەڵبژێردراوی دڵم، ڕازی خۆشەویستی بگۆڕمەوە و لە ئامێز و باوەشی ئەودا، هەتا تێردەبم جەستەی خۆم نمایش بکەم".

شەونم لەگەڵ قسەکانی مینا، تووشی حەپەسان و شەرم لە خۆکردن هات. خەیاڵی چووە سەر ئەو هەڵسوکەوتە نائاساییانەی کە لەگەڵ ئەودا کردبووی. شەرم دایگرت و ویستی پەشێمان بوونەوەی خۆی لە ڕەفتارە هەرزەکارییەکانی پێشووی بدرکێنێ. وای هاتە بەر زەین کە مینا، بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئەم، ئەو ئامۆژگارییانەی دەکات و ڕێگەی پاکیزەیی نیشان دەدات. دەستی لە ملی مینا کرد و وتی: "مینا گیان، تۆ کەسێکی مەزنی، من داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە هەندێ جار، هەڵسوکەوتی نابەجێ و هەرزەکارانەم بەرامبەرت ئەنجام داوە. گومانم نییە کە تۆ دڵت گەورەیە و لە کەم و کوڕییەکانم دەبووری. مەرج بێ لەمەودوا بێ پرسی تۆ هیچ شتێک نەکەم. تۆ خوشکی گەورە و منیش خوشکی بچووک".

مینا تێگەیشت کە قسەکانی ئەم، کاریگەرییان بەسەر شەونمدا جێ هێشتووە، ویستی نەختێ دڵی بداتەوە، وتی: "شەونم گیان، هەموو کردار و ڕەفتارەکانی تۆ، بەلای منەوە ئاساین و من بە کەمو کوڕییان دانانێم. هەموو کچێک، لە سروشتی خۆیدا ئەوهایە و تۆش هیچ هەڵەیەکت نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێ کە جاربەجار ئەو ئارەزووانە، بیر و هۆشت لێ دەسێنن. ئەمەشیان هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تۆ، هەموو هزرت چڕکردۆتەوە سەر تێرکردنی غەریزە شاراوەکانت. ئەوانیش، کاتێک کە لێت واگا دێن، بە ئاسانی بەسەرتدا زاڵ دەبن و تووشی هەڵوێستی نەخواستراوت دەکەن. چونکە پێکهاتە و سروشتی مرۆڤ وایە، خووی خۆی بداتە هەر شتێک، بیری داگیر دەکات. تۆش ئەگەر خۆت خەریکی خوێندنەوە و کاری ناو ماڵ بکەیت ، بێگومان ئەوکاتە حەزە مێیینەکانت دەچنەوە خەوی شیرین و جڵەویان



دەکەوێتە دەست عەقڵ و هۆشت. ئەو وەختە لە هەموو هەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی و بەدڕەوشتی دوور دەکەویتەوە. فێر دەبی کە چۆن غەریزە سێکسییەکانت لە وەختی خۆی و لەگەڵ کەسی هەڵبژێردراوی دڵی خۆت بە ئاگایان بێنی و بگەیتە لووتکەی چەشە سروشتییەکانت".

شەونم: " ئای مینا گیان ، خۆزگە منیش وەک تۆ، ئەوها دەمتوانی، هەستەکانی قووڵایی ناخم دەرببڕم. پێم بڵێ چۆن ئاوا دەزانی، جوولەی دەمار و سووڕانی خوێن و هەستەوەرەکانم شیتەڵ بکەیت. ئەو کەسەی تۆی دەبێتە چارەنووس، دەبێ چەندە بەختەوەر بێت!"

مینا: " سوپاس گیانەکەم، بەخوا تۆ لە منیش جوانتری، تۆ دەزانی، کچی چ دایک و باوکێکی میهرەبانیت!".

شەونم: " تۆش، چرای نێو ماڵەکەمانی".

## ٣٧

ساڵی سێیەمی جەنگی نێوان ئێران و عیراق بوو. جەنگ سەرتاسەری، هەزار کیلۆمەتری نێوان هەردوو دەوڵەتەکەی، گرتبۆوە. دەسەڵاتی حوکمڕانی هەردوولا، هەرچی ئابووری و تواناداری وڵات هەبوو، گشتیان خستبووە خزمەتی جەنگەوە. بێکاری و نەبوونیی، تەنگیان بە ژیانی خەڵک هەڵدەچنی و زەحمەتییەکانی نان پەیدا کردن و پێداویستییەکانی ژیان، پێی نایە قۆناغێکی ئاڵۆز و مەترسیدارەوە. خەڵکی کوردستان، بە هەردوو دیوەکەی، گەمارۆی ئابوورییان خرابووە سەر. ئەوان زەرەرمەندترین بەرئەنجامەکانی جەنگەکە بوون. گەنجەکانیان، بە کۆمەڵ ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکران. ئەو جەنگە لە بنەڕەتدا، بە هۆی مل نەدانی ئەو دوو دەوڵەتە، بۆ مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتبووە کایەوە. ئێستاش وا ئاگرەکەی شار و لادێکانی دەسووتێنێ.

لەم ساڵەدا خانەوادەی (ڕەحمان عەلی)، داهات و بژێوی ژیانیان، بەرەو ئاستێکی خراپ دەڕۆیشت. چونکە ئەو یارمەتییانەی کە جاروبار پێیان دەدرا، بەشی لانی کەمی بەڕێوەچوونی ئەوانی نەدەکرد و دەبووایە ئەگەر بە کرێکاری و فرۆشتنی هێزی

بازووش بێت، هەوڵی پەیدا کردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بدەن.

بەختیار کە تازە خوێندنی دانشگای تەواو کردبوو، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، لە فەرمانگەیەکدا دابمەزرێت، بۆ ئەوەی لە بەخێوکردنی خانەوادەکەیاندا، یارمەتی باوکی بدات. وەلێ، دامەزراندن کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بۆ خەڵکی پەناهەندە. لەبەر ئەوە، ناچار بوو بچێتە لای (ئەمینی موحەمەدی) کە وەستای بیناسازی بوو، بەڵکە لەگەڵ خۆیدا وەک کرێکارێک ئیشی پێ بکات. بەختیار پێشتریش لە پشووی هاویناندا، لەگەڵ ئەو وەستایە کرێکاری کردبوو. ئەم جارەیان، دەبووایە وەستا ئەمین ڕەزامەند بێت، بۆ کار پێکردنی ئەم. چونکە ئێستاکە، وەک سالانی پێشوو، ئیشوکار زۆر نییە. هەموو پرۆژە دەوڵەتییەکان، ڕاگیراون. لە بەر گرانیی و باری ناخۆشی وڵات، خەڵکیش وازیان لە دروستکردنی خانووبەرە هێناوە. لەبەر ئەوە ئەگەر لە حەفتەیەکدا سێ ڕۆژیشی کار چنگ کەوێ، دەبێ شوکر بێت.

ڕۆژی یەکەمی ئیشکردنیان، تەواو کردنی ساختمانێک بوو کە دوو ساڵ پێشتر دەست بەدروستکردنی کرابوو، بەڵام تەواو نەکرابوو. ئیشەکەی بەختیار، بریتی بوو لە کێشانی سەتڵی پڕ لەچیمەنتۆ، بە مەبەستی دروستکردنی لادیوارەکان. بەڵام ئەو شوێنەی کە حەفتەکەی لێ گیرابۆوە لە هەندێ لادیوار و ناوبڕەکان دووربوو، بۆیە چەمەنتۆ کێشانەکە ماندووبوونێکی تەواوی گەرەک بوو. بەختیار ئەو ڕۆژە، چونکە لەمێژبوو کاری تاقەت پڕووکێنی نەکردبوو و دەستەکانی ناسک بوون تا نیوەڕۆ داهات، هەردوو ناولەپی پفکەی هەڵداو پاشان بوونە برین. وەلێ بەختیار، بەسەر خۆی نەهێناو نەیدەهێشت، کرێکارەکانی دیکە ناولەپی ببینن. بۆ دانی ئێوارەکەی، دەستکێشێکی لاستیکی پەیداکرد و هەر چۆنێ بوو ئەو ڕۆژەی گەیاندە سەر. بۆ ڕۆژی دواتر، هەرکە چوونە سەر کارەکەیان، وەستا ئەمین هەستی کرد بەختیار دەستەکانی لە پەنای خۆی گرتووە و نایەڵێ کەس بیانبینێ، بۆیە ویستی لە ساغ و سەلامەتی ئەم دڵنیابێ وتی: "کا بەختیار، با سەیرێکی ناولەپت بکەم".

بەختیار بەشەرمەوە، دەستەکانی هێنا پێشەوەو بە وەستاکەی نیشان دا. وەستا ئەمین کە دیتی ناولەپی بەختیار ئەستوور بوونەو دوێنێ ئازارێکی زۆری پێگەیشتووە، بڕیاری دا ئیشەکەی بەختیار بگۆڕێ و وتی: "بەختیار، تۆ بە کەڵکی



چیمەنتۆکێشان نایەیت، بەخوا هەتا ئێوارێ ناولەپەکانت دادەڕزێن. وا باشترە تۆ کەرپووچم بدەیتە دەست و با کاک (کەمال)یش، سەتڵەکان دەستداتێ".

بەختیار لە دڵی خۆیدا، زۆر ستایشی وەستا ئەمینی کرد، چونکێ بە خۆی، قەت داوای گۆڕینی کارەکەی نەدەکرد ئەگەر دەستەکانیشی لەسەر دانابایە. پاش ئەوەی کارەکەیان گۆڕی، کەرپووچ کێشان ماندووبوونێکی ئەوتۆی نەدەویست. وەلێ هەندێک کارامەیی و شارەزایی گەرەک بوو کە ئەم، هەر زوو توانی دڵی وەستاکەی ڕازی بکات.

بەختیار، هەندێ جار بەدەم ئیشکردنەوە، خەیاڵی دەفڕی و لە بەردەم مینا، دەست لە ئەژنۆ دەنیشتەوە. بە تاسووقەوە دەیڕوانییە دیدەنی ئایندەیان کە بەڕای ئەم پێی نابووە قۆناغێکی تازە و هەستیارەوە. ئەوەندەی شەیدای شۆخ و شەنگی مینا بوو و لەوەش زیاتر لە هەست و نەستیدا، برسیی دەنگ و ڕستە سادە و واتادارەکانی ببوو. هەرجارێک کە مینا دەبینێ، وا دەزانێ بە کەسێتییەکی تازەو گەوهەرێکی خودایی شاد دەبێ. لەڕاستیدا بەختیار نەیدەزانی، بۆ عاشقی هەموو شتێکە لە مینا! بەڵام دەیزانی کە ئەو عەشقەی ئەم، پاڵنەرەکەی غەریزە سێکسییەکان نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بەهای جوانە، لە هزر و ڕەوشت و ڕەفتار و ئاکار و خوێن و نیگاکانی ئەو کچەدا خۆیان نمایش دەکەن. لە دیدی ئەمدا، مینا کەسێکی لە دوڕ دروست کراوەو لە دەست نەزانێک کەوتووەتە خوارەوە و درزی بردووە، بۆیە ئەگەر یەکێ هەبێ بەو نهێنییە بزانی، دەتوانێ ئاسەواری درزەکە چارەسەر بکات. لەو خەیاڵە خۆشە ڕاچووبوو کاتێ وەستا ئەمین بە پێکەنینەوە پێی وت: "ها کاک بەختیار، کێوە چووی. کەرپووچم بدەرێ کەرپووچ!".

بەختیار، زانی چەند ساتێکە فکری لەلای ئیشەکەی نەماوە، داوای لێبووردنی لە وەستاکەی کرد و وتی: "وەستا گیان، بمبوورە، لە مێژە بانگم دەکەی. بڕوا بکە لێرە نەبووم، خەیاڵم بۆ شوێنێکی دیکەی ڕاپێچابووم". لەگەڵ ئەو قسانەیدا، دەستی دایەوە کارەکەی و بە پێی پێویست کەرپووچەکانی بۆ وەستاکەی بەرز دەکردەوە. وەستا ئەمین، بە پێکەنینەوە وتی: "داڵغەکەی تۆ، بە هی عاشقان دەچوو کاک بەختیار. خۆ بە داوی هیچ کچێکەوە نەبووی. چونکێ هەر ئەوان دەتوانن، بە مەکر و

نازیان، بیرو هۆش لە پیاوان بسێنن".

بەختیار بە نەختێ خەجاڵەت بوونەوە وتی: "ناوەڵڵا وەستا، گرفتی من شتێکی ترە. خۆ من، زۆرم کچان لە دانشگا بینیوەو بە کەسیشیان سەرسام نەبووم".

وەستا ئەمین: "بەختیار گیان، دڵت گەرد نەگرێ، من تەنها بۆ پێکەنین و کات بەسەربردن ئەو قسانە دەکەم، ئەگەرنا من زۆر چاک تۆ دەناسم".

بەختیار: " جا خۆ شتی خراپت نەگوتووە، پاشان تۆ مامی منی، چۆن دڵم لێت دەرەنجێ".

بەختیار، ئەو حەفتەیەی لەگەڵ ئەو کرێکارانە بردە سەر. لەبەر ئەوەی ماوەیەک بوو لە هاورێ و برادەرەکانی دابڕابوو، بڕیاری دا سەرێکی سامان و ساجیدە بدات. ڕۆژی پێنج شەممە، پاش نیوەڕۆکەی سەردانی کردن. ساجیدە هەواڵی مینای لێ پرسی و ئەمیش لە وەڵامدا وتی: "لە ڕاستیدا ماوەیەکە خەبەری ئەوانم نییە".

بەختیار نەیدەویست، ساجیدە نازری، بە پەیوەندییە تایبەتەکانی نێوان خۆی و مینا بزانێ، چونکە ئەم، هەڵگری کۆمەڵێ نهێنی ژیانی مینایە، نەدەبوو خەڵکی دی بیزانن.

ساجیدە وتی: " بەخوا منیش دەمێکە خەبەریانم نییە، وا چاکە ئەگەر بە تەلەفۆنیش بێت، بە سەریان بکەینەوە".

بەختیار: " دەبووایە بچمە ماڵیان و هەندێ دەنگوباسی ماڵی کاک سمایل هەیە، پێیان ڕابگەینم".

ساجیدە، دەستی دایە تەلەفۆنەکە و ژمارەی ئەوانی لێدا. لەوێ سەعادەت خان تەلەفۆنەکەی هەڵگرت: " ئەلۆ، فەرموو کێیە".

ساجیدە: " سەعادەت خان، ساجیدە قسە دەکات، داخوا چۆنن. منداڵەکان چۆنن".

سەعادەت خان: " زۆر سوپاست دەکەم ساجیدەخان توخوا ئێوە چۆنن.، ئەدی بۆ دیار نینە سەرێکمان لێ بدەن".

ساجیدە: " بەخوا زۆر بیرتان دەکەین. ئەرێ میناخان چۆنە توخوا. پێی بڵێ ماوەیەکە خەبەری نییە. ئاخر هاورێیەتی چۆن وا دەبێ".

سەعادەت خان: " میناخان زۆر باشە و سڵاوی هەیە، ئەوەتە لەتەکمە ڕاوەستاوە.



ئەدی توخوا هاوسەرەکەت چۆنە. دە جارێک پێکەوە وەرنە ماڵی ئێمە".

ساجیدە: " ئینشەڵڵا بەم زووانە، سەردانێکتان دەکەین".

سەعادەت خان: " ئەدی هیچ خەبەرێکی کاک بەختیارت نییە. ئەویش ماوەیەکە دیارنییە، ئەگەر بکرێت خەبەرێکی بدەیتێ، بەڵکە سەرێکمان لێبدات".

ساجیدە: " بەختیار زۆر باشە، ئەوەتا میوانی ئێمەیە، ئەگەر حەزدەکەی فەرموو خۆت قسەی لەگەڵ بکە".

سەعادەت خان: " دە زۆر باشە توخوا بمدەرێ".

ساجیدە، تەلەفونەکەی دایە دەست بەختیار و وتی سەعادەت خانت لەگەڵە.

بەختیار: " بەڵێ، سەعادەت خان، چۆنن. کاک فەرهاد و کچەکان چۆنن".

سەعادەت خان: " هەموومان باشین، ئەدی تۆ چۆنی، بۆ دیار نیت. زانیومانە چەند ڕۆژێکە دەچیتە کار".

بەختیار: " بەڵێ، چەند ڕۆژێک دەچوومە کرێکاری. بەنیازم بەیانی، دانی سبەینەکەی سەردانتان بکەم. توخوا سڵاوم بە مینا بگەیەنە".

سەعادەت خان: " زۆر باشە، بەیانی چاوەڕێت دەکەین".

سبەینەی ڕۆژی هەینی، دەوری سەعات (دە)، بەختیار بەرەو ماڵی سەعادەت خان کەوتەڕێ. بەلای ئەم خۆشترین ڕۆژ بوو، چونکە بە ڕەزامەندی تەواوی ئەو ماڵە و وەک کەسێکی نزیکی ئەوان دەچێتە ئەوێ. ڕەنگە ئەم جارە، بواری ئەوەی هەبێ، ڕوونتر لەگەڵ مینا قسە بکا و وەک خەمخۆرێک لە گرفتەکانی ئەو، دڵسۆزیی خۆی بۆ بەیان بکات. کە گەیشتە بەردەرگا دیاربوو سەعادەت، بە گەسک، ئاوەڕۆی بەر دەرگای پاک دەکردەوە. بەختیار سڵاوی لێ کرد و هەواڵی پرسی، سەعادەتیش سەری بڵند کرد و وتی: "یاخوا بەخێر بێی. فەرموو بۆ ژوورێ پێشکەوە".

بەختیار، یەکسەر بۆ ژووری میوانان ڕێی کرد و سەعادەتیش بە دوای ئەمدا. چوونە ژوورێ و سەعادەت وتی: " بەختیار گیان تۆ دانیشە. باوکی شەونمیش، پاش کەمێکی تر دێتەوە. بۆ هەندێ کاری پێویست چۆتە دەرەوە، بەڵام لە هاتنی تۆ، خەبەری هەیە و بڕیارە زوو بگەڕێتەوە".

لەگەڵ تەواو بوونی قسەکانی، سەعادەت خان، لە ژوورەکە چووە دەرێ، دیاربوو

خەبەری مینا و شەونم و شەوبۆی دا کە بەختیار هاتووە. بەلاّم شەونم و شەوبۆ، لە گەرماوەکە، خەریکی سەر شۆرین و خۆ پاککردنەوە بوون، میناش یەکسەر چووە لای بەختیار و بەگەرمی بەخێرهاتنی کردو دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد. بەختیار، بەدەم وەلاّمدانەوە تەوقەی لەگەڵ کرد. مینا هەستی کرد، پەنجەکانی لە شتێکی دڕ دەخشێ، دەستی بەختیاری گرت و سەیری ناولەپی کرد و وتی: "وەیش، ئەوە لە کرێکاری وای لێ هاتووە، وانییە".

بەختیار: "بەڵێ، لەگەڵ گرانیی سەتڵی چیمەنتۆ، هەردوو دەستم ئاوایان لێهاتووە".

مینا، بە نەرمی دەستی بە ناولەپی بەختیاردا هێناو بە نیگایەکی پڕ لە بەزەیی و خۆشەویستیی، سەیری چاوەکانی کرد و وتی: "گوێ مەدێ، دەستی من شفایە، ئینشەڵڵا زوو چاک دەبێتەوە. کارکردن بۆ ئینسان شەرەفە، نەکەی پێت شەرم بێت. ئەمە خۆی، نیشانەی ئەوەیە کە تۆ هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەی، بۆیە ئامادەی کاری تاقەت پڕووکێن بکەیت. ئەمەش مەرجێکە، پێویستە لە پیاوەکاندا هەبێت".

بەختیار بە قسە پڕ لە ماناکانی مینا، زۆر دڵخۆش بوو. لەو کاتەدا سەعادەت هاتە ژوورەوە و دیاربوو ئاوی خواردنەوەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەرسێکیان پێکەوە دانیشتن. سەعادەت دووبارە ئەحواڵی ماڵەوەی لە بەختیار پرسی و پاشان وتی: "بیستوومانە جاروبار دەچیتە کرێکاری. کوڕەکەم تا دەتوانی یارمەتی باوکت بدە، چونکە ئەمڕۆکە ژیان، زۆر بە زەحمەت بووە و گرانیی، هەموو لایەنێکی گوزەرانی خەڵکی گرتۆتەوە".

بەختیار: " ڕاست دەکەی سەعادەت خان، لەڕاستیدا ئێمە کاتی خۆی کە لە عیراق بووین، حاڵمان باش بوو. ئێستاش بەنیازین، لە ڕێگەی خزمەکانمانەوە، موڵکەکانی سلێمانیمان بفرۆشین. بەلاّم لەبەر ئەو جەنگە حاڵی حازر، هاتوچۆ زەحمەت بووە، دەبێت چاوەڕوان بین تا فرسەتێکی دیکە دێتە پێشەوە".

سەعادەت خان: " خوا کەریمە، باش دەبێ ئینشەڵڵا. (ڕووی لە مینا کرد)، مینا گیان، من دەچمە لای چێشتەکەم، تۆش لەگەڵ کاک بەختیار، بۆ خۆتان قسان بکەن. (ئەو جارە ڕووی لە بەختیار کرد)، بەڕاست بەختیار، تۆ نیوەڕۆ میوانی ئێمەی. بەتەمای ڕۆیشتن مەبە". چووە دەرەوە.



بەختیار، هەواڵی شەونم و شەوبۆی لە مینا پرسی: " ئەدی کوا کچەکانی سەعادەت خان".

مینا: " لە حەمامەکە خەریکی خۆشۆرینن".

بەختیار: " ئەدی تۆ وەزعت چۆنە. بەخوا هەمیشە لەبیرم دای، ئەگەر بۆم بلوێ حەزدەکەم ڕۆژانە بتبینم. لەڕاستیدا حەز دەکەم هاوڕێیەتییەکەمان زۆر تایبەتمەند بێ و هەرچی کێشەیەکت هەیە پێی بزانم، بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتیت بدەم. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز نامەوێ ئەو نهێنییانە بزانم کە خۆت گەرەکت نییە پێمی بڵێیت".

مینا: " بەختیار گیان، من دەزانم کە تۆ دڵسۆزی منیت. ئەگەر بە تەواوی بگەمە قەناعەت کە بڕیاری ئەوەت داوە، لەگەڵ مندا ژیانی داهاتووت درێژە پێ بدەیت و لێم هەڵنایەی، ئەو وەختە دەتوانم هەرچی نهێنی ژیانم هەیە بیخەمە بەر دەستت. بەلاّم هێشتا زووە، دەبێ ڕۆژانی داهاتوو ئەو زەمینەیە بڕەخسێنێ تا وەک دوو کەسی هاوچارەنووس، ژیانمان تێکەڵ بە یەکتر بکەین. ئەگەر ڕاستیت دەوێ، هەنووکە زۆر گەرەکمە بزانم داخوا تۆ، چۆن لە ژیانی من تێدەگەی. یان بە شێوەیەکی دیکە، ڕات بەرامبەر ژیانی ڕابردووی من چۆنە".

بەختیار: " مینا گیان، من لە نێو هاوڕێکانمدا بە کەسێکی هێمن و لەسەرەخۆ ناسراوم. لە ژیانمدا هەر شتێکم هاتبێتە ڕێ، قەت بڕیاری سەرپێییم نەداوە. نەکەوتوومەتە نێو داوی جوانی و حەزی هیچ کچێک. بەلاّم سەبارەت بە تۆ، بابەتەکە بە شێوەیەکی دیکەیە: من، هەرجارەی بە دیدەنی تۆ شاد دەبم، دەرسێک لە خۆڕاگری و پاکی ناخت فێردەبم. تۆ کە لە جوانیدا هاوشێوەی پەرییانیت، لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەر چاو و زەینی مندا هێشتا جوانییەکەت ناگاتە ئاستی پاکیزەیی و ڕەوشتی بەرزت. لە بارەی ژیانی ڕابردووشت، تۆ خاوەنی هەر ڕابردوویەک بیت، لەلای من گرنگ نییە. ئەوەی ڕاستی بێت، حەز دەکەم هەموو شتێک لە بارەی تۆوە بزانم. تەنها بۆ ئەوەی بتوانم، لەو گرفتانەی کە لە داهاتوودا دێنە ڕێگەت هاوکاریت بکەم و بە ئەرکی سەرشانی خۆم هەڵسم. من لە ناخەوە هەموو شتێکی تۆم قبووڵە، وەلێ با ڕۆژگار دروستی و پاکی نییەتی منت بۆ بسەلمێنێ. هەتا تۆ پێت باش بێت، من هەر سەبر دەگرم، جا ئەگەر ئەو سەبرگرتنە، هەموو تەمەنیشم لوول بدات".

مینا: "بەختیار گیان، حەز دەکەم بزانی کە نزیکترین کەس لە شوێنی دایک و باوکم، (سەعادەت خان و مامە فەرهاد)ە، واتە شەونم و شەوبۆ جێگەی خوشکەکانم دەگرنەوە. نزیکترین کەسێکیش، وەک هاوڕێ و ئومێدی دوارۆژم، تۆی، بەڵام، هێشتاکە زۆری ماوە هەتا کەسوکار و دەوروبەرمان، لەم ڕاستییەی دوایی بگەینن. دەبێ هەردووکمان سەبر بگرین. با جارێ کەس لەوە نەگات کە من و تۆ، پەیمانی نهێنیمان لەگەڵ یەکتر هەیە، چونکە ئەوەیان، مەترسی لە سەر ژیانی ئێستام، دروست دەکات و لە باوەشی گەرمی ئەو خانەوادە میهرەبانە، بێبەش دەبم کە هەلی ژیانێکی تازەیان بۆ ڕەخساندووم".

بەختیار لەگەڵ قسەکانی مینا جۆشا و وتی: " مینا گیان، تۆ چۆنت پێ باشە و لە بەرژەوەندیت دایە، وا دەکەین. من وادەزانم ئەگەر تۆ، لە ڕابردوو هەرچییەکت بە سەر هاتبێت، بەڵام لە ئایندەدا بەختەوەر دەبیت".

مینا: "بەختیار لە دیدەنیی داهاتووماندا، زیاتر قسان دەکەین. وا بزانم کچەکان هاتن".

لەو دەمەدا شەونم و شەوبۆ، هاتنە ژوورێ و بەخێرهاتنی بەختیاریان کرد. پاشان شەونم دانیشت و شەوبۆش، چووە کن دایکی. بەختیار ڕووی لە شەونم کرد و وتی: " شەونم خان، ئەو هاوینە بە چی خەریک بووی".

شەونم: " وەڵڵا کاک بەختیار، ڕاستییەکەی، جاران نەمدەزانی، ئەو هەموو وەختە لە پشووی هاویناندا، بە چی بە سەربەرم. بەڵام ئێستا، ڕێ نیشاندەرم هەیە. مینا خان، وای لێ کردووم کە باشترین کەڵک لەو وەختە وەربگرم، بە خوێندنەوە و خۆ پەروەردەکردن. جگە لەوەش، ئێمە بەردەوام حەز دەکەین، ئەو قسەمان بۆ بکات، چونکە سەری لە هەموو شتێک دەردەچێ و شتی بێ مانا ناڵێت. ئێمە قەت لە قسە خۆشەکانی ئەو تێر نابین".

بەختیار: " ئافەرین شەونم خان بۆ ئەو هەستە جوانانەت. مینا، مامۆستای هەمووانە. منیش کە پێکەوە دادەنیشین، حەز دەکەم هەر ئەو بدوێ و منیش گوێ بگرم".

مینا: " دەزانن جەماعەت، بەو مەدح و سەنایە خەجاڵەت دەبم. بەخوا هەموو ئەو



شتانەی کە دەیزانم لە ئێوە فێربوومە. ئێوە لە نەزەری من، بەرزترین کەسانی سەر ئەم زەمینەن".

لەو کاتەدا زەنگی دەرگای حەوشە لێیدا، دیاربوو مام فەرهاد هاتەوە. لەدوای گەڕانەوەی مام فەرهادیش گەلێک قسە و باسیان لە بارەی بابەتە هەمە چەشنەکان کرد. ماوەیەک دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، بەختیار خواحافیزیی کرد و بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

## ٣٨

ناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی(١٩٧٥) بوو، چەند ڕۆژێک بوو ڕێککەوتنەکەی جەزائیر، لە نێوان ئێران و عێراقدا مۆر کرابوو. (هەریاد) لەگەڵ شەش پێشمەرگەی تر، ئەو وەختە مەفرەزەیەکی حەوت کەسی بوون لە بەشی دژە ئاسمانییەکان لە بەرەکانی شەڕدابوون، لە دژی سوپای داگیرکەری عیراق.

پاش نیوەڕۆ بوو کە خەبەریان بۆ هات: هەموو شتێک تەواو بووە و سەرکردایەتی بڕیاری تێکدانی شۆڕشی داوە. ئەو خەبەرە بۆ ئەو وەختە، وەک خواردنەوەی ژەهر وابوو، بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە پێیان وابوو، خەبات بۆ ڕزگاری نیشتمانەکەیان دەکەن. چەندین پێشمەرگە، لەگەڵ بیستنی خەبەرەکە بە دەستی خۆیان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا. هەریاد و هاوڕێکانی، بەو پەڕی نائومێدییەوە، بەرەو ناوچەکانی سەرکردایەتی گەڕانەوە. لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا، دەیان پێشمەرگەیان دەبینی کە چەکەکانیان فڕێ دەدایە ناو چۆم و ڕووبارەکان و بە کۆڵێک خەم و خەفەتەوە سەری خۆیان بۆ چارەنووسێکی نادیار هەڵگرتبوو.

هەریاد، ماوەی سێ حەفتە بوو، بە دژوونی و ڕیشی زۆرەوە، ڕۆژی ئاوا کردبوو. بڕیاری دا ئەمیش، وەک زۆربەی خەڵکەکەی ئەوێ بەرەو ئێران بچێت. کە گەیشتە شارۆچکەی چۆمان هێشتا ئاوەدانی لێ مابوو و تازە خەڵکەکە خۆیان کۆدەکردەوە، بۆ ئەوەی ڕوو لە لایەک بکەن. نزیکەی مانگێک بەرلەو ڕۆژە، هەریاد قاتێکی کوردی لە لای بەرگدروویەکی ئەوێ بە ڕادان دابوو، بۆیە یەکسەر بەرەو دوکانی بەرگدرووەکە چوو. لە بەختی ئەمدا، دوکانەکە ئاوەدان بوو و چەند کەسێکی دیکەش بۆ

وەرگرتنەوەی جلەکانیان لەوێ بوون. قاتەکەی وەرگرتەوەو ئەو شەوە لە چۆمان مایەوە.

ڕۆژی دواتر، لەگەڵ گەزەنگی خۆردا، دەستی دایە جلەکانی و لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە، بەسواری سەیارەیەک بەرەو مەرزەکانی حاجی ئۆمەران کەوتنەڕێ. وەختی نیوەڕۆ گەیشتنە شارۆچکەی پیرانشەهر. لەبەر ئەوەی، هەزاران کەس لە خەڵکی ئاوارە، ڕوویان لەوێ کردبوو و هیچ شوێنێک نەمابوو بتوانێ ئەو هەموو خەڵکە لە خۆی بگرێ. بۆیە هەریاد پێی چاک بوو بەرەو مهاباد بچێت.

هەریاد بۆ دانی ئێوارەکەی، بە درەنگەوە گەیشتە مهاباد. لەوێ لە ناو بازاڕەکەدا، کراسێکی تازەو دوو پارچە جلی ژێرەوەی کڕی. پاشان دەبوو خۆی لەو هەموو چڵک و چەورییانە پاک بکاتەوە، بۆیە چووە یەکێ لە گەرماوەکان. ئاخر، ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژ بوو، ئاو بە لەشی نەکەوتبوو.

پاش کڕینی ئەو پێداویستییانە نزیکەی پازدە تومەنی پێمابوو کە بەشی ژەمێک خواردن و کرێی شەوێک نووستنی لە موسافیرخانەیەک دەکرد، دوای ئەوەی حەقی خۆشۆرینەکەی لێ دەدات. کە چووە ژوورەوە، بینی کۆمەڵێک خەڵکی تر، بەڕیزە لەسەر کورسییەکانی ناو هۆڵی گەرماوەکە دانیشتوون و چاوەڕێی چۆڵ بوونی ژوورەکانی خۆشۆرین دەکەن، تا نۆرەیان دێت. هەریادیش، نمرەیەکی وەرگرت و لەسەر یەکێک لە کورسییە چۆڵەکان، شوێنی خۆی گرت. سەیری خەڵکەکەی دەکردو لە خەیاڵی خۆیدا، خەمی ئەوەی بوو کە پاش ئەوەی لەوێ تەواو دەبێ و دەچێتە بازاڕ، بەتەمای ئەو برە پارەیە چۆن دەتوانێ لە شوێنێکدا بحەسێتەوە و زگی تێر بکات. بەڵام ئەوە، هەر گرفتی ئەم نەبوو، بۆیە گوێی پێ نەدا و لە دڵی خۆیدا وتی: خوا کەریمە بابزانین چۆن دەبێ.

کاتێک سەیری خاوەن گەرماوەکەی کرد، دیتی کابرایەکی کامڵ و تەمەن دەوروبەری چل و پێنج ساڵە لەسەر کورسییەکەی تەنیشت ئەودا، دانیشتووە و لەنێوان خۆیان، بە دەنگێکی نزم قسەیان دەکرد و لاچاوێکیان لەسەر ئەمە. پاش ماوەیەکی کەم، خاوەن گەرماوەکە لە جێگەی خۆی هەڵسا و ڕووی لەم کرد و وتی: "کاکە گیان، زەحمەت نەبێ، هەتا ئێرە وەرە".



هەریاد کە زانی بانگی ئەم دەکەن، لەشوێنی خۆی هەڵساو چووە بەر مێزی خاوەن گەرماوەکە وتی: "فەرموو مامە، کارێکت بەمن هەبوو".

کابرا: " تۆ خەڵکی کوردستان عیراقی وانییە".

"بەڵێ".

کابرا: "خزم و کەست لێرە هەیە".

"نەخێر، لێرە کەس ناناسم".

کابرا: "دە باشە، تۆ چاوەڕێی نۆرە مەکە. ئەو ژوورەی ئەوسەری چۆڵە و ئەوە ژمارەکەیەتی، سابوون و لیفکەو پێویستی تر چیت دەوێ، ئەوەتە، لێرە بیبە و بڕۆ خۆت بشۆ. کە تەواو بووی، ئەوە کاک (فەرهاد)ە، کاری پێتە، نەکەی بۆ ئەم لا و ئەولا بڕۆی. سەیری کە و بیناسەوە".

هەریاد کەلوپەل و جلەکانی خۆی دەست دایێ و چووە ژووری خۆ شۆرین. پاش ئەوەی خۆی پاک کردەوە و تراشێکی جوانی کرد، جلە تازەکانی کردە بەرو بەرەو لای خاوەن گەرماوەکە چوو. بەڵام دیار بوو نەیان ناسییەوە، چونکە ئێستا، گەنجێکی قۆز و خاوێن و پۆشتەیە. دەستی لە گیرفانی نا و وتی: "حەقی من چەندە".

کابرا وتی: " جگە لە خۆشۆرین، چی ترت هەیە".

: " سابوونێک و مووسێک و لیفکەیەک".

کابرا: " تۆ کوردە عیراقییەکە نیت".

"بەڵێ هەوم".

کابرا: " ماشەڵڵا، قۆز دەرچووی. بەخوا من و کاک فەرهاد، نەمان ناسیتەوە. کاکە تۆ پارەکەت دراوە".

کاک فەرهاد لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: " فەرموو با پێکەوە بڕۆین".

هەردووکیان پێکەوە بەرەو ناوەندی شار ڕۆیشتن. لە ڕێگادا کاک فەرهاد، کۆمەڵێ پرسیاری لە بارەی ناوی و شوێنی لەدایکبوونی و ئەم جۆرە شتانەی لێ کرد. دوای ئەوە داوای لێ کرد کە لەگەڵ ئەمدا بچنەوە ماڵێ. بەڵام هەریاد نەیدەسەلماند و نەختێک شەرم و عەکسی گرتبووی. کاک فەرهادیش دڵی پێی دەسووتا و بە

کەسێکی پاک و خوێن گەرم و بێ دەرەتانی دەهاتە بەرچاو، بۆیە پێی وت: "دە باشە، من لەگەڵت دێمە موسافیرخانەکان، وەلێ ئەگەر جێگەیان نەبوو دەبێ بچینە ماڵی ئێمە باشە".

هەریاد: " بەڵێ باشە، ئەوکاتە لەگەڵت دێم".

دەچوونە هەر شوێنێک، کاک فەرهاد لە پێشدا بە فارسی بە خاوەنەکەی دەگوت: " بڵێ شوێنمان نییە". بەو شێوەیە، چەند جێگەیەکیان بەسەر کردەوە گشتیان بە نا وەلامیان دانەوە، ئەو ساکە هەریاد تێگەیشت کە کاک فەرهاد بە فارسی پێیان دەڵێ کە بڵێن، شوێنی نووستنمان نەماوە. عەقڵیشی تێدەچوو جێگە نەبێت، چونکە ئاوارەیەکی یەکجار زۆر ڕووی لەم شارە کردبوو.

هەریاد، لە لایەک ڕۆح گەورەو نەفس بەرز بوو، حەزی نەدەکرد کەسێک هەست بە کەساسی و نەبوونییەکەی بکات. لە لایەکی تر لە ژێرەوە پێی خۆش بوو، ئاخر ئەوە کاک فەرهاد، وەک فریشتە لێی پەیدا بووە و دیارە بەخت یاوەریەتی، ئەگەرنا خۆ ئەم کەس ناناسێ و ئەوەندە پارەیەشی پێ نییە کە پێی بژیێت. وەختی خۆرئاوا گەیشتنەوە ماڵێ. کە چوونە ژوورەوە، کاک فەرهاد بە دەنگێکی بەرز وتی: "سەعادەت خان، وەرە میوانمان هاتووە".

سەعادەت بە گەرمی هات و بە خەندەو ڕوویەکی خۆشەوە: " یاخوا بە خێر بێیت سەر چاوەکانم".

کاک فەرهاد: " ئەوە کاک هەریادە، خەڵکی کوردستانی عیراقە".

سەعادەت، دیسان ڕێزی بۆ مێوانەکەیان نواند و دیار بوو کارەساتی تێکچوونی شۆڕش و ئاوارەبوونی ئەو خەڵکە، ئەوانیشی نیگەران و خەفەتبار کردبوو، بۆیە دەیانویست ئەوەندەی لە دەستیان دێت، یارمەتییان بدەن. پاشان (گەلاویژ)ی خوشکە گچکەی سەعادەت، هات و بەخێر هاتنی کرد. ئەو وەختە تازە (ناسر)ی برای سەعادەت، ژنی هێنابوو و گەلاوێژیش کە لەمێژبوو دایک و باوکیان نەمابوو، لەلای ئەوان دەژیا. کاک فەرهاد و سەعادەت خان، دوو کچی جوان و خنجیلانەیان هەبوو بە ناوی (شەونم و شەوبۆ) کە تەمەنیان هەشت ساڵی و شەش ساڵی بوون و هەردووکیان خوێندکار بوون.



لە دوای نانخواردنی ئێوارە، کاک فەرهاد دەیویست میوانەکەی بدوێنێ و هەندێ دەنگوباسی ئەودیوی بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام هەریاد کەسێکی نەختێک شەرمن و کەمدو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە کورتی وەڵامی پرسیارەکانی کاک فەرهادی دەدایەوە. هەر ئەو شەوە کاک بەهرۆزی دراوسێیان بە خۆی و منداڵەکانەوە هاتنە میوانداری ماڵی کاک فەرهاد. تا درەنگی شەوێ باس هەر باسی شۆڕشەکانی کورد و شکستییەکان بوو. کاک فەرهاد، بۆ دڵدانەوەی میوانەکەی، بە درێژی باسی ڕووخانی کۆماری مهابادی کرد کە ئەو ساڵە ئەم تەمەنی پازدە ساڵان بووە.

هەریاد پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو و تەمەنیشی بیست ساڵان بوو. لە قەدەر هاوتەمەنەکانی خۆی، زانیاری باشی لە سەر شۆڕشەکانی کورد و مێژووی ناوچەکە هەبوو، بۆیە کە نۆرەی قسەکردن دەهاتە سەر ئەم بە جددی و دیقەتەوە، ڕای خۆی دەردەبڕی و سەرنجی مەجلیسەکەی بۆ خۆی ڕادەکێشا. لە کاتی قسە کردندا، قەت سەیری ژنەکانی نەدەکرد، چونکێ پێی وابوو کە ئەم گەنجە و شتێکی دروست نییە لە ژنەکان ڕابمێنێ. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم هەر لە سروشتی خۆیدا کەسێکی خۆپارێز و شەرمن بوو لە هەمبەر ڕەگەزەکەی دیکە.

درەنگی شەوێ، میوانەکان ڕۆیشتنەوە. سەعادەت خان هەستی کرد، میوانەکەیان هیلاک و ماندوو دیارە و پێویستی بە ئیستراحەتە، لە ژوورێکەی ئەودیو جێگەی بۆ ڕاخست. پاشان گەڕایەوە و وتی: "باوکی شەونم، وابزانم کاک هەریاد هیلاکە و خەوی دێت، ئەوا لە ژوورەکەی ئەودیو جێگەم بۆی چاکردووە".

کاک فەرهاد، ڕووی لە هەریاد کرد و وتی: "هەتا لەم شارە بیت، ئێرە ماڵی مامی خۆتە و حەز ناکەین بۆ هیچ شوێنێکی تر بچیت. دەزانم هەنووکە پارەو پوولیشت پێ نییە، دەبێ ئەم پەنجا تومەنە لە مامی خۆت وەربگری. بەیانی من زوو بۆ کارێکی پێویست دەچمە دەرەوە، تۆش بۆ نیوەڕۆکەی بۆ هیچ لایەک نەڕۆی، باشە براکەم".

هەریاد: " تۆ مامی منی، خوا لە گەورەییتان کەم نەکات. زۆر سوپاستان دەکەم، ئەگەر پارەم پێنەبووایە لێتم وەردەگرت. بۆ بەیانیش دەبێ بچمە سۆراخی خزمەکانم لە ئۆردوگاکەی نزیک شاری شنۆ".

ڕاستیەکەی هەریاد، سەفەری هیچ لایەکی نەدەکرد و تەنها پازدە تومەنەکەی پێ بوو، بەڵام لەلای خۆیەوە، لێنەدەگەڕا ئەوان تووشی زەحمەتی بکاو ببێتە بار بەسەر شانیانەوە. هەروەها دەیویست، وا نیشان بدات کە ئەم لە باریدا هەیە خۆی بژێێنێ و کاروباری خۆی ڕێک بخات.

کاک فەرهاد وتی: "زۆر چاکە کە لە (شنۆ) هاتیەوە، یەکسەر وەرەوە ماڵێ، نابێ شەرم بکەیت".

هەریاد وتی: "نا، نا، شەرم ناکەم ، ماڵی خۆمە". هەستا و چووە ژوورەکەی ئەودیو. هەرکە لە سەر جێگەکەی ڕاکشا ئەوەندەی نەبرد کەوتە قووڵایی خەوێکی خۆش.

کاک فەرهاد کە بەیانی زوو لە خەو هەستا، سەرێکی ژوورەکەی هەریادی دا، دیتی هەروا لە قووڵایی خەودایە. بە هەلی زانی و گیرفانەکانی هەریادی پشکنی، لە پازدە تومەنەکەی زیاتر نەدۆزییەوە. لە بەر خۆیدا وتی: "ئەو کوڕە ڕۆحی چەند گەورەیە". پەنجا تومەنەکەی، خستە گیرفانییەوە. گەڕایەوە دەرێ و بە سەعادەت خانی گوت کە بانگی میوانەکەیان نەکات، هەتا ئەو خۆی واگا دێت. پاش ئەوە، بە دوای کارەکەیدا چووە دەرەوە.

چێشتەنگاوێ، هەریاد بە خەبەر هات، بەڵام شەرمی دەکرد، لە ژوورەکەی بێتە دەرەوە و بۆ سەرئاو بچێت، بۆیە جێگەکەی دەق کردو لێی دانیشت. پێشتر، چەند جارێک سەعادەت لێی ڕوانیبوو، بەڵام ئەم، هێشتان خەبەری نەببۆوە. ئەم جارەیان کە سەعادەت دەرگاکەی کردەوە، دیتی هەریاد دانیشتووە، یەکسەر بەیانی باشی لێ کرد و وتی: "کاک هەریاد، دەم و چاوت بشۆ و پاشان وەرەوە ژووری میوانان، نانەکەت بخۆ. ئەوەندە ماندوو و برسی خەو بووی، دڵمان نەهات زوو بانگت بکەین".

هەریاد هەستایەوە سەر پێ و چووە بەجێگەیاندنی پێویستیی خۆی. دوای ئەوە چووە ژووری میوانان. دیاربوو سەعادەت چای تازەی بۆ ساز کردبوو و خۆشی لە تەک سەماوەرەکە چاوەڕێی ئەم بوو. لەولاتریش، لە سەر سفرەیەکی بچووک، چەندین جۆر خواردنی سبەینانی بۆ دانابوو. بە نەختێ شەرمەوە، چوو دانیشت و بێ ئەوەی سەری بەرز کاتەوە، لەسەرەخۆ دەستی بە خواردن کرد. سەعادەتیش، چای بۆ تێکرد و لە پێشی دانا و وتی: "کاک هەریاد، توخوا شەرم مەکە، وابزانە لە ماڵی خۆتانی.





باوکی شەونم، سبەینێ کە ڕۆیشت، لێی دووبارە کردمەوە کە پێت بڵێم، بێیتەوە ئێرە و بۆ هیچ لایەک، نەڕۆی".

هەریاد وتی: " خوشکە سەعادەت، ئەگەر لێرە مامەوە، دڵنیابە دێمەوە ئێرە. تازە ئەو ماڵە، ماڵی خوشک و برای خۆمە".

دوای کەمێک، گەلاوێژیش هاتە ژوورێ و لە تەنیشت سەعادەت دانیشت و بە نەختێ ناز و شەرمەوە، جارجارە لە میوانەکەیانی دەڕوانی. دیار بوو ئەویش، بەزەیی بە حاڵی هەریاددا دەهات و لە ناخەوە دڵی پێی دەسووتا. ئەگەر مەجالی هەبووایە، گەلێک پرسیاری لە بارەی هەولێر و خەڵکی ئەودیو لێ دەکرد.

هەریاد کە گەلاویژ هاتە ئەوێ، سەری لەبەرخۆی نا و ئێدی کە قسەشی دەکرد، چاوەکانی بڵند نەدەکرد. پاش نانخواردن، ماڵئاوایی کرد و بەرەو ناوەندی شار کەوتە ڕێ.

لە ڕێگای شاردا زۆر حەزی دەکرد پاکەتێک جگەرە بکڕێت، بەڵام زۆری لەخۆ دەکرد و نەیدەکڕی. ئاخر ئەم، تەنها پازدە تومەنی لە گیرفاندایە چۆن بە جگەرەی بدات. وەلێ، ئارەزووی جگەرە کێشان لەسەری کرد و هاتە سەر ئەو بیرەی کە ئەم، پارەکەی ئەوەندە زۆر نییەو هەر تەواو دەبێت، جا بۆ بێ دڵی خۆی بکات. بڕیاری دا پاکەتێکی لارکی ئەمریکی کە بەچوار تومەن بوو، بکڕێت. کە دەستی لە گیرفانی نا هەستی کرد پارەی دیکەشی لە گیرفاندایە، دەری هێنا دیتی دوو بیست و پێنج تمەنیی لە گیرفانیدایە. ئەوساکە تێگەیشت کە کاک فەرهاد، شەوێ بەبێ ئاگاداری ئەم، پارەکەی خستۆتە گیرفانی. لەگەڵ ئەوەی پێی خۆش بوو، چونکە لە واقیعدا کەسێکی نەبوو یارمەتی بدات، بەڵام هەندێک جار، بیرۆکەیەک بە مێشکیدا دەهات کە بچێتەوە ماڵیان و لە دەرگا پارەکە بداتەوە سەعادەت. پاشان گەیشتە قەناعەت کە نابێ کارێکی وا بکات، چونکە ئەوان وەک بەجێگەیاندنی ئەرکێکی کوردانە و مرۆڤانە، ئەو کارەیان کردووە، بۆیە دەبێت ئەمیش قبووڵی بکات.

ئەو ڕۆژە، هەریاد لە ناو شاردا، هەندێ ناسیاوی دۆزییەوە کە خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بوون. وەختی پاش عەسرێ، لەگەڵ دوو کەس لەو ناسیاوانە، پیاسەیان دەکرد. لەگەڵیان ڕێک کەوتبوو کە بۆ شەوێ، لە موسافیرخانە بچێتە لای ئەوان. بە

یەکەوە دەڕۆیشتن، وەختێک لە دواوەڕا دەستێکیان لە سەرشانی دانا و گوێی لە دەنگێک بوو: "دیارە سەفەری (شنۆ)ت نەکردووە کاک هەریاد. کە ئاوڕی دایەوە دیتی کاک فەرهادە، وتی: "کاک فەرهاد، تووشی ئەو برادەر و خزمانە بووم، بۆیە سەفەرەکەم نەکرد".

کاک فەرهاد، چاک و چۆنی لەگەڵ هەردوو ناسیاوەکەی هەریاد کرد و وتی: "برایان کاک هەریاد میوانی منە، ئەگەر ئێوەش دێن، لە خزمەتتان دەبم".

ئەوانیش وتیان: " زۆر مەمنوون، ئێمە برادەری دیکەشمان لە گەڵن، نابێ لێک داببڕێین".

کاک فەرهاد دەستی هەریادی گرت و وتی: "دەکەواتە ئێمە خواحافیز". هەریاد، کڕ و بێدەنگ بەگەڵ کاک فەرهاد کەوت و بەرەو ماڵ بوونەوە.

هەریاد، تا ئەو ڕۆژەی بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ عیراق، زیاتر لە مانگێک وەک کوڕی ئەو ماڵە ڕەفتاری دەکرد. بۆ هەر لایەک چووبایە، دەگەڕایەوە ئەوێ. وردە وردە چاوی کرایەوە و وەک ڕۆژانی سەرەتا بەشەرمەوە قسەی نەدەکرد. لەو ماوەیەدا گەلاوێژ، پاش شارەزا بوون لە هەڵسوکەوت و ڕەوشت بەرزی هەریاد، دڵی بۆی کرایەوە. لە بیری خۆیدا دەیگوت: " ئەگەر لێرە بمێنێتەوە ئامادەم شووی پێ بکەم".

هەریاد، ئەو وەختەی کە بە ماڵی کاک فەرهادی وت کە بەنیازە بگەڕێتەوە عیراق، سەعادەت خان، ڕێک و ڕەوان پێی وت: "ئەگەر لێرە بمێنیتەوە، ئامادەین، گەلاوێژت بدەینێ، چونکە ئێمە، تۆمان خۆش دەوێ و شایەنی ئەوەی ببیتە یەکێک لە خانەوادەی ئێمە".

هەریاد، لە وەڵامی سەعادەت خاندا وتی: "سەعادەت خان، من، تۆ و گەلاوێژ، بە خوشکی خۆم دەزانم و بە لای خۆمەوە دەستنوێژم لێتان ناشکێ. پاشان ئێمە هەر دەبێ بگەڕێینەوە. شەرتبێ هەتا ماوم چاکە و پیاوەتی ئێوە لە بیر نەکەم. هەر دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێ، سەرتان لێ دەدەم". ڕۆژی دواتر هەریاد، خواحافیزیی لێیان کرد و بەرەو عیراق گەڕایەوە.



## ٣٩

پاش توندبوون و قووڵبوونەوەی شەڕی ناوخۆی حزبەکانی کوردستانی عیراق، لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٣دا، بارەگاری سەرکردایەتی کۆمەڵێک لە حزبە دۆڕاوەکانی شەڕ، بۆ گوندەکانی پشتی پیرانشەهر گواسترانەوە. هەریاد لە هەڵسووڕاوانی سیاسیی یەکێ لەو حزبانە بوو. لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا، بۆ نەختێ پشوودان و کەش گۆڕین، ئیجازەی چەند ڕۆژێکی وەرگرت و دابەزییە شارەکانی پیرانشەهر و نەغەدە. لەوێ بیری کردەوە کە سەردانێکی ماڵی کاک فەرهاد بکات لە شاری مهاباد. ئاخر ئەم، کاتی خۆی هەشت ساڵ لەمەوبەر، بەڵێنی پێ دابوون کە ئەگەر ڕێی بکەوێتەوە ئێران، بۆ دانەوەی قەرزی وەفاداریی ئەوان سەردانیان بکات. پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی ئەو پاییزە، سواری ماشێن بوو بەرەو مهاباد کەوتەڕێ. کە گەیشتە شاری مهاباد، زۆر بە ئاسانی ماڵی کاک فەرهادی دۆزییەوە. زەنگی دەرگای حەوشەی ئەوانی لێدا و چاوەڕێی کرد. پاش کەمێک دەرگاکە کرایەوە، دیار بوو سەعادەت خان بوو. هەریاد سڵاوی لێ کرد و وتی: "ماڵی کاک فەرهادە".

سەعادەت وتی: " بەڵێ هەوە، فەرموو کاکە، کارێکت هەبوو".

هەریاد: " سەعادەت خان نامناسیتەوە".

سەعادەت: " بەخوا براکەم شێوەت دەکەم و دەزانم تۆم بینیوە، دە جارێ فەرموو وەرە ژوورەوە".

هەریاد، چووە ژوورێ و وەک کەسێکی شارەزا بەرەو ژووری میوانان چوو و وتی: "ئەدی کاک فەرهاد، لە ماڵ نییە".

سەعادەت: " پاش کەمێکی تر دێتەوە، یاخوا بەخێر بێی. ئەرێ بە ڕاست تۆ کاک هەریادەکەی خۆمان نیت".

هەریاد: " باش بوو منت ناسییەوە. بەڵێ هەوم".

سەعادەت: " ئێی توخواکەی چۆنی. بەخوا هیچ گۆڕانێکت بە سەر نەهاتووە، بەڵام من چ فکری تۆ بکەم. ئێی وەزعت چۆنە، ماڵەوەتان چۆنن".

هەریاد: "زۆر باشم، ئەی ئێوە چۆنن. خۆ هەموو سەلامەتن و شەونم و شەوبۆ چۆنن. ئێستا گەورە بوونە وانییە".

سەعادەت: "وەڵڵا زۆر باشن". یەکسەر بانگی شەونم و شەوبۆی کرد: "کچەم وەرن میوانێکی خۆشەویستمان هاتووە، کا وەرن بزانم دەیناسنەوە".

کچەکان هەرسێکیان هاتن بە خێرهاتنی هەریادیان کرد. شەونم یەکسەر هەریادی ناسییەوە و وتی: "دایە ئەمە کاک (هەریادە)کەی خۆمان نییە وەکی هەموو جرای دەرسی پێ دەگوتم".

سەعادەت: "ئافەریم کچم، بە خوا تۆ زەینت لە من ڕوونترە".

میناش بەخێرهاتنی کرد. بەڵام نەیزانی مەسەلەی (هەریادەکەی خۆمان) چییە، کاتێک سەعادەت دەنگوباسی هەولێری لێ پرسی، ئەمیش زانی کە هەریاد خەڵکی هەولێرە و لەودیوڕا هاتووە.

هەریاد، پرسیاری گەلاوێژ و ناسری لە سەعادەت خان کرد، پاشان وتی: "ئەدی ماڵە دراوسێکانتان لێرە ماون. ماڵی کاک بەهرۆز".

سەعادەتیش، یەک لە دوای یەک وەڵامی پرسیارەکانی ئەمی دەدایەوە و بە پێکەنینەوە وتی: "گەلاوێژ حەوت ساڵە شووی کردووە، ئەدی تۆ ژنت نەهێناوە".

هەریادیش بە بەڵێ وەڵامی دایەوە و لە پێکەنینەکەی سەعادەت گەیشت کە کاتی خۆی، وەعدیان پێی دابوو کە ئەگەر نەچێتەوە عیراق، گەلاوێژی بدەنێ.

ئێوارێ کە کاک فەرهاد گەڕایەوە چاوی بە میوانەکەیان کەوت یەکسەر ناسییەوە، دەستی لە مل کرد وتی: "یاخوا بە خێر بێی، دەڵێن، کێو بە کێو ناکەوێ بەڵام چاو بە چاو دەکەوێتەوە. یاخوا بە خێر بێیت، توخوا وەزعتان چۆنە. شوکر خۆ ساغ و سەلامەتن".

هەریاد بە کەیفێکی خۆشەوە وتی: "بەخوا کاک فەرهاد بڕوا بکە، ئێوەم هەر لە بیرە کە هاتمە ئێرانێ، سەردانی خزمەکانی خۆمم نەکرد، چونکە ئێرەم پێ فەرزتر بوو. ئاخر ئەمنیش، ڕۆژانێک کوڕی ئەو ماڵە بوومە و حەقتان بەسەرمەوە هەیە".

کاک فەرهاد: " ڕاست دەکەی، بەخوای ئێمەش، زۆر جار لەماڵەوە باسی تۆمان



کردووەو خەمی ئەوەمان بوو داخوا لە دوای گەڕانەوە چیت بەسەر هاتووە. ئێستاش لەخوا بەزیاد بێ، ئەوا بە یەکتر شادبووینەوە".

دوای نانخواردنی ئێوارە، خەبەری ناسر و گەلاوێژیان دا و ئەوانیش هاتن. بەڵام بەهرۆزی دراوسێیان دوو ساڵ بوو لەوێ باری کردبوو.

ئەو شەوە مەجلیسیان گەرم بوو،. هەریاد وەک هەشت ساڵ لەمەو بەر، شەرمن و کەمدوو نەبوو. بە دوور و درێژی باسی باری ژیان و گوزەرانی کوردستانی عیراقی بۆ کردن و ڕووداوەکانی شەڕی ناوەخۆی حزبەکانی بۆ باس کردن. میناش، کڕ و بێدەنگ، گوێی لە قسەکانی هەریاد گرتبوو. لە هەمووان زیاتر حەزی دەکرد، هەر ئەو قسان بکات. چونکە ئەم باشتر لە قسەکانی حاڵی دەبوو و بە مەزندەی خۆی، هەریاد یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ئاگاداری هەموو شتێکە و ڕەنگە ڕووداوەکەی ئەمیشی بیستبێت، بۆیە بەدزی بە سەعادەتی وت: "ئەم کاک هەریادە کابرایەکی هوشیارە و لە قسەکانیدا دیارە، زۆربەی ژیانی پێشمەرگایەتی لە ناوچەکانی نزیکی ئێمە بووە. ئەگەر هەندێ پرسیاری لەسەر ژن کوشتن و ئەو بابەتانە لێ بپرسی، لەوانە ئاگاداری وەزعی گوندەکەی ئێمەش بێت بزانین داخوا ئەو مەسەلەیەی من، چۆن باس کراوە خەڵک چییان وتووە. بەڵام دادە سەعادەت کە کاک ناسر و گەلاوێژ ڕۆیشتن، ئەوسا ئەو پرسیارانەی لێ بکە".

درەنگی شەوێ، کاک فەرهاد و سەعادەت و مینا لە گەڵ هەریاد مابوونەوە. لە ئێوارێوە گەلێک بابەتی هەمەجۆر هاتە گۆڕێ و قسەیان لەسەر کرد. پاشان سەعادەت وتی: " ئەرێ کاک هەریاد، تۆ کەسێکی ڕۆشنبیری و تەواو سەرت لە دنیا دەردەچێ. ئێمە لێرە زۆر جار دەبیستین کە لەودیو، لەسەر مەسەلەی زۆر بچووک، ژن دەکوژن و تەرمەکانیشیان لە شاخ و کێوان فڕێدەدەن، ئەگەر هەندێک لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەمان بۆ بکەیت، داخوا بزانین ئەوە ڕاستە یان نا".

هەریاد: " خوشکە سەعادەت، بەخوا پرسیارەکەت زۆر گەورەیە، هەوڵ دەدەم بە پێی تێگەیشتنی خۆم، وەڵامت بدەمەوە: ڕاستییەکەی، کوشتنی ژن لە سەر ناموس و شەرەف، لەلای ئێمە زۆر باوە، بەتایبەتی لە هەندێ ناوچەی خێڵنشین و دواکەوتوو، ئەو چەشنە تاوانە زۆر بە توندو تیژییەوە ئەنجام دەدرێت. سەیر لەوەدایە، زۆربەی

ئەو ژنانەی کە دەکوژرێن، بێ تاوانن. خۆ لەوێ، قەت لە ژن ناپرسن، داخوا کارێکی لەو جۆرەی کردووە یان نا. هەر تەنها کە دووسێ پیاو، قسەیەکیان بەدوای ژنێکدا هەڵبەست، یەکسەر باوەڕیان پێ دەکرێ و ژنەی بەستەزمان دەکوژن. با نموونەیەکتان بۆ بگێڕمەوە کە ساڵێک لەمەوبەر لە یەکێ لەو گوندانە ڕووی داوە: کابرایەک، ژنەکەی دەمرێ و کوڕێک و دوو کچی لەو ژنە هەبوو. کوڕەکەی، ژن دەهێنێت و دەچێتە شاری. کابراش بە قسەی خزمێکی نەزان و بەدکاری گوندەکەیان، کچە گەورەکەی بۆ خۆی، ژن بە ژنەی پێ دەکات و دەیداتە کابرایەکی سی ساڵ گەورەتر لە کچەکەی. خۆیشی بەهەمان جیاوازی، لە ژنە تازەکەی گەورەتر دەبێت. چەند ساڵێک دوای ئەوە، ئەو خزمە تەگبیرکارەی، تەماحی لە کچە بچووکەکەی دەکات. لە فرسەتێکدا دەیەوێ دەستەمۆی بکا و وای لێ بکات کە بە ناچاری شووی پێ بکات. بەڵام کچەکە مەردانە دەبێ و خۆی ناداتە دەستی. ئەو کابرایە لەلای باوکی کچە بوختانێک هەڵدەبەستێت کە گوایە شەوێکیان بەچاوی خۆی کچەی لەگەڵ پیاوێکدا دیوە و خەریکی ئیشی خراپ بوونە. باوکەش دەچێتە ژێر کاریگەریی ئەو بوختانەو بە دەستی کوڕەکەی، کچەکەی خۆی دەکوژێت. تەرمەکەشی، لە شاخ و داخان فڕێدەدەن. بە پێی زانیاری ئێمە، ئەو کچە وەک فریشتە پاک و بێگەرد بووە و هەتا بڵێی عاقڵ و زیرەکیش بووە. سەیر لەوەدایە، ئەو باوکە نەزان و بێ ویژدانە، هیچ لێکۆڵینەوەی لەو مەسەلەیە نەکردووە و ئەو بڕیارەی داوە".

کاک فەرهاد و سەعادەت، لە دوای گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە، سەیری مینایان کرد و تێگەیشتن کە ئەوە، چیرۆکەکەی مینایە. سەعادەت وتی: "ئێی کاک هەریاد، بەڕاستی کارەساتێکی دڵتەزێن بوو، ئەوجا هەر بەو ئاسانییە کچەی بەستەزمانیان کوشت".

هەریاد: " بەڵێ، بەڵێ بەو ئاسانییە، خۆ لەو شوێنانە ژن بە ئینسان حسێب ناکەن".

کاک فەرهاد: "باشە، ئەدی دەوری شۆڕش و پێشمەرگە لەسەر ئەو جۆرە کێشانە چییە و چۆن کێشەی لەو جۆرە چارەسەر دەکەن".

هەریاد: " ئەو حزبانە، حاڵی حازر، لە باریاندا نییە ئەم جۆرە کێشانانە چارەسەر



بکەن، چونکێ ئەوە کێشەیەکی ئاڵۆزی هەزاران ساڵەی کۆمەڵگەی کوردەوارییە. ئەو خەڵکانەی کە شۆڕشیش دەکەن زۆر لەوانە باشتر نین. ئەوانیش، کاتێک مەسەلەیەکی وا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەمان تێڕوانینیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکانی خوێندەوار و نیمچە ڕۆشنبیر لە ناو ئەو حزبانەدا هەنە کە بڕوایان بە مافی ژنان هەیە، تەنها ژنەکانی خۆیان نەبێ!. پاش ئەوەش، ئەو حزبانە، چەند دۆڵ و شاخ و چەند دێیەکی کەمیان لەبەر دەستە و ناتوانن لەسەر ئەوەش پێک بێن کە بە ئاشتەوایی لەگەڵ یەکتردا بژین، جا چۆن لەو ئاستەدا دەبن کە بەرنامە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووانە دابڕێژن و کاری پێ بکەن".

مینا، یەکەم جاری بوو، گوێبیستی چیرۆکێک دەبێ کە خۆی قوربانییەکەیەتی. کە هەریاد لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە بووەوە، بەزۆر خۆی ڕاگرت، هەتا لە پرمەی گریان نەدات، دەمارەکانی قوڕگی، لە تێزانی گریان و حەسرەتدا، ڕەق هەڵگەڕابوون. بە هێمنی لە مەجلیسەکە هەڵسا و چووە ژوورەکەی خۆی. سەعادەت، هەستی بە تێکچوونی حاڵی مینا کرد و بە دوایدا چوو. کە دەرگای ژوورەکەی ئەمی کردەوە، بینی وا مینا سەری لە بالیفەکەی چەقاندووە و پڕ بە گەرووی دەگریێ. لەدیار مینا دانیشت و سەری خستە سەر ڕانی خۆی و لەگەڵ ئەودا کەوتە گریان و وتی: "کچەکەم مەگریێ، خۆ شوکر وا ساغ و سەلامەتی. ئەدی ئێمە، دایک و باوکی تۆ نینە". سەعادەت لەگەڵ ئەم قسانەدا، ڕوومەتە گوڵینەکانی مینای ماچ کرد و فرمێسکەکانی ئەوی سڕییەوە، پاشان لە سەر دڵدانەوەی بەردەوام بوو: "کچم، تۆ دەبێت شوکر بیت کە خەڵک باس لە ڕەوشت بەرزی و پاکی تۆ دەکەن و سەرزەنشتی تاوانکارەکان دەکەن. ئینشەڵڵا ڕۆژێک دادێ بە سەرێکی بەرز دەچیتەوە گوندەکەی خۆتان، ئەوساکە لە بەر چاوی دۆست و دوژمن هەموو ڕاستییەکان ئاشکرا دەبێت".

مینا، هەستاوە و دەستی لە ملی سەعادەت کرد. لە ئامێزیدا چەند ساتێک خۆی مات کرد تا ئارامی گەڕایەوە نێو گیانی، پاشان وتی: "دادە سەعادەت، بڕوا بکە ئەگەر ئەو کەسە خۆشم نەبوومایە و بەسەرهاتەکە هی کچێکی دیکەش بووایە، بەو ئەندازەیە کاری لێم دەکرد. کاک هەریاد، باسی چراخانی دەکرد کە بە چ شێوەیەکی ناشیرین و چەند بە غەدر، کوشتوویانە. من، لە ناخەوە بۆ ئەو دەگریام نەک بۆ مینا. چونکە مینا لە ناز و نیعمەتدا دەژی و خەڵک ئیرەیی پێدەبەن".

ئەو شەوە، بەر لەوەی بچنە نێو جێگە، کاک فەرهاد وتی: "کاک هەریاد، بەیانی نابێ بگەڕێیتەوە".

هەریاد: " بەخوا کاک فەرهاد، دەبێ بگەڕێمەوە، هەندێ ماڵە خزممان، هەشت ساڵە لە ئێرانن لە شاری نەغەدە دەژین، دەبێ سەردانی ئەوانیش بکەم".

بۆ بەیانییەکەی، سبەینێ زوو لە دوای نانخواردن، ماڵئاوایی لێیان کرد و بەرەو نەغەدە گەڕایەوە. کاک فەرهاد و سەعادەت خانیش، پاش ئەوەی، ڕووداوەکەی مینایان لە زاری هەریاد بیست، زیاتر لە جاران، بەزەییان بە مینا دەهاتەوەو دەستیان بەسەردا دەهێنا و خۆشەویستی خۆیانیان پێدەبەخشی. سەعادەت، شەونم و شەوبۆشی تێگەیاند، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە مینا بدەن، بەڵکە ڕابردووی خۆی لە بیر بکات و بەزەوق و خولقەوە لە ناخدا پێبکەنێ.

هەروەها سەعادەت پێی وابوو، ئەگەر پەیوەندی نێوان بەختیار و مینا، بچێتە بازنەی ئەویینداری، ڕەنگە ئەو وەختە، عەشق و خۆشەویستی، ببێتە مایەی خۆشی و دڵ کرانەوەی مینا.

## ٤٠

شەونم، ماوەیەک بوو دیقەتی دەدایێ مینا کەمتر لە جاران دەچێتە ژوورەکەی ئەمان و زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوە و ئامادەکردنی دەرسەکانی خۆیەتی. ئەم، لە لای خۆیەوە بڕیاری دابوو کە چیتر هەڵسوکەوتی نابەجێ و کاری نائاسایی، بەرامبەر بە مینا نەکات. بەڵام ناکرێ بە یەکجاری واز لە هەموو سەرچاوەیەکی خۆشی و گاڵتەوگەپ بێنن. نابێ پشت لە پێکەنین بکەیت و هەموو وەختێکت، هەر بە جددیات بەسەر ببەی. بە نەزەری ئەم، مینا بەرەو کەسێتییەکی ئاڵۆز دەڕۆیشت و زیاد لە پێویست، چەشە و خۆشییەکانی ژیانی لە خۆی حەرام کردبوو. گریمان ئەو لە ڕابردوودا تووشی هەندێ کێشەی سەخت و جەرگبڕ هاتووە، خۆ ئێستا لە هەموو گرفتێک دوورە. ئاخر چۆن دەبێت کچێکی ئاوا جوان و شۆخ، پشت لە ژیان بکاو وەک وشکە سۆفییەک، خۆشی لە خۆی حەرام بکا و باوەش بۆ داهاتوویەکی پڕشەنگدار نەکاتەوە. ئەوان هەردووکیان، ئێستا لە هەڕەتی جوانی و پێگەیشتنی



جەستەییدان، کەچی هیچ بابەتێکی تایبەت و پەیوەست بە نهێنییەکانی کچانەیان لە نێواندا نییە.

شەونم، ڕای وابوو کە کچان، بۆ دەربڕینی ناخ و خۆشەویستییان بەرامبەر جوانی سروشت و خەڵکی دەوروبەریان، پێویستە گۆرانی بچڕن و جاروبار تا جەستەیان شل دەبێ، سەما بکەن و هەڵپەڕن. ئاخر کچان، پێویستە لە هەندێ چرکەساتدا لە ڕێگەی سەما و هەڵپەڕینەوە، بە جووڵە و لەرزەی سینە و سمتیان، بە نیگای چاوەکانیان، بێ ئەوەی حەرفێک لە زاریان بێتە دەرێ، دەوروبەری خۆیان بدوێنن.

شەونم، لەبەر ئەوەی لە وردەکاریی ژیانی مینا شارەزا نەبوو، لە بیری خۆیدا دەیگوت: "ڕەنگە ئەو کچە، خەمێکی گەورەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێ، بۆیە کانیی پێکەنینی وشکی کردووە و لە هەموو شتێک خۆی دوور دەگرێ". پاشان هەر خۆی پەشێمان دەبووەوە و دەیگوت: "کچێکی، تاک و تەنیای دابڕاو لە کەس وکار و زێدی باو و باپیرانی، چۆن دەکرێ وەک ئێمە، دڵی بەهار بێنێ و پێکەنینی لێ ببارێ. خۆ ئەگەر من، لە شوێنی ئەو بوومایە، لەوانەیە هەر شێت بوومایە. پێویستە لەمەودوا، لە بەرامبەر مینادا کەمتەرخەم نەبم و منیش وەک دایک و باوکم، نازی هەڵگرم و بەزەیی بەسەردا ببارێنم".

ئێوارەیەکیان شەونم، لە دوای بەجێهێنانی ئەرکی قوتابخانە، حەزی کرد هەندێ گفتوگۆ لە بارەی ژیان و گرفتەکانی کچان بکەن. کە چووە ژوورەکەی مینا، ئێوارەباشی لێ کرد و وتی: "مینا گیان، خۆ وەختت هەیە، بۆ خۆمان هەندێ قسان بکەین".

مینا: " بەڵێ، بەڵێ شەونم گیان، دەبوو من، بێمە لای تۆ، توخوا بمبوورە".

شەونم: " لەگەڵ دەرسەکانت چۆنی. وا بزانم ئێستا گرفتی زمانت نەماوە".

مینا: " نا، شوکر زۆر باشم، تەواو لێی ڕاهاتووم".

شەونم: " ڕاستییەکەی مینا گیان، بۆ باس و خواسی دەرس و قوتابخانە نەهاتووم. ئەمرۆکە دڵم زۆر تەنگە، هاتووم بە قسەی خۆش دڵم بکەیتەوە".

مینا: " بە سەرچاو، پێت خۆشە باسی چیت بۆ بکەم".

شەونم: " خۆ لێم دڵگیر نابی ئەگەر پرسیارێکی ناخی دڵمت لێ بکەم".

مینا: "جا چۆن دڵم دێت لە خوشکی خۆم دڵگیربم. لەو دنیایەدا سەرپشک بە هەر پرسیارێک بە خەیاڵتدا دێ، بیکە".

شەونم: "دە کەواتە باسی سۆز و ئەڤین و سەما و گۆرانی و گوڵ و بەهارم بۆ بکە. حەز دەکەم بە چڕیی، باسی ئارەزووە شاراوەکانی ناخی کچان و هەموو شتە جوانەکانی ژیانم بۆبکەی".

مینا: " شەونم گیان، ئەو هەموو پرسیارە بەجارێک، تاک و نوێژی بەیانی، وەڵام نادرێنەوە. بەڵام دڵت ناشکێنم، بە پێی تێگەیشتنی خۆم، بە کورتی قسەیان لەسەر دەکەم. من، دەتوانم لە بارەی ئەحساسەکانی کچان ڕای خۆم هەبێ، وەلێ ڕاستییەکەی، من لە ژیانی خۆمدا هیچ یەکێ لەوانەم ئەزموون نەکردووە. تاکو ئێستاکە، پسپۆڕییەکەی من، لە خەفەت خواردن و فرمێسک هەڵڕشتن و گریانی بێدەنگ زێتر نەبووە، بۆیە من تەنها بە هەست و نەست لەگەڵ ئەو دنیا جوانانەدا دەژیم کە تۆ پرسیاریان لە بارەیەوە دەکەی. سەبارەت بە من، ڕەنگە لە ناخی ناخمدا، بەهەشتێکی لەو چەشنە هەبێ، ئەگەرنا دەمردم. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەتوانم بڵێم، من نەدارترین کچی ئەو سەر زەمینەم کە چرکە ساتێک لەو وەرزە خۆشانە، بە ژیانی مندا گوزەری نەکردووە. وەک گوتم من، تەنها بە ئەحساس هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرم دەکەم، تا ئەم وەختەش ڕێک نەکەوتووە لەو دنیایەدا خۆم بدۆزمەوە".

شەونم: " باشە لە بارەی گۆرانی و سەماکردن، چی دەڵێی".

مینا: " من لەوەتەی پێڕاگەیشتوومە، پێم شک نایێ بە دەم گۆرانیم چڕیبێ. بەڵام لە ناوەوەمدا، لەگەڵ بەسەرکردنەوەی خەمەکانم. لەگەڵ ناڵە و هەناسەی ساردی کچە شۆخ و بێ مرادەکانی لای خۆمان، من گۆرانی حەسرەت دەچڕم. لەگەڵ جوانیی سروشت و سەوزایی درەخت و لەگەڵ میهرەبانی و بەزەیی مرۆڤە پاکەکانیشدا، بە گریان خۆم لەگەڵیان ئاشت دەکەمەوە!

سەبارەت بە سەماکردنیش: من، پێم وایە سەماکردن، ئینسان لە وەسوەسە و ڕق و کینە پاک دەکاتەوە.. سەماکردن، جوانترین نمایشە کە ناخی مرۆڤەکان ئاشکرا دەکات.. ئەوانەی سەما دەکەن، هەمیشە سروشت، لە دیدی ئەواندا قەشەنگ و



دڵڕفێنە.. هەستیان ناسکە و دڵی خەڵک لەگەڵ خۆیان ئاشت دەکەنەوە. من خۆم، لە هیچ ئاهەنگێکدا نەچوومەتە ڕیزی شاییکەران دەست بگرم و هەڵپەڕم، وەلێ زۆر حەز دەکەم سەیری کوڕ و کچان بکەم، کاتێک کە پێکەوە سەما دەکەن و هەڵدەپەڕن. دەزانم سەماکردن، زمانی نهێنیپەرستەکانە.. خۆ پاکردنەوەیە لە گوناە.. وشە ڕاستەقینەکانی، ناخی مرۆڤن لە شێوەی جوولە دەفڕنە ئاسمان.. هەر کەسێک شایی و سەما نەکات، بەدبەخت و نەخۆشە!. من، قەت بواری ئەوەم نەبووە، بە جەستە شایی بکەم، بەڵام بڕوا بکە بە ڕۆح بەشداری سەماکەران دەکەم.. ترپەی دڵم، لەگەڵ ڕیتمی پێی ئەوان جووت دەبێت.. من لەو ساتانەدا، یەکێکم لەوان، بەڵام بە ڕۆح نەک بە جەستە".

شەونم: "مینا گیان، قسەکانت گەلێ ئارامبەخشن، چۆن گەیشتییە ئەو ئاستە کە ئاوا بە وشەی جوان، ناخی خۆت بشۆی. تۆ لە بەر چاوی مندا چەشنی دار خورما وای، لە خاکێکی گەرم و سوێردا، شیرنترین میوە بەرهەم دێنی. تۆ ژیانێکی تاڵت چەشتووە بەڵام ئەزموونی شیرنت بەرهەم هێناوە. ئێستا پێم بڵێ، قەت کەسێکت بەدڵدا چووە لە ناخەوە خۆشت بوێ".

مینا: " من، ئەزموونی خۆشەویستیم نییە، وەلێ دەتوانم باسی خۆشەویستیت بۆ بکەم وەک ئەوەی هەستەوەرەکانم پێم دەڵێن".

شەونم: " توخوا، هەندێک باسی خۆشەویستیی و دڵداریشم بۆ بکە".

مینا: " بە ڕای من، خۆشەویستیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، دوو جۆری هەیە:

یەکێکیان حەز و هەوەسە فیزیکییەکان ئاڕاستەی دەکەن و دوا مەبەست لێی، تێرکردنی ئەو ئارەزووانەیە کە هەردوو ڕەگەز پێویستییان پێی هەیە. هەر کاتێکیش گەیشتنە ئەو مەبەستە، ئێدی قەڵای ئەو خۆشەویستییە هەرەس دێنێت. ئەم جۆرە خۆشەویستییە ناتوانێ لەگەڵ گیرمە و کێشەکانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، تا سەر هەڵبکات و هەڵگرانی هەمیشە لە ژیاندا، تووشی داماوی و ڕەشبینی دەبن. لە کۆمەڵگە دواکەتووەکاندا زۆربەی پەیوەندییە خۆشەویستییەکان لەسەر ئەو بنەمایەدا دروست دەبێ، بۆیە دەبینین کە ژیانی خێزانەکان، پڕن لە توند و تیژی و پێکەنینی تێدا نییە!

جۆری دووەمیان:خۆشەویستییەکە، عەقڵ و هۆش، تێکەڵ بە ڕژێنی هەستەوەرەکانی مرۆڤ، ئاڕاستەی دەکەن. ئەو پەیوەندییە، پایەکانی لەسەر قوڵبوونەوە و لێک تێگەیشتن و پێزانینی بەهاکانی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی جوان، دامەزراوە. ئەم جۆرە خۆشەویستییە، لە نێو هەردوو ڕەگەزدا، لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، بەردەوام نوێ دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر یەکێکیشیان لە ژیاندا نەمێنێ، ئەوا خۆشەویستییەکەی، لە گۆڕەکەی و منداڵەکانی و هەموو ئەو شتانە بەرجەستە دەبێت کە ئەم، لە ژیانیدا خۆشی ویستوون. خۆشەویستییەکی ئاوا، هەمیشە بەرهەمەکەی خێزانێکی بەختەوەرە. خەم و ناخۆشییەکانیش، ڕێی جۆرە ماڵە پێنازانن!

شەونم: "مینا گیان، سوپاسی ئەو پەیڤە جوانانەت دەکەم، وەلێ داخوازییەکی دیکەم هەیە، من بە پێویستی دەزانم تۆ خۆت فێری شایی و سەما بکەی، ئاخر گەنجێکی شۆخی وەک تۆ، گوناحە شایی و سەما نەزانێ. تۆ لە هەموو شتێک بەهرەمەندی، بەڵام لە گۆرانی چڕین و هەڵپەڕکێ و سەما دەڵێی پیری شەست ساڵەی. کچێکی جوان و نازداری چەشنی تۆ، حەیف نییە، لە کاتی ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمدا، لە نێو پیرێژنان دانیشێ! دایکم دیگوت: "دەبێ میناش لەگەڵ گۆرانی و شایی و سەماکردن خۆی ڕابێنێ، بەڵکە لە خەم وخەفەتی ڕابردوو پاک دەبێتەوە". داوای لێم کردووە کە ئێواران، هەر لە ژوورەکەی خۆماندا، تۆزێک ڕاهێنانت پێ بکەم بۆ ئەوەی وەک هەموو کچێک فێرە شایی و سەما ببیت، تۆ دەڵێی چی".

مینا: " بەخوا شەونم گیان، ڕاستییەکەی من، ئیرەیی بەو کچانە دەبەم کە لە ئاهەنگەکان، تا شل دەبن، هەڵدەپەڕن و سەما دەکەن. زۆرم حەز لێیە فێربم. بەڵام ئاخر، بۆ من هێشتا جوان نییە لە بەر چاوی مامە فەرهاد و دادە سەعادەت، سەما بکەم. من وا دەزانم ، ئەگەر ئێستا ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە بکەم، ئەوان وەک مرۆڤێکی گێل حسێبم بۆ دەکەن".

شەونم: " جا بۆ وا بیر دەکەیتەوە. ئەسڵەن دایک و باوکم لەوە دڵتەنگن، چونکە تۆ لە تواناتدا نییە، بە سەر خەمەکانی ڕابردووتدا زاڵ بیت. تۆ لەبەر چاوی ئەواندا، تەسلیم بە خەمۆکی و بێ زەوقی بوویت. ئەگەر بزانن تۆ خۆت لە ڕابردووە تاڵەکانت ڕزگار کردووە، بێگومان ئەوانیش دەگەشێنەوە. تۆ وا دەزانی ئێستاش، هەر لە نێو



خێڵ و عەشیرەتەکەی خۆتدای. لە نەریتی ئێمەدا، گۆرانی و هەڵپەڕکێ بەشێکن لە ژیان، تەنها دەروون نەخۆشەکان بەشداری ئاهەنگ ناکەن. بۆیە پێویستە تۆش وەک چۆن لە هەموو شتێکدا لە پێشەوەی، ئاواش لە کەیف و خۆشی دەبێ لە پێشەنگدا بیت".

مینا: " بەخوا قسەکانت ڕاستن. (بەپێکەنینەوە) خەریکە دڵم نەرم دەبێت. ئەوە بڕیارم دا لە ئێوارێڕا دەست بە ڕاهێنان بکەم".

## ٤١

دە ڕۆژێک لە دوای سەردانەکەی (هەریاد)، پاش نیوەڕۆ بوو، مینا لەگەڵ سەعادەت لە مەتبەخەکە خەریکی قاپ شۆرین بوون. لە هیکڕا چەند پرسیارێکی لە بارەی کاک هەریادەوە بە مێشکدا هات، سەیرێکی سەعادەتی کرد و وتی: "ئەرێ دادە سەعادەت، ئەو کاک هەریادە، لەوە دەچوو لە لای ئێوە زۆر خۆشەویست بێ. پیاوێکی قسەزانیشە وانییە".

سەعادەت: " کچی خۆم، ئێمە لەو ساڵانەی دواییدا، میوانداریی کەسانێکی زۆری ئەودیومان کردووە، لە نێو پیاوەکاندا ئەو کاک هەریادە وەک کوڕ و برای ئێمە وابوو، لە ژنانیش تۆمان بە نسیب بووە، سەد سوێند دەخۆی دەڵێی خوشکی ئەوی. ئەوەندەمان خۆشدەویست، بەڵێنی ئەوەمان پێدا ئەگەر نەچێتەوە عیراق، گەلاوێژی بدەینێ، ئەوەندە لە گەڵمان دەگونجا".

مینا: " دیارە کەسێکی بەوەفایە، پێش ئەوەی سەردانی خزمەکانی بکات، ئێوەی بەسەر کردەوە. باشە ئەو شەوە هیچی تری نەگوت".

سەعادەت: " نا هەر ئەوە بوو کە گوێت لێی بوو، هیچی دیکەی نەگوت، بۆ".

مینا: " خەونم بە نەجیبەی خوشکمەوە بینیوە. لە خەومدا، لە شوێنێکی چۆل و دوور لە ئاوەدانی بە دوام کەوتبوو و هاواری دەکرد: " چرا بەجێم مەهێڵە منیش دێم".

سەعادەت: " کچم ئەوە زۆر غەریبی دەکەیت، بۆیە خەونی پێوە دەبینی، ئینشەڵڵا هیچ نەبووە".

مینا ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان ویستی بابەتی قسەکەیان بگۆڕێ، وتی: "ئەرێ دادە سەعادەت، تۆ ڕازی دەبیت، لەگەڵ بەختیار، بچمە ماڵی ئەوان. ئەو ڕۆژە، داوایەکی وای لێ کردم، منیش وتم تا پرسی دایکم نەکەم، وەڵامت نادەمەوە".

سەعادەت: " کچم، من بڕوام پێت هەیە بۆ هەرلایەک بچیت، بەڵام دەترسم خەڵک بە نهێنییەکانت بزانن. هەرچەندە ماڵی کاک ڕەحمان، جێی ترس نینە و ئایشەخانیش کەسێکی عاقڵ و تەواو ژنە. حەز دەکەی جارێک بڕۆ ئەوێ ئەگەر گومانی شتێکت کرد و عەقڵت نەیگرت، جارێکی دیکە مەچۆ، باش نییە".

بۆ بەیانی، وەختی پێش عەسرێ، مینا لەگەڵ بەختیار، چوونە ماڵی ئەوان. ئایشەخان، خەبەری هاتنی مینای هەبوو و چاوەڕێی هاتنی ئەوانی دەکرد. کە گەیشتنە ماڵەوە، مینا لە پێشدا چووە ژوورێ و دیتی ئایشەخان لە پێشوازییاندایە. سڵاوی لێ کرد و بەرەو لای چوو. ئایشەخانیش، وەک ئەوەی کچێکی خۆی لەمێژبێ لێی دابڕابێت، ئاوا باوەشی بۆ کردەوە و ماچی کرد. چەندین جار لەسەر یەک پێی وت: "یاخوا بەخێر بێی کچی خۆشەویستمان". هەموو چوونە ژووری میوانان دانیشتن.

بەختیار، لەخۆشییان دەجۆشاو، بە دایکی وت: "دایە گیان ئەوە میناخانە کە هەموو جارێ باسی دەکەم. بزانە کچە لادێیی ژیر و عاقڵترن یان هی شاری".

ئایشەخان: " میناخان کە منداڵ بوو لە ماڵی کاک فەرهاد بینیومە، بەڵام بەخوا ئێستا جوانتر و خوێن گەشترە. خۆ لە ئاهەنگەکەی پارەکە، لە ماڵی کاک ناسریش، شەوقی لە هەمووان بڕیبوو، بەس نەماندەزانی لە بەرچی شەرم دەکا و لە سەعادەت خان دانابڕێ".

ئایشەخان، هەر زوو مینای کەوتە بەر دڵ و وەک بووکی دوارۆژ، دەهاتە بەر چاوی. نەیدەزانی لە خۆشی هاتنی مینا چی بکات باشە. پڕ بە دڵ دەیگوت: "یاخوا بەخێر بێی، ماڵەکەمانت ئاوەدان کردەوە".

ئەو دەمەی ئەوان گەیشتنە جێ، (ڕۆژان) خەریکی جل شۆرین بوو. ئەمیش لە خۆشی هاتنی مینا، کارەکەی بە نیوە چڵی بەجێهێشت و بە پەلە هات بەخێر هاتنی مینای کرد و یەکتریان ماچ کرد. پاشان مۆڵەتی لە مینا وەرگرت و گەڕایەوە سەر



کارەکەی. ئایشەخانیش، ڕووی لە بەختیار کرد و وتی: "خۆ میناخان، بۆ ئێوارەکەی میوانی ئێمەیە".

بەختیار: " جا بۆ لە خۆی ناپرسی".

مینا: " دادە ئایشێ، بەخوا دەبێ بچمەوە، ڕاستییەکەی، ئەگەر بۆ ماڵی ئێوە نەبووایە، سەعادەت خان ئیزنی نەدەدام. با ئەو میوانییە بۆ جارێکی دیکە بێت، ڕۆژی خوای زۆر و زەبەندن".

ئایشەخان: " ئاخر بە قوربان، ئێمە بەوەندە دانیشتنە لە تۆ تێر نابین. دەبێ بەڵێنمان بدەیتێ کە ڕۆژێک لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە کنمان بیت".

مینا: " دادە ئایشێ، با ئەمڕۆ وابێت. من دەبێ پاش سەعاتێکی تر بگەڕێمەوە. بەڵام مەرجبێ جاری داهاتوو دڵت ناشکێنم".

ئایشەخان: " بەخوا هیوا و کامەران بێنەوە، زۆر سوویان دەبێتەوە، چاوی دایکیان کوێر بێت، چەندیان حەز دەکرد بتبینن، ئەمڕۆکە لەگەڵ باوکیان چوونەتە دەرێ، ڕەنگە تا ئێواریێ نێنەوە".لە شوێنی خۆی هەڵسا و چووە دیار سەماوەرەکەی، خەریکی سازکردنی چای بوو.

بەختیار بە مینای وت: " ئەو ڕۆژە سەردانی کاک (فەرەیدون مرادی)م کرد، زۆر گازاندەی هەبوو و دەیگوت بۆ دیارنینە تا بۆ خۆمان هەندێک باسی ئەدەب و ڕۆشنبیری بکەین. منیش لەلای خۆمەوە، سووکە وەعدێکم پێی داوە، جا نازانم تۆ دەڵێی چی".

مینا: " بەختیار گیان، ئیشێکی باشت کردووە، بەڵام من دەبێ پرسێکی ماڵەوە بکەم، وانییە. چونکە نابێ بێ پرسی ئەوان پەیوەندییەکانم فرەوان بکەم، هەرچەندە لە من دڵنیان و گومانی هیچم لێ ناکەن، بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ تۆ بم".

بەختیار: " کارێکی چاک دەکەی، بەڕاستی مام فەرهاد و سەعادەت خان، هەردووکیان مرۆڤی میهرەبان و بەڕێزن، منیش پێم باشە هیچ کارێک بە بێ ئاگاداری ئەوان نەکەیت".

لەو دەمەدا، ڕۆژان هاتەوە ژوورێ و لە تەنیشت مینا دانیشت و وتی: "بەخوا مینا گیان، موشتاقی دیتنت بووین، کاکە بەختیار، زۆر وەسفی ڕێکوپێکی تۆی بۆ

کردووین، توخوا زوو زوو سەرمان لێ بدە".

مینا، گەیشتە قەناعەت کە بەختیار لە ماڵەوە بەناوی خۆشەویستی، هیچ شتێکی نەدرکاندووە و تەنها لە بواری هاوڕێیەتی باسی ئەمی کردووە. بێگومان ئەمەش، لە ژیریی بەختیارەوەیە کە وەک هەرزەکارێک نەجووڵاوەتەوە. لە دوای چای خواردنەوە، مینا ڕووی لە ئایشەخان کردو وتی: "ئایشەخان، ئەوجا کاتی ئەوەیە بگەڕێمەوە، با قسەکانی دیکە بۆ دانیشتنێکی تر هەڵگرین. پاشان بە بەختیاری وت: "هاوڕێ، هەتا نزیک ماڵەوە لەگەڵم دێیت وانییە!".

بەختیار لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: " فەرموو مینا خان، ئەدی چۆن نایەم".

خواحافیزییان کردو گەڕانەوە.

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا مینا وای بە چاک زانی، هەندێ بابەتی تایبەت، لەگەڵ بەختیار باس بکات. کە لە سەر کووچەکە سووڕانەوە وتی: "بەختیار گیان، وادیارە خانەوادەکەی ئێوە زۆر ڕێکوپێکن. تۆش ئەوەندەی من بزانم، زۆر پابەندی هاوڕێیەتی من بووی. لێرەدا پرسیارێکم هەیە: " ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەندێ زانیاریی ناڕیک لە بارەی منەوە ببیستی. دەستبەردارم دەبیت یان نا".

بەختیار: "مینا گیان، وابزانم جارێکی دیکەش، ئەو مەسەلەیەم بۆ ساغ کردیەوە، بەلاّم بۆ دڵنیابوون، من دیسان دەیڵێم کە هەموو شتێکی تۆم قبووڵە، جا هەرچیت کردبێ یان پێیان کردبیت. من وادەزانم کە تۆ، لە بارێکی نائاساییدا دەژیت و ڕەنگە لە کارەساتێکی ترسناک ڕزگارت بووبێ، بەلاّم لەوەدا بەختەوەریت کە چارەنووست کەوتۆتە باوەشی ماڵێکی خانەدان و کەسانێکی شەرەفمەند و مرۆڤپەروەر. من هەر ئەوەندە دەڵێم: حەز دەکەم شارەزاییم لە ژیانی ڕابردووت هەبێ، تا بتوانم یارمەتیت بدەم، نەک بۆ ئەوەی هەڵوێستی لە سەر دروست بکەم. ئێستاش تۆ خۆت دەزانی، هاوڕێیەتی و دڵسۆزی من، لە چ ئاستێکدایە. ئایا بە کەڵکی ئەوە دێم، زیاتر لە نهێنییەکانت بزانم یان نا. ئەمەیان بۆ خۆت دەگەڕێتەوە".

مینا: " ئەگەر هەندێ لە ڕاستییەکانی ژیانی خۆمت بۆ باس بکەم، نابێ جگە لە خۆت کەسێکی دیکە بیزانێ. چونکە بە بچووکترین هەڵە، ژیانی من و ماڵی مامە فەرهادیش، دەکەوێتە ژێر باری مەترسی. با پێت بڵێم کە من، ناوم مینا نییە و





خەڵکی کوردستانی عیراقم. بە هۆی کارەساتێکی گەورەوە، لە خزم و کەسم دابڕاوم و سەرگەردانی ئێرە بوومە. ئێستاش، خەڵکانی خزم و عەشایەری خۆمان، وا دەزانن کە من مردوومە و بوومەتە خۆراکی قەل و داڵی کێوەکان. جارێ ئەوەندە بزانە بەسە، بۆ ئەوەی لە هەموو گۆڕان و ڕووداوەکاندا بەرچاوت ڕوون بێ و بتوانی یارمەتیم بدەی. حەز دەکەم ئەوەش بزانی کە من، پڕ بەدڵ تۆم خۆشدەوێ، چونکێ وا دەزانم تۆ شایەنی ئەوەیت، دڵی داخراوی چەند ساڵەم بۆت والآکەم. ئەوەی من لە تۆم دەوێ ئەوەیە: با ئەو خۆشەویستییە هەر لە ناخماندا بێت تا ڕۆژی خۆی دادێت. پەیوەندییەکانمان، با هەر ئاوا لە بەر چاوان، لە چوار چێوەی هاوڕێیەتی بێت".

بەختیار لەگەڵ ئەو بوێری و بڕوابەخۆبوونەی مینا، لە ناخدا ڕاچەنی و زیاتر لە جاران کەوتە ژێر کاریگەریی عەقڵ و خۆشەویستییەکەی. لە وەڵامی قسەکانی مینادا وتی: "مینا گیان، من، ئێستا بەختەوەرترین کەسی سەر ئەو زەمینەم.. من وا دەزانم جارێکی تر لە دایک بوویمەوە. بەدەستهێنانی خۆشەویستی تۆ بۆ من، مەزنترین بەهایەکە کە ماوەی ساڵێکە خەونی پێوە دەبینم. من کە لە گۆشەیەکی دڵی تۆدا جێگەم هەبێ، ئێدی بەسمە و تۆ دنیا و ژیانی منی. دەبێ هەموو هەوڵ و تێکۆشانم لە ژیاندا لە پێناوی بەختەوەری تۆ بێت. خەمت نەبێ لە دوای ماڵی کاک فەرهاد، من فریادڕەسی تۆ دەبم".

مینا ویستی بابەتەکە بە ئاڕاستەیەکی دیکە ببات، بە دەنگێکی نەرم وتی: "ئەرێ بەختیار گیان بەڕاست، دایکت زۆر سەیر لە منی دەڕوانی. دەتگوت سەیری بووکی خۆی دەکات، چەند بەتام ماچی دەکردم!"

بەختیار بە پێکەنینەوە وتی: " دیارە فریشتەکان خەبەریان داوەتێ کە لە دوارۆژدا یەکێک لەوان دەبێتە بووکی ئەو!"

مینا بزەیەکی هاتێ و وتی: " دیارە منیش یەکێک لە فریشتەکانم. خۆ من بەو ئەندازەیە جوان نیم".

بەختیار: " دیارە لە ئاوێنەکەی ماڵەوە سەیری خۆت ناکەی. با پێت بڵێم، هەموو شتێک لە تۆدا جوانە. تۆ بەشێکی گەورەت لەو جوانییە بەر کەوتووە کە خواوەند بە سروشتی بەخشیوە. کاتێک کە لە شتان ڕادەمینێی، هەموو بەرامبەرەکانت لە

مەزنیی و پاکیی، مرۆڤی ڕاستەقینە دەگەینی. تۆ لەو دەمانەدا، تابلۆیەکی دەستکردی ئاسمانی، هەزار و یەک واتا لە ڕەنگ و ڕوخسارتدا خۆ دەنوێنن. تۆ ئەو کەسەی کە دەوروبەرت، کتێب ئاسا، هەر چەند دەتخوێننەوە زیاتر مانایان پێدەبەخشی. بەڵام مەرجە ئەو خەڵکانە، ئەهلی زانین و تێگەیشتن بن، نەک خەڵکێکی کاڵفام و نقومبووی جەهالەت".

مینا: " وا گەیشتینە ماڵەوە، حەز دەکەی چاک و چۆنییەک لەگەڵ سەعادەت خان بکە، ئەوجا بگەڕێوە".

کە چوونە ژوورەوە، بەختیار بە سەعادەت خانی وت: "ئەوا ئەمانەتەکەم بۆ هێنایەوە". نەختێ پێکەنین، پاشان ماڵئاوایی کردو گەڕایەوە.

## ٤٢

مینا، بە تەواوی لەگەڵ ژیانی تازەی ڕاهات. لە نێو خانەوادە و دۆست و هاوڕێکانیدا، ڕێز و حورمەتێکی زۆری لێ دەگیرا، بەتایبەتی لە لای ئەوانەی کە نەختێک لە نهێنییەکانی ئەمیان دەزانی. ساڵێکی دیکەی خوێندن وا خەریکە بەرەو کۆتابوون دەچێ. میناش ئێستا کەسێکی بیر کراوەیە و توانیویەتی لە دەرگای دنیای هزر و ڕۆشنبیری بچێتە ژوورەوە و گۆڕانێکی تەواو بەسەر دید و بۆچوونەکانی، سەبارەت بە ژیان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هاتووە. هەرچەندە گرفتە دەروونییەکانی خەریکە وردە وردە کاڵ دەبنەوە، وەلێ سەرەڕای ئەو بەرەوپێش چوونەش لە ژیانیدا، هەرگیز لە بیری نەدەچوو کە لە ژیانی منداڵی خۆی دابڕاوە و ئێستا وەک مرۆڤێکی بێ ڕەگوڕیشە وایە.. دەڵێن: مرۆڤ بەندەی ڕابردووی خۆیەتی. ئاخر چۆن دەتوانێ، یادەوەرییەکانی منداڵی خۆی لە بیر کات. ئەگەرچی ئەو یادەوەرییانە لە تەک شتە جوانەکاندا، پڕن لە تاڵی و سوێری.

نەهامەتییەکانی ژیانی مینا، لەو دەمەوە سەریان هەڵدا کە دایکی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. هێشتا منداڵ بوو کە چارەنووسی کەوتە دەست باوەژنێکی بێ ویژدان. لە هەموو وەختێکدا بە گژیدا دەهات و سەرکۆنەی دەکرد. پاش ئەوە لەبەر خوێندنیان دەرهێنا و وەک کارەکەرێک لە ئیش وکاری ماڵەوەیان بەردا. دوا جاریش، گەورەترین بوختانیان بۆ هۆنییەوە و تووشی سەرگەردانی هات. ئەم ڕابردووە لە ژیانی مینا



ئەگەرچی لێوانلێو بوو لە تاڵی و مەرگەساتی، بەڵام دواجار بەشێکن لە ژیانی ئەم و ناتوانێ لێیان داببڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی دەدا لەگەڵ ژیانی تازەی خۆی ڕابێنێ.

مینا ئێستا، بەخت یاوەریەتی و کەوتۆتە کۆشی خانەوادەیەکی نموونەیی. هەموو ڕێگاکانی ژیانێکی خۆشی، لە بەردەم والایە. وەک ئازادترین کەس، ژیانی ڕۆژانەی دەگوزەرێنێ. وەلێ لەگەڵ ئەو ڕاستییانەشدا، ژیانی خۆی بە درەختێک دەچواند، ڕەگوڕیشەکەی لە گوندەکەیانە و لق و پۆپ و گوڵەکانیشی لەم شارەیە. ئەم پێی وابوو کە دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لق و پۆپەکان بۆ ڕەگوریشەیان بگەڕێنەوە. هەرچەندە درەختی ژیانی ئەم، لە نەزەر خزم و کەسوکاری گوند و عەشیرەتەکەیدا، لە ڕیشەوە هەڵکەندرابوو.

مینا، هەنووکە، سەرەڕای بەجێهێنانی ئەرکەکانی قوتابخانە و یارمەتیدانی سەعادەت خان، هەموو شەوان خەریکی خوێندنەوەی کتێبە و هەوڵ دەدا مێشکی بە زانست و زانیاری گۆش بکات. چەندین سەرچاوەی لە بابەتی ئەدەب و فکر و کۆمەڵناسی پەیدا کردووە. یەکێ لەو کتێبانەی کە کاریگەرییەکی بەتینیان لە سەر کەسێتی ئەمدا بەجێهێشت، ڕۆمانی (ریشەها)ی نووسەری گەورە (ئەلیکس هیللی) بوو. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە زۆر لە خەمە گەورەکانی ئەمیان کەم کردەوە. مینا کە وێنای ژیانی مرۆڤە ڕەشپێستەکانی ئەفریقای دەکرد کە بە چ وەحشییەتێکەوە، سپیپێستە ئەوروپایی و ئەمریکاییەکان وەک مێگەل ڕاپێچیان دەکردن و بە سواری کەشتییە زەبەللاحەکانیان، بە کۆیلە بەرەو ئەمریکایان دەبردن. هەزاران خێزان لێک دادەبڕان و بۆ هەتا هەتایە یەکدییان نەدەبینییەوە. ئەو ئینسانە ڕەشانە، لە ئاژەڵیش کەمتر ڕەچاوی مافەکانیان دەکرا. قورسترین کاریان لە ناو کێڵگە و کارگەکان پێ دەکردن. لەگەڵ گەزەنگی خۆرەتاو تا زەردەی خۆرئاوا، نابووایە پشت ڕاستکەنەوە. کاتێکیش کە تاقەتیان لە بەر نەدەما و لە کار دەکەوتن، وەک کاڵایەکی بێ نرخ فڕێیان دەدان!

مینا کە ئێش و ئازاری ئەو مرۆڤانەی بە هی خۆی بەراورد دەکرد، لەلای خۆیەوە دەیگوت:من، لە لایەن چەند کەسێکی نەفام و نەزان، ئەو غەدرانەم لێ دەکرا، بەڵام ئەمەیان سیستەمێکی گەورەی جیهانی بەڕێوەی دەبرد کە لە یەک کاتدا، ملیۆنان

کەسی وەک چراخانیان دەهاڕی.

مینا، چەندین شەو بۆ خۆی و ئەو مرۆڤە بێچارانە فرمێسکی دەباراند. لەگەڵ خوێندوەی هەر شاکارێک، هزر و بۆچوونەکانی تازە دەبوونەوە و کەسێتییان بە هێزتر دەکرد. هەنووکە ئەم، زانیارییەکی پوختەی لە سەر جیهان و ئەو (کەون)ە بەرینە هەیە. ژیانی مرۆڤەکان و مێژووی جەنگ و شارستانییەتەکان شارەزا بووە. دەزانێ جوگرافیای سروشتیی ئەو دنیایە چۆنە و وڵاتەکەی لە کوێوەی ئەو جوگرافیایە دایە. مێژووی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، چۆن هاتووە و کێشەکانی هەر کۆمەڵگەیەک چییە و چۆن ڕێگەچارەیان بۆ دۆزراوەتەوە. لەگەڵ کرانەوەی هزریدا، گومانی لە سەر هەموو ئەو بیرو بۆچوونە سادە و بێ بناغانە پەیدا کرد کە پێشتر لە دەوروبەریدا فێریان ببوو.

کاک فەرهاد، زۆر دڵی خۆش بوو کە دەیبینی مینا، ئەوها عەشقی کتێب بووە. ئەم، بەخۆیشی لە وەختی گەنجییەتیدا، بە دوای کتێب و خوێندنەوەدا دەگەڕا. بەڵام لە دواییدا، گرانی و زەحمەتییەکانی ژیان، پاشەکشەیان پێی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم، نرخی کتێب دەزانێ و ئەو چەند کتێبەشی کە هەیە، هی ئەو ڕۆژگارەنە.

کاک فەرهاد، دەیزانی کە هاوڕێ و برادەرەکانی مینا، هەموویان لەو کەسانەن کە بایەخ بە ڕۆشنبیری دەدەن. لە بیری خۆیدا دەیگوت: تەنها کتێب دەتوانێ، ڕووداوە کارەساتبارەکان لە یادەوەریی مینا بسڕنەوە، بۆیە پێویستە هانی بدەین و ئەو کەشەی بۆ بڕەخسێنین کە پێویستیی پێ هەیە!

٤٣

نیوەڕۆی ڕۆژێکی ناوەڕاستی مانگی ئادار بوو، مینا زوو لە قوتابخانە گەڕایەوە، جلەکانی گۆڕی و چووە کن سەعادەت لە مەتبەخەکە. سەعادەتیش، بەخێرهاتنەوەی کرد و وتی: "مینا گیان، دەزانم زۆرت برسییە، وەرە با نەختێ گۆشتاو و باڵە مریشکێکت بۆ تێکەم، هەر بەپێوە بیخۆ".

مینا: " ئای دەستەکانت خۆش بێت دادە سەعادەت، بەخوا سبەینێ ئێشتیام نەبوو، ئەوە زیاتر لە سەعاتێکە تەواو برسیم بووە".

سەعادەت: " ئێوارێ دەچینە ماڵی کاک (جەمالی موفتی زادە). ئاهەنگی ژن



گواستنەوەیان هەیە و داوەتی ئێمەشیان کردووە. بەڵام مینا، ئەوجارە دەبێ وەک کچانی سابڵاغی شایی و سەما بکەیت و بە کەیف و زەوق بیت. ئەو ماڵە زۆر دۆستی ئێمەن و نابێ هیچ شەرم بکەیت. وابزانم گۆرانیبێژێکی ژنیان لە شاری سنەوە هێناوە ناوی (پەروینی غازی)یە. دەڵێن دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە. جا دەبێ تۆش، خۆت جوان بڕازێنیتەوە، تا خەڵکەکە بڵێن: کچەکانی سەعادەت، جوانی ئەو شارەیان بۆ خۆیان زەوت کردووە".

مینا: " ئاخر خۆ من شایی نازانم".

سەعادەت: " وابزانم ماوەیەکە شەونم، شەوان، هەندێ ڕاهێنانی پێ کردووی. پاشان خۆ شاییکردن، ئەوەندە زەحمەت نییە کە چوویتە ڕیزی شاییکەران، دوای کەمێک هەڵپەڕین لە نێو دەستی ئەو کچە شۆخانە، هەر ئاگاشت لێ نییە دەبینی وەک ئەوان هەڵدەپەڕی".

مینا: " باشە با بزانین چۆن دەبێت. شەونم هەندێکی فێرکردوومە (بە زەردەخەنەوە) ئێواران لە ژوورەکەی خۆم پرۆڤەم پێدەکات. دوێنێ دەیگوت: بەخوا ئێستا لە ئێمە جوانتر سەما دەکەی. ئەوجارە خۆم تاقی دەکەمەوە".

سەعادەت: " کچم شەرم مەکە ، منیش کە گەنج بووم، شاییم زۆر دەکرد".

ئێوارێ چەندین خێزان، بۆ ئاهەنگ گێڕان ئامادە بوون. ماڵی کاک جەمال لە خانوویەکی گەورەدا دەژیان. ئەوان هەر لە بنەڕەتدا هەبووە و خاوەن موڵک بوون. ژوورە گەورەکەیان بۆ مەبەستی سازکردنی ئاهەنگەکە ئامادە کردبوو. لە ناو چیمەنەکەی حەوشەشدا، ژمارەیەکی زۆر کورسییان دانابوو. لە نێو ژووری ئاهەنگەکەدا، ژنان لە لایەک دانشتبوون و پیاوانیش لە بەرامبەریان. تیپی موسیکوانەکان، لە سێ کەس پێکهاتبوون و هەرسێکیشیان ژن بوون. پەروینی گۆرانیبێژ کە خۆی دەفەکەی لێدەدا، لەگەڵ دوو کچ، یەکێک بە تار و ئەویدیکەش بە ساز، ئاهەنگەکەیان دەگێڕا. هەرسێکیان بە جلی ڕەنگاوڕەنگی کوردی و هەوریی لاریان، دیمەنێکی قەشەنگیان پیشان دەدا و شارەزایی و ئەزموونێکی زۆریان، لە گێڕانی ئەو ئاهەنگە خێزانییانە هەبوو. بەڵام دەبوو ئاگاداری ئەوەش بن، ئیتیلاعات و پیاوانی ڕژێم پێیان نەزانن، هەرچەندە لە کوردستاندا نەختێک بواری گۆرانی و

مۆزیک هەبوو و وەک باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆیان کۆنترۆڵ نەدەکرا. جگە لەوەش، دەسەڵاتی ئیسلامی هەر لە بنەڕەتدا کوردی سوننەیان پێ موسڵمان نەبوو، بۆیێ لە شارە کوردنشینەکان لەو ڕووەوە زۆر بە دوای جێبەجێ کردنی یاساکانیانەوە نەبوون.

ئەو سێ کچە، بە جل و بەرگی ئاڵو واڵای کوردی خۆیان ڕازاندبووەوە. هەر یەکە و هەورییەکی هەورەمانی بە لاری لە سەرنابوو. دیمەنی دەست و پەنجەی ئەوان، هەر لە خۆیان دەهات.. شێوەی دانیشتن و غەمزەی چاوەکانیان، لێوانلێو بوون لە عەشق و ئەوین. مەجلیسی ئەوان، گۆشەیەک بوو لە خۆشییەکانی بەهەشت. دەبووایە هەموو کچ و کوڕانی ئامادەبوو، دوو دوو پێکەوە لەگەڵ بەزم و زرمەی موسیقای ئەوان، تاوێک سەما بکەن. کوڕان و کچانی ئەوێ، لە ژێرەوە گرێبەستی بەیەکەوە سەماکردنیان بەستبوو. مینا ئەم یاسا و ڕێسایانەی تەنها بە قسە گوێ لێ ببوو. کاتێک کە لەو کەشە سیحرئامێزەدا خۆی دۆزییەوە، هەموو دەمارەکانی جەستەی بزاوتن و تەوژمێک لە خۆشی و شادی تێکەڵ بە خوێنی بوون.

ئاهەنگەکە بە گۆرانییەکی نەرم دەستی پێ کرد، ئاوازەکە هی شایی گەڕیان بوو:

هەی لاوە لاوە، بەرخەکەم لاوە

ئای لە دوورییەکەو جەرگم سووتاوە..

لەگەڵ زرمەی دەنگی دەفەکە، دوو خوشکی زاوا (شەهێن و شەهلا) بە جووتە هاتنە نێو بازنەی ئاهەنگگێڕان و لەگەڵ ڕیتمی دەفەکە کەوتنە لەرزین و خۆبادان.. ئەوان دوو کچی سینەپان و ناوقەد باریک بوون. نەرم، نەرم گەمەیان بەجەستە و دڵی لاوەکان دەکرد.. عیشوە و ناز لە لەشولاریان دەباری. دەنگی ناسک و پڕ نەبرەی پەروینیش، دەتگوت سروەی دەمەو سەحەری بەهارانە، ورد ورد بە دەماری جەستەی ئامابووواندا دەچووە خوارێ و تێکەڵ بە خوێنیان دەبوو. ئەو شەوە بە هەق، شەوی عاشقان بوو!!

لە دوای سێ بەند لە گۆرانی گەڕیانەکە، ئاوازەکەیان خستە سەر ڕیتمێکی خێرا:

خەڵکان داویانە ماڵ و ماڵداری

منیش داومەتە عەشق و دڵداری



شەهێن و شەهلا، هەردووکیان، بە یەک هەناسە و لە یەک کاتدا، خۆیان دەچەماندەوە و قیت دەبوونەوە، جەستەیان شلک و لەبار بوو.. دەمێک بە بەرز و نزم بوونەوە و هەڵتەکاندنی سینە و دەمێک بە لەرزەی سمت و کەفەڵیان، ئامادەبووانیان خستبووە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنە.. ئەوانە لە دوو فریشتەی خودایی دەچوون کە بە جوانیی و جوولەی واتاداریان، خەم و خەفەتی دەوروبەریان ڕادەماڵی.

دەنگی پەروین، نەرم و حەلقەدار بوو. بە ناسکترین شێوە، ئاوازەکان لە گەروویدا دەهاتنە دەرێ و خەڵکەکەی سەرمەست دەکرد. دەنگی تار و سازەکەش کەشێکی هەستبزوێنیان خوڵقاندبوو، دەتگوت ئاوازەکانیان لە ڕۆحی ئامادەبووانەوە هەڵێنجاوە!

بەدوای خوشکانی زاوا، کچ و کوڕێک نۆبەتیان لێ وەرگرتن، ئەوانیش دەمێک دەستی یەکتریان دەگرت و دەمێکیش دەست لە ناوقەدی خۆیانەوە، بە سەما یەکدییان دەدواند.

مینا، لەو ساتانەدا، بە تەواوی لە ڕابردووی خۆی دابڕابوو، بە هەموو هەست و نەستییەوە تێکەڵاوی بەزمی ئەو ئێوارەیە ببوو. حەزی دەکرد، زوو نۆرە بێتە سەر ئەمان. لەگەڵ شەونم تەگبیریان وابوو، پێکەوە نۆبەتە سەمای خۆیان بکەن. ئاخر ئەم سەماکردنە، جۆرێک لە پێشبڕکێ لەخۆ دەگرێ کە داخوا کامە دووانەیان، جوانتر سەما دەکەن و سەرنجی ئامادەبووان بۆ خۆیان ڕادەکێشن.

مینا دەیویست، گرەوی جوانیی و گەییشتن بە لووتکەی سەرمەستکردنی ئامادەبووان، بباتەوە. کە نۆرەیان هات، هەردووکیان، وەک دوو ئاسکی سرک و لەش سووک هاتنە نێوەندی ئەڵقەکە. پەروینی غازی کە چاوی بەدیمەن و لەش ولاری مینا کەوت، ئاوازەکەی گۆڕی و لەسەر ڕیتمێکی خێراتر گۆرانییەکی دیکەی چڕی:

مەلەر مەلەرزە هێ گوڵم مەلەرزە

شەمامەکانت حەوت ڕەنگ و تەرزە

ماچی گۆناکەت بۆ عاشق فەرزە

مینا و شەونم، جارێک سینەیان لێک دەخشاند و پاشان سێ هەنگا و بەرەودوا لێک دوور دەکەوتنەوە.. وەک دەروێشی تەریقەت، غەرقی زیکری عەشق و ئەوین

ببوون.. دەمێک بە لەرەی سینە و دەمێک بە هەڵبەزی سمت و کەفەڵیان، خەڵکەکەیان جارێکی دیکەش هێنایەوە جۆش و تێکڕا نیگای چاوەکانیان بڕیبووە ئەو تەقسە سیحراوییە.. ئەم شەوە مینا، وەک هەورێکی ژانگرتووی ئاوتێزاو، خەم و خەفەتی ڕابردووی نێو دەروونی دەباراند.. چ شانە و شادەماری جەستەی هەیە، لە شادییدا هاتبوونە گۆ.. سەردەمانێک، شەونم ماندوو ببوو، ئەویش وەک خەڵکەکە لە مینای دەڕوانی. هەرسێ ئاهەنگ سازەکان، لە نەشئەی سەما و هەڵپەڕینی مینادا، بە پێوە مۆزیکیان دەژەند. پەروین، لە تەک مینا، دەفەکەی بەرز و نزم دەکردەوە و زرمەی لێوە دەهێنا. بەدەم گۆرانی چڕینەوە، بەشان و مل، هاوسۆزی خۆی بۆ مینا بەیان دەکرد. مینا کە هەستی کرد، ئەو شەوە شەوی وییە، خەڵکەکە بەپێوە سەرسامانە زەینیان چڕ کردووەتەوە سەر ئەم و شەونمیش ئێستا تەماشاکەرە. ماوەیەکی چاک لە سەماکردن بەردەوام بوو تا لە هەلێکا کۆتایی بە سەماکەی هێنا و بەکپی بۆ لای سەعادەت چوو. پاشان ژن و مێردێکی تازە هاوسەر، دەستیان کردە سەما و درێژەیان بە ئاهەنگەکە دا. سەعادەت، مینای لە باوەش گرت و وتی: " زۆرت ئارەقە کردووە، هەی ماڵەکەم".

شەهێن و شەهلا، بەجوتە چوونە کن سەعادەت و مینا، بەدوای یەکدا دەستیان لە ملی مینا کرد و ماچیان کرد. پاشان شەهێن، ڕووی لە سەعادەت کرد و وتی: "بەڕاستی ئێمە منەتباری ئێوەین کە کچەکانت، لە ئاهەنگی ئێمەدا ئاوا بەدڵ و بە گیان، ئەو سەمایە جوانەیان پێشکەش کرد. ئێمە خۆشحاڵین بە ناسینی میناخان کە ئەم شەو دەڵێی مانگی نێو ئەستێرانە. ماشەڵڵا هەرجوانی لێ دەبارێ".

سەعادەت: " ئێمەش، سوپاسی ئەو هەستە جوانەی ئێوە دەکەین. ئێمە خۆمان بە دۆست و دڵسۆزی ئێوە دەزانین. لە ڕۆژێکی ئەوهادا، پێویستە وەک کەسوکاری ئێوە پێخۆشبوونی خۆمان دەربڕین".

شەهێن: " حەز دەکەین لە ڕۆژانی داهاتوودا، یەکتر ببینینەوە، جارێ داوای لێبووردن دەکەین ، دەبێ مشووری میوانەکان بخۆین".

درەنگی شەوێ، ئاهەنگەکە کۆتایی هات و میوانەکان بۆ ماڵی خۆیان گەڕانەوە. ماڵی کاک فەرهاد کە گەیشتنەوە جێ، ماوەی چەند خولەکێک لە ژووری میوانان



دانیشتن. فەرهاد وتی: " ئاهەنگێکی خۆش بوو ها. وابزانم تێرتان سەما کرد!"

سەعادەت: " تۆ لە دەرەوە بوویت، لە ناو چیمەنەکە لەگەڵ کۆمەڵێ پیاو دانیشتبوون، ئاگاداری بەزم و ڕەزمی ژوورەوە نەبوویت، وانییە".

فەرهاد: " بەڕاستی کە وتیان کچەکانی سەعادەت لە هەمووان جوانتر سەما دەکەن. خۆم پێ نەگیرا و هاتم لە پەنجەرەکە سەیرم دەکردن. وەختێ کە مینام بینی، ئاوا پڕ بە هەست و لەناو دڵەوە هەڵدەپەڕێ، زۆر دڵخۆش بووم. مینا ئێستا لە بەرچاوی مندا، کەسێکی ئاساییە و گرێی دەروونی کراوەتەوە".

مینا: " بەخوا مامە، ئەوە یەکەم جارمە لە ئاهەنگان بەشداری بکەم و سەما بکەم. بەڵێنیشم بە دادە سەعادەت دابوو کە ئەم شەو وەک باقی کچەکان سەما بکەم. لە کاتی سەماکردنەکەشم، بۆ ئەوەی فەشەل نەبمەوە، هەموو هەست و بیرم خستبووە سەر جوولەی جەستەم و دەنگی دەفەکە. وامدەزانی لەو ژوورەدا بە تەنهامە. ئیدی نازانم سەماکردنەکەم لە جێی خۆی بووە یان نا!. خۆ ئەگەر بە نەزانیش هەڵپەڕیبم، لێم ناگیرێ چونکە تازە فێردەبم".

سەعادەت: " بەخوا کچم، من دەیان جار بە گەنجییەتی سەمام کردووە، بەڵام قەت وەک تۆ، لێم نەهاتووە!"

## ٤٤

هەر لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمەوە، بەختیار لە یەکێ لە دەبیرستانەکانی شاری مهاباد، بە مامۆستا دامەزرابوو. ئەو سێ مانگە، نەختێک لە خەرجییەکانی ماڵەوەی لە ئەستۆ گرتبوو و هەموو مانگێکیش بەشێک لە مووچەکەی دەدایە لا، بەڵکە ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ کارێکی پێویست سوودی لێ وەربگرێ. بە هۆی هاوڕێیەتی و پەیوەندی بتەوی لەگەڵ مینا، دۆستایەتی هەردوو خانەوادەکە لە جاران بەهێزتر ببوو.

سێ ڕۆژ لە دوای ئاهەنگەکەی ماڵی کاک جەمالی موفتی زادە، بەختیار و مینا پێکەوە سەردانی فەرەیدون مرادییان کرد. پاش کەمێک قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە، فەرەیدون زەینی کەوتە سەر مینا و بەردەوام لێی ڕادەما و چاوی لەسەری

هەڵنەدەگرت. ئەم جۆرە تێڕامانە لە کن مینا، کارێکی لە جێی خۆی نەبوو، ئاخر فەرەیدون مرادی لە تەمەنی باوکی ئەمدایە. پاشان کەسێکی ڕۆشنبیر و کراوە، نەدەبوو ئاوا بەو شێوەیە سەیری کچێکی میوانەکەی خۆی بکات. بەختیار زوو هەستی بەم ڕەفتارەی فەرەیدون کرد. لە بیری خۆیدا دەیگوت: بەخوا کارێکی خراپم کردووە کە مینام هێناوەتە ئێرە. قەت نەمدەزانی فەرەیدون لە ژێرەوە ئەو جۆرە کەسەیە.

فەرەیدون کە زانی ئەوان بەو سەرنجانەی ئەم ناڕەحەتن و خەریکە دڵیان گەرد دەگرێ، هاتە قسە و وتی: بەختیار گیان، میناخان، دەزانم ئێوە لە من نیگەران بوونە کە بە شێوەیەکی نائاسایی لە ڕوخساری میناخان دەڕوانم. حەزدەکەم بزانن کە هیچ شتێکی ناڕەوا لە پشت ئەو سەیرکردنەی من نییە و مینا بە کچی خۆم دەزانم. وەلێ لێتان ناشارمەوە کە من لە تەمەنی خۆمدا، زۆر جار چەندین سەعات لە تابلۆی هونەرمەندە ناودارەکانی دنیا دەڕوانم، بە تایبەتی تابلۆی (مۆنالیزا)ی داڤینشی. بڕوا بکەن بە دەست خۆم نەبوو، هەر چەند دیقەت دەدەمە ڕوخساری میناخان، وا دەزانم سەیری مۆنالیزا دەکەم. چونکە تێڕوانین و وردبوونەوە لەو تابلۆیە، چەندان واتای جۆرا و جۆرت دەداتە دەست. هەموو جێگەیەک لە ڕوخساری مۆنالیزا شایەنی واتا هەڵگرتن و لێوردبوونەوەیە، زەردەخەنەکەی کە بە ئاستەم هەستی پێدەکەی، نیگای چاوەکانی، هاوڕێکی گۆنا و لاکوڵمەکانی لەگەڵ لووت و لێوەکانی. ئەم تابلۆیە کاتێک لێی دەڕوانی، ئەو خۆی دەتدوێنی و لە بارەی نهێنییەکانی سروشت و جوانیی پرسیارت لێ دەکات. بۆیە مرۆڤ لەبەر دەمیدا تووشی حەپەسان و بێدەنگی دەبێت!

کە سەیری ڕوخساری میناخانیش دەکەم، تووشی هەمان حاڵەتی خۆلەبیرکردن دێم.. ڕوخساری میناش، چەندین پرسیاری نهێنیئامێز، ئاڕاستەی ئینسان دەکات. لە ئاکاری دەموچاویدا هەموو دەمارە وردیلەکانی گۆنا و گۆشەچاو و لێوەکانی دێنە ئاخاوتن. جێگیربوونی دەم و لووت و چا و و ئەبرۆکانی بە شێوەیەکی ئەندازەیی دابەشبوونە. هیچ یەکێک لەو ئەندامانە، سنووری ئەوانیدیکەی نەبەزاندووە و ڕێکترین هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا هەیە. ئێستاش داوای لێبووردن لە تۆ و لە کچی خۆم دەکەم، ئەمە واقیعەکە بوو ئەگەر بڕوا دەکەن".

مینا: " جا چۆن بڕوا بە تۆ ناکەین. من سوپاسی ئەو هەستە جوانەت دەکەم کە لە



بەرامبەر مندا دەرتبڕی. بەڵام بە بۆچوونی من، جوانیی ئینسانەکان لە جوانی عەقڵ و فیکر و ڕەوشت و کارەکانیاندایە، نەک لە شێوەی دەرەوەیان. من هەرچەندە لە شێوەدا، وەک تۆ دەڵێی جوانیش بم، وەلێ ئیرەیی بەو کەسانە دەبەم کە ڕۆشنبیرن و هەڵگری هزری جوانن. من پێم وایە ئەو دەربڕینە بەپێزەی تۆ، زۆر لە جوانییەکەی من، باڵاترە، وانییە بەختیار".

بەختیار: "جا لە نێو دوو کەسی تێگەیشتووی پێگەیشتوو من بڵێم چی!. ڕاستییەکەی من حەزدەکەم ئێوە لەسەر ئەم دیالۆگەی نێوانتان بەردەوام بن، بۆ ئەوەی هەتا مەست دەبم هەر چێژ لە قسەکانتان وەرگرم".

فەرەیدون: " بە پێی یەکێک لە ڕێبازە فەلسەفییەکان، چەمکێک هەیە دەڵێ: ناوەرۆک، خۆی شێوازی خۆی دیار دەکات. ئەوەندەی من، لە میناخان بگەم ئەوەیە کە ئەو کەسێکی ژیر و هێمن و دڵپاک و ڕەوشتبەرز و مرۆڤپەروەرە. ئەو ناوەرۆکەی ئەو، هەموو بەها جوانانەی لەخۆ گرتبێت، ئەوا بێگومان پێویستی بە شێوازێکی وەک ڕوخساری میناخان هەیە!".

مینا: " کاک فەرەیدون، بەڕاستی وەها وەسفم دەکەی، خەریکە غرور دەمگرێ، (بە بزەوە) بەڵام من، هەر لە بەرچاوی ئەوانەدا جوانم کە منیان خۆشدەوێ، وانییە بەختیار!"

بەختیار: " چۆن دەتوانم بڵێم وانییە! من هەمیشە لە ژیانم ڕاستیپەرست بوومە".

فەرەیدون: " ئێوە هەردووکتان، لەو کەسە دەگمەنانەن کە حەزدەکەم زوو زوو سەردانم بکەن. وەک ئامۆژگاریش پێتان دەڵێم کە هەتا گەنجن و وزەتان لەبەردایە، وەختی خۆتان بەفیڕۆ مەدەن و خۆتان دروست بکەن. چونکە دڵنیام کە ڕۆژێ دادێ ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە پێویستی بە خەڵکی ڕۆشنبیری وەک ئێوە دەبێت. من زۆر ئومێدم بە کەسانی وەک ئێوە هەیە".

دوای ئەم گفتوگۆیە، بەختیار و مینا سوپاسی فەرەیدونیان کرد، پاشان هەڵسان و ماڵئاواییان لێی کرد.

لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا، بەختیار حەزی دەکرد، لەبارەی ئاهەنگەکەی ئەو شەوە، قسە لەگەڵ مینا بکات و وتی: " ئەرێ مینا گیان، دەڵێن ئەو شەوە، لە ماڵی کاک

جەمال تێرت سەمات کردووە. دەزانی بەو خەبەرە چەند دڵخۆش بووم. بریا منیش لەوێ بامایە، تا پێکەوە تاوێک سەمامان بکردایە".

مینا: " ڕاستییەکەی، من لە مێژبوو حەزم دەکرد، دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێ، هەتا چی خەم و خەفەتی ڕۆژگاری ڕابردووم هەیە، بە سەما و هەڵپەڕین بەبای کەم. ئەو شەوە من و شەونم پێکەوە، تێرمان سەما کرد. ئەوەندە سەرگەرم بووم، لەگەڵ دەنگە پڕجۆشەکەی خاتوو پەروین و دەنگی دەف و ناڵەی تار و گریانی سازەکە، خۆم لە بیر کردبوو و چووبوومە دنیایەکی دیکە. وەختێک بە ئاگا هاتمەوە، دیتم خەڵکەکە کشومات، هەموو سەیری من دەکەن. منیش دوایێ کۆتاییم بە سەماکە هێنا و چوومەوە لای دادە سەعادەت. هەموو دەیانگوت مینا، لە هەمووان جوانتر سەمای کردووە. ئێدی نازانم وابووە یان نا".

بەختیار: " خۆزگە چاوێکم لێت دەبوو. بەخوا دەزانم، لەوەشیان هەر یەکەمی. بەڕاستی تۆ لە هەموو کەس زیاتر پێویستیت بە خۆداتەکاندنە لە خەمە کەڵەکەبووەکانی ناخت. ئێستا پێتەوە دیارە کە هەندەی جاران، داماو نیت و لە بارێکی سروشتیدای".

## ٤٥

فریاد، لەو ڕۆژەوەی کە لەگەڵ شاسوار، (چراخانیان) ئاوای ئەودیو کرد، جاروبار دەچووە سەردانی شاسوار و پێکەوە باسی ڕووداوەکە و ئەو ناهەقیانەیان دەکرد کە بەرامبەر ئەو کچە کرابوو. ئەوان هەردووکیان، هیچ زانیارییەکیان لەسەر ژیان و چارەنووسی چراخان نەبوو. چونکە تەنها (دەرباز)ی قاچاخچی کەمێک لە جێگە و ڕێگەی ئەوی دەزانی، ئەویش چەند مانگێک پاش ئاواکردنی چراخان، شەوێکیان لە ڕەبیەکانەوە، سەربازەکان تەقەیان لێ دەکەن و هێسترەکەی بەبارەوە هەڵدەدێرێ و خۆشی بریندار دەبێت. لە دوای ئەوەی جەنگی عیراق و ئێران، کوردستانیشی گرتەوە، گوندەکانی هەردوو دیو چۆڵ کران و ڕێگەی قاچاخیش لەو دەڤەرە نەما. بۆیە ئەو ڕۆژەی کە فریاد، لە بازاڕدا دەربازی بینی و لێی پرسی، دیاربوو هیچ وەڵامێکی پوختەی دەست نەکەوت.

شاسوار زۆرجار بە فریادی دەگوت: " ئەگەر بۆم هەڵکەوێ، سەفەرێکی ئەودیو



دەکەم و سۆراخێکی چراخان دەکەم. دەزانی کاک فریاد، شەو هەیە، هەتا سبەینێ، خەو ناچێتە چاوم. هەندێ جار زۆر لۆمەی خۆم دەکەم کە بۆچی نەمتوانی، لە پەنای خۆمی بگرم و بیپارێزم. بەڕاستی تاوانی سەرگەردانبوونی چراخان، نیوەی بەر من دەکەوێ. ئێستا خەڵکی ئاوایی، زۆربەیان دەزانن کە چراخان بێگوناه بووە. من لە بەرامبەر ئەو خەڵکانەدا، خۆم بە شەرمەزار دەزانم. چونکە خۆ ئەوان نازانن، من چراخانم نەکوشتووە. ئاخ چراخان بەس بمزانیبایە لە کوێی".

فریاد: " بەدواگەڕانی ئەو کارێکی بێهوودەیە، ئەگەر نەزانی لە چ ناوچە و شارێکە. بڕوا بکە ئەو چراخانەی من دەیناسم، ئەوەندە عاقڵ و زیرەکە، ڕۆژێک دادێ، بە خۆی بەدیار دەکەوێتەوە. نازانم لە بەرچی فکرم هەر بۆ ئەوە دەچێ. هەست و دڵم، ئەو خەبەرەم پێدەدەن".

شاسوار: " خۆزگەم بەو ڕۆژەی چراخان دێتەوە، ئەوساکە دەزانم چۆن لەسەر سەری خۆمم دادەنا".

فریاد: "بە تەمام لە ڕێگەی دۆڵی ڕوستێوە، سەفەرێکی ئێران بکەم، بۆ سۆراخی (شێرکۆ)ی کوڕە پوورەکەم. دەڵێن ناوی لە لیستی دیلەکاندا لە ڕادیۆ خوێندراوەتەوە. ئەو کوڕە لە ساڵی هەشتاو دووەوە لە شەڕەکانی باشووری عیراق ئەسیر کراوە. لە ئێرانیش، من هیچ شارەزاییەکم نییە، بەڵام ماڵە ناسیاوێکمان لە مهابادن، بە تەمای ئەوان دەچم، ئەگەر ڕێنماییم بکەن. لەوێش ئەگەر پێم کرا پرسیارێکی ئەو مەسەلەیەش دەکەم".

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، فریاد لە سەر داوای ماڵە پوورەکەی کە هەر شێرکۆیان هەبوو، لە ڕێگەی کوێستانەکانی هەڵگوردەوە، ئاوای ئەودیو بوو. کە گەیشتە گوندەکانی زێوکە و ماشکان و سێڵوێ، تووشی چەند کوردێکی کوردستانی عیراق بوو. ئەوانە پێشمەرگەی حزبەکانی کوردستانییەکان بوون و بارەگاشیان هەرلەوێ بوو. بەختیار، شەوێک لەکنەوان مایەوە. ڕۆژی دواتر هەر بە پسوولەی ئەوان، بۆ شاری نەغەدە بەڕێ کەوت. نانی نیوەڕۆی لەوێ خوارد، پاشان سواری ماشێنی هێڵی مهاباد بوو و بۆ عەسرەکەی گەیشتە ئەوێ. فریاد ناونیشانی گەڕەکی ماڵە خزمەکەی خۆی پێبوو، بەڵام لە بەر ئەوەی شارەزایی لەو شارە نەبوو، وای بە چاک

زانی، لە یەکێک پرسیاری ناونیشانەکە بکات. لە ناو بازاڕەکەدا دەڕۆیشت و چاوی لە دوکانەکانی ئەمبەر و ئەوبەردا دەگێڕا، بەڵکە یەکێکی شایستەی بەرچاو بکەوێ و بیدوێنێ. لە هیکڕا، سێ چوار پیاوی بینی لە بۆنگایەکدا دانیشتبوون و خەریکی قسان بوون. یەکێکیان جەمەدانی ڕەشی لەسەرنابوو، لەوە دەچوو کوردی عیراق بێت. فریاد بۆ لایان چوو و سڵاوی لێ کردن. پیاوەکان بەخێریان هێنا و پاشان فریاد وتی: " جەماعەت، من ناوم فریادە، لەودیوڕا هاتووم و خەڵکی لای قەڵادزێم. ڕاستییەکەی بە دوای ماڵە خزمێکم دەگەڕێم بە ناوی (تاهیر ساڵح)، جا نازانم ئێوە کەستان دەیناسن یان نا".

ڕەحمان وتی: "ماڵی کاک تاهیر! . کاکە ئەوان ئێستا، ماڵیان لێرە نەماوە، ماوەی ساڵێکە ماڵیان چووەتە شاری نەغەدە. تازە درەنگە ئەمشەو لەکن مامی خۆتبە، بەیانی بڕۆ ئەوێ، دوایێ خۆم ناونیشانی ماڵەکەیانت پێ دەڵێم".

فریاد: " زۆر باشە مامە گیان، مەمنوونم".

کاک ڕەحمان: " جەماعەت لەوەدەچێ میوانەکەمان هیلاک و ماندوو بێت، واچاکە ئێمە بچینەوە ئیستراحەت بکەین. هەستە کاک فریاد با بچینەوە".

کاک ڕەحمان و فریاد، وردە وردە بەرەو ماڵ بوونەوە.

فریاد، هەڵوێستی کاک ڕەحمانی زۆر پێ جوامێرانە بوو. کە گەیشتنە بەر دەرگای ماڵێ، کاک ڕەحمان وتی: "ئایشێ، کاک فریاد میوانە و لەودیوڕا هاتووە".

هەموو بە گەرمی بەخێرهاتنی فریادیان کرد. ئەوەندەی نەبرد، بەختیاریش هاتەوە و لەگەڵ فریاد چاک و چۆنی کرد و خۆی پێ ناساند.

فەرهاد، ئێواری لە دوای نانخواردن وتی: "سەعادەت، ئەمڕۆکە بەو پاش عەسرە، مامۆستایەک تاقیبی ماڵی کاک (تاهیر ساڵح)ی دەکرد، ناوی فریاد بوو، دیاربوو لەو دیوەوە هاتبوو. ئێستا وا لەماڵی کاک ڕەحمانە و بە قسەی خۆی خەڵکی ناوچەی قەڵادزێیە".

کە فەرهاد ناوی فریادی هێنا، مینا نەختێ ڕاچەنی و لە دڵی خۆیدا وتی: دەبێ کاک فریادی هاوڕێی شاسواری برام نەبێت. خۆ ئەویش خەڵکی لای قەڵادزێیە. پاشان ڕووی لە مام فەرهاد کرد و وتی: "مامە، ئەو مامۆستایە شێوەی چۆنە".



مام فەرهاد: " لە ڕەنگ و ڕوودا نەختێ لە بەختیار دەچوو، بەڵام تۆزێک بە تەمەنتر دیار بوو، باڵاشی بەقەد ئەو دەبوو".

مینا: " ئەو کەسەی کە لەگەڵ شاسواری برام، منیان تەسلیمی کاروانی قاچاخچییەکان کرد، ناوی فریاد بوو و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری قەڵادزێ بوو، شێوەی وەک ئەو کەسە وایە کە تۆ وەسفی دەکەی. دڵم دەڵێ ،ئەوە هەمان کاک فریادە".

سەعادەت: " دە پیاوەکە، ئێستا نانی ئێوارە خوراوە و بڕۆ بۆ ماڵی کاک ڕەحمان، بزانە هەوە یان نا . بەڵکە خەبەرێکی ماڵە براکەی مینای پێ بێت".

فەرهاد: " وا دەچم ژنەکە، وەلێ دەبێ بە شێوەیەک قسەی لێ وەرگرم، هەست بە هیچ شتێک نەکات".

کاک فەرهاد کە گەیشتە ماڵی کاک ڕەحمان، دیار بوو تازە نانیان خواردبوو. ئەو شەوە مەجلیسیان خۆش بوو. گەلێک پرسیاریان لەسەر وەزعی ئەودیو لە فریاد کرد. کاک فەرهاد بە درەنگەوە هاتە قسە و وتی: " کاک فریاد، ئێمە لێرە زۆر گوێمان لە هەندێ ڕووداوی سەیر دەبێت لە بارەی ژن کوشتن، ئەو مەسەلەیە چۆنە".

فریاد: " مامە گیان، ڕاستییەکەی ئەو توند و تیژییە لە هەندێ ناوچە عەشایەر و لادێکان زۆر ڕوو دەدەن، لە شارەکان کەمێک باشترە".

فەرهاد: " باشە لە نێو خزم و ناسیاوەکانی ئێوە، قەت شتی لەو بابەتە ڕووی داوە".

فریاد لەگەڵ ئەو پرسیارە، ڕووداوەکەی چراخانی بەبیر هاتەوە و پێی باش بوو بۆیان بگێڕێتەوە. بەختیاریش، هەر لەخۆڕا هەستی کرد، ئەو پرسیارە پەیوەندی بە میناوە هەیە، بە وردی گوێی لە فریاد گرتبوو.

فریاد وتی: " ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا، کابرایەکی گوندەکانی لای ئێمە، بە قسەی چەند نەزان و بێ ویژدانێک، بە دەستی کوڕەکەی خۆی، کچێکی خۆی کوشت کە خوا دەزانێ لە هەموو کوردستان، کچی وا جوان و داوێنپاک نەبووە".

کاک فەرهاد: " جا براکەی چۆن دڵی هات بیکوژێ، مەگەر هیچ ڕەحم و بەزەییەکی نەبوو".

فریاد: " ڕاستییەکەی، ئەو کوڕە دەستی نەچووە خوێنی خوشکەکەی و دڵی نەهاتبوو بیکوژێ، بۆیە لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی کچەیان لە ڕێگەی قاچاخەوە ئاوای ئەم دیوەیان کرد. ئێستاش نازانێ، چارەنووسی ئەو کچە بە چی گەیشت. بەڵام کوڕەکە لە لای باوک و خزمەکانی وتبووی کوشتوومە. ئێستا تەنها کوڕە و هاوڕێکەی دەزانن کە کچەکە نەکوژراوە".

بەختیار تێگەیشت کە کاک فەرهاد، بە مەبەست ئەو پرسیارانەی لە فریاد کردووە و لە پاکیزەیی میناش تەواو گومانی نەما.

فەرهاد، بەتەواوی زانی کە ئەوە هەمان کاک فریادە. ئەگەرنا ئەو چۆن دەزانێ کچەکە نەکوژراوە. کە گەڕایەوە ماڵەوە یەکسەر بە سەعادەت و مینای وت: "دەزانن ئەو مامۆستایە، هەمان کاک فریادە کە لەگەڵ شاسوار مینایان ڕزگار کردبوو. پێویست ناکات چیتر بەدوایدا بچین. باش بوو خەبەری براکەتمان وەرگرت کە ساغ و سەلامەتن. دەیگوت کە خەڵکی ئاواییەکەتان، ئێستا هەموو دەزانن کە ئەو کچە بێگوناح بووە و غەدری لێ کراوە.

ڕۆژی دواتر، سبەینێ زوو بەختیار لەگەڵ فریاد بەرەو شوێنی ماشێنەکانی هێڵی نەغدە چوون. لە ڕێگە تووشی مینا و شەونم بوون کە تۆزێکیان مابوو بگەنە بەردەم دەرگای قوتابخانەکەیان. شەونم زوو بەختیاری بینی کە لەگەڵ پیاوێکی دیکە بەرەو لای ئەمان دێن، وتی: "مینا ئەوە کاک بەختیاری هاوڕێتە لەگەڵ پیاوێکی تر بەرەو ئێرە دێن".

مینا کە سەری بڵند کرد و تێیانی ڕوانی، یەکسەر فریادی ناسییەوە و زوو ڕووی خۆی وەرگێڕا و وتی: "شەونم کاتی ئەوە نییە، زووکە درەنگە، ئێستا زەنگی چوونە ژوورەوە لێدەدات".

فریاد لەو کاتەدا کە چەند مەترێک لێیان دوور بوو، تەماشای مینای کرد و وتی: "ئای ئەو کچە چەند لە چراخان دەچێت. هەر دەڵێی هەوە! کاک بەختیار دەبێ ئەوە کچی کێ بێ".

بەختیار بەتەواوی لەوە حاڵی بوو کە مینا فریادی ناسیوەتەوە بۆیێ، زوو خۆی لە بەرچاوی ون کرد، وتی: "کاک فریاد، باوکی ئەو کچە، دۆستی ئێمەیە و ئەو کچەش





ناوی مینایە. باشە ئەو چراخانە کێیە تازە ناوت هێنا".

فریاد: " ئەو کچەیە کە ئێوارێ سەربردەکەییم گێڕایەوە".

بەختیار: "کەواتە تۆ ئەو کەسەی کە برادەری برایەکەی ئەوی، دەنا چۆن کچەکە دەناسی و دەزانی نەکوژراوە".

فریاد: " بەڵێ من ئەو کەسەم. ئێوارێش پێم باش نەبوو ناوی کچەکە بێنم، ئەگەرنا ئەو کچە خوشکی منیشە. ئای کە کچێکی عاقڵ و جوان بوو غەدرێکی گەورەیان لێی کرد. ئەگەر لە دەستم بهاتایە، ئەو وەختە سەری کابرای بوختانکەر و باوکی کچەکەشم هەڵدەکێشا".

لەگەڵ ئەم قسانەدا گەیشتنە بەردەم ماشێنەکانی هێڵی نەغدە. خواحافیزییان لێک کرد و بەختیار بەرەو شوێنی دەوامی خۆی ڕۆیشت.

بەختیار، ئێستا بە تەواوی ڕووداوە ناخۆشەکەی مینای بۆ ئاشکرا بوو و زانی کە مینا، لە ئەسڵدا ناوی چراخانە. بەڵام پەیمانی لەگەڵ خۆی بەست کە هەتا مینا بەخۆی ڕاستی ژیانی ڕابردووی خۆی بۆ نەگێڕێتەوە، ئەمیش خۆی لەو دەراوە نەدات. ئەم ئێستا، زیاتر لە جاران مینای خۆشدەوێ و بەزەیی پێیدا دێتەوە. دەرکی بەوە کرد کە ئەو کچە، ئیرادەیەکی بە هێزی هەیە، ئەگەرنا دەڕووخا و بەرگەی ئەو هەموو کەسەرەی نەدەگرت. وای پێ باش بوو کە دانی ئێوارەکەی، سەردانێکی کاک فەرهاد بکات و دڵنیای بکاتەوە کە تەنها ئەمان، بە نهێنییەکانی مینا، دەزانن و نابێ کارێکی وا بکەن کەسێکی دیکە بەو مەسەلانە بزانێ.

دانی ئێوارە، دەوروبەری سەعات چوار، بەختیار، چووە کن مام فەرهاد کە ئەو وەختە بە تەنیا لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبوو. بەختیار یەکسەر مەسەلەکەی هێنایە گۆڕێ و هەردووکیان، وەک دوو کەسی دڵسۆزی مینا، پەرۆشی خۆیان بۆی دەربڕی. دوای ئەوە بەختیار وتی: "ئەرێ کاک فەرهاد، مینا لە ئەسڵدا ناوی چراخانە وانییە".

کاک فەرهاد: " بەڵێ ناوی چراخانە، چۆنت زانی".

بەختیار: "کاک فریاد پێی وتم. ئەو کەسەش کە بەشداری لە ڕزگارکردنی مینا کردووە، هەر خۆی بووە. بەیانی لە کاتی بەڕێکردنی ئەودا تووشی کچەکانی تۆ بووین. هەرکە چاوی بە مینا کەوت، بە منی گوت کە ئەو کچە زۆر لە چراخان

دەچێت. میناش دیاربوو زوو ئەوی ناسییەوە و ڕووی خۆی وەرگێڕا. دوایێ لێم پرسی چراخان کێیە. ئەویش وتی: ئەو کچەیە کە ئێوارێ چیرۆکەکەیم بۆتان گێڕایەوە. منیش وتم، ئەو کچەی ئێستا بینیت ناوی مینایە، بەڵام تۆ ئەو کەسەی کە چراخانت ڕزگار کردووە وانییە. ئەویش بە بەڵێ وەڵامی دامەوە".

کاک فەرهاد، ئێوارێ هەموو قسەکانی نێوان خۆی و بەختیاری بۆ سەعادەت و مینا گێڕایەوە. میناش وتی: "مامە، من هەر زوو کاک فریادم ناسییەوە. لەو دەمودەستە پێم باش نەبوو بمبینێ و قسەم لەگەڵ بکات، چونکێ بۆ من و ئێوەش باش نییە، ئەگەرنا، ئەو کاک فریادە بۆ من، لە شاسواری برام دڵسۆزتر بوو. ئاخر کە چاوم پێی کەوت، ئەگەر عەقڵی خۆم بەکار نەهێنابایە، دەبوایە بچم وەک برایەکی ئازیز لە باوەشی بگرم. بەڵام نەدەبوو وا بکەم".

سەعادەت: " بەختیار، ئێستا هەموو شتێک لە بارەی مینا دەزانێ، بەڵام ئیشەکە بەوە چاکە ئەو کوڕێکی عاقڵ و نهێنی پارێزە".

ئەو شەوە ، مینا لە نێو جێگە، زۆر بیری لە بەختیار و هەڵوێستە تازەکانی دەکردەوە. گەیشتە ڕاستییەک کە لە دوای مامە فەرهاد و دادە سەعادەت، بەختیار دڵسۆزترین کەسە کە دەتوانێ گەمارۆی کێشەکانی ئەم بدات و لە ئایندەدا بیکاتە هاوبەشی ژیانی خۆی.

٤٦

مینا، ئێستا گەیشتۆتە قەناعەت کە دەبێت ورد و درشتی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی، بۆ بەختیار باس بکات. چونکە لە لایەک، ئەو زانیارییانەی کە درکاندنیان، مەترسی لەسەر ژیانی ئەم دروست دەکات، بەختیار هەمووی دەزانێ. لە لایەکی دیکە، بەختیار ئەمی خۆشدەوێ و بە دڵسۆزی دەیەوێ یارمەتی بدا و لە تەنگژەکان پشت و پەنای ئەم بێت. بۆیە بڕیاری دا لە دانیشتنێکی تایبەتدا بە تەواوی ژیانی ڕابردووی خۆی بۆ ئاشکرا بکات.

دوو ڕۆژ لە دوای هاتنی فریاد، مینا لە قوتابخانە زوو هاتەوە، دەستی دایە تەلەفۆنەکە و ژمارەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بەختیاری لێدا. لەوێ بەڕێوەبەرەکە هەڵی گرت: "ئەلۆ، فەرموو کێیە".



مینا: "مامۆستا، ئەو کاتەت باش. زەحمەت نەبێ، کارم بە بەختیار ڕەحمان هەیە، ئەگەر بۆم بانگ بکەن سوپاستان دەکەم".

بەڕێوەبەر: " بە سەرچاو خانم، چاوەڕێ کە".

بانگی دەرگەوانەکەی کرد، بۆ ئەوەی بچێت بەختیاری بۆ بانگ بکات. دەرگەوانەکەش بەپەلە چووە ژووری مامۆستایان و بەختیاری ئاگادار کرد بچێتە لای بەڕێوەبەر.

بەختیار لە دەرگا چووە ژوورێ و وتی: " فەرموو مامۆستا کارێکت پێم هەبوو".

بەڕێوەبەر: " تەلەفۆنەکە هەڵگرە، تۆیان دەوێ".

بەختیار تەلەفۆنەکەی هەڵگرت: "ئەلۆ، فەرموو، من بەختیارم".

مینا: "بەختیار گیان چۆنی. حەزدەکەم بە تەنیا لە شوێنێک بتبینم، هەندێ شت هەیە پێتی بڵێم".

بەختیار: "بە چاوان میناخان، وەختی عەسرێ دێمە ماڵەوەتان. ئەو وەختە ئێزن لە سەعادەت خان وەردەگرین و بۆ لایەک دەڕۆین، باش نییە".

مینا: " زۆر باشە، جارێ خوات لەگەڵ".

بۆ ئەو مەبەستە، مینا وای بە چاک زانی، سەعادەت لەوە ئاگادار بکاتەوە کە پێویستە هەندێ قسە، لە بارەی کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەختیار بکات. لە دوای خۆگۆڕین چووە کن سەعادەت و سڵاوی لێ کرد.

سەعادەت: " دیارە ئەمڕۆ زوو هاتیتەوە".

مینا: " بەڵێ، نەختێ سەرم ژانی دەکرد، منیش مۆڵەتم لە مامۆستاکەم وەرگرت و هاتمەوە".

سەعادەت: " ئەرێ مینا. خوا بەخێری بگێڕێ، ئەم شەو خەونم پێتەوە بینی، لەو خەوەدا، کراسێکی سپی وەک بەفرت لەبەردابوو. لە ناو مێرگێکی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری نێوان دوو شاخی سەرکەشدا، دانیشتبووی.. منیش لە نزیک تۆوە لەسەر گابەردێک دانیشتبووم و هەر سەیری تۆم دەکرد. وەختێک بینیم تۆ بووی بە ئاسکە کێوی. دوو گورگیش، بە دزە لێت نزیک دەبوونەوە و دەیان ویست ڕاوت بکەن. منیش

هاوارم کرد: کچێ مینا ئاگاداربە، ئەوانە گورگن بۆ لات هاتن. تۆ لەو خەوەدا، ئاسک بووی و قسانیشت دەکرد. وتت: دادە سەعادەت مەترسە، ناتوانن بمگرن. کە لێت نزیک بوونەوە، بازێکت هەڵدا و لێیان دوور کەوتیتەوە. چەند جارێک ئاوا، تا دوایی گورگەکان تەواو شەکەت و ماندوو بوون و هیچیان پێنەکرا، کلکیان بەردایەوە و لە بەر چاوان بزربوون. تۆش بوویتەوە مینا و هاتییەوە لای من. دەستت لە ملی کردم و چەند جارێک ماچت کردم. منیش ویستم ماچت بکەم. هەرکە دەمم خستە سەر گۆنات و ماچم کردی، یەکسەر واگاهاتم! بە گوێرەی ئەو خەونە، تۆ لە ژیانی داهاتووت زۆر بەختەوەر دەبیت".

مینا لەگەڵ خەون و قسەکانی سەعادەت، تەزوویەکی خۆش و ئارامبەخش، بە لەشیدا هات و وتی: "ئەرێ دادە سەعادەت، ئەورۆکە بە نیازم هەندێ قسە، لەگەڵ بەختیار بکەم، چونکە ئێستا ئەو هەموو شتێک لەبارەی منەوە دەزانێ، بەتایبەتی دوای سەفەرەکەی سەردەشت و هاتنی کاک فریاد. تازە تەلەفۆنم بۆ کرد، قەولمان وایە پاش نیوەڕۆ بێت، جا حەزدەکەم بزانم ڕای تۆ چییە. ئەگەر ڕازی نیت، منیش ئەو مەسەلانەی لەگەڵ باس ناکەم".

سەعادەت: " سەبارەت بە بەختیار، من پێم ناخۆش نییە، هەر شتێکی پێ بڵێی و بۆ هەر لایەک بچیت، چونکە من مەعدەنی ئەو کوڕە دەناسم کە کەسێکی ژیر و وەفادارە و خاوەن قسەی خۆیەتی".

مینا، دەستی لە ملی سەعادەت کرد و هەردوو لاڕوومەتی ماچ کرد، وتی: "کەواتە ڕازیت، بەڕاستی دایکێکی میهرەبانم هەیە. قەت جارێک نەبوو بێ دڵیم بکات. خوایە بەشێک لە عومری من بخەیتە سەر ژیانی دادە سەعادەت".

سەعادەت: " مینا گیان ئەوە چی دەڵێیت! نەوەڵڵا خودا ئەمنی بەقوربانی تۆ بکات. هەی ماڵەکەم، تۆ جەرگ و ڕۆحی سەعادەتی".

مینا، خۆی هاوێشتە باوەشی سەعادەت و سەری بە نەرمەی سینەی کرد. لە خۆشیدا چاوەکانی فرمێسکی ئارامبوونەوەیان لێ دەباری. دوای کەمێک دڵنیایی، سەری بەرز کردەوە و کەوتە جم وجۆڵی سفرە ڕاخستن و دانانی کەلوپەلی نانخواردن. لەو ئانەدا سەعادەت وتی: "کچەکەم، مینا، لە دوای نانخواردن، من و



شەونم و شەوبۆ، دەچینە حەمامێ، ئەگەر بەختیار هات بۆ هیچ لایەک مەڕۆن، هەر لە ماڵی خۆمان قسەی لەگەڵ بکە".

مینا: " زۆر باشە دایە گیان".

دوای ئەوەی سەعادەت و کچەکان بۆ گەرماوکردن ڕۆیشتن، مینا بەتەنێ لە ماڵ مایەوە و لە چاوەڕوانی هاتنی بەختیار دابوو. نەختێ چووە بەر ئاوێنەکە و قژی شانە کردەوە. ئەمجارە بڕیاری وابوو، ئاوڕێک لە لێوە بێنازەکانی خۆی و دڵە شەرمنەکەی بەختیار بداتەوە. ئەوان دوو کەسن، تا سەر ئێسقان یەکتریان خۆش دەوێ و خاتری یەکدییان لەلایە. چ دەبێ ئەگەر ئەم جارە، لەو بوارە پڕ لە ئەمانەدا، ماچێک بگۆڕنەوە. لەو خەڵوەتەدا بوو کاتێک گوێی لە زەنگی دەرگاکە بوو. بە کپی چوو دەرگاکەی کردەوە و وتی: " فەرموو، ئەی ئازیزترین میوانی مینا. وەرە ژوورەوە، یاخوا بەخێر بێیت".

بەختیار: " زۆر سوپاس مینا گیان". بەرەو ژووری میوانان ڕۆیشت و میناش بەدوای ئەمدا.

مینا: " بەختیار گیان دووبارە بە خێر بێیت. من بەتەنها لە ماڵەوەم. کاتێ خەبەری هاتنی تۆم بە سەعادەت خان گوت، وای پێ چاک بوو، ئێمە لە ماڵەوە قسەکانمان بکەین. ئەوان دەمێکە بۆ گەرماوکردن چوونە".

بەختیار: " زۆر باشە کەواتە دەتوانین سەربەستانە قسەی خۆمان بکەین".

مینا: " ڕاستییەکەی دەمەوێ ئەم جارە بە وردی چیرۆکی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، چونکە ئێستا لە دیدی مندا، تۆ شایانی ئەوەی ببیتە خاوەنی تەواوی نهێنییەکانی ژیانی من".

مینا کەوتە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی ژیانی خۆی، هەر لە منداڵییەوە کە دایکی لە ژیان نەماوە تا ئەو وەختەی لە ماڵی مامە فەرهاد گیرساوەتەوە و خراوەتە بەرخوێندن. یەکەم جاری بوو ئاوا، چیرۆکی پڕ لە دیمەنی تراژیدیای خۆی، بە وردی بۆ دڵسۆزترین کەسی خۆی بگێڕێتەوە. لە کاتی قسەکردندا، زۆر جار قورگی پڕ گریان دەبوو و هەندێ جاریش پێکەنینی دەهات. ئەو وەختەی دەهاتە سەر هەڵوێستە هەستیارەکان، وەک ئەکتەر لە شوێنی هەڵدەستایەوە و دەروونی جۆشی دەسەند.

کاتێ لە گێڕانەوەکەی گەیشتە سەر ئەو ڕۆژەی کە لەو ئان و ساتەدا تێیدا دەژین و وەک دوو بوونەوەری بێگوناه، لە ناخەوە بۆ یەکدی دەسووتێن، ڕووی لە بەختیار کرد و دەستی لەسەر سینەی خۆی دانا و وتی: "ئەمە ئەو مینایەیە کە تۆ دەیناسی و هاوڕێیەتیت قبووڵ کردووە. چراخانیش وا لەوێ لە دنیای مردوواندایە. ئێستاش دەمەوێ دوا هەڵوێستی خۆت لە بارەی منەوە ئاشکرا بکەیت، بۆ ئەوەی ئاسۆی ژیانی داهاتوومان لە بەر چاو ڕوون بێت".

بەختیار: " من ناتوانم دەستبەرداری خۆشەویستی تۆ بم. پایەی تۆ ئێستا لە لای من، گەلێ لە جاران بالاترە. وادەزانم وجوودی من، لە خۆکردنە خاوەنی کێشەکانی تۆدا تەواو دەبێت. من داوات لێ دەکەم لاپەڕەیەکی سپیی لە ژیاندا بکەیتەوە و لەسەر سینەی ئەو ڕووپەڕەدا، پەیمانی خۆشەویستی تێدا تۆمار بکەیت".

مینا لەگەڵ قسەکانی بەختیار، ئارامی و دڵنەوایی بۆ هزر و جەستەی گەڕایەوە و چوو لە بەردەم بەختیاردا ڕاوەستا و وتی: "بەختیار گیان هەستەوە سەر پێ و دەستت بخە ناو دەستم".

بەختیاریش هەستایەوە سەر پێ و دەستی خستە ناو دەستە گەرمەکانی. پاشان مینا بەردەوام بوو لە قسەکردن و وتی: "من ئەو گرێبەستەم قبووڵە، با بە یەکەم ماچی خۆشەویستی واژووی بکەین". دەمی خستە سەر دەمی بەختیار و یەکتریان ماچ کرد، پاشان مینا گەڕایەوە شوێنی خۆی دانیشت وتی: " ئێمە ئەوا بەڵێنی هاوچارەنووسی خۆشەویستیمان بەیەک دا، لەمەودوا، دەبێ بیر لەژیانی پێکەوە بوونی ئایندەمان بکەینەوە، من زۆر پرۆژەم لە مێشکدا هەیە، لە دیدەنییەکانی داهاتوودا قسەیان لەسەر دەکەین".

بەختیار لەگەڵ ئەو ماچە چاوەڕواننەکراوە مەست بوو و حەزی دەکرد بچێتە دنیای تەنهایی و بیر لە واتا و تامی ئەو ماچە بکاتەوە. ئاخر ئەو ماچە، کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی بەختی بوو.. مۆرکردنی گرێبەستێکی لە ناخەوە بوو.. خەڵاتی ئەو سروشتە جوانە بوو کە هەموو جارێ لە دەشت و دەردا، لە شوێنە بەرزەکاندا لێی ڕادەما و دەیگوت: ئەو سروشتە بۆ ئەوە دروست نەبووە، مرۆڤ ئاوا بە میوانی بێتە باوەشی و لە چەند ساڵێکی کەم کە وەک چرکەسات ڕەت دەبن، بەجێی بێڵێ.



دەبووایە مرۆڤ، چەشنی سروشت، نەمر بووایە!. لە شوێنی خۆی هەڵسا و ڕووی لە مینا کرد و وتی: " مینا، ئەی چراخانی دڵی من. ئەی ئەوەی مەزنترین و گرانبەهاترین دیاریت، لە مێرگی خۆشەویستیدا بە من بەخشی. تۆ لە هەر کات و لە هەر شوێنێک پێویستیت بە من بوو، من ژیانم لە ڕێتە. من ئێستا دەتوانم فریادڕەسی تۆ بم و لە هەموو تەنگژە دەروونییەکانت، ڕزگارت بکەم".

مینا: " تۆ لە هەموو کەس چاکتر لە کێشەکانی من دەگەی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بەختەوەری ڕووی تێ کردووەمە، هەنووکە، زۆر بە دوارۆژی خۆم گەشبینم".

بەختیار: " منیش وەک تۆ. حەز دەکەم پێش ئەوەی سەعادەت خان و کچەکانی بگەڕێنەوە، من بڕۆم، جارێ خواحافیز".

مینا: " بەخێر چیت، بە ئومێدی دیدەنییەکی دیکە".

بەختیار بەرەو ماڵ گەڕایەوە و لە خەیاڵی خۆیدا هەموو چرکەساتێک ماچەکەی دووبارە دەکردەوە.

## ٤٧

مینا، لە دوای چنینی یەکەم ماچی خۆشەویستی و تێگەیشتن لە هەڵوێستی جوامێرانەی بەختیار، ئاسۆی ژیانی ئایندەی لە بەرچاو جوانتر ڕوون بووەوە. گرفتە دەروونییەکانی هێدی هێدی دەڕەوییەوە. ئێستا هەمیشە لەبەر چاوی خانەوادەکەی و خەڵکانی دەوروبەری، ڕووخۆش و دەم بە خەندەیە. مینا لە ماڵەوەش، نەیدەزانی ماندووبوون چییە. سبەینان زوو لەخەو هەڵدەستا و بەرلەوەی بۆ قوتابخانە بڕوات، کۆمەڵێک ئیشوکاری ماڵەوەی ڕادەپەڕاند. ئەم هەر لە سروشتی خۆیدا کەسێکی چوست و چالاک بوو و ڕقی لە تەمبەڵی و تەوەزەلی دەبووەوە. کە شەونم و شەوبۆ لە خەو هەڵدەستان، دەچوو ژوورەکەی ئەوانیشی ڕێک دەخستەوە و هەموو شتێکی لە شوێنی خۆی دادەناوە. مینا، هەر لە بونیادی جەستەیدا بەتاقەت و لەش ساغ بوو. هەموو جارێ شەونمی، وەک کۆرپەی ساوا لە ئامێز دەگرت و ئەم ژوور ئەو ژووری پێ دەکرد. شەونمیش بەدەم هاوار و پێکەنینەوە دەیگوت: "کچێ مینا دامنێ نەوەک شتێکمان لێ بێت".

سەعادەت خانیش، گەلێ جار پێی دەگوت: "کچم، وا مەکە، شتی گران هەڵمەگرە، بەخوا دەترسم بەچاو بچیت".

مینا بەوە ناسرابوو کە مرۆڤێکی هێمن و مەندو گرانفرۆشە. نەدەبوو لە گۆڕانێکی کتوپڕ و خێرادا، ئەو خەسڵەتانە لە خۆی داماڵێ و کەسێتییەکەی بە دیوێکی دیکە ببات. ئەو بەهۆی ڕەوشتبەرزی و کۆمەڵێک ڕەفتاری جوان، سۆزو بەزەیی خەڵکانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو بەتایبەتی لە هی خانەوادەکەی. بۆیە هەمیشە لەگەڵ هەڵکردنی شنە بای شادی و دڵنەوایی، ڕاستییەکانی ژیانی خۆی لێ بزر نەدەبوو و ئەو خۆشی و شادییەی تێکەڵ بەو داخوازییانە دەکرد کە ئەوان لێیان دەخواست. چونکە مام فەرهاد و دادە سەعادەت، بەردەوام پەرۆشی ئەوە بوون کە مینا وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژی و چێژ لە ژیانی خۆی وەربگرێ و ئەو هەورە خەماوییە لەسەر دەروونی بڕەوێتەوە.

مینا هەستی بەوە کردبوو کە شەونم، پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ کوڕێکی گەڕەکەکەیان هەیە، بەڵام قەت خۆی نەدەهێنا سەر ئەو دەراوەی کە ئەم بەو کارەی دەزانێ.

شەونمیش، ئەوەندە سەرمەستی ئەو پەیوەندییە ببوو، وای لێهات دایکی پێی زانی. چونکە دەیبینی لە ناوەختدا دەچێتە لای تەلەفونەکە و بە چرپە، قسە لەگەڵ کەسێک دەکات. ڕۆژێکیان سەعادەت بە شەوبۆی وت: "کچم شەوبۆ، قەت جارێک کەسێکت دیوە، لە ڕێی قوتابخانە قسەی لەگەڵ شەونم کردبێ".

شەوبۆ: " بەخوای یەک جار شەونمم لەگەڵ پیاوێک بینی، لەسەر سووچەکەی ئەولا، بەڵام پیاوەکەم نەناسی، بۆ دایکە شتێک بووە".

سەعادەت: " نەخێر هیچ نەبووە، بەڵام دیارە کە شەونم وەک جاران خۆی بۆ خوێندن و دەرسەکانی خەریک ناکات و گرنگی بە دیمەن و جوانیی خۆی دەدات".

شەوبۆ: " بەخوا ڕاست دەکەی دایکە، شەوانیش هەر لەسەر پشت ڕادەکشێ و چاوەکانی زەقن و خەیاڵ دەیباتەوە. کتێبەکانیشی پشت گوێ خستووە و ئەو بەینە قەت نابینم لێکیان ناکاتەوە".

سەعادەت، بۆ ئەوەی تەواو لەو مەسەلەیە بگات، بە مینای وت: "کچم، دە وەرە



هەندێ پرسیارم هەیە، بزانم تۆ دەڵێی چی. ماوەیەکە تێبینی دەکەم کە شەونم دەرسەکانی پشت گوێ خستووە. لەوە دەچێ ئەو کچە، بەدوای حەزەکانی دڵی کەوتبێت. خۆ من پێم ناخۆش نییە، بەڵام نابێ لەسەر حسێبی خوێندن بێت. پاشان ئەو کەسەش کە ئەو پەیوەندی لەگەڵ بەستووە، دەبێ بزانین کێیە. ئاخر ئەوڕۆکە، هەزاران پیاوی درۆزن و نییەت خراپ هەیە. کێ ناڵێ کوڕێکی هەرزەکار و بەدڕەوشت فێڵی لێ ناکا و حەیاشمان نابات. کچم مینا، حەزدەکەم تۆ لەم بارەیەوە، هەندێ قسەی لەگەڵ بکەی، بەڵام با نەزانێ کە ئێمە، هەستمان پێکردووە، پاشان بۆمی بگێڕەوە".

مینا: " باشە دایە گیان، ئەو شەو بانگی دەکەمە ژوورەکەی خۆم و هەموو شتێکی لێ دەردێنم".

شەوێ مینا، شەونمی بانگی ژوورەکەی خۆی کرد و پێی وت: "ئەرێ شەونم، ماوەیەکە هەست دەکەم وەک جاران، دەرسەکانت ناخوێنی و زەوقت لەسەر خوێندن نەماوە. دەڵێی شتێکت هەیەو لەمنی دەشاریتەوە".

شەونم، لەمێژ بوو حەزی دەکرد، یەکێکی دەست کەوێ قسەی نێو دڵی خۆی بۆ بکات. ئێستا دەرفەتێکی چاکە و ئەو کەسە وا لەبەر دەمیەتی: "مینا گیان، ڕاستییەکەی، کوڕێک هەیە، ماوەیەکە داوای پەیوەندیی و هاوڕێیەتیم لێ دەکات. منیش دووجار قسەم لەگەڵی کردووە، بەڵام ناوێرم بەڵێنی بەستنی پەیوەندیی بدەمێ، بۆیە ئەو ماوەیە بەردەوام بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە و فکرم پێیەوە پەیوەست بووە. جا نازانم ئەنجامەکەی چۆن دەبێ، بە ڕای تۆ چی بکەم باشە".

مینا: " شەونم گیان، زۆرجار باسی ئەو بابەتانەمان کردووە، تۆ پێویستە ڕەچاوی سێ شت بکەیت: یەکەمیان ئەوەیە کە نابێ حەزداری و خۆشەویستی لەسەر حسێبی خوێندن و ئەرکەکانی ماڵەوە بێت.

دووەمیان، هەتا لە نییەتی ڕاستەقینەی ئەو کوڕە نەگەی، نابێ بڕیاری خۆشەویستی بدەی.

سێیەمیان، تۆ دایک و باوکێکی ڕێزدار و میهرەبانت هەیە و هەموو سەرمایەیان بریتییە لە تۆ و لە شەوبۆ. بۆیە نابێت کارێکی وا بکەیت لە ڕێز و بەهای ئەوان بێنیتە

خوارەوە. ئەگەر بە گوێی من دەکەی، پێش ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە ببەستی پرسێکی دایکت بکە و کوڕەکەی پێ بناسێنە. چونکە هەموو پیاوێک، لە مەدح و جوامێری خۆیاندا بە قسە هیچ لە خۆیان ناهێڵنەوە کەچی هەندێکیان لە دواییدا گورگێکی لێ دەردەچێت. ئەگەر ئەو کوڕە، ڕێک و عاقڵ بێت، ئەوا حەزدەکات دایک و باوکت بیناسن. پاشان تۆ دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە کە هەر پەیوەندییەکی لەو بابەتە، ئەگەر نەبێتە مایەی هاوسەرگیری، بە زەرەری هەردووکیان تەواو دەبێت، بەتایبەتی کچەکە".

شەونم: " ئاخر شەرم دەکەم لەلای دایکم باسی شتی وابکەم".

مینا: " خۆشەویستی ڕاستەقینە، شەرمی پێ ناوێ، ئینسان ئەو شتەی پێ شەرمە کە کەموکووڕی تێدایە".

مینا تەواوی گفتوگۆیەکەی نێوان خۆی و شەونمی بۆ سەعادەت گێڕایەوە و پێی وت کە شەونمی قەناعەت پێ هێناوە بێتە لای ئەو و مەسەلەکەی لە لا باس بکات.

بۆ بەیانی شەونم چووە لای دایکی و باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ کوڕە کرد. سەعادەتیش وتی: "کچم جارێ پێم بڵێ ئەو کوڕە کێیە و چ کەسێکە".

شەونم: "ناوی ئارامە. ئەو ماڵەی ماشێنە سپییەکەیان هەیە، لە بەرامبەر نانەواخانەکە".

سەعادەت: " کوڕەکەی هاجەرخانم دەڵێی، ئەوەی پارەکە لەگەڵ ماڵی کاک (سەمەدی ئەحمەدی) کێشەکەی دروست کرد. ئەدی نازانی ئەو کوڕە، بە دزی دەستی لەگەڵ بووکەکەی ئەوان تێکەڵ کردبوو، پاشان خێزانەکەی کاک سەمەد بەسەریاندا دەچێ و دەبێتە کێشە. کچم بەخوا کارێکی باشت نەکردووە، باوکت بزانێ لێت کافر دەبێ. با پێت بڵێم، ئەگەر ئەو کوڕە وازت لێ ناهێنێ و ڕێگەت پێ دەگرێ چارەی ئاسانە هەر بە دوو قسان بە گرتنی دەدەین، چونکە پارەکەش گیرا و بە کەفالەت بەرەڵایان کرد. ئەگەر خەتاش لە تۆیە و هەوەس لە سەری دای، دەبێ عەقڵت بێنیەوە سەرت و ئابڕوومان نەبەی. کچم دە سەیری مینا بکە چەند عاقڵ و گران و سەنگینە، کچ دەبێت ئەوهابن".

شەونم لە جێی خۆی، خوێن لە جەستەی بڕا و وتی: "چما دایە ئەو کوڕە بوو کە



قسەیان لەسەر دەکرد، شەرت بێ لەمەودوا، حسێب بۆ هەموو شتێک بکەم. ڕاستییەکەی ئەو دەهاتە سەر ڕێگەم و چاک و چۆنی لەگەڵ دەکردم، منیش بە کوڕێکی باشی تێگەیشتم و وەڵامیم دەدایەوە. توخوا دایە گیان دڵت هیچ نەکات، هێشتا دەستی بە دەستم نەکەوتووە. با باوکیشم پێ نەزانێ دەنا لە شەرمان دەمرم. چیتر بواری نادەم قسەم لەگەڵ بکات و لەمەودوا لە مینا دانابڕێم. دەزانم خەڵک هەموو شەرم لە مینا دەکەن، دەبێ منیش وابم".

سەعادەت: " ئافەرین کچی خۆم، مادام پێ لە هەڵەی خۆت دەنێی کەواتە تووشی ڕێگەی چەوت و نالەبار نابیت".

ئەو وەختەی سەعادەت قسەکانی شەونمی بۆ مینا گێڕایەوە، مینا پێی وت: "باشە ئەگەر ئەو کوڕە بە ڕەوشت و پیاوانە بووایە هەڵوێستت چۆن دەبوو".

سەعادەت بە پێکەنینەوە: " هەڵوێستم بەو جۆرە دەبوو کە لە بەرامبەر تۆ و بەختیار هەمە. من خۆم کاتی خۆی بە دڵی خۆم شووم کردووە".

مینا: " باشە، دادە سەعادەت، تۆ پێت خۆشە من بەختیارم خۆش بوێ، وەک چۆن ئەو منی خۆشدەوێ".

سەعادەت: " بەختیار کوڕێکە قسەی ناڕێکی لێ نایێ. ئەمن زۆر مەمنوونم، ئەگەر ئەو بە یەکێ لە کچەکانم ڕازی بێت. شوکر ئەوا دڵی بە یەکێکیاندا چووە. بڕوا بکە، ئەو ڕۆژە بە دڵ حەزم دەکرد ئێوە لە ماڵەوە بۆ خۆتان بە تەواوی ڕێک کەون. تۆ ئەگەر ئەوت خۆشنەوێ مانای وایە هێشتا بەدبەختی نێوچەوانی بەرنەداوی".

مینا: " بە قسەکانی تۆ خەریکە دڵم بۆی نەرم دەبێت".

سەعادەت: " نا، نا، دەزانم ئێستا لە لۆکەی نەرمتری! ئاخر تۆ عاقڵی، دەزانی کەنگێ بڕیاری خۆت دەدەی!" .

## ٤٨

بەختیار، هەر لە سروشتی خۆیدا کەسێکی هەوەسباز و مێیینە پەرست نییە. حەزی دەکرد لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژناندا، سنوورێک بۆ ڕێزگرتن و ئەویندار هەبێت. قەت لەگەڵ ئەو کەسانە ڕێک نەبوو کە بە مەبەستی گەیشتن بە ژن و تێر

کردنی ئارەزووەکانیان، هەموو ڕێگەیەک دەگرنە بەر. پێی سەیر بوو کە کەسانێک هەن، بەبێ ڕەزامەندی لایەنی بەرامبەر دەیانەوێ مومارەسەی ئەو کارە بکەن. لە کاتێکدا ئەویندارى، بەر لە هەر شتێک، پێویستی بە بەشداری هزر و خۆشەویستی و خولقاندنی کەشێکی لەبار هەیە.

بەختیار پێش ئەو ماچە کە بەرهەمی خۆشەویستییەکی پاک و بێگەردبوو، قەت ئەزموونێکی وا لە ژیانیدا ڕووی نەدابوو. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا، بێ ئاگایانە کەوتبووە بەر هێرشی حەزی چەند ژن و کچێک. ویستبوویان ڕامی بکەن و ڕاگوزەرانە، بۆ چەند ساتێک خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە. بۆیە دەیزانی کە مرۆڤەکان، لە ناخدا کەسێکی دیکەن، بەو ڕووکارەی دەیانبینی وانین.

شەوێکیان لە زەماوەندی ماڵە ناسیاوێکیان بەشداری کرد و وەک باقی کوڕەکانی دیکە چووە ڕیزی شاییکەران. زەینەب کە ژنێکی شۆخ و سینە قیت و نیمچە گۆشتن بوو. ماوەی ساڵێک بوو، مێردەکەی ڕووی لە شاخان کردبوو و ئەوی جێهێشتبوو. لەو شاییەدا چووە دەستی بەختیار و نەرم نەرم پێکەوە هەڵدەپەڕین. دوای کەمێک شاییکردن، بەختیار هەستی کرد زەینەب دەستی دەگوشێ و لە دواوەڕا لە نەرمایی سمتی هەڵدەسوێ. لەم جۆرە شاییەدا نەدەبوو پیاوان دەستی ژنان بەردەن و بچنە دەرەوە، هەتا ئەو کاتەی ژنەکە خۆی دەچووە دەرێ یا دەچێتە دەستی یەکێکی دیکە. بۆیە بەختیار لەگەڵ ئەو ڕەفتارەی زەینەب، نەختێ حەپەسا و ترسی لێ نیشت. دەستی بۆ شل نەکرد، بەڵام دیاربوو ژنە، ئارەزووی هەوەسبازی لەسەری کردبوو. بێشەرمانە لەگەڵ هەڵتەکاندنی سینەی، دەستی بەختیاری ڕادەکێشایە ژێر دواوەی شاڵەکەی و لە جۆگەی نێو سمتەکانی دەنا. لە پڕێکا کارەبا بڕا و دنیا بووە تاریکستان. لەوە دەچوو بە ئەنقەست کارەباکەیان بڕیبێ، تا ئەوانەی ئەویندارى یەکترن، لەو هەلەدا کەمێ دەستبازی بکەن. زەینەب توند بەختیاری لە ئامێزی خۆی گوشی و سەری بەختیاری ڕاکێشایە سەر بەرزایی سینەی و وتی: " بەدبەخت ئەو گەوهەرە لە کیس خۆت مەدە، خۆ تۆ پیاوی".

بەختیاریش بە هەموو هێزی خۆی پاڵی بە سینەی وەنا و هەوڵیدا لە چنگی ڕزگاری بێ و وتی: "بۆ خۆت بەدوای یەکێکی دیکەدا بگەڕێ، من کاری وا ناکەم".



ئێدی هەر لەو ڕۆژەوە لە هەر شوێنێک کە تووشی ئەو ژنە دەبوو سەری خۆی بەردەدایەوە، چونکێ نەیتوانیبوو داخوازییەکەی ئەو جێبەجێ بکات".

بەختیار لێی ڕوون بوو کە مینا کچێکە، لە جۆرێکی دیکە.. تەنێکی گرانبەهایە و ژەنگ نایگرێ.. کەسێکە گەر خۆی ئارەزوو نەکات بە کەس ڕام ناکرێت.. جوانییەکەی مینا هەر تەنها جوانی بەژن و باڵا و ئاکاری ڕێک و ڕەنگی گوڵینی نییە، بەڵکو ئەو جوانییە تێکەڵ بە ئیرادەیەکی بە هێز و دنیا بینییەکی ژیرانە بووە. ئاخر مینا، بڕوای وابوو کە پێویستە ژن، لە هەمبەر پیاوەکەیدا میهرەبان بێت و هەمیشە ڕێزی لێ بگرێت، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان لە پشتی بوەستێ و هاریکاری بکات. پێویستە ژن، وا لە پیاو بگەیەنێ کە ئارامترین شوێن ماڵەکەی خۆیەتی. بۆیە بەختیار، بە تەواوی شەیدای مینا ببوو و ئەوی بە دنیای خۆی دەزانی".

## ٤٩

سەری ساڵی خوێندن تەواو بوو. مینا ئەو ڕۆژەی نمرەکانی وەرگرتەوە، ساجیدە نازری لەگەڵ مامۆستاکانی دیکە، بانگیان کرد و بە بۆنەی بە سەرکەوتنی پیرۆزباییان لێی کرد، چونکێ بە پێوانەی ئەوان، لەو هەموو ساڵانەی ڕابردوو خوێندکاری وەک مینا زیرەک و ڕێکوپێکیان نەبووە کە تێکڕای مامۆستاکان لێی ڕازیین. مینا لەگەڵ شەونم و شەوبۆ بە دڵێکی خۆش گەڕانەوە ماڵێ. هەرکە گەیشتنەوە جێ، شەوبۆ یەکسەر چووە لای دایکی و وتی: "دایە گیان، نمرەکانمان وەرگرتەوە، مینا بە یەکەم دەرچووە و من و شەونمیش سەرکەوتین".

سەعادەت هەرسێکیانی ماچ کرد و بەتەلەفۆن مژدەی سەرکەوتنی کچەکانی دایە باوکی شەونم.

پێشی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا. سەعادەت هەڵیگرت: "ئەلۆ فەرموو کێیە".

بەختیار: " سەعادەت خان، بەختیار قسە دەکات. ویستم بزانم داخوا کچەکان دەرچوونە یان نا".

سەعادەت: " بەڵێ، هەرسێکیان دەرچوونە و میناش بە یەکەم دەرچووە. ئەدی تۆ نایەی پیرۆزباییان لێ بکەیت".

بەختیار: " بەڵێ، خۆشحاڵ بووم، پاش عەسرەکەی دێمە لاتان جارێ خواحافیز".

شەونم: " دایکە ئەوە کێ بوو".

سەعادەت: "ئەوە بەختیار بوو، هەواڵی ئێوەی پرسی، وەختی عەسرێ دێتە ئێرە".

بەختیار لە بیری خۆیدا نیازی وابوو، بەبۆنەی بە یەکەم دەرچوونی مینا، ماچێک لە لێوەکانی بگرێ. بەڵام ئاخۆ لەو دەمەی دەگەنە یەکتر، داخوا ڕێک دەکەوێ بەتەنیا بن و چاوی کەسیان بەسەرەوە نەبێ. ئەمەیان قەدەر دەزانێ. نەختێ زوو کەوتەڕێ. ئەو وەختەی گەیشتە بەر دەرگا و زەنگەکەی لێدا، شەونم و شەوبۆ لە ژوورەکەی خۆیان خەوتبوون و سەعادەتیش لە مەتبەخەکە خەریکی شۆرینی قاپ و قاچاغ بوو. بەڵام مینا، وەک ئەوەی لە کەمینی نێچیرێک خۆی لە پەنا نابێت، لە بەردەم ژووری میوانان چاوەڕێی ئەم زەنگەی دەکرد. تومەزانە ئەویش لە دڵی خۆیدا بەنیازی چاندنی ماچێکی دیکەی خۆشەویستییە. لەگەڵ دەنگی زەنگەکە سەعادەت وتی: "مینا، کچم بزانە کێیە. من دەستم لە ناو کەفاوی حاجەت شۆرینە".

مینا بەهێمنی دەرگاکەی کردەوە و لەوەش دڵنیا بوو کە چاوی کەسیان بە سەرەوە نییە، بە دەنگێکی نزم وتی: "یاخوا بەخێر بێی میوانی ئازیز، فەرموو".

کە بەختیار پێی نایە ژوورەوە، لە دوای یەک دوو هەنگاو، لە شوێنی خۆی وەستا و دیتی مینا لە چەشنی گوڵ، بە جلی ماڵەوە، قژە درێژەکەی بەسەر لامل و شانیدا پەخش کردووە و ڕوخساری دەڵێی مانگە درِ بە تاریکی قژی خاوی دەدات. ترس و شەرم لەسەریدا نەما و هێدی دەستی خستە سەر شانی مینا لەگەڵ درکاندنی وشەی پیرۆزە، بە نیازی ماچکردنی سەری لار کردەوە. میناش کە چاوەڕێی داخوازییەکی بێدەنگانەی لەو بابەتەی دەکرد، سەری بۆ لایەکەی دیکە لار کردەوە و بە پەنجە شمشاڵییەکانی، لە دواوەڕا سەری بەختیاری کەمێک پاڵ دا و لووتیان لە تەک یەکدی تێپەڕی، هەتا بوار بە بەیەکگەیشتنی لێوە گەرمەکانیان بدەن. کەشی دروستبوونی ئەو ماچە چەندین قۆناغی ئاڵۆزی بڕیبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چەند چرکەساتێکدا، هەموو ڕووداوەکانی کۆتاییان هات. ئەو دەمە بەختیار و مینا



تێگەیشتن کە دەشێ چرکەساتەکان لێک بکێشرێنەوە و لە هەر یەکەیەکیدا پڕ بەهاترین شت لە ژیان بەرهەم بێنی.

لەدوای ئەو ماچە، بەرەو ژووری میوانان چوون و میناش چووە لای سەعادەت و خەبەری هاتنی بەختیاری پێراگەیاند. سەعادەت وتی: "تۆ برۆ لای بەختیار، منیش ئێستا دێم".

مینا، بۆی ڕوون بووەوە کە جگە لە ئاسمان و درەختەکانی باخچە، شتێکی دیکە بە ماچەکانی ئەوانی نەزانیوە.

پاش ماوەیەکی کەم، سەعادەت بانگی شەونم و شەوبۆی کرد و پێکەوە چوون بەخێرهاتنی بەختیاریان کرد و هەموویان دانیشتن. سەعادەت بە بەختیاری وت: "لەگەڵ باوکی شەونم، بڕیارمان داوە ئێوارەیەک هەموومان، سەردانێکتان بکەین. ڕەنگە دایکیشت لە دوای شووکردنی (ڕۆژان خان) غەریب ببێ".

بەختیار: " ئەرێ وەڵڵا، هەندێ جار دەست بە گریان دەکات. گەلێکیش ماندووە، چونکە جاران، (ڕۆژان)ی خوشکم، هەموو ئیشەکانی ماڵەوەی دەکرد".

شەوبۆ وتی: "ئەرێ کاک بەختیار، تۆ کەی ژن دەهێنی. ئەگەر تۆش یەکێک بێنی، دایکیشت ئەوەندە ماندوو نابێت. وانییە".

هەموو سەیری یەکدییان کرد و دەتگوت پرسیارەکەیان بە قسەیەکی لە جێ دەزانی. بەختیاریش دوای کەمێک دامان وتی: "شەوبۆ گیان، جارێ بۆ من زووە، کەی خوا کردییە نسیب ئەو کاتە".

سەعادەت: " تۆ ئاگاداری ئەو کچە چەند شەیتانە و چ پرسیارێک دەکات. کچم، شووکردن و ژنهێنان بە نسیبە، تا کچ لە ماڵە بابان، نسیبیان هەڵنەستێ شوو ناکەن، ئەوە دەبێ خوا قەڵەمی لێ بدات".

مینا و شەونمیش، خۆیان لەو قسانە بواردبوو، چونکە دەترسان قسەی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە.

بەختیار: "دایکم و سەعادەت خان هێشتان گەنجن، ئێستاش بەقەد دوو کچ، ئیشی ماڵەوەیان پێدەکرێت، وانییە سەعادەت خان".

سەعادەت: " ئێستاش هەر خۆمان بە گەنج دەزانین و نەچووینەتە ڕیزی پیرەکان".

شەوبۆ بە پێکەنینەوە وتی: "ئەرێ وەڵڵا، ئێستاش دایک و باوکم بەبێ یەکدی، شەوان خەویان لێ ناکەوێت". هەموو دایەنە قاقای پێکەنین.

سەعادەت وتی: "کچم شەوبۆ، قەت وانەبووی، ئەمڕۆکە تەشقەڵە بە هەمووان دەکەی".

دوای ئەو گفتوگۆیە بەختیار خواحافیزیی کرد و بەرەو بازاڕەکە ڕۆیشت.

٥٠

لەو سێ مانگەی هاویندا، بەختیار تەواو قەناعەتی هات کە پەیوەندی خۆشەویستی ئەم و مینا بە حاڵەتێکی سروشتی دەڕوات، وەلێ ژیانی ئایندەیان پێویستی بە هەڵگرتنی هەنگاوی تازە هەیە. دەبێ لەمەودوا لەگەڵ مینا، تاوتوێی قۆناغی داهاتوویان بکەن. ئاخر دوو کەلێنی گەورە لە ڕێڕەوی ژیانی میناداا هەیە کە ناکرێت بۆ ساڵانێکی زۆر بەم شێوەیەی ئێستا بژی و ساغیان نەکەنەوە. مینا، لەلایەک بێکەسە و بە ڕەسمی لەو وڵاتە ناژی. لەلایەکی دیکە، خوێندنی مینا خەلەلێکی یاسایی تێدایە، چونکێ ئەو کەسەی وا لە درێژە بە خوێندن دەدات، مینای مام سمایلە، نەک چراخان. بۆیە پێویستە کە دوای ڕێگەچارەیەکی گونجاودا بگەڕێن، تا مینا بکەنەوە بە چراخان و مەترسییەکانی سەر ژیانی خانەوادەکەی کاک فەرهادیش نەهێڵن.

بەختیار، زۆرجار لە مینای گوێ لێ دەبوو کە ئەو بیر لە شتێکی چارەنووسساز دەکاتەوە، بەڵام بە تەواوی نەیدەزانی ئەو ڕێگەچارەیە چییە. بە ڕای ئەم، کاتی ئەوە هاتبوو کە قسەی خۆیان لەم بارەیەوە بکەن. میناش لە لای خۆیەوە، بڕیاری دابوو کە لەم نزیکانە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ بەختیار ساغ بکەنەوە. بەڵام دەیویست کە ئەگەر بەختیار ڕازی بێت لە سەر ڕێگەچارەکەی ئەم، ئەوا پێکەوە لەگەڵ مامە فەرهاد و سەعادەت خانیش باسی بکەن. ئاخر ئەوان هەقیان بەسەریەوە هەیە و نیوەی کێشەکەش بەوانەوە بەندە.

ساڵی تازەی خوێندن چەند حەفتەیەکە دەستی پێکردۆتەوە. ڕۆژی پێنجشەممە بوو لە دوای نانی نیوەڕۆ، سەعادەت بە فەرهادی وت: "باوکی شەونم، پاش ئێوارەکەی



سەردانێکی ماڵی کاک ڕەحمان دەکەین، لەوەتەی کچەکەیان بە شوودانوە، دەڵێن ئایشەخان، هەموو ڕۆژێ بۆی دەگریێ. هەر جوانە ئێمەش نەختێک دڵی بدەینەوە".

فەرهاد: "جا سەعادەت قسەکەت لە جێی خۆیەتی. پەنا بەخوا، ئێوارێ هەموومان دەچین. ئەرێ سەعادەت، من وا زەن دەبەم هەنووکە میناش، بەختیاری بەدڵدا چووە".

سەعادەت: " وەڵڵاهی پیاوەکە، منیش هەستم کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی پێم ناخۆش نییە. ئاخر بەختیار کوڕێکی زۆرچاکە، ئەگەر مینا ئەوی خۆش نەوێ، غەدر لە بەختی خۆی دەکات".

فەرهاد: " جا خۆ دەڵێی خوا بۆ یەکدی خەڵک کردینە، منیش پێم ناخۆش نییە".

پاشی ئێوارێ، ماڵی کاک فەرهاد هەموویان چوونە سەردانی ماڵی کاک ڕەحمان. ئەو شەوە مەجلیسیان زیاتر لە جاران، خۆیایەتی پێوە دیاربوو، ڕەنگە بەهۆی پەیوەندی و هاوڕێیەتی بەختیار و میناوە بێت.

کاک ڕەحمان ئەو ئێوارەیە، زۆر دیقەتی دەدایە مینا و بیری لەوە دەکردەوە داخوا دەکرێ لە داهاتوودا، ئەگەر بەختیار مەیلی لەسەر بێ، داخوازی مینای بۆ بکات. ئەو شەوە، هەرچەند لەو کچە ڕادەما زیاتر ڕەحمی بۆی دەجوولا و دەخێوایە عەقڵی. ئایشەخانیش دووسێ جار بە دزی بە بن گوێی سەعادەتدا چرپاندی کە ئەمان هەردوو خانەوادەکە دۆستایەتییان خۆشە و ئەگەر بکرێ زیاتر تێکەڵاو بن و ببنە خزمی یەکتریش. ئایشەخان بەوەندە نەوەستا و ویستی ڕوونتر سەعادەتی تێبگەیەنێ، بۆیە وتی: "سەعادەت خان، دەبا قسەیەک لە دڵمدا هەیە، پێتی بڵێم. تۆ پێت چۆنە، ئەگەر داخوازی مینا بۆ بەختیار بکەین. لەبەر دڵی من، ئەو دوو کەسە زۆر لێک دەوەشێنەوە".

سەعادەت: " ئایشەخان، من قسەکەی تۆم پێ خراپ نییە. بەڵام ئەوانە هاوڕێی یەکدینە و زۆر لە ئێمەمانان پتر لە ئیشی دنیایێ دەزانن. ئەگەر بەخۆیان نیازێکی وایان هەبێ، خۆ ئێمە مانعیان نابین. جا ئەو مەسەلەیە بۆ خۆیان لێگەڕێ".

مینا دەیویست لە هەلێکدا بە بەختیار بڵێ کە سبەی بێتە ماڵیان، بۆ ئەوەی لە بارەی ئایندەی خۆیان هەندێ گفتوگۆ بکەن. بەڵام دوا جار وای پێ باش بوو کە سەعادەت پێی بڵێت، چونکە بۆ ئەم نەختێ ناخۆش بوو لە بەرچاوی ئەوان بەدزی

قسانی لەگەڵ بکات، بۆیە چووە بن باڵی سەعادەت خان و بە چرپە پێی وت: "دادە سەعادەت، ئەگەر بە بەختیار بڵێی، بەیانی دوای نیوەڕۆ سەرێکمان لێ بدات، هەندێ کاری تایبەتم پێی هەیە".

سەعادەت زوو لە قسەکانی مینا حاڵی بوو و وتی: "باشە مینا گیان خەمت نەبێ، ئێستا من پێی دەڵێم".

ئەو شەوە زۆر قسەو باسی جۆراوجۆریان کرد. لە دەوروبەری سەعات دەی شەوێ، کاک فەرهاد وتی: " ئەرێ سەعادەت نەڕۆینەوە، وا بزانم درەنگە".

سەعادەت: " فەرموو پیاوەکە با بڕۆین. ئەوە تێر دانیشتین و گەلێکمان باسی ئەو دنیایە کرد". هەڵسان و ماڵئاواییان کرد. کاک ڕەحمان لەگەڵ کاک فەرهاد لە پێشەوە بەرەو دەرگای حەوشەکە دەڕۆیشتن. بە دوای ئەوانیش، بەختیار و سەعادەت و ئایشەخان، کچەکانیش لە دواوە بوون. سەعادەت لەدەموساتی گەیشتنە بەر دەرگای حەوشە، بە چرپە بە بەختیاری وت: "بەیانی سەرێکمان لێ بدە، دیارە مینا هەندێ کاری پێتە".

بەختیار: " بەسەرچاو سەعادەت خان، بەیانی دانی ئێوارە سەرتان لێدەدەم".

میوانەکان خواحافیزییان کرد و بەرەو ماڵێ گەڕانەوە.

بەختیار لە دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، کەوتە بیرکردنەوە کە داخوا مینا چ کارێکی پێی هەیە. لە بیری خۆیدا دەیگوت: ڕەنگە مینا، باسی گرفتەکانی و ڕێگەچارەی دەربازبوون لەو گرفتانەی لەگەڵ بکات. بەڵام هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە لەو دانیشتنە داوای ئەوەی لێ دەکات پێکەوە سەری خۆیان هەڵگرن و ڕوو لە وڵاتە ئەوروپاییەکان بکەن. هەرچەندە لەو ساڵانەی دواییدا زۆربەی کوردە عیراقییەکانی ئەوێ، ڕێی هەندەرانیان گرتبووە بەر.

بۆ بەیانییەکەی، دەوروبەری سەعات سێی ئێوارە، بەختیار چووە دەرێ و بەرەو ماڵی مام فەرهاد کەوتە ڕێ. مینا هەر سبەینە زوو بە سەعادەتی وتبوو کە ئەویش لە دانیشتنەکە ئامادەبێ، بەڵام پێی نەوت کە ئەم، لەو دانیشتنە بە تەمایە لەگەڵ بەختیار باسی سەفەری هەندەران بکات. کە بەختیار هات، هەرسێکیان لە ژووری میوانان دانیشتن.



مینا زوو هەڵیدایێ و وتی: "دادە سەعادەت، بەختیار، من لەوەتەی هەم ئەوەندەی ئەو دوو ساڵە بە ناز و نیعمەت نەژیاوم. من بەختەوەر بووم کە قەدەر، دایک و باوکێکی تێگەیشتوو و میهرەبانی بۆ پەیدا کردم. باوەڕ ناکەم هیچ کچێک، بە قەد من ڕێزی لێ گیرابێ. من هەموو جۆرە سەربەستییەکم هەبووە لە هیچم کەم نەبووە. بەڵام خۆتان دەزانن، واقیعی ژیانی من چۆنە و ناکرێ هەتا هەتایە ئەوها بژیم. چونکە هەر وەختێک، ئاشکرا ببێت کە مینا ئیسماعیل نیم و بەبێ ڕەزامەندی دەوڵەت بە خێویان کردوومە و خەڵکی عیراقم، ئەو وەختە منیش و مامە فەرهادیش تووشی گرفتێکی گەورە دەبین. بۆیە من دەمەوێ ئەمڕۆکە پێتان بڵێم کە چاکترین ڕێگە بۆ دوورکەوتنەوە لەو مەترسییانە ئەوەیە کە من بەرەو هەندەران سەری خۆم هەڵگرم! بێگومان من ناتوانم بەتەنها ئەو ڕێیە بگرمەبەر. دەبێ یەکێکی دڵسۆز دەستم بگرێ و خەمخۆرم بێت. نزیکترین کەسێکیش لە من، لە دوای دادە سەعادەت و مامە فەرهاد، بەختیارە کە دیارە هەردووکمان خۆشەویستی یەکدین. بەڵێ بەختیار شیاوترین کەسە کە دەتوانم لەگەڵی بژیم. بۆیە ئێستا لەو دیدەنییەدا، داوا لە بەختیار دەکەم کە من بە هاوسەری خۆی قبووڵ بکا و ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرێت. جا نازانم ئێوە چی دەڵێن!"

بەختیار، لەگەڵ قسەکانی مینا کەوتە هەڵوێستێکی دوولایەنە. لەلایەک داخوازییەکەی مینای لە ڕووی واقیعییەتی ژیانی ئەو، زۆر پێ عاقڵانە بوو. لەلایەکی دیکە نەدەکرا لەو کتوپڕەدا ڕەزامەندی خۆی ڕابگەیەنێ. چونکە دەبوو پرسێکی ماڵەوەیان بکات. ئاخر بەجێهێشتنی خانەوادەکەی کارێکی ئاسان نییە و شکاندنی پەیمانی خۆشەویستیش لەم ناوەشێتەوە. پاش کەمێک دامان، ڕووی لە مینا کرد و وتی: "مینا گیان، من بەڵێنم داوە کە لە پێناو بەختەوەری تۆ و پاراستنی ماڵی کاک فەرهاد، هەرچی لە دەستم دێت بیکەم. هەنووکە داوایەکەی تۆم قبووڵە، بەڵام داوات لێ دەکەم کە ماوەم بدەیتێ تا ڕەزامەندی دایک و باوکم وەردەگرم، چونکە خۆش نییە لەو ئاوارەیییە، تووشی خەم و خەفەتیان بکەم. وانییە سەعادەت خان".

سەعادەت، قسەی هەردووکیانی لەلا پەسند بوو، بەڵام نەدەکرا، پێخۆشبوونی خۆی بدرکێنێ، نەبادا مینا وا تێبگات کە ئەوان لێی بێزارن. پاشان ئەوان، مینایان بە قەد کچەکانی خۆیان خۆشدەوێ و ڕۆیشتنی ئەویش کەلێنێکی گەورە لە

خانەوادەکەیان دروست دەکات. لەگەڵ ئەو ڕاستییانەشدا، هەڵوێستەکەی مینای زۆر پێ عاقڵانە بوو. کە بەختیار لە کۆتایی قسەکانیدا پرسی پێکرد، وتی: "مینا گیان، ئێمە قەت لەتۆ بێزار نابین و ئامادەین وەک یەکێک لە کچەکانی خۆمان بتپارێزین. هەر وەک خۆت گوتت، ئەو مەترسییانە لەسەر ژیانماندا هەیە. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستت کرد شوێنێکی بە ئەمانتر هەیە لەو وڵاتانە، ئێمە هەموو یارمەتییەکت دەدەین، بەتایبەتی ئەگەر بەختیار ئامادەیی تێدا هەبێت".

مینا ڕووی لە بەختیار کرد و وتی: " من دەزانم گرتنەبەری ڕێگەیەکی ئاوا، پێویستی بە ڕەزامەندی خانەوادەی هەردوولامان هەیە و ئەگەر ڕازی نەبن، ئێمەش ئەو خەیاڵە لەسەری خۆمان دەردەکەین. ئێمە دەبێ لەگەڵ دایک و باوکی هەردوولا، ئەوە ساغ بکەینەوە و پێیان بڵێین کە ئێمە دەبینە هاوسەری یەکدی، خۆ ئەوە شەرمی ناوێ".

سەعادەت: " بەختیار، لە بیرتە کە وتم ئەو کچە، عەقڵی لە شێوەی جوانترە!، بەخوا من ناتوانم ڕێگەی لێ بگرم، هەرچەندە ئەگەر بەرەو هەندەران بڕۆن جارێکی دیکە مینا نابینمەوە" لەگەڵ ئەو قسانەی دوایی، دەستی کردە گریان.

مینا لە شوێنی خۆی هەڵسا و دەستی لە ملی سەعادەت کرد و وتی: "دایە گیان با بەختیار شایەت بێت. ئەگەر ئێوە لە بیرکەم، دیارە کەسێکی سپڵە و بێ وەفام. ڕەنگە جارێکی دیکە بە دوای هەواڵی زەینەدینی باوکمدا نەچم، تەنها بۆ یەک مەبەست نەبێت، بەڵام دەبێ ئێوە وابزانن کە کچێکتان لە هەندەرانە و هەقتان بەسەریەوە هەیە، هەقی خۆشویستن و لە ئامێزگرتنی".

بەختیار: " باشە کەواتە ئێوە قسە لەگەڵ مام فەرهاد بکەن و منیش لەگەڵ ماڵەوەمان، پاشان یەکدی دەبینینەوە جارێ خواحافیز".

سەعادەت و مینا: " خوات لەگەڵ بێت".

لەدوای ڕۆیشتنی بەختیار، سەعادەت گریان بەری نەدەدا و مینای لە باوەش گرتبوو و ماچی دەکرد و دەیگوت: " ئەگەر بە جێمان بێڵی من سەبری خۆم بە کێ بێنم!"

میناش لەگەڵ ئەو دەگریا و دەیگوت: "ئاخر دایە گیان، ئەوەندەی بیر دەکەمەوە



ڕێگەیەکی دیکەم لەبەردەم نییە، ئەگەرنا بەجێهێشتنی باوەشی تۆ وەک مردن وایە".

هەردووکیان بەو گریانە گرێی دەروونیان کرایەوە و پاشان فرمێسکەکانیان سڕییەوە.

٥١

بەختیار، پێی باش بوو یەکەم جار ئەم مەسەلەیە لەگەڵ دایکی باس بکات. پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوای قسەکردنی لەگەڵ مینا و سەعادەت، بە دایکی وت: "دایە، مەسەلەیەکی گرنگ هەیە دەمەوێ پێکەوە قسەی لەسەر بکەین".

ئایشەخانیش یەکسەر بیری بۆ ژنخوازی و ئەو جۆرە بابەتانە چوو و وتی: " فەرموو کوڕەکەم، ئینشەڵڵا خێرە".

بەختیار: " من و مینا یەکدیمان خۆشدەوێ، پەیمانی هاوسەرگیریمان داوە. ڕاستییەکەی مینا خەڵکی عیراقە و بەبێ ئاگاداری دەوڵەت لێرە دەژی. خۆ دایە ئەوە مینای کاک سمایل نییە. وەک وتم کوردی لای خۆمانە، بە ئەمانەت لەکن ماڵی کاک فەرهادە. هەر دەمێک ئەوە ئاشکرا بێت، ماڵی کاک فەرهاد و میناش تووشی سزای یاسایی دەبن. بارودۆخی ژیانی میناش بە کەڵکی ئەوە نایەت بۆ عیراق بگەڕێتەوە. بۆیە تاکە ڕێگە لەبەردەمی ئەوەیە، سەفەری هەندەران بکات. لێرەدا، من دەبێ یان دەستبەرداری ئەو خۆشەویستییە بم، یا دەبێ لەگەڵ ئەو پێکەوە بڕۆین. خۆ ئەگەر ئێوە ڕازی نەبن، ئەوا منیش وازی لێ دێنم، ئەوپەڕەکەی شێت دەبم".

ئایشەخان: "کوڕم، من زۆر عەقڵم ئەو کچە دەگری و هیچ پێم ناخۆش نییە ببێتە هاوسەرت، وەلێ مەسەلەی ڕۆیشتنتان بۆ دوورە وڵات ئەمەیان بڕیار لەسەردانی نەختێک زەحمەتە بۆ ئێمە. ناشزانم باوکت ڕازی دەبێ یان نا".

بەختیار: " دایە، خۆ ئاگاداری، دەیان کەس و چەندین خێزان ڕۆیشتن و خۆیان لەو وەزعەی ئێرە قوتار کرد. خۆ ئەگەر من بگەمە ئەو وڵاتانە دەتوانم باشتر یارمەتیتان بدەم. پاشان دەبێ حسێبی ئەوە بکەن تازە من بەبێ مینا ناتوانم بژیم. ئەویش بە کەڵکی ئەوە نایێ زیاتر لێرە بمێنێتەوە".

ئایشەخان: " کوڕم، تێتدەگەم، هەرچەندە بۆ من زۆر ناخۆشە، ڕۆژان شووی کرد و

تۆش برۆی ماڵەکەم چۆل دەبێ. بەڵام خەمی منت نەبێ".

بەختیار: " باشە دایکە، دوایێ قسە لەگەڵ باوکیشم دەکەم، بەڵام دەبێ تۆ پشتگیریم بکەیت".

ئایشەخان: " دەزانم کورِم، چ ئاگرێک لە هەناوت بەربووە حەز دەکەی یەکەم جار، من قسەی لەگەڵ دەکەم، من دەزانم بە چی دەگیرێ". بە پێکەنینەوە ئەمەی دوایی وت.

بەختیار: " زۆرباشە دایە گیان، ئەگەر تۆم لەپشت بێت هەمیشە سەردەکەوم".

بۆ بەیانی وەختی بەر لە نیوەڕۆ، ئایشەخان بەتەنێ لەگەڵ ڕەحمانی هاوسەری، مەسەلەکەی هێنا گۆڕێ و داوای لێ کرد کە مانیعیان نەبێت، ئەگینا بەختیار شێت دەبێ، ئاخر ئایشێ دەیزانی کە بەختیار عاشقی مینا بووە و نابێ لێی دابڕێ. ئایشەخان، لەگەڵ ئەو قسانەیدا زۆر نموونەی هێنایەوە کە کوڕانی خەڵک بۆ وڵاتان ڕۆیشتوون و خۆیان لەو وەزعەی ئەوێ ڕزگار کردووە.

باوکی بەختیار، زۆر لە کێشەکانی مینا حاڵی نەببوو کە برازای کاک فەرهاد نییە و لە بنەڕەتدا کوردی عیراقە، بەڵام لە خەیاڵی خۆیدا دەیگوت: ئینسان ڕەگی بڵاوە، ڕەنگە خزمیان لەودیویش هەبێ، یان کچی دۆستێکیانە و لەبەر مەسەلەی سیاسی و شتی وا ڕای کردووە. هەموو شتێک دەبێت. دیاربوو زۆری لێ نەکۆڵییەوە. سەبارەت بە بەختیاریش کە عەشقی ئەو کچە بووە، لە دڵی خۆیدا وتی: جا کێ عەشقی ئەو کچە نابێت. هەر زوو دڵی نەرم بوو و وتی: " ئایشێ، من بەختیارم لەو چاوانەم خۆشتر دەوێ، پاشان ئەو کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە و بەرژەوەندی خۆی چاک دەزانێ لە چیدایە. ئەگەر کێشەکەی منم، پێی بڵێ با لەوڕۆوە کاروباری خۆی ڕێک بخات، ئەمن پێم ناخۆش نییە".

ئایشەخان: " بەخوا ئەو خەبەرە خۆشەی بدەمێ لە خۆشییان باڵ دەگرێ".

ئەو ڕۆژە بەختیار کە لەدەوام گەڕایەوە و چاوی بە دایکی کەوت ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینە، لە دڵی خۆیدا وتی: "دیارە باوکمی ڕازی کردووە. ئای کە چاک دەزانێ باوکم چۆن نەرم دەبێ. کە پێکەوە دەبن، هەر دەڵێی سیحری لێ دەکات، هەر داوایەکی هەبێ باوکم بۆی جێبەجێ دەکات".



بەختیار یەکسەر چووە کن دایکی و وتی: "ها دایە، دەڵێی خەبەرێکی خۆشت پێیە".

ئایشەخان: "کورِم، بۆ خۆت کاروباری خۆت ڕێک بخە و موبارەکی مینا بیت. ئەرێ وەڵڵا هەر گرێی نەکرد و زۆریشی پێخۆش بوو".

بەختیار: "دایە گیان ، سوپاسی هەڵوێستی هەردووکتان دەکەم، بەڕاستی سەلماندتان کە منتان لە ڕادەبەدەر خۆشدەوێ".

ڕۆژی دواتر بەختیار چووە لای سەعادەت و مینا هەتا خەبەری ڕازیبوونی ماڵەوەیان پێ بگەیەنێ. دیاربوو ئەوانیش لەگەڵ مام فەرهاد قسەیان کردبوو و هەموو شتێکیان بڕاندبووەوە و چاوەڕێی دوا هەڵوێستی بەختیاریان دەکرد. بەختیار لە بەردەم سەعادەت و مینا وتی: "مزگێنیم دەوێ ، ماڵەوەمان ڕازی بوونە، پێیان وتم مادام لەگەڵ مینا ڕێک کەوتوون ئێمە چۆن دڵمان دێت لێتان تێک بدەین".

لەگەڵ تەواوکردنی قسەکانی لەبەردەم سەعادەت دەستیان گرت و یەکدییان ماچ کرد. پاشان مینا دەستی لە ملی سەعادەت کرد و وتی: "دایە گیان، بمبوورە لە بەرامبەر تۆ ئەو ڕەفتارەمان کرد، چونکە دەبوو لە هەمبەر تۆدا، بێ ڕێزی نەکەین، وەلێ بڕوا بکە لە خۆشییان سەرمەست بووین".

سەعادەت: " گوێ مەدێ کچم، من هەردووکتانم خۆشدەوێ، یاخوا پیرۆزی یەکدی بن و لە ژیاندا ناخۆشی نێتە ڕێتان. بەختیار گیان، تۆ برۆ سەرێک لە باوکی شەونم بدە و خۆشت قسەی لەگەڵ بکە و لە هەڵوێستی ماڵەوەشتان ئاگاداری بکەوە. پاشان هەروا باشە باوکت ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت، لە لای باوکی شەونم، خوازبێنی مینا بکات، چونکە مادام بڕیارتان داوە چارەنووستان پێکەوە بێت، پێویستە ببنە دەستگیران و هەموو ئەو ڕێ و شوێنانەی کە پێویستە، لەبەردەم خانەوادەی هەردوولا بیگرنەبەر. چونکە ئێوە دەبێ ببنە مەحرەمی یەکدی، لە ژێرەوەش خەریکی ڕێکخستنی کاروباری سەفەرەکەتان بن".

بەختیار: " بەڵێ ڕاستە سەعادەت خان، لەو ڕۆژانە دەچمە لای مامە فەرهاد و هەموو شتەکانی پێ دەڵێم. سەبارەت بە خوازبێنی و چوونە قۆناغی دەستگیرانییەتی ئێمەش، پێویستە ئەوە لە چوارچێوەی خانەوادەی هەردوولامان دەرنەچێ، چونکە

نابێت هەتا مینا لێرەیە کەسێک بزانێ کە ئەوە مینای مام سمایل نییە و ناویشی چراخانە. ئێمە دەبێ بە نهێنی و بەبێ ئاگاداری خەڵک کارەکانمان ڕێک بخەین".

مینا بە پێکەنینەوە: " ئەگەر دایک و باوکم ڕازی نەبن شووت پێناکەم، ئێستا دەستی سەعادەت خان ماچ بکە بزانە ڕازییە ببێتە خەسووت".

هەرسێکیان پێکەنین و سەعادەتیش ئومێدی ژیانێکی خۆشی بۆ خواستن.

مینا و بەختیار، دەبوو لەسەر ئەوەش ڕێک بکەون کە داخوا لەو کاتەی ئەوان دەبنە دەستگیران، هەنگاوی داهاتوویان چۆن دەبێ.

بەختیار بە ئامادەبوونی دایکی، داوای لە باوکی کرد کە بچێتە کن کاک فەرهاد و خوازبێنی مینای بۆ بکات. هەوڵی دا باوکی حاڵی بکات کە مینا لە ئەسڵدا ناوی چراخانە و لە عیراقەوە هاتووە، ئێستاش وەک کچی مام فەرهاد وایە، بەڵام ئەو ڕاستییانە نابێت کەسی دیکە بیزانێ. بەختیار، هۆکارەکانی سەرگەردانبوونی مینای بە دایک و باوکی نەدەگوت، ئەمەی بۆ ڕۆژی خۆی هەڵگرتبوو، چونکە لەوانەبوو ئەوان وەک ئەم، نەڕواننە ڕووداوەکانی میناو تووشی گومان ببن.

بەختیار لەگەڵ مام فەرهاد و سەعادەتیش وا ڕێک کەوتبوون کە پێویست ناکات هەموو مەسەلە وردەکان لەو دەمودەستە لە ماڵەوەیان بگەیەنێ، بۆیە ئەو ئێوارەیەی کە بەختیار لەگەڵ دایک و باوکی بە ڕەسمی چوونە خوازبێنی مینا، کاک فەرهاد و باوکی بەختیار، هەر دەتگوت تەگبیریان وابووە کە لەو مەسەلانە نەکۆڵنەوە. زۆر بە ئاسانی کارەکەیان بڕاندەوە و لە ڕێگەی پیاوێکی ئایینییەوە مارەیان بڕین. واتە لە یەک شەودا خوازبێنی و مارە بڕینەکە ئەنجام درا.

کاک فەرهاد بە بەختیار و کاک ڕەحمانی وت: "من حاڵم باشە و لە جێگەی باوکی مینام، بۆیە هەموو ئەو خەرجییانە دەگرمە ئەستۆی خۆم کە بۆ مەسەلەی سەفەرکردن پێویستییان پێی دەبێت".

مینا، لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی دوایی مامە فەرهاد، زەینەدینی باوکی بەبیر هاتەوە. بە گریانێکی هێمنانە لە شوێنی خۆی هەستا و دەستی مام فەرهادی ماچ کرد و، پاشان وتی: "بەختەوەرم کە لەو جیهانە کەسێک، باوکی وەک من میهرەبانی نییە. من لەوەتەی هەم، هەموو گریانەکانم لە ناخۆشیدا بووە، بەڵام ئەم جارەیان لە



خۆشیدا دەگرییێم. من بە ڕۆح قەرزباری ئەم دایک و باوک و خوشکانەی خۆمم و تا دەمرم لە پێناوی ئەواندا دەژیم".

مینا گەڕایەوە شوێنی خۆی. مام ڕەحمان و ئایشەخانیش زۆر مەمنوونی کاک فەرهاد بوون، چونکێ ئەوان توانای لە ئەستۆگرتنی خەرجییەکانی ئەو سەفەرەیان نەبوو. بەڵام کاتێک مرۆڤ لەگەڵ خەڵکێکی بەڕێز و جوامێر دەبێتە دۆست و خزم، ئەو دەرگایانە بە خۆیان دەکرێنەوە. دوای ئەوە سەعادەت و ئایشەخان و شەونم، مینایان ماچ کرد و پیرۆزباییان لێ کردن. کاک فەرهاد و باوکی بەختیاریش هەردووکیان نێوچەوانی مینایان ماچ کرد و وەک باوک و مامێکی دڵسۆز ، دەستیان بەسەردا هێنا.

ڕۆژی دواتر بەختیار و مینا چوونە ماڵی ساجیدە نازری و خەبەریان دانێ، بەڵام نەچوونە ناو وردەکارییەکانی تر.

٥٢

فریاد لە دوای بەدواداچوونی خەبەری شێرکۆی کوڕە پووری، بەهەمان ڕێگەی ئاوابوونیدا گەڕایەوە عیراق. لەگەڵ گەیشتنە جێیدا خەبەری ئەسیربوونی شێرکۆی بە ماڵی پوورەکەی گەیاند و پێی وتن کە کوڕەکەیان لەگەڵ هەزاران سەربازی دیکەدا، دیل کراون و ئێستا لە سەربازگەیەکی تایبەتدا دەژین و ئەم بەخۆی ناوی ئەوی، لە لیستی ئەسیرەکاندا خوێندۆتەوە.

ڕۆژی دواتر سەردانی ماڵی شاسواری کرد و بەسەرهاتی سەفەرەکەی بە درێژی بۆ گێڕایەوە. ئەو وەختەی هاتە سەرباسی ئەو کچەی کە لەبەردەم قەتابخانەکە بینیبووی، بە دەنگێکی زۆر نزم وتی: "ئێستاش سوێند دەخۆم کە ئەو کچە چراخان بوو، ئاخر لە سەدا سەد بەو دەچوو. پاشان کە منی بینی، ڕووی خۆی وەرگێڕا و لە دەرگای قوتابخانەکە چووە ژوورێ. بەڵام کە لە بەختیارم پرسی: وتی ئەو کە ناوی مینایە. منیش لە دڵی خۆمدا وتم: دیارە هەو نییە، هەر ئەوەیە پێک دەچن. لە دواییدا بیرم کردەوە کە دەکرێ ئەو کچە چراخان بێت و بەو ناوە لەوێ بژیت، چونکە ناکرێ بە ناوە ئەسڵییەکەی خۆی لەوێ بژیت".

شاسوار: "دەشێ ئەو بێت، ڕەنگە نەیوێرابێ خۆی ئاشکرا بکات. باشە کاک فریاد، بە ڕای تۆ بەدوایدا بچم. دەڵێم بەڵکە بیدۆزمەوە. بەڕاستی لە پاش ئەو، هیچ زەوقم لەسەر ژیان نەماوە. ئای کە غەدرێکی چەند گەورەمان لێی کرد و منیش تێیدا بەشدارم".

فریاد: "شاسوار گریمان تۆ چوویتە ئەودیو و ئەویشت بینییەوە، دەتوانی لەگەڵ خۆت بیهێنیتەوە. ئایا ئەو، بڕوای دێت لەگەڵ تۆدا بگەڕێتەوە. بەڕای من ئێستا، پاش نزیکەی دوو ساڵ لە هەر جێگەیەک بێت، ئەو کچە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئێستا خاوەنی خۆی هەیە. بە ئاسانی ناتوانی بڕوای پێ بینی کە پارێزگاری لێ دەکەی. کێ ناڵێ هەنووکە بۆخۆی شووی نەکردووە و ماڵ و حاڵی خۆی نییە. ئاخر من بڕوام وایە، هەزاران کەس مەمنوونی چراخانە ببێتە هاوسەری و ئەو کەسەش هەر کێ بێت، ئێستا حەقی بەدەستە، پارێزگاری لەژیانی چراخان بکات".

شاسوار: " ڕاست دەکەی کاک فریاد، بەڵام من دەمەوێ تەنها لەوە بگەم داخوا لە ژیاندا ماوە یان نا. ئەگەر مابێ. داخوا دەبێ ژیانی چۆن بێ. حەز دەکات بێتەوە لای من یان نا. خۆ من ناڵێم بە زۆر دەیهێنمەوە. دەزانم ئەو خێزانەی ئەویان لەباوەش گرتووە و بەخێوی دەکەن، لە من زیاتر حەقیان بەسەریەوە هەیە".

فریاد: " من وا دەزانم ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو کچە خۆی، پەیدا دەبێتەوە و بەسەرمان دەکاتەوە. چونکە لێی ڕادەبینم کە خاوەن غیرەتێکی لەو چەشنەیە و پاکیزەیی خۆی بەهەمووان دەسەلمێنێ. بەڵام ئەو کاتە کە بۆی مەیسەر دەبێت".

شاسوار: " کاک فریاد، با شتێکت بۆ بگێڕمەوە: ئەو ڕۆژە لە بازاڕ تووشی فەقێ ئەحمەدی خزممان بووم. پاش چاک و چۆنی لێی پرسیم کە داخوا لەبەر چی سەردانی گوندەکەی خۆمان ناکەم و لە هیچ بۆنە و جەژنێک سەردانی ماڵی باوکم ناکەم. منیش نەمویست بەدوور و درێژی قسەی بۆ بکەم، هەر ئەوەندەم وت کە ئەو گوندەم بە خەڵکەکەوە، لەبەر دڵ، ڕەش بووە و نامەوێ کەسیان ببینم. پاشان دەمزانی کە ئەو یەکێکە لەو کەسانەی کە لەسەر مەسەلەی چراخان، سەرکۆنەی باوکمی کردبوو، بۆیە سوێندم خوارد کە دەبێ شەو بێتە ماڵی ئێمە. ئەویش، زوو لە من تێگەیشت و داواکەمی قبووڵ کرد. شەو لەلامان مایەوە. پاش نانی ئێوارە، فەقێ



ئەحمەد زۆر حەزی دەکرد کە باسی ئەو ڕووداوەم لەگەڵ بکات. منیش حەزم دەکرد، ئەو قسەم بۆ بکات، بۆیە وردە وردە پرسیارم لێی دەکرد، هەتا بزانم ئەو چۆنی تێگەیشتووە. فەقێ ئەحمەد دەیگوت کە باوکم ئێستا، بەینی لەگەڵ دەروێش نەدیم نەماوە و زۆر پەشیمانە کە ئەو غەدرەی لە چراخان کردووە. دیارە باوکم، شەوێکیان دەچێتە ماڵی فەقێ ئەحمەد، لە دوای خۆسووتاندنی نەجیبە، گەلێک سەرزەنشتی خۆی دەکا و گوتوویەتی کە هەموو ئەو هەڵانە، نەدیم بەوی کردووە. کاک فریاد، ئەو شەوە فەقێ ئەحەمەد پێی وتم: ئەرێ شاسوار پێم ناڵێی چۆن دەستت چووە خوێنی خوشکەکەت و کوشتت! ئەمنیش هەر ئەوەندەم پێ کرا بڵێم، لەترسی ئێوە و خزمانی عەشیرەت ئەو ئیشەم کردووە ئەگەرنا، لە دڵی خۆمدا کارەکەم پێ ڕاست نەبوو".

فریاد وتی: " کاک شاسوار، تازە لەبەر چاوی خزم و ناسیا و وا دیارە کە تۆ خوشکی خۆت لەسەر مەسەلەی شەرەف کوشتووە، بۆیە نابێ، بۆ هیچ کەسێک ئاشکرای بکەی کە نەتکوشتووە، تا ئەو ڕۆژەی چراخان خەبەرێکی دەبێ. ئەوکاتە بڕوام وایە، ئاشکرا کردنی ڕاستییەکان لەجێی خۆیدا دەبێ و تۆش، بای ئەوەندە لایەنگرت دەبێ لە ناو خزم و دۆستان کە پشتیوانی هەڵوێستەکەی تۆ بکەن".

٥٣

زەینەدین، هەرچەند بە ناو ساڵدا دەچوو، زیاتر هەڵوێستی لە بەرامبەر ژنەکەی لاوازتر دەبوو، ئەو لە لایەک، لە سووی هەڵوەشانەوەی خێزانە کۆنەکەی و تێگەیشتن لەو هەڵەو کەمتەرخەمییانەی کە بەرامبەر بە ژن و منداڵەکانی کردبووی، وردە وردە ئاسەواری پیری و بێ تاقەتی لێ دەردەکەوتن. شەو هەبوو تا بەیانی، لەبەر هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردنی ڕووداوەکانی ژیانی خانەوادەکەی، خەوی لێ نەدەکەوت. هەمیشە خەفەتبار و دوڕدۆنگ دیار بوو و حەزی لە ئاوەدانی نەدەکرد. لە لایەکی دیکە، نەیدەتوانی ئامینەی خورت و جحێڵ ڕازی بکا و لانی کەم هەرچەند شەو جارێک، بە دەنگ حەز و ئارەزووەکانی ئەودا بچێت. گرفتە دەروونییەکانی ئەو وەختە سەریان دەرهێنا کە ئامینە بە تەواوی لێی بێ ئومێد بوو و بەردەوام تانە و تەشەری لێ دەدا.

زەینەدین چاک دەیزانی کە ژنێک، لەو تەمەنەی گەنجێتیدا، سەبری بە چی دێت،

بەڵام چی بکات لای ئەو دەست نەدەکەوت، بۆیە دەبووایە چاوپۆشی لە ڕەفتارەکانی ئامینە بکات کە پێشتر، لە ڕۆژگاری هێز و گڕ و تینیدا، ئامادەبوو بۆ هەریەکێ لەو ڕەفتارانە کەتنێک بکات. کوشتنی چراخان و خۆسووتاندنی نەجیبە، لەلایەک ئاگریان لە هەناوی بەردەدا. لەلایەکی دیکە لەکەیەکی ناشیرین بوون بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەمەوە نووسابوون. هەموو جارێ، ئامینە گەفی لێی دەکرد کە ناتوانێ بەدیار پیرە کەمتیارێکەوە دانیشێ کە گشت سیماکانی پیاوەتی لە دەست دابێ، ئامادەیە منداڵەکانی بەسەردا جێ بێڵێ و ڕوو لە ماڵی باوکی بکاتەوە.

ئامینە، خاڵە لاوازەکانی زەینەدینی دەقۆزییەوە و لە بەرچاوی ئەودا، خۆی پۆشتە دەکرد و چاوەکانی کلڕێژ دەکردن. بۆن و بەرامە و گوڵاوی بۆنخۆشی بەکار دەهێنا. کراسی حەریری تەنک و شلکی لەبەر دەکردن بە جۆرێک بارستایی مەمکە قیتەکانی بەئاشکرا خڕ دیار دەکەوتن. زەینەدینیش، لای ڕوون بوو کە ئەم بایەخ بەخۆدانەی ئامینە بۆ ئەم نییە، بەڵام ئاخر چی بکات. هەر ئەوەندەی لە دەست دەهات، خۆی کڕ بکا و دەنگی لێوە نێت.

ڕۆژێکیان نەخۆش دەکەوێ و تایەکی گەرمی دێتێ. درەنگی شەوێ بە ئامینە دەڵێ: "برۆ بەدوای ئەو مامۆستایە، ئەو خوێندەوارە و دەزانێ ئەو دەرمانانە کامەیان بۆ نەخۆشییەکەی من باشە".

ئامینەش لە ژێرەوە زۆری پێ خۆش دەبێت کە بەو شەوە بەتەنها بچێتە لای مامۆستاکە، بەڵام بۆ ئەوەی زەینەدین هیچ گومانی لێ نەکات، وتی: "بەو درەنگی شەوە چۆن بچمە ئەوێ. ئەگەر یەکێک بمبینێ، داخوا چ بوختانێکم بۆ هەڵدەبەستێ".

زەینەدین کە لەگەڵ گەرمی و جۆش سەندنی تادا، هوڕێنەی دەکرد، وتی: "ئەمن بەخۆم ڕازیمە، قسەی خەڵک چییە. دە برۆ خێرت دەگاتێ ژنەکە ، بەخوا حاڵم زۆر شڕە".

ئامینە: " دە باشە، وا دەچم".

هەڵسا و چووە ژوورەکەی دیکە، لە بەر ئاوێنەکە خۆی ڕێکخست و نەختێ بۆنی خۆشی نێو جێگەشی لە خۆی دا. کراسەکەی کەمێک داکێشایە خوارێ و سینەی سپی و جۆگەی نێو مەمکەکانی دیار کەوتن. ئەو دەیزانی پیاو بە چی دەوروژێن. بەو



خۆئامادەکردنەوە بەرەو ماڵی مامۆستا ڕۆیشت. ژوورەکەی مامۆستا دووسەد مەترێک لە ماڵی ئەمان دوور بوو. لە بەردەم ژوورەکەدا بەرهەیوانێکی بچووک و حەوشێکی لە تەل دروستکراوی بۆ ڕێکخرابوو. ئامینە گەیشتە ئەوێ، دیتی دەرگای تەلبەندەکە دانەخراوە، یەکسەر خۆی گەیاندە بەر دەرگای ژوورەکە. کەمێک هەستی ڕاگرت، دەنگی ڕادیۆکە بە نزمی دەهات. دیاربوو مامۆستا هێشتا نەخەوتبوو. ئامینە، بە هێواشی لە دەرگاکەی دا و مامۆستا وتی: "کێیە".

ئامینە: " مامۆستا منم، کارێکی پێویستم پێت هەیە".

مامۆستا دەرگاکەی کردەوە و ئامینە چووە ژوورەوە و شەو باشی لێ کرد.

مامۆستا: " بە خێر بێی ئامینە، خێرە بەو شەوە هاتووی". لەگەڵ ئەم قسانە سەیرێکی سینگ و مەمکی ئامینەی کرد و زانی ئامینە بە ئەنقەست وای کردووە و مەبەستێکی هەیە.

ئامینە: " حاجی زۆر نەخۆشە. بەو شەوە منی ڕەوانەی لای تۆ کردووە تا بێیتە ماڵمان و تەماشای دەرمانەکانی بۆ بکەی. بەڵام پەلە مەکە، خوا دەیکرد هەتا دەچووین ڕۆحی لەبەر نەدەما. جارێ دەرگاکە داخە و ئەمنی چارەسەر بکە".

مامۆستا زۆری پێ ناخۆش نەبوو. کە خۆی بە تەنیا لەگەڵ ژنێکی گەنج بینی بەو شەوە کپ و بێدەنگە، ئارەزووی دەست گەمە لەسەری گەڕا. کەوتە وەڵامدانەوەی گڕی ئامینە. لە چەند چرکەساتێکدا هەموو شتێ کۆتایی پێ هات. ئامینە زوو خۆی پێچایەوە و بەرەو ماڵ بووەوە و مامۆستاش، چەند خولەکێک لە پاش ئەو چووە ئەوێ.

بۆ بەیانییەکەی، زەینەدین (تا)یەکە بەری دا و هاتەوە هۆش خۆی. بە بیری هاتەوە کە شەوێ بە خۆی ئامینەی ڕەوانەی لای مامۆستا کردووە. لە بەر خۆیەوە وتی: نەدەبوو بەو شەوە بینێرم، ئاخر کێ دەڵێ ئەو مامۆستا گەنج و خاوێنە لەگەڵ ئامینەی تەریفە و لە ژوورێکی بە تەنها، چی بیانەوێ نەیان کردووە. مەگەر مەلائیکەت بێت. پاشان ئەگەر ئەو پیاوێکی داوێنپاکیش بێت، کێ دەڵێ ئامینە بە زۆر خۆی لەبەر نەکردووە. ئاخر هەر ئەمن دەزانم ئەو ژنە چ ئاگرێک لە نێو گەڵی بەربووە. تازە هەرچی بووە ناگەڕێتەوە. چاکە شەو درەنگ بووە و کەس پێی نەزانیوە. ئای خودایە چۆن سەرم لێ تێک چووە. کچێکی جوان و بە ئەخلاقم هەبوو، بە قسەی

بوختانکەران کوشتم کە دەزانم لە دوڕ پاکتر بوو. ئێستاش خەریکم بەو پیرییە و بە نیوە شەوێ، ژنەکەم بە دیاری بۆ خەڵک دەنێرم و دەبێ مەمنوونیش بم هەر ئەو ڕازی بێت. ئای چم لە خۆم و منداڵەکانم کرد. شاسواری کوڕم دوو ساڵە سەرم لێ نادات. هەموو خەتاکان لە خۆمە، دەزانی چ تاوانێکم پێی کرد. ڕەنگە لە سووی خوشکەکەی ڕووی نێت سەر لە ئاوایی بدات. ئەویش هەقی خۆیەتی، تازە ئێرە چ خۆشییەکی بۆ ئەو تێدا نەمایە. خۆ ئەگەر بزانێت باوەژنی لە پشت سەری من چ دەکات، ڕەنگە قبووڵ نەکا و کوشتنی چراخانیشم بەچاودا بداتەوە. بەخوا نەهاتنی بۆ من چاکترە، نەک بێتە ئێرە بەو وەزعە بمبینێ.

٥٤

پشووی سەری ساڵی ئێرانی بوو. بەختیار داوای لە سەعادەت کرد کە مۆڵەت بە مینا بدات، پێکەوە سەفەرێکی شاری نەغەدە بکەن، بۆ ئەوەی لەوێ هەم سەردانێکی (ڕۆژان) بکەن و هەمیش بەدوای پەیداکردنی پەساپۆرتێکی دووکەسی بگەڕێن. چونکە لەوێ، چەندین کەس لەسەر ئەم جۆرە ئیشە دەژی. سەعادەت ڕەزامەندی نیشان دا و پێی وت کە ئەم، دوایێ خۆی قسە لەگەڵ فەرهاد دەکات.

بۆ بەیانی بەختیار و مینا چوونە گەراج و لەگەڵ چەند کەسێکی دی، سواری پاسێکی هێڵی نەغەدە بوون. مینا لەلای جامەکە سوار بوو بەختیاریش لە تەنیشت ئەو. بەدەم ڕێگا ڕۆشتنەوە، بەختیار ناوی بەرزایی و گوند و شیوەکانی بە مینا دەناساند. مینا، یەکەم جاری بوو لە گەشتێکی ئەوها و لەگەڵ خۆشەویستترین کەسی خۆی، بچێتە سەفەر و هیچ مەترسییەکی لەسەر نەبێ. دەستی بەختیاری لەنێو دەستە نەرم و لووسەکانی خۆی، نەرم نەرم دەشێلا و خەیاڵیشی لەسەر ئەوە بوو کە داخوا کارەکانیان ڕاهی دەبێ و دەتوانن سەفەرەکەیان بکەن یان نا. مینا ئەو ڕۆژە، ئەوەندە بەختەوەر خۆی دەهاتە بەرچاو، هەندێ جار چاوەکانی دەخستە سەر یەک و بیری دەکردەوە: ئاخۆ ئەوە خەونە یان ڕاستییە، وا لە نێو گوڵزار و بەهاری ژیانیدا، خۆی دەبینێتەوە. ئێستاکە ئەم، بە تەواوی لە ڕابردووی خۆی دابڕاوە و ئایندەیەکی ڕوون چاوەڕێی دەکات و چەندان کەس بایەخی پێ دەدەن. زۆر جار لە خۆی دەپرسی: داخوا هۆکاری گرینگی پێدانی ئەو خەڵکە لە چییەوە سەرچاوەی



گرتووە. ئاخر مینا لە بەرامبەر هیچدا، ببووە خۆشەویست و جێگەی سەبری ئەوان. هەندێ جاریش، دەهاتە سەر ئەو بڕوایەی کە مرۆڤەکان، ئەوانەی هەست و نەستیان نەشێوێنراوە و لە سروشتی خۆیان نەکەوتوون، بە هۆی نەستەکانیان یەکدی دەناسنەوە و باوەش بۆ یەکدی دەکەنەوە. دنیای مرۆڤە دڵ گەورەکان و هزرکراوەکان، دنیایێکی تایبەت و دەرگا والایە، هەر کەسێ ڕێی پێ بکەوێ، ئاسوودە دەبێ و لەگوناە پاک دەبێتەوە. ئەو مرۆڤانە، لەسەر هەر بیروباوەڕێک و لەسەر هەر ئاینێک بن، دوا جار مەبەستیان خزمەتی ئینسان و چاکە بەخشینە. ئەو جۆرە مرۆڤانە لە هەموو شوێنێکی ئەو دنیایەدا هەن، بەڵام دەبێ قەدەر لەگەڵتا بێ و بۆ ئامێزی ئەوان، ڕێنماییت بکات.

مینا بڕوای وابوو کە کاتێک ئەم لە لووتکەی جەور و ستەمی ماڵە باب و عەشیرەت ڕزگاری بوو، بەرەو ئەو دنیایە، هەنگاوی هەڵگرتووە. یەکەم تاوی بارانی بەزەیی، لەلایەن فریاد و شاسوارەوە بەسەردا باری. پاشان هەرکەسێکی ئەم، ڕێی پێ دەکەوت لە ماڵی کاک عەزیز و پیرۆزەوە، لە دەربازی جوامێر و بەغیرەت، ئەم بەزەیی بارینە درێژەی هەبوو. ئەو وەختەی گەیشتە ماڵی مام سمایل و پاشان ماڵە بەهەشتییەکەی کاک فەرهاد و سەعادەت خان، تەواو لە نێو ئەو جیهانەدا خۆی دۆزییەوە. لەو ڕۆژەی پێی ناوەتە ئەو ماڵە، هەر کەسێک لەو پێگەیەوە ئەمیان ناسیبێت، گشتیان لە مرۆڤپەروەریی نموونەیی بوون، دوا جاریش ئا ئەوەتا وا لە تەک فریادڕەسی ڕاستەقینەی خۆی ئارامی گرتووە کە هەموو وزە و هەست و هزری خۆی لە پێناو سەرفرزای ژیانی ئەمدا خستۆتە کار وەک ئەوەی کە بەختیار لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە خولقابێ هەتا ڕۆڵی بەتەنگەوەهاتنی چراخان، لە ئەستۆ بگرێ.

مینا، لەگەڵ ئەم گەشتە خەیاڵییە، ماوەیەک تەنها جەستەکەی لە تەنیشت بەختیار بوو. کە لەو سەفەرەی خەیاڵی گەڕایەوە، دەستی بەختیاری نەختێک گوشی و وتی: "بەختیار گیان، چەند ساتێکە دوور ڕۆیشتبووم. ئایا دەزانی ئێستاکە من کامەرانترین کەسی سەر ئەو زەمینەم. بەڵام داوا دەکەم بە دڵە گەورەکەت بمبووری کە بە هۆی منەوە ڕێڕەوی ژیانت بە تەواوی گۆڕاوە. مەرج بێ بتکەم بە بەختەوەرترین پیاوی سەر ئەو زەمینە!".

بەختیار: " من وا دەزانم کە خوداوەند تاقیم دەکاتەوە. ئەگەر نەتوانم کەشتی ژیانی تۆ لە کەنارێکی هێمندا لەنگەر پێبگرم دیارە بە کەڵکی ژیان و ژیاری نایەم. واتە مەبەست لە هاتنە وجوودی من لە بنەڕەتدا، بۆ دەستگرتنی تۆ بووە. سەبارەت بە ڕووداوەکانی ژیانی تۆش، من وا دەزانم کە قەدەر وای ڕێک خستووە هەتا تۆ بگەیتە لای من، ئەگینا ئێمە چۆن یەکدیمان دەناسی. من داوات لێ دەکەم لە هەموو ئەو کەسانە ببووریت کە ببوونە مایەی سەرگەردانیت".

وەختێک بەختیار بەو دڵسۆزییە ناخی خۆی بۆ شی کردەوە، مینا سۆزی غەریبی هەستا و تەزووی خۆشەویستی هەموو جەستەی داگرت و وتی: "بەختیار گیان، ئەمن بەقوربانی تۆ بم!". لەگەڵ ئەو دەربڕینەدا، گریانێکی هێمن، لە دەروونیدا هەڵی کرد و دانە دانە فرمێسکەکانی بە دوای یەکدا، بەسەر گۆنایدا هاتنە خوارەوە.

بەختیار، بۆ ئارامبوونەوەی مینا وتی: " مینا گیان، ئەوا گەیشتین. داخوا (ڕۆژان) کە چاوی پێمان دەکەوێ، دەبێ لە خۆشییان چی بکات".

دوای چەند خولەکێک لە ماشێنەکە دابەزین، بە ناو بازاڕەکەدا بەرەو ماڵی (ئاری و ڕۆژان) ڕۆیشتن. سەعات (دە)ی پێش نیوەڕۆ گەیشتنە بەردەرگا. بەختیار زەنگی دەرگاکەی لێدا. ئەوەندەی نەبرد کە (سەبریە)ی دایکی ئاری دەرگاکەی کردەوە و میوانەکانی بەخێرهێنا و مینای ماچ کرد. پاشان بە دەنگێکی بەرز وتی: "ڕۆژان کاکە بەختیار و وان هاتوون". بەرەو یەکێک لە ژوورەکان، پێشیان کەوت.

ڕۆژان کە بیستی بەختیاری برای هاتووە، بەپەلە کارەکانی وەلانا و بۆ لای ئەوان چوو. هەرکە چاوی بە مینا کەوت، یەکسەر لە هەموو شتێک گەیشت. توند مینای لە باوەش گرت و چەند جارێک ماچی کرد. پاشان چاک و چۆنی لەگەڵ بەختیار کرد. ڕۆژان لە خۆشییان لێوەکانی نەدەگەیشتنەوە یەک، وەک پەلیک لەسەر پێیان دەهات و دەچوو. پاش ئەوەی هەواڵی ماڵەوەیانی پرسی، بەختیار وتی: "سەبریە خان، ڕۆژان، من و مینا دەستگیرانین و دەبینە هاوسەری یەکدی".

ڕۆژان لەخۆشییان هەلهەلەیەکی لێدا و دووبارە مینای ماچ کردەوە. سەبریەش پیرۆزبایی لێ کردن و وتی: "یاخوا موبارەکی یەکتر بن بەڕاستی لێک دەوەشێنەوە".

بۆ نیوەڕۆ (ئاری)ش هاتەوە و بە کەیف و خۆشییەوە بەخێرهاتنی کردن. لە دوای



نانخواردن، بەختیار، بە ئاری وت: "ڕاستییەکەی ئێمە بڕیارمان داوە لێرە بڕۆین و ڕوو لەهەندەران بکەین. مەسەلەی سەفەرکردنیش، پێویستی بە پەساپۆرت هەیە، جا نازانم لێرە ئەو شتانە بە پارە پەیدا دەبێت یان نا".

ئاری: " من برادەرێکم هەیە خەریکی ئەو جۆرە کارانەیە. ئێوارێ دەچمە ماڵیان و داوای پەساپۆرتێکی دووکەسی لێ دەکەم و پرسیاری ئەوەشی لێ دەکەم کە داخوا، خەڵک بە چ جۆرێک سەفەر دەکەن. پاشان خۆم وەڵامەکەتان بۆ دێنمەوە، باش نییە".

بەختیار: " زۆر چاکە، بەڵام هەرچەند زوو ئەو تاقیبەمان بۆ بکەی ئەوەندە چاکترە".

ڕۆژان حەزی دەکرد بەختیار و مینا بەتایبەت بچنە ژوورەکەی ئەم و دوو قسان لەگەڵ یەکدی بکەن، بۆیە بە چرپە بە مینای وت: "مینا گیان، حەز دەکەم لەگەڵ بەختیار سەیرێکی ژوورەکەم بکەن".

مینا: " بەختیار با سەیرێکی ژوورەکەی ڕۆژان بکەین".

هەڵسان و ڕۆژانیش بە پێشیان کەوت. لە ژوورەکەی ڕۆژاندا، ئاوێنەیەکی درێژ بە لادیوارێکەوە هەڵواسرابوو. بەختیار و مینا لە بەردەم ئاوێنەکە وەستابوون و هەریەکەیان لەویدیکەی دەڕوانی و سەرنجیان لەسەر وێنەی یەکتر لانەدەبرد. ڕۆژان، زوو هەستی کرد ئەو دووانە تینووی چ شتێکن. وای بەچاک زانی بۆ چەند ساتێک، بە تەنها بەجێیان بێڵێ چووە دەرێ. کاتێک بەختیار خۆی بینی بەتەنها لەگەڵ مینا لە ژوورەکەن و کەسیان لێ دیار نییە، باوەشی بە مینادا گرت و ئیتر بۆ ساتێک دەمیان لێک بەرنەدەبوو، تا ئەو وەختەی گوێیان لە خشپەی پێی ڕۆژان بوو، خەریک بوو دەگەیشتەوە ژوورێ. دوو هەنگاو لێک دوور کەوتنەوە و خۆیان بە سەیرکردنی شتەکانی دی خافڵاند.

(ڕۆژان)ی عاقڵ و هەستیار، زۆر ژیرانە بواری ئەو ماچە تاسەشکێنەی بۆ ڕەخساندن، پاشان بە پێکەنینەوە هاتەوە لایان و وتی: "ئەرێ میناخان، ماڵی باوکت چۆنن".

مینا سەیرێکی بەختیاری کرد و وتی: " شوکر زۆر باشن".

بەختیار ڕووی لە ڕۆژان کرد و وتی: "ڕۆژان شتێکت پێدەڵێم، نابێ بە کەسی بڵێی

باشە. لە لای کەس مەڵێ کە ئەو کچە ناوی مینایە و کچی سمایلی برای کاک فەرهادە و خەڵکی فلانە شوێنە. چونکە ئەو مینایە کوردی عیراقە و بە ئەمانەت لەلای ماڵی کاک فەرهادە، بە ئەسڵ ناوی چراخانە. ئەو نهێنییە نابێت کەس بیزانێ باشە خوشکم".

ڕۆژان: " زۆر چاکە، باش بوو پێت وتم، دەنا لە وەڵامی پرسیاری خەڵکدا، چۆنی تێگەیشتبووم وام دەگوت".

بەختیار: " زۆر باشە ڕۆژان، لە دواییدا هەموو شتێک دەزانی".

هەرسێکیان گەڕانەوە ژووری میوانان، پاش ماوەیەک دانیشتن و قسەکردن، دەوروبەری سەعات سێ، ماڵئاواییيان کرد و بۆ مهاباد گەڕانەوە.

٥٥

مینا، ئێستا خاوەن دەستگیرانە و ڕووەو ژیانێکی تازە، هەنگاو دەنێت، لە کات و شوێنێکی تازە. بەڵام ئەمانە هەمووی پرۆژەن و جێبەجێکردنیان کارێکی ئاسان نییە. ڕەنگە هەتا ئەو ڕۆژەی ئەوان، بواریان بۆ دەڕەخسێت و ڕێگەی ئەو سەفەرە دەگرنە بەر، چەندین مانگ و ساڵی گەرەک بێت. ئاخر ئەوان خۆ بە ڕێگەی ئاسایی سەفەر ناکەن!

مینا ئەو ڕاستییانەی چاک دەزانی، بۆیە بڕیاری دا ژیانی ئاسایی خۆی لە خوێندن و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ماڵەوە وەک جاران بەڕێ بکات. چاکە و خانەدانیی، ماڵی مامە فەرهادی هەمیشە لە بیر بوو. دەبوو وەک ماڵەبابی ڕاستەقینە حسێبی بۆ بکات. بۆیە هەرگیز، بەبێ ئیجازەی ئەوان سەفەری هیچ لایەکی لەگەڵ بەختیار نەدەکرد. بۆ هەر شوێنێک چووبایە، لە وادەی خۆی دەگەڕایەوە. زیاتر لە جاران ڕێزی لە مام فەرهاد و سەعادەت خان دەگرت و خۆشەویستی بە شەونم و شەوبۆ دەبەخشی. لەبەر چاوی شەونمدا، قەت جوولانەوەی نائاسایی و کارێکی وای ئەنجام نەدەدا کە ببێتە مایەی ئیرەیی پێبردن، چونکە حسێبی ئەوەی دەکرد کە ئەویش گەنجە و وەک ئەم حەز دەکات کوڕێک نازی هەڵگرێ!

مینا، لە دیدەنییەکانی لەگەڵ بەختیاردا، هەندێ جار باسی ئەگەری سەرنەگرتنی



سەفەرەکەیانی دەکرد و حەزی دەکرد بیر لە چارەسەری دیکەش بکەنەوە کە ئەگەر دنیابوو پێیان نەکرا دەرچن، ئەوا بە شێوەیەکی دیکە ژیانیان ڕێک بخەن و ڕێگەی دیکە تاقی بکەنەوە. ئەوان هەردووکیان، دەرکیان دەکرد کە شتی مسۆگەر لە ژیاندا نییە و هەموو ئامانجێک بە هەوڵ و کۆشش دێتە بەرهەم. هەوڵدانیش هەر تەنها ڕێگەیەکی نییە، بۆیە جارێکیان بەختیار لە وەڵامی پرسیارێکی مینادا وتی: "مینا گیان، خۆ ئەگەر نەشمانتوانی سەفەر بکەین، ئێمە دەتوانین، لێرە نا لە شارێکی تر، ژیانێکی خۆش پێکەوە بنێین. بەخوا پاش ساڵێکی تر، مەمنوونی تۆ دەبن وەک مامۆستا دەرس بە منداڵان بڵێی. ئەو کاتە دەتوانی بە ناوی خۆت (چراخان) دابمەزرێی. چەندین کەس لە کوردەکانی لای خۆمان ژنیان لەودیو بۆ کوڕەکانیان هێناوە، ئێمەش وەک ئەوان دەکەین".

مینا، بەو قسانەی بەختیار دڵی خۆش بوو، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم، ڕووکردنە ئەورووپا بوو، بۆیە لە وەڵامی قسەکانی بەختیاردا وتی: "ئەو ڕێگە چارانە هەمووی باشن، بەڵام نابێ لە سەفەری هەندەران ساردمان بکەنەوە. ئێمە ئەگەر بگەینە ئەوێ، دواڕۆژێکی پڕشەنگدارمان دەبێت. بەڵام لێرە ئەوپەڕەکەی هەر خۆژیاندنە. پاشان خەڵک بۆ مەبەستی دەرچوون بە جارێک و دووان سارد نابێتەوە، هەتا کەڕەتێک، بەخت یاوەریان دەبێت و دەگەنە ئەو شوێنەی کە دەیانەوێ".

بەختیار، هەستی کرد کە مینا لەوە دەترسێ کە نەبادا ئەم، لە بەر خاتری دایک و باوکی، زۆر بایەخ بە مەسەلەی سەفەرەکەیان نەدا و تووشی ساردبوونەوە هاتبێت، بۆیە بە مەبەستی دڵنیاکردنەوەی مینا دووپاتی کردەوە کە بە هەر نرخێک بێت پێویستە بڕۆن و نابێت مەسەلەی ڕێگەچارەکانی تر لە لای خانەوادەکانیان باس بکەن.

٥٦

ئاری، ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی چووە تاقیبی (ڕەشید)ی برادەری کە ماڵیان لە گەڕەکەکەی خۆیان بوو. کە چووە ماڵیان، ڕەشید لە ماڵەوە بوو. دوای چاک و چۆنی، ئاری داوای لێ کرد پەساپۆرتێکی دوو کەسییان بۆ پەیدا بکات کە تەمەنی پیاوەکە لە سی ساڵ گەورەتر نەبێت. دیار بوو کاک ڕەشید زۆر شارەزایی لە چۆنیەتی

سەفەرکردن هەبوو و ئیش و کاری زۆر کەسی دیکەشی بەجێ هێنابوو، بۆیە لە وەڵامی داواکارییەکەی ئاریدا وتی: "پێویستە پەساپۆرتێک پەیدا بکەین کە بۆ ژن و مێردێک دەرچووبێ و لەگەڵ تەمەنی ئەواندا بگونجێت. پاشان وێنەی پیاوەکەی دەخەینە سەر بە شێوەیەک هیچ گۆڕان کارییەکی پێوە دیار نەبێ، بەڵام نابێ زۆر پەلەم لێ بکەن".

ئاری: " باشە من پاش چەند ڕۆژێکی دیکە، وێنەی پیاوەکە دێنم".

ڕەشید: " ئەوان هەردووکیان دەبێ بچنە تاران. لەوێ ئەگەر ناسیاویان هەبێ باشە، چونکە ماوەیەک لەوێ دەمێننەوە، ئەگەر نا ڕەنگە تووشی گیرو گرفت ببن. پاش ئەوەش دەبێ یەکێکی شارەزا مامەڵەی سەفەرەکەیان بۆ بکا و بلیتی سواربوونی فڕۆکەیان بۆ بەدەست بهێنێت، بۆ ئەو دەوڵەتەی کە دەیانەوێ ڕووی تێبکەن".

ئاری، لە دوای دوو ڕۆژ سەردانی مەهابادی کرد و خەبەرەکەی گەیاندە بەختیار کە دەبێ چی بکەن. ڕۆژی دواتر بۆ ئێوارەکەی، بەختیار چووە ماڵی کاک فەرهاد و مەسەلەکەی تێگەیاندن کە بەڵێنیان پێ داون پەساپۆرتێکیان بۆ پەیدا بکەن. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە پێویستە لە دوای پەیداکرنی پەساپۆرتەکە هەردووکیان بچنە تاران و لەوێش پێویستییان بە کەسێکی شارەزا هەیە، تا ئەو کاتەی کارەکانیان بۆ تەواو دەکرێت.

کاک فەرهاد، لەگەڵ قسەکانی بەختیاردا، ماڵە دۆستێکی خۆی، (عەلی محەممەد زادە)ی بە بیر هاتەوە کە ساڵانێکی زۆرە لە تاران دەژین و لە زەمانی (شا) وە خەریکی بازرگانی بووە، تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە. بەڵام لەدوای هاتنی ئیسلامییەکان، کارەکەیان ڕووی لە کزی کردووە.

کاک عەلی بە ئەسڵ خەڵکی مهابادە و لە مێژە لەگەڵ فەرهاد دۆستایەتییان هەیە. هەر جارێک فەرهاد، ڕێی بە تاران کەوتبێ، شەو لەلای ئەو ماوەتەوە. ناهیدەی خێزانیشی ژنێکی ڕێکوپێک و بەڕێزە. ئەوان لە شاری تاران لە خانووی خۆیان دەژین کە لە یەکێ لە گەڕەکە خۆشەکانی باکووری تارانە. (بەهمەن)ی کوڕی کاک عەلی، دانشگای تەواو کردووە و ئێستا لە وەزارەتی دەرەوە فەرمانبەرە و ماڵەکەشی



لە نزیک ماڵی باوکییەتی. بەهمەن بە هۆی زیرەکی و خۆگونجاندنی لەگەڵ دەسەڵاتی تازەی ئێران، ئیش وکاری پێ دەکراو خەڵکێکی زۆری لە بەرپرسەکان دەناسی.

کاک فەرهاد، لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی بەختیاردا کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی: "بەختیار، ئێوە پەساپۆرت پەیداکەن، بۆ مەسەلەی تاران و بۆ مەسەلەی لەوێ بوونتان خەمتان نەبێ. من ماڵە دۆستێکم لە تاران هەیە و خەڵکیش زۆر دەناسن. ئەو وەختە خۆم لەگەڵتان دێم و تەسلیمی ئەوانتان دەکەم. با شتێک هەیە پێتانی بڵێم. ئێوە پێویستە لەو ڕۆژانە زەماوەند بکەن، چونکە ناشێ بەو حاڵەتەی ئێستاتان پێکەوە سەفەر بکەن".

بەختیار: " جا مامە، ئێوە چۆنتان پێ باشە ئێمە وا دەکەین. باوکیشم لەو مەسەلانە دەڵێت: کاک فەرهاد بڕیاری لە سەر چی بوو ئێمە وا دەکەین. بەڵام من پێم باشە زەماوەندەکەمان بکەوێتە دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە".

کاک فەرهاد: " زۆر باشە".

بەختیار، پاش ئەوەی گەڕایەوە ماڵێ، هەموو قسەکانی نێوان خۆی و کاک فەرهادی، بۆ دایک و باوکی گێڕایەوە، لە بارەی زەماوەندی خۆی و میناش هەموو شتێکی تێگەیاندن.

حەفتەیەک دوای ئەوە، ئێوارەیەکیان (رەشید) چووە ماڵی ئاری و خەبەری دایێ کە پەساپۆرتێکی دووکەسی پەیدا کردووە، بەڵام پێویستە تا کۆتایی ئەو ساڵە، سەفەری پێ بکەن دەنا دەسووتێ. پەساپۆرتەکەی دایێ و پێی وت: "بەیانی بڕۆ نیشانیان بدە، ئەگەر ڕازی بوون، وێنەی پیاوەکە لەگەڵ خۆت بێنە تا بیخەینە سەری".

ئاری، بەیانی زوو چووە مەهاباد. کە گەیشتە ئەوێ، لەگەڵ بەختیار چوونە ماڵی کاک فەرهاد. هەموو پێکەوە سەیری پەساپۆرتەکەیان کرد و عەقڵیان گرتی. بۆ عەسرەکەی بەختیار و ئاری پێکەوە گەڕانەوە نەغەدە. ئێوارێ چوونە ماڵی ڕەشید. بەختیار، وێنەی خۆی دایێ و رەشید وتی: "کاک بەختیار، خەمت نەبێ، وێنەکەت بە شێوەیەک دەخەینە سەر کە خۆشت هەستی پێ نەکەی دەستکاری کراوە. بەڵام دەبێ خۆت و هاوسەرەکەت ئەو ناوانەی سەر پەساپۆرتەکە لە بیر نەکەن. تۆ ناوت (ئیحسان حوسێن عەلی)یە، هاوسەرەکەشت ناوی (فاتیمە ڕەسول ئیبراهیم)ە".

بەختیار سوپاسی ڕەشیدی کرد و وتی: "کە پەساپۆرتەکە تەواو بوو، تەسلیمی ئاریی بکە و هەقی خۆشت هەر لەو وەرگرە، من پاشان بۆی دەگەڕێنمەوە. ئێمە جارێ خواحافیز".

بەختیار و ئاری بە دڵێکی خۆش گەڕانەوە ماڵێ. ئەو شەوە گەلێک باسی وەزعی سیاسی کوردستانیان کرد، بەڵام بەختیار دڵی هەر لەلای مینا بوو و بە پەلەبوو بەیانی زوو بگەڕێتەوە و هەندێک لە بارەی سەفەرەکەیان قسە بکەن.

مینا، لەو ماوەیەدا، مات و بێدەنگ، هاتوچۆی قوتابخانەی دەکرد. هەر وەک جاران یارمەتی سەعادەتی دەدا. لە خەیاڵیشیدا بەردەوام لە لێکدانەوەی ژیانی تازەی دابوو. ئاخر ئەم، چەند ڕۆژێکی دیکەیە و ئێرە بە جێ دێڵێ و دەبێتە بووکی ئایشەخان. ئەم، لەو ماڵە چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە و زەحمەتە هیچ باوەشێک بەقەد ئامێزی سەعادەت گەرم و ئارامبەخش بێت. وەختێ لێرە دەڕوا، لەو میهر و خۆشییە بێبەش دەبێت کە سێ ساڵە وەک بارانی ڕەحمەت بەسەریدا دەبارێت.

مینا ئینسانێکی واقیعی بوو، بۆیە کە دەهاتەوە سەر هۆکارەکانی هەڵگرتنی ئەو هەنگاوانەی دوایی، دەیزانی هەڵەی نەکردووە و تەنها بە ڕێگەچارەیەکی وا دەتوانێ (مینا) بکاتەوە بە (چراخان) و درێژە بە ژیانی تازەی بدات. لەو ڕۆژانەدا، بیری لە ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە هەموو فشارێکی دەروونی دەکردەوە. چ دەبێ ئەگەر ئەم، لەگەڵ بەختیار لە سووچێکی ئەو دنیایە، ژیانێکی لەو جۆرە پێکەوە بنێن!

شەونم و شەوبۆ، لەم ساڵەی دواییدا، تەواو لە گرفتەکانی مینا حاڵی ببوون و وەک دوو خوشکی دڵسۆز، زیاتر لە جاران بەزەییان پێیدا دەهاتەوە و حەزیان دەکرد کارەکانی سەر بگرێت. شەوێکیان شەونم چووە ژوورەکەی مینا. حەزی دەکرد مینا هەندێک لە سەر ژیانی تازەی قسەی بۆ بکات. کە دەرگای کردەوە دیتی مینا لەسەر پشت ڕاکشاوە و خەیاڵی بۆ شوێنێکی دوور بەرهەڵداوە. شەوباشی لێ کرد و وتی: "مینا گیان، دەزانم وەختەکە درەنگە، بەڵام بڕوا بکە ئەوە چەند ڕۆژێکە بیر و هۆشم هەر لەسەر چارەنووسی تۆیە. دەزانم بەم زووانە بەجێمان دێڵی و داخوا جارێکی دیکە دەتبینینەوە یان نا. بۆیە داوا دەکەم ئەم شەو، هەندێ قسەی شیرینی ناو دڵی خۆتم بۆ بکەی".



مینا لە شوێنی خۆی هەڵسا و بە بزەوە بەخێرهاتنی لێ کرد و وتی: "شەونم گیان، دەبوو من بێمە لاتان و باسی گۆڕانەکانی ژیانی خۆمم بۆ ئێوە بکردایە. بەڵام دیارە تۆ لە من چاکتری. کارێکی باشت کرد هاتی".

شەونم دانیشت و وتی: " لەم ڕۆژانەی دواییدا، ئەوەندە بە مەسەلەی شووکردن و سەفەر کردن سەرقاڵی، هیچ بەرت بە خوێندنەوە نەماوە. ڕاستییەکەی من ناهەقت ناگرم. شووکردن و سەفەرکردن، هەر یەکەیان بۆ خۆی گۆڕانێکی گەورەیە لە ژیانی کچان، چجای ئەوەی هەردووکیان پێکەوە بێنە پێشێ".

مینا: " شەونم گیان، ڕەنگە شووکردن بۆ تۆ، کارێکی ئاسایی بێت، چونکە لە ماڵە باوکی خۆتی و لە زێدی خۆت و بە کەیفی خۆت گوڵبژێری کەس و کاتەکان دەکەیت. بەڵام بۆ من، کارەکە بە شێوەیەکی دیکەیە. من هەرچەندە شوو بە کوڕێک دەکەم بە دڵی خۆمە، لەگەڵ ئەوەشدا شووکردنەکەم، ڕاستکردنەوەی کەلەبەرێکی ژیانمی لە خۆ گرتووە کە ئێوەش دەیزانن. سەبارەت بە سەفەرکردنەکەشم، ئەوەیان پەیوەندی بە ئەمنییەتی ژیانی خۆم و ئێوەش هەیە. من ئەگەر لە شوێنی تۆدا بم و دایک و باوکێکی ئەوها بەڕێز و میهرەبانم هەبوایە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم لە بەجێهێشتنی ئەم ماڵە نەدەکردەوە، چونکە لە دیدی من، ئەم ماڵە بەشێکە لە بەهەشت. ئەگەر بەم جۆرە ژیانەی ئێستاشم نەبوومایە مەترسییەک، لەسەر ژیانی ئەو خانەوادەیە، ئامادەبووم تا لە ژیاندا بوومایە، هەر خزمەتی مامە فەرهاد و دادە سەعادەتم بکردایە، چونکە باوەڕناکەم لەو دنیایەدا شوێنێک هەبێت وەک باوەشی سەعادەت گەرم بێ و ئارامیت پێ ببەخشێ. من کە دەڕۆم، وادەزانم وەک دادە حەوا، لە بەهەشت دەرم دەکەن بێ ئەوەی تاوانێکیشم لە بەرامبەر فەرمایشتەکانی خوداوەند کردبێ. شەونم گیان، واتێنەگەی کە من تازە واز لەم خانەوادەیە دێنم. ئێرە وەک چۆن ماڵە باوکی تۆیە، ئەوهاش ماڵە باوکی منە. بەڵام قسەکردن کارێکی بێهوودەیە، من، پێویستە ئەو قسانەم لە ژیانی داهاتوومدا بسەلمێنم. ئاخر قسە هیچی تێ ناچێ و تەنها کردەوە مەرجە".

شەونم: " دوێنێ لەگەڵ دایکم، باسی ڕۆیشتنی تۆمان دەکرد، دایکم دەستی بەگریان کرد و دەیگوت: "قەت بەبێ مینا لەو ماڵە سەبرم نایێ. منیش ئەو وەختە زانیم کە دایکم چەند تۆی خۆشدەوێ".

مینا: " من، ئەوە نۆ ساڵە، دایکم لە ژیاندا نەماوە. واتە شەش ساڵ بێبەش بووم لە بەزەیی دایک. بەڵام کە قەدەر منی گەیاندە ئێرە، سەعادەت خان هەمووی بەزیادەوە بۆ قەرەبوو کردمەوە. من هەتا دایکم لە ژیاندابوو، ژیانێکی خۆشمان هەبوو، لەگەڵ ئەوەش هێشتا دادە سەعادەت لە دایکی من میهرەبانترە. ڕەنگە ئەوەش لە بەر ئەوە بێت کە شووی بە کابرایەکی جوامێر و دنیادیدە کردووە".

دوای ماوەیەک لەو قسەو باسانە، شەونم گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی.

دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەی بەختیار لە نەغەدە، ئاری بە پەساپۆرتەوە چووە مەهاباد و پەساپۆرتەکەی دایە بەختیار و هەمان ڕۆژیش گەڕایەوە.

بەختیار بەر لەئێوارە چووە ماڵی مام فەرهاد. پەساپۆرتەکەی نیشان دان و بە پێکەنینەوە بە مینای وت: "ها فاتیمە خان، سەیری کە بزانە چۆنە".

سەعادەت، لە بەختیار نەگەیشت کە بۆ وتی فاتیمە خان، بەڵام مینا کە سەیری ناوەکانی کرد وتی: "پیرۆزە کاک ئیحسان". ئەو ساکە تێگەیشت کە پەساپۆرتەکە، کاتی خۆی بەو دوو ناوە دەرچووە.

بەختیار، ڕووی لە سەعادەت کرد و وتی: "ئەوا پەساپۆرتمان پەیدا کرد. پاش پازدە ڕۆژی دیکە، خوێندنی ئەم ساڵیش تەواو دەبێ، بەڵام حەزدەکەم بزانم کە ئێوە بۆ مەسەلەی زەماوەندەکەمان چۆنتان پێ باشە، تا ئێمەش خۆمانی بۆ ئامادە بکەین".

سەعادەت: " من و باوکی شەونم پێمان باشە، لە خزم و کەسە نزیکەکانمان بگێڕینەوە و ئاهەنگێکی بچووک ساز بکەن، با خەڵکێکی زۆر کۆ نەبێتەوە".

بەختیار: " ئێمەش هەر وامان پێ باشە کە خانەوادەی هەردوو لامان لەگەڵ ماڵی کاک ناسر و ساجیدە نازری و گەلاوێژی خوشکت و بەهرامی هاوڕێم ئامادەبن بەسە. ئێمە چونکە لەسەر سەفەرین، پێویستمان بە ماڵدانان نییە، تەنها تۆ لەگەڵ دایکم هەندێک جل و کەلوپەلی پێویست بۆ مینا بکڕن".

سەعادەت: " خەمت نەبێ، ئێمە خۆمان خەمی ئەو شتانە دەخۆین. من و شەونم لەگەڵ مینا بە یەکەوە دەچینە بازاڕ، هەرچی دەستی لەسەر دانێ بۆی دەکڕین".

دواتر مینا، بە سەعادەتی وت: " حەز ناکەم کەلوپەلم زۆر بۆ بکڕن. هەر تەنها دووسێ دەستە جلی وابێت، بۆ سەفەرەکە دەست بدات لەگەڵ دەستە جلێکی کوردی".



## ٥٧

ساڵی خوێندن تەواو بوو، میناش بە پلەی یەکەم دەرچوو. بەڵام ئەمساڵ، خۆشی ئەم هەر لەوەدا نییە کە سەرکەوتوو بووە لە خوێندن، بەڵکو حەفتەی داهاتوو زەماوەندی بەبووک بردنی دەگێڕن. هەردوو خانەوادەکە، لە سەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بە یەکەوە داوەتێکی کەسانی نزیک خۆیان بکەن و ئاهەنگێکی خێزانی ڕێک بخەن.

ڕۆژی گواستنەوەی مینا، بۆ پاش نیوەڕۆیەکە، دۆست و خزم و هاوڕێیان لە ماڵی کاک ڕەحمان کۆبوونەوە. ئاری و ڕۆژانیش، لە نەغەدەوە هاتبوون. وەختی عەسرێ مینایان بە ماشێنێک گواستەوە ماڵی بەختیار. کچانی میوان و هەردوو خانەوادەکە، گەلێک لە نێو حەوشەکەدا هەڵپەڕین و شایییان کرد.

تا وەختی ئێوارە خەڵکەکە لەوێ بوون، پاشان میوانەکان بۆ ماڵی خۆیان گەڕانەوە. ساجیدە و سامان و بەهرام لە ئاهەنگەکە ئامادە بوون. لەو ئاهەنگە خنجیلانەیەدا، بەهرامی برای ساجیدە لەگەڵ شەونمی کاک فەرهاد، لە دەستی یەکتر شایییان کرد و لەوە دەچوو حەزیان بە هاوڕێیەتی یەکدی کردبێ، چونکە تا تەواوبوونی ئاهەنگەکە، ئەوان هەر سەرنجیان لە سەر یەکتری بوو.

ماڵی کاک ڕەحمان، جگە لە ژووری میوانان، دوو ژووری نووستنیان هەبوو. یەکێکیان نەختێک لاچەپ بوو، بۆ بەختیار و مینایان ڕێک خستبوو.

مینا هەر لە دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، جلی بووکێنی داکەناند و لەگەڵ ئایشەخان و ڕۆژان، کەوتە هەڵبژاردن و ڕێکخستنەوەی ناو ماڵ. ئایشەخان زۆری پێ سەیربوو کە مینا بەو شێوەیە دەجووڵێتەوە، بۆیە وتی: "کچێ مینا گیان، کچەکەم، ئاخر چۆن دەبێ تۆ ئیش بکەیت".

مینا وتی: " دادە ئایشێ، خۆ من میوان نیم، تازە ئێرە ماڵی خۆمەو پێویستە یارمەتیتان بدەم. ئێمە بووک و زاوایەکی وەک خەڵک نین. ئێمە زەمانێکە هاوڕێی یەکترین و شەرممان لێک شکاوە، (بەپێکەنینەوە). کەی وادەی نووستن و ئیستراحەت داهات، ئێمەش دەچینە ژوورەکەی خۆمان".

بەختیار ئەو شەوە دەرکی کرد کە ئەگەر، خوداوەند و سروشت پێکەوە بە

مەبەستی بەدەستهێنانی (جوانیی)، قەڵەمیان بخەنە کار، ئەوا جوانترین تابلۆ دەنەخشێنن.

مینای چەوساوەی دەست دواکەوتووترین کولتوور و ژێردەستەی باوکێکی نەزان و باوەژنێکی بێ ویژدان، لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو کە ئارەزووی ژنانەی خۆی کپ بکا و هەمیشە خۆپارێزانە بجووڵێتەوە، بۆیە وەختێ قەدەر، ئەمی گەیاندە ئامێزی خانەدانترین خانەوادەش، دەبوو لەسەر خۆپارێزییەکەی بەردەوام بێت و جڵەوی حەزەکانی شل نەکات. ئەم، وەک سەرجەم کچانی کوردەواری، بە جەستەی پیاو نامۆ بوو، بۆیە ئەم شەوە شەرمنانە، چاروبار دەیویست، حەز و هەوەسەکانی بەرهەڵبدا و بەو دنیایەش ئاشنا ببێ.

ئەو شەوە ئەوان، بە هۆی لە یەکچوونی میزاج و هزریان، تێکەڵەیەک بوون لە شەرم و خۆشەویستی. بەیانیش، هەروەک ڕۆژانی دیکە، بەوەختەوە لە خەو هەڵسان.

ئایشەخان، ئەو سبەینەیە، لە پاش نوێژی بەیانییەوە نەنووستەوە و چاوێکی هەر لە ژوورەکەی وان بوو. وەختێک بەختیار لە ژوورێ هاتە دەرێ و بۆ سەر ئاوەکە ڕۆیشت، ئایشەخان چووە ژوورەکەیان و بەیانی باشی لە مینا کرد. میناش، بە کپی هەستا و لە بیری خۆیدا دەیزانی، ئایشێ بۆ تاقیبی چی هاتووە. بۆیە پارچە قوماشە بەخوێنەکەی نیشان دا و داوای لێ کرد دابنیشێ. بەڵام ئایشەخان، هەر بە پێوە نێوچەوانی مینای ماچ کرد و گەڕایەوە دەرێ. کە بەختیار لەسەر ئاوەکە هاتەوە ژوورێ، بە مینای وت: "دایکم لێرە بوو وانییە".

مینا: "بەڵێ، هاتە ژوورێ و بەیانی باشی لێ کردم. بەڵام من زوو زانیم دەیەوێ لە چ شتێ دڵنیا بێت. بۆیە خوێنەکەم پێی نیشان دا، ئەویش نێوچەوانی ماچ کردم و گەڕایەوە دەرێ".

بەختیار: " بەڕاستی ئەو تەمەندارانە شتی سەیر دەکەن. باشە کە من، بە هەموو شتێکی تۆ ڕازی بم، ئەوان هەقیان چییە. تۆخوا مینا گیان لەو ڕەفتارەی دایکم دڵگیر مەبە".

مینا: " من چۆن دڵگیر دەبم. من، پێویستیم بەوە هەیە، شاهیدم لەسەر پاکیزەیی خۆم هەبێت. ئەگەر ئەو نەهاتبایە، دەبوو خۆم بانگی بکەم!"



بەختیار بە پێکەنینەوە: "دە کەواتە لەگەڵ خەسووت کەیفی خۆتانە، دیارە ئێوە باشتری لێ دەزانن".

ئەو ڕۆژە، دایک و براکانی بەختیار، لای مینایان چۆڵ نەدەکرد و هەمیشە تێی ڕادەمان و حەزیان دەکرد قسەیان بۆ بکات. ئایشەخان، خۆی، ژنێکی دڵ گەورە و میهرەبان بوو و قەت بە دوای عەیبی خەڵکدا نەدەگەڕا. بەڵام مەسەلەکە سەبارەت بە مینا، هەندێک جیاواز بوو. لەلایەک، بووەتە هاوسەری کوڕەکەی و لەلایەکی دیکە، بەم زووانە سەفەر دەکەن. بۆیە چەند جارێک ویستی منداڵەکان ڕەوانی دەرەوە بکات تا تێر مینا بدوێنێ و شارەزای بێت و بزانی هاوسەفەرەکەی بەختیار، چ کەسێکە.

ئایشەخان، هەر لە سێیەم ڕۆژی هاتنی مینا، تێگەیشت کە بەختیاری کوڕی، لەم هەنگاوەی، هەڵەی نەکردووە و مینا زۆر لەوەش زیاتر دێنێ.

سەعادەت، دوو ڕۆژ لە دوای ڕۆیشتنی مینا، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا و لەگەڵ شەونم و شەوبۆ، سێیەمین ڕۆژ، چوونە سەردانی. ئەو وەختەی گەیشتنە ماڵی بووکێ، هەر لە نێو حەوشەدا، سەعادەت، ئامێزی بۆ مینا گرتەوە و بە گریانەوە وتی: "ئای مینا گیان، چۆن ماڵەکەمانت چۆڵ کرد! یاخوا چەند لێت ڕازیمە، خوداش سەد ئەوەندە لێت ڕازی بێت". چەند جارێک مینای ماچ دەکرد و پاشان چەند چرکەساتێک لە چاوەکانی ڕاما. دوای ئەو شەونم و شەوبۆ، مینایان ماچ کرد.

ئایشەخان کە سەعادەتی بینی، چەند دڵسۆزانە مینا لە باوەش دەگرێ و بۆی دەگریێ، سەری سوڕما و لە دڵی خۆیدا وتی: بەخوا بۆ کچەکانی خۆی، ئەوها ناکات!. دیارە مینا لەو کەسانەیە کە هەموو کەسێک، عەشقی عەقڵ و ڕەوشت و جوانییەکەی دەبێت. ئەوە سێ ڕۆژە پێی ناوەتە ئێرە، ئێستا لە (ڕۆژان)ی کچم خۆشتر دەوێ ئەوە بۆیە کوڕەی بەسەزمان، وەخت بوو لە بۆی شێت بێ!

سەعادەت و کچەکانی ماوەی سەعاتێک لە لای ئەوان دانیشتن و پاشان هەستان. لەو کاتە مینا بە سەعادەتی وت کە بەیانی لەگەڵ بەختیار سەردانیان دەکەن چونکە زۆر غەریبی مام فەرهاد دەکات.

مینا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لەگەڵ ژیانی تازەی ڕادەهات و گەشتر خۆی دەنواند. ڕەحمان و ئایشەخان، ئەوەندە مینایان بەدڵ بوو، لە منداڵەکانی خۆیان، زیاتر

خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێی دەگرت. میناش لەم چەند ڕۆژەدا، هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ ڕاستییەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی بۆ دایک و باوکی بەختیار بگێڕێتەوە. بۆیە ئێوارەیەکیان بە بەختیاری وت: "حەز دەکەم لەگەڵ دایک و باوکت، باسی ژیانی ڕابردووی خۆم بکەم، چونکە بڕوام وایە ئەوانیش ئێستا وەک مامە فەرهاد و دادە سەعادەت، لە کێشەکانم حاڵی دەبن".

بەختیار: " ئەوەیان پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، چونکە من بەڵێنم داوە کە کەسێک چیرۆکی ژیانی تۆی، لە من گوێ لێ نابێ، لەگەڵ ئەوەش پێم ناخۆش نییە، ئەوانیش بیزانن. تازە خۆ لە تۆیان لە پێشتر نییە".

مینا، ڕۆژی دواتر بە ئایشەخانی وت: " دادە ئایشێ، حەز دەکەم هەندێ قسە لە بارەی ژیانی خۆم، بۆ تۆ و بۆ مامم بکەم".

ئایشەخان: " باشە ڕۆحەکەم کەیفی تۆیە. حەزدەکەی ئێوارێ، هەردووکمان دێینە ژوورەکەی تۆ، جا ئەو کاتە چیت هەیە بیڵێ و ئێمەش گوێت لێ ڕادەگرین".

ئێوارێ لە دوای نانخواردن، ئایشێ بە ڕەحمانی وت: "پیاوەکە، با بچینە ژوورەکەی مینا، لەوێ هەندێ قسان دەکەین".

هەرسێکیان دانیشتن. مینا زوو بە زمانێکی پاراو و لەسەرخۆ کەوتە گێڕانەوەی سەربردەی ژیانی خۆی، هەتا ئەو ڕۆژەی گەیشتووەتە ماڵی مامە فەرهاد. کە تەواو لە قسەکانی بووەوە، مام ڕەحمان دەستی بەسەردا هێنا و نێوچەوانی ماچ کرد، پاشان وتی: "جا کچی خۆم، تۆ، پاکیی و بێگوناحییەکەی خۆت، بوونەتە مایەی ڕزگاربوونت. هەنووکەش کچی ئێمەی، پێویستە ئەو ڕۆژە ڕەشانە لە بیری خۆت دەرکەی. وا بزانە هەر لە سەرەتاوە، ئێمە دایک و باوکی تۆ بووینە".

ئایشەخان، لەو کاتەدا فرمێسک لە چاوەکانیدا گیر نەدەبوون، دەستی لە ملی مینا کرد و وتی: "من هەتا دەمرم دایکی تۆم، هەی ڕۆحم بە قوربانت بێ، نابێ چیتر ئەو خەمانە لە خۆت بار بکەی".

لە دوای ئەو دانیشتنە، کاک ڕەحمان و ئایشەخان تێگەیشتن کە لەبەر چی بەختیار و مینا سەفەر دەکەن!





سەرەتای مانگی تەمووز بوو، بەختیار و مینا لەگەڵ مام فەرهاد، بەرەو تاران کەوتنە ڕێ. بەر لە ڕۆیشتنیان، خواحافیزییان لە خانەوادەی هەردوولا کرد، ئەوانیش بەدەم گریان و بەزەییەوە، بەڕێیان کردن. ڕۆژی پێشتریش، چووبوونە ماڵی ساجیدە نازری و فەرەیدون مورادی، ماڵئاواییان لەوانیش کردبوو.

ڕێگەی تاران دوور و درێژ بوو. چەندین شار و شارۆچکە و شاخ و پێدەشت دەکەوتنە سەر ڕێگا. لە هەندێ شوێن، بۆ بڕینی شاخە سەختەکان تۆنێل دروست کرابوو کە شاخەکە لەمدیو بۆ ئەودیو کون کرابوو و بە چەند خولەکێک لێی دەرباز دەبووی. ئەم سەفەرە بۆ مینا، تژی دیمەنی سەرنجڕاکێش و شتی تازە بوو، بەڵام دووری ڕێگاکە، ئینسان ناچار دەکات کە تاو نا تاوێ چاوەکانی بخاتە سەر یەک و بیانحەسێنێتەوە. بۆیە میناش ئەو کاتەی کە چاوەکانی لە سەیرکردنی دەوروبەر شل دەبوون، سەری دەخستە سەر لاباڵی بەختیار و سەرخەوێکی کورتی دەشکاند.

ئەو وەختەی گەیشتنە تاران هێشتا خۆر ئاوا نەببوو. لە دوای دابەزینیان، مام فەرهاد تەکسییەکی ڕاگرت و ناونیشانی ماڵی (عەلی محەمەد زادە) ی دایە شوفێرەکە، ئەویش سەری ئەرێی لەقاند و سواربوون. چەندان خیابانی قەرەباڵغ و گەڕەکی گەورەیان بڕی. دوای زیاتر لە نیو سەعات ڕۆیشتن لە مەیدانێکی گەورە و فرەواندا، تەکسییەکە وەستا و ئەوانیش دابەزین. ماڵی کاک عەلی لە یەکەم کووچەی سەر مەیدانەکە چەند هەنگاوێک دوور بوو. کە گەیشتنە بەردەرگا، کاک فەرهاد زەنگەکەی لێدا. ئەوەندەی نەبرد ژنێک دەرگاکەی کردەوە دیاربوو جلی ئیش و کاری لەبەردابوو. کاک فەرهاد لێی پرسی: "کاک عەلی لە ماڵەوەیە".

ژنەکە: " بەڵێ، فەرموون لە ماڵە".

بە پایەکاندا سەرکەتن و ڕووەو بەر هەیوانەکە ڕۆیشتن. کاک عەلی، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە فەرهادی ناسییەوە، بە ناهیدە خانی وت: "میوانمان هات، ئەوە کاک فەرهاد و وانن".

ژنە خزمەتکارەکە، ویستی کاک عەلی، لە هاتنی میوانەکان ئاگادار بکاتەوە، لەو

کاتەی کە خەریک بوو بگاتە بەر دەرگاکە، لەودیوڕا کرایەوە، کاک عەلی و ناهیدەخان هەردووکیان هاتنە پێشوازییان و بەخێریان هێنان. عەلی دەستی لە ملی فەرهاد کرد و یەکتریان ماچ کرد و وتی: "بەڕاستی غەریبیم دەکردی، یاخوا بەخێر بێن".

فەرهاد: " زۆر سوپاست دەکەم، ئەوە بەختیاری زاوام و ئەوەش مینای کچمە".

ناهیدەخان، مینای ماچ کرد و بەخێرهاتنی پیاوەکانیشی کرد، پاشان هەموویان چوونە ژووری میوانان دانیشتن. دوای ماوەیەکی کەم (شیرین)ی کچی کاک عەلی کە لە تەمەنی مینا بوو، هات بەخێرهاتنی کردن و لەگەڵ مینا یەکدییان ماچ کرد. دوای ماندووحەسانەوەو نانخواردنی ئێوارە، فەرهاد لەگەڵ کاک عەلی لە بارەی سەفەری بەختیار و مینا قسەیان کرد. کاک عەلی، بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بەهمەنی کوڕی کرد و داوای لێ کرد بێتە ئەوێ. چونکە بۆ هەڵسووڕانی کارێکی لەو جۆرە، دەبوو بەهمەن خەڵکێک بدۆزێتەوە و کارەکان ڕێک بخات. ئەوان پەساپۆرت و پارەی پێویستیان پێ بوو، بەڵام بۆ تەواوکردنی مامەڵەی سەفەر کردن و بڕینی بلیتی فڕۆکە، دەبووایە کەسێکی شارەزا کارەکانیان بۆ ئەنجام بدات، چونکە لەو کاتەدا کە ئەوە پێنجەمین ساڵە دەوڵەت لە جەنگدایە و هەموو شوێنێک پڕ لە پاسدار و بەسیجە، دەبوو بەختیار و مینا زۆر ئاگاداری خۆیان بن.

پاش نیو سەعات، زەنگی دەرگای حەوشەکە لێی دا، دیار بوو بەهمەن هات و بەخێر هاتنی میوانەکانی کرد. پاش کەمێک کاک عەلی بە بەهمەنی وت: "بەهمەن، ئەوا کاک فەرهاد، بۆ کارێکی پێویست لەگەڵ ئەو خزمانە کە خەڵکی ئەودیون، واتە کوردی کوردستانی عیراقن، هاتووەتە لای ئێمە. پەساپۆرتیان پێیە و دەیانەوێ بۆ (سوێد) سەفەر بکەن. پێویستییان بە کەسێکی شارەزا هەیە مامەڵەیان بۆ تەواو بکا و بلیتی فڕۆکەیان بۆ ببڕێت. بە هەر نرخێک بێت، پێویستە لەم وڵاتە دەرچن. جا تۆ دەبێ لە ناسیاوەکانی خۆت، یەکێکی باوەڕپێکراو بدۆزیتەوە و کارەکەی پێ بسپێری".

بەهمەن وتی: " جا باوکە بە سەرچاو، تاقیب دەکەم و یەکێک دەدۆزمەوە، بەڵام کوا پەساپۆرتەکە سەیرێکی بکەم، منیش نەختێک سەرم لێ دەردەچێ".

بەختیار پەساپۆرتەکەی دایە دەست بەهمەن، ئەویش سەیرێکی کرد و وتی: "کاک



ئیحسان و خوشکە فاتیمە، زۆر باشە، دیارە هاوسەری یەکترین".

کاک فەرهاد: " بەڵێ هاوسەرن".

بەهمەن: " با پەساپۆرتەکە لای من بێت. پەنا بەخوا بە هۆی دۆستەکانمەوە، کارەکەیان بۆ ڕێک دەخەم".

کاک فەرهاد: " بەڕاستی بەهمەن گیان، زۆر مەمنوونت دەبم و خێرت دەگاتێ کە ئەو کارە لە ئەستۆی خۆت دەگری. ئەوانە لە هەموو کەس زیاتر پێویستییان بە دەرچوون هەیە".

بەهمەن: " باشە ئەو کاتەی کارەکانیان تەواو بوو، چۆن دەتوانم پەیوەندییان پێوە بکەم. بەڵکو ناونیشانی ئەوانم بدەنێ".

کاک عەلی بە پێکەنینەوە وتی: " باشە قەڵەمەکەت دەربێنە و بنووسە، تاران، گەڕەکی ئازادی، کووچەی ژمارە (١١١)، ماڵی عەلی محەمەد زادە". هەموویان پێکەنین .

کاک عەلی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی: "ئەوان، هەتا بەڕێ دەکەون، میوانی ئێمەن و دەبێ ئاگامان لێیان بێ، چونکە شارەزای ئێرە نین".

کاک فەرهاد، بەیانی زوو خواحافیزیی لەماڵی کاک عەلی کرد و بەختیار و مینای ماچ کرد و ڕۆیشت. بۆ ئێوارەکەی گەیشتەوە مەهاباد. دوای ماوەیەک بەختیار لەگەڵ کاک عەلی، بەرەو نووسینگەکەیان ڕۆیشتن.

مینا کە بە نێو ماڵەکەی ئەواندا گەڕا و سەیری کرد، هەر ژوورێک بە جوانترین کەرەسە و مۆدێلی ئەو سەردەمە ڕێک خراوە. ئەو ژوورەی کە بۆ ئەوانیان تەرخان کردبوو، هەموو پێداویستییەکی تێدابوو لە سیسەم و دۆلابی شمەک. دیوارەکانی بە تابلۆی جوان ڕازێنرابووەوە و سوورەییایێکی کریستاڵ، بە نێوەندی سەقفی ژوورەکەدا شۆڕ کرابووەوە. ئەو ماڵە هەموو ڕەونەقی دەدایەوە، هەستت دەکرد، تۆز و گەرد، ژوورەکان پێنازانن. هەموو ڕۆژێک ژنە خزمەتکارەکە لە چێشتەنگاوێکی زوودا دەهات و یەک بە یەک ژوور و ڕێڕەوەکانی پاک دەکردەوە، پاشان دەچووە نێو حەوش و چیمەنەکە هەمووی گەسک دەدا و خزمەتی دەکردن. تا وەختی ڕۆژئاوا، ئەوساکە ئەوێی بەجێ دەهێشت و دەگەڕایەوە شوێنی حەوانەوەی خۆی.

مینا، حەزی نەدەکرد زۆر لە نێو خانووەکەدا بجوولێ و سەر بە کون و قوژبنەکانیدا بکات، چونکە ئەمان میوانن و نابێت ڕەفتارێکی وا بکات دڵیان لێی زویر بێت.

ناهیدەخان، ژنێکی نەختێ قەڵەو و گۆشتن بوو، ڕەنگی پێستی، سپییەکی گەنمی بوو، تەمەنی لە دەوربەری پەنجا ساڵی دەبوو. هەر بەهەمەن و شیرینیان هەبوو. بەهۆی دانیشتن و ئیش نەکردن، تەمبەڵی بە جەستەیەوە دیار بوو.

شیرنی کچی کاک عەلی، ئەو وەختە قۆناغی دووی دانشگای تەواو کردبوو و لە بەشی زمانە ڕۆژ ئاواییەکان دەیخوێند. لە ئاکار و ڕەنگیشیدا، بە دایکی دەچوو، بەڵام لەشولارێکی ڕێکی هەبوو و بە هۆی وەرزش کردنەوە نەیدەهێشت قەڵەو ببێت. لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنی میناد ازۆر بایەخی پێی نەدەدا و تەنها لە وەختی نانخواردن و سەر سفرەدا ڕۆژ باشی لێ دەکرد و بە ساردی لە هەواڵی دەپرسی. مینا، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی شیرینی بە دڵ نەبوو. بەڵام چی لە دەست نەدەهات، بۆیە پشت گوێی دەخست، چونکە ئەمان چەند ڕۆژێک لەوێ دەمێننەوە و پێویستییان بەوانە و دەبێ دڵیان فرەوان بێت.

ناهیدەخانیش، هەر بە چاوی میوان سەیری دەکرد و کەم دەیدواند، بەڕادەیەک، هەندێ جار مینا، هەستی دەکرد کە بوونەتە بارگرانی بەسەر ملی ئەواندا. بەڵام ئێواران کە کاک عەلی دەهاتەوە، کەشی ماڵەکە دەگۆڕا و گەلێک قسەی خۆشی بۆ دەکردن، گەلێک پرسیاری وەزعی کوردستانی لێ دەکردن. ئەوانیش لە سەرەخۆ و بە وردی وەڵامیان دەدایەوە.

کاک عەلی، کە سەرنجی دەدایە هەردووکیان، دوو کەسی هێمن و عاقڵ. قەت ڕەفتارێکی وا ناکەن ببنە مایەی دڵگرانی ماڵەکەیان. لەگەڵ ئەوەشدا ناهیدە و شیرین، نایانەوێ پەیوەندییەکی ئاساییان لەگەڵ دروست بکەن.

ئێوارەیەکیان، کاک عەلی بانگی ناهیدە و شیرینی کرد و وتی: "وا دەزانم ئێوە، وەک پێویست لەگەڵ میوانەکان ناجوولێنەوە. ناهیدە، خۆت دەزانی کە ئەوانە، بە ئەمانەت، بۆ ماوەیەکی کەم لە لای ئێمە دەبن. منیش، حەزم لە پیاوەتی و چاکە کردنە. پاشان فەرهاد لە لای من، خاتری زۆرە، بۆیە حەز دەکەم گرنگییان پێ بدەن.





ئێوە بەس بیاندوێنن، ئەوجا تێدەگەن کە ئەوانە، چ کەسێکن. کچم شیرین، ئەو کچە لە تەمەنی تۆدایە، چەند ڕۆژێک لێرە دەبن، پێویستە گرنگی پێ بدەی و جاروبار ببیەیتە دەرەوە. ئاخر هەر لە ماڵەوە دڵی تەنگ دەبێ، وانییە ناهیدە".

ناهیدە: " منیش پێم خۆشە شیرین، وەک هاوڕێیەک حسێبی بۆ بکات. بەڕاستی کچێکی بێدەنگ و نەرم دیارە. من خۆم نازانم، باسی چی لەگەڵ بکەم، بەڵام شیرین لە تەمەنی ئەودایە و دەتوانێ هەموو قسەیەکی لەگەڵ بکات".

شیرین: " ئاخر بابە، من شارەزای ئەو نیم، لەوە دەچێ، کێشەو گرفتی هەبێ، بۆیە هەمیشە خەمبار دیارە. منیش نامەوێ تێکەڵاوی کێشەی ئەو ببم".

کاک عەلی: " با پێت بڵێم، من قسەم لەگەڵی کردووە، تۆ زۆر قازانج دەکەی ئەگەر هاوڕێیەتی ئەو بکەیت، چونکە دەزانم شتی لێ فێردەبیت. کێ ناڵێ ئەوان، لە شوێنی خۆیان لە ئێمە هەبووەتر و خانەدانتر نینە. تۆ لێی بڕۆ پێش و بیدوێنە، ئەوساکە دەزانی کە وەک گۆمی مەنگ وایە، بە ئاسانی شێلوو نابێت".

شیرین، لە سەر قسەی باوکی بڕیاری دا، ڕۆژی دواتر بیباتە دەرەوە و هەندێ شوێنی خۆشی نیشان بدات.

بەختیار، هەستی کردبوو کە مینا لە ماڵەوە، زۆربەی کاتەکان بە تەنها ڕۆژ ئاوا دەکا و ناهیدە و شیرین گرنگی پێ نادەن. شەوێکیان بە مینای وت: "مینا گیان، دڵی خۆت تەنگ مەکە، دەزانم کە ناهیدە و شیرین، وەک پێویست لەگەڵت ناجوولێنەوە، بەڵام ئەوە چەند ڕۆژێکە و دەبێ بیقەتێنین".

مینا: " من هەندم دەردەسەری و ڕەفتاری ناشیرین دیوە، ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەوانم پێ ئاساییە. ڕەنگە ئەوان، وەک دوو کەسی نەزان و دوور لە شارستانییەت سەیری ئێمە بکەن، ئەوە کێشەی خۆیانە. سەبارەت بە ئێمەش، پێویستە مەمنوونی ئەوان بین کە ئامێزیان بۆ کردووینەوە. تۆ خەمی منت نەبێ، خوا دەکا کارەکەمان سەری دەگرت، شتەکانی دی هیچ نین".

ئەو ڕۆژەی شیرین نیازی چوونە دەرەوە بوو، سبەینەکەی زوو، چووە لای مینا و ڕۆژ باشی لێ کرد. مینا بەبزەوە لە شوێنی خۆی هەستا و وەڵامی دایەوە: "شیرین گیان، وەرە دانیشە، یاخوا بەخێر بێیت".

شیرین: " میناخان، حەز دەکەم خۆت بگۆڕی، ئەمڕۆکە پێکەوە پیاسەیەکی دەرەوە دەکەین".

مینا: " جا کەیفی تۆیە، من بێ دڵی تۆ ناکەم هەر ئێستا جلەکانم دەگۆڕم". ویستی جانتاکەی بێنێ و جلەکانی دەربێنێ، بەڵام شیرین دەستی گرت و وتی: "مینا گیان، با بچینە ژوورەکەی من هەندێ جلی تازەم کڕیوە، حەز دەکەم کامەت پێ جوانە لە بەری بکەیت. دەستکاری جلەکانی خۆت مەکە".

مینا، دڵی شیرینی نەشکاند و بە دوای ئەودا بۆ ژوورەکەی شیرین سەرکەوتنە سەرێ. کە پێی نایە ژوورەوە، دیتی ژوورەکە لە دوو بەش پێک هاتووە و هەموو پێداویستییەکی ژنانەی لێ بوو. لە لایەکی دیوارەکە دەرگایەکی تایبەت هەبوو بۆ توالێت و گەرماوەکەی شیرین. لادیوارێکی درێژ سەرتاسەر دۆڵابی شمەک بوو. شوێنی خۆڕازاندنەوە و ئارایشتکردن لاچەپ بوو بە جوانی ڕێک خرابوو. شیرین، یەکسەر دەرگای دۆڵابەکانی خستە سەر پشت و وتی: "ئەوانە جل و بەرگی هاوینەن، لەبەرئاوێنەکە تاقییان بکەوە، کامەیان لە ڕەنگت هات ئەویان لەبەر بکە".

مینا، خەریکی داکەناندنی جلەکانی بەری بوو. قژە درێژ و خاوەکەی لە پشتەوە هەتا سەر سمتەکانی بەر ببووەوە. جەستەیەکی سپی شەختەیی و دوو مەمکی قیتی بەرەڵڵا کردن. ویستی دابێتەوە تا جلە تازەکان لەبەر بکات، بەڵام شیرینی حەپەساو هاتە قسەو وتی: "توخوا مینا ئاوا کەمێک بوەستە پەلە مەکە. حەز دەکەم نەختێک سەیری لەشولارت بکەم. تۆ دەزانی چ جوانییەکت لە نێو ئەو جلانەدا شاردۆتەوە، مەگەر هەر فریشتەکان پێی بەختەوەر بن!. من لە نێو تابلۆ ناودارەکانی جیهانیش، ئەو چەشنە جوانییەم نەدیوە. ئای کە جوانی. خۆزگەم بە خۆت!".

مینا، بزەیەکی هاتێ و کەوتە لەبەر کردنی جلەکان و وتی: "شیرین گیان، تۆ لە من جوانتری، دیارە چاک لە خۆت ورد نەبوویتەوە".

کە جلەکانی لەبەر کرد و لەبەر ئاوێنەکە سەیری خۆی کرد، دەیزانی جوانییەکەی هاوتای نییە، بە خەندەیەکی نەرمەوە سەیری شیرینی کرد و وتی: "ئەرێ جلەکانم لێ دێت یان نا".

شیرین: " من، ئەو ڕۆژە، ئەم جلانەم تاقی کردەوە، هیچ بە دڵم نەبوو، وەلێ ئەوە بە



دیارکەوت، خەتا لە من بووە نەوەک لە جلەکان. توخوا قژت شانە بکەو ئاوا دەچینە لای دایکم، با بزانین ئەو چی دەڵێ".

شیرین لە پێشدا چووە خوارێ و میناش بە دوای ئەمدا. پێش ئەوەی بگەنە بەردەم ژوورەکەی ناهیدەخان، شیرین وتی: "مینا، تۆ لێرە بوەستە، من بانگی دایکم دەکەم".

چووە لای دایکی و وتی: " دایە گیان، میوانێکمان هاتووە، بزانم دەیناسیتەوە".

مینا هێدی هێدی بەرەو ڕووی ناهیدە هەنگاوی دەهاوێشت. کە گەیشتە بەردەمی سەلامی لێ کرد. ناهیدە یەکەم جار مینای نەناسییەوە و یەکسەر وتی: "ماشەڵڵا، ئەو خانمە جوانە کێیە. بۆ نایناسمەوە".

میناش پێکەنی و وتی: " ئەوە مینایە لادێییەکەی خۆتانە، ناهیدەخان نامناسیتەوە".

ناهیدە: " توخوا مینا، ئەوە تۆی. کەمێک لێی نزیک بووەوە و تێی ڕاما، پاشان سووڕایەوە پشتی و سەیری کرد ئەو قژە درێژە، هەموو پانتایی پشتی داگیر کردووە. قامکێک لە پرچەکەی لە دەست گرت و وتی: "ماشەڵڵا دەڵێی لە حەریر دروست کراوە، ئەوەندە نەرم و خاوە. بەخوا مینا تۆ لە جوانییدا، لە هەموو ژنێک دەوڵەمەندتری، کچەکەم کە دەچیتە دەرەوە زۆر ئاگاداری خۆتبە!".

جوانییەکەی مینا، هەست و نەستی ناهیدەخان و شیرنی لە ناخەوە گۆڕی و لەو ساتەوە بێ دەستی خۆیان گرنگییان پێ دەدا.

شیرن و مینا بە نیازی پیاسە کردن و کات بەسەربردن لە ماڵەوە دەرچوون. گەلێک لە ناو بازاڕ و شوێنە قەرەباڵغەکاندا گەڕان، چەندین سوپەرمارکێتی گەورەیان بەسەر کردەوە. پاش ئەوە لە ڕێی گەڕانەوەیاندا، لایان دا پارکێکی گەورە و لەوێش هەندێ کاتیان بەسەر برد. شیرین، نەیدەویست زوو بگەڕێنەوە ماڵێ. حەزی دەکرد باسی هەندێ لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی خۆی لەو شارە بۆ مینا بگێڕێتەوە. وای نیشان دەدا کە چەندین گەنجی هەڵبژاردەی ئەو شارە، عاشقی ئەم بووینە بە دوایدا دەگەڕێن، بەڵام ئەم هێشتا لە نێویاندا کەسی هەڵنەبژاردووە.

مینا ئەو بابەتە قسانەی زۆر بە دڵ نەبوو، بەڵام کە دەیزانی شیرین حەزی لە دەربڕینیانە ، ئەمیش سەری بۆ دەلەقاند و جاروباریش خۆی وەک کەسێکی

سەرسامبوو نیشان دەدا. بەدەم ڕۆیشتنەوە. بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی مینا، شیرین چەند بەیتێک لە شیعری کلاسیکی فارسی لەسەر دڵداری و خۆشەویستی خوێندەوە و باسی ئەدەبی فارسی بۆ مینا دەکرد، وا خۆی دەنواند کە ئەم، کچێکی ڕۆشنبیرە. بەڵام مینا لەو شارەزاتر، شیعرەکانی تەواو دەکرد، بە هەناسەیەکی نەرمتر واتاداری دەکردن و زانیارییەکانی بۆ ڕاست دەکردەوە. شیرین هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە مینا، لە عەقڵ و ڕۆشنبیریش، بە قەدەر جوانییەکەی لە پێش ئەمدایە، بۆیە نەیدەزانی چۆن قەرەبووی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردووی بۆ بکاتەوە کە هیچ بایەخی پێی نەدەدا.

کە گەیشتنەوە ماڵێ، هەردووکیان سڵاویان لە ناهیدە خان کرد، پاشان مینا یەکسەر چوو خۆی گۆڕی، شیرینیش لە لای دایکی دانیشت و باسی پیاسەکەی خۆیانی بۆ دەگێڕایەوە.

شیرین، ئەوەندە سەرسامی خۆی بە کەسێتی و ژیری مینا نیشان دا، دایکی خەریک بوو لێی تووڕە بێت و پێی وت: "کچم وای لێهات لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا، ئیرەیی پێ ببەی. ئاخر هەر دوێنێ بوو کە بە چاوێکی نزم سەیرت دەکرد. پێت وابوو عێلم و مەعریفەت، هەمووی هەر لە لای تۆیە و ئەوانیش جاهیل و نەدیتەکەن. ئێستاش، هەر خۆت دەڵێی، بەقەد مامۆستایەک شت دەزانێ. ئەوەندە خۆت پێ کەم نەبێ و ئەویش، مەبەرە ئاسمان. ئەو کەسێکی ئاساییە، نە ئەوەیە کە پێشتر باست دەکرد، نە ئەوەشە کە ئێستا پێیدا هەڵدەڵێی. پێم ناڵێی تۆ لە جوانی و لە پێویستییەکانی ژیانت، لە خوێندن، چیت لەو کەمترە".

شیرین: " دایە، تووڕە مەبە، بەخوا ئەو مینایە کەسێکی بێ هاوتایە و هەموو قسەکانی وەک نەقشی سەر بەرد وایە. خۆ ئەو نازانێ قسەی بێ مانا بکات و کات بە فیڕۆ بدات. ئەو هەمیشە بیردەکاتەوە. باسی هەندێ شتی بۆ کردم، قەت گوێم لێ نەبووە. شیعرە چاکەکانی حافز و سەعدیی، زۆربەی لە بەرە، باسی هەر جێگەیەکی بۆ بکەی لە سەر زەوی، دەڵێی خەڵکی ئەوێیە، ئەوها بۆت ڕوون دەکاتەوە. بەخوا زیرەکی ئەو کچە، بە ڕادەیەکە ئەگەر زۆری بدوێنی جوانییەکەیت لە بەر چاو نامێنێ".



ڕۆژانی دواتر، گەلێ جار ناهیدە، مینای بانگ دەکرد و پرسیاری لە بارەی ژیان و کێشەی کورد لێ دەکرد. میناش لە سەرەخۆ وەڵامی دەدایەوە. هەندێ جاریش، لە بارەی ژیانی گەلان و شارستانییەتی ڕۆژئاوا، قسەی بۆ دەکر د و کولتووری ئەوانی لەگەڵ میللەتانی ڕۆژهەڵات، بەراورد دەکرد. ناهیدە گەیشتە قەناعەت کە شیرینی کچی، لە مەدحکردنی مینا، ڕاستی دەکرد.

ڕۆژێکیان ناهیدەخان، لەشی زۆر ئازاری دەدا و داوای لە مینا کرد هەندێک بیشێلێ. میناش زۆر ئاسایی، لە شوێنی خۆی هەستا و نەرم نەرم کەوتە شێلانی و پێی گوت: "ناهیدە خان، تۆ هەموو دەمارەکانی جەستەت گرژ بوونە و پێویستییان بە خاوبوونەوە هەیە. ئەگەر حەز دەکەی دەچینە گەرماوەکە، لەوێ بە ئاوی گەرم و کەفاوی سابوون، جوانتر دەتشێلم و زوو دەمارەکانت خاودەبنەوە".

ناهیدە وتی: " چەند جارێکی دیکەش، ئەوهام لێ هاتووە و چوومەتە لای پزیشک، هەمان قسەی تۆیان کردووە، بەڵام لە بەر ئەوەی کەسێک نەبوو بمشێلێ، درەنگ چاک دەبوومەوە".

مینا: " ئەدی شیرین، بۆ ناتشێلێ".

ناهیدە: " بەخوا تکاشی لێ بکەم نامشێلێ، پاشان خۆ شیرین ئەو شتانە نازانێ، پێشم خۆش نییە ئەو ئیشانە بە خزمەتکارەکەمان کەم".

مینا: " کەواتە با بچینە گەرماوەکە، من جوان دەتشێلم".

سەعاتێک دوای گەرماوکردنەکە، ناهیدە تەندروستی بەرەو باشی چوو و هەستی دەکرد، چالاکی بە هەموو لەشیدا گوزەر دەکات. مینا لە کاتی شێلانیدا، هەندێ ئامۆژگاری کردبوو کە دەبێ لەمەودوا لە ماڵەوە، نەختێ کاری سەر پێیی بکات، ئەگەرنا پاش چەند ساڵێکی دی، قەڵەوتر دەبێت و پاشان ڕەنگە لە پێ بکەوێ. ناهیدە ئامۆژگارییەکانی مینای لە عەقڵ چەقی و بڕیاری دا تەنها کارە قورسەکان بە خزمەتکارەکەیان بکات، ئەوانی تر بە خۆی ڕاپەڕێنێ".

ئێوارەیەکیان، بەهمەن هاتە ماڵی باوکی و دیار بوو هەندێ هەواڵی خۆشی پێ بوو. وەختێ باوکی پرسیاری لە بارەی ئیشەکەی بەختیار و مینا لێ کرد، ئەویش لەوەڵامدا وتی: "کابرایەکیان بۆم دۆزیومەتەوە و کارەکەم پێی سپاردووە. من ئەو

ناناسم، بەڵام دڵنیام کە بۆمان جێبەجێ دەکات، چونکە ئەوانیش کارێکیان کەوتۆتە لای من. وا ڕێک کەوتووین کە پاش چەند ڕۆژێکی دیکە بلیتی فڕۆکەمان بۆ ببڕێت. هەر دەمێکیش ئەوراقەکان تەواوبوون، من بە ماشێنی خۆم دەیانبەم بۆ فڕۆکەخانە. لەوێ دراوسێیەکمان کە پۆلیسی نێو فڕۆکەخانەیە، بەڵێنی پێ دام هەتا سواری فڕۆکەش دەبن، ئاگادارییان بکات".

گشتیان بە قسەکانی بەهمەن دڵخۆش بوون. پاشان ناهیدەخان وتی: "بەهمەن، بۆ زەهرا خانت نەهێناوە. هەر جارێک بهاتایە و میوانەکانی ئێمەی بناسیبایە".

بەهمەن: "بەیانی جومعەیە، سبەینێ زوو دێم و هەمووتان دەبەمە ماڵی خۆمان و نیوەڕۆیەکە پێکەوە نان دەخۆین".

کاک عەلی: " زۆر باشە، منیش حەز دەکەم، بەهمەن، لە نزیکەوە بەختیار و مینا بناسێت، بەخوا وای لێ هاتووە وەختە حەز بکەم نەڕۆن ئەوەندە مرۆڤی ڕێکوپێکن، هەر حەز دەکەی لەگەڵیان دانیشی".

ناهیدە: " بەڕاستی، لە ڕۆژانی ئەوەلدا شارەزاییم پێیان نەبوو، وەلێ ئێستا خوا دەزانێ لە لای من، لەگەڵ بەهمەن و شیرین، فەرقیان نییە، بەتایبەتی ئەوەندە سەبرم بە مینا دێت، وا دەزانم بە شیری مەمکەکانم گەورەم کردووە، ئەوها ڕەحمم بۆی دەچێت".

مینا: " ئینشەڵڵا لە دایک و باوکمان زیاترن. ئێمەش خۆمان بە کوڕ و کچی ئێوە دەزانین. هەر خەمی ئەوەمانە کە ماوەیەک بووینەتە بارگرانی بەسەرتانەوە، بەڵام پەنا بەخوا ئەو چاکەیەتان قەت لە بیر ناکەین، خوا پاداشتان بداتەوە".

شیرین: " کاک بەهمەن، میناخان هەندەی مامۆستایەکی دانشگا دەزانێ، پرسیاری هەر شتێکی لێ بکەی جوانترین وەڵامت دەداتەوە، حەز دەکەی تاقی بکەوە".

مینا: " شیرین گیان، تۆ ئەوەندە منت خۆشدەوێ، بۆیە پێت وایە کەسی وەک من نییە، ئەگەرنا تۆش وەک منی".

بەختیار: " گرنگ ئەوەیە، مرۆڤ ببێتە مایەی خێر و خۆشی دەوروبەرەکەی نەک گرفت و نەهامەتییان بە سەر بێنێ، ئێمە خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئەگەر ئەو



کاتەی ئێرە بەجێ دێڵین، ئێوە لێمان ڕازی بن و گلەییتان لێمان نەبێت".

کاک عەلی: " ئێوە لە ماڵی مامی خۆتانن. پێویستە وەک ماڵی کاک فەرهاد، حسێب بۆ ماڵی ئێمەش بکەن، چونکە من لەگەڵ ئەو ماڵی خۆمان نەکردووە".

ڕۆژی دواتر هەموویان چوونە ماڵی بەهمەن، ژنە خزمەتکارەکەش لەوێ ئیش و کاری چێشت لێنانیان پێ دەکرد. زەهرا کە چاوی بە مینا کەوت ماچی کرد و بە گەرمی بەخێری هێنا.

زەهرا، ژنێکی گەنم ڕەنگی نەختێک گۆشتن بوو، چاو و برۆیەکی گەورە و ڕەشی هەبوو. ژنێکی بە تاقەت و خوێن گەرم بوو. دیاربوو لە ماڵەوە، بە کوردی قسەیان نەدەکرد، چونکە زەهرا فارس بوو. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەوێ بوون. زەهرا لە هەمووان زیاتر مینای دەدواند و نەیدەزانی کوردی عیراقە. پاش عەسرەکەی ئەو ڕۆژە کە ویستیان بگەڕێنەوە، زەهرا داوای لە ناهیدە خان کرد کە بەختیار و مینا ئەو شەوە لەلای ئەوان بمێننەوە. ناهیدەش پرسی عەلی کرد داخوا لەسەر مانەوەی ئەوان ڕازی دەبێت یان نا. ئەویش لە وەڵامدا وتی: "ئەگەر خۆیان پێیان خۆشە قەیدی نییە، بەڵام نابێ کەس بزانێ ئەوانە عیراقینە. بەیانیش زوو بگەڕێنەوە ماڵی خۆمان".

دیار بوو لەسەر مانەوەی ئەوان ڕێک کەوتن و باوکی بەهمەنیش لەگەڵ ناهیدە و شیرین، گەڕانەوە ماڵێ.

بەهمەن و زەهرا ماوەی ساڵێک بوو هاوسەرگیرییان کردبوو، هێشتان منداڵیان نەبوو. زەهرا بەهۆی پەیوەندی خۆشەویستییەوە شووی بە بەهمەن کردبوو، لەو کاتەی هەردووکیان لە دانیشگا دەیانخوێند. خانەوادەی زەهرا، لە بنچینەدا هەموویان هونەرمەند بوون. بەڵام لە دوای شۆڕشی ئیسلامی هەموو بوارەکانی هونەر پشت گوێ خرا و زۆربەی هونەرمەندەکان ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد. زەهرا، دوو خوشک و برایەکی لە سوێد دەژیان و لەوێ خەریکی هونەرەکەی خۆیان بوون. مریەمی خوشکە گەورەی زەهرا، ئەکتەرێکی بەهرەمەندی سینەما بوو. زەهراش، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو و گۆرانییەکانی هایدە و مەهەستی و پەریسا و شەهلا و زۆربەی گۆرانیبێژەکانی دیکەی دەگوتەوە. ئەگەر باری سیاسی وڵات بەو ئاقارەدا نەچووبایە، بێ شک دەبووە گۆرانیبێژێکی ناودار.

زەهرا، نەیدەشاردەوە کە زۆر دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانە، پێی وابوو کە ئەو مەلا ئایینییانە، وڵاتی ئێران، بەرەو تاریکستان دەبەن و خۆشی تێدا ناهێڵن.

مینا کە زانی زەهرا کەسێکی کراوە و ڕۆشنبیرە و جێگەی ترس نییە، بە تەنها لە ژوورەکەی ئەو دیو لەگەڵی دانیشت و هەندێ قسەی لەگەڵ کرد، پاشان ناونیشانی براو خوشکەکانی دەرەوەی لێ وەرگرت و داوای لێ کرد ژمارەی فاکس و تەلەفونی ئەوانی بداتێ. دوای ئەوە لێی پرسی: "زەهرا خان، ئێوە دەتوانن لێرەوە پەیوەندییان پێوە بکەن یان نا".

زەهرا وتی: " جاروبار بە ڕێگەی نووسینگەی هەندێ لە بازرگانە گەورەکان، پەیوەندییان پێوە دەکەین و قسەیان لەگەڵ دەکەین، بەتایبەتی لەگەڵ مریەم".

مینا: " دە باشە زەهرا گیان، من باوەڕم بە تۆ هەیە و لێت ناترسم، دەزانم تۆ کەسێکی ڕۆشنبیر و مرۆڤدۆستی، چونکە هەمیشە خەڵکی هونەرمەند، ڕەوشت بەرز و تێر ئەخلاقن و چاک لە بەها مرۆڤایەتییەکان دەگەن و هەمیشە خێری خەڵکیان دەوێ. هونەرمەندان لە هەموو کەس هوشیارتر و جوانتر لە ژیان دەڕوانن. دەزانم تۆ کەسێکی، ئەگەر لەم وڵاتە نەبای ئێستا لە ترۆپکی هونەردا دەبووی. وەک ئەستێرەیەکی گەش و پرشەنگدار لە هەموو دنیا دەناسرای. تۆ هەموو جەستەت چالاک و گەوهەر بەخشە. خوێنت گەرم و هزرت ڕووناکە، بەڵام بێ ویستی خۆت لە سروشتی خۆت دابڕاوی و ئێستاکە دەبێ ئەم جوانی و خوێن گەرمییەت، بە لەچکێکی تاریک، بشاریتەوە. جا لە بەر ئەو خەسڵەتانەی کە باسم کرد، من هەنووکە هیچ ترسێکم لە تۆ نییە، بۆیە دەمەوێ لە بارەی خۆمانەوە، هەندێ قسەت بۆ بکەم. ئێمە بە تەمای سەفەری دەرەوەین ئەگەر بتوانی قسەیەک لەگەڵ مریەم بکەیت، بەڵکەم کە گەیشتینە ئەوێ یارمەتیمان بدات".

زەهرا، لەمێژ بوو کەسێکی چنگ نەدەکەوت، قسەی دڵی خۆی بۆ بکات. وەختێک قسەکانی مینای گوێ لێ بوو کە چۆن سەیری ژیان دەکا و نرخی هونەر لەلای ئەو چۆنە، پێی وت: "تۆ زانیاریم لە باری خۆتانەوە بدێ، من بەیانی قسە لەگەڵ مریەم دەکەم و هەموو شتێکی پێ دەڵێم. جا با موژدەت بدەمێ کە مریەم لە بەشی پەناهەندەکانی تازەهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک وەرگێڕێک کار دەکات و



دەتوانێت ڕێنماییتان بکات. هەرکە گەیشتنە فرۆکەخانەی ستۆکهۆڵم پەیوەندی پێوە بکەن. ناوی تەواوی ئەوانتان دەدەمێ و پێشیان دەڵێم کە ئێوە هاوڕێی خۆشەویستی منن".

مینا: " باشە کاک بەهمەن ئاگادار ناکەیتەوە".

زەهرا: " نا پێویست ناکات، با ئەم نهێنییە لە بەینی من و تۆ بێت".

مینا: " زۆر چاکە".

زەهرا هەڵسا و پارچە کاغەزێکی هێنا و ناونیشانی برا و خوشکەکانی تێدا نووسی، پاشان بە مینای وت: "با سەرێکی بەهمەن و بەختیار بدەم نەوەک شتێکیان پێویست بێ".

زەهرا کە دیتی ئەوان خەریکی سەیرکردنی ئاهەنگێکی گۆرانین کە بەهۆی کاسێتی ڤیدیۆوە خستبوویانە سەر تەلەفیزۆنەکە، پێی وتن: "بەهمەن، هیچ شتێکتان پێویست نییە. ئەگەر کاک بەختیار حەزی لە مەستبوونە، بۆخۆتان مەجلیستان گەرم بکەن. من و مینا مەجلیسمان گەرمە و ئێوەش کەیفی خۆتانە".

بەهمەن ڕووی لەبەختیار کرد و وتی: " حەزت لە خواردنەوە نییە".

بەختیار: " قەت ڕێک نەکەوتووە بخۆمەوە، بەڵام لاریم نییە ئەگەر ئەمشەو بخۆمەوە، چونکە لەوە دەچێ جەوەکە بۆ خواردنەوە لەبار بێ".

بەهمەن لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: " تەنها دوو پێک دروست دەکەم و لەگەڵ هەندێک فستق دەیخۆینەوە. بەختیاریش سەری ڕەزامەندی لەقاند".

زەهرا کە گەڕایەوە لای مینا پێی وت: " ئەوان خەریکن سەری خۆیان گەرم دەکەن، دیارە مەجلیسەکەیان بە دڵە. مینا گیان، تۆ کەسێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووی، من ئەمشەو حەز دەکەم هەندێک سەرگوزشتەی ژیانی خۆمانت بۆ بگێڕمەوە". زەهرا کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خانەوادەکەی و میناش گوێی بۆ شل کردبوو.

خانەوادەکەی زەهرا، لەپێش شۆڕشی ئیسلامەکان، لە تاران، ژیانێکی ڕۆژئاواییانە دەژیان. پاشان بوونەتە یەکێک لە زەرەرمەندترین کەسانی ئەو شارە. ئێستاش دایک و باوکیان، بە تەنها لە خانووە کۆنەکەیان دەژین و تاقەتی هیچیان

نەماوە. زەهراش هەموو حەفتان جارێک سەردانیان دەکات. زەهرا باسی ئەوەشی کرد کە لەژیانی تایبەتی خۆی یەکەم جار کوڕێکی هونەرمەندی خۆشویستووە و چەند ساڵێک هاوڕێی یەکتر بوونە، پاشان لەترسی گرتن و دەسەڵاتی ئیسلامییەکان ڕای کردووە و ئێستا لە کەنەدا دەژی. لە دوای ئەو کوڕە، زەهرا لەگەڵ بەهمەن بوونەتە هاوڕێ و پاشان شووی پێ کردەوە.

زەهرا لە قسەکانیدا دیاربوو کە زۆر لە بەهمەن ڕازی نییە، چونکە بەهمەن ناتوانێ بەدەم داخوازییەکانی ئەمدا بچێت و ئامادە نییە گوێ لە چیرۆکەکانی بگرێت. سەرەڕای ئەوەش، بەهمەن حەز لە هونەر ناکا و کەسێکی وشکە. وەختێک کە ئەم لە ماڵەوە گۆرانی دەڵێت، گۆرانییەکەی پێ دەبڕێت و داوای شتێکی لا بە لای لێ دەکات، بۆ ئەوەی هەستی لەسەر سۆز و غوربەتی گۆرانییەکە لابدات. مینا ئەو شەوە بە جۆرێ لە زەهرا حاڵی بوو کە ژیانی ئەوان لە سەر بناغەی لێک گەیشتن و خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە دانەمەزراوە و لە ژێرەوە تژی گلەیی و گازاندەیە. بەڵام بە کارێکی باشی نەدەزانی بچێتە ناو ژیانی تایبەتی ئەوان و گرفتەکانیان زیاتر بکات.

مینا، ئەم شەوە بە تەواوی خۆشەویستی زەهرای بە دەست هێنا و بەڵێنی هاوڕێیەتییان بە یەکتر دا. زەهرا بە مینای وت: "مینا نۆرەی تۆیە، سەرێکیان بدە و بزانە چییان پێویستە".

مینا: " بەسەر چاو". یەکسەر هەستا و چووە لای ئەوان. دیتی بەختیار، بەرداخێکی لە پێشە و کەمێک شەرابی تێدایە، نەیپرسی ئەوە چییە لە پێشت. پاشان وتی: "هیچتان پێویست نییە".

بەختیار: "بەرێ وەڵڵا خانم، پاش کەمێکی تر، حەزمان لە چایە".

مینا: "بەسەر چاو، پاش کەمێکی تر بە خۆم بۆتان ساز دەکەم".

مینا گەڕایەوە لای زەهرا و پێی وت کە ئەم، ئێستا چایان بۆ ساز دەکات. بەختیار ئەو شەوە دەیزانی کە مینا لەگەڵ زەهرا مەجلیسیان خۆشە.

بەهمەن بەدوور و درێژی و بە بایەخەوە باسی وەزیفەکەی خۆی بۆ بەختیار دەکرد. بەختیاریش زۆر جوان گوێی لێ ڕادەگرت و حەزی نەدەکرد بێنە سەر ژیانی تایبەتی



خۆی و مینا. ئەو کاتەی چایەکەیان سازبوو، مینا و زەهرا هاتنەوە ژوورەکەی بەهمەن و بەختیار. مینا لە دیار سەماوەرەکە دانیشت و بەدەست و پەنجە جوانەکانی، پیاڵەکانی لە ئاو هەڵێنا و هەریەکە چایەکی بۆ تێکردن. لەو دەمە زەهرا ڕووی لە بەهمەن کرد و وتی: "حەز دەکەم ئەو دوو میوانە بەڕێزە، هەتا لە تارانن، چەند جارێکی دیکەش شەوان بێنە لای ئێمە، بەڕاستی من بە هاوڕێیەتی میناخان و کاک بەختیار خۆشحاڵم".

لەدوای چای خواردنەوە، شەو درەنگ داهات و دیار بوو بەهمەن لە دوای دوو پێک شەراب خواردنەوە، چاوەکانی کز ببوون زەهرا وتی: "مینا، ئێوە لە ژوورەکەی ئەودیو جێگەتان بۆ ڕادەخەم ئێمەش لێرە دەخەوین". بەختیار و میناش سەری ڕەزامەندییان لەقاند.

بۆ بەیانی بەر لە دەست پێکردنی دەوام، بەهمەن بە ماشێنەکەی خۆی بەختیار و مینای بردەوە ماڵی باوکی و پاشان بە دوای دەوامەکەی خۆیدا ڕۆیشت.

زەهراش هەر ئەو ڕۆژە وەختی عەسرەکەی، چووە ئەو نووسینگەیەی جاران و تەلەفۆنی بۆ مریەم کرد. زانیاری تەواوی لەبارەی بەختیار و مینا دایێ. مریەمیش بەڵێنی پێی دا کە هەر وەختێک ئەوان گەیشتنە ئەوێ و پەیوەندییان پێوە کرد، بچێتە لایان و یارمەتییان بدات.

## ٥٩

دوو ڕۆژ لەدوای داوەتەکەی ماڵی بەهمەن، پاشی ئێوارێ، زەنگی تەلەفۆنەکەی ماڵی کاک عەلی لێی دا. ناهیدەخان تەلەفۆنەکەی هەڵگرت: " ئەلۆ، فەرموو کێت دەوێ".

بەهمەن: "دایەگیان من بەهمەنم، زەهرا نەخۆشە و ژانی گرتووە، حاڵی زۆر شڕە و وا بۆ بیمارستانی دەبەم".

ناهیدەخان تەلەفۆنەکەی دانا و بە باوکی بەهمەنی وت: "ئەوە بەهمەن بوو، دیارە زەهرا کتوپڕ ژانی گرتووە. ئێستا بۆ بیمارستانی دەبات".

عەلی: "ئاوا. کەواتە من و شیرین دەچینە ئەوێ بزانین چییە".

مینا: "مامە عەلی، منیش لەگەڵتان دێم".

کاک عەلی: "زۆر باشە، دەبا بڕۆین ".

هەرسێکیان بەرەو بیمارستانەکە ڕۆیشتن. کە چوونە ژوورەوە، دیاربوو زەهرا داخیل کرابوو و دوو دکتۆری بەسەرەوە بوو. بەهمەنیش بەدڵێکی تەنگەوە بەدیاریانەوە وەستابوو. دکتۆرەکان، لە پاش پشکنینی زەهرا، بۆیان دەرکەوت کە ڕیخۆڵە کوێرەیەتی و دەبێ بە زووترین کات نەشتەرگەری بۆ بکرێت. پێش ئەوەی دەست بە نەشتەرگەرییەکە بکەن، پاڵەپەستۆی خۆینیان وەرگرت و خوێنەکەشیان شی کردەوە. پاشان بە بەهمەنیان وت کە زەهرا خوێنی کەمە و دەبێ لانی کەم بوتڵێک خوێنی بۆ پەیدا بکەن . بەهمەن زوو خۆی ئامادە کرد تا خوێنی لێ وەرگرن. هەموویان چوونە ژووری خوێن فەحس کردنەکە. کاتێ یاریدەری دکتۆرەکان خوێنی بەهمەنی فەحس کرد وتی: "تۆ خوێنت کەمە، ناتوانین لێت وەرگرین، ئەگەر یەکێکی دیکەتان خوێنی هەبێ".

مینا یەکسەر قۆڵی هەڵماڵی و وتی: " من فەحس بکەن ، خوێنم هەیە".

کە خوێنی ئەویان فەحس کرد، یاریدەری دکتۆرەکە وتی: "زۆر باشە و هەمان جۆری خوێنی نەخۆشەکەیە".

مینا لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا، کاک عەلی و بەهمەن و شیرنیش بەحەپەساوییەوە سەیریان دەکرد، سەریان لە خۆنەویستیی و دڵسۆزیی و بوێریی مینا سوڕمابوو.

کە دکتۆرەکان سرنجیان لە خوێنبەری باسکی مینا دا و خەریک بوون خوێنیان لێی وەردەگرت، مینا بە پێکەنینەوە، سەیری ئەوانی دەکرد و دەستەکانی دەگوشی، بۆ ئەوەی خوێنەکەی بە گوڕ بێتە دەرێ. وەختێک کە بڕێکی تەواویان لێی وەرگرت، دکتۆرەکە بەمینای گوت کە لە هەڵسانەوە پەلە نەکا، نەبادا سەری بسوورێ. خوێنەکەیان بۆ ژووری نەشتەرگەری برد و بەهمەنیش بە دوایاندا چوو. شیرین و باوکیشی بەدیار میناوە وەستابوون، بەڵام مینا زوو هەستی کرد کە جەستەی بتەو و ئاساییە، هێدی هەڵسایە سەر پێ و وتی: "مامە، با بۆ ژووی نەشتەرگەرییەکە بڕۆین".

هەموویان لە هۆڵەکەی بەردەم نەشتەرگەری لەسەر کورسییەکان، دانیشتبوون و



چاوەڕێی ئەنجامەکەیان دەکرد. پاش سەعاتێک لە چاوەڕوانی، یەکێک لە دکتۆرەکان هاتە دەرێ و بە بەهمەنی وت: "شوکر نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو، بەڵام دەبێ کەمێک چاوەڕوان بن، هەتا نەخۆشەکە بەهۆش خۆی دێتەوە".

بەهمەن، داوای لە دکتۆرەکە کرد کە ڕێی پێ بدا بچێتە ژوورەوە، ئەویش ڕێی پێ دا . ئەوەندەی نەبرد، بەهمەن هاتەوە دەرێ و بە کارگوزارەکانی وت، بەڵکە ئامێری نەخۆش گواستنەوە بێنن. ئەوەندەی نەبرد ئامێرەکەیان هێناو بردیانە ژوورەوە، لە دوای خولەکێک دیسان دەرگاکە کرایەوە. دیار بوو زەهرا لە سەر کورسیی ئامێرەکە دانیشتبوو و بێتاقەتی پێوە دیاربوو. بەبێ وەستان، زەهرایان گەیاندە ڕێکی ماشینەکەی بەهمەن و بە دوو کەس لە دواوەی ماشێنەکە، سواریان کرد. بەهمەن ماشێنەکەی گڕدا و میناش لەگەڵ ئەوان سواربوو. کاک عەلی و شیرین سواری ماشێنەکەی خۆیان بوون هەموویان بەرەو ماڵی کاک عەلی گەڕانەوە.

کە گەیشتنەوە ئەوێ، لە ژوورێکی تایبەت زەهرایان لەسەر جێگە درێژ کرد و بە ناهیدە خان و بەختیاریشیان وت کە زەهرا نەشتەرگەریی بۆ کراوە. بەهمەن ئەو شەوە، زۆر منەتباری مینا و بەختیار بوو کە بەو شەوە، وەک فریشتە بە کەڵکیان هاتن.

کاک عەلی بانگی ناهیدەخانی کرد و وتی: " ناهیدە، دەزانی، ئەو هەڵوێستەی ئەم شەو لە مینامان بینی کەم پیاو هەیە ئەوها مەرد و چاونەترس بێت. ئەو کاتەی دکتۆرەکان داوای خوێنیان کرد، یەکەم جار خوێنی بەهمەنیان شی کردەوە، بەڵام بەهمەن خوێنی کەم بوو و لێیان وەرنەگرت، داوای یەکێکی دیکەیان کرد تا خوێنی لێ وەربگرن. لەودەمە مینا هاتە پێش و بە دکتۆرەکەی وت کە خوێنی ئەم فەحس بکەن، ئەو کچە هیچ نەدەترسا و دڵسۆزانە خۆی کردە شەریکی خەمی ئێمە. زۆر بە ئاسانی خوێنیان لێی وەرگرت، پاشان ئەوەندەی نەبرد هەستایەوە سەر پێ. بەڕاستی ئێمە قەرزباری ئەوانین، هەرچەند خزمەتیان بکەین هەر کەمە".

بەختیار کە تێگەیشت مینا خوێنی بە نەخۆشەکەیان داوە، هەستی بە سەربەرزی و شانازی دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەو مینایە هەموو جوولانەوەیەکی جێگەی شانازییە، تۆ سەیرکە، لە چ هەلێکی گونجاودا چاکەی ئەوانی قەرەبوو کردەوە!

کە زەهرا بە تەواوی هۆشی هاتەوە سەر خۆی و ئێش و ئازاری کەم بووەوە، دیتی وا مینا بەسەریەوە وەستاوە و خزمەتی دەکات، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون و داوای لە مینا کرد سەری خۆی بۆی نەوی کات تا ماچی بکات. میناش، هێدی بۆی نووشتایەوە و لە بەرچاوی هەمووان یەکترییان ماچ کرد. کاک عەلی لە بیری خۆیدا دەیگوت: چەند ڕۆژێکە ئەو کچە دەناسێ و هێشتا ناشزانێ کە ئەو خوێنی پێ داوە کەچی ئەوەندەی هۆگری ئەوە، هۆگری ناهیدە و شیرین نییە!

بەهمەن، درەنگی شەوێ ئەو کاتەی هەموویان چووبوونە ژوورەکانیان بۆ ئیستراحەت و نووستن، ئەو وەختە بە زەهرای وت: "ئایا دەزانی خوێنی کێ لە جەستەی تۆدا دەسووڕێتەوە".

زەهرا: "بێ گومان، خوێنی تۆیە".

بەهمەن: "من خوێنم کەم بوو، خوێنیان لە یەکێکی دیکە وەرگرت، دەزانی ئەو کەسە کێیە".

زەهرا کەمێک داما و لە هەڵوێستی هەمووان تێفکری و پاشان وتی: "بەڵێ دەزانم کێیە. لە مینا زیاتر کەسێکی دیکە نییە، ئەو هەڵوێستە هەر لەو دەوەشێتەوە".

بەهمەن: "ڕاست دەکەی، خوێنی مینایە، من ئەو شەوە تێگەیشتم کە ئەو کچە چەند دڵسۆز و ئازایە و چەند خۆنەویست و بە جورئەتە. ئەو وەختەی دکتۆرەکان پێیان وتم خوێنت کەمە و ناتوانین لە تۆ وەربگرین، لە هیکڕا وەک فریشتە، هاتە پێش و داوای لە دکتۆرەکان کرد خوێنی لێ وەرگرن، شەرت بێ هەتا لێرە بن خزمەتیان بکەم".

زەهرا: "بەهمەن، من بە دەست خۆم نییە، هەرچەند بیر لەو کچە دەکەمەوە زیاتر بە دڵمدا دەچێ و خۆشترم دەوێ. لە بیرتە کە دوێنێ وتم، من غەریبی مینا دەکەم و حەز دەکەم شەوێکی دیکەش لە لای ئێمە بن. ئاخر من تەنها لەگەڵ ئەودا هەست دەکەم، خەمەکانم لەبیر دەکەم و دڵم دەگەشێتەوە".

شیرین ئەو شەوە هەستی بە کەمتەرخەمی دەکرد و ئیرەیی بە مینا دەبرد. دەیزانی نەئەوەندە ئازا و بوێرە، نەئەوەندەش هەست بە بەجێهێنانی کارێکی وا دەکات. زەهرا، ژنبرای ئەم بوو کەچی بە پێویستی نەدەزانی قوربانییەکی وای بۆ



بدات. لەو وەختەدا حەزی دەکرد مینا زوو لە ماڵەکەیان بڕوا. ئاخر ئەگەر بەهێزیی و دروستی هەڵوێستی مینا نەبووایە کەسێک بێکەڵکی و خۆپەرستی ئەمی بیر نەدەکەوتەوە.

ناهیدەخانیش دەرکی بەوە کرد کە هەموو مەدح و سەنایەکی مینا، زەمکردن و سەرزەنشتکردنێکی شیرینی پێوەیە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بریا شیرینی کچم وەک مینا خوێن گەرم و ژیر و کامڵ بووایە و ئاوا پێی سەربەرز بووینایە".

ڕۆژی دواتر، بەهمەن، نووسراوی لە بیمارستانەوە برد و لە فەرمانگەکەی زەهرا مۆڵەتی بۆی وەرگرت. پاشی نیوەڕۆ زەهرای بردەوە ماڵی خۆیان و بەختیار و میناش لەگەڵیان چوون.

مینا زۆر خزمەتی زەهرای دەکرد و بەردەوام بەدیاریەوە دادەنیشت. بۆ شەوەکەی مینا بە تەنها لە ژوورەکەیدا لە گەڵی مایەوە و پیاوەکانیش لە ژوورەکەی تر. تا درەنگی شەوێ زەهرا چی بە مێشکدا هات بۆ مینای گێڕایەوە. دەم نا دەمێکیش دەستەکانی مینای دەگوشی و پێی دەگوت: "بە خوشکی خۆتم قبوڵ بکە. هەست دەکەم خوێنی گەشی تۆ، لە ناو لەشم، ئارامیم پێ دەبەخشێت. لەمەودوا من و تۆ یەک ڕۆحین لە دوو جەستەدا. من زۆر بەختەوەرم کە لەم دەورانەی ژیانمدا تۆم ناسی. ئێستا تۆ خوشک و کەسوکاری منی".

زەهرا لەگەڵ ئەو قسانەدا، گریانێکی بەجۆش لە هەناویدا هەڵی کرد و فرمێسکی ڕژانە سەر گۆناکانی.

مینا، هەستی کرد کە زەهرا خۆی بە بێکەس دەزانێ. ئاخر لەو دەمە نەدەبوو خەبەری دایک و باوکە پیرەکەی بدەن و دایک و خوشکی بەهمەنیش ئەمیان خۆ شناوێ، چونکە ئەوان هەر لە سروشتی خۆیان، نەختێک بێ بەزەیی و دڵڕەقن. لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنی بەختیار و مینادا زۆر خۆشحاڵ نەبوون، بەڵام لە دوای چەند ڕۆژێک، بە هۆی ڕێکوپێکی ئەوان و ڕەجای کاک عەلی، نەختێ دڵیان نەرم ببوو.

زەهرا داوای لە بەهمەن کرد کە بەختیار و مینا جارێ لە لای ئەوان بمێننەوە، چونکە زۆر سەبری پێیان دێت. بەهمەنیش هەمان ڕای هەبوو، بۆیە وتی: "دوایێ بە باوکم دەڵێم کە چەند ڕۆژێکی تر لامان بمێننەوە".

مینا حەزی دەکرد هاوسەنگیی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەردوولا ڕابگرێت و کارێکی وا نەکات، ناهیدەخان و شیرین دڵیان گەرد بگرێ. بۆ ئەم مەبەستە زوو زوو سەری لە ناهیدە دەدا و جارێکیان پێی وت: "ئەگەر لە بەر دڵی کاک بەهمەن نەبێ، ئێمە حەز دەکەین شەوان بێینەوە ئێرە. پێم خۆشە بە کاک بەهمەن بڵێی بەڵکە ڕازی بێت شەوان بگەڕێینەوە ماڵی گەورە".

ناهیدە، زۆر کەیفی بە هەڵوێستەکەی مینا هات و وتی: "کچم، منیش حەز دەکەم شەوان لێرە بن، دوایێ خۆم قسە لەگەڵ بەهمەن دەکەم".

ڕاستییەکەی، مینا ماڵی زەهرای پێ ناخۆش نەبوو. ئەم دەیویست چاکەیەکی وایان لەگەڵا بکات، بۆ ئەوەی بەهمەن بە دڵسۆزییەوە کارەکەیان بۆ جێبەجێ بکات. سەبارەت بە زەهراش، توانیبووی لە ژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ مریەمی خوشکی دروست کات کە لە دواڕۆژدا ڕەنگە کەڵکی لێ وەربگرن.

مینا، دروستکردنی ئەو پەیوەندییانەی لە لای بەختیار ئاشکرا نەدەکرد، بۆیە هەندێ جار بەختیار، ئەو هەموو بایەخ پێدانەی مینا بە زەهرای پێ سروشتی نەبوو، بەتایبەتی کە ناهیدە و شیرین، زۆر حەزیان لە چارەی زەهرا نەدەکرد و ئەوانیش لە بنەڕەتدا میوانی ئەوانن.

ڕۆژێکیان بەختیار بە مینای وت: "ئەرێ مینا، وا هەست دەکەم ناهیدەخان زۆر بە پەیوەندی تۆ لەگەڵ زەهرا خۆشحاڵ نییە".

مینا زوو لە مەبەستی بەختیار گەیشت و وتی: "دوایێ پێت دەڵێم کە لە بەرچی بایەخ بە زەهرا دەدەم، ئاگاداری ئەوەشم کە ناهیدە زەهرای خۆش ناوێت".

زەهرا، لە دوای حەفتەیەک برینی نەشتەرگەرییەکەی بەرەو ساڕێژبوونەوە دەچوو. ئەو ڕۆژە داوای لە بەهمەن کرد، بچێتە دوای مینا، تا بە یارمەتی ئەو بتوانێ گەرماوێک بکات و خۆی جوان بشۆرێ.

پاشی نیوەڕۆ، بەهمەن چووە دوای مینا و هێنایە ماڵی خۆیان و بە زەهرای وت: "بۆ ئێوارێ خواردنی تایبەتتان بۆ دێنم، هیچ شتێک دروست مەکەن".

زەهرا ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاتنی مینا هەستی بە چالاکی لەشی دەکرد و زەینی دەدایێ، هیچ جێگەیەکی نایەشێ، بە مینای وت: "وەرە هەتا گەرماوەکە ساز دەبێت



هەندێک گۆرانیت بۆ بڵێم. ئەمڕۆ حەز دەکەم لە بەرامبەر کەسێکی خۆشەویست، خەمەکانم بە با کەم. من کە یادەوەری ساڵانی زووی تەمەن و شنەبای غەریبی برا و خوشکەکانم بە سەرمدا هەڵدەکەن، تەنها بە گۆرانی چڕین دڵم ئاشت دەبێتەوە. خۆ تۆ وەک بەهمەن بە گۆرانی نیگەران نابیت".

مینا: " جا ئەو کەسەی کە بە گۆرانی نیگەران دەبێت، دیارە دڵی لە بەرد دروست کراوە و لە جیاتی خوێنی گەش ئاو لە دەمارەکانی دەگەڕێ. من گۆرانی ناڵێم، بەڵام دەزانم چۆن گوێ لە گۆرانی دەگرم".

زەهرا، بە قسەکانی مینا، زیاتر سەرمەستی گۆرانی وتن بوو و وتی: "کەواتە وەرە ئەی فریشتەکەم، لە لام دانیشە و هەندێک گوێ لە ئاه و ناڵەی دڵم بگرە".

زەهرا (تار)ەکەی دەست دایێ و مقامێکی کۆنی ئێرانی ژەنی. لەگەڵ گەیشتنی بە ساتەوەختی دەنگ هەڵبڕین، لە سەرەتادا، بەدەنگێکی نەرم لە ستایلێکی نەوی، دەستی پێ کرد. هەر دەتگوت ئەم دەنگە لە شوێنێکی دوورەوە، لەگەڵ سروەی بای بەیانییان دەگاتە گوێت. ئەم جارە، لە نۆرەی تارەکە دیاربوو کە دەنگەکە هەڵدەکشێ و لێت نزیک دەبێتەوە. زەهرا، بە دوای تارەکەی، چاوەکانی خستە سەر یەک و پڕ بە گەرووی چریکاندی. لە ستایلێکی بەرزدا، ژوورەکەی پڕ لە سەدا کرد. ئیدی جار لە دوای جار، غەرقی غوربەت دەبوو و چاکتر تێهەڵدەچووەوە. لەگەڵ گۆرانی چڕیندا، ئەسرینی چاوەکانی سەرەوخوار دەبوونەوە. لە ڕاستیدا، مقامەکە بەشێک بوو لە گریان.. بەشێک بوو لە گازاندەی ئینسان لە بەرامبەر ژیان.. بەشێک بوو لە خۆ پاککردنەوە لەو حەسرەتانەی کە بە درێژایی ژیان لە دەروونی مرۆڤەکان کەڵەکە دەبن.

مینا قەت چریکەی وەهای گوێ لێ نەببوو، ئەوە دووەمین جارە دەبینێ، ژن گۆرانی بۆ عەشق و ئەوین دەچڕن. دەنگ و سەدای زەهرا، تەواو چیرۆکی ژیانی ئەمیان دەگێڕایەوە، بۆیە لەگەڵ گۆرانی چڕینی زەهرا، میناش بۆ ژیانی پڕ لە غوربەتی خۆی دەگریا.. ئەوان یەکێک گۆرانی دەچڕی بەڵام سێ کەس دەگریان، (مینا، زەهرا، تارەکە). کە زەهرا لە گۆرانییەکە بووەوە، مینا دەستی لە ملی کرد و بە هەستێکی تژی میهرەوە، ماچی کرد و وتی: "زەهرا گیان، تۆ کە خاوەنی ئەم دەنگ و هونەرەی

چۆن ئەم ژیانە وشکەت هەڵبژارد.. خۆ تۆ لە ئاستی ئەو هونەرمەندانەی کە ئێستا ملیۆنان خەڵک دەیانپەرستن".

زەهرا: " مینا گیان، ڕاستییەکەی، من خۆم بە قوربانی برا و خوشکەکانم کرد دەبوو یەکێکمان لەگەڵ دایک و باوکم بمێنێتەوە، ئەو بڕیارەش من دام. با شتێکت بۆ بگێڕمەوە ساڵی ١٩٧٧ بوو، ئەو کاتە تەمەنم پانزە ساڵان بوو. ئاهەنگێکی گۆرانی بۆ (هایدە و گولپایگانی) سازکرا، من بە هۆی مریەمی خوشکە گەورەکەمەوە کە هاوڕێی ئەوان بوو لە ناوەندی ئاهەنگەکە بۆ سەر شانۆکە بانگیان کردم. مریەم دەنگی منی پێ خۆش بوو. هەموو جارێ دەیگوت: تۆ دەگت لە پەریسا دەچێ! ئەو ڕۆژە، نەختێک شەرمم دەکرد، بەڵام بڕوام بە خۆم هەبوو کە چوومە سەر شانۆ، (هایدە) بە خۆی منی پێشکەشی جەماوەرەکە کرد. لە بەر خۆشەویستیی (هایدە) بڕیارم دا گۆرانییەکی ئەو بڵێم. موزیکژەنەکان دەستیان پێ کرد، یەکەم جار کەمانچە ژەنەکە مقامەکەی هەڵدا. کە نۆرەم هات زۆر بە نەرمی دەستم بە هەڵدانی دەنگ کرد و لە مقامەکە بوومەوە. پاشان لەگەڵ موسیقاکە، گۆرانی شیرین گیانم وت. وەختێک گۆرانییەکەم تەواو کرد، هەموو جەماوەری ناو هۆڵەکە چەپڵەیان بۆ لێدام و هایدەش ماچی کردم. لە دوای ئەو ئاهەنگە بە هیوا بووم دانشگا تەواو بکەم، ئەوساکە ڕێگەی هونەری گۆرانی و موزیک بگرمە بەر، بەڵام مخابن. مەلاکان هەموویان لێ تێکداین، ناچارین ئاوا لە کونجی ماڵەوە گۆرانی بچڕین، ئەوجا هێشتا کابرام ڕازی نییە و دەیەوێ، کل لە گەرووم بکەم. ئاخر چۆن خەفەت نەخۆم (دەستی بە گریان کرد)".

مینا ئەو وەختە زیاتر بەزەیی بە زەهرا هاتەوە و تەواو حاڵی بوو کە ئەو ژنە لە ژیانی خۆی ڕازی نییە بەڵام ناچارە. بە بیری هاتەوە کە هەنووکە، گەرماوەکەیان سازبووە و وتی: "زەهرا گیان، گەرماوەکەمان لە بیر چوو، هەستە بچین خۆمان بشۆین".

لە دوای گەرماوکردنەکە، مینا چای ساز کرد و پێکەوە کەوتنە قسە و باسی دنیا. کە ئێوارەش داهات، بەختیار و بەهمەن هاتنەوە و خواردنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، هەر ئەو دەمە سفرەیان داخست و نانی ئێوارەیان خوارد.



## ٦٠

لە ڕۆژێکی کۆتایی مانگی تەمووزدا، بەهمەن دوای گەڕانەوەی لە دەوام، هەواڵی تەواوبوونی مامەڵەی سەفەرکردنی بەختیار و مینای، بردە ماڵی باوکی و پێیانی وت: "بەیانی سەعات چواری ئێوارە، فڕۆکەی ئێوە بەرەو ستۆکهۆڵم دەفڕێ و بلیتی سواربوونیش بڕاوە. من خۆم بە دواتاندا دێم و دەتانگەیێنمە ناو فڕۆکەخانە، لەوێش ئەو دۆستەمان ئاگادارتان دەبێت".

بەختیار سوپاسی بەهمەنی کرد و پێی وت: " کاک بەهمەن بێگومان تۆ هەقی سەفەر و خەرجییەکانی دیکەت لە ئەستۆ گرتووە، پارەکەی چەندە با بۆت ڕەت بکەینەوە".

بەهمەن: " جا نابێ لەسەر حسێبی من بێ".

بەختیار: " نا بەخوا نابێ، ئێمە سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکە لەسەر ملی ئێوەین و هیچ مەسرەفێکمان نەچووە، چۆن دەبێ ئەو خەرجییانەش لە ئەستۆ بگری!".

بەهمەن لیستێکی لە گیرفانی دەرهێنا، دیاربوو خەرجییەکانی تێدابوو، دایە دەستی بەختیار. بەختیاریش پاش ئەوەی چاوی بە حسێبی نێو لیستەکەدا گێڕا، یەکسەر چووە ئەو ژوورەی کە جانتا و کەلوپەلەکانی خۆیانی تێدابوو، بڕە پارەکەی هێنا و بە سوپاسەوە دایە دەستی بەهمەن و وتی: "کاک بەهمەن، ئێمە بەیانی هەر لە ماڵەوە دەبین، تۆ هەر کاتێک بە دواماندا هاتی، ئێمە حازرین".

بەهمەن: "زۆر چاکە، وەرە با شتێکت پێ بڵێم. ئێوە دەبێ لەنێو فڕۆکەکە، پاش ئەوەی بە ڕێ کەوتن یەکێکتان بچن پەساپۆرتەکە ورد ورد بدڕن و لە ناوی بەرن، چونکە بە ناوی خۆتان نییە و دوایێ لێتان دەبێتە بەڵا ".

ڕۆژی دواتر بەختیار و مینا لە نیوەڕۆوە خۆیان حازر کردبوو، ئەو ڕۆژە، کاک عەلی بۆ سەر کارەکەی خۆی نەچوو. زەهراش، لە بەڕێکردنی ئەوان ئامادە بوو لە هەلێکی گونجاودا بە چرپە بە مینای وت: "ئێستا دەچم تەلەفۆن بۆ مریەم دەکەم و خەبەری سەفەرکردنی ئێوەی پێ دەڵێم".

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، بەهمەن هات و ماشێنەکەی لە بەر دەرگای ماڵی

باوکی ڕاگرت و چووە ژووریّ پاش سڵاوکردن وتی: "فەرموون با بڕۆین، ئەو برادەرەش لەویّ چاوەڕێمان دەکات، ئەوەش بلیتی سواربوونتانە".

بەختیار بلیتەکەی وەرگرت و هەردووکیان ماڵئاواییان لیّ کردن و لەگەڵ بەهمەن، سواری ماشێنەکەی ئەو بوون و ڕۆیشتن. کە گەیشتنە نێو فرۆکەخانە، هێشتا نزیکەی سەعاتێکی مابوو بۆ سواربوون. چوونە ناو هۆڵی گەشتیاران، لەوێش پۆلیسە ناسیاوەکە دیاربوو لە چاوەڕێیاندا بوو. کاتێک ئەوانی دیت، یەکسەر هاتە لایان و بە بەهمەنی وت: "کاک بەهمەن تۆ برۆ، من بە سەلامەتی سواریان دەکەم".

بەهمەن، خواحافیزیی کردو ئەوانی بە جێهێشت. ناو هۆڵەکە، چەندین پۆلیسی نهێنی تێدابوو، تاقیبی گەشتیارەکانیان دەکرد. گومانیان لە هەر کەسێک بکردایە، دەیانگرت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرد. وەختێک وادەی فڕینی.فرۆکەی ئەوان هات و ناوی گەشتیارەکان لە مایکرۆفۆنەوە دەخوێندرایەوە. بەختیار لە هیکرا گوێی لە ناوی (ئیحسان و فاتیمە) بوو و بە پۆلیسەکەی وت: "ئەوە ناوی ئێمە بوو خوێندرایەوە".

پۆلیسەکەش بە پێشیان کەوت و بەرەو فرۆکەکە چوون، دیتیان وا وردە وردە خەڵکەکە، جانتاکانیان دەست دەدەنێ و بە پایەکاندا سەردەکەون. جانتاکەی ئەوان جگە لە دووسێ دەستە جل، هیچ شتێکی دیکەی تێدا نەبوو. پاش ئەوەی لەویّ تەواو بوون، سوپاسی پۆلیسەکەیان کرد و سەرکەوتن. مینا لە لای پەنجەرەکە دانیشت و بەختیاریش لە تەنیشتی. ئەو وەختەی گەشتیارەکان هەموویان سواربوون و جێگەی خۆیان گرت، بەختیار و مینا حەزیان دەکرد فرۆکەکە زوو بکەوێتە کار و بەرەو ئاسمان بەرز ببنەوە.

ئەوان پێشتر قەت لەو باوەڕەدا نەبوون، ئاوا بە ئاسانی سەفەر بکەن. ئەو دەمەی فرۆکەکە جوولا و خەریک بوو تاوی دەسەند، نەختێک ترسیان لێ نیشت. چەند چرکەیەک بوو، فرۆکەکە بەرز بووەوە و شاری تارانیش لە ژێرەوە بە جێ دەما. بەختیار، دەستی مینای گوشی و وتی: "هەمووی چەند سەعاتێکە و دەگەینە جێ، وانییە چراخان!"

مینا: " ئەریّ بەڕاست، خۆ لەمەو دوا مینا دەبێتەوە چراخان".



بەختیار: " حاڵی حازر، تۆ فاتیمەی و منیش ئیحسان". هەردووکیان پێکەنین.

بەختیارو مینا دەبوو پێش ئەوەی بگەنە جێ، پەساپۆرتەکەیان لە ناوببەن، چونکە بە ناوی خۆیان نییە و دەبێ کاتێک کە خۆیان دەدەنە دەست پۆلیسی ناو فرۆکەخانە، پەساپۆرتەکەیان پێ نەبێت، بۆیە سەعاتێک لە دوای بەڕێکەوتنیان، بەختیار چووە تەوالێتەکە و پەساپۆرتەکەی پارچە پارچە کرد و بن بزری کرد.

چراخان، ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی مریەمی لەلا بوو و هێشتا بە بەختیاری نیشان نەدابوو، لەوەش دڵنیا بوو کە زەهرا لە دوای ئەوان تەلەفۆنی بۆ مریەم کردووە، ڕووی لە بەختیار کردو وتی: "من ناونیشانی کەسێکم پێیە کە لە فرۆکەخانە دابەزین، یەکسەر پەیوەندی پێوە دەکەین".

بەختیار: " جا ئەو کەسە کێیە.، خۆ ئەگەر لەو شوێنانە ناسیاوێکت هەبێ زۆر باشە".

چراخان: " ئەو کەسە، کچێکە ناوی (مریەم)ە و خوشکی زەهرایە".

بەختیار: " کەواتە، ئێستا تێگەیشتم، تۆ بۆچی بایەخت بە زەهرا دەدا".

چراخان: " زەهرا، ژنێکی زۆر ئاوەدان بوو، کەسێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەند بوو، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، بەڵام ئەو بەدبەختە، وەک من بزانم لە شووکردنەکەی پەشێمانە و لە دڵەوە بەهمەنی خۆش ناوێت. هەندێ قسەی لەو بارەیەوە بۆم کرد، بەڵام من نەمویست تێکەڵی کێشەی ئەوان بین".

بەختیار: "چراخان، ئێمە بە بێ ڕەزامەندی دەوڵەتی سوێد دەچینە ناو خاکی ئەوان. پێویستە وریا بین و نەچینە بەردەم لێژنەی کۆچبەران لە ناو فرۆکەخانە، تا ئەو کاتەی فرۆکەکەمان دەفڕێت ئەگینا بە هەمان فرۆکە ڕەوانمان دەکەنەوە تاران".

چراخان: "جا لەویّ پەلە ناکەین. دەزانی مریەمی خوشکی زەهرا، وەرگێڕی زمان لەو لێژنەیەی کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ پەناهەندە تازەکان دەکات".

بەختیار: "کەواتە لەویّ دەتوانین کەڵک لە ڕێنماییەکانی ئەو وەرگرین".

چراخان: "بەتەمای خوا، بزانین چۆن دەبێ، دڵم خەبەری خۆشم پێ دەڵێ".

ئەو وەختەی گەیشتنە ئاسمانی ستۆکهۆڵم، شار یەک پارچە ڕووناکی بوو. پاش ماوەیەکی کەم فرۆکەکە وردە وردە نزم دەبووەوە و خۆی لەگەڵ ڕێڕەوی نیشتنەوەی

ناو فڕۆکەخانە ڕێک دەخست. ئەوەندەی نەبرد گەیشتە سەر زەوی و هێدی هێدی هێواش بووەوە تا لە شوێنی ئاسایی خۆی وەستا. بەختیار بە چراخانی وت: "خۆت تێک مەدە و پەلە مەکە، ئێمە دواکەس دەچین دادەبەزین".

دیاربوو گەشتیارەکان هەر کەس لە شوێنی خۆی هەڵدەستا و جانتاکەی هەڵدەگرت و دادەبەزی. بەختیار و چراخان دواین کەس بوون، لە پایەکان چوونە خوارێ. کە سەیریان کرد دیتیان، خەڵکێکی زۆر دێت و دەچێ و پۆلیسیش بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی خەڵکەکە، چاوەدێرییان دەکەن. لەسەرەخۆ دەجوولان و سەیری حەشاماتەکەی ئەوسەریان کرد، بینییان خەڵکێکی زۆر سرەی گرتووە و ڕوویان لە هۆڵێکی گەورەدایە. یەکسەر زانییان کە ئەوانیش پێویستە بچنە نێو ئەو سرەیە. کارەکە بەوە باش بوو، سرەکە بە گرانی دەجوولا، لە پێشەوەش لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی توند هەبوو.

مریەم ئەو وەختە هاتبووە ئەوێ، یەک بە یەک لە خەڵکی ناو سرەکەی دەڕوانی. کاتێک چراخان، مریەمی کەوتە بەرچاو دیتی کتومت لەو وێنەیە دەچێت کە زەهرا نیشانی دابوو، بۆیە وتی: "بەختیار، ئەو ژنەی وا سەیری ئێمە دەکات ئەوە مریەمە، چونکە دەقاودەق وەک ئەو وێنەیە وایە کە من بینیومە، تۆ بڵێی بۆ پێشوازی ئێمە نەهاتبێ".

بەختیار: " وا بانگی دەکەم، ئەگەر ئەو بێت تێدەگا و دێتە لامان، ئەگەر هەویش نەبێ خۆ هیچ زەرەر ناکەین".

چراخان: " دە بانگی بکە".

بەختیار بە دەنگێکی نەختێ بەرز بانگی کرد: "مریەم".

مریەم گوێی لە ناوی خۆی بوو و چاوی گێڕا دیتی، ژن و پیاوێک لە نێو سرەکەدا، زەینییان لە سەر ئەمە، لەوە دەچوو بانگکردنەکە لەلای ئەوانەوە بێت. بێ ئەوەی پۆلیسەکان هەست پێ بکەن، لێیان نزیک بووەوە و لەبەر خۆیەوە وتی: " بەختیار".

بەختیار: " بەڵێ مریەم خانم، زەهرا سەلامی هەبوو".

مریەم خۆی گەیاندە ڕێکی ئەوان و بە چرپە وتی: "کە گەیشتنە بەردەم ئەفسەرەکە بڵێن پەساپۆرتمان پێ نییە، باشە".



بەختیار: " زۆر باشە".

مریەم گەڕایەوە شوێنی خۆی.

کە نۆرەی بەختیار و چراخان هات، بەختیار لە پێشەوە بوو. ئەفسەرەکە داوای بەڵگەنامەی لێ کرد، ئەویش بە ئیشارەت تێی گەیاند کە ئەوان دوو کەسن و هیچیان پێ نییە. ئەفسەرەکە تێگەیشت کە ئەوان ژن و مێردن و هیچ ئەوراقێکیان پێ نییە. فۆرمێکی دەرهێناو چەند پرسیارێکی لە بارەی ناو و شوێنی هاتنیان و پەیوەندییان بە یەکەوە لێیان کرد. پاشان فۆرمەکەی پێ مۆر کردن و پێی وتن کە بچنە ژوورەکەی تەنیشتیان لەوێ چاوەڕێ بکەن. دەرگای ژوورەکە هەر لە ناو هۆڵەکەدا بوو. بەختیار و چراخان، چوونە ژوورەکە و لە پەنجەرەکە سەیری خەڵکەکەیان دەکرد. دڵیان سوار بوو، نەیاندەزانی چارەنووسیان بە چی دەگات و کەی مریەم دێتەوە لایان. پاش سەعاتێک لە چاوەڕوانی، پۆلیسێک چووە لایان و پێی وتن: "بەختیار ڕەحمان، چراخان زەینەدین".

ئەوانیش سەریان لەقاند و بە هێما وتیان: "بەڵێ".

پۆلیسەکە بە پێشیان کەوت و هەردووکیانی بردە شوێنێک، هەر لە ناو فڕۆکەخانەکە کە لە چەند ژوورێک پێک هاتبوو، دەرگای یەکێ لە ژوورەکانی کردەوە و بە ئیشارەت پێی وتن کە بچنە ژوورەوە. کە چوونە ژوورەوە، سەرنجیان دا هیچ کەلوپەلێکی تێدا نییە. ئەو ژوورانە بۆ حجز کردنی ئەو کەسانە بەکار دەهێنرا کە بەبێ پەساپۆرت لە ڕێگەی ئاسمانەوە دەهاتنە ناو خاکی سوێد.

ماوەیەک دوای ئەوە، چراخان لە پەنجەرەوە مریەمی بینی، دیاربوو تاقیبی وانی دەکرد. هەر لە پەنجەرەکەوە بانگی کرد: " مریەم خانم ئەوەتا لێرەین".

مریەم چووە لایان و دووبارە چاک و چۆنی لەگەڵ کردن. پاشان هەندێ زانیاری پێ دان و پێی وتن کە ڕەنگە چەند ڕۆژێک لەوێ بمێننەوە و دوایێ بۆ کەمپی پەنابەران دەگوازرێنەوە. هەروەها ئاگاداری کردن کە دڵی خۆیان توند نەکەن، چونکە ئەو ئیجرائاتانە لەگەڵ هەموو کەسێکی تازە هاتوو دەکرێت. ئەمیش سەریان لێ نابرێ و هەموو ڕێنماییەکی پێویستیان دەداتێ، دوای ئەوە مریەم خواحافیزیی کرد و ئەوانیش نەختێک دڵیان ساکین بووەوە.

بەختیار و چراخان، پێکەوە تەگبیریان دەکرد کە لە بەردەم فەرمانبەرە یاساییەکە چ بڵێن باشە، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکەن. سەبارەت بە ژن و مێردایەتییان هەندێک وێنەی بووک و زاوایەتییان پێ بوو کە دەیسەلماند ئەوانە، هاوسەری یەکترن. بۆ مەسەلەی سواربوونی فڕۆکەش، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بڵێن: ئێمە ماوەی دوو ساڵە لە بەر دەستی دەسەڵاتدارانی عیراق، ڕامان کردووە و ڕوومان کردبووە گوندەکانی سەر سنووری ئێران کە لەوێ بارەگای کۆمەڵێک حزبی سیاسی بەرهەڵستکاری لێ بوو. دوای ئەوە شەڕی ئەو دوو دەوڵەتە گەیشتە ئەو ناوچانە و ئاوەدانی لێ نەما، بۆیە بە ناچاری ڕوومان کردە ئێران و ماوەیەک لە گوندەکان خۆمان شاردەوە و پاشان چووینە ماڵە ناسیاوێکمان لە شاری نەغەدە کە ئەوان لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە لەو شارە دەژین. ئەو کاتە پارەیەکی زۆرمان پێ بوو. لەوێ لەگەڵ هەندێ خەڵک ڕێک کەوتین بمانبەن بۆ تاران. ئەوان کاریان ئەوەبوو، بە پارە بلیتی سواربوونی فڕۆکەیان بۆ دەهێنای و بەڕێیان دەکردی و لەگەڵ پۆلیسی ناو فڕۆکەخانەکەش ڕێک کەوتبوون و هەر لە دوای سواربوونمان پەساپۆرتەکەیان لێ وەرگرتینەوە. ئیتر بەو جۆرە ئێمەیان سواری فڕۆکە کرد و کە گەیشتینە ئێرە هیچ شتێکمان پێ نەبوو. بەو جۆرە بەختیار و چراخان. قسەی خۆیان کردە یەک و دواتریش لە بارەی تەگبیرەکەیان بڕیاریان دا پرسی مریەمیش بکەن.

سێ ڕۆژ لە ژووری ناو فڕۆکەخانەکە مانەوە، ڕۆژی چوارەم ئەوان و چەند کەسێکی ژوورەکانی دیکە، بەسواری ماشێنێک بۆ کەمپی پەنابەرانیان بردن. ئەو کەمپانە پڕبوون لە خەڵکی ئاسیایی و ئەفریقایی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لە گشت ڕەگەزێکی تێدابوو. ئەو خەڵکە هەموویان چاوەڕێی وەڵام بوون کە داخوا دەبنە خەڵکی ئەوێ یان نا.

بەختیار و چراخان، ژوورێکیان وەرگرت کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی تێدابوو. دەیانتوانی لە کەمپەکە ئیجازەی کاتی وەربگرن بچنە دەرێ و بێنەوە. ئەو ڕۆژەی کە گەیشتنە کەمپەکە بۆ ئێوارێ، مریەم سەردانی کردن و ماوەیەکی باش لەگەڵیان دانیشت. ئەوان نەخشەی قسەکردنی خۆیان بۆ مریەم ڕوون کردەوە، ئەویش بە ئەزموونەکانی خۆی دەوڵەمەندتری کرد و پێی وتن: "ئێوە دوو کەسی ژیرو عاقڵن و فکرتان ئیش دەکات، بۆیە پێم وایە بە ئاسانی خۆتان دەپەڕێننەوە".



بۆ بەیانی مریەم هاتەوە لایان و مۆڵەتی بۆ وەرگرتن، بۆ ئەوەی شەو لەلای ئەوان بمێننەوە. هەرکە لە کەمپەکە هاتنە دەر، مریەم تەکسییەکی گرت و بۆ شوقەکانی ئەوان بەڕێ کەوتن. لەبەردەم شوقەکەدا، مریەم لە دەرگای سەرەکی ساختمانەکە چووە ژوورێ و بەسەر پایەکاندا سەر کەوت، ئەوانیش بەدوای ئەودا چوون. لە نهۆمی دووەم بەلای دەستە ڕاست سووڕانەوە و لە دەرگاکە بۆ ناو هۆڵێکی بچووک چوونە ژوورێ کە دەرگای چەند ژوورێک لەناو هۆڵەکە هەبوو. مریەم کلیلی دەرهێنا و دەرگای ژوورێکی کردەوە و وتی: "فەرموون وەرنە ژوورەوە".

ژوورەکە، گشت پێداویستییەکی حەسانەوەی لێ بوو، تەنانەت گەرماو و تەوالێتیش، لەلایەکی ژوورەکە دروست کرابوو. دیوارەکان بە تەختە داپۆشرابوون. هەر ژوورێک بۆ نووستنی دوو کەس ڕێک خرابوو، بەڵام دەکرا زیاتریشی لێ بخەوێ، ئەگەر ئەرزەکە بەکاربهێنرێت.

مریەم وتی: " ئێستا خۆتان بگۆڕن و لە گەرماوەکە خۆتان بشۆن، من هەندێ گۆشتی ماسیتان بۆ سوور دەکەمەوە، پاشان بۆ خۆمان قسان دەکەین".

بەختیار و چراخان چوونە گەرماوەکە و خەریکی خۆ شۆرین بوون، مریەمیش خواردنی ئامادە دەکرد. پاش ماوەیەک کە تەواو بوون، هەر سێکیان پێکەوە نانیان خوارد. چراخان زۆر زەینی دەدایە مریەم و لە بەر چاویدا ژنێکی تێر و کامڵ دیار بوو. نەختێ لە زەهرا ڕوونتر و باڵابەرزتر بوو. خوێنێکی گەش و شیرین لە جەستەیدا دەسووڕایەوە. لەدوای نانخواردن، مریەم وتی: "هەندێک باسی شاری تارانم بۆ بکەن، ئەوە شەش ساڵە بە جێم هێشتووە، وەختە بۆ دیدەنی شێت بم".

لەدوای ئەوەی بەختیار و چراخان بە نۆرە باسی تارانیان بۆ کرد، ئەوسا مریەم باسی تەلەفۆنەکانی زەهرای بۆ کردن و کە چەند تەئکیدی لەسەر خۆشەویستی ئەوان کردووەتەوە. مینا بە درێژی باسی هاوڕێیەتی خۆی و زەهرای بۆ کرد و شەوی نەشتەرگەرییەکەی زەهرای بۆ گێڕایەوە کە چۆن دڵی پێی سووتاوە و خوێنی پێ داوە. ئەوان لەو قسانەدا بوون کە (فەریدە و مەنسوور)یش هاتنەوە. ئەوان، ئەو دوو خوشکە لەگەڵ برایەکەیان پێکەوە لەو شوقەیە دەژیان، بەڵام لە سبەینەوە تا ئێوارێ بە هۆی کارەکانیان، یەکتریان نەدەبینی.

مەنسوور و فەریدە، خەبەری هاتنی بەختیار و چراخانیان هەبوو و بە گەرمی بەخێریان هێنان. ئەم شەوە تا درەنگ دانیشتن و قسەیان کرد، پاشان بەختیار و چراخان لە ژوورەکەدا مانەوە و ئەوانیش چوونە ژوورەکەی تر.

چراخان کە بەتەنها لەگەڵ بەختیار مانەوە، پێکەنینێکی تێکەڵ بە گریانی کرد و توند بەختیاری لە ئامێز گرت و وتی: "بەختیار گیان، ئەوە ئێمەین بە سەلامەتی گەیشتینە ئێرە. خۆ چیتر لەخەڵک و دار و دیوار ناترسم. ئێستا دەتوانم پڕ بە گەرووم هاوار بکەم: من چراخانم، چراخانی پاکیزە و بێ گوناه، ئەی کۆمەڵگەی تاوانکار. خۆ چیتر لە سێبەری ململانێی ژیان و مەرگ، لەسەر درۆ ناژیم و. لەمەودوا، تەنها هی تۆمە، تۆ و بەس، بەڵام لە بیرم ناچێت کە دایک و باوکێکی بەرز و میهرەبانم لە مهاباد بەجێ هێشتووە، خاتر و ڕێزی ئەوان لەگەڵ مردن ڕەش دەبێتەوە. ئەوان بوون، ئەمنیان گەیاندە ئێرە. مەرج بێت کە بەوەفاترین کەس بم بۆیان. ئای سەعادەت خان، ژنێکی چەند دڵ گەورە و میهرەبانیت. هەست دەکەم، بۆنی ئامێزی ئەو، هەمیشە لە خوێنمدا دەگەڕێ. مامە فەرهادیش، جوامێر و نموونەی پیاوی مەرد و سەخاوەت بوو. بۆ من ئەو باوکی ڕاستەقینە بوو. یادتان بەخێر، ئەی کەس و کارەکانم لە مهاباد، ئەی هاوڕێیە خۆشەویست و بە ئەمەکەکانم!"

چراخان لەگەڵ ئەو قسانەیدا، بۆنی بەختیاری دەکرد و سەری بەسەر شانیدا دابوو، بەختیاریش گوێی لە ڕازەکانی ئەو گرتبوو و چاوەڕێی دەکرد کە تەواو بوو بە ماچێک خاڵ بەندی بکات. کە چراخان گەیشتە دوا ڕستەی ڕازەکانی، سەری لە سەر شانی بەختیار بەرز کردەوە و دەمی بۆی بردە پێش، بەختیاریش کە لە چاوەڕێی ئەو ساتەدا بوو و کەوتە مژینی لێوەکانی و چراخانی بە پشتدا وەرگێڕایە سەر سیسەمەکە. ئێدی کەوتنە گۆڕینەوەی ماچ و بە جێهێنانی ئەرکی ئەوینداری. هێدی هێدی خزانە نێو کەشێکی لەزەتبەخش و سەرەنجام لە چەند چرکەساتێکدا هەموو ماندوویێتی و ترسی ڕێگەیان، لە خۆدا تەکاند، پاشان لە تەک یەکدی لەسەر پشت خاو بوونەوە و بە نیوە نیگا، سەیری یەکدییان دەکرد و بزەیان بۆ سەرمەستبوونی خۆیان دەکرد. دوای ئەوە خۆیان کۆکردەوە و لە باوەشی یەکتردا چوونە خەوێ.



## ٦١

سبەینێ زوو لە خەو هەستان و کەوتنە خۆئامادەکردن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە کەمپەکەیان. مریەم کە زانی ئەوان بە ئاگانە، لە دەرگای ژوورەکەی دا و چراخانیش زوو دەرگاکەی کردەوە. مریەم بەیانی باشی لێ کردن و لەسەر کورسییەک دانیشت و وتی: "وەرن با هەندێ زانیاریتان بدەمێ، بۆ ئەوەی لەبەردەم نوێنەرە یاساییەکە، بە جوانی وەڵام بدەنەوە".

مریەم بە وردی کۆمەڵێک ئامۆژگاری کردن، پاشان هەموویان پێکەوە چوونە ژوورەکەی دیکە بۆ نانخواردن. کە چوونە ئەوێ بەیانی باشیان لە فەریدە و مەنسوور کرد.

بەختیار و چراخان کە سەیری فەریدەیان کرد کەمێک سەنگرانەوە. فەریدە جلێکی تەنکی لەبەر بوو کە هەموو ئەندامی جەستەی تێدا دیار بوو. مەمکە خڕ و توندەکانی هەندێ جار ئەوەندەی نەدەما، لە یەخەی فانیلە سپییەکەی بترازێن و بێنە دەرێ. بێجامەیەکی تەنک و تەنگەبەری لە بەردابوو و سمتەکانی، وەک ڕووت بن ئاوا دیار بوون. لە نێوان دامەنی فانیلەکە و نیفۆی بێجامەکەی، سەر سمت و بەر ناوکی ڕووت بوون. ئەم دیمەنە بە لای ئەوانەوە ئاسایی بوو، بەڵام سەبارەت بە بەختیار و چراخان شتێکی ئاسایی نەبوو. بەختیار لە نێوان حەزی تەماشاکردن و شەرمی چراخاندا، تێمابوو. زۆربەی کاتەکان سەری بەردەدایەوە و بە سەیر کردنی شتەکانی دەوروبەری خۆی دەخافڵاند. چراخانیش بە دیتنی فەریدە بەم شێوەیە نەختێک نیگەران بوو، چونکە ئەو پێی وابوو کە ئینسان پێویستە ڕێز لە جەستەی خۆی بگرێت و ئەوها گێلانە نەیخاتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی کە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، بە چاوێکی دیکە دەڕواننە مەسەلە سێکسییەکان.

بە هەر حاڵ، نانی سبەینەیان خوارد و لەگەڵ مریەم بۆ کەمپەکەیان گەڕانەوە.

ئەو دەمەی لە بەردەم نوێنەری یاسایی ئامادە بوون، چۆنیان تەگبیر کردبوو ئاوا وەڵامیان دایەوە. مریەم لەو کاتانەدا وا خۆی نیشان دەدا کە ئەوان ناناسێت و بە بێ وەستان قسەکانی ئەوانی تەرجەمە دەکرد.

لەو وەختەدا، دوو شت هەبوون لە بەرژەوەندی بەختیار و چراخاندا بوو: یەکێکیان ئەوەبوو کە لەو ماوەیەدا، دەوڵەتی سوێد بڕیاری وەرگرتنی پەناهەندەی دابوو و ئاسانکاری بۆ تازە هاتووەکان دەکرد. ئەویدیکەیان، پەیوەندی بە وەڵامە ڕێک و دروستەکانی ئەوانەوە هەبوو. پاش وەرگرتنی ئیفادەکانیان، گەڕانەوە کەمپەکەیان.

بەختیار و چراخان، لە سەرەتادا زۆر خۆیان تێکەڵی خەڵکی کەمپەکە نەدەکرد، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک، بەختیار لە کاتی تێپەڕبوونی بە بەردەم ژوورەکانی تەنیشت خۆیان، گوێی لە ژنێک بوو بە کوردی بانگی منداڵەکەی دەکرد: "(چیا)، وەرە بۆ ئەملا و ئەولا نەڕۆی".

بەختیار ژوورەکەی نیشان کرد و گەڕایەوە لای چراخان و پێی وت: "دەزانی پەناهەندەکانی ژووری ژمارە (٩) کوردن. تازە کە هاتمەوە گوێم لە ژنەکە بوو، بە کوردی بانگی منداڵەکانی خۆی دەکرد".

چراخان: " باشە ئەگەر پێت باش بێت، دەچم قسە لەگەڵ ژنەکە دەکەم، با یەکدی بناسین".

بەختیار: " زۆر چاکە بڕۆ قسەی لەگەڵ بکە و بزانە خەڵکی کوێن و چەند ڕۆژە لێرەنە".

چراخان چووە بەر دەرگای ژوورەکەی ئەوان و سەلامی لە ژنەکە کرد. ژنەکەش کە دیتی کچێکی جوان، بە کوردی قسەی لەگەڵ دەکات، لە خۆشییان هەستایەوە سەر پێ و یەکسەر چراخانی ماچ کرد، وەک ئەوەی لە مێژبێ بیناسێ، داوای دانیشتنی لێ کرد. چراخانیش دانیشت و پێی وت: "من ناوم چراخانە و هاوسەرەکەشم ناوی بەختیارە، ئەدی ئێوە کێن".

ژنەکە: "من ناوم ڕۆژگارە و پیاوەکەشم ناوی ڕێبوارە. خەڵکی کوردستانی عیراقین، شاری سلێمانی".

چراخان: "چەند ڕۆژە هاتوونەتە ئەو کەمپە".

ڕۆژگار: "دوو حەفتەیە لێرەین، ئەدی ئێوە کەی هاتوون بۆ ئێرە".

چراخان: "چوار ڕۆژە هاتووینەتە ئەم کەمپە".

ڕۆژگار: "ئەدی ئێوە خەڵکی کوێن".



چراخان: "دەوروبەری سلێمانی".

ڕۆژگار: "لە کامە ژوورن".

چراخان: "ژووری ژمارە (١٥)".

ڕۆژگار: "ئێمە دوو منداڵیشمان هەیە".

چراخان: "ڕۆژگار خان، هەتا لێرەین، با ئاگاداری یەکتر بین".

ڕۆژگار: "زۆر باشە، ئێمەش حەز دەکەین".

دوای کەمێک دانیشتن، چراخان گەڕایەوە ژوورەکەی خۆیان و باسی ماڵە کوردەکەی بۆ بەختیار گێڕایەوە.

مریەم، بەردەوام سەردانی دەکردن و چەند جارێکیش مۆڵەتی بۆ وەردەگرتن و دەیبردنە لای خۆیان. بەختیار و چراخانیش زوو لەگەڵ ژیانی تازەیان ڕاهاتن. لەو ماوەیەدا، خەرجی ژیانیان لە سەر دەوڵەت بوو. هەر وەختێک دەیانبیست، چەند ماڵێک بڕیاری مانەوەیان وەرگرتووە و بۆ شوقە دەیانبەن، ئەوان لە شوێنی خۆی دڵیان خۆش دەبوو. دوای بەسەرچوونی زیاتر لە مانگێک، ڕۆژێکیان مریەم، وەختی پێش نیوەڕۆ پەیدابوو. کە چاویان پێی کەوت، زانییان، هاتنی مریەم لەو کاتە شتێکی ئاسایی نییە و ڕەنگە هەواڵی چارەنووسی ئەوانی پێ بێت. مریەم بە خوڵقێکی خۆشەوە سەلامی لێ کردن و وتی: "مژدەتان بدەمێ، بڕیاری مانەوەتان دەرچووە، پاش چەند سەعاتێکی دیکە پێتان ڕادەگەیەنن، وا بزانم هەر لە پایتەخت دەمێننەوە".

بەختیار و چراخان، لە خۆشییان متەقیان لێوە نەهات. سەیرێکی یەکدییان کرد و لە بەردەم مریەم یەکتریان ماچ کرد. پاشان چراخان دەستی لە ملی مریەم کرد و وتی: "خۆشترین هەواڵت بۆ هێناین. ئێمە زۆر سوپاست دەکەین".

مریەم زۆر نەمایەوە و گەڕایەوە شوێن کارەکانی خۆی. بەختیار و چراش، دەم نادەم هەڵدەستانەوە و سەیرێکی دەرەوەیان دەکرد پاشان دادەنیشتنەوە، لە شادیدا، ئۆقرەیان لێ بڕابوو، چاوەڕێی ئەو ساتەیان دەکرد کە ئاگادار بکرێنەوە. ئەو نیوەڕۆیە لە خۆشییان ئیشتیای خواردنیان نەمابوو. ئەوەندەی نەبرد بەختیار پیاوێکی بینی لە بەردەم ماڵەکان وەستابوو و لیستێکی لە دەست بوو دیاربوو ناوی چەند کەسێکی دەخوێندەوە. یەکسەر بانگی چراخانی کرد و وتی: "وابزانم هاتن".

چراخان هەستایەوە و سەیری پیاوەکەی کرد. لەوکاتەدا بەرەو لای ژوورەکەی ئەوان هات. چوونە بەر دەرگای ژوورەکەیان و پیاوەکەش گەیشتە لایان و پێی وتن: "بەختیار ڕەحمان، چراخان زەینەدین، خۆتان ئامادە بکەن پاش کەمێکی تر دەتانگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە".

لە نێو لیستەکەدا ناوی ڕێبوار و منداڵەکانیشی تێدابوو. پاش ڕۆیشتنی فەرمانبەرەکە، ڕۆژگار بە هەڵەداوان خەبەری بۆ بەختیار و چراخان هێنا و وتی: "ئێمە ناومان تێدابوو پاش سەعاتێکی دیکە دەڕۆین، هاتم خەبەرتان بدەمێ".

چراخان: " ئێمەش ناومان لە لیستەکە بوو".

ڕۆژگار: " کەواتە جەژنەکەمان بووە دوو جەژن، چەند خۆشە پێکەوە دەچینە یەک شوێن".

چراخان: " ئێمەش زۆرمان پێ خۆشە".

لە دوای نیو سەعاتێک، چوار خێزانیان پێکەوە بارکرد و بەرەو باکووری شار ڕۆیشتن. پاش نزیکەی سەعاتێک ڕێکردن بە ناو شار و شەقامە قەرەباڵغەکاندا، بەسەر چەندین پردی جواندا پەڕینەوە، دوا جار گەیشتنە ناوچەیەکی هێمنی پڕ لە دار و درەخت. هەموو لایەک پارکی جوان و ڕازاوە و بینایەی بەرز و سەرنجڕاکێش بوو. خەڵک بە هێمنی هاتوچۆیان دەکرد و پێیانەوە دیاربوو کە بە دڵسۆزی بەرەو شوێنی کاری تایبەتی خۆیان، یان شوێنی حەسانەوەیان دەچن.

سەیارەکە گەیشتە بەردەم ساختمانێکی گەورەو دوور و درێژ کە لە ناوەوەڕا، لە چەندین شوقە پێک هاتبوو. فەرمانبەرەکە لە دەرگا سەرەکییەکە چووە ژوورێ و خانەوادەکانیش بە دوایدا چوون کە سەرکەوتن، هەر خێزانێک کلیلی شوقەیەکیان پێ دان. بەختیار و ڕێبوار دوو شوقەی بەرامبەر یەکیان وەرگرت. هەر شوقەیەکیش لە هۆڵێک و دوو ژووری نووستن و گەرماو و توالێتێک پێک هاتبوو و هەموو پێداویستییەکی ژیانی تێدابوو.

بەم چەشنە بەختیار و چراخان دوای دەرچوونی مانەوەیان لەو وڵاتە، سەرەتایەکی تازە لە ژیانی ئەوان دەستی پێ کرد. ئەوان زوو تێگەیشتن کە لەو وڵاتە، خەڵک پێویستی بە درۆکردن نییە و کاتیش زۆر بە نرخە و نابێ لە دەستی خۆیان بدەن. بە



پێچەوانەی کۆمەڵگەی کوردەواری کە کەس ئاگای لە وەخت نییە و درۆش سەرداری هەموو ڕەفتارێکە.

چراخان، ئەوەندەی چەوسانەوە بە دەست کەسوکار و خزمانەوە دیتبوو، ئەوەندە ناهەقی و زوڵم و ستەمی لە خێڵەکەی خۆیان دیتبوو، بۆیە ئەو سیستەمە تازەیەی ژیان بۆ ئەم، پڕا و پڕ بوون لە ئومێد و بەختەوەریی. وەک ئەوەی لەوێ لە دایک بووبێت، هەر زوو کەتە سەر سکەی ژیان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی. بەختیاریش کە دەیبینی چراخان ڕۆژ بە ڕۆژ دەگەشێتەوە و جوانتر دەبێت و پاش ئەوەی چوونەتە دەورەی فێربوونی زمان زۆر بە شەوقەوە خۆی ماندوو دەکات و زوو شت فێر دەبێت، ئەویش دڵی خۆش دەبوو و هەوڵی دەدا وەک ئەو خۆی ماندوو بکات. هەموو ڕۆژێک لە دوای گەڕانەوەیان لە دەوام کەمێک پشوویان دەدا و پاشان دەکەوتنە گفتوگۆ لە سەر ژیانی ئێستایان. وەختەکانی خۆیان دابەش کردبوو، تا بتوانن، لە کەمترین ماوەدا قۆناغەکان ببڕن.

چراخان، دەیزانی کە بەختیار، لەوێ تەنها ئەمی هەیە، پێویستە ڕۆژانە هەندێک لە کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات. بەلای ئەمەوە بەختەوەریی پیاو لەوەدایە کە ژنەکەی لە ماڵەوە، میهر و خۆشەویستی بە سەردا ببارێنی. ماڵ بۆ پیاو شوێنی داتەکاندنی خەم و خەفەت و ماندووبوونی دەرەوەیە.. پێویستە هەموو بەیانییەک کە دەچێتە سەر کارەکەی، لە تەواوی تاقەت و فکرسافی خۆیدا بێت. بەو شێوەیە چراخان نەیدەهێشت، بەختیار، تووشی نیگەرانی و خەفەت ببێت.

بەختیاریش هەمان هەستی لە هەمبەر چراخان هەبوو، جارجارە لە دوای حەسانەوەیاندا، سەری بە ڕانی دەکرد و شەپۆلێک لە قژە ڕەش و چڕەکەی دەهێنایە سەر دەم و چاوی و بۆنی دەکرد، جاروباریش کە چراخان خۆی دەنوشتاندەوە و نەرمایی مەمکەکانی لە ڕوخساری دەخشاند، ئەمیش ماچێکی گەرم و بە لەزەتی لە لێوەکانی دەگرت. ئەوان بە هەموو وجوودی خۆیان، عەشقیان دەگۆڕییەوە.. لەڕاستیدا ئەوان، جووتێ عاشقی بێدەنگ و ساکار بوون، هەر یەکەیان لە ناخەوە تەسلیمی ئەویدی ببوو.. ئەوان لە نێو ئەم عەشقەدا، کەم هەڵدەچوون، بەڵام پاک هەڵدەچوون.. دواجار ئەوان لە هەموو شتێک لە یەک دەچوون!.

بەپێی سیستەمی (خوێندن بۆ بیانییەکان)، بەختیار و چراخان، دەبوو لە ماوەی سێ ساڵدا لە خوێندنی ئامادەکاریدا بخوێنن کە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕی. قۆناغی یەکەم، فێربوونی زمانی سوێدی بۆ بیانییەکان بوو. دوای ئەوە قۆناغی بنەڕەتی بوو، پاشان قۆناغی دوا ناوەندی. لە دوای ئەم سێ قۆناغەدا ئەوساکە دەیانتوانی لە دانشگا بخوێنن. بەختیار دەبوو چوار ساڵ و نیوی تر بخوێنێ و چراخانیش شەش ساڵ، ئەوجا دەیانتوانی بڕوانامەی دانشگا بە دەست بێنن.

ئەوان سەرەڕای هەوڵ و کۆششیان بۆ فێربوونی زمانی سوێدی، هەوڵیان دەدا تێکەڵاویی لەگەڵ خەڵکی ئەوێ پەیدا بکەن، وەلێ ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە لەو کۆمەڵگا ڕۆژئاواییانەدا خەڵک ئەوەندە کاتیان بە دەستەوە نییە تا خۆی بەو جۆرە پەیوەندییانە خەریک بکات. هەروەها لە داب و نەریتی ئەواندا، تاکەکان پێویستییان بە باوەشی خزم و عەشیرەت نییە هەتا لە تەنگانەدا بیکەنە پەناگەی خۆیان. چونکە لەوێ مافی تاکەکان بە پێی یاسا پارێزراوە و یاسا لە سەرووی هەموو کەسێکەوەیە. خەڵکی ئەوێ بە پێی بەرژەوەندی و پێداویستیی ژیانیان کار و پەیوەندییەکانیان ڕێک دەخەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەختیار و چراخان، بە هۆی ژیری و لێهاتوویی خۆیان توانیبوویان پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ هەندێک لە مامۆستاکانیان دروست بکەن و سەرنجی ئەوان بۆ خۆیان ڕابکێشن. هەندێ لەو مامۆستایانە، ئەوەندە چراخانیان پێ جوان بوو، گەلێک جار داوایان لێی دەکرد، وێنەی لەگەڵ بگرن.

ئەوان، لەو ماوەیەدا ببوونە هاوڕێیەکی هەرە نزیکی مریەم. لە زۆربەی پشووەکانی دوای حەفتە، یەکتریان دەبینی. بەڵام چراخان ڕەفتارەکانی فەریدەی بە دڵ نەبوو، چونکە زیاد لە پێویست کراوە و سەربەست بوو و کەسێکی هەوەسباز و بێ شەرم بوو. زۆر نائاسایی لە بەختیار دەچووە پێشێ و هەموو جارێ ئیحراجی دەکرد.

مریەم هەستی بە ڕەفتارە نائاساییەکانی فەریدە دەکرد، بەڵام بۆی نەدەکرا، بەربەستی بکا و لەو سەربەستییانە مەنعی بکات، بۆیە هەموو جارێ بە چراخانی دەگوت: "ئەو خوشکەی من تازە بە کەڵکی ژیانی وڵاتی خۆمان نایەت".





مریەم، بەخۆی کەسێکی عاقڵ و ئاگا لەخۆ بوو، لەگەڵ کراوەیییەکەیدا، بەشێک لە نەریتی ڕۆژهەڵاتییانەی پاراستبوو. ئەکتەرێکی گەورەی شانۆ بوو. لەگەڵ کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی ئێرانی کە هەموویان پەنابەر بوون، مانگێ ڕۆژێکیان هەبوو بۆ یەکتر بینین. ئەوان هەمیشە لە هۆڵێکدا کۆدەبوونەوە و درێژەیان بە چالاکییەکانیان دەدا. لە ماڵەوەش لە کاتی پشوودان و مانەوەیدا تابلۆی دروست دەکرد. چەندین تابلۆی لەسەر سروشت و ژیانی خەڵکی ئێران دروست کردبوو.

مریەم لە ناخی خۆیدا عاشق بوو.. عەشقی سروشتی جوان و پاکی مرۆڤ و نەغمەی ئەو مۆسیقایانە بوو کە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە نێو ئێش و ئازار و خەونی خەڵکە ماندووە ڕەنجکێشەکان هاتبووە وجوود. مریەم کە تەواو شارەزای چراخان بوو، ئێدی حەزی دەکرد لەگەڵی دانیشێ و ناخی خۆی بۆ هەڵڕێژێ.

ڕۆژێکیان پێکەوە دانیشتبوون و کەسێکی تریان لا نەبوو. مریەم وتی: "چراخان، ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتووەی ئێرە، ئەو سیستەمە ڕێک و پوختەیەی کە دەیبینی، هیچیان تێنوێتی ئێمە ناشکێنن. چونکێ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، هەر لە فترەتدا هەستەوەرەکانمان لە هی خەڵکە ڕۆژئاواییەکان جیاوازە. چەندین ساڵ و ڕۆژگار لێرە بژیت، نابیتە خەڵکێکی ئاسایی ئەو وڵاتانە، چونکە هەمیشە مرۆڤەکان، لە نیشتمان و زێدی باو و باپیرانیان وجوودیان بۆ دروست دەبێ و دەخولقێن. ئێمە لێرە، جگە لە میوانێکی نامۆ، شتێکی دیکە نین. ڕەگی ئێمە لەو خاکەدا ڕووچووە کە پشتاوپشت بەرهەمی هێناوین. تەنها لە وڵاتی خۆتدا، ژیان مانایەکی هەیە و دەروونت ئارامە. تۆ لێرە وەک ئەو کەسە وای کە هەمیشە لە سەفەردایە، سەفەریش دەبێ بە حەسانەوەی دەروونی کۆتایی پێ بێت. چراخان، من بۆ ئەو ڕۆژە دەژیم کە دەگەڕێمەوە باوەشی نیشتمان. من هەموو شەوێک بەر لە خەوتنم، ئەگەر بۆنی خاکی نیشتمانەکەم نەکەم، خەوم لێناکەوێ. (لە شوێنی خۆی هەستا و گۆزەیەکی پڕ لە گڵی هێنا. بە دەنگێکی نەرمی تێکەڵ بە گریان، لەگەڵ سڕینی ئەسرینی چاوەکانی، بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی): تۆ سەیرکە! خاکی وڵاتەکەم چەند جوان و بۆنخۆشە.. هەرکەسێک پابەندی خاکی نیشتمانەکەی خۆی نەبێت، دوا ڕۆژیشی نییە.. ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی باکیان بە نیشتمانەکەیان نییە، ناچنە ناو مێژوو و

شارستانییەتیان پێ بینا ناکرێت.. ئێمە، نشتمانێکی مەزن و خاکێکی پڕ لە گەوهەر و فەرهەنگی خۆمان هەیە.. شیعر و ئەدەب و مۆزیکی خۆمان هەیە.. ئەفسانە و مێژووی خۆمان هەیە.. ئەمانە هەمووی تێکەڵەیەکن کە مانا دەبەخشنە ژیانی نەوەکان.. بەڵام ئاخ. مخابن ئەمڕۆ دووچاری دەورانێکی پڕ لە نوشوستی هاتووین.. هەوری چڵکنی جەهالەت، بەری ئاسمانی وڵاتەکەمانی گرتووە.. هێزی تاریکپەرستی و نووچدانی مێژوو، دەستی بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا گرتووە.. تۆ سەیرکە! لە وڵاتی سیحری دەنگ و سەدادا.. لە وڵاتی هونەر و عەشق باریندا، چۆن گۆرانی لە گەرووماندا خنکا.. چۆن پاکیی و جوانییان لێ سەندینەوە.. لەگەڵ ئەوانەشدا من هەر بەو ئومێدە ژیان دەگوزەرێنم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، نیشتمانی ئازیزم، مێژووی پرشەنگداری خۆی، لەو بەرگە ناشیرین و ئینسان تاسێنە داماڵێ و بە ڕوخسارێکی گەشتر لە جاران باوەش بۆ نەوەکانی داهاتوو بکاتەوە".

چراخان لەگەڵ ئەو دەربڕینانەی مریەم، چەندین کەلەبەری لە کیان و وجوودی خۆیدا هەست پێ کرد.. دەرکی بەو کرد کە ئەو هەستانە لە بوونی ئەمدا نەڕواون.. ئەم قەت ئەوەندە وابەستەی خاک و نیشتمانی خۆی نەبووە کە وای لێ بکەن، توورەکەیەک لە گڵی وڵاتەکەی، لە ژێر سەری خۆیدا هەڵگرێ. لە گوند و ئاواییەکەی ئەمدا کەسێک دەرک بە پیرۆزیی خاک و نیشتمان ناکات. هەر لە بنەڕەتدا چەمکی خاک و نیشتمان لە هزری خەڵکی کوردەواریدا نەڕواوە.

چراخان لەگەڵ ئەم سەفەرەی خەیاڵی، گەیشتە چەندان ئەنجامی گرنگ: میللەتان لە ناکاو و لە خۆڕا شارستانییەتیان دروست نەکردووە.. پایەکانی دروست بوونی کیانی نەتەوەیی و هەلومەرجی دروست بوونی نەتەوە، پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و یەکانگیرە، پێویستە بە شێوەیەکی ئاسایی و قۆناغی جیا جیادا تێپەڕ ببێت، ئەوساکە نەتەوەیەکی تێر لە خەسڵەتی تایبەت بە خۆی دێتە بەرهەم.. لەوە دەچێ کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو پرۆسەیەی بە نەکاملی بڕیبێت، بۆیە هەموو مەرجەکانی نەتەوەیەکی تەندروستی تێدا نییە. کۆمەڵگەی ئێمە وادیارە بە نیوەچڵی قۆناغەکانی بڕیوە و بە نەکاملی کەوتووەتە ڕێ.. لە کوردەواریدا، هەندێ خەسڵەتی تایبەت هەن کە لە نەتەوەکانی دیکە بەدی ناکرێن: وەک خۆ بە کەمزانین لە بەرامبەر نەتەوەکانی



دەوروبەری و توندو تیژی نێوەخۆ و شەرمنی و دەستبەردارنەبوون لە شتە کۆن و بەسەرچووەکان.

چراخان، لە بەراوردکردنی کەسێتی خۆی لەگەڵ مریەم، زۆر دەرسی تازە فێربوو.. ئەوان دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکترن و هەردووکیان پەنابەرن، بەڵام لە دوو نەتەوەی جیاواز هاتوونە و بە هۆی دوو هۆکاری جیاوازیش سەرگەردان بووینە. دوو کەسی هاوبیر دوو ڕابردووی دژ بە یەکدی.

مریەم، خاوەن شارستانییەت و جوگرافیا و خاک و فەرهەنگە. لێ چراخان، هیچێکی لەوانە نییە.. مریەم شەیدای گەڕانەوەیە بۆ باوەشی نیشتمان.. لێ چراخان، لە دۆزەخی وڵاتێک هەڵاتووە و جگە لە ڕابردووە تفت و تاڵەکانی، هیچ پابەندبوونێکی پێیەوە نییە.. مریەم لە یادەوەریی چەندان کەسدا دەژی.. وەلێ چراخانی کوژراو، گۆڕیشی نییە، هەتا بە هۆیەوە بکەوێتە یادەوەری کەسێک.

چراخان کە خاکی ناو گۆزەکەی بینی، پرسیارێک لە هزریدا هەڵی کرد: ئاخۆ ئەم، خاک و نیشتمانی هەیە. ئەم پرسیارە درەنگ وەختە، لە نێو سەرجەم کوردەکانی ئەوێ، ڕەنگە هەر تەنها بەمێشکی ئەمدا، گوزەری کردبێ، چونکە لە ناو گشت هاونیشتمانیانی خۆیدا کەسێک نییە وابەستەیی بە نیشتمانەکەی، وای لێ بکات چنگێ لە گڵی خاکەکەی لە ژوور سەریدا هەڵگرێ. کورد کە سەرگەردان دەبێت، وا دەزانێ وڵاتی خەڵک بەجێ دێڵێ، بۆیە یادەوەرییەکانی زوو زیندەبەچاڵ دەبن و خەون بە ئامێزی نیشتمانەوە نابینێ.

مریەم و چراخان، پەیوەندییەکی تایبەتمەند، لێکی گرێ دەدان. هاوڕێیەتی ئەوان، ڕۆژ بە ڕۆژ فرەوانتر و واتادارتر دەبوو. لەو ماوەیەدا دوو جار لەگەڵ مریەم، بەتەلەفۆن قسەیان لەگەڵ زەهرا کردبوو و داوای لێ کردبوو هەواڵی ساغ و سەلامەتییان بە خانەوادەی باوکی بەهمەن و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بە ماڵی مام فەرهاد بگەیەنێ. بەڵام لەوە دەچوو ئەو خەبەرانە نەگاتەوە مهاباد، چونکە زەهرا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ماڵە خەزوورانی نەبوو و جارێکیان لە وەڵامی چراخاندا وتبووی: ئەگەر بیانبینم هەواڵی ئێوەیان دەدەمێ!.

# ٦٣

سێ ساڵ لە دوای کارەساتەکەی چراخان، زەینەدین لە خەفەتی ڕەفتارە گومانـاوییەکانی ئامینە و لە سووی نەمانی هەردوو کچەکەی و دایکیان، وردە وردە لە جەستە و دەرووندا تێک دەشکا و نیشانەکانی پیربوون بە سەریدا زاڵ دەبوون. هەر ساڵێک دەچووە سەر تەمەنی، ئەم زیاتر دڵی ناسک دەبوو و هەڵەکانی ڕابردووی ژیانی دەهاتنە بەرچاو. پاش سێ ساڵ لە نەمانی چراخان، هیچ گومانی لەوە نەما کە کچەکەی بە غەدر کوشتووە. لەو ماوەیەدا چاک تێگەیشت کە دەروێشی برادەری کەسێکی هەناو ڕەش بوو و چاوی بە خۆشگوزەرانی خەڵکانی دیکە هەڵنەدەهات، بەڵام تازە چ سوودێکی هەیە، ئەمی لە خشتە برد و هەناوی تژی خوێن کرد.

نەدیم، دوو ساڵ پاش ئەو بوختانەی کە بۆ چراخانی هەڵبەست، کەوتە گێڕانی فتنەیەکی خەتەر لە نێوان دوو بەرەبابی ئاواییەکەیان. ئەوەندەی نەمابوو خوێنیان لە نێوان بڕژێ، بەڵام بەوە چاک بوو، کاتێک فەقێ ئەحمەد هەستی پێ کرد و براگەورەی هەردوو بەرەبابی تێگەیاند. ئەوەبوو هەردوولا هاتنەوە هۆش و بڕیاریان دا، دەروێش نەدیم لە ئاوایی دەرکەن. لەو ڕۆژەوە نەدیم لە گوندی باری کرد.

زەینەدین لە دوای بیستنی ئەو خەبەرە زۆر سەرزەنشتی خۆی دەکرد، چونکە لە ناو ئەو هەموو خەڵکەی ئاوایی، ئەم کەوتبووە داوی ئەو بەدکارە، تازە ئەوەی ڕووی دا ناگەڕێتەوە، وەلێ دەبێ بزانێ کە شاسواری کوڕی لە بەر چی هاتوچۆی ناکات.

ڕۆژێکیان، چووە ماڵی فەقێ ئەحمەد. پاش دانیشتن و چای خواردنەوە، فەقێ ئەحمەد پێی وت: "زەینەدین، دەڵێی ئیشێکت هەیە. فەرمووو بیڵێ".

حاجی ویستی قسان بکات، بەڵام لە هەناودا کوڵا و کەوتە گریانێکی بە کوڵ. کە نەختێ گریان دەمارەکانی قوڕگیان بەردا و ئارامی گەڕایەوە دەروونی، وتی: "فەقێ ئەحمەد، ئەمن ڕۆژم لە جێیەکی خراپ لێ ئاوابووە. بێ تاقەت و ماندووم. ماڵ و منداڵێکی بێ سەروبەرم هەیە. لە منداڵەکانی کۆزی ئەوەلیم (دەستی بە گریان کردەوە، پاش کەمێک ئاسوودەیی گەڕایەوە جەستەی و چاوەکانی سڕییەوە) هەر شاسوارم ماوە، ئەویش بەخۆت دەزانی، سەرم لێ نادات. وادیارە ئەمنی لە پێش چاو بووەتە بەراز.. ئەمن ناهەقی ناگرم، ئاخر لە نەفامی و بێ عەڵی خۆم هەردوو کچەکەم



لە دەست چوو. دەزانم لە ڕۆژی قیامەتیش، خودا لە سەر ئەو غەدرانە، لێم خۆش نابێ. هەنووکەش لە بێکەسی و بێچارەیی خۆمدا، هانام بۆ تۆ هێناوە، ئەگەر وا بکەی شاسوار سەرێکمان لێ بدات".

فەقێ ئەحمەد: "حاجی، تازە ئەوەی ڕووی دا ناگەڕێتەوە، بەڵام خۆ سەلامەت بیت، تۆ قەت جارێک، پرس بە کەس ناکەیت. ئێستاش لە بەر خاتری تۆ دەچمە لای شاسوار، داوای لێ دەکەم سەردانت بکات، بەڵام ئەوەی من هەستم پێ کردووە، شاسوار کەیفی بە ئامینەی ژنت نایێ، جا ئەگەر ڕازی بوو بێتە ئاوایی، وەرە لە ماڵی ئێمە قسەی لەگەڵ بکە".

زەینەدین: " ئەمن لە قسەی تۆ دەرناچم و فەرقی ماڵی من و تۆ نییە".

لەپاش ڕۆیشتنی زەینەدین، فەقێ ئەحمەد زۆر بەزەیی پێدا هات و لەبەر خۆیەوە وتی: " ئەو کابرایە سەری لێ شێواوە، پێدەچێ ئامینەشی پێ ڕازی نەکرێ. سبەی دەچمە شاری و وادەکەم شاسوار سەردانی بکات. با بەو ئاخیری تەمەنیشی شێت نەبێ".

ڕۆژی دواتر فەقێ ئەحمەد سەفەری شاری کرد و بۆ نیوەڕۆیەکەی چووە ماڵی شاسوار. لەدوای نانی نیوەڕۆ، قسەی لەگەڵ کرد و دیار بوو ئەویش، خاتری فەقێ ئەحمەدی نەشکاند و وتی: "تۆ وەک مامی منی، قسەی تۆ لەسەر سەرم. لەو ڕۆژانە دێمە گوندی و سەردانیان دەکەم".

ڕۆژی پێنج شەممە وەختی دوای نیوەڕۆ، شاسوار بە شلێری هاوسەری وت: "خۆتان ئامادە بکەن دەچینە سەردانی خزمانی گوندی".

بەر لە زەردەپەڕی خۆرئاوابوون، شاسوار بەخۆی و منداڵەکانی گەیشتە بەر دەرگای ماڵی فەقێ ئەحمەد کە لە هەورازەکەی بەرامبەر ماڵی باوکی بوو. خەجیجەی خێزانی فەقێ ئەحمەد، پێشوازی لێ کردن و شلێر و منداڵەکانی ماچ کرد، دیار بوو فەقێ هەموو شتێکی لە بارەی هاتنی شاسوارەوە بە خەجیج گوتبوو، بۆیە وتی: "ئەوە چەند ڕۆژە چاومان لە ڕێیە، باشە شاسوار کوڕەکەم، تۆ قەت جارێک سەرێکت نەدا. چاوم کوێر بێ لە دوای دایکی ڕەحمەتیت، ئەو ماڵە سەبری تێدا نەما. کوڕم ئێرەش ماڵی مامی خۆتە، ئەوەی ڕووی دا، دیارە خودا قەڵەمی لێدابوو. ئێوە دانیشن

وا منداڵ دەنێرمە دوای باوکیان".

شاسوار: " پوورە خەجیج، توخوا خۆت مشەوەش مەکە. خۆ ئێمە میوان نین".

دوای ئەوەی فەقێ ئەحمەد گەڕایەوە ماڵێ، یەکێک لە منداڵەکانی بە دوای زەینەدیندا نارد. پاش نیو سەعاتێک پەیدا بوو و لە دەرگا هاتە ژوورەوە، گۆپاڵەکەی لە تەنیشت دەرگا بە دیواردا هەڵپەسارد و پڕ بە گەرووی هاواری کرد: "ئەوە شاسوارە". دەستی لە ملی کرد و چەند جارێک ماچی دەکرد و بۆنی دەکرد. دەتگوت تێک چووە کە دەیگوت: " لێم گەڕێن توخوا، بۆنی نەجیبە و چرای لێ دێت، ئەمن هەر بە خۆم دەزانم چ ئاگرێکم لە هەناودا هەیە". پاشان هەردوو دەستی بەرز کردەوە و ڕووی لە ئاسمان کرد: "خودایە گوناحی ئەو کوڕەش لەسەر من بنووسە. ئەو خەتای نەبوو ئەمن پێم کرد". دوای ئەوە شلێر و منداڵەکانی ماچ کرد.

شاسوار بەو هەڵوێستەی باوکی کەمێک شڵەژا، چونکە ڕەچاوی ئەوەی لێ نەدەکرد. ئاخر کابرایەکەی جاران نییە، لە ڕابردووی خۆی شەرمەزارە و هەموو هەڵەکانی خۆی دەزانێ. ئەو شەوە شاسوار کەم قسەی کرد، زەینەدینیش، چی لە ناخیدا بوو، هەڵیڕشت. هەندێ جار لە قسەکانی گەرم دەبوو و دەچووە سەر ڕەفتارە چەوتەکانی ئامینە. لە دواییدا وتی: "شاسوار کوڕم، قەت نەدەبوو بچیتە ژێر داخوازییەکەی من و چرا بکوژی. ئاخ نەدیمی فتنەکار، چۆن ئەو پەندەت پێ کردم". دەستی کردەوە گریان و بە ناولەپی، لە نێوچەوانی خۆی دەدا.

شاسوار: " تۆ ئەو وەختە، ڕازی نەبووی لە بەغدا بگەڕێیەوە ئاوایی و پرسی دوو جوامێری وەک مام فەقێ بکەی، من چۆن دەوێرام قسەی تۆ بشکێنم. ئەو دەروێشە هەموو کەسێکی تۆ بوو، ئەویش بە کەیفی خۆی گەمەی بە شەرەف و ناموسی ئێمە دەکرد".

زەینەدین: " کوڕم ڕاست دەکەی، خەتایەکە هەمووی هی منە. من تازە خۆشی لە ژیانی خۆم نابینم. چ ئیشێکی باشم لەو دنیایەی نەکرد، هەتا لە بەری بحەسێمەوە".

فەقێ ئەحمەد: " حاجی زەینەدین، ئەوەی چوو ناگەڕێتەوە، بریا وا نەبووایە، بەڵام داری خۆزگە بەر ناگرێ. ئێستاش، کاروباری ماڵەوەت ڕێک بخەو شاسواریش چاوێکی لێتان دەبێ".



حاجی سەری لە بن گوێی فەقێ ئەحمەد ناو بە چرپە وتی: "ئامینە ناحەقی نییە. ئاخر ئەو جوان و جحێڵە، منیش هیچم پێ نەماوە، بۆیە زمانم کورتە و لێی قبووڵ دەکەم".

فەقێ ئەحمەد، دوو جار سەری بادا و وتی: " ئەوها. ئێ ئێ تێگەیشتم".

شاسوار لە بیری خۆیدا وتی: ئامینە، ناهەق نییە، ئاخر ئەویش وەک نەجیبە، کاتی خۆی غەدریان لێی کردووە و سی ساڵ لە باوکم بچووکترە، ئەگەر هەڵەیەکیشی هەبێ ئاساییە، وا چاکە لەمەودوا بایەخی پێ بدەم .

شاسوار لە دوای قسەکانی باوکی، هەستی بە کەموکووڕی لە کەسێتی خۆی دەکرد، ئاخر ئەگەر لە کاتی خۆیدا ماوەی چەند مانگێک، چراخان، لە ماڵە دۆستێکی وەک کاک فریاد بووایە، ئەو هەلومەرجە زوو دەهاتە گۆڕێ کە بە ئاشکرا بڵێت: من باوەڕم بە پاکی خوشکی خۆم هەبوو، بۆیە ئەو تاوانەم نەکرد، ئێستاش ئەوە بە دیارکەوت کە بوختانیان پێی کردبوو. بەڵام هەنووکە چی بڵێت. ڕاستە، ئەم نەچووە ژێرباری داوایەکەی باوکی، وەلێ هیچ شتێک لە چارەنووسی چراخان نازانێت.

ڕۆژی دواتر، شاسوار چووە ماڵی باوکی و لەگەڵ ئامینەش قسەی کرد. ئامینە لە سەرەتا وای زانی، شاسوار، گومانی لێی پەیدا کردووە، بۆیە نەختێک بە ترسەوە قسەی دەکرد، بەڵام کە دیتی شاسوار بە نییەتێکی پاکەوە لە بەرژەوەندیی ئەمان قسە دەکات، وتی: "شاسوار گیان، من لە مەبەستی تۆ دەگەم، لەمەودوا گەر تۆ چاوێکت لێمان بێت، ئێمەش بە بێ تۆ هیچ شتێک ناکەین و خزمەتی باوکیشت دەکەم".

شاسوار لە دوای نانی نیوەڕۆ لەگەڵ منداڵەکانی بەرەو شار گەڕایەوە.

## ٦٤

نەدیم، دوای ئەوەی لە گوندەکەی خۆی دەرکرا، ڕووی نەبوو بەسەردانیش بچێتەوە ئاوایی. لەهەر کوێیەک تووشی خەڵکی ئەو گوندە دەبوو، سەری لەبەر خۆی دەناو خۆی لەبەر چاوان بزر دەکرد. ئەو، جاران تەنها دۆست و برادەری زەینەدین بوو، بەڵام بە هۆی ڕەفتارە ناشرینەکانی خۆی لەبەر چاوی ئەویش خست. پاش ساڵێک لە

گونده تازەکەی، لە ژێرەوە دەستی لەگەڵ (ڕابە)ی بێوەژن، تێکەڵ کردبوو و بەدزی هاتوچۆی دەکرد. ئێوارەیەکیان زستان بوو، وەختی نوێژی عیشایێ، نەدیم خۆی دەگەیێنێتە ماڵی (ڕابە)، لەوێ بەدزی منداڵەکان، دەچنە ژوورە بچووکەکەی تەنیشت هۆڵی حەیوانەکان. لەو دەمەدا (حەلیمە)ی براژنی (ڕابە) کە دراوسێیان بوون، بۆ کارێکی ناو ماڵ دەچێتە ئەوێ. بەر لەوەی بگاتە بەردەم ژووری دانیشتن، هەست بە چرپە چرپ و خشپە دەکات لەلای ژوورە بچووکەکە. بۆ دڵنیابوون، بە ماتەمات، خۆی دەگەیێنێتە پشت دەرگاکە و خۆی دادەنووسێنێ و گوێ بیستنی چەند قسەیەک بوو کە بە هەنکە هەنکەوە، لە دەمی ڕابە دەردەچوون: "دەروێش ئازابە، با کەسێکمان بەسەر دانێت".

حەلیمە، لەپڕ دەرگاکە پاڵ دەدات و دەیکاتەوە. کە دەبینێ، دەروێش خەریکی ڕابەیە، دەکشێتەوە دەرێ و دەرگاکە دادەخاتەوە و دەڵێ: "ئەی هاوار نامووسمان چوو، ئەوجا قوڕی کێندەر بەسەر خۆمان بکەین".

نەدیم و ڕابە، لە شەرمەزارییان نازانن چۆن خۆیان ڕێک بخەنەوە. ڕەنگیان تێک دەچێ و ماوەیەک لە گۆ دەکەون. پاشان نەدیم بە حەلیمە دەڵێ: "بەس لێمان لە هەڵلا مەدە، شەرتبێ لە گوندی باربکەم و بۆ شوێنێکی دوور، سەری خۆم هەڵگرم".

ڕابەش ناتوانێت هیچ قسەیەک بکات، تەنها دەگریێ و لەسەری خۆی دەدات.

حەلیمە دەیزانی، ئەگەر پیاوەکەی و خزمەکان، تێ بگەیەنێ، هەردووکیان دەکوژن و ئیشەکە گەورە دەبێ. زۆر زگی بە منداڵە بچووکەکانی ڕابە دەسووتێ، بۆیە ڕووی لە نەدیم دەکا و دەڵێ: "دەروێشی بێ نامووس، سبەی هەتا ئێوارێ لە گوندی بارکە و جارێکی دی نەتبینینەوە، ئەگەرنا هەموو شتێک ئاشکرا دەکەم، برۆ لە بەرچاوم بزربە".

نەدیم ملی شۆڕ دەکا و دەڕوا. پاشان حەلیمە بە هێمنی، سەرزەنشتی ڕابە دەکا. ڕابەش هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ، دەستی حەلیمە ماچ بکا و خۆی دەخالەت بکات. داوای لێ دەکات بۆ خاتری منداڵەکانی بیبەخشێ و لە سەر دەستی ئەو تۆبە دەکات کە جارێکی دی بە لای کاری وادا نەڕوات. حەلیمە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیان و بەردێکی لەسەر دادەنێ. ڕۆژی دواتر خەبەری بیست کە سەیارەیەکی دوو تەنی



لەبەردەم ماڵی (نەدیم)ە و خەریکن کەلوپەلەکانیان بار دەکەن. جگە لە نەدیم و حەلیمە و ڕابە، کەسێکی دی نەیدەزانی، ئەو ماڵە بۆ لە گوندی بار دەکات.

ئیدی لەو ڕۆژەوە نەدیم سەری خۆی هەڵگرت و بەمنداڵەوە لەبەر چاوی خەڵکی ئەو دەڤەرە، ون بوو و کەسێکیش سووی لێی نەبوو.

## ٦٥

چراخان، لە دوای گفتوگۆکەی لەگەڵ مریەمی هاوڕێی، گۆڕانێکی جەوهەری سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ نیشتمان بەسەر بیروبۆچوونەکانیدا هات. هێدی هێدی ئەو هەستە لە ناخیدا گەشەی دەکرد. زۆر جار ئێواران، لە دوای بەجێهێنانی ئەرکەکانی لەگەڵ بەختیار ئەو بابەتەی دەورووژاند و دەیویست پێ بکەوێ کە داخوا ئەویش وەک ئەم، هەستی خۆشەویستی نیشتمان لە ناخیدا لاوازە. بۆچی لەمەوپێش قەت باسیان لە مەسەلەیەکی ئاوا، نەکردووە. بەڵام لە دواییدا گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە بەختیار و هەموو ئەو کوردە پەناهەندانەی ئەوێ هەتا ئەوانەش کە گوایە لەسەر کوردایەتی پەڕاگەندە بوونە، هیچیان ناچنە ئەو ئاستەی کە لە مریەمدا بینیبووی.

چراخان کە دەیبینی خەڵکی سوێد، جا لە هەر پلە و وەزیفەیەکدا بن، چەند دڵسۆزانە بە دوای کارەکانیانن و بەرامبەر بە وڵاتەکەیان، چەندە خۆیان بە بەرپرس دەزانن. ئەوساکە تێگەیشت کە خۆشەویستی نیشتمان و دڵسۆزی نواندن، لە ڕاپەڕاندنی کارەکان، بەشێکن لە کولتووری نەتەوە تەندروستەکان. خەڵکی کورد هەر لە بنەڕەتدا لەو کولتوورە، دەست کورت و نەدار بووە. هەندێ جار، دەهاتە سەر ئەو باوەڕەی کە نەخوێندەواری و نەزانین، بوونەتە ئەو بەربەستەی کە ناهێڵن کۆمەڵگەی کوردەواری هەستێتەوە سەر پێیان. بەڵام لە هیکڕا لەم بۆچوونەی پەشیمان دەبووەوە. ئاخر ئەم چەندین کەسی دەناسی کە هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمین، یان خۆیان بە نووسەر و شاعیر و هونەرمەند دەزانن کەچی دوا جار، دەگەڕێنەوە سەر ئەسڵە خێڵەکییەکەی خۆیان و لە بۆنە و دەرفەتی دیارکەوتنیان، بە ناوی عەشیرەت و بنەماڵەکەیان خۆیان دەناسێنن و شانازیشی پێوە دەکەن! سەرکردە سیاسییەکانمان وەک سەرۆک عەشیرەتێک دەڕواننە ئەندامانی حزبەکەیان و هەموو ڕووە ناشیرین و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگای خێڵەکی لە ڕیزی حزبەکان پارێزراوە. حزبە کوردییەکان،

کاتێک کە بیانەوێ خەڵک لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، پشت بە پەیوەندییەکانی خزمایەتی و عەشیرەتگەری دەبەستن، نەک بیروباوەڕ و ئەو سەرەتایانەی کە تەعبیر لە دۆزی کورد و کێشە نیشتمانییەکەی دەکەن. لەگەڵ ئەو جۆرە لێکدانەوەیە، جاروبار ڕەشبین دەبوو و لە دڵی خۆیدا دەیوت: لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا، پەیوەندییە خێڵەکی و دەرەبەگایەتییەکان، قەت هەڵناوەشێنەوە.

چراخان، بیری لە خۆی و عەشیرەت و ئاواییەکەی دەکردەوە. ئاخۆ لە ژیانی ئەمدا، ئەو زەمینەیە دەسازێ بۆ ئەوەی بچێتەوە نیشتمان و لەوێ لە بەردەم خەڵکی گوندەکەیان پڕ بە گەرووی هاوار بکات: من چراخانم، چراخانی پاکیزە و بێگوناح. من ئەو کەسەم کە وەک هەزاران کچی داوێن پاکی وڵاتەکەم، بووینەتە قوربانیی نەزانی و دواکەوتوویی ئێوە. ئایا کەسانێک پەیدابوونە کە لە هاواری ئەم، تێبگەن و وەک ئینسان لە دایک و خوشک و کچەکانیان بڕوانن.

چراخان، دەیزانی ئەو کولتوورەی کە زیندەگی بەم ڕانەبینی، هەروا لە برەودایە و ناتوانێت لە بەرامبەریدا بجەنگێ. باشە، لە هەلومەرجێکی ئاوادا، چۆن دەتوانێ جێگەیەک بۆ خۆشەویستی نیشتمان و کەسوکار، لە ناخ و هزریدا چێ بکات.. لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکانی، وەک فریاد و شاسواری بە بیر دەهاتەوە، ئومێدی دەژیاوە و دەهاتە سەر ئەو باوەڕەی کە تاکە ڕێگە بۆ پەڕاندنەوەی کۆمەڵگای کوردستان، لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووانە، ئەوەیە کە مرۆڤ، کۆڵ نەدا و لە تێکۆشان نەکەوێ.

بەختیار و چراخان، لە کۆتایی ساڵی سێیەمی قۆناغی ئامادەکاریدا بوون، کاتێ کە دەنگوباسی ئەنفال و کورد قڕان، هەموو ئەورووپای تەنی. ئەو هەواڵانە، بۆ ئەوان سەرچاوەی نیگەرانی و هەڵسانی سۆز و غوربەت بوون بۆ وڵات. ئێوارەبوو، هەردووکیان بە یەکەوە کەوتنە لێکدانەوەی دەنگوباسەکان. بەختیار وتی: "بێدەنگ بوونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و دامەزراوە نێو دەوڵەتییەکان، لە هەمبەر ئەو کارەساتانە، مانایەکی بۆ دیموکراتی و چەمکی مافی مرۆڤ، نەهێشتەوە. بارودۆخەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، ئەوە دەسەلمێنن کە تاکو ئێستاش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چەمکی هێز بەڕێوەی دەبا و هێزدار بە ئارەزووی خۆی گەمە بە



چارەنووسی بێهێزەکان دەکات. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، دەنگ هەڵبڕینی چەند گرووپێکی بچووک و هاواری ئێمەی پەنابەر بێهوودەیە و هیچ ناوەندێک گوێی بۆ هەڵناخات.

چراخانیش وتی: " لێرەوە دیار دەکەوێ کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، بە دوو پێوەری جیاواز، سەیری ژیانی ئینسانەکان دەکات. ئەوان، بۆ ڕێکخستن و دابینکردنی مافی تاک، لە وڵاتەکانی خۆیان، هەنگاوی گەورە و مێژوویییان ناوە، وەلێ کە دێنە سەر مافی گەلانی ژێردەست و جیهانی سێیەم، ئەوا بە پێی بەرژەوەندییە مادديیەکانی خۆیان، هەنگاو دەنێن. هەر لەبەر ئەوە بوو لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، لە وەختێک کە ئەو دەوڵەتانە، خاوەنی کۆمەڵێک دامەزراوەی دەستووری و دیموکراتی بوون و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان دەکرد، دەبینین لە هەمان کاتدا، ئەوان بوون کە گەلان و وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای باشووریان داگیر دەکرد و خێر و بێری ئەو وڵاتەیان دەدۆشی. بەڕای من، دەوڵەمەندبوونی ئەو دەوڵەتە ڕۆژئاواییانە و پێشکەوتنیان لەڕووی ئابوورییەوە، بەشێکی گرنگی، بۆ ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە دەگەڕێتەوە. لە بەرامبەر ئەوەشدا، برسییەتی و نەزانی و ژیانی کولەمەرگییان لە نێو ئەو میللەتانەدا بڵاو دەکردەوە".

بەختیار و چراخان، لە ڕێگەی ڕادیوی ئێرانەوە، گوێیان لە دەنگوباسەکانی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە دەگرت و دەیانزانی کارەساتەکە، تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی گەورەیە، ئەگەرچی ڕاگەیاندنەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، نکۆڵی لەو ڕاستییانە دەکەن. ئەوان، لەگەڵ کۆمەڵێک لە پەناهەندە کوردەکانی ئەوێ، هەوڵیان دەدا خەڵکی ئەو شارە لە ڕاستییەکان بگەیەن، بۆ ئەو مەبەستە چەندین یاداشتنامە و سکاڵایان بۆ پەرلەمانی سوێد و نێوەندە بەرپرسەکانی ئەوێ بەرز کردەوە، بەڵام لەو وەختەدا کەس بە دەنگیانەوە نەهات و ئەو دەوڵەتانە لە بەرژەوەندییاندا نەبوو لەسەری بیکەنە هەڵڵا.

ئەوان، لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو خەمە گەورانەی وڵات و بیستنی دەنگوباسە ناخۆشەکان، دەبووایە شەو و ڕۆژ بخەنە سەریەک، تا بە پلەی نایاب، قۆناغی بنەڕەتی ببڕن، بۆ ئەوەی لەو کۆلێژانە وەربگیرێن کە خۆیان گەرەکیانە.

## ٦٦

بەختیار و چراخان، زۆر سەرکەوتووانە قۆناغی ئامادەکارییان تەواو کرد و بە پلەیەکی بەرز دەرچوون. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٨)دا بڕوانامەیان وەرگرت و خۆیان بۆ خوێندنی دانشگا ئامادە کرد. چراخان بە هۆی بەرزیی ئاستی ئەنجامەکانی پێشتری، لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیرا. بەختیاریش بۆ وەرگرتنی بەکالۆریۆس، لە ئەدەبی ئینگلیزی درێژەی بە خوێندنەکەی دا. هەرچەندە ئەوان، ئەو هاوینە، گەلێک خەبەری ناخۆشیان سەبارەت بە کارەساتەکانی ئەنفال، دەبیست، بەتایبەتی ئەو وەختەی کە شەڕی ئێران و عیراق وەستا و دەوڵەتی عیراق، هەموو تواناداریی سەربازییەکانی خۆی، بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد خستبووە گەڕ، بە بێ ئەوەی لەم دنیا پان و بەرینەدا، دەوڵەتێک یان دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی، یان ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن کۆنگرەی ئیسلامی، دەنگیان لێوە بێت. وەک ئەوەی کورد هەڵگیسێنەری جەنگەکانی جیهانی بێ و شەڕی ساردی چەند ساڵەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش، هەر لە نێوچەوانی ئەودا بووبێ، بۆیە هەموو لایەک، بە پێویستی دەزانن تۆڵەی لێ بکەنەوە. لەگەڵ ئەو واقیعە تاڵ و جەرگبڕەی کوردستانیش، ئەوان، لە هەوڵ و کۆششی خۆیان سارد نەبوونەوە و بەردەوام ئەرکیان دەکێشا تاکو لە بوارێکدا پسپۆڕی بە دەست بێنن.

چراخان، تووشی حاڵەتێکی دەروونی دوولایەنەی سەیر ببوو، لەلایەک خۆشەویستیی بۆ نیشتمان و خاک و نەتەوەکەی، بەتەواوی تێکەڵی هزر و خوێنی ببوون و بە ئومێدی ئەوە دەژیا کە لە ئایندە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و لە بوارێکدا خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات. ئەو هەستە ئەوەندە بەسەریدا زاڵ ببوو، ئەم لەوێوە، وەک کوردستانییەک، بیری دەکردەوە و سنوورە دەستکردەکانی، لە مێشکی خۆیدا سڕیبووەوە. وەلێ لە لایەکی دیکە دەهاتە سەر وردەکاری گەڕانەوەی و وابەستە بوونی بە زێدی باو و باپیرانی، هەستێکی تژی غوربەت، دەیانتاساند و دەیهێنایەوە سەر سفر. ئاخر، ئەم کەسێکی نییە چاوەڕێی گەڕانەوی بکات. ئەم، لە زەینی خزم و کەس وکاریدا، ڕەش بووەتەوە و تەنانەت لە یادەوەریشیان نەماوە. جگە لە شاسواری برای و کاک فریاد، کێی هەیە ئەگەری زیندوویی ئەم، لە مێشکیدا



وجوودی هەبێ. خۆ ئەوانیش ڕەنگە ئێستا، لە ژیان و گەڕانەوەیدا بێ هیوا بن.

چراخان، لەگەڵ سەفەری خەیاڵ و سووبوونەوە لە ڕابردووی ژیانی ماڵە بابدا، چەند پرسیارێک یەخەگیری دەبوون: بگەڕێمەوە لای کێ. بڵێم من کێم. کێن ئەوانەی کە من خۆشیانم دەوێ و ئارەزووی باوەشی گەرمیان دەکەم. ئاخر ئەوێ، هەر گوند و عەشیرەتەکەی جارانە، کێ ناڵێ ئەگەر بە مانم بزانن، دووبارە ڕقی وەحشەت و دەروونی نەخۆشیان هەڵناچێ و گۆبەندێکم بۆ نانێنەوە. ئەو پرسیارانە و دەیانی دیکەش، ناخی چراخانیان سارد و سڕ دەکرد و نیشتمانیان لە بەر دڵ ناشیرین دەکرد.

لەگەڵ ئەو هەموو بێ ئومێدی و خەیاڵە بەرئەنجام ناخۆشانەشدا، چراخان کە دەیبینی هەنووکە، هاوسەری بەختیارە و ئەم لە ئاستێکی دیکەدا ڕووداوەکان دەبینێ و چەندین دۆست و هاوڕێی چاکی هەیە، ورەی بەرز دەبووەوە. دوای ئەوەش، دەیزانی کە گەڕانەوەیان بۆ وڵات دەبێ لە هەلومەرجێکی گونجاو بێ و ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵاتییەی ئێستا، پێویستە گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت، ئەگەرنا بەو هەلومەرجەی ئێستا، کێ دەتوانی سەردانی وڵات بکات. ئەمڕۆکە نیشتمان بۆ هەموو کەسێک وەک دۆزەخ وایە و ئەو خەمە گەورانە خەمی هەموو خەڵکی کوردستانە، نەک بە تەنها خەمی ئەم.

چراخان، کاتێک لە دۆزی ئاڵۆزی کورد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەواری ڕادەما، کتومت، وەک کێشەکانی خۆی دەهاتنە بەر چاوی. ئەم لە ژیانی ئاسایی خۆیدا هیچ کەموکوورییەکی نەبوو کەچی دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری و جەهل و نەزانینی کەسوکاری، بە مانای ڕاستەقینەی ژیان، ئەمیان کردە قوربانی و لە نێو بازنەی ژیاندا فڕێیان دا دەرەوە. کوردیش بە هەمان شێوە، بە هۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و ملهوڕیی دەسەڵاتدارانی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی، لە چوارچێوەی شادبوونی نەتەوەکان بە مافی دروست کردنی کیانی سیاسی دەرکراوە و لە هەموو لایەک سەرکوتی دەکەن. ئەم حاڵەتەی پێ ڕەوانەبوونی ژیان بە نەتەوەکان و کەسەکان، لە هەردوو لایەنیدا، چراخانی گرتبووەوە. ئاخر، گەر بیەوێ لە داوڕۆژدا، خزمەتی وڵاتەکەی بکات، پێویستە لانی کەم لە نێو کۆمەڵگەکەی خۆیدا،

شوێنێکی دیاری هەبێت.

بەختیار، وەختێک کە دەیبینی چراخان بەو حاڵەتە دەروونییانە دەتلێتەوە، زۆر نیگەران دەبوو، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی بەخشینی خۆشەویستی و دروستکردنی متمانە بەخۆکردن، لەو تەنگژە دەروونییە ڕزگاری بکات. هەمووجارێک کە هەستی دەکرد چراخان خەیاڵی داوەتە دەست ڕابردووە تفت و تاڵەکەی، بەهێمنی دەکەوتە ئاخاوتنی و دەیگوت: "چرا گیان، دڵی خۆت تەنگ مەکە. تۆ کەسێکی بەختەوەری و ئایندەش لەگەڵ تۆدایە. من بڕوام وایە، ئەو ڕۆژەی سەربەرزانە دەگەڕێینەوە وڵات، تۆ لەدوو پارچەی کوردستان باوەشت بۆ دەکرێتەوە. ئەو دەمەی شاسواری برات و باقی کەسوکارەکەت، تۆ دەبینن، لە خۆشییاندا ئاهەنگ دەگێڕن. بە بۆچوونی من، گەڕانەوەی تۆ، بۆ نیشتمان، وەک شۆڕشێک وایە. گۆڕانێکی گەورە بەسەر عەقڵە کۆنەکان دێنێ و دەیانخاتە ژێر پرسیار. ئەگەر لە وەختی خۆیدا، خەبەری سەرگەردانی تۆ، خەڵکی گوندەکەتان و دەڤەرەکە پێیان زانیبێ، ئەوە لەگەڕانەوەتدا بەم شێوەیە، هەموو خەڵکی کوردستان، پێی دەزانن. من، پێم وایە لە دوای گەڕانەوەی تۆ و ئاشکرا بوونی ڕاستییەکانی کێشەکەت، دیدی کۆمەڵی کوردەواری بۆ مەسەلەی ژنان، دەگۆڕێ و چیتر کارەساتی لەو چەشنە بەسەر کچانی وڵاتەکەمان نایەت. دوای ئەوەش، چراخان، لە بیرت نەچێت تۆ کچی مهابادیت. کچی فەرهاد و سەعادەت. ئای لەو ڕۆژە خۆشەی کە چراخان، پێ دەنێتە ماڵی مام فەرهاد و لە باوەشی سەعادەتدا، فرمێسکی خۆشەویستی دەبارێنێ".

چراخان لەگەڵ قسەکانی بەختیار، دەگەشایەوە. هیواو ئاواتەکانی، چرۆیان دەکردەوە. بۆ دڵنەوایی و دەربڕینی خۆشەویستی خۆی بۆ بەختیار، وتی: "ئەدی بۆ لە بیرت نییە کە چراخان بووکی ئایشە خانە و ئەوێش سێیەمین ماڵە باوکییەتی".

بەختیار بەدڵێکی مەست لە خۆشەویستی، چرای لە باوەش گرت و لە دوای ماچباران کردنی وتی: "ئەمەیانم بۆ تۆ بەجێ هێشتبوو".

ئەوان، بڕوایان وابوو کە بەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانییان لەوەدایە کە زانستخواز بن و لە خۆدەوڵەمەندکردن بە زانستی سەردەم کەمتەرخەمی نەکەن و ئەو هەلەی بۆیان ڕەخساوە لە دەستی نەدەن. بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی و گەیشتن بە



پسپۆڕی، لە بوارێکدا ئامانجی ئێستای ئەوانە.

ئەو ڕۆژەی چراخان، ناوی لە لیستی وەرگیراوەکانی کۆلێژی پزیشکی دەرچوو، بۆ ئەوان جەژنێکی ڕاستەقینە بوو. مریەم کە پیرۆزبایی لێ کردن و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی. هەر لەو ڕۆژەدا، مریەم پێی ڕاگەیاندن کە ڕۆژی دواتر، بۆ ئێوارەکەی لە مەراسیمی ئەڵقەگۆڕینەوەی خۆی لەگەڵ (جەمشید ئەسفەهانی) کە هونەرمەندێکی مۆزیکی ئێرانی پەنابەر بوو، لە هۆڵەکەی نزیک شوقەکەی خۆیان ئامادە بن.

مریەم و جەمشید، لە سوێد، یەکدییان ناسیبوو و ببوونە هاوڕێ. مانگێ جارێک لەو هۆڵە یەکتریان دەبینی کە بۆ نواندنی چالاکی، ڕوویان تێ دەکرد.

جەمشید ئەسفەهانی کەمانچەژەنێکی بێ هاوتا بوو، وەختێک کە ئاوازە ڕەسەن و مقامە ئێرانییەکانی دەژەند کەمانچەکەی بە گریان دەهێنا و لەگەڵ ئەویش، هەموو هەوادارەکانی، فرمێسکی غەریبیان بۆ وڵات دەباراند.

بەختیار بە چراخانی وت: "چرا گیان، دەبێ لەو ئاهەنگە پێکەوە سەما بکەین و جوانترین جلی شارستانانەی ئێرە لەبەر بکەین، چونکە، ئەو فارسانە، چەشنی ئەوروپایین، لە ئارایشت و خۆڕازاندنەوەدا، بێ وێنەن. بۆیە نابێ وا تێبگەن کە ئێمە لە ئاهەنگی خێزانی و خۆ نمایشکردندا، لەوان دواکەوتووترین".

چراخان: " خەم مەخۆ دەبێ گرەوی جوانی و خۆشەویستی، ئێمە بیبەینەوە. ئێستا هەموو جۆرە سەمایەکی ڕۆژهەڵاتی و ئەوروپی، دەزانین".

دەمەو ئێوارەی ڕۆژی دواتر، بەختیار و چراخان، گەیشتنە بەردەمی هۆڵەکە. کە چوونە ژوورەوە، مریەم و جەمشید پێکەوە پێشوازییان لە میوانە تازە هاتووەکان دەکرد. مریەم زوو جەمشیدی، لە هاتنی بەختیار و چراخان، ئاگادار کردەوە و تێیگەیاند کە ئەوانە کوردن و هاوڕێی نزیکی ئەمن. هەردووکیان بە گەرمی بەخێرهاتنیان لێ کردن و مریەم بە خۆی، بۆ شوێنی دانیشتنیان، ڕێنمایی کردن.

ئەو شەوە زیاتر لە دوازدە خێزانی دیکەی ئێرانی لەو ئاهەنگە بەشدار بوون، بە تەقلیدێکی جوان و کەشێکی ڕۆمانسییانە، ئاهەنگەکە دەستی پێ کرد. لە سەرەتادا، جەمشید ئەسفەهانی بە کەمانچەکەی، پارچەیەک مۆسیقای کۆنی ئێرانی ژەنی و لەگەڵ باڵەبان ژەن و ڕیتمگرێک، هۆڵەکەیان بردەوە ئاسمانی تاران. پاشان دوو

کەس لە ئامادەبووەکان، چەند گۆرانییەکی خۆشیان چڕی. ئەو شەوە شەوی بەزم و بادە خواردنەوە بوو.

چراخان، پێشتر لەگەڵ مریەم و بەختیار خۆی تاقی کردبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر ئاگاداری خۆی بوو و لەبەر خۆشی ئاهەنگەکەش جارجارە لەگەڵ بەختیار، پێکی هەڵدەدا. جوانی چراخان، ئەو شەوە، ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو، ئامادەبووان، هەموویان، زەینێکیان هەر لەسەر ئەمان بوو. وەختێک مۆسیقاکە کەوتە سەر ڕیتمی خێرا و گەنجێک گۆرانییەکانی (ئەغاسی) دەچڕی، هەموو هۆڵەکە کەوتە سەما و هەڵپەڕین. بەختیار و چراخانیش، تا شەلاڵی ئارەقە بوون هەڵپەڕین. دوای ماوەیەک مۆسیقاکە هێواش بۆوە و نەرم نەرم، لە سەر ئاوازی سەمای بارینی بەفر، دەنگی دەهات. ئاهەنگگێڕان، دوو دوو کەوتنە نمایشی سەمای ڕۆژئاوایی و سینەیان جووت دەکرد و هەناسەی گەرمیان دەبەخشییە بناگوێ و بەر گەردنی یەکتر.. دەستی ڕاستی ئەم و دەستی چەپی ئەو، پەنجەکانیان تێکهەڵکێش ببوون و بە دوو دەستەکەی دیکەش نیوە ئامێزی یەکتر دەبوون.. ئەو جۆرە سەمایە بەشێک بوو لە لاواندنەوەی ڕۆح.. تەقسێک بوو، پەیمانی خۆشەویستی تێدا نوێ دەکرایەوە.. دزە ماچێکی نێو ئەو سەمایە، بەهاری عەشقی ڕەنگینتر دەکرد.. لەگەڵ چرپەی هەر پەیڤێک، خونچەیەک لە گوڵزاری ژیاندا، دەپشکووت.. ئەو مۆسیقا نەرم و هێمنە، خەبەری ئارامی دڵە بە یەکنووساوەکانی دەگەیاند.. هەموو هەست و نەستەکان دەڕژانە کانیی جوانی و خۆشەویستی بە چەشنێک، بوارێک بۆ خەم وخەفەت و بۆ دەروونی نەخۆش و دنیای ناشیرینی، نەدەمایەوە.. ئەو شەوە شەوی خەڵوەتی خۆشەویستان و نوێژی ئەویندارا‌ن بوو.

کە سەمایەکە تەواو بوو، یەکێ لە میوانەکان چووە سەر شانۆ و وتی: "بەڕێزان ئێستاش پێشبڕکێی جوانترین و ڕێکترین دوو کەسی هاوسەر دەکەین، ئەو دووانەی کە بە یەکەم دەردەچن، لە لایەن بەڕێزان (مارتا ئەندرسن و پیتەر هانسۆن)ەوە خەڵات دەکرێن کە هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانین و میوانی ئاهەنگەکەمانن".

ئامادەبووان هەموو کەوتنە خۆ ڕێکخستن. ژنان، هەر یەک لەلای خۆیەوە، ئاوێنە و





مکیاجی نێو جانتاکانیان دەرهێنا و لە شوێنی خۆیانەوە خەریکی خۆ جوانکردن و سوورکردنی لێوەکانیان بوون. پیاوەکانیش، یەخەی کراس و ڕیباتەکەیان ڕێک خست و قژیان شانە کردەوە. پێشکەشکارەکە لیستی ناوەکانی دەخوێندەوە. هەر ژن و پیاوێک کە ناویان دەخوێنرایەوە دەبوو بچێتە سەر شانۆ و لە بەردەمی لێژنەیەکی سێ کەسیدا بوەستێ، تا خاڵیان بۆ دابنێن. شەشەمین کەڕەت، ناوی بەختیار و چراخان خوێندرایەوە. هەر لەگەڵ بەڕێکەوتنیان بۆ سەر شانۆ، مریەم هەلهەلەیەکی چریکاند و هۆڵەکە تێکڕا کەوتنە چەپڵەڕێزان، دیار بوو بە بڕیاری گشت ئامادەبووان، ئەوان جوانترین هاوسەر بوون. لەگەڵ ڕێزنواندنی خەڵکەکە، بەختیار و چراخان، لە بەرامبەریاندا نووشتانەوە و بە سەردانەواندن، سوپاسیان کردن.

کە نمایشەکە تەواو بوو، لێژنەکە ناوی سەرکەوتووەکانیان، لە پارچە کاغەزێک نووسیی و دایانە دەست پێشکەشکارەکە. ئەویش ناوەکانی وەرگرت و وتی: "بەختیار و چراخان". ئەوانیش لە دوای خوێندنەوەی ناوەکانیان، گەڕانەوە سەر شانۆ و دووبارە دەست لەسەر سینگ خۆیان بۆ میوانەکان نوشتاندەوە. میوانەکانیش بە چەپڵەڕێزان پیرۆزباییان لێ کردن. پاش ئەوە، یەکێک لە ئەندامانی لێژنەکە دیارییەکەی پێشکەش کردن کە تابلۆیەکی هونەرمەندێکی سوێدی بوو. لە کاتی وەرگرتنی دیارییەکە، جەمشید و مریەم پێکەوە چوونە سەر شانۆ و لەگەڵ ئەوان، چەند وێنەیەکیان گرت.

درەنگی شەوێ، ئاهەنگەکە کۆتایی هات و بەختیار و چرا، دووبارە پیرۆزباییان لە مریەم و جەمشید کردەوە و ماڵئاواییان لێ کردن.

لە گەڕانەوەیاندا، چراخان، بە بەختیاری وت: "دەزانی، زۆربەی کاتەکانی ئەم شەوە، خۆم لە بیر دەکرد و وام دەزانی لە لاباڵێکی بەهەشتدا دەسووڕێمەوە. بەڕاستی ئەم شەوە، خۆشی ئاهەنگەکە، شادییەکی زۆری پێ بەخشیم".

بەختیاریش وتی: " جا بۆ من ناڵێی. ئای چرا کە ئەم شەو جوان بووی. نەدەوێرام تێر لێت بڕوانم نەبادا تیشکی چاوەکانم بتسووتێنێ!"

## ٦٧

ئەو ڕۆژەی سوپای سەدام حوسێن کوێتیان داگیرکرد، بەختیار سبەینێ زوو، لە شاشەی تەلەفزیۆن سەیری ڕووداوەکانی دەکرد. ئەم کردەوە سەربازییەی سوپای عیراق، بە هەموو پێوانەکان، یەکێک لە ڕەفتارە هەرە ملهوڕانەکانی دکتاتۆری عیراق بوو، بەڵام ئەم جارەیان لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و باقی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان. ڕاگەیاندنەکان بە گشتی وازیان لە خەبەرە لاوەکییەکان هێنا و کەوتنە سەر شەنوکەو کردنی بارودۆخی کەنداو. بەختیار زوو تێگەیشت کە ئەم جارە ڕژێمی عیراق بە داوەوە بووە و ڕزگاربوونی نییە.

بەختیار چووە سەر سەری چراخان و لە شیرین خەودا بە ئاگای هێنا: "چرا، چرا، هەستە مزگێنیم دەوێ. هەستە ببینە، سەدام چ کەتنێکی کردووە".

چراخان هەستایەوە و دەستی بە چاوەکانیدا هێنا و وتی: " چی بووە. سەدام چی کردووە".

بەختیار: " ئەو مەغروور و بێ عەقڵە، ئەم شەو کوێتی داگیر کردووە و دەڵێت: شاری کوێت نۆزدەمین پارێزگای عیراقە".

چراخان هەستایەوە سەر پێ و بە دیقەت گوێی لە هەواڵەکان ڕاگرت، دیاربوو هەموو دنیای ڕۆژئاوا کەوتبوونە جموجۆڵ و هەڕەشەیان لە سەدام دەکرد کە بێ قەید و شەرت سوپاکەی لە کوێت بکێشێتەوە. ڕاگەیاندنەکان، جگە لەو هەواڵە، نەدەپرژانە سەر ڕووداوە لاوەکییەکان. هەندێ لە لێکۆڵەرە سیاسییەکان پێیان وابوو کە سەدام گەیشتۆتە لووتکەی لە خۆباییبوون و وەختی ئەوە هاتووە تێک بشکێنرێ.

چراخان، دوای ماوەیەک بیرکردنەوە و تێڕامان لە وەزعەکە وتی: "لە دوای ئەم ڕووداوە، گەورەترین گۆڕان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە پێشەوە و کوردیش ئەگەر لە ئاستی ڕووداوەکاندا بێت، لە هەموو لایەنەکان زیاتر قازانج دەکات".

بەختیار لە سەر قسەکانی ئەو، وتی: " دنیا بەرەو کرانەوە دەچێت. سیستەمە سۆسیالیستییە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات، هەرەسیان هێناوە و ئەو ڕژێمانەش کە لەسەر ململانێ و شەڕی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا کەڵکیان وەردەگرت، ئەو



ڕۆژەیان ئاوابوو و چیتر ناتوانن درێژە بە دەسەڵاتەکانیان بدەن، دەسەڵاتی سەدامیش بەشێکە لەوانە".

دوا بەدوای ئەو ڕووداوە، چەندین بڕیاری گرنگ لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەرچوو کە ئەمریان بە دەوڵەتی عیراق دەکرد، بە زووترین کات، لە کوێت بکشێتەوە. بەڵام سەدام لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارێ و گشت بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی لە ژێر پێی خۆی نا، بۆیە گەورەترین هاوپەیمانی سەربازی بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێکهات و بڕیاریان دا بە لۆژیکی هێز سوپای عیراق لە کوێت دەربکەن.

لە دوا مانگی زستانی ساڵی (١٩٩١)دا لە ماوەیەکی کورت و پێوانەیی، سوپای هاوپەیمانان توانییان سوپایە برسی و لەخۆ وەڕسەکەی سەدام تێک بشکێنن. لە دوای شکست خواردنی سوپای عێراق، خەڵکی باشووری عیراق و کوردستان دەستیان بە ڕاپەڕین کرد و لە ماوەی چەند ڕۆژێک زۆربەی پارێزگاکانی عیراقیان لە دەستی دامودەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێمی سەدام ئازاد کرد. وەختێک هاوپەیمانان، هەستیان کرد، خەریکە جڵەوی ڕووداوەکان لە دەستیان دەردەچێ، بواریان بە پاشماوەکانی سوپای سەدام دا بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات. بۆ ئەو مەبەستە، ڕێگەیان پێ دا، هەلیکۆپتەریش بە کار بێنێ. ئەوەبوو لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، گەلانی عیراق، دووچاری گەورەترین کوشتار و کۆچی بە کۆمەڵ بوون.

لە کوردستانیش، خەڵک شارەکانیان چۆل کرد و ڕوویان لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد. کارەساتەکە ئەوەندە گەورە و تراژیدی بوو، بە جۆرێک، ویژدانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی هەژاند و هەموو لایەک دەستی یارمەتییان بۆ کۆچبەرەکان درێژ کرد. دیمەنی کارەساتباری خەڵکەکە، لە هەموو تەلەفزیۆنەکانی جیهاندا بڵاو کرانەوە. لە گشت شار و پایتەختەکانی ئەوروپا، خەڵک ڕژانە سەر شەقام و بەردەم سەفارەتەکانی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان. کاریگەرێتی کۆچڕەوەکە بە جۆرێک بوو کە ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە خەبەر هێناو لە ئاکامدا بە بڕیارێکی نێو دەوڵەتی، ناوچەی ئارام، لە سەرووی هێڵی پانی (٣٦) پلە بۆ خەڵکی کوردستان، ڕاگەیانرا و پاشان وردە وردە خەڵکەکە گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

بەختیار و چراخان، بەردەوام لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژیان و لە چەندان چالاکی، بۆ

گوشار خستنە سەر لایەنە پەیوەندارەکان، بەشدارییان کرد. دوا جار کە بڕیاری دانانی هەرێمی ئارام دەرچوو، ئەوانیش نەختێک دڵیان خۆش بوو، چونکە لەوەدەمە بە هەنگاوێک دادەنرا بۆ ڕاگرتنی مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستان.

بەختیار، لەو وەختەدا خەریکی تەواو کردنی ماستەرەکەی بوو، لە ئەدەبی ئینگلیزی. چراخانیش لە کۆتایی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی پزیشکی بوو.

باری سیاسی دەوڵەتی عیراق، گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هات. کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ڕاستەوخۆ، دەستیان خستە نێو کار وباری ئەو وڵاتە و توانییان سنوورێک بۆ ڕەفتارە نامرۆییەکانی ڕژێمی سەدام دابنێن. لەگەڵ کێشانەوەی دەسەڵاتی ئیداری دەوڵەتی عیراق لە کوردستان، کرانەوەیەکی تەواو لە بەردەم ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و سەربەخۆکان دروست بوو. هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەش هاتنە کوردستان و لە نزیکەوە ڕاستیی ئەو ڕووداوانەیان ئاشکرا دەکرد کە لە سالانی ڕابردوو، بە سەر خەڵکی کوردستان هاتبوون. بەشێکیش لەو ئاوارە کوردانەی کە، پێشتر بە پەناهەندەیی ڕوویان لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کردبوو لە ڕێگەی ئێران و تورکیا سەردانی کوردستانیان دەکرد.

ئەو دەمەی بڕیاری هەڵبژاردن لە کوردستان درا و دەسەڵاتی ناوەخۆی هەرسێ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) کەوتە ژێر دەستی حزبە کوردستانییەکان، هەموو چاودێرە سیاسییەکان پێیان وابوو کە کورد بەرەو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەنگاو دەنێت.

چراخان و بەختیار، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ کوردستان، لە سەری دابوون. بەڵام ئەو سەفەرە بۆ ئەوان، هێشتا زەمینەی لە بار نەبوو، چونکە لە لایەک بەختیار، نەیدەزانی داخوا خانەوادەکەیان هەر لە ئێران ماون یان بۆ باشووری کوردستان گەڕاونەتەوە. سەبارەت بە چراخانیش، دەبوو زانیاری تەواویان لە بارەی هەلومەرجی ئەوێ و ماڵی شاسوار هەبووایە. جگە لەمانەش، چراخان، هێشتا ساڵێکی مابوو دانشگا تەواو بکات. بۆیە بڕیاریان دا، پەلە نەکەن و لە دوورەوە چاوەدێری ڕووداوەکان بکەن.

لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا، بەختیار، ماستەرەکەی بە پلەی نایاب تەواو کرد و



لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (١٩٩٢-١٩٩٣)دا بە مامۆستای وانەبێژ لە کۆلێژەکەی خۆی دامەزرا. ئەوان، پێشتر بە یارمەتی سۆسیال دەژیان کە لە شارەوانییەوە بۆیان دابین کرابوو، وەلێ هەنووکە ڕەگەزنامەی سوێدییان هەیە و بەختیاریش دامەزراوە. ئێستا چوونەتە قۆناغێکی نوێی ژیان و خەریکە باری ئابوورییان، بەرەو باشی دەچێت.

بەختیار و چراخان، هەر لە سەرەتای زەماوەندکردنیانەوە، بڕیاریان وابوو کە نەهێڵن منداڵیان ببێت، تا ئەو وەختەی کە دەستیان لە خوێندن بەردەبێت و دەکەونە سەر ژیانێکی ئاسایی.

سەرەتای بەهاری ساڵی (١٩٩٣) بوو، بەبۆنەی نەورۆز و سەری ساڵی ئێرانی، بەختیار و چراخان، درەنگی شەوێ لە ئاهەنگێک گەڕابوونەوە شوقەکەیان و خەریکی گەرماوکردن و داتەکاندنی ماندوویێتی ئەو شەوە بوون. پاشان چراخان لە سەر قەنەفەکەی نێو هۆڵەکەیان دانیشت و نەختێ خۆی بە پشتدا وەرگێڕا. داڵغەیەکی سەیر، هزری داگیر کرد. خەیاڵی، جەستەی ماندوویان بە جێ هێشت و کەوتە دەورکردنەوەی ژیانی منداڵیی و پاشان سەرگەردانی ئێران و توران و ئەوروپا. یەک یەک ئەو کەسانەی دەهاتنە بەر خەیاڵ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تاڵییان پێ چەشتبوو و دوا جاریش، خەریک بوون کۆتایی بە ژیانی بێنن. شاسوار و فریاد و قاچاخچییەکانی دەهاتەوە یاد کە چۆن، ئەوەندەی لە دەستیان هات یارمەتییان دا. لوتف و بەزەیی ماڵی مام سمایل و خانەدانیی و میهرەبانیی فەرهاد و سەعادەت و خۆشەویستیی هاوڕێکانی لە مهاباد هاتەوە بیر. یادەوەریی ماڵی مام عەلی و زەهرای عەشق و ئەوین، بەهزریدا گوزەریان کرد و. ئێستاش چەند مانگێکی ماوە و بە سەرکەوتوویی، کۆلێژی پزیشکی تەواو دەکات.

چراخان، تا ئەو کاتەش قەت حەزی نەدەکرد منداڵی بەزگ کەوێت، بەڵام ماوەی بیست ڕۆژێک بوو، هەستی دەکرد باری تەندروستی لە ئاسایی نییە و بێزی لە زۆربەی خواردنەکان دەبێتەوە. هەندێ جاریش، هەر لە خۆڕا تووشی سەرەسوورە دەبێت.

کە بەختیار دیتی، چراخان بێتاقەت دیارە و فکری لە لای خۆی نییە، بە هێمنی

چووە تەنیشتی دانیشت و بە دەستی ڕاستەی، سەری چراخانی خستە سەر لاباڵی خۆی و وتی: "چرا گیان، وا هەست دەکەم ماندوو و بێ خوڵق دیاری. خۆ چ جێیەکت نایەشێ".

چراخان: " ڕاستییەکەی، ماوەیەکە هەست دەکەم، لەشم دادەهێزرێ و ئیشتیای خواردنم نەماوە، ئەوەندەی هەستیش لە خۆم ڕادەگرم هیچ جێیەکم ئازاری نییە، هەر ئەوە نەبێ کە بێزم لە هەندێ خواردن دەبێتەوە و خەریکە چایم لە بەرچاو دەکەوێ، جا نازانم مەسەلە چییە".

بەخیار لە شوێنی خۆی هەستایەوە و لە چراخان ڕاما. بە بزەیەکی پڕ لە ماناوە، وتی: "چرا، توخوا هەستەوە سەر پێ".

چراخان هەستایەوە، وەلێ لە مەبەستی بەختیار حاڵی نەبوو. بەختیار، بە نەرمی دەستی لە سەر زگی چرا دانا و وتی: "چرا، هەست بە هیچ گۆڕانێک لە ناو زگت ناکەیت".

ئەوساکە چراخان تێگەیشت کە لەوانە منداڵی بە زگ کەوتبێ بۆیە بە کەمێک نازەوە، وتی: "وەڵڵاهی بەختیار، خۆ هەموو نیشانەکان هی ئەوەن منداڵم بە زگ کەوتبێ، باشە گریمان وابوو چارە چییە".

بەختیار: " چرا گیان، بەیانی دەچینە لای پزیشکی تایبەت و هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە، خۆ ئەگەر وابوو، ئێمەش پێشوازیی لێ دەکەین. تۆ هەر ئەوەندەت لە سەرە کە زیاتر لە جاران ئاگاداری خۆت بی و ئەو پێنج مانگەش لە خوێندنەکەت دوا نەکەوی".

ئەو شەوە، هەر یەک لە لای خۆیەوە کەوتە لێکدانەوەی ئەگەری هاتنی کەسی سێیەم. ئایا چراخان، دەتوانێ بە زگی پڕەوە، ئەو چەند مانگە تەواو بکات. دەبێ تەمەنی زگەکە چەند بێ. ئەدی ئەگەر زگ نەبوو، دەبێ هۆکاری بێتاقەتی چراخان چی بێت.

ئەوان لە ناخدا حەزیان دەکرد بێتاقەتی چرا بە هۆی زگەوە بێت.

ڕۆژی دواتر، لە پاش گەڕانەوەیان لە دەوام، سەردانی پزیشکیان کرد. دوا بە دوای فەحسکردن، سکرتێری پزیشکەکە بانگی کردن و وتی: "چراخان زەینەدین تۆی".



چراخان: " بەڵێ".

سکرتێرەکە: " تۆ زگت هەیە و تەمەنی شەست ڕۆژە".

چرا و بەختیار سەیری یەکدییان کرد و پاشان سوپاسی سکرتێرەکەیان کرد، ئەوجا بە دڵنیاییەوە گەڕانەوە. کە گەیشتنەوە ماڵێ، تێر یەکتریان لە باوەش گرت و وا هەستیان دەکرد، ئێستا لەو ئان و ساتەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر لێک نزیکترن. ئاخر مرۆڤێک دێتە دنیا، هەردووکیانی لەخۆ بەرجەستە کردووە و لە خوێن و گۆشتی ئەوان دروست بووە. کەسی سێیەم، بۆ بێکەسی ئەوان و ژیانی پڕ لە غوربەتی چراخان، مانای تایبەتی و چێژی خۆی هەیە. بەختیار بلووزی سەر زگی چرای هەڵماڵی و گوێی بە ناوکییەوە نا : "ئەوەتە، لە پشت ئێرەیە، تەنها دیوارێکی گۆشتنی مەرمەڕیمان بەینە".

چراخان، ئەو وەختە لە هەموو کاتێک زیاتر، مێیەتی تێدا زا و هەستی بە دایکایەتی دەکرد. حەزی دەکرد تا زووە، شیر بپەڕێتە مەمکەکانی و لە دەمی کۆرپەکەی بنێ. حەزی دەکرد نزیکترین خۆشەویستی خۆی بە شیری مەمکەکانی مەست بکات. یەکەم جاری بوو ئەوها مەکر و نازان بکات. بە نەرمی چاوەکانی هەڵێنا و وتی: "بەختیار گیان، ئەگەر کچ بوو ناوی لێ دەنێین (مینا)".

## ٦٨

لەدوای سەردانەکەی شاسوار بۆ ماڵی باوکی، ئامینە هەڵوێستی بەرامبەر بە زەینەدین گۆڕا و وازی لە ڕەفتارە سەرکێش و گوماناوییەکانی خۆی هێنا. هەوڵی دەدا، گەر لەدڵەوەش نەبێت، لەسەررا، لەبەر چاوی خەڵک، ڕێز و حورمەت بۆ زەینەدین دانێت. هەردوو منداڵەکەی (سیروان و خوناو) لە قوتابخانەی گوندەکەیان دەیانخوێند و لەگەڵ گەڕانەوەی هێمنی و گۆڕانی هەڵوێستی دایکیان نەختێک گەشانەوە.

ئامینە لەناخی خۆیدا مێردەکەی خۆش نەدەویست. بۆ نێو جێگە و نوینیش، خۆی زۆر بە مەغدوور دەزانی. لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨)دا، ئەو وەختە، بارودۆخی سیاسیی وڵات لەوپەڕی تەنگیدا بوو و هەموو خەڵکی شار و لادێکانی کوردستان، لە

چارەنووسی خۆیان دەترسان. لە شالاوی ڕاگواستنی گوندەکاندا، ماڵی زەینەدین لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیان بۆ ئۆردوگا گواسترانەوە. ئەو کاتە، هەموو ئەو خەڵکەی کە لەو شوێنانە کۆدەکرانەوە، زۆر بە ئاسانی لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکران، بۆیە زۆربەی ئەو خەڵکە سەرەڕای تێکچوونی ژیانی ئاساییان، دەبوو چەکی جاشایەتی هەڵگرن و لە یەکێ فەوجە خەفیفەکان خۆیان ناونووس بکەن.

لەو ماوەیەدا شاسوار، جاروبار سەردانی ماڵی باوکی دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی بەپێی پێویست چاوی لێیان بێ.

ئێوارەیەکیان زەینەدین، زۆر غەریبی بۆ ئاواییەکەیان هەڵساو بیری ژیانی ڕابردووی خۆی دەکردەوە کە سەردەمانێک لەو گوندە خۆشە، لەسەر مڵکی خۆی بوو و لەگەڵ خێزانەکەی ژیانێکی خۆشیان دەگوزەراند. ئەو وەختە چەند بە ئومێدی دوارۆژێکی پڕ لە خێر و بەرەکەت، لە دنیای دەڕوانی. وەلێ، قەدەر وای هێنا، هاوسەرەکەی گیانی سپارد و پاشان بەهۆی نەفامی و هەڵەشەیی خۆی، هەردوو کچەکەشی کردە قوربانی بێ عەقڵی خۆی. زەینەدین، لە پڕێکا سۆزێکی بەکوڵ لە ناخیدا، بۆ چراخان هەڵی کرد و کەوتە گریان. بەلای خۆیەوە، ئەگەر هەموو کارەساتەکانی ژیانی ئاسایی بووبن، بەڵام کوشتنی چراخان ئاسایی نەبووە و غەدرێک بوو کە قەت ناتوانرێ فەرامۆش بکرێت. ئەو ئێوارەیە، حەزی دەکرد، ئامینە بەتەواوی باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ بکات کە ئەم، بە ناخێری گیانی لە سەفەری حەج بووە. لە هیکرا ڕووی لە ئامینە کرد و وتی: "ئەرێ ئامینە، توخوا وەرە باسی ئەو ڕۆژانەم بۆ بکە کە ئێوەم ئامانەتی نەدیم دابوو".

ئامینە وتی: " جا حاجی، قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە تازە چ سوودێکی هەیە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە لەهەموو ئەو گوندانەی دەوروبەرمان، کچێکی وەک چرا، عاقڵ و بەئەدەب و ئیش جوان نەبووە و ناشبێت. ئەمن هەموو جارێک فکر دەکەمەوە و دەڵێم: قەت خوا لێم خۆش نابێت، چونکە گەلێک جار تانەم لێی دەدا و قسەی ناخۆشم پێی دەگوت. ئەگەر ئەوەی ئێستا دەیزانم، هەینێ بمزانیبایە، هەر لەسەر چاوی خۆم دادەنا. دەزانی چ کابانێک بوو حاجی. چەند بێدەنگ و بە سەبر بوو. ئای خودایە، بەگوناهی خۆمان لەگەڵ نەکەی. بەس پیاوەکە پێم بڵێ، تۆ دڵت نەبوو،



ڕەحمت نەبوو، چۆن بەقسەی خەڵک، بەبێ ئەوەی پرس بەکەس بکەی ئەو بەستەزمانەت لەناوبرد هەی خوا بتگرێ".

زەینەدین، لەگەڵ قسەکانی ئامینە، پڕ بەدەنگ هاواری کرد و بە دەست لە سەری خۆی دەدا و دەیگوت: "وەرە بمکوژە. ئەمن مستەحەقی ژیان نیمە. لە حەژمەت ئەو کیژە، بەخوا هەر شێت دەبم. ئاگری ئەو غەدرە، لە هەناوم بەربووە و ناکوژێتەوە".

ئامینە، لەو ئۆردوگایەدا کە خۆی بینی لە بەرچاوی ناسیاو و خەڵکی ئاواییەکەیان نییە و هەر ماڵێک لە گوندەکەیان کەوتووەتە گەڕەک و کۆڵانێک، هەستی بە جۆرێک لە سەربەستی دەکرد. ئەو وەختانەی دەچووە بەر ئاوێنە لە ڕوخسار و سینگ و مەمکی خۆی ڕادەما، تاسەیەک دەیبردەوە. ئاخر ئەو جوانی و ئەو سینەپڕ و نەکەوتووەی، لە پای چی، بێ لاوانەوە بێت. هەندێ وەخت گڕی دەستگەمە و جوتبوون، ئەوەندە لە سەری دەکرد وای لێدەهات لە لای خۆیەوە بڕیار بدات کە ئەگەر یەکێکی نهێنی پارێزی لێ هەڵکەوێ و بە دەم حەزەکانییەوە بچێت، ئەمیش بێ دڵی خۆی نەکات. بەڵام دەبێ چاوەڕوان بێ و لەگەڵ کەسێکی بێباک تێنەکەوێ. ئەو دەیزانی، زەینەدین پێشتر گومانی لێی هەبوو، بەڵام ئێستا، هەموو گومانێکی ڕەویتەوە و ئەگەر دوو قسەی خۆشی لەگەڵ بکات، ئەو مەمنوونە. کەواتە بۆ ئەو حەز و هەوەسانە بباتە ژێر گڵ. ئاخر، ژنەی تەڕ و خورت، هی ئەوە نییە بە مانگ ئاوڕێکی لێ نەدرێتەوە. هەرکە لە چاوی ڕادەمای دەتزانی، ئەو ژنە بە دەردی سارد و سڕی نێو جێگە، دەتلێتەوە.

ئامینە، بۆ ئەوەی زەینەدین، هیچ گومانێکی لێ نەکات، هەمیشە قسەی خۆش و سوعبەتی لەگەڵی دەکرد. باسی گەورەبوونی منداڵەکان و ژیانی داهاتووی بۆ دەکرد. بۆ تێرکردنی حەزەکانیشی قەت نەیدەوێرا دۆستێکی هەمیشەیی بگرێت. بەلای خۆیەوە، وای پێ چاک بوو، لە ژێرەوە لە ڕاو بێت و ئەو نێچیرەی کە خۆی بە باشی دەزانێ، لە چەند خولەکێکدا ڕامی بکات و وەک ڕێبوارێک بە ڕێی بکات.

سبەینەیەکیان زەینەدین بە ئامینەی وت: "ئێوارێ بە تەمامە (ئەمین)ی مەولوود خوێن داوەت بکەم. کابرایەکی نەجیب و بە تەقوایە. کە بە دەنگە بە جۆش و خۆشەکەی مەولوود دەخوێنێ، بێدەستی خۆت، سۆزت هەڵدەستێ و گریانت دێت. جا ژنەکە، بۆ ئێوارەکەی، مریشکێکمان بۆ سەربڕە و چێشتێکی خۆشمان بۆ لێنێ".

ئامینە: "جا ئەو ئەمینە چ کەسێکە پیاوەکە".

زەینەدین: "مەلای بەڕاستی نییە، ئەو هەر مەولوود دەخوێنێ و دەزانێ پێش نوێژیش بکات. عومریشی، هەر بە قەد شاسواری کوڕم دەبێ، بەڵام ئای کە دەنگێکی خۆشی هەیە ئامینە".

ئامینە: " پێشتر دەتناسی".

زەینەدین: " ناوەڵڵا، هەر ئەو ڕۆژە لە ماڵی مام خدر بینیم مەولوودی دەخوێند. دەڵێن پێشان بە هاوینان، مەلای کوێستانچییان بووە و ئێستاش لەگەڵ گواستنەوەی خەڵکەکە ماڵیان هاتووەتە ئێرە".

ئامینە دڵی داخورپا و لە بیری خۆیدا وتی: ڕەنگە نێچیرێکی چاک بێت. ئەو وەختەی هاتە ماڵمان، هەر تەماشای چاوانی بکەم، دەزانم ڕاوکەرە یان نا. با بزانین چۆن دەبێ.

ئامینە، بۆ ئێوارەکەی، خۆی پۆشتە و سەرنجڕاکێش کرد. لە کاتی چێشت لێناندا، دەم نادەمێک، دەچووە بەر ئاوێنەکە و لە جوانی خۆی ڕادەما. دەسماڵێکی وەنەوشەیی خستە سەر سەر و ملی و لە نێو گرێ شلەکەی تێکپەڕینی لەچکی دەسماڵەکەیدا، سپێتی گەردن و بارستایی سینەی دیاربوون. دنیا خەریک بوو تاریک داهات، وەختێک لە دەرگای حەوشە درا. ئامینە بە گورجی چوو دەرگاکەی کردەوە. زەینەدین لە پێشدا هاتە حەوشە و میوانیش بە دوای ئەو. کە ئەمین پێی نایە ژووری و سەلامی کرد، ئامینە بە دەنگێکی پڕ لە نازەوە، سەلامەکەی وەرگرتەوە و شانی ئەمینی ماچ کرد. (ئەمین)یش دەستی بە سەردا هێنا و دوعای خێری بۆ کرد. کە چوونە ژووری دانیشتنیش دووبارە بەخێریان هێنایەوە. ئامینە، هەرکە چاوی بڕییە میوانەکەیان و ئەو وەختەی بالیفەکەی خستە نێوان دیوار و لاشانی، زانی کە دەتوانن، تەنانەت، بە بێ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ یەکدی بکەن، لێک حاڵی بن. زەینەدینیش ئەو ڕەفتارانەی ئامینەی، بە ڕێزگرتن لە حورمەتی میوانەکەی حسێب دەکرد، بۆیە پێی وابوو ژنەکەی، جوان هەڵسوکەوت دەکات.

ئامینە هەردوو منداڵەکەی تێگەیاندبوو کە لە ژوورەکەی ئەودیو دانیشن و کاری ناشیرین لە بەردەم میوانەکەیان نەکەن.



ئەمینی مەولوودخوێن، دوو سێ جار هاتە سەر زمانی بپرسێت: ئەدی حاجی زەینەدین کوا دایکی منداڵان. چونکە لە بیری خۆیدا، وای دانابوو کە ئامینە، کچی زەینەدینیە و لە ماڵە مێردی خۆی بە سەردان هاتۆتەوە ماڵی باوکی، بەڵام سەبری گرت و نەیپرسی تا دوایی لە ئاکامی قسەکردن بۆی دەرکەوت کە ئامینە ژنی زەینەدینیە.

ئەمین، لە ناسینی ژنە بێ مرادەکان، شارەزایی هەبوو. کە لە جموجۆڵە نازفرۆشییەکەی ئامینە ورد بووەوە، تێگەیشت کە ئەو ژنە برسی نێو نوێنە و هەموو لەشی تێنووی ڕاگوشین و شێلانە. نیگای چاو و لەرزەی لێوە تەڕەکانی و لارەو هەڵتەکی سینەی لە وەختی سفرە دانان، ئاگری حەزێکی لە مێژینەیان لێ دەباری. لە دوای نانخواردن دیار بوو هەموو لایەک مەجلیسەکەیان پێ خۆش بوو. زەینەدین بە ساویلکەیی خۆی، وای دەزانی ئەگەر لە مەولوود خوێنەکەی نزیک بێتەوە، لە خواش نزیکە. ئەمین و ئامینەش، هەر خۆیان دەیانزانی، مەجلیسی ئەم شەوەیان، بۆ هێندە خۆش و نەشئەبەخشە.. زەینەدین و میوانەکەی هەر یەکێکیان لە لایەکی گۆشەیەکی ژوورەکە دانیشتبوون، ئامینەش لە تەنیشتی دواوەی پیاوەکەی، دانیشتبوو، بە جۆرێک لاشانی زەینەدین نەختێک دەکەوتە نێوان ئەم و میوانەکەیان. لە کاتی قسەکردندا، زەینەدین، ڕووی دەکەوتە ئەمین و ئەمینیش، ڕووی لە هەردووکیان بوو. ئامینە، لەگەڵ چای تێکردندا کەمێک خۆی لار دەکردەوە و نەرمانی سینەی، دەخستە بەر نیگا سوارەکانی میوانەکەیان.

ئەمینی مەولوودخوێن، ئەم شەوە چەندین سەربردەی ئایینی و دنیایی بۆیان گێڕایەوە، دەیزانی زەینەدین، چێژێکی زۆر لە قسەکانی وەردەگرێ و برسی ئەو بابەتانەیە. کە وەختی نوێژی عیشا داهات، وتی: "وا چاکە، دەستنوێژەکانمان نوێ کەینەوە و پێکەوە نوێژ بکەین".

زەینەدین: " ئەرێ وەڵڵا، نوێژ لە کاتی خۆیدا خێری زۆرترە. مامۆستا، جارێ تۆ برۆ دەستنوێژ هەڵگرە. ئامینە، نەعلەکان بۆ مامۆستا دانێ و سەر ئاوەکەی نیشاندە".

ئامینە، یەکسەر هەستایەوە و چووە دەرێ. پاش کەمێک هاتەوە ژووری و وتی:

"مامۆستا فەرموو، هەموو شتێک حازرە".

ئەمین هەستایەوە و چووە دەرێ، ئامینەش، بۆ ئەو سەری حەوشەکە پێشی کەوت کە لە ژووری مەتبەخەکە سووڕانەوە لای سەرئاوەکە، لەوێ لەو تاریکاییەیە، زەندەی دەستی ئەمینی گرت و لە سەر سینەی خۆی بەندی کرد و وتی: " بڕۆ ناو ئەو حەمامە، ئەگەرنا هاوار دەکەم".

ئەمین: " جا بۆ هاوار دەکەی، من لە ئیشی خێرێ، قەت نەگەڕایمەوە، دڵی تۆ بشکێنم، هەر خواش لێم ڕازی نابێت".

ئامینە، پێشتر دۆشەکێکی لە حەمامەکە ڕاخستبوو. هەر کە چوونە ژوورێ ئەوەندە تامەزرۆ بوون، ئەوەندەی نەبرد، هەمووی چەند چرکەساتێک بوو، تەواو بوون و ئەمین خۆی پێچایەوە و دەموچاوی خۆی شۆری پاشان پێیەکانی. کە زانی، هەموو نیشانەکانی دەستنوێژ هەڵگرتنی پێوە دیارە، گەڕایەوە لای زەینەدین و وتی: "تۆش بڕۆ دەستنوێژەکەت بشۆ، هەتا ئەمن یەک دوو سونەتان دەکەم".

زەینەدین کە چووە دەرێ دیتی ئامینە لە ژووری منداڵەکاندایە، هەموو غەلغەلەو گومانەکانی مێشکی ڕەوییەوە، وای دەزانی، ئەم شەو ماڵەکەی، بەشێکە لە شوێنە پیرۆزەکان. سەعاتێک دوای نوێژی عیشایێ، ئەمین ماڵئاوایی کرد و ئەوانیش تا دەرگای حەوشەکە بەڕێیان کرد.

ئامینە زۆر جار لۆمەی خۆی دەکرد و بڕیاری دەدا کە واز لەو کارانەی بێنێت و حەزەکانی جڵەو بکات، بەڵام ئەوەندەی چێژ لەو بەیەک گەیشتنە، پڕ لە ترس و لەرزانە وەردەگرت، نەیدەتوانی، بە سەر حەزەکانی خۆیدا زاڵ بێت. ئەو لە عاقیبەتی کارەکەی خۆی دەگەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا، بە هەقی خۆی دەزانی، تۆڵە لە باوک و مێردەکەی بکاتەوە. ئاخر چ دەبوو، ئەگەر باوکی بیدابایە کوڕێکی گەنج و لە ماڵ و مێردی خۆی، شەوان لە نێو نوێنی حەلاڵی خۆیدا تا سبەینە، بیانگەوزاندبایە.

## ٦٩

لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و کۆچڕەوە بە کۆمەڵەکە و پاشان دیاریکردنی هەرێمی ئارام لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، وردە وردە خەڵکی گوندە



وێرانبووەکان، دەگەڕانەوە زێدی خۆیان. ماڵی زەینەدینیش، یەکێک بوون لەو خێزانانەی کە بۆ گوندەکەیان گەڕانەوە. شاسوار چەند جارێک بە خۆی و چەند چەکدارێکەوە سەردانی کردبوون.

شاسوار ئەو وەختە بە هەلی زانیبوو کە تۆڵە لە نەدیم بکاتەوە.. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیی بە ناسیاوێکی خۆی لە گوندەکە دەکات. ڕۆژێکیان بە خۆی و دوو چەکداری تر دەچنە ماڵی ناسیاوەکەی. لە دوای چای خواردنەوە، هاوڕێکەی جودا دەکاتەوە و بە هێمنی پێی دەڵێ: "ڕاستییەکەی من بۆ تاقیبی ماڵی نەدیم هاتبووم، ئەو کابرایە بە ئەسڵ خەڵکی گوندەکەی ئێمەیە. جا نازانم ماڵیان لێرە ماوە یان نا".

هاوڕێکەی لە وەڵامدا دەڵێت: " کاک شاسوار، ڕاست دەکەی، کاتی خۆی تا ساڵی (١٩٨٦)، ئەو نەدیمە ماڵیان لێرە بوو، بەڵام دوایێ باری کرد و کەسیش نەیدەزانی بۆ کوێ ڕۆیشتووە. ئەو وەختە هەر ئەوەندەمان زانی، ئێوارەیەکیان سەیارەیەکی هێنا و بە ماڵەوە ڕۆیشتن و باری کرد. بەڕاستی پیاوێکی باش نەبوو، بڕوا ناکەم ئەو کاتە کەسێکی ئاوایی بارکردنی وی پێ ناخۆش بووبێت. لەو وەختەوە، هەر دەڵێی لەو مەملەکەتە نەماوە کەسێک نەیبینیوە".

شاسوار سەری بۆ لەقاند و سوپاسی کرد. لە پاش چای خواردنەوە ماڵئاواییان کرد و بەرەو سلێمانی گەڕانەوە. چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، شاسوار، باسی ئەو سەفەرەی خۆی بۆ فریاد گێڕابووەوە و فریادیش وتبووی: "داخوا ئەو دەروێشە نەگریسە، چ ئیشێکی نالەباری دیکەی کردووە و لەوێش جێی نەبۆتەوە".

## ٧٠

لە پاش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆربەی کوردە ئاوارەکانی ئێران گەڕانەوە باشووری کوردستان. (ڕەحمان عەلی)ی باوکی بەختیار، بەر لە خانەوادەکەی گەڕایەوە سلێمانی و پلەیەکی حزبی تازەی وەرگرتبوو. لە ساڵی (١٩٩٣)دا، منداڵەکانیشی هەموو لە ئاوارەیی هاتنەوە لای ئەم و لە سلێمانی جێنشین بوونەوە. ئەو وەختە ململانێی دەسەڵات لە نێوان هەردوو حزبە گەورەکەی کوردستان، ئەوەی لێ دەخوێندرایەوە کە ناتوانن بە یەکەوە بژین و ئیدارەی کوردستان بەڕێوە ببەن. باوکی بەختیار دەیزانی ئەگەر ئەو دوو حزبە ببێتە شەڕیان،

حزبەکەی ئەم، لە شارەکەیان کەمینەیە و لەوێ جێیان نابێتەوە، بۆیە دەبوو بەردەوام ئەو ڕاستییەی لە بەرچاو بێت و خۆی بۆ ئاوارەبوونێکی دیکە ئامادە بکات.

ماڵی ڕەحمان عەلی، لە دوای ڕۆیشتنی بەختیار و چراخان، بە شەش مانگ، ئەوجا لە ڕێگەی ماڵی (عەلی محەمەد زادە)وە زانیبوویان کە بە سەلامەتی گەیشتوونەتە سوێد. لە دوای ئەوە هیچ هەواڵێکی دیکەی ئەوانیان نەبوو.

ڕۆژێکیان، فریاد بە دەم باغی گشتیدا شۆڕ دەبووەوە خوارێ، لە هیکڕا لە بەر دەم بارەگاکەی تەنیشت باغەکە، چاوی کەوتە سەر (ڕەحمان عەلی) و ناسییەوە. ویستی لێی نزیک بێتەوە، بەڵام دیار بوو ڕەحمان، لە دەرگای بارەگاکە چووە ژوورێ. لە پاسەوانی بەر دەرگاکەی پرسی کە داخوا ئەو کابرایە ڕەحمان بوو. پاسەوانەکەش پێی وت: " بەڵێ، کاک ڕەحمانە".

فریاد چووە ژوورێ و لە پرسگەکە داوای کرد بیبەنە لای کاک ڕەحمان. ئەوانیش چەکدارێکیان ڕاسپارد کە بیباتە لای. کە چوونە بەردەرگای ژوورەکەی، چەکدارەکە چووە ژوورێ و فریادیش لە چاوەڕێدا بوو. پاش خولەکێک ڕەحمان و چەکدارەکە، لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە و وتی: " کوا میوانەکەم".

چەکدارەکەش دەستی بۆ فریاد درێژ کرد و وتی: " ئەو برادەرە هەوە".

ڕەحمان و فریاد چاک و چۆنییان لەگەڵ یەکدی کرد و پاشان ڕەحمان وتی: " فەرموو کاکە گیان، کارێکت هەبوو".

فریاد: " کاک ڕەحمان، من فریادم نامناسیتەوە. ئەو کەسەی لە ساڵی(١٩٨٤)دا، شەوێک لە مهاباد لە ماڵی ئێوە بووم".

ڕەحمان هاتەوە سەر زەین و وتی: "بەخوا ڕاست دەکەی، تۆ کاک فریادی، ببوورە کە یەکەم جار نەمناسیتەوە، ئێی چۆنی خۆ شوکر باشن".

فریاد: " ئێمە زۆر باشین . ڕاستییەکەی، تازە بێرەدا ڕەت بووم، چاوم پێت کەوت، وتم با لە ئەحواڵی بپرسم. ئاخر ئێوە، شەوێک زۆر خزمەتی منتان کردووە و قەت لە بیرم ناچێ. ئێستاش دەبێ ناونیشانی ماڵی خۆتانم بدەیتێ، بەیانی بۆ نانی ئێوارە، هەمووتان میوانی ئێمەن".



ڕەحمان: " جا کاک فریاد، ئەو زەحمەتییەی بۆ چییە".

فریاد: " کاک ڕەحمان، بەخوا هیچ زەحمەت نییە و حەزدەکەم خزمەتتان بکەم".

ڕەحمان ناونیشانی ماڵەکەی دایە فریاد و وتی: "باشە کەواتە سبەی ئێوارەکەی لە ماڵەوە چاوەڕێت دەبین".

فریاد: " ئەدی بەختیار لە کوێیە و لە چ وەزعێکدایە".

ڕەحمان: "ئەوە هەشت ساڵە چووەتە ئەوروپا و تا ئێستاش هیچ خەبەرێکی ئەومان نییە".

ڕەحمان کە ئێوارێ گەڕایەوە ماڵێ بە ئایشەخانی وت: "دەزانی ئایشێ، ئەوڕۆکە کێم دیوە".

ئایشەخان: " کێت دیوە پیاوەکە".

ڕەحمان: " لە بیرتە، نۆ ساڵ پێش ئێستا، شەوێکیان کوڕێکی ناو فریاد، لە عیراقەوە هاتبووە مهاباد، بۆ سۆراخی خزمە ئەسیرەکەیان، شەوێ لە ماڵی ئێمە مایەوە.

ئایشەخان: " ئەرێ وەڵڵا لەبیرمە، ئێی ئەوجا".

ڕەحمان: " ئەوڕۆکە هاتە لام و سبەی ئێوارێ داوەتی ئەوانین. لەوە دەچێ ئەو کاک فریادە، کوڕێکی زۆر چاک و بەوەفا بێت. هەرچەند هەوڵم دا کە پێویست بە داوەت ناکات، بەڵام ئەو سوێندی خوارد و منیش ناچار ڕازی بووم".

بۆ بەیانییەکەی، بەر لە خۆر ئاوابوون، فریاد ماڵی ڕەحمانی دۆزییەوە و لە دەرگای دا، ئایشەخان دەرگاکەی کردەوە و یەکسەر فریادی ناسییەوە و وتی: "فەرموو، کاک فریادی وا نییە".

فریادیش چاک و خۆشییەکی گەرمی لەگەڵ کرد و وتی: "بەڵێ هەوم باش بوو منت ناسییەوە، ئەدی کاک ڕەحمان لە ماڵە".

ئایشەخان: "ئێستا دێتەوە، جارێ فەرموو دانیشە. یاخوا بەخێر بێی، خۆ شوکر باشی".

پاش چەند خولەکێک کاک ڕەحمان هاتەوە و بینی فریاد هاتووە و چاوەڕێی ئەم

دەکەن. بەخێر هاتنی کرد و وتی: "کاک فریاد ئێستا دەڕۆین".

فریاد: " باشە وادەچم تەکسییەک دێنم و دەڕۆین". دیاربوو نەیدەزانی کە کاک ڕەحمان سەیارەی خۆی هەیە.

ڕەحمان: "کاک فریاد، بە سەیارەی خۆمان دەچین".

هەموو حازر بوون و چوونە ماڵی فریاد. ئەو ئێوارەیە فریاد بە خۆی و شیرینی هاوسەرییەوە، گەلێک خزمەتیان کردن. لە دوای نانخواردن، فریاد، باسی ئەو کچەی بۆ کردن کە لە مهاباد لە بەر دەرگای قوتابخانەکە، لەگەڵ بەختیار بینیبوویان و وتی: "کاک ڕەحمان، دەزانی ئێستاش سوێند دەخۆم کە ئەو کچە چراخان بوو، خوشکی هاوڕێیەکی نزیکی منە".

کاک ڕەحمان و ئایشەخان، سەیرێکی یەکدییان کرد و زانییان، فریاد، بە تەواوی سەربردەی ژیانی چراخان دەزانێت، بەڵام بە سەرخۆیان نەهێنا کە ئەو کچەی ناوی مینا بووە، لە ڕاستیدا چراخان بووە.

کاک ڕەحمان ویستی زیاتر پێ بکەوێ کە داخوا، پەیوەندی فریاد بە چراخانەوە چییە. بۆیە لە سەرەخۆ وتی: "من شتێک لە بارەی ئەو چراخانە دەزانم، بەڵام حەزدەکەم تۆ لە سەر ئەو کچەی کە تۆ دەیناسی، زیاتر قسەم بۆ بکەی، بزانم ئەوان چ کەسێکن و خزمی تۆن یان نا".

فریاد بە دوور و درێژی، باسی چراخانی بۆ کردن و وتی: "من، لەگەڵ براکەیدا، ڕزگارمان کردووە و لە ڕێگەی ناسیاوەکانمان، ڕەوانی ئەودیومان کردووە".

فریاد کە مەدحی چراخانی دەکرد، هەمان ئەو ڕەوشتانەی لێ باس دەکرد کە ئەوان پێی ئاشنا ببوون، هەروەها وتی: "تەنها من و شاسواری برای چراخان دەزانین کە ئەو کچە نەکوژراوە، بەڵام ئێمەش نازانین کە داخوا چارەنووسی بە چی گەیشتووە".

کاک ڕەحمان وتی: " باشە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کچە پەیدا بێتەوە، کەسوکارەکەی چی دەڵێن".

فریاد: " ئێستا خەڵکی گوندەکە، بە چاک و خراپیانەوە شایەتی بۆ پاکیی ئەو کچە



دەدەن پێیان وایە کە غەدرێکی گەورەی لێ کراوە. ئێستا باوکی کچەکە، خەریکە شێت دەبێ. شەو و ڕۆژ لە بەر خۆیەوە دەگریێ و دەڵێ: "چرا بمبوورە. ئای خەڵکینە چۆن بە دەستی خۆم ئاگرم لە هەناوی خۆم بەردا!".

کاک ڕەحمان: " باشە دەکرێ برایەکەی ئەو کچەم پێ بناسێنی. ئەگەر بزانم کوڕێکی چاکە، منیش دەتوانم یارمەتی بدەم بۆ ئەوەی سۆراخێکی خوشکەکەی بکات".

فریاد: "بەڕاستی کاک ڕەحمان، ئەگەر ئەو چاکەیەمان لەگەڵ بکەی پێڵاوەکەت دەخەینە سەر چاومان. من بەیانی دەچمە لای شاسوار و دەیهێنمە لای تۆ، قسەی لەگەڵ بکە".

کاک ڕەحمان: " سبەی ئێوارێ هەردووکتان، وەرن بۆ ماڵی ئێمە".

فریاد: " زۆر باشە، لە لایەن ئێمەوە خەمتان نەبێ کەس، بەو مەسەلەیە نازانێ".

ڕەحمان کە گەڕایەوە ماڵێ بە ئایشەخانی وت: "ئێمە تازە خزمی ئەوانەین و پێویستە بیانناسین، چونکە ڕۆژێک دێت، بەختیار و چراخان بێنەوە، ئەو وەختە هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت. بەڵام تا لێیان دڵنیا نەبین، خۆمانیان بۆ ئاشکرا ناکەین. من پێم باشە، ئەو کاک فریادە، لە هەموو شتێک ئاگادار بێت، چونکە پیاوێکی جوامێر و زانایە و هەر ئەو هانی شاسواری داوە کە چراخان نەکوژێ و ئازادی بکات".

ئایشەخان: "پیاوەکە، ئەوانە عەشایەرن، پێویستە زۆر بە هێمنی و لە سەرەخۆ، تێیان بگەین".

بۆ بەیانی، فریاد سبەینێ زوو چووە ماڵی شاسوار و مەسەلەکەی تێگەیاند. شاسوار کە خەبەرەکەی بیست، زۆر بە پەلە بوو ئێوارە دابێ و بچنە ماڵی کاک ڕەحمان. پێشی ئێوارێ چووە ماڵی فریاد. پاش نانی ئێوارە، پێکەوە چوونە ماڵی کاک ڕەحمان. فریاد، کاک ڕەحمان و شاسواری پێک ناساند و هەموویان دانیشتن. ئایشەخانیش بەخێرهاتنی کردن و زەینی دایە شاسوار، ئاکار و خوێنی زۆر لە چراخان دەچوو، بۆیە دڵنیا بوو کە برای چراخانە.

فریاد، لە دوای چای خواردنەوە وتی: "کاک ڕەحمان، ئەوە کاک شاسوارە، برای

ئەو کچەیە کە ناوی چراخانە، ئێستا من بەجێتان دێڵم و ئێوەش قسەی خۆتان بکەن".

کاک ڕەحمان: " جا کاک فریاد، ئێمە، چ شتێکی نهێنیمان نییە، لە تۆی بشارینەوە، دەبێ تۆ ئاگاداری هەموو مەسەلەیەک بیت". پاشان ڕووی لە شاسوار کرد و وتی: " کاک شاسوار، لەوە دەچێ تۆش، وەک کاک فریاد ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بیت، حەز دەکەم ئەو کارەساتەی کە دوانزە ساڵ لەمەو پێش لە خانەوادەکەی ئێوە ڕووی داوە، بۆم باس بکەیت. ئەو وەختە، ئەگەر بگەمە قەناعەت کە ئەو بەسەرهاتەی من دەیزانم، هەمان ڕووداوەکەی خوشکەکەی تۆیە، ئەوا دەتوانم یارمەتیت بدەم و سۆراخێکی ئەو کچەت دەستکەوێ".

شاسوار، زۆر بە وردی کێشەکانی ماڵی خۆیانی، هەر لە نەمانی دایکییەوە، تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ فریاد، چراخانیان، ئاوای ئەودیو کرد، گێڕایەوە. لەدوا بەشی قسەکانیدا کە چۆنیەتی بەڕێکردنی چراخان بوو، لە دەست خۆی نەماو دەستی بەگریان کرد. پاشان هاتەوە قسە و گەلێک سەرزەنشتی خۆی کرد کە نەدەبوو ئەو کاتە، بەگوێی باوکی بکا و لە خزمانی گوندەکەشیان بترسێ. دەبوو چراخان بباتە ماڵی خۆی و منەتی کەسیش نەزانێ. ئەم لە پاکیزەیی چراخان، بێگومان بوو. پاشان باسی باوکی کرد کە لە دوای نەمانی چراخان، چی بەسەر هاتووە و هەموو ڕۆژێ، وەک شێت بۆی دەگریێ.

کاک ڕەحمان: "بە فرمێسکەکانی شاسوار هیچ ترسێکی نەما و وتی: باشە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەو خوشکەی تۆ بگەڕێتەوە نایکوژن. کێ گرەنتی ئەوە دەکات کە خزمەکانتان تازە، ئەو کچە قبووڵ دەکەن و بە هەمان چارەنووسی ناگەیەنن".

شاسوار: " کاک ڕەحمان، ئەو ڕۆژە بە سەرچوو کە ئێمە بە گوێی خەڵکی عەشایەر و نەزان بکەین. من هەر ئێستا، دەسەڵاتم هەیە، تۆڵەی خوشکەکەم بکەمەوە، بەڵام کە نەزانم ماوە یان نا چی بکەم. ئەگەر جارێکی تر چراخان بێتەوە و بە ئێمە ڕازی بێت، بە هەموو خزم و کەسوکارمانەوە، داوای لێبووردنی لێ دەکەین و خزمەتی دەکەین، چونکە لە هەموومان بە شەرەفتر و مەردتر بوو. ئێمە خزمەتکاری ئەو خانەوادەیەشین کە باوەشی بۆ کردۆتەوە و ژیانیان پێی بەخشیوە و هەتا لە



ژیانداین، ئەو چاکەیەیان لە بیر ناکەین. بێگومان ئەو خانەوادەیە، زۆر لە ئێمە مرۆڤپەروەرتر و بە ویژدانترن. بریا هەموو خەڵکی کوردستان وا دەبوون، ئەگەر چرا بێتەوە (بە گریانەوە) پێڵاوەکانی لەسەر چاوم دادەنێم".

کاک ڕەحمان، سەیرێکی ئایشەخانی کرد و وتی: "کاک فریاد، کاک شاسوار، من ئێوە بە پیاو دەزانم، بۆیە لە بارەی چراخانەوە نهێنییەکتان پێ دەڵێم. بەڵام بەو مەرجەی کە لە لای کەس باسی نەکەن تا ڕۆژی خۆی. ڕاستییەکەی ئەوەیە: ئەو کچەی کە کاک فریاد، لە بەردەم قوتابخانەکەی مهاباد بینیبووی، چراخان بوو. ئەو ڕۆژەی کە چراخان، ئاوای ئەودیو کرا، بردیانە ماڵی کابرایەک بە ناوی کاک سمایل. ئەویش لەبەر هەبوونی مەترسی لە سەر ژیانی کچە، دەیباتە ماڵی (فەرهادی برای) لە مهاباد. ئەو کاک فەرهادەی کە ئێمە، لە دوکانەکەی دانیشتبووین، کاک فریاد. ماوەی سێ ساڵ، وەک گوڵ بەخێویان کرد و لە سەر ناوی برازاکەی (مینا) لە بەر خوێندنیان دانا. دوای ئەوە ئێمە ناسیمان و زانیمان کە کچێکی ڕێکوپێکە، بۆ بەختیاری کوڕم، داخوازیمان کرد و بووە کەسی ئێمە. ئێستاش لە هەموو کەسێکمان خۆشتر دەوێ. وەک وتم چراخان، بە قاچاخ لەوێ بوو و بە ناوی برازاکەی کاک فەرهاد دەیخوێند. هەموومان لەوە دەترساین کە نەبادا ئەو نهێنییە ئاشکرا ببێ و دەوڵەت پێی بزانێ، بۆیە خانەوادەی هەردوولامان پێمان باش بوو، بەختیار و چراخان، ڕەوانی ئەورووپا بکەین. ئەو ئەرکەش کاک فەرهاد گرتییە ئەستۆی خۆی، ئەگەرنا ئێمە، لەوێ هیچمان پێ نەدەکرا. هەنووکەش ئەوان، هەردووکیان هاوسەری یەکدین و لە سوێد دەژین. زیاتر لە هەشت ساڵە لێمان دوورکەوتینەوە و خەبەریان نازانین. بەڵام زۆر خەڵکی دی ئاوا خەبەری نەبووە و ئێستا بە دیار دەکەونەوە".

شاسوار هەستایە سەر پێ و دەستی کاک ڕەحمانی ماچ کرد و وتی: "کاک ڕەحمان، ئێستا ئێمە خزم و کەسی یەکدین، تۆ مام و من برازا. تا ئەو ڕۆژەی ئەوان پەیدا دەبنەوە، ئێمە باسی هیچ ناکەین وەختێک هاتنەوەش، من یەکەم کەسم کە بەختیار ماچ دەکەم و پیرۆزبایی لێ دەکەم. ئاخر کچ و کوڕی عاقڵ و بە ئەخلاق، هەر بۆ یەکدی باشن. بە خوا چراخان، لەبەر دەستی ئێمە بووایە، خەسارمان

دەکرد. ئێستا وا هەست دەکەم، ئەو کچە بەخت یاوەری بوو، بۆیە خوا لە دەست ئێمە ڕزگاری کرد. ئاخر جەماعەت، ئێمە دڕندە بووین، نەک ئینسان. من هەر لە ئێستاوە داوا دەکەم بە کوڕی خۆتانم قبووڵ بکەن. من بە ماڵ و بە گیان، سەرم لە ڕێتانە. ئێوە، تاجی سەری ئێمەن!".

کاک فریاد وتی: " منیش هاوڕێیەکی نزیکی کاک شاسوارم و ماڵەکەم پێ دەزانن. لەمەودوا، تۆ مامی منی و هەر کارێکت بە من هەبوو، وابزانە بە بەختیاری دەکەی".

کاک ڕەحمان: " زۆر سوپاستان دەکەم، حەزدەکەم زوو زوو یەکدی ببینین، وا بزانم باری سیاسیشمان زۆر باش نییە، بەتایبەتی بەینی هەردوو حزبە گەورەکە".

شاسوار وتی: " کاک ڕەحمان، من لێرە، بەرپرسی گەڕەکێکم و زۆربەی بەرپرسەکان دەناسم. ئێمە خزمی یەکین و تۆ چاوی ئێمەی. ئەگەر خوانەخواستە، هەستت بە مەترسییەک کرد، هەر زوو خەبەری برازای خۆت بدە، تۆ خەمی هیچت نەبێ، تازە ئێرە ماڵە مامی منە. سبەی ئێوارێش هەمووتان لەگەڵ کاک فریاد، داوەتی ئێمەن".

فریاد و شاسوار، ئەو شەوە لە هەموو شتێک حاڵی بوون و چارەنووسی چراخانیان بۆ ڕوون بووەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، لە دوای نانخواردن، گەلێک مەسەلەی جۆرا و جۆریان باس کرد و زیاتر شارەزاییان لە بەرامبەر یەکدی پەیدا کرد.

ئەو شەوە، شلێریش هەندێک لە مەسەلەی چراخان تێگەیشت، بەڵام لە شوێنی خۆی حەپەسابوو، چونکێ نەیدەزانی بۆچی پاش ئەو هەموو ساڵە، چراخان ناوی کەوتۆتە سەر زاران. لە بیری خۆیدا دەیگوت: ئەدی دوازدە ساڵ بەر لە ئێستا، نەیانکوشت. کە میوانەکان ڕۆیشتن، خۆی پێ نەگیرا و بە شاسواری وت: "ئەرێ شاسوار، دەڵێی نهێنییەک هەیە، لە منی دەشاریتەوە. پێم بڵێ، بۆچی ئەوەندە باسی چراخانتان دەکرد. لە پاش مردنیشی هەر وازی لێ ناهێنن".

شاسوار: " شلێر وەرە با شتێکت پێ بڵێم، وەختی خۆی من دڵم نەهات چراخان بکوژم و ڕەوانی ئەودیوم کرد، ئێستاش خەبەری هەیە و بەتەماین بەم زووانە بێتەوە. بەڵام هەتا ئەو ڕۆژەی دێتەوە، نابێ کەس ئەم نهێنییە بزانێ. تۆش لە دوای کاک



فریاد یەکەم کەسی ئەم ڕاستییە دەزانی".

شلێر: " ئەی خودایە بە قوربانت بم. بەس چراخان ساغ و سەلامەت بێ، حەزدەکەی دەبمە نۆکەری. دەزانی کچێکی چەند عاقڵ و بە ئەدەب بوو. خۆ دەمزانی ئەو تاوانە لە پیاوەکەی من ناوەشێتەوە! (دەستی کردە گریان)".

شاسوار: " شلێر گیان، جارێ لە بیری خۆتی ببەوە، تا ئەو ڕۆژەی دێتەوە لامان".

٧١

لە سەرەتای مانگی شەشی ساڵی (١٩٩٣)دا، چراخان کۆلێژی پزیشکی تەواو کرد. ئەو مانگەی دوایی، زۆر هەستی بە ماندوویێتی و وەڕسبوون دەکرد، چونکە زگەکەی گەیشتبووە ناو مانگی پێنجەمی خۆی. دوای ئەوەی لە خوێندن دەستی بەربوو کەوتە حەسانەوە و بایەخدان بە تەندروستی خۆی و کۆرپەڵەکەی. زوو زوو سەردانی دکتۆری پسپۆڕی دەکرد و ڕێنمایی لێ وەردەگرت. لە دواهەمین ڕۆژانی مانگی ئەیلول، لە ژێر چاوەدێری تاقمێک لە پزیشکانی پسپۆڕ، بە شێوەیەکی ئاسایی زگەکەی دانا و کچێکیان بوو. کە گەڕانەوە ماڵێ، بۆ ئێوارەکەی ڕێبوار و ڕۆژگار، سەردانیان کردن و پیرۆزباییان لێ کردن.

هەر ئەو شەوە، ڕێبوار بە بەختیاری گوت: " کاک بەختیار، بە تەمامە، پاش دوو ڕۆژی دیکە، بگەڕێمەوە کوردستان. ئەگەر ئیشێک، کارێکتان هەبێ، تا بۆتان جێبەجێ بکەم".

بەختیار: "ڕاستییەکەی، ئەوە زیاتر لە هەشت ساڵە، خەبەری کەسوکارمان نییە، ئەگەر بتوانی خەبەری ئێمە، بگەینیتە ماڵەوەمان، واتە ئەوا گەورەترین چاکەمان لەگەڵ دەکەی و خزمەکانیشمان خەنی دەبن".

ڕێبوار: "ئێوە سبەی تا ئێوارەتان لە بەردەستە، نامە بنووسن و ناونیشانی تەواوم بدەنێ، من بۆتان دەگەینمە جێ. خەمتان نەبێ زۆر شارەزای گەڕەکەکانی شاری سلێمانیم. هەر سووکە تاریفێکم بۆ بکەن، من دەیاندۆزمەوە".

بەختیار: "زۆر چاکە، ئێمە سوپاست دەکەین".

ئەو شەوە بەختیار و چراخان، گەلێک لە کۆرپەکەیان ڕادەمان و ڕەحمیان بۆی

دەجوولا. ڕۆژگاریش، سەری لێ نەدەبڕین و چراخانی فێرکرد کە چۆن منداڵەکەی بلاوێنێ.

چراخان، هەستی دەکرد شیر پەڕیوەتە مەمکەکانی، بەڵام نەیدەزانی چۆن وا بکات بەبەکەی بە دەم گۆپکەی بگرێت. بۆ ئەم کێشەیەش، ڕۆژگار یارمەتی دا و منداڵەکەش کەوتە مژینی شیرەکەی.

درەنگی شەوێ، بەختیار، لە خۆشییان و لە بەر بەزەیی هاتنەوەی بە چراخان، خەوی نەدەهات. هەر لەو ماوەیەدا بیری لە نووسینی نامە دەکردەوە، چووە لای چراخان و پێی وت: "چراخان، من پێم باشە هەردووکمان نامە بنووسین، من، بۆ باوکم و تۆش بۆ شاسوار. ئەگەر کاک ڕێبوار، لەو دووانە یەکێکیان بدۆزێتەوە، زۆر باشە".

چراخان: " زۆر باشە، بەڵام پێکەوە لەسەر نامەکان ئیمزا دەکەین. من ناونیشانی ماڵی شاسوار دەزانم، ئەگەر لە شوێنی خۆیان مابن".

بۆ بەیانی هەر یەکە و نامەیەکیان نووسی:

نامەی بەختیار بۆ باوکی:

باوکە گیان، ئەو کاتەتان باش. ئێمە زۆر باشین و هیچ کێشەیەکمان نییە، تەنها دووری ئێوە نەبێت، چونکە زۆر غەریبیتان دەکەین. من و چراخان خوێندنمان تەواو کردووە. ئێستا چراخان، کۆلێژی پزیشکی تەواو کردووە و منیش، ماستەرم لە ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە. کچێکی جوانمان هەیە و ناومان لێناوە (مینا). لە نزیکترین دەرفەتدا، سەردانتان دەکەین. تکایە لەگەڵ کاک ڕێبوار، وەڵامی نامەکانمان بدەنەوە، چونکە زۆر پەرێشانی خەبەری ئێوەین.. ئیتر بمینێن بەخێر.

بەختیار ڕەحمان

چراخان زەینەدین

١٩٩٣/٩/٢٩



نامەی چراخان بۆ شاسوار:

برای ئازیز و خۆشەویستم، شاسوار گیان.

چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم ساغ و سەلامەت بن. سڵاوم بۆ کاک فریادی برا و ئازیزم هەیە. دەزانم هەنووکە زۆر پەرێشانی خەبەرێکی منن. ئێمە زۆر باشین باوکم و خزمەکان چۆنن، من لەگەڵ ئەو غەدرە گەورەیەش کە لێمی کرد، دەیبوورم و دەستی ماچ دەکەم، چونکە خەتا لەو نییە، بەڵکو خەتا لەو کولتوورەیە کە ئەوی بەو شێوەیە بەرهەم هێناوە. ئێمە لە نزیکترین کاتدا، بە نیازی سەردانی کوردستانین. لەوانە، ماڵی باوکی بەختیار (ڕەحمان عەلی) ئێستا لە سلێمانی بن، ئەگەر دۆزیتەوە، ڕێزیان لێ بگرە و یارمەتییان بدە، چونکە ئەوانیش، زۆریان قوربانی بۆ من داوە. چاوی منداڵەکانت ماچ دەکەم و لە جیاتی من، شلێرخان ماچ بکە و هەواڵی دەپرسم. ئیتر بە ئومێدی بە یەک شادبوونەوە.

چراخان زەینەدین

بەختیار ڕەحمان

١٩٩٣/٩/٢٩

ڕۆژی دواتر، ڕێبوار و ڕۆژگار پاش ئێوارێ چوونە سەردانی چرا و بەختیار. هەردوو نامەکە و ناونیشانی باوکی بەختیار و شاسواریان وەرگرت و ڕێبوار وتی: "کاک بەختیار من بەیانی سەفەر دەکەم. ڕۆژگار و منداڵەکان ئامانەتی ئێوە بن. ئینشەڵڵا نامەکان دەگەینمە شوێنی خۆیان و وەڵامیشتان بۆ دێنمەوە".

بەختیار: "من حەز دەکەم، ئەو ماوەیە، ڕۆژگار و منداڵەکان لای ئێمە بن و چاوێکیان لە چراخان بێت".

ڕێبوار: "زۆر باشە، ئیتر ڕۆژگار لە نێوان ماڵی خۆی و ماڵی براکەی کەیفی خۆیەتی".

٧٢

بەیانی، لە دوای نیوەڕۆ، وادەی فڕینی فڕۆکە بوو. ئەو ڕۆژە، ڕێبوار بۆ ئێوارەکەی گەیشتەوە تاران. شەوێ لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە موسافیرخانەیەک مانەوە. بۆ بەیانیش، سبەینە زوو ڕووەو کوردستان بەڕێ کەوت و بۆ شەوەکەی، لە شاری مەریوان مایەوە. ڕۆژی دواتر لەگەڵ چەند کەسێکی تر، بەسواری ماشێنێک بەرەو مەرزەکان ڕۆیشتن. سەعات دوانزەی نیوەڕۆ گەیشتە سلێمانی و بەکەسوکاری شاد بووەوە. شەو و ڕۆژێک لەماڵی باوکی، هەر لە پێشوازی میوانەکانیدا بوو، بۆیە نەیتوانی ماڵی باوکی بەجێ بێڵێ. دوای ئەوە لە دەرفەتێکدا، بە ئامانجی برای وت کە بە سەیارەکەیان بچنە تاقیبکردنی ماڵی شاسوار. وەختێک چوونە گەڕەکی بەختیاری، بە ئاسانی ماڵی شاسواریان دۆزییەوە. کە لە دەرگایان دا، شاسوار بە خۆی دەرگاکەی کردەوە و وتی: " فەرموو کاکە گیان بەخێر بێن".

ڕێبوار: " ماڵی کاک شاسوارە".

شاسوار: " بەڵێ هەوە، فەرموو وەرنە ژوورەوە".

ڕێبوار: " من، ناوم ڕێبوارە و لە دەرەوە هاتوومەتەوە. نامەیەکم لە چراخانەوە پێیە، بۆ ئێوە، فەرموو ئەوەش نامەکە". دایە دەستی.

شاسوار نەختێ ڕەنگی گۆڕا و نامەکەی وەرگرت. پاشان وتی: "یاخوا بەخێربێن، توخوا دە وەرنە ژوورەوە گەورەمان بکەن".

ڕێبوار: "بەخوا ئێستا ناتوانم، چونکە لە ماڵەوە میوانمان زۆرە و دەبێ ئەو نامەیەش بۆ باوکی بەختیار ببەم".

شاسوار: "نامەکە بدە من، هەر ئێستا بۆیان دەبەم. بەڵام کاک ڕێبوار، بەڵکە ناونیشانی ماڵی باوکتم بدەیتێ، لەوێ دێمە سەردانت و وەڵامی نامەکەت بۆ دینم".

ڕێبوار ناونیشانەکەی دایێ و وتی: "من تا حەفتەیەکی دی لێرەم، هەر کاتێک پێتان باشە وەرن، جارێ خواحافیز".

شاسوار: "خواحافیزتان بێت".

شاسوار نامەکەی چراخانی کردەوە و لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەی ماچ کرد و گریا.



شلێر بەو هەڵوێستەی شاسوار، سەرسام بوو و چووە لای وتی: "شاسوار، ئەوە بۆ دەگریت. بۆ ئەو کاغەزە ماچ دەکەی".

شاسوار: " شلێر گیان، دەزانی ئەوە نامەی کێیە. ها سەیری بکە.چراخان زەینەدین!".

چەندین جار نامەکەی دەخوێندەوە و ماچی دەکرد، پاشان وتی: "شلێر، دەزانی پاش ئەو هەموو ساڵە ئێستا خۆم بە مرۆڤ دەزانم. ئای لەو ڕۆژە خۆشە، وا دەزانم تازە لە دایک بوویمە. ئای چرای لە هەموومان بە غیرەتتر و لە هەموومان مەزنتر، چەند قەرزباری تۆمە". دەستی بە گریان کردەوە.

ئێوارێ، لە دوای نانخواردن، شاسوار، بە سەیارەکەی چووە ماڵی کاک ڕەحمان. کە لە دەرگای دا پاش کەمێک، ئایشەخان دەرگاکەی کردەوە و وتی: " فەرموو کاک شاسوار، وەرە ژوورێ".

شاسوار: "مزگێنیم دەوێ. خەبەرێکی خۆشم پێیە، بێ مزگێنی نایدرکێنم".

ئایشەخان: "دە کوڕم جارێ وەرە ژوورێ، ئەوساکە بخوازە ماڵی دنیایێ".

شاسوار کە خۆشیی لە دڵ و دەروونی دەباری، چووە ژوورێ و چاک و چۆنی لەگەڵ کاک ڕەحمان کرد. پاشان بە بزەوە، نامەکەی دایە دەستی کاک ڕەحمان و وتی: "ئەوەش نامەی ئەو دوو کەسەیە کە هەموومان چاوەڕێمان دەکرد".

کاک ڕەحمان، بە دەنگێکی بەرز، نامەکەی خوێندەوە، ئایشەخانیش هەلهەلەیەکی خۆشی هەڵدا و شاسواری ماچ کرد. دوای ئەوە ڕەحمان وتی: "ئافەرین بۆ زیرەکیتان، بڕوانامەی چەند گرنگیان بە دەست هێناوە. دڵم دەیگوت، ئەوانە هەردووکیان عاقڵ و ژیرن، دەبێ خەریکی کارێکی چاک بن. ئەوجا ئایشێ، کچێکیان هەیە دەزانی چ ناوێکیان لێی ناوە".

ئایشەخان: "کا پێم بڵێ هەی بە قوربانی بم".

ڕەحمان: "ناویان لێناوە (مینا) تۆ سەیرکە. ئەوانە، هەموو شتێکیان مانایەکی هەیە. بەم زووانەش بە نیازن دێنەوە".

ئایشەخان: ئای بە قوربانی خۆیان و کۆرپەکەیان بم. ئای لەو ڕۆژە خۆشەی کە چرا و کچەکەی لە باوەش دەگرم و تێر تێر ماچیان دەکەم".

شاسوار، لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵێ، بیری لە ڕێز و خۆشەویستی ئەو ماڵە بۆ چراخان دەکردەوە، بە پێچەوانەی خانەوادە نەزان و بیرتاریکەکەی خۆیان کە هەتا پێیان کرا، زوڵمیان لێی کرد. ئەم، چراخانی خۆشدەویست، بەڵام کە بۆیان گێڕایەوە، (مام فەرهاد و سەعادەت خان) چەندیان خۆش ویستووە و چۆن نازیان هەڵگرتووە و لێرەش بە چاوی خۆی دەبینێ کە کاک ڕەحمان و ئایشەخان، چەند خاتریان دەوێ و خۆیان بە قوربانی دەکەن، خۆی لە بەرچاو دەکەوت و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: توخوا ئێمەش مرۆڤین. تۆ سەیرکە کچی خۆمان بوو وەک بەڵایەک لێیمان دەڕوانی کەچی لە دوای ئەو بەدبەختییەی کە پێمان کرد لە لای ئەوانە چەند مەزن و خۆشەویستە. دەبووایە لە وەختی خۆیدا خۆمی لە سەر بە کوشت بدەم و نەیەڵم غەدری لێ بکرێ. ئاخر ئەوەندە ئینسانێکی مەردانە و بڕوا بەخۆ بوو، ئەو وەختەی من و فریاد قسەمان لەگەڵی کرد زۆر بوێرانە پاکانەی خۆی کرد و ئێمەی لە ئازادکردنی خۆی بێ منەت کرد. من هەرچەندە ئازادم کرد، بەڵام سەرگەردان کردنی ئەو مایەی سەربەرزی نییە بۆ من، بەڵکو نیشانەی ئەوەیە کە من کەسێکی بێ جەسارەت بوومە و خۆشەویستیم بۆ ئەو، تێکەڵ بە ترس و بڕوا بەخۆنەبوون ببوو. چراخان، بە هۆی لێهاتوویی و ڕەوشتی بەرزی خۆی، جوانترین دواڕۆژی بۆ خۆی نەخشاند. هەتا لە ماڵە باب و لە ژێر چەتری خانەوادەکەی خۆیدا بوو، بەشی ئەو هەر سەرکۆنە کردن بوو و وەک کۆیلەیەک ڕەفتاریان لەگەڵی دەکرد. بەر لەوەی ئەو بوختانەی بۆ هەڵبەستن، بە هۆی دڵڕەقی و نەزانی باوکم و بێ ویژدانی باوەژن، ناخۆشترین ژیانی بە سەردەبرد. ئەو وەختەش، من هەر نەمتوانی بەرگری لێ بکەم و لەو دۆزەخە ڕزگاری بکەم. تۆ سەیرکە. ئەوە هەڵوێستی ئێمەیە، لە بەرامبەر نزیکترین کەس و پاکترین کەس و خەتەرترین کێشەی کۆمەڵایەتی کەچی زۆر بێشەرمانە لافی شۆڕشگێڕی و مرۆڤدۆستی و نەهێشتنی ستەمی کۆمەڵایەتی لێ دەدەین. مەرج بێت کە چراخان هاتەوە، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی ئاواییەکەمان پێشوازی لێ بکەم. دەبێ لە بەرچاوی خێڵ و عەشیرەتدا، پاکیزەیی ئەو ڕابگەینم و تف لەو نەریتە ناشیرین و کولتوورە بۆگەنە بکەم کە سالانە سەدان چراخان دەکاتە قوربانیی گەمژەیی خۆی.



شاسوار، هەر ئەو شەوە بە شلێری وت: "شلێر دەزانی لە نامەکەی کاک ڕەحمان نووسیویانە کە چراخان کۆلێژی پزیشکی تەواو کردووە و ئێستا دکتۆرەیە! من تا سبەینێ سەبر ناگرم. هەر ئێستا دەچمە ماڵی کاک فریاد و نامەکەی چرای پێ نیشان دەدەم. کاک فریاد شایەنی هەموو شتێکی چاکەو شەریکی خەمی ئێمەیە. ئێستا خەبەری چراخان بزانی، بەقەد ئێمە دڵی خۆش دەبێت".

شلێر: " ئەرێ وەڵڵا شاسوار، هەقی خۆیەتی، هەر ئێستا بڕۆ مزگێنی بدەرێ، وا باشە ئەو یەکەم کەس بێت کە ئەو هەواڵەی دەدرێتێ".

شاسوار، بە سەیارەکەی بەچەند خولەکێک گەیشتە بەر دەرگای ماڵی فریاد. کە دەرگای لێ کراوە، چاوی بە فریاد کەوت وتی: "کاک فریاد مژدە، ئەوە نامەی چراخانە، تازە بە دەستم گەیشتووە. چراخان و بەختیار دوو نامەیان ناردووە بۆ من و کاک ڕەحمان، ئەمەیان نامەکەی منە".

فریاد نامەکەی وەرگرت و وتی: "تۆ وەرە ژوورەوە، ئێستا پێکەوە دەیخوێننەوە. لە مزگێنی ئەو خەبەرە خۆشە، دەبێ دیارییەکت بۆ بکڕم. بەڕاستی منەتم پێیە، ئەو خەبەرە خۆشەت دامێ".

هەردووکیان بەخۆشییەوە چوونە ژوورەوە و فریاد بە دەنگ نامەکەی خوێندەوەکە گەیشتە کۆتایی، نامەکەی ماچ کرد و وتی: "ئەوە چراخان سەلماندی کە ئەو شایەنی ژیانە و مرۆڤێکی مەزنە. ئای خودایە لەو کوردەوارییە دواکەوتووە کە قەدری ئەو گەوهەرە بەهادارە نازانێ. بەخوا شاسوار، چراخان، زۆر لەوە مەزنترە کە ئێمە تێی گەیشتبووین. ئەگەر ئەو کچە، لە نەتەوەیەکی پێشکەوتوو بووایە گەورەترین بلیمەتی لێ دەردەچوو. تۆ لە بیرتە کە بەڕێمان کرد چۆن لە ڕووی دەروونییەوە خۆی بۆ دڵڕەقی و بێویژدانیی ئەو بڕیارەی باوکت ئامادە کردبوو. لە بیرتە لە حوکمی ڕێسا کۆنەکانی خێڵ چەند بێ منەت بوو و بوێرانە لە بەرامبەر ئێمەدا پاکی خۆی سەلماند و خۆیشی بۆ مردن ئامادە کردبوو. ئاخر مەردایەتی ئەو لەوەدایە کە بەو منداڵییەی خۆیەوە بە تەنها بە پشتە خاکەناسێک دادگایی (نەدیم)ی کردبوو کەچی خەڵکە دواکەوتووەکەی ئێمە خەوی لێ کەوتووە و لە پاکی و ئازایی کچێکی وا ناگات. تۆ سەیرکە، باوکت چەند دڵڕەقانە داوای سەری چراخانی کرد، کەچی ئەو باوکی بە

تاوانباری ڕاستەقینە نازانێ و هۆکارەکەی بۆ کولتوورە دواکەوتوو و پڕ لە جەهالەتەکەی کۆمەڵگا دەگێڕێتەوە. هەر یەکێکی دیکە ئەوهای بە سەربێنن، بیر لە تۆڵە دەکاتەوە کەچی چراخان، لێکدانەوەی قووڵی بۆ دەکات و بە گژ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە چەقبەستووە تاریکخوازەکاندا دەچێتەوە. ئەو لە نامەکەیدا دەستێک ماچ دەکات کە لە دوای گەڕانەوەی لە سەفەری ماڵی خودا، تاکە شتێک لە چراخان خوازیار بوو، ئەویش پارچە قوماشێکی سوور بوو بە ڕەنگی خوێنی گەش و ئاڵی چراخان، وەک نیشانەی لە خاچدانی".

شاسوار: "دەزانی کاک فریاد هەنووکە چراخان دکتۆرەیە. لە نامەکی کاک ڕەحماندا ئەو خەبەرەشی تێدایە".

فریاد: "شاسوار گیان، ئەو کچە، هەروەک پێشتریش گوتم شایەنی هەموو شتێکە. بەڵام توخوا ئەو ڕۆژەی چرا بە سەردان دێتەوە زوو خەبەرم بدەرێ، بۆ ئەوەی ئەگەر زانیمان خەڵکانی نەفام و گەمژە گرفتی بۆ دروست دەکەن، من خۆم دەزانم چۆن پارێزگاری لێ دەکەم".

شاسوار: کاک فریاد با پێت بڵێم، وەختێک کە نامەکەم خوێندەوە، زۆر هەستم بە کەموکووڕی لە کەسێتی خۆم کرد. بەڕاستی خۆشەویستی و دڵسۆزی من، بۆ چراخان لەو ئاستەدا نەبوو کە خەڵکانی دیکەی نەناسیاو پێشکەشیان کردووە. من لە بەرامبەر چراخان خۆم بە شەرمەزار دەزانم، بەڵام مەرجم لەگەڵ خۆم کردووە کە هاتەوە، هەموو خەڵکی ئاواییەکەی خۆمان کۆ بکەمەوە و لە بەر چاوی هەمووان هاوار بکەم: خەڵکینە، نەعلەکانی چراخان، زۆر لەو داب و نەریتە پیرۆزترە کە ژیان بە کچی پاکیزەی وەک ئەو، ڕانابینێ و ئێوەش شانازی پێوە دەکەن".

فریاد: " من دزانم چراخان، مافی خۆیەتی زۆر زیاتریشی بۆ بکرێت، بەڵام دەبێ حسێبی ئەو مێگەلە نەزانەش بکەین کە تەقە بە تاریکە شەوەوە دەنێن. ساغ و سەلامەتی ئەوان پێویستە لە پێش هەموو شتێکەوە بێت و لە هەموو لایەکەوە پێویستە مسۆگەر بکرێت".

شاسوار: " کاک فریاد، من حسێبم بۆ هەموو ئەگەرێک کردووە و هیچ هەنگاوێکیش بێ پرسی تۆ هەڵناگرم".



## ٧٣

ڕۆژی چوارەم، لە دوای هاتنەوەی ڕێبوار، شاسوار، پاش نانخواردنی ئێوارە، سەردانی ماڵی باوکی ڕێبواری کرد. داوای لێ کرد کە بۆ ڕۆژی دواتر میوانداری بکا و لە ماڵی ئەوان بەیەکەوە نان بخۆن. لە سەرەتادا ڕێبوار داوای لێبووردنی کرد کە پێویست ناکات ئەو ئەرکە بخەنە ملی خۆیان، بەڵام بەهۆی جددییەتی شاسوار، دڵی نەرم بوو و بەڵێنی پێی دا کە بۆ بەیانی نیوەڕۆکەی لەگەڵ ئامانجی برای بچنە ماڵی ئەوان. شاسوار، بۆ ئەو داوەتە، کاک ڕەحمان و فریادیشی بانگ کرد و خواردنێکی چاک و هەمە جۆریان ئامادەکرد.

ئەو نیوەڕۆیە، لە دوای نانخواردن، گەلێک باسی دنیایان کرد. بەشی زۆری قسەکانیان لەسەر بەختیار و چراخان بوو. ڕێبوار کە پێشینەی ژیانی ئەوانی نەدەزانی، لە هەندێ بابەتی چیرۆکی ژیانی ئەوان هەر گوێی ڕادەگرت. وەختێک شاسوار لێی پرسی: "ئەرێ کاک ڕێبوار، ئێوە هەشت ساڵە لەوێ پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن، توخوا هەندێک باسی ژیانی ئەوانەمان بۆ ناکەی".

ڕێبوار: " بەڕاستی کاک شاسوار، ئێمە هەر لە کەمپی پەنابەرانەوە، پێکەوە گواسترایىنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئێستا لێی دەژین. لەو ڕۆژەوە، ئەوەندی ئێمە سەرنجی ئەو دوو کەسە دەدەین، لە کرێ و بێدەنگییان، لەڕەوشت بەرزییان لە قسە و ئاخاوتنە واتادارەکانیان، نموونەیان نییە. هەنووکە من، منداڵەکانی خۆم، لە ژێر چاودێری ئەوان بە جێهێشتووە. ئەوان هەردووکیان زۆر سەیرن، هەر دەڵێی لە دایک و باوکێک بووینە. هەموو شتێکیان لێک دەچێ. باوەڕ ناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دەنگی بەرز قسەیان لەگەڵ یەکتر کردبێت. ئەوەندە یەکدییان پێ گەورەیە لە هەموو هەڵسوکەوتێک ڕێز بۆ یەکتر دادەنێن. لە خوێندنیش ئەوەی من بزانم، هەردووکیان هەموو ساڵێک لە یەکەمەکان بوون. هەتا مامۆستاو خوێندکارە هاوڕێکانیشیان کە سوێدینە، زۆر ڕێزیان لێ دەنێن. با شتێکتان بۆ بگێڕمەوە: جارێکیان لە ئاهەنگێکدا گرەوی ڕێکترین و جوانترین دوو هاوسەر کرابوو، لەو ئاهەنگە، ئەوانیش داوەت کرابوون. بەبێ منافەسە، لە نێو ئەو هەموو خێزانانەدا ئەوان پلەی یەکەمیان بە دەست هێنابوو و دیارییەکیان لە شارەوانییەوە وەرگرتبوو!.

ئێمە هەر گرفتێکمان هەبێ، پرسیان پێ دەکەین و گوێ لە ئامۆژگارییەکانیان دەگرین. بەڕاستی دوو کەسی بە سەبر و لێهاتوون.

بەو مەدح و پێهەڵدانەی ڕێبوار، هەموویان دڵخۆش بوون و هەر کەس لەلای خۆیەوە شانازی پێوە دەکردن.

کاک ڕەحمان، ئەوەندە کەیف خۆش بوو، هەر کە ڕێبوار لە قسەکانی بووەوە، یەکسەر هەڵیدایێ و وتی: "جەماعەت بڕوا بکەن کە لە مەهابادیش بووین، هەموو ئەو خەڵکەی ئەوانیان دەناسی ڕایان وەک کاک ڕێبوار وا بوو. لە چەندین کەسمان بیستووە گوتوویەتی، ماشەڵڵا خوای گەورە دەڵێی ئەوانەی بۆ یەکتر دروست کردووە. من لەلای خۆمەوە هەر لە یەکەم ڕۆژ کە ئەو چراخانەم ناسی ڕەحمم بۆی جوولا و هەنووکەش لە منداڵەکانی خۆم خۆشتر دەوێ. ئێستا ئەوەندەی غەریبی وی دەکەین هی کچەکەی خۆمان ناکەین! هەموو جارێ کاک فەرهاد و سەعادەت خانیش، لەلای ئێمە دەیانوت: مینامان لە هەردوو کچەکەی خۆمان خۆشتر دەوێ. ئەو کاتەی کە بۆ تاران بەڕێمان کردن، سەعادەت خان لە سەرایی گریانی دا و دەیگوت: جا من سەبری خۆم بە کێ بێنم".

شاسوار لەلایەک لە مەدحکردنی چراخان تێر نەدەبوو، لە ژێرەوەش ڕقی بەرامبەر خۆی و خانەوادە و خزم و کەسیان ئەستوورتر دەبوو. بۆیە بێدەنگی لێ کرد و هاوبەشی ئەو مەدحکردنەی نەکرد. چونکێ پێی وا بوو ئەم، بەو ئەندازەیە مەرد نەبووە لە پاراستنی ژیانی چراخان و لەو بارەیەوە زمان کورتە. دوای ئەوە شاسوار وەڵامی نامەکانی دایە دەست ڕێبوار و میوانەکان هەستان و ماڵئاواییان کرد.

ڕێبوار، دوو ڕۆژ پێش وادەی گەڕانەوەی، لە ڕێگەی ئاسانکاریی مەکتەبی حزبەکانەوە، گەڕایەوە ئێران و ئەو ڕۆژە تا ئێوارە، لە نێو ماشێن بوو تا گەیشتە تاران. شەوێک لەوێ مایەوە و ڕۆژی دواتر وادەی فڕینی فڕۆکەکەی بوو. ئەو ڕۆژە، سەعات دەی شەو گەیشتەوە ستۆکهۆڵم. کە گەیشتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، درەنگی شەو بوو، بەڵام ڕۆژگار و منداڵەکانی لەگەڵ بەختیار و چراخان دانیشتبوون و لە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەمدا بوون.

کە لە پایەکان سەرکەوت و زەنگی شوقەکەی بەختیاری لێدا، دوای خولەکێک



بەختیار دەرگاکەی کردەوە و وتی: "یاخوا بەخێر بێیتەوە، هەر ئێستا باسی تۆمان دەکرد، منداڵەکان لە لای ئێمەن فەرموو". یەکتریان ماچ کرد و پاشان لە نێو هۆڵەکە، ڕۆژگاریش هاتە پێشوازی و بەخێرهاتنەوەی کرد. هەموویان چوونە ئەو ژوورەی کە چراخانی لێ بوو. کە ڕێبوار پێی نایە ژوورەوە، چراخان بە پێوە وەستابوو و چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی ئەمی دەکرد. بە گەرمی بەخێر هاتنەوەی کرد.

دوای ئەوەی هەموو دانیشتن، ڕێبوار دەستی بۆ جانتاکەی برد و نامەکانی دەرهێنا و وتی: "با جارێ دڵتان خۆش بکەم، دەزانم چاوەڕێی چی دەکەن!"

هەریەکەو نامەی خۆی دایێ. بەختیار و چراخان، کشومات، بە چاو کەوتنە خوێندنەوەی نامەکانیان، دیار بوو ناوەرۆکی نامەکان، دڵی هەردووکیانی خۆش کردبوو. چراخان زوو هەڵیدایێ و وتی: "بەختیار بوەستە، با جارێ من نامەکەی شاسوارتان بۆ بخوێنمەوە".

هەموو بێدەنگ بوون و گوێیان هەڵخست. چراخانیش بە دەنگێکی ناسک، لەسەرەخۆ نامەکەی خوێندەوە. پاشان لەسەر دەموچاوی دانا و ماچی کرد و وتی: "ئۆخەی، بۆنی کاکە شاسواری لێ دێت".

بەختیاریش وتی: " ئەوجا نۆرەی منە، با نامەکەی خۆمتان بۆ بخوێنمەوە". ئەویش بە هەمان شێوە نامەکەی خوێندەوەو پاشان وتی: "خۆ ئەوان خزمایەتییان گەرم کردووە و ئێستا چاوەڕێی گەڕانەوەی ئێمە دەکەن".

ڕێبوار، باسی داوەتەکەی ماڵی شاسواری بە درێژی گێڕایەوە. ئەو شەوە بەختیار و چراخان، ئەوەندە شادمان بوون، هەر ئەوەتە باڵیان نەدەگرت بۆ نیشتمان. چراخان وتی: "بەختیار گیان، دەزانی کەی سەردانی کوردستان دەکەین".

بەختیار: "چ وەختێک باشە".

چراخان: "لە دوای سەری ساڵ، دەچین هەفتەیەک لەوێ دەبین و پاشان دەگەڕێنەوە، بەڵام پێش ئەوەی بچینەوە سلێمانی، سەردانی مەهاباد دەکەین. ماڵی دایک و باوکی ڕاستەقینەم. شەوێک لەوێ دەبین، ئەوساکە دەچینەوە".

بەختیار: " زۆر چاکە، هەردەبێ وا بکەین، بەڵام ماڵی مام عەلی و زەهرا خانت لە بیر نەچێ".

بەختیار و چراخان کە لە هەموو بارودۆخەکان دڵنیا بوون، چاوەڕێی هاتنی سەریساڵی تازەیان دەکرد، بۆ ئەوەی سەفەری، بە کەسوکار شادبوونەوە، بکەن.

٧٤

چراخان و بەختیار، بەهۆی ڕێبوارەوە زانییان کە لە کوردستان گرانییە و دراوی عیراقی تووشی کەڵەکەبوونێکی لە ڕادەبەدەر بووە و لە بەرامبەر دۆلار و دراوە گرانبەهاکان، نرخی زۆر دابەزیوە. بۆیە بە چاکیان زانی، لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، بڕێکی باش پارە لەگەڵ خۆیان ببەن و یارمەتی کەسوکاریانی پێ بدەن. سەرەڕای ئەوەی هەندێ پارەیان پاشەکەوت کردبوو، بەختیار داوای لە چەند هاوڕێیەکی کرد کە هەندێ پارەی بە قەرز بدەنێ. لە ڕۆژی ١٩٩٤/١/٢ دا ئەوان بۆ تاران بەڕێ کەوتن. سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لە فڕۆکەخانەی تاران دابەزین. بە سواری تەکسییەک چوونە ماڵی (عەلی محەمەد زادە). کە لە دەرگایان دا، خزمەتکارەکەیان دەرگای کردەوە، بەڵام ژنە خزمەتکارەکەی جاران نەبوو. کە بەخێری هێنان، بەختیار وتی: " ماڵی کاک عەلییە، وا نییە".

خزمەتکار: "بەڵێ هەوە خۆیەتی".

بەختیار: ناهیدە خان لە ماڵەوەیە".

خزمەتکار: "بەڵێ لە ماڵە فەرموون". خۆی دایە لایەکی دەرگاکە و ئەوانیش بە خۆیان و جانتاکانیان چوونە ژوورێ و یەکسەر بۆ ژووری میوانان چوون و لەوێ دانیشتن. خزمەتکارەکە بە گورجی چووە لای ناهیدە خان و پێی وت: "ناهیدە خانم، میوانتان هاتووە، ژن و پیاوێکی گەنجن و منداڵێکی ساوایان پێیە".

ناهیدە خان کە لە جاران نەختێک لاوازتر خۆی نیشان دەدا، بۆ ژووری میوانان چوو. کە پێی نایە ژوورێ و چاوی بە بەختیار و چراخان کەوت، بەخێرهاتنی کردن و چراخانی ماچ کرد. وەختێک چراخان پێی وت: "دادە ناهیدە دەڵێی نامانناسیتەوە".

ناهیدە خان، بە دەنگەکەی ئاشنا بۆوە و وتی: "ئەوە مینا گیان تۆی. ئەوەش بەختیارە، کچم بمبوورە، بەخوا یەکەم جار نەمناسینەوە، ئای کە زەینم کوێر بووە، یاخوا بەخێربێن. پاشان مینای بچکۆلەی وەرگرت و ماچی کرد و وتی: "ئای کە



جوان و خوێن شیرینە، هەر دەڵێی مینایە!".

بەختیار و چراخان، ئەحواڵی کاک عەلی و شیرین و بەهمەن و زەهرایان لە ناهیدە خان پرسی. ناهیدە خانیش وتی: "شوکر هەموو باشن، شیرین ئەوە سێ ساڵە شووی کردووە. بەهمەن و زەهراش، ئێستا ماڵیان لە شوێنێکی دیکەیە، هەنووکە تەلەفۆنیان بۆ دەکەم بێنە ئێرە. باوکی بەهمەنیش وەک جاران، هاتوچۆی نووسینگەکەی دەکات".

بەختیار: " توخوا ناهیدە خان، بەڵکە هەموویان ئاگادار بکەیتەوە، چونکێ ئێمە بەیانی زوو دەبێت بەرەو مەهاباد بکەوینە ڕێ".

ناهیدە خان: "بەخوا ئێمە زۆر جار باسی ئێوە دەکەین و باوکی بەهمەن هەموو جارێ دەڵێ: ئەوانە، وەک دوو فریشتە وابوون، خۆیان بە ئێمە نیشان دا و پاشان بزر بوون. جارێ زەهرا، هەر جارێک بێتە ئێرە، باسی مینا دەکات، ئای کە خۆشی دەوێ. بەهمەنیش دەڵێ: کەم پیاو هەیە ئەوەندەی مینا مەرد بێت کەم ژنیش هەیە وەک مینا جوان بێت!"

هەموویان لەگەڵ دوا قسەی ناهیدە خان، نەختێک پێکەنین، پاشان ناهیدە خان بە چراخانی وت: "مینا گیان، تۆ خۆت تەلەفۆنیان بۆ بکە، بزانە دەتناسنەوە".

چراخان هەستا و دەستی دایە تەلەفۆنەکە و ژمارەی ماڵی شیرینی لێدا، لەوێ شیرین هەڵی گرت: "ئەلۆ، فەرموو کێیە".

چراخان: " ئەو کاتەت باش، شیرین خان".

شیرین: "بەڵێ فەرموو کێ قسە دەکات".

چراخان: "شیرین گیان نامناسیتەوە".

شیرین: "تۆ زیبای هاوڕێمی، وانییە".

چرا: "نەخێر زیبا نییە".

شیرین: "تۆی مینا گیان، ئەوە لە کوێ تەلەفۆن دەکەی، وەزعت چۆنە کاک بەختیار چۆنە" .

چراخان: "شیرین گیان، ئێمە لەماڵی باوکتین، هەر ئێستا وەرە و خەبەری

هاوسەرەکەشت بدە".

شیرین: "هەر ئێستا دێم".

چراخان، ئەو جارە ژمارەی ماڵی زەهرای لێدا و پاش کەمێک، یەکێک هەڵی گرت، دەنگی لە منداڵ دەچوو.

منداڵەکە: "ئەلو فەرموو، کێ قسە دەکات".

چراخان: "ماڵی زەهراخانە".

منداڵەکە: "بەڵێ خۆیەتی بڵێم کێیە".

چراخان: "بڵێ مینا تۆی دەوێ".

لەیلای تەمەن حەوت ساڵە، بانگی دایکی کرد و وتی: "دایە گیان، خانمێک ناوی مینایە لە تەلەفۆنەکە تۆی دەوێ".

زەهرا، بە گورجی تەلەفۆنەکەی وەرگرت وتی: "فەرموو گیانەکەم".

چراخان: "زەهرا گیان چۆنی. ئەوە کچی خۆت بوو، قسەی دەکر، نامناسیتەوە ها!"

زەهرا: "مینا گیان، ئەوە تۆی، ئەحواڵتان چۆنە. کاک بەختیار لە چیدایە. کەی گەیشتنە ئێرە".

چراخان: "زەهرا گیان، تازە گەیشتووین، وا لە ماڵی باوکی بەهمەن، چاوەڕێی هاتنی ئێوە دەکەین".

زەهرا: "پاش کەمێکی تر دەگەینە لاتان، جارێ خوا حافیز".

چراخان کە تەلەفۆنەکەی داناوە، بە ناهیدە خانی وت: "کاک بەهمەن و زەهراخان، مناڵیان هەیە".

ناهیدە خان: "بەڵێ کچێکی جوانیان هەیە، تەمەنی حەوت ساڵە، ناوی لەیلایە، ئەرێ بەڕاست، ئەو کچە جوانەی ئێوە ناوی چییە".

چراخان: "ناوی مینایە".

ناهیدە خان: "چۆن دەبێ دایک و کچەکەی یەک ناویان هەبێ".

چراخان: " دادە ناهیدە، من ناوم چراخانە،. بەڵام بەرلەوەی سەفەر بکەین، ناوم



مینا بوو. چراخان، بە کورتی، چیرۆکی چراخان و مینای بۆ گێڕایەوە کە چۆن ماوەی سێ ساڵ بەو ناوە لە ئێراندا ژیاوە و خوێندوویەتی. ناهیدە کە لە مەسەلەکە گەیشت، وتی: "چراخان، ژیانی تۆ پێویستە بخرێتە ناو کتێبان و خەڵکی بیخوێننەوە،. هەتا دەرس و عەقڵی لێ فێربن، هەموو شتێک لە تۆدا مانای خۆی هەیە. بریا کچێکی وەکو تۆ ژیرمان هەبوایە".

چراخان: " دەستی لە ملی ناهیدە خان کرد و وتی: "جا بۆ بە کچی خۆتم قبووڵ ناکەی. منیش دەڵێم، خۆزگە دایکێکی میهرەبانی وەک ناهیدە خانم هەبووایە".

ناهیدە خان، کاریگەری قسەکەی چراخان کاری لێ کرد لێوی تەتەڵەی کرد و فرمێسک لە چاوەکانیدا هاتنە خوارێ. ئەو جارە چراخانی بە توندی لە باوەش گرت و ماچی کرد. پاشان وتی: "چرا گیان، لەزەتی یەک سات ژیان لەگەڵ تۆ، بەقەد لەزەتی هەموو تەمەنی خەڵکی دیکەیە. لەمەودوا، وا دەزانم دوو کچم هەن ئەوەی هەرە خۆشەویستەکەم لەدەرێ دەژی و ئەوی دیکەش لێرەیە".

بەختیار: " ناهیدە خان، دە منیش وەک بەهمەن بە کوڕی خۆت قبووڵ بکە".

ناهیدە: " کوڕە لە بەهمەن زیاتری، هەی ڕۆحم بە قوربانتان بێ. ئەوە چەند ساڵە لە خۆشییاندا نەگریاوم و ڕۆحم ئەوها ئاسوودە نەبووە وەکو ئێستاکە. یاخوا بەخێر بێنەوە".

دوای ئەو قسانە بەختیار تەلەفۆنی بۆ کاک عەلی کرد و پێی ڕاگەیاند کە ئەوان لە ماڵەوەن و چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەو دەکەن .

شیرین و زەهرا لە دوای سەعاتێک لە تەلەفۆنەکان هاتن. کاک عەلی و بەهمەنیش بۆ ئێواری هاتنەوە. ئەو شەوە چراخان بە بەر نەدەکەوت. لەلایەک ناهیدە خان و شیرین. لەلایەکی دی، زەهرا دەیویست باسی خۆی و مریەم و فەریدە و مەنسووری بۆ بکات. کاک عەلی و بەهمەن لەگەڵ بەختیار، خەریکی قسە و باس بوون.

ئەو شەوە، هەموویان لە چیرۆکی چراخان و مینا تێگەیشتن. مینای بچکۆلەش هەردەمێ لەسەر دەست و لە باوەشی یەکێک بوو.

دوو هەفتە بەر لە سەفەری گەڕانەوەی چراخان و بەختیار، مریەم سەردانی کردبوون. نامەیەک و چەند وێنەیەکی یادگاری خۆیانی بۆ زەهرا ڕەوان کردبووەوە.

یەکێ لەو وێنانە، وێنەیەکی چوار کەسی بوو، هی شەوی ئاهەنگی ئەڵقە گۆڕینەوەکەیان بوو، ئەو وەختەی کە چراخان و بەختیار، خەڵاتی جوانترین هاوسەریان وەرگرت، پێکەوە ئەو وێنەیەیان گرتبوو. لە پشتی وێنەکە نووسرابوو: یادگاری ئەڵقە گۆڕینەوەی مریەم و جەمشید ئەسفەهانی و هەڵبژاردنی بەختیار و چراخان، وەک جوانترین دوو هاوسەر.

زەهرا کە لە بارەی وێنەکەوە قسەی لەگەڵ کردن، بەختیار ناچاربوو تەواوی ئاهەنگەکەیان بۆ بگێڕێتەوە.

ئەو شەوە تا درەنگ دانیشتن و قسەیان کرد. پاشان بەهمەن و زەهرا، گەڕانەوە ماڵی خۆیان. بۆ بەیانیش، سبەینێ زوو، بەختیار و چراخان، خواحافیزییان کرد و بەرەو شوێنی ماشێنی هێڵی شارەکان چوون. ئەو ڕۆژە دنیا ئەوەندە سارد بوو، تفت هەڵدابایە دەمەیی. چراخان دەبووایە زۆر ئاگاداری مینا بێت و نەهێڵێت سەرمای بێت.

بۆ ئێوارەکەی گەیشتنەوە مەهاباد، ئەو دەمەی کە لەبەر دەرگای ماڵی کاک فەرهاد وەستابوون هێشتا خۆر ئاوا نەببوو. خولەکێک دوای لە دەرگادان. سەعادەت خان، دەرگاکەی کردەوە. کە چاوی بە بەختیار و چراخان کەوت، لە خۆشییان، چۆکی شل بوو و لە شوێنی خۆی بوورایەوە. بەختیار، زوو بنهەنگڵی گرت و ڕاستی کردەوە. خەریک بوو ئەو خۆشییەیان لێ ببێتە شین و واوەیلا. پاشان چراخان، زوو مینای بردە ژوورێ و گەڕایەوە سەر سەعادەت خان. لە پشتەوەڕا لە باوەشی کرد و بە دەستەکانی، نەختێک ڕوومەت و دەموچاوی شێلا و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "دادە سەعادەت، ئەوە منم چراخان، ئەوە بۆ وات لێ هات".

لەو دەمە شەوبۆ هات و نەیدەزانی مەسەلە چییە،. بەختیار و چراخانی ناسییەوە و خۆشییەک بە جەستەیدا گەڕا. بە تەما بوو بەگەرمی چاک و چۆنییان لەگەڵدا بکات، بەڵام کە بینی دایکی بووراوەتەوە و بە ئاستەم هەناسەی دێ، قوڕگی پڕ لە گریان بوو.

چراخان، دوو سێ جار گوێی بە سینەی سەعادەتەوە نا، زانی کە لێدانی دڵی ئاساییە و هەر ئەوەیە لە خۆشییان بووراوەتەوە، بۆیە وتی: "هیچ مەترسن، ئێستا



هۆشی دێتەوە و ئاسایی دەبێتەوە. لەگەڵ تەواو بوونی قسەکانی چراخان، سەعادەت چاوی هەڵهێنا و وتی: "ئەوە چی بووە، چیم لێ هاتووە". نەختێ لە چراخان ڕاما و بەبیری هاتەوە کە لەگەڵ یەکەم ساتەوەختی بینینی ئەو، لە خۆشییان هۆشی فڕیوە. یەکسەر وتی: "چراکەم، وەرە باوەشم، ئەی ڕۆحم بە قوربانت بێت". چراخان و شەوبۆ، خستیانە سەر پێ و بردیانە ژوورەوە، دیاربوو چاکتر دەبووەوە. ئەوساکە چراخان و بەختیار چاک و خۆشییان لەگەڵ سەعادەت خان و شەوبۆ کردەوە. سەعادەت خان پاش بەخۆهاتنەوەی، زیاتر لە دە جار چراخان و مینای ماچ کرد. چەند هەنگاوێک لە چرا دوور دەکەوتەوە و دەیگوت: "کا هەڵسەوە تێت ڕامێنم، بزانم کچی خۆم وەک جاران جوان و زەریفە".

چراخانیش دڵی نەدەشکاند و هەڵدەستایەوە سەر پێ و بە هەموو لایەک، خۆی بە سەعادەت نیشان دەدا. پاشان دەستی لە ملی کرد و ماچبارانی کرد و وتی: "ئەی ئازیزترین دایک. ئەی مەزنترین و میهرەبانترین دایک، تۆ نزیکترین کەسی منی. ئۆخەی کە ئەم جارەش، لە باوەشی تۆدا، خۆم بینییەوە. خودایە ئەو باوەشە چەند گەرم و پڕ لە ئەمانە".

سەعادەت لەگەڵ قسەکانی ئەودا، دەکەوتە گریان و سەری چرای دەخستە سەر نەرمەی سینگی و دەیلاواند. بە پەنجەکانیشی تاڵ تاڵ، قژی دادەهێنا.

کە کاک فەرهاد هاتەوە، بەختیار و چراخان، بە جووتە چوون دەرگایان کردەوە. هەر کە پێی نایە ژوورێ، یەکەم جار چراخان، خۆی هاوێشتە باوەشی و وتی: "یاخوا بەخێر بێیتەوە باوکی شیرینم، باوکی دڵ گەورە و جوامێرم".

فەرهادیش، وەک باوکێکی دڵسۆز، چراخانی ماچ کرد و دەستی بە سەردا هێنا. پاشان بەختیاریشی لە باوەش گرت و ماچی کرد و وتی: "ئای کە غەریبیم دەکردن، ئەمڕۆ ماڵەکەم چەند ئاوەدانە. خودایە دڵمان خۆش کەی". پاشان مینای بچکۆڵەی ماچ کرد و هەموو دانیشتن.

چراخان چاوی گێڕا، شەونم دیار نەبوو، وتی: دادە سەعادەت، ئەدی شەونم لە کوێیە".

سەعادەت خان: " شەونم لە ماڵی خۆیەتی، ئەوە هەشت ساڵە شووی کردووە.

دەزانی داومانەتە کێ؟ بەهرامی نازری هاوڕێتان. ئێستا تەلەفۆن بۆ ماڵی ئەوان و ساجیدەش دەکەم. بەڕاستی خانەوادەیەکی ڕێکوپێکن. هەموو جارێ، باوکی شەونم دەڵێ: هەر کەسێک، هاوڕێی چراخان (مینا) بێت، بێگومان کەسێکی کامڵ و تەواوە. هەر لە دوای ڕۆیشتنی ئێوە، بە چوار پێنج مانگێک، داوایان کرد و خوا کردیە نسیب".

چراخان و بەختیار هەردووکیان، بەو خەبەرە زۆر دڵخۆش بوون، چونکێ یەکترناسینی ئەو دوو خانەوادەیە، بە هۆی ئەوانەوە بوو.

سەعادەت خان، بە بەختیار و چراخانی وت: "نابێ بەیانی بڕۆنەوە. چونکە وا هەست دەکەم، (مینا) هیلاکە و دەترسم لەو مەرزانە، سەرمای ببێ. پاشان ئێمە، بەشەوێک لێتان تێر نابین".

ئەوانیش نەیانتوانی دڵی بشکێنن و ڕازی بوون کە بەیانی لەوێ بمێننەوە.

لە دوای نانخواردنی ئێوارە، ساجیدە و سامانی هاوسەری و شەونم و بەهرام پێکەوە، هاتنە ئەوێ. ئەو شەوە شەوی کۆڕی هاوڕێیان و دۆست و خۆشەویستان بوو. ساجیدە نازری زوو پرسیاری ئەوەی لێ کردن کە داخوا لە تاراوگە، ئەو هەشت ساڵەیان چۆن بەسەر بردووە. وەختێ بەختیار پێی وتن کە ئەم، ماستەری لە ئەدەب، بە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە و چراخانیش کۆلێژی پزیشکی تەواو کردووە، هەموویان پیرۆزباییان لێ کردن.

فەرهاد وتی: "لە دوای سەفەرکردنی ئێوە تەنها دوو جار هەواڵی ئێوەمان پێ گەیشتووە. جارێکیان چەند مانگێک لە دوای ڕۆیشتنتان، خەبەرم بۆ هات کە ئێوە بە سەلامەتی گەیشتوونەتە جێ. سێ ساڵ پاش ئەوە، هەر لە ڕێی کاک عەلییەوە خەبەرم بۆ هات کە ئێوە باشن و خەریکی خوێندنن. سوپاس بۆ خوا کە ئێستا چراخان دکتۆرەیە! بە ڕاستی کەیفم پێ هات".

بەختیار: " بەڵێ مامە، دکتۆرەیە و بە ئومێدین زیاتریش بخوێنێ. ڕاستییەکەی، چراخان چەند جارێک لەگەڵ مریەمی خوشکی زەهرا بە تەلەفۆن قسەی دەکرد و داوای لێ دەکرد کە لە ڕێگەی کاک عەلییەوە هەواڵی ئێمەتان بداتێ، بەڵام چونکە زەهرا ڕقی لە ماڵی خەزووری بوو خەبەرداری نەدەکردن".



سەعادەت خان وتی: " ساجیدە، کچی من، هەر زوو دیاربوو کەسێکی گەورەی لێ دەردەچێ".

شەونم و بەهرام، کوڕێکی سێ ساڵەیان هەبوو. ساجیدە نازریش کچێکی پێنج ساڵە. ئەو شەوە ماڵی کاک فەرهاد تژی گریانی پڕ لە بەرائەتی منداڵ و جموجۆڵی بێ پسانەوەیان ببوو.

بەختیار وتی: " واچاکە، بەیانی من بچمە مەریوان و بێمەوە. چونکێ نووسینگەی حزبەکانی لای خۆمان، وا بزانم لەوێ هەیە. دەبێ پسوولەی ڕێگەپێدانیان لێ وەربگرین. ئینشەڵڵا بۆ نیوەڕۆ دێمەوە".

سەعادەت خان: " زۆر باشە. گرنگ ئەوەیە، نایەڵم بەیانی چراخان لە من دابڕی. ئێوە نازانن چۆن بۆی دەسووتام. بڕوا بکەن کە چاوم پێیان کەوت لە خۆشییاندا، هەموو خوێنی دڵم بە جارێک قوڵپی دا بۆیێ بوورامەوە".

کاک فەرهاد: " جا بەختیار، ئێوە حسێبی هەموو شتێکتان کردووە کە دەچنەوە سلێمانی".

بەختیار: " بەڵێ مامە، دەزانم مەبەستت وەزعە تایبەتییەکەی چرایە. ئێستا هەموو شتێک ئاساییە و شاسواری برای چراخان لەگەڵ باوکم وەک کوڕ و باوک وانە. ئەوان، بەهۆی ئەو کاک فریادەی کە ئەو شەوە، لە ماڵی ئێمە بوو و ئێوەش هاتنە لای، ئەوە دوو ساڵە خزمایەتییان گەرمە. ئەو جوامێرە کەسێکی زۆر عاقڵ و تێگەیشتووە، هەر لە سەرەتاوە هاوڕێیەتی ئەو، بۆ شاسوار خێری داوەتەوە. کابرایەکە هەمیشە لە چاکەی خەڵکدایە.

ساجیدە و سامان و بەهرام، ئەو شەوە تێگەیشتن کە مینا، لە ئەسڵدا، ناوی چراخان بووە و کوردی عیراقە و بە ناوی مینای مام سمایل خوێندوویەتی.

ساجیدە وتی: " جەماعەت، من ئێستا دەزانم، ئەو چراخانە کەسێکی چەند مەزن و بڕوا بەخۆیە. ئەوەندەی فکر دەکەم، هەر کەسێکی دیکە لە شوێنی ئەو بووایە، نەیدەتوانی ئاوا سەرکەوتووانە، خۆشەویستی هەموان بۆ خۆی ڕاکێشێ و لەو تەنگژە دەروونییەدا، ئاوا زیرەک و لەسەرخۆ بێ. ئێمە زۆرمان چیرۆک و ڕۆمان خوێندۆتەوە و زۆر سەربردەی پێشینانمان گوێ لێ بووە، لە هەقیقەتدا هیچیان

خۆیان لە قەرەی چیرۆکی ژیانی چراخان نادەن".

درەنگی شەوێ میوانەکان چوونەوە و ساجیدە و شەونم وتیان" ئێمە بەیانی زوو دێینەوە".

سەعادەت خان وتی: " جەماعەت، سبەی هەموومان پێکەوە، نانی نیوەڕۆ دەخۆین، با ساجیدە و شەونم زوو بێنەوە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن لە ئامادەکردنی چێشت".

کە میوانەکان ڕۆیشتن، سەعادەت خان وتی: "ئەوجا ئێوە، بەختیار و چرا، بڕۆنەوە کۆنە ژوورەکەی (مینا)، دەزانم ماندوون و پێویستیتان بە ئیستراحەت هەیە".

ڕۆژی دواتر لەوێ مانەوە و ماندوویان حەسایەوە. فەرهاد و سەعادەت خانیش، ئەو ڕۆژە هەستیان بە جێگیری کەسایەتی خۆیان دەکرد کە کۆمەڵێک خەڵکی ڕێکوپێک، ئەمان بەگەورە و خاوەنی خۆیان دەزانن و ستایشی هەڵوێستە جوانەکانیان دەکەن. ئەوان هەردووکیان، مرۆڤی دڵ فرەوان و چاکەخواز بوون. قەت زمانیان بە خراپە نەدەگەڕا. حەزیان نەدەکرد لە ماڵی ئەواندا، غەیبەت و سەرزەنشتی هیچ کەسێک بکرێت. وەختێ دەستی یارمەتییان بۆ کەسێک درێژ دەکرد لە دەرووندا، ئارام دەبوونەوە. ئەوان دوو کەسی خانەدان و میهرەبانن، بۆیە هەر کەسێ ڕێی پێیان کەوتبێ، نائومێد نەدەبوو.

سەعادەت خان ئەو ڕۆژە، دەم نا دەمێ بانگی دەکرد: " مینا گیان. چرا گیان، کا دە وەرە، دەزانی ماچی چەند ساڵ قەرزاری. ئەگەر دەزانی چەند شەوان بە دیار ژیانی پڕ لە غوربەت و کارەساتباری تۆ خەو لە چاوانم تۆراون. ئەگەر دەزانی چەندە لە سووی دووری و بێخەویت گریاوم، قەت ئێستاکە، باوەشت بەجێ نەدەهێشتم. بێبەختی و نائارامیی لە ژیانی تۆدا، ئێمەی پەریشان کردبوو. هەنووکەش، شوکر خودایە زۆر شادمانم کە چارەنووسی کەوتە بەختی ئەو کوڕە چاکە و بەو وەزعە خۆشەوە دەیبینم".

چراخان کە زەینی دەدایە سەعادەت خان، ئەو هەموو میهر و بەزەییەی پێ دەبەخشێ، لە ناخیدا سۆزی خۆشەویستییەکی جاویدانی هەڵی دەکرد. ئەو هەموو کاتێک، خەمی ئەوەی بوو کە شەونم و شەوبۆ، نەکا ئیرەیی پێ ببەن و وا تێبگەن کە دایکیان، لە بەشی خۆشەویستی ئەوان، بەم دەبەخشێ. بۆیە لە ئەگەری ڕاستی ئەو



بۆچوونەی، بایەخی پێیان دەدا و هەوڵی نواندنی ڕۆڵی خوشکێکی دڵسۆز و وەفاداری دەدا. بەڵام لە ڕاستیدا شەونم و شەوبۆ، غیرەی ئەو بابەتەیان لە دەرووندا نەمابوو و لایان ئاسایی بوو کە دایکیان، ئەوەندە عەشقی کەسێتی و ڕەفتار و گوفتاری چراخانە. چونکە دەیانزانی سەعادەت خان هەر لە سروشتی خۆیدا، ژنێکی دڵ گەورەیە و جێگەی خۆشەویستی هەمووانی لێ دەبێتەوە.

چراخان، ئەو ڕۆژە زۆر پرسیاری لە بارەی تەندروستی و ئازاری جەستە لە سەعادەت خان کرد. گەلێک ئامۆژگاری و ڕێنوێنی پزیشکانەی خستە بەردەمی. ئەوەندە بەجددی و دڵسۆزانە، سەعادەتی لەسەر جێگە درێژ کردبوو و باسی ژانی هەناو و جومگەکانی بۆی دەکرد، واتدەزانی لە نێو تاقیگەی دانشگادایە. دڵی سەعادەتی دەدایەوە، بەوەی کە هەندێ لە ئازارەکانی، سروشتین و هەموو کەسێک هەیەتی و هەندێکیشیان، هی چوونە ناو تەمەن و کەم جووڵانەوەیە، ئەگەرنا ئەو جەستەیەکی ساغی هەیە و مەترسی تووشبوونی بە هیچ نەخۆشییەک، لە ئارادا نییە.

سەعادەت لە زیرەکی و زانیارییە بە نرخەکانی چراخان، سەرسام ببوو، بەڕای ئەم، لە هەموو مەهاباد دا، پزیشکێکی وەک ئەو، زیرەک و شارەزای لێ نەبوو. هێندەی کەیف بە قسەکانی چراخان دەهات، لەسەر جێگەکەی ڕاست بووەوە و وتی: "چرا گیان، واهەست دەکەم لەگەڵ دەست پێداهێنان و ئامۆژگارییە نرخدارەکانت، هەرچی ئازارە لە جەستەم کپ بووەتەوە و دەڵێی ئینشەڵڵا، شفام بۆ هاتووە".

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، نزیکەی سەعاتێک، لە مام فەرهادەوە بگرە تا شەوبۆ و هەموو میوانەکانیش، یەک بە یەک، بە نۆرە ڕوویان لە چراخان دەکرد و باسیان لە نەخۆشی و ئازاری جەستەیان دەکرد. چراخانیش، زۆر بە گرنگی پێدانەوە، گوێی لێ ڕادەگرتن، پاشان لە بارەی ئێش و ئازاری جەستەیان قسەی بۆ دەکردن.

مام فەرهاد، لە ژێر کاریگەری شێوازی قسە کردن و خەمخۆری و دڵسۆزانەی چراخاندا، حەپەسابوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خودا چ لێهاتوویی و مێشکێکی، بەو مرۆڤە بەخشیوە. خۆزگە لە شەونم و شەوبۆش، یەکێکیان ئاوا ژیر بوونایە، یاخوا چراخان هەر ڕووسوور و بەختەوەربی لە ژیانت!"

وەختی عەسرێ بوو کە ساجیدە و سامان و شەونم و بەهرام خواحافیزییان لێ کردن و بەرەو ماڵی خۆیان گەڕانەوە. بەختیار، لەو ساتەدا، بە بەهرامی وت: "بەهرام گیان. دەبێ لە جیاتی من بچیتە لای کاک فەرەیدون مورادی و ئەو نامەیەی بدەیتێ، بەخوا زۆر غەریبی دەکەین، بەڵام ئەوەندە کاتەمان لەبەر دەست نییە، بتوانین سەردانی بکەین".

بەهرام وتی: " بەسەر چاو، خەمت نەبێ خۆم لە لای ئەو پاکانەتان، بۆ دەکەم".

ئەو شەوەشیان لەلای مام فەرهاد و سەعادەت خان، بە خۆشی، بەڕێ کرد. بەیانی زوو کەوتنە خۆ و ماڵئاواییان لێ کردن و بۆ مەریوان بەڕێ کەوتن، لەوێش بەرەو مەرزی باشماخ چوونەوە. لەو وەختەی داخیلی خاکی کوردستانی باشوور بوون، تا گەیشتنە سلێمانی، بەختیار، ناوی گوند و چۆم و کێوەکانی، بە چراخان دەناساند. ئەو دەمەی گەیشتنە سلێمانی، سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو. هەردووکیان، لەو ڕێگە دوورە، خەمی ئەوەیان بوو، (مینا) سەرمای نەبێ و نەخۆش نەکەوێ.

بەختیار تەکسییەکی ڕاگرت و وتی: "کاکە گیان دەچینە لای باغی گشتی، لە بەرامبەر بینایەی حەسیب ساڵح".

کە لە تەکسییەکە دابەزین، بەختیار چووە بەردەم ئەو بارەگایەی کە باوکی دەوامی لێ دەکرد. لە دەرگاوانەکەی پرسی: " زەحمەت نەبێ، (ڕەحمان عەلی) لێرە دەوام دەکات".

پاسەوانەکە: " بەڵێ لێرە دەوام دەکات".

بەختیار: " ئێمە میوانی ئەوین، ئەگەر خەبەری بدەیتێ".

پاسەوانەکە: " ئەوەتە هیوای کوڕی لێرەیە. کاک هیوا، ئەو میوانانە پرسیاری باوکت دەکەن".

هیوا سەری بڵند کرد و ڕوانییە میوانەکان: "بەختیار گیان ئەوە ئێوەن". ڕایکردە لایان و یەکەم جار، بەختیاری لە باوەش کرد و بە هەناسەبڕکێوە، ماچی کرد. پاشان تۆقەی لەگەڵ چراخان کرد و وتی: "کاکە بەختیار، ئێستا دنیا سارد و سەرمایە، با جارێ بچینەوە ماڵێ، دوایی من دەگەڕێمەوە خەبەری باوکم دەدەم، ئەو ئێستا لێرە نییە".



بەختیار: "کەواتە با بڕۆین".

هیوا تەکسییەکی ڕاگرت و خۆی لە پێشەوە سواربوو، بەختیار و چراخانیش لە دواوە. هەر زوو ناونیشانی ماڵی خۆیان بە شوفێرەکە وت و بەڕێ کەوتن. هیوا لە خۆشییان نەدەحەجما. دەم نا دەمێ، ئاوڕی لێیان دەدایەوە و سەیرێکی (مینا)ی بچکۆلەی دەکرد. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد لە باوەشی بگرێ و ماچی بکات.

هەر کە گەیشتنە بەردەمی ماڵەکەیان، هیوا خێرا خێرا، لە دەرگای دا و بە دەنگیش هاواری دەکرد: "ئەو دەرگایە بکەنەوە، با میوانەکان، سەرمایان نەبێ. دایە گیان مزگێنیم دەوێ، خۆشەویستەکانت هاتنەوە!".

دەرگاکە کرایەوە. ئایشەخان کە چاوی بە بەختیار و چراخان و منداڵەکەی باوەشی کەوت، سەرەتا خۆی لە بەختیار نەگەیاند، بە دەنگێکی پڕ لە هەناسەی گریان، چراخانی بە کۆرپەکەیەوە لە باوەش گرت و وتی: ئای بە قوربانتان بم، ئەوە ئێوەن". چراخانی تێر ماچ کرد پاشان بەختیاریش. هەر لە بەر دەرگای حەوشەوە، (مینا)ی لە چراخان وەرگرت و بە سینگی خۆیەوە نووساندی و بۆنی دەکرد و دەیگوت: "ئەی ڕۆحم بە قوربانت بێ، داخوا لەو ڕێیە دوور و ناو بەفر و بەستەڵەکە، چەندی سەرما بووە. هەی گوڵە شیرینەکەم، هەی جوانترین دیاریی و سەرمایەی ژیانم!"

هەموویان بەرەو ژوورە گەورەکەی پێشەوە ڕۆیشتن. ئایشەخان، دووبارە بەختیار و چراخانی ماچ کردەوە.

هیوا، پاش کەمێک دانیشتن وتی: " من دەچم خەبەری باوکم دەدەم و پاشان دەچمە ماڵی کاک شاسوار". ڕۆیشت و ئەوانیش لەگەڵ ئایشەخان کەوتنە قسە و ئەحواڵ پرسین.

لە قسەکانی ئایشەخان دیار بوو کە هەموو شتێ ئاساییە و لەگەڵ شاسوار و کاک فریاد، خزمایەتییەکی گەرمیان دەست پێ کردووە.

هیوا وای پێ چاک بوو، یەکەم جار بچێتە ماڵی شاسوار، دوای ئەوە بگەڕێتەوە لای باوکی و لەگەڵ ئەودا بگەڕێنەوە ماڵەوە. کە گەیشتە ماڵی شاسوار، هەر لەبەر دەرگا بە شلێری وت: شلێرخان، ئەوا بەختیار و چراخان گەیشتوونەتە جێ،

هاتوومە خەبەرتان بدەمێ".

شلێر: "توخوا! یاخوا بەخێر بێنەوە. هەر ئێستا تەلەفۆن بۆ شاسوار دەکەم. وەڵڵاهی هیوا گیان، مزگێنیت کەوت".

هیوا بۆ لای باوکی گەڕایەوە و شلێریش، ژمارەی تەلەفۆنی بارەگاکەی شاسواری لێدا، شاسوار خۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت: " ئەلو، فەرموو کێیە".

شلێر: " شاسوار منم. ئەوا هەر ئێستا هیوای کاک ڕەحمان هات و خەبەری هاتنەوەی بەختیار و چراخانی هێنابوو. ئێستا وا لە ماڵی ئەوانن".

شاسوار: " هەر ئێستا دەگەمە لایان، جارێ خواحافیز".

تەلەفۆنەکەی دانایەوە و لە خۆشییان و لە غەریبی چراخان و لە شەرمی هەڵوێستی لەمێژینەی خۆی، لە هەمبەر چراخان، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و پێیەوە دیار بوو کە گۆڕانێکی دەروونی، لە ناخەوە، سروشتی ئەویان گۆڕی. ڕووی لە هاوڕێکانی کرد و وتی: "جەماعەت، من میوانێکی زۆر خۆشەویستم لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتووە، دەبێ هەر ئێستا بڕۆم، وا چاوەڕێم دەکەن".

شاسوار، هیچ پاسەوانێکی، لەگەڵ خۆی، سواری سەیارەکەی نەکرد. بە تەنها سەیارەکەی گڕدا و بەرەو ماڵی کاک ڕەحمان کەوتە ڕێ. خۆیشی نەیدەزانی، چۆن لێ دەخوڕێ و بە چ شێوەیەک، لەسەرە فلکە و پێچەکاندا سووڕاوەتەوە. هەموو خەیاڵی، لەسەر چراخان و ساتی بەیەک شادبوونەوەیان بوو. دوا جار، بەر لەوەی بگاتە بەر دەرگای ئەوان، جەسارەتی هێنایەوە بەرخۆی و بڕیاری دا کە بە هۆی بەخشینی دڵسۆزی و خۆشەویستی، قەرەبووی کەموکوڕییەکانی بکاتەوە. لە سەیارەکە دابەزی و بینی دەرگای حەوشەکە دانەخراوە. یەکسەر بەرەو ژووری میوانان هەنگاوی نا. هەتا گەیشتە بەردەم دەرگای ژوورەکە کەسێک هەستی بە هاتنی ئەم نەکرد. کە خۆی بە ژوورێدا کرد، یەکەم جار بەختیاری ماچ کرد و پاشان ڕووی لە چراخان کرد و بە دەنگێکی تێکەڵ بە گریانەوە باوەشی پێی دا کرد و وتی: "یاخوا بەخێربێیتەوە، ئەی ئەو کەسەی بە ڕۆح و گیان قەرزباری تۆم. (چراخانی لە باوەشی دەگوشی و بۆنی دەکرد، چراخانیش بەهەمان شێوە)، لە ئەمڕۆ بە دواوە، پێڵاوەکانت دەکەمە تاجی سەرم. تۆ سەرت بڵندە و هی ئێمەش نەوی. تۆ پاکیزەیی و



ئێمەش دەروون گڕوو. تۆ گوڵ بوویت و ئێمەش دڕک. (سەری نەختێ بەرز کردەوە و چاوەکانی بڕییە چاوی چراخان و بەردەوام بوو)، مەرج بێ هەموو ژیانی داهاتووم لە پێناوی بەختەوەری تۆدا بخەمە کار".

چراخان وتی: " جا شاسوار گیان، خۆ تۆ ئەو وەختە نەتدەتوانی، شەڕی ئەو هەموو خەڵکە نەزانە بکەیت. من سوپاست دەکەم کە باوەڕت بە بوختانەکەیان نەکرد و ژیانت پێ بەخشیمەوە. حەز دەکەم هەر ئێستا بە دوای کاک فریاد دا بنێری. من، لە بەرامبەر چاکەی ئەودا هەمیشە قەرزبارم. قەت لە بیرم ناچێ کە لە بەردەم دەرکی قوتابخانەکەمان، لە مەهاباد، خۆم لێی نەناس کرد، لە کاتێکدا لە ناخەوە بۆی دەسووتام و دڵم بۆی دەجۆشا. بەڵام چی بکەم، ئەو وەختە دەبووایە ئاوا ڕەفتار بکەم. من لە درێژایی ژیانی خۆمدا، هیچ شتێکم بە دڵی خۆم هەڵنەبژاردووە، جگە لە هاوسەرەکەم، ئەوانی تر هەمووی بە ناچاری بووە. لەگەڵ ئەوەشدا من، زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە هەر لەو ڕۆژەوەی منتان بردە لای ماڵی کاک عەزیزی خزمی کاک فریاد، تووشی هەر کەسێک دەبووم، لەوانە بوون کە چاکەخواز و دڵ پڕ لە بەزەیین. لە سەڕووی هەموویانەوە (مامە فەرهاد و دادە سەعادەت) کە شوێنی دایک و باوکیان بۆ گرتمەوە و هەموو نازێکیان هەڵدەگرتم. ئێستاش، لووتکەی بەختەوەری خۆم لەوەدا دەدۆزمەوە کە سەربەرزانە، لە تەک برای خۆشەویستم و هاوسەری خۆشەویستم وەستاوم و خاوەنی دایکێکی وەک ئایشەخانم کە منی وەک کچی خۆی زیاتر خۆشدەوێ. شاسوار گیان، بڕوا بکە، من ئەو وەختە، بەقەد خەمەکانی خۆم، سووم لە ئێوە دەبووەوە، چونکە هەستتان بە هەموو شتە خراپ و چاکەکانی ناو کۆمەڵ دەکرد و دەسەڵاتی هیچیشتان نەبوو".

دەنگی دەرگای حەوشە هات و دیار بوو کاک ڕەحمان هاتەوە. هەر لە دەرگای حەوشەوە کەوتە دەربڕینی خۆشحاڵبوونی خۆی: "یاخوا ئەو میوانانە بەخێربێیتەوە، ئای خودایە کە غەریبیم دەکردن".

بەختیار و چراخان بۆ پێشوازی چوون.

کاک ڕەحمان، زوو بانگی چرای کرد و وتی: " جارێ تۆ وەرە، هەی ڕۆحی مامی خۆت"، ماچی کرد و دەستی بەسەردا هێنا و پاشان بەختیاریشی ماچ کرد، ئەوجا

بەخێرهاتنی شاسواری کرد. چاوی گێڕا و ڕووی لە ئایشەخان کرد و وتی: "ئەدی کوا مینای بچووک".

ئایشە: " خەوی لێ کەوتووە. زۆر برسیی خەوە، چاوی ئایشێ کوێر بێ، داخوا چەندی ئازار کێشاوە لەو ڕێیە دوورە. ئەگەر دەیبینی، سەد سوێند و بیلّلا دەخۆی دەڵێی چراخانە".

هەموو دانیشتن. شاسوار کە لە خۆشییاندا هەموو گیانی دەلەرزی، لە تەنیشت چراخان دانیشتبوو، دیاربوو زگی پڕی قسە بوو، بەڵام جارێ دەرفەتی کردنیانی نەبوو.

کاک ڕەحمان، ڕووی لە شاسوار کرد و وتی: "ئێستا بڕۆ منداڵەکانت بێنە و ئێوارێ هەموو پێکەوە نان دەخۆین، ئەمڕۆ جەژنی هەردوو لامانە. هیوا، تۆش بە سەیارەکەی خۆمان بڕۆ خەبەری کاک فریاد بدە و بڵێ بۆ نانی ئێوارە، لەگەڵ منداڵەکانی بێنە ئێرە".

بەختیار حەزی دەکرد شاسوار بدوێنێ و ڕێزی لێ بگرێ. دەستێکی خستە سەر شانی و وتی: "هەموو جارێ کە چراخان باسی دەکردی و وەسفی تۆی بۆ دەکردم، لە دڵی خۆمدا دەموت، دەبێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە دیدەنی شادبم. ئەوا، ئەو ئاواتەشم هاتە دی. ئێی کاکە شاسوار، ئەدی باوکت و خزمان چۆنن. هەر لە لادێنە".

شاسوار، هەرکە دەستی دڵسۆزانەی بەختیاری لەسەر شانی خۆی بینی و وتە جوانەکانی ئەوی گوێ لێ بوو، تێگەیشت کە چراخان لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی بەسەهوو نەچووە و کەسێکی لە سروشتی خۆی کەوتۆتە چارەنووس. ئاخر، ئەو گومانی نەبوو کە چراخان، ورد و درشتی ڕابردووی خانەوادەکەی خۆی، بۆ گێڕاوەتەوە و بە چ دەردەسەرییەک، لە دەمی گورگ ڕزگاری بووە، کەچی نە بەختیار نە چراخانیش، بە لۆژیکی تۆڵەسەندنەوە، بیر ناکەنەوە. سەرەڕای ئەو هەموو هەڵوێستە نامرۆییانەی ماڵە باب، ئەوان لێیان دەپرسن و بە چەکی خۆشەویستی و ڕێزگرتن وەڵامیان دەدەنەوە. لەگەڵ ڕەتبوونی ئەو بیرە بە هزریدا، دەستی لە ملی بەختیار کرد و وتی: "بەختیار گیان، گەلێ قسەم هەیە بیکەم، بەڵام با بۆ دوایی بێت. هەر ئەوەندە دەڵێم، من شانازی بەو کەسانەوە دەکەم کە دڕکی ڕق و تۆڵە لە ناخیاندا



نەڕواوە و خەڵکانی نەفام و چەواشە کراو، بەهۆش خۆیان دێننەوە. من، زۆر بەختەوەرم کە دەبینم، لەگەڵ ڕێزدارترین خانەوادە بوومەتە خزم. خانەوادەی ئێمە بە منیشەوە، زۆرمان غەدر لەو چراخانە کرد، بەڵام ئەو سەلماندی کە ئێمە گەمژەین و لە مانای ژیان تێناگەین. ئەو گوڵە بێگوناهە لە خانەوادە و کەسوکاری ئێمە خەسار بوو، بۆیێ قەدەر پەلی گرت و بە هۆی چەندین کەسی مرۆڤ پەروەرەوە، هاوێشتیانە ئەو هێلانەیەی کە ئەو شایەنیەتی. هەموو ئەو غەدرانەی لە چراخان کراوە، بە قازانج بۆی گەڕایەوە. من وا تێدەگەم کە کاتێک خواوەندی سروشت لە کردارە ناشیرین و دەروونە نەخۆشەکان بێزار دەبێ، ئەوها شتە جوانەکانی لێ هەڵدەبژێرێ و دەیخاتە نێوەندە جوان و پڕ بەهاکان. چراخان وابوو، خانەوادە و خزم و عەشیرەتی ئێمە، شایەنی ئەوە نەبوون، گەوهەرێکی ڕەوشت بەرزی وا، لە ئامێزیاندا بژی. چراخان کەسێکە زۆر بەختەوەرە. کێ نالّێ ئەگەر ئەو بوختان و کارەساتە نەبووایە، ئێستا نەدەبووە هاوسەری کەسێکی جاهیل و گەمژەی وەها کە هیچ لە ژیان تێناگا. من، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هەردووکتان دەکەم و وا دەزانم چراخان، ئەوەندەی لە تۆ دەچێ لە ئێمە ناکا. هەر دەڵێی خواوەند، ئێوەی بۆ یەکتری خوڵقاندووە. من، ئێستا بێ ویژدانی نەدیم و دڵڕەقی باوکم بە شێوەیەکی دیکە دەبینم. وا دەزانم، ئەوە دەستی سیحرێک بوو، ئەو ڕۆڵەی بەوان سپارد، تاک و ئێمەش وەک ئەکتەرێک بەو ڕێگا پڕ لە ئەماندا، چراخان بۆ لانەی سروشتی خۆی ڕەوان بکەین. من لە بەرامبەر چراخاندا، خۆم بە شەرمەزار دەزانم، چونکی دوازدە ساڵ لەمەوبەر، نەمتوانی ئەو دڵسۆزییەی بۆ بسەلمێنم کە ئەو شایەنیەتی. لەڕاستیدا ژیانی من، لە دوای سەرگەردانبوونی چراخان، هیچ مانایەکی نەمابوو".

چراخان لەگەڵ ئەو قسانەی شاسوار، قوڕگی پڕ لە گریان ببوو و وتی: "کاکە شاسوار، ڕازی نابم چیتر سەرزەنشتی خۆت بکەی. تۆ، هەر وەکو پێشتریش وتم، ئەوەندە بەس بوو کە گومانت لە پاکیزەیی من نەکرد. چونکی ژیانی مرۆڤەکان، هیچ نییە، ئەگەر لە ڕەوشت بەرزی و پاکی داماڵرا. من قەت خوازیاری ژیانێک نەبوومە، لە سێبەری گومان و ناپاکیدا بیبەمە سەر. مردنی سەربەرزانەم ویستووە، نەک ژیانی تێکەڵ بە هەڵە و خۆ لە خشتەبردن. خەفەت خواردنی من، لەو کولتوورە پڕ ستەم و دواکەوتووەیە کە پاش ئەوەی مافی ژیانی لێ دەسەندمەوە، بێ ڕەوشتی و

شتی پووچ و ناشیرینشیان دەدایە پاڵم. لە عورفی دواکەوتووانەی ئەو کۆمەڵگەیەدا، من شایەنی پێ بڕانی شوێنی گۆڕێکیش نەبووم لە نیشتمانەکەم. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین خەڵک هۆشیار بکەینەوە و لە ئەسڵی کێشەکانیان بگەیەنین. وایان لێ بکەین، بیر بکەنەوەو جوانییەکانی ژیان و سروشت ببینن. تۆش یەکێکی لەو کەسانەی کە فکرت کراوەیە و نەخۆشییە ئاڵۆزەکانی کوردەواری دەناسی. من هەمیشە شانازیم بەوە کردووە کە کەسانی وەک تۆ و کاک فریاد هەنە، دەتوانن ڕۆڵتان لەم بارەیەوە هەبێ".

بەختیار وتی: " کاک شاسوار، وا بیرمەکەوە کە تۆ هەڵوێستت لە هەمبەر چراخاندا لاواز بووە. ئەگەر یەکێکی دیکە بووایە، ڕەنگە خوشکەکەی خۆی بکوشتایە و گەلێک شانازیشی بەوە کردبایە، گوایە شەرەفی خۆی کڕیوەتەوە. تۆ مرۆڤێکی گەورە و خاوەن هەڵوێستێکی مرۆڤانەی، چونکێ یەکەم کەس بووی، وتت (نا) بۆ خوێنرێژی!. دەبێ ئێمە هەموومان، لەسەر ئەو (نا)یەی تۆ کار بکەین و دەوڵەمەندی بکەین. بەڕای من، تۆ پێشەنگی بەگژداچوونەوەی زوڵم و زۆرداریت و شەرەفی ئەوەت پێ دەبڕێ کە مەرجی سەرکردە و بڕیاردانت تێدا هەیە. تۆ و کاک فریادیش، بەردی بناغەی ئەو کولتووره ناشیرینەی خێڵتان لەقاند و ئێمەش دەبێ بیڕووخێنین".

شاسوار، ئەو دەمە بە تەواوی لە واتای (نا)یەکەی خۆی گەیشت، وره و هێزی هاتەوە بەر. ئەوساکە زانی چراخان و بەختیار، لە ڕەگوڕیشەی، کێشە ئاڵۆزەکان دەدوێن و ژیری و بیرتیژی ئەوان، بێ هاوتایە.

کاک ڕەحمان دووبارەی کردەوە و وتی: "کاک شاسوار، جارێ بڕۆ منداڵەکان بێنە".

شاسوار: " هەر ئێستا دەچم، باشە کەواتە جارێ خواحافیز".

پاش ماوەیەکی کەم هیوا هاتەوە و وتی: "باوکە گیان، کاک فریاد لە ماڵەوە نەبوو، بەڵام بە هاوسەرەکەیم وت کە هەر دەمێ هاتەوە، یەکسەر هەموویان بێنە ماڵی ئێمە".

بەر لە خۆر ئاوابوون، فریاد گەیشتەوە ماڵی خۆیان. شیرین، یەکسەر خەبەری دایێ کە هیوای کوڕی کاک ڕەحمان بە دوایاندا هاتووە،. نەختێ بیری کردەوە و



وتی: "هەبێ و نەبێ بەختیار و چراخان هاتوونەتەوە. خۆتان ئامادە بکەن، بڕۆین، با زۆر چاوەڕێمان نەکەن".

پاش نیو سەعاتێک، بەڕێ کەوتن و گەیشتنە ماڵی کاک ڕەحمان. ئەو دەمە تازە ماڵی شاسواریش، چەند خولەکێک بوو گەیشتبوونە ئەوێ. فریاد و بەختیار، وەک ئەوەی لەمێژبێ هاوڕێی یەکدی بن، یەکتریان ماچ کرد و خۆشحاڵییان بەو دیدەنییە نیشان دا. فریاد، لەگەڵ چاک و خۆشی کردندا وتی: "بەختیار، بەخۆت و چراخان لە بیرتانە چۆن لە خشتەتان بردم". نەختێ پێکەنین و دوایێ لەگەڵ چراخانیش، تۆقەیان کرد و پێک شادبوونەوە.

چراخان، هێشتا نەیدەزانی کە نەجیبەی خوشکی، ئەوە زیاتر لە نۆ ساڵە، بە ڕووداوی خۆسووتاندن، گیانی سپاردووە. دەیویست لە دەرفەتێکدا، لەبارەی ئەوەوە پرسیار لە شاسوار بکات.

شاسواریش، خەمی پێدانی ئەو خەبەره ناخۆشەی بوو، چونکێ لەگەڵ زانینی مەرگی نەجیبە، هەموو برینەکان دەکولانەوە. بۆیە شاسوار دەیویست، لە کاتێکدا ئەو خەبەرەی بداتێ کە بە تەنها بن و سیناریۆی مردنەکەش، نەختێ بگۆڕێ.

ئەو شەوە، مەجلیسیان گەلێک خۆش و فرەبابەت بوو. کە فریاد، پیرۆزبایی هاوسەری و بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی لە بەختیار و چراخان کرد و لەم بارەیەوە خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕین.

چراخان لەو دەرفەتە ویستی دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆی لە بەرامبەر کاک فریاد ئاشکرا بکات و وتی: "کاک فریاد، تۆ لەبەر چاو و هزری مندا، وەک فریشتە وای. تۆ ڕێگەی ژیان و سەرکەوتنت بە من نیشاندا. هەموو ئەو کەسانەی کە بەهۆی تۆوە ناسیومن، وەک خۆت مرۆڤدۆست و چاکەخواز بوون، هەر لە ماڵی کاک عەزیزەوە کە منتان ئەمانەتی ئەوان دا، تا دوا گیرسانەوەم لە ماڵی (بابە فەرهاد و دادە سەعادەت)، هەر هەموویان لەسەر دەستان، منیان ڕاگرتبوو. دەتگوت زنجیرەک خەڵکن، ڕێی بەهەشتم نیشان دەدەن!. گەلێ خانەوادەی ڕێزدار و میهرەبانم ناسی و گەلێک کەسی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوونە هاوڕێم کە هەر هەموویان دەتگوت گوڵبژێر کراون، لە ڕەوشتبەرزی و وەفاداری. دواجاریش، خانەوادەی مام ڕەحمان

که منیان به کچی خۆیان قبوولْ کرد و بەختیاری فریادڕەسیش کۆتایی بە چیرۆکی خەمەکانم هێنا. ئەو هەموو خەڵکەم لە نێوچەوانی تۆ ناسی، بۆیە هەمیشە قەرزباری تۆم. داوای لێبووردن دەکەم کە ئەو وەختە خۆم لێت نەناس کرد و ڕووی خۆم وەرگێڕا، چونکی ئەو دەمە وای پێویست دەکرد، ئەگەرنا ئاگری خۆشەویستی و دڵسۆزیم بۆت گڕی سەندبوو و هەموو گیانم بۆ دوو قسان دەجۆشا. ئەو حیکایەتەت لە وەختێکی دیکە بۆ دەگێڕمەوە کاک فریاد".

فریاد وتی: " چراخان، من، ئەو وەختە، جگە لەوەی کە ئەرکی سەرشانی خۆم بەرامبەر بە هاوڕێیەکی خۆم جێبەجێ دەکرد، لە ناخەوەش بۆ مەغدووری تۆ دەسووتام. بڕوا بکەن جەماعەت، چەندین شەو لە غەریبی سەرگەردانبوونی ئەو چراخانەدا، گریاوم و نەمهێشتووە منداڵەکانم هەستی پێ بکەن. بەڵام نازانم هۆی چی بوو کە لە نەستەوە پێیان دەگوتم: چراخان وردە وردە دەکەوێتە سەر سکەی ژیانێکی ئاسایی و وەک بەختەوەرترین خەڵک، ڕۆژێک پێی شاد دەبنەوە. من هەمیشە ناڕاستەوخۆ دڵی شاسوارم وا داوەتەوە کە نابێ بێ ئومێد بێ، چونکە کارێکی بوێرانەی کرد کە وەڵامی ئەو داخوازییە نامرۆییانەی، بەو شێوەیە دایەوە".

شاسوار، درەنگی شەوێ گەڕانەوە ماڵێ. لەکاتی خواحافیزیی کردنیان لە ماڵی کاک ڕەحمان، بە فریادی وت: "بەیانی لە ماڵەوە دەرمەچوو، بۆ هەندێ کاری تایبەت دێمە لات".

فریاد: " باشە چاوەڕێت دەکەم، بەڵام نەختێ زوو وەرە".

کە گەیشتنەوە ماڵەوە، شاسوار بە شلێری وت: " چۆن لە بەختیار و چراخان دەگەی".

شلێر: " بەڕاستی ڕێکوپێک و عاقڵ دیارن. لەوە دەچێ، زۆر یەکتریان خۆش بوێ".

شاسوار: " خەمی ئەوەمە، دەبێ بەیانی خەبەری مردنی نەجیبەی پێ بڵێم. دەترسم ئەو خەبەرە، زۆر کاری لێ بکاو برینەکانی دووبارە بکولێنەوە. خۆ هەر دەبێ پێی بڵێین، ئەو شتە ناشاردرێتەوە".

شلێر: " وا چاکە، هۆی مردنەکەی پێ نەڵێین".

شاسوار: " پێی دەڵێم، لەسەر منداڵ ڕۆیشتووە".



شلێر: " زۆر چاکە، شتێکی لەو بابەتە".

شاسوار: " نیازم وایە بەیانی چەند سەر حەیوانێک بکڕم و لە ئاواییەکەمان، سەریان ببڕم. هەموو خەڵکی ئاوایی کۆ دەکەمەوە و مەسەلەی چراخانیان تێدەگەیەنم. چونکێ پێویستە پاکی و بێگەردی چراخان، بە هەموو گوندەکان ڕابگەیەنین و مەردایەتی و ژیری ئەو، لە ناو خەڵکی شار و لادێکاندا، بڵاو بکەینەوە".

شلێر: " هەرچییەک بۆ چراخان بکەی حەقی خۆیەتی، بەڵام تەواو خۆتی بۆ ئامادە بکە و چەند کەسێکی وەک کاک فریادیشت لەگەڵ بێت، باشە".

شاسوار: " بەیانی بۆ ئێوارەکەی، ماڵی کاک ڕەحمان و کاک فریاد داوەت دەکەین و داواش لە بەختیار دەکەم کە بۆ شەوەکەی لەگەڵ چراخان، لەلای ئێمە بمێننەوە. ئەوساکە لەگەڵ کاک فریاد، هەردووکمان پێکەوە، قسەی لەسەر دەکەین و خەبەری مردنی نەجیبەش بە چراخان دەڵێم".

شاسوار، ئەو شەوە زۆر بیری لەو مەسەلەیە کردەوە و پێی باش بوو، لە ئاواییەکەیان خەڵک کۆبکاتەوە و لەبەردەمی ئەواندا، سەربردەی چراخان بگێڕێتەوە.

سبەینێ زوو، بە مەبەستی قسەکردن، لەگەڵ کاک فریاد، لە ماڵێ چووە دەرێ. چونکێ بەبێ ئەو، هیچ هەنگاوێکی نەدەهاویشت. فریادیش، لە چاوەڕوانی ئەم دابوو. کە گەیشتە ئەوێ دانیشتن و کەوتنە قسەکردن، شاسوار وتی: "کاک فریاد، من نیازم وایە لە گوندەکەی خۆمان، داوەتێکی گەورەی خەڵک بکەم و لەوێش لەبەردەم ڕیش سپی و پیاوانی گوندی، چیرۆکی ژیانی چراخان بگێڕمەوە. بەڵام من، وام پێ باشە کە تا ساتە وەختی قسەکردنم، چراخان و بەختیار لە ناو سەیارەکەیاندا دانەبەزن. ئەو کاتە، وەک هەڵوێستێکی کتوپڕ و لە ناکاو، بانگی چراخان دەکەم و لە تەنیشت خۆم و باوکم، بە خەڵکی دەناسێنمەوە. نازانم تۆش، لەم بارەیەوە ڕات چییە".

فریاد: " ڕاستییەکەی، تۆ دەبێ کارێکی لەو بابەتە بکەی. چونکێ تۆ مردوویەک زیندوو دەکەیتەوە و لە هەمان کاتیشدا، کولتوورێک ڕیسوا دەکەی کە سەدان ساڵە، گیانی چەندین کچی وەک چراخانی کۆتایی پێ هێناوە. پێویستە بزانی کە خەڵکی کاڵفام و دەروون ڕەش، ئێستاش هەر ماون و زمانیان بە چاکە ناگەڕێ، بۆیە

پێویسته له ڕووی ئەمنییەوە، له پاراستنی ژیانی ئەو دوو فریشتەیە، کێشەکە بەهەند وەربگری و هەنگاوی چاکی بۆ باوێی. سەبارەت بە خۆم، هەرچی لێم داوا دەکەی، ئامادەم لە پێناو چراخاندا بیکەم".

شاسوار: " هەر ئەوەندەت لێ داوا دەکەم کە لەکاتی قسەکانمدا لەوێ، له تەکما ڕاوەستیت، چونکە بە وجوودی تۆ، من جورئەت پەیدا دەکەم و شەرمم نامێنێ".

فریاد: " باشە هەر چۆنی دەڵێی وا دەکەین".

شاسوار: حەز دەکەم بزانیت کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئاوایی، لە وەختی خۆیدا، کارەکەی باوکمیان پێ ناڕەوا بوو. یەکێکی وەک فەقێ ئەحمەد، ڕاست و ڕەوان پێی وتم کە چۆن دڵم هات، ئەو پەپوولە پڕ لە بەرائەتە بکوژم. بۆیە قەناعەتم وایە، ئەو وەختەی کە زیندوویەتی چراخان ڕادەگەیەنم، دەبێتە ئاهەنگ و خۆشی، بەتایبەتی لە نێو ژناندا".

شاسوار بەو جۆرە لەگەڵ فریاد تەگبیری خۆیان کرد و بۆ ئێوارێش هەموویان، لە ماڵی ئەمدا کۆبوونەوە و پێکەوە نانیان خوارد.

ئەو شەوە، شاسوار داوای لە بەختیار و چراخان کرد، لە ماڵی ئەمان بمێننەوە. ئەوانیش لە دڵی خۆیاندا، هەروا بە تەما بوون، بۆیە بەختیار زوو هەڵیدایێ و وتی: "کاک شاسوار دەریشمان بکەی ناڕۆین". هەموویان پێکەنین.

درەنگی شەوێ، لە پاش ئەوەی کاک ڕەحمان و ئایشەخان چوونەوە، شاسوار لە ڕووی دەروونییەوە خۆی ئامادە کرد و وتی: "براینە، خوشکینە، شتێک هەیە حەز دەکەم بە چراخانی بڵێم کە تاکو ئێستا ئەو نایزانێ. بێگومان مردن لە پێش هەموانەو یەک بە یەک لە دواوەڕا دەماندووڕێتەوە. پێش ئەوەی ئەو خەبەرە بە چراخان بڵێم، داوای لێ دەکەم کە شتەکە بە ئاسایی وەرگرێ و بەسەر خۆیدا زاڵ بێت: دوازدە ساڵ لەمەوبەر، چوار مانگ دوای ڕووداوەکەی چراخان، نەجیبەی خوشکم لەسەر منداڵبوون، گیانی سپارد. داوا لە چراخان دەکەم دڵی گەورە بێ و ئەو خەبەرە بە ئاسایی وەربگرێ".

چراخان، لەگەڵ ئەو خەبەرە حەپەساو خەریک بوو بە تەواوی بشڵەژێ. بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و وتی: "باشە بە مردنی خۆی مرد یان ئەویش بە دەردی چراخان چوو.



هەر چەندە ژیانی ئەو بریتی بوو لە دۆزەخێک و هەر لە ڕیزی مردوواندا حسێب بوو!".

شاسوار: نا، ناکەس غەدری لێ نەکردبوو، مردنەکەی ئاسایی بوو. شەش مانگ لەمەو پێش مێردەکەشی بە نەخۆشییەکی کوشندە مرد.

چراخان، فرمێسک لە چاوەکانی هاتنە خوارێ و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی: "بەخوا نەجیبەش هەر لە خەفەتان مردووە. ئاخر ئەویش و ئامینەی باوەژنیش، غەدرێکی گەورەیان لێکرا کە باوکەکانیان، وەک ئەوەی دوو بزنیان گۆڕیبێتەوە، ژن بە ژنەیان بۆ خۆیان پێ کردن. هەرچەندە زۆر بە مردنی خەفەتبارم، بەڵام بۆ خۆی بەو مردنە ئیسراحەتی کردووە. یەک داوام هەیە، ئەگەر بمبەیتە سەر گۆڕەکەی، سوپاست دەکەم".

شاسوار: بەسەرچاو، ڕۆژێک بە تایبەتی دەچینە سەر گۆڕی و یادی دەکەینەوە.

لە دوای ئەو خەبەر ناخۆشەدا، شاسوار بابەتەکەی گۆڕێ و هاتەوە سەر نەخشەی سەردانیان بۆ ماڵی باوکی و ئاواییەکەیان. بە درێژی باسی ئەو بیرۆکەیەی کرد کە ئەو لە مێشکی خۆیدا، ڕێکی خستبوو. دیار بوو هەموو لایەک پێیان باش بوو.

چراخانیش وتی: " مادام کاک فریاد ڕای لەسەرە وا دەکەین، بەڵام کاکە شاسوار، پلانسازییەکی باشی بۆ بکە، ئەگەر پێتان باش بێت، منیش حەز دەکەم هەندێ قسە بۆ خەڵکەکە بکەم".

فریاد: " پێشنیارێکی چاکە. من پێم وایە قسەی چراخان، لە هی هەموومان کاریگەری زیاتر بەسەر خەڵکەکەوە جێ دێڵێ، چونکە کەس وەک خۆی ناتوانێ، ئەو زوڵم و زۆرداری و ناهەقییانە دەربڕێ کە بەسەر ژناندا جێبەجێ دەکرێت".

شاسوار: " من حەز دەکەم کەس خەبەری مان و هاتنەوەی چراخان نەزانێ، تا ئەو کاتەی من بەشێک لە چیرۆکەکە دەگێڕمەوە، پاشان بانگی چراخان و کاک بەختیار دەکەین، ئەوساکە قسەکردن دەبێتە نۆرەی چراخان". هەموویان لەسەر ئەو بەرنامەیە ڕێک کەوتن.

بەیانی، ڕۆژی دووشەممە، شاسوار زوو لە خەو هەڵسا و بۆ سەردانی گوندەکەیان خۆی ئامادە کرد. چێشتەنگاوێ گەیشتە ئاوایی. یەکەم جار چووە ماڵی فەقێ ئەحمەد و مەسەلەی داوەتەکەی بۆ باس کرد. ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام نەیدەزانی مەبەستی شاسوار لەو داوەتە گەورەیە چییە.

دوای ئەوە لەگەڵ فەقێ ئەحمەد چوونە ماڵی کوێخوا و حاجی عەلی و مەلای ئاوایی. پاشان وردە وردە، هەموو خەڵکی ئاواییان تێگەیاند کە بۆ بەیانی هەموویان نیوەڕۆیەکەی داوەتی ماڵی حاجی زەینەدینن. شاسوار، بۆ ئەو مەبەستە شەش سەر حەیوانی ئامادە کردبوو، چەند ژنێکی لە خزمەکانی گوندی تێگەیاند کە مشووری ئامادەکردنی چێشت لێنانەکە بخۆن. لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە هەوا زۆر سارد بوو، داوای لە بەڕێوەبەری قوتابخانە کرد کە بۆ ئەو نیوەڕۆیە، هۆڵی قوتابخانەکەیان بداتێ، هەتا ئەگەر، ڕۆژ خۆش نەبوو، بۆ مەبەستی دانیشتن بەکاری بێنن. باوکیشی تێگەیاند کە ئەم حەزی لە خێرکردنە و دەیەوێ لەو گرانیی و قاتوقڕییەدا، خەڵکی گوندی تێر گۆشت و برنج بکا.

لە ڕاستیدا، زۆربەی خەڵکی ئاوایی، هەژار و نەدار بوون. خانەوادەی وای تێدا بوو کە بەچەند مانگێک جارێک، چاوی بە گۆشت و چەوری نەدەکەوت. هەموو شتێک لە ڕادەبەدەر گران بوو. خەڵک تێکڕا لە بێکاریدا دەیانناڵاند. ئاسەواری گەمارۆی ئابووری، بە تەواوی بەسەر خەڵکە کەم دەرامەتەکاندا، ڕەنگی دابووەوە.

شاسوار ئەو ڕۆژە تا عەسرەکەی، هەر لە ئاوایی بوو. هەموو ماڵەکانی ئاگادار کردەوە. دوای ئەوە بۆ شار گەڕایەوە. ئێوارێش سەرێکی بەختیار و چراخانی دا و وەزعەکەی تێگەیاندن. هەر بەو شەوە چووە ماڵی فریاد و چۆنیەتی ئامادەکارییەکانی، بۆ باس کرد. لە سەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بەیانی سەعات هەشتی سبەینێ، هەردووکیان لەگەڵ چەند پاسەوانێک، بەرەو گوندی بەڕێ کەون و یەکێک لە پاسەوانەکان لە سەر بانی ماڵی زەینەدین بوەستێ و لە کاتی پێویست، بە پارچە قوماشێکی سپی، ئیشارەت بۆ بەختیار و وان بکات، ئەوساکە ئەوانیش بچنە ناو خەڵکەکە. بەختیار و چراخانیش لەگەڵ دوو پاسەوانی تر لە سەیارەیەکی دیکەدا،



دەوروبەری سەعات یانزە لەسەر ڕێگە گشتییەکەی نزیک گوندی لە ژێر دارەکاندا بوەستن و چاوەڕێی ئیشارەتی پاسەوانەکە بکەن.

بۆ بەیانی، ئەو وەختەی شاسوار و فریاد گەیشتنە قەراخ گوندی، دەوروبەری سەعات نۆ بوو. هێشتا خەڵکەکە کۆنەببوونەوە. زەینەدین و فەقێ ئەحمەدیش، چاوەڕێی هاتنی شاسواریان دەکرد. حەیوانەکانیان سەربڕیبوو و خەریکی پارچە کردنی لاشەکان بوون. ئەو ژنانەی کە ڕۆژی پێشتر ڕاسپێردرا بوون، بۆ ئیش و کاری چێشت لێنان، هەموویان بە مەنجەڵی گەورەوە لە ناو حەوشەی ماڵی زەینەدین لە جموجۆڵدابوون. شاسوار، هەر کە گەیشتە جێ، چاک و چۆنی لەگەڵ باوکی و فەقێ ئەحمەد کرد و پاشان چووە لای ژنەکان و ماندوونەبوونی لێ کردن. پاسەوانەکانیش، دوو فەردە برنج و تەنەکەیەک ڕۆن و بڕێکی زۆر لە پەتاتە و فاسولیا و دۆشاوی تەماتە و شەکر و چایان لە سەیارەکە دابەزاند و بەرەو ماڵی زەینەدینیان برد. کەش و هەوا، ئەو ڕۆژە خۆش بوو و بای نەدەهات. گەرمی خۆرەتاویش لە کاتی نیوەڕۆدا لەبار بوو، بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمەکە، لە بەر دەرگای ماڵی زەینەدین، ئەنجام بدەن.

وەختی پێش نیوەڕۆ، خەڵکی ئاوایی، هێدی هێدی بەرەو ماڵی زەینەدین دەچوون. ژنەکان دەچوونە حەوشەکە و پیاوەکانیش لەسەر مافوور و ڕایەخەکانی بەر خۆرەتاو دانیشتن. ئەو کاتەی بەختیار و چراخان گەیشتنە قەراخی گوندی، ئاپۆرەی بەر دەرکی ماڵی زەینەدینیان لەبەر چاو بوو. زەینیان لەسەر پاسەوانی سەربانەکە بوو و چاوەڕێی نیشانەی بانگکردنیان دەکرد. مەلای گوندی و کوێخوا و فەقێ ئەحمەد و حاجی عەلی و چەندین ڕدێن سپی دی، لەسەر مافوور و ڕایەخەکان دانیشتبوون و باسی وەزعی دنیایان دەکرد.

شاسوار، لە کاتی نان خواردندا، بە نهێنی، یەکێ لە پاسەوانەکانی تێگەیاند کە هەندێ خواردن بۆ بەختیار و وان ببات، بۆ ئەوەی کە هاتنە ئەوێ، کێشەی نان خواردنیان نەبێ. ئەوان پلانەکەیان وەها بوو کە لە دوای نان خواردن، شاسوار، قسەی دڵی خۆی بۆ خەڵکەکە بکا و مەبەستی داوەتەکەی ئاشکرا بکات. لە کاتی نیوەڕۆ سفرە ڕاخرا و چێشتیان ڕیز کرد. پاش نیو سەعاتێک، نان خورا و

گەنجەکان کەوتنە کۆکردنەوەی قاپ و چێشتە جێماوەکان.

کە نۆرەی چای خواردنەوە داهات، شاسوار، فریاد و باوکی بانگ کردە تەنیشت خۆی و بە دەنگێکی بەرز وتی: "خەڵکینە، مامۆستا، مام فەقێ ئەحمەد، من لەو داوەتەدا مەبەستێکم هەیە حەز دەکەم هەمووتان گوێم لێ بگرن و تا هەموو قسەکانم تەواو دەکەم کەس لێرە نەڕوا".

خەڵکەکە هەموو قوراخ بوون و هەر یەکە مەزندەی بۆ شتێک دەچوو، بەڵام جگە لە فریاد، تاکە کەسێکیان تێدا نەبوو، بیری بۆ ئەوە بچێ کە کێشەی دوازدە ساڵ لەمەوبەر بێتەوە گۆڕێ و ناهەقییەکانی ئەو وەختە، پەردەی لەسەر هەڵماڵرێ.

مەلای گوندی، بە ئەرکی خۆی زانی لەو وەختە قسەیەک بکات: "خەڵکینە، لەوە دەچێ کاک شاسوار، مەسەلەیەکی گرنگ باس بکات، ڕەحمەتتان لێ بێت، هەمووتان گوێ بگرن و لێرە مەڕۆن".

شاسوار خۆی ئامادە کرد و سییەکانی پڕ لە هەوا کرد و وتی: "خزمینە، لەبیرتانە. دوازدە ساڵ و چوار مانگ بەر لە ئێستا، ڕووداوێک بە سەر خانەوادەکەی ئێمەدا هات، پەیوەندی بە مەسەلەی شەرەف و نامووسەوە هەبوو. ئەو وەختە باوکم، بە قسەی نەدیم کە هەمووتان دواتر بۆتان ڕوون بووەوە کە چ پیاوێکە، منی ڕاسپارد بۆ ئەوەی چراخانی خوشکم بکوژم. گوایە شەوێکیان ئەو دەروێش نەدیمی نەگریس و دەروون ڕەش، لەگەڵ پیاوێکدا بینیویەتی، بێ ئەوەی زانیبێتی ئەو پیاوە کێیە. من ئەو کاتە، لەسەر فەرمانی باوکم، هاتمە ئاوایی و لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆمدا، ئەو کاک فریادەی وا لە تەکمایە، بە سەیارەی خۆم، چراخانمان هەڵگرت و بەرەو ئەو کێوانە ڕۆیشتین. خزمینە، حەز دەکەم جوان گوێم لێ بگرن و ویژدانتان بخەنە کار. من، لە ڕاستیدا ئەو وەختە بڕوام نەکرد کە خوشکی من کارێکی وای کردبێ و دەمزانی بێ گوناهە (دەیان کەس پێکەوە وتیان: ئەشهەدو بێ گوناه بوو). کە لەگەڵ کاک فریاد، چراخانمان دواند، زۆر مەردانە ڕووداوەکەی بۆ باس کردین کە بەم شێوەیە بوو: نەدیم، ئەو وەختە ساویلکەیی ئەو باوکەی منی قۆستبووەوەو ویستبووی لە ماوەی سەفەری حەجی باوکمدا، فرسەتێک وەربگرێ و پڕبداتە چراخانی خوشکم. سێ ڕۆژ بەر لە هاتنەوەی حاجییان، نەدیم پاش عەسرێکی درەنگ، بە دوای چراخانی



خوشکمدا، دەچێتە ناو باخچەکەی ئێمە. لەو دەمەدا چراخان خاکەناسی لە دەست دەبێ و خەریکی ئاودانی باخەکە دەبێت. کە دەبینی نەدیم لێی نزیک دەبێتەوە و نیازی گڵاوە، لێی دەخوڕێ و خۆی گورج دەکات. بەڵام دەروێشی داوێنپیس قۆڵی دەگرێ و ڕایدەکێشێ. چراخانیش، خۆی لە دەستی ڕزگار دەکاو خاکەناسێک لە تەختی نێوچەوانی دەروێش دەدات و (لەو کاتەدا پاسەوانەکە ئاڵا سپییەکە بەرز دەکاتەوەو جەماعەت بە سەیارەوە بۆ لای خەڵکەکە دێن) دەروێش لە هۆش خۆی دەچێ و چراخانیش، بە دڵێکی توندەوە، بەرەو ماڵ دەچێتەوە".

فەقێ ئەحمەد و پیاوانی هەردوو بنەماڵەکەی کە دەروێش بە تەمابوو فتنەیان لە نێواندا دروست بکات و لەگەڵ مەلای گوندی، هەموو تێکڕا وتیان: "ئای دەستت خۆش بێت کچی مەرد، توخوا حەیف نییە کچێکی وا، بە قسەی پیاوێکی وا دەروون پیس بکوژرێ".

زەینەدینیش، لە پرمەی گریانی دا و بە خەڵکەکەی دەگوت کە ئەو قسانەی شاسوار هەمووی ڕاستن و تاوانباری سەرەکی، ئەم خۆیەتی.

شاسواریش، لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی: "لێتان ناشارمەوە من دڵم نەهات خوشکی خۆم بکوژم، بۆیە لەگەڵ کاک فریاد پێکەوە ڕەوانی ئەو دیومان کرد، (لەو وەختە سەیارەکە گەیشتە ڕێکی خەڵکەکە و چراخان و بەختیار دابەزین و بەرەو مەجلیسەکە هاتن). لەو ماوەیەدا چراخان، پاش دوازدە ساڵ سەرگەردانی لە باوەشی خێزانێکی میهرەبان و خانەداندا ژیاوە ئێستاش بەسەردان هاتۆتەوە لاتان، بۆ ئەوەی پاکی و بێگەردی خۆی، بۆ ئێوە بسەلمێنێ، فەرموون ئەوەتا گەیشتنە جێ".

کە بەختیار و چراخان گەیشتنە ناو خەڵکەکە، بەختیار بە دەنگێکی بەرز سەلامی لە ئامادەبووان کرد. خەڵکەکەش هەر کەسە و لەلای خۆیەوە ڕوویان لە بەختیار و چراخان کرد و، تێکڕا بەخێرهاتنەوەیان لێ کردن، بەڵام کەسیان چراخانی نەناسییەوە. شاسوار بانگی بەختیار و چراخانی کرد کە بچن لە تەنیشت ئەم، ڕابوەستن.

چراخان، ئەو وەختە کە لە هەڕەتی جوانی و ڕەنگ خۆشی خۆیدا بوو. یەکسەر چووە نێوان شاسوار و باوکی وتی: "باوکە گیان، چۆنی (دەستەکانی ماچ کرد)

دەڵێی نامناسیتەوە، من چراخانم، چراخانی کچت!"

خەڵکەکە هەمووی حەپەسا بوون. مامۆستا و ڕدێن سپییەکان، هەر یەک لەلای خۆیەوە دەیگوت: "ماشەڵڵا لە کارێ خوای، بەخوای ئەوە موعجیزەیە. ئەوە خەونە یان ڕاستییە!".

پاشان شاسوار بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی و وتی: "خەڵکینە چراخان کە ئێستا دکتۆرەیە و لەگەڵ بەختیاری هاوسەری بەسەردان هاتوونەتە ئێرە و لەسەر داوای ئەوان، ئەو داوەتەمان ڕێک خستووە. کاک فریادیش هاوڕێی گیانی بە گیانی منە. ئەو بوو کە چراخانی، ڕزگار کرد و ژیانی پێی بەخشی. ئێستاش حەز دەکەم چراخان، خۆی قسەتان بۆ بکات".

چراخان: "خۆشحاڵم کە ئەمڕۆکە، لە زێدی باب و باپیرانم، بەسەرێکی بڵندەوە، لە نێو خزم و کەسوکارمدا، خۆم بینییەوە. دەزانم شاسواری برام، زۆر شتی لەسەر ژیانی من، بۆ باس کردوون. لەگەڵ ئەوەشدا من داواکارییەکم لە ئێوەی بەڕێز هەیە کە چیتر بە بێ بەڵگە و بە قسەی پڕو پووچی خەڵکی نەفام و نەزان، گومان لە ژن و دایک و خوشک و کچەکانی خۆتان مەکەن و واز لەو داب و نەریتە بێنن کە ساڵانە چەندین کچی پاکیزە و بێگوناهی خۆتان، دەکەنە قوربانی شتێک گوایە شەرەف کڕینەوەیە. من وەختێک ئەو کارەساتەم بەسەر هات، هەمووتان دەزانن کە پیاوێکی بە ناو ئاینی و لە تەمەنی ئێوە، ویستی غەدرم لێ بکا و چی خراپە پێم بکات. ئەگەر کچێکی زەعیف و بێ دەسەڵات بوومایە، دەروێش نەدیم وەک گورگی هار دەکەوتە گیانم. لەگەڵ ئەوەشدا لە جیاتی ئەوەی پاداشتی مەردایەتی خۆم وەربگرم، لە لایەن نزیکترین کەسمەوە کە باوکمە و لە پشتی ئەو پەیدا بوومە، بڕیاری کۆتایی ژیانم بۆ خەڵات کرا. (لەو دەمەدا زەینەدین، لە شوێنی خۆی دەلەرزی و لەگەڵ قسەکانی چراخاندا، هاواری لێ هەستا: خەڵکینە وەرن بمکوژن. ڕووی ئەوەم نییە، لە بەرامبەر مەردایەتی کچەکەم سەر هەڵبڕم. هەموو ئەو قسانەی چراخان ڕاستن و داوای لێبووردنی لێ دەکەم. چراخانی لە باوەش گرت و بۆنی دەکرد و دەگریا).

چراخان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "خزمینە، لە هەموو شتێک ناخۆشتر، ئەو ناهەقییانەن کە لە نێو خزم و عەشیرەتی ئێمەدا پەیڕەوییان لێ دەکرێت. ئێوە پاش



کوشتنی کچە پاکیزەکانتان، تەرمەکانیان ئەتک دەکەن و وەک لاشەی سەگ، فڕێیان دەدەنە نێو شاخ و داخان. من لێتان دەپرسم کە ئاخۆ ئەو ژن و کچانە لە ئێوە نەبوونە؟ ئایا لە چ عورف و ئاینێکی سەر ئەو زەمینە، ژن، ئاوا بە سووکی تەماشا دەکرێ. ئەوەی لە ناو خێڵ و عەشیرەتەکانی کوردەواریدا باوە، ڕەگەکەی لە نەزانین و کوژانەوەی مێشکی خەڵکەکە سەرچاوەی گرتووە. من باوکی خۆم بە تاوانبار نازانم، چونکە ئەو لە نێو داب و نەریتێکی کۆنەپەرست و کولتوورێکی نامرۆڤانە، پەروەردە بووە، بۆیە بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ کچەکەی خۆی دەکات و بواری ئەوە نادات، کچەکەی، پاکانەی پاکی و بێگەردی خۆی بکات".

خەڵکەکە، هەموو سەریان لە بن گوێی یەکتر دەنا و دەیان چرپاند: "تۆ سەیرکە. چەند عاقڵ و قسەزانە! توخوا حەیف نییە ئەوە کچی زەینەدین بێت". یەکێکی دیکە دەیگوت: "جا براینە، کێ ناڵێ کچەکانی ئێمەش ئەگەر بخوێنن ئەوها دەرناچن، بەڵام خەتای خۆمانە، هەر دەڵێین، ژن عەقڵی نوقستانە و هەموو قەلبی عەیبەیە".

زەینەدینیش لە شوێنی خۆی، لە چراخان ڕادەما و دەم نا دەم بە هەنسکەوە دەگریا.

فەقێ ئەحمەد، ئەوەندە چراخانی مەردانە هاتە بەرچاو، پێی باش بوو ئەمیش دوو قسان بکات، بۆیە هەستایەوە سەر پێ و بە دەنگێکی بەرز وتی: "خزمینە، من، هەر لە یەکەم ڕۆژدا، لەگەڵ کێخوا پیرۆت و حاجی عەلی، سەرکۆنەی زەینەدینمان کرد و گومانمان لە قسەکانی نەدیم هەبوو. ئێستاش شوکر بۆ خوا، هەموو ڕاستییەکان ئاشکرا بوون. پێویستە ئێمەش، عیبرەت لەو ڕووداوە وەربگرین. هەر لێرەوە داوا لە کاک شاسوار و میوانەکانی دەکەم کە سبەی نیوەڕۆ، میوانی من بن و لە خزمەتیاندا دەبم. چراخانیش، تانجی سەری هەموو خزم و عەشیرەتەکەمانە و هیوادارم، هەموو کچان و ژنانمان، ئەوها مەرد و ئابڕوومەند بن. هەنووکەش کاک شاسوار، خۆت و میوانەکانت، بابچینە ماڵی ئێمە و ئیسراحەتێک بکەین".

دەنگوباسی هاتنەوەی چراخان، گەیشتە مەجلیسی ژنان. هەندێک باوەڕیان نەدەکرد چراخان مابێت. لەخۆڕا دەیانوت: هاتنەوەی چی، بەخوا هەنووکە ئێسک و پرووسکیشی لەو شاخانە نەماوە. ئەو بەدبەخت و بەستەزمانە، هەر دەتگوت ئەژدیها

قووتی دا، ئاوا لەبەر چاوانیان ون کرد.

خەجیجەی خێزانی فەقێ ئەحمەد، بە دەنگێکی بەرز وتی: "ژنینە، با پێتان بڵێم، چراخان ماوەو ئێستا وا لە نێو پیاواندا، قسەیان بۆ دەکات. کاتی خۆی شاسواری برای، بڕوای بە بوختانەکەی دەروێش، نەکردبوو، بردبووی لە شوێنێکی پڕ لە ئەمان، تەسلیمی خەڵکانی دیکەی کردبوو".

خەجیجە هەر بە مەزندە ئەو قسەیەی دەکرد. ئەم هەر ئەوەندەی لە فەقێ ئەحمەد بیستبوو کە جارێکیان لە ماڵەوە پێی گوتبوو: بەخوای خەجیجە، دڵم دەڵێ شاسوار چراخانی نەکوشتووە، چونکێ کوڕێکی عاقڵ و بە ویژدانە، هەر ئەوەیە، ناوێرێ ئاشکرای بکات، دەنا بەخوای چراخان وەکی ئێمە زیندووە.

پوورە سافیەی خێزانی حاجی عەلی وتی: "بەخوای ئەو داوەتە گەورەیە، لە خۆشی هاتنەوەی چراخان کراوە. تازە من خۆم چوومە نزیک پیاوەکان و دیتم چراخان، لە تەنیشت شاسوار وەستابوو و قسەی بۆ پیاوەکان دەکرد. خەڵکەکەش دیار بوو گشتیان واقیان وڕمابوو لە شوێنی خۆیان حەپەسابوون. ئەگەر باوەڕ ناکەن، بڕۆن سەیر بکەن".

لەدوای قسەکانی فەقێ ئەحمەد، خەڵکەکە یەک یەک و دوو دوو پەرتەیان لێ کرد و لە نێو خۆیاندا، بە دەم ڕۆیشتنەوە باسیان لە هاتنەوەی چراخان دەکرد و چیرۆکی غەدر و بوختانەکەیان، بە بیر خۆیان دەهێنایەوە. بەم جۆرە وای لێهات چیرۆکی ژیانی چراخان چووە هەموو ماڵ و گەڕەکێک. گوند بە گوند و شار بە شار کەوتە سەر زاری خەڵکی کوردەواری و بۆ یەکدییان دەگێڕایەوە و چێژیان، لە مەردایەتی و بەرائەتی چراخان و کچانی کورد وەردەگرت.

دوا بە دوای ڕۆیشتنی خەڵکەکە، زەینەدین و ئامینەش چوونە ماڵی فەقێ ئەحمەد. زەینەدین فکری تێک شێوابوو. بەتەواوی نەیدەزانی، ئەوە خەونە یان ڕاستییە. تووشی هەر کەسێک دەبوو پێی دەگوت: "ئەرێ خۆ ئەو کچە، چراخانی ڕۆحم بوو. نەمردم ئەو کەسەرەشم لە دڵ چووە دەرێ، ئەوجا خوایە مردن حەقە و وەختیەتی. ئای ڕۆحم لە دەورت گەڕێ چراخان".

کە گەیشتنە ئەوێ، زەینەدین، لە ژێرەوە لە بەرامبەر چراخاندا خۆی بە شەرمەزار



و دڵڕەق دەزانی. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەوە، دەستی بۆ ئاسمان پان دەکردەوە و بە دەنگی بەرز دەیگوت: " خوایە گیان، ئەو عومرەی ماومە، بیخە سەر تەمەنی چراخان، یاخوا بەڵاگێڕت بم کچەکەم، خۆ ئێستا تۆ حەقی خۆتە، لەبەرچاوی ئەو خەڵکە گیانم دەرکەی. هاتوومە داوای لێبووردنت لێ دەکەم، لێم قبووڵ دەکەی یان نا".

چراخان، باوکی لە باوەش گرت و بە دەنگێکی نەرم وتی: "باوکە گیان، تۆ خەتای خۆت نەبوو، ئەوە شەیتان پێی کردی. من لە بەرامبەر تۆدا، هیچ گلەییەکم نییە". لەگەڵ ئەو قسانەدا، چراخان، دەستی لە ملی ئامینەی باوەژن کرد و یەکتریان ماچ کرد. ئامینە ئەو وەختە بۆی دەرکەوت کە ژنی ڕەوشت بەرز و تێر عەقڵ، پێویستە ئاوا سەربەرزانە بژی.

پاش سەعاتێک دانیشتن، چراخان باوکی جیاکردەوە و پێنج گەڵای پێ دا و وتی: "لەمەودوا، لە ڕێگەی کاکە شاسوارم، چەند مانگێک جارێک، یارمەتیت بۆ ڕەوان دەکەم".

زەینەدین لە میهرەبانی و نەرم و نیانی چراخان، تێر نەدەبوو، بۆیە وتی: " ئەرێ کچەکەم، شەوێکیش لەلای باوکت نابی، تا خزمەتی خۆت و هاوسەرەکەت بکەین".

چراخان: " سبەی شاسوار بەدواتان دادێ و شەوێک هەموومان، لە ماڵی ئەوان پێکەوە دەبین".

بەم جۆرە لە ماڵی فەقێ ئەحمەد هەڵسان و ماڵئاواییان کرد و بەرەو شار گەڕانەوە.

بەختیار، لە ماوەی ئەو چەند سەعاتەدا، دیقەتی دەدایە وەزعەکە و بیری لەو دیمەنانە دەکردەوە کە ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆی بینیبووی. ئەم، زیاتر ڕاستی و دروستی قسەکانی چراخانی بۆ ڕوون بووەوە. بۆی دەرکەوت کە چراخان هزری لە ڕووناکی خۆرە و بتەوی لە چیایە و جوانییەکەشی لە ئاوێنەی مانگە! لەلای خۆیەوە بەڵێنی دا کە ژیاننامەی چراخان، لە ڕۆژی سەرگەردان بوونییەوە، تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ ئەمدا، گەڕاوەتەوە ئاواییەکەیان، لە شێوەی ڕۆمانێک بنووسێتەوە، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو، پشتاوپشت، گەورەیی و سەربەرزی و پاکیزەیی و میهرەبانی چراخان بگێڕنەوە.